# میدالیای بارزانی
# بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان

کۆکردنەوە و نوسینی: حامید گەوهەری

بەرگی دووەم

کوردستان : هەولێر

# میدالیای بارزانی
# بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان

کۆکردنەوە و نوسینی: حامید گەوهەری

بەرگی دووەم

هەولێر: ٢٠١٤

**بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە لەلایەن عەزیز شێخ ڕەزا سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێشکەش بە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کراوە و بە ڕەزامەندیی بەڕێزیان ئامادە و بڵاوکرایەوە**

ناوی کتێب : میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان
بیرۆکەی نوسین : شێخ عەزیز شێخ ڕەزا سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی
کۆکردنەوە و نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گرویسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
وێنەی سەربەرگ: میدالیای بارزانی
چاپی یەکەم : ۱۰۰۰ بەرگ
بڵاوکراوەی: دەزگای خێرخوازیی بارزانی
ژمارەی سپاردن : ١٤٥

# پێڕست


پێڕست 5
چەند وتەیەک 10

سێیەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 12
*سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر 13*
*مستەفا عەبدوڵا کرکەمۆیی 16*
*محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا 18*
*مستەفا ڕەشید سۆفی 20*
*شێخ یەزدین محەمەد نەبی 22*
*ڕەشید باقی محەمەد 25*
*سدیق بەخشی ئەحمەد 28*
*دەروێش میرۆ محەمەدەمین مەلال ئاغا 30*
*خالی حەمە کەریم حەمە شەریف 33*
*فرەنسۆ تۆما کانون 35*
*جەوهەر غەفور ئیسماعیل 41*
*بابەکر بەدرخان شەوکەت 44*
*فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان 47*
*یاسین جەوهەر ماماڵ 52*
*ئەحمەد محەمەد ئەبوبەکر 55*
*عەبدوڵا عومەر پیرە 58*
*خەلیل دسکۆ حادی 61*
*جەمال حەمەدەمین سەعید 62*
*عەلی سلێمان عەبدوڵا سلێمان 65*
*خالید ئەحمەد محەمەد 68*
*ڕەفیق عارف ئەمین 71*
*محەمەد عەزیز ئیسماعیل ئیبراهیم 76*
*فەقێ وسو ئەحمەد وسو 79*
*محەمەد سەعید حاجی مەحمود 82*
*جەعفەر حەمەڕەحیم مستەفا 85*
*سلێمان مەولود تەها سلێمان 87*
*میرخان قرتاس بێدارونی 89*
*یاسین مەلا عەزیز 91*
*حوسێن مستەفا عەبدوڵا 92*
*سلێمان حادی دێوالی 94*

عەبدولڕەحمان هەمزە محەمەدئەمین 96
جەلال عەبدولمحەمەد خان 99
ئەحمەد محەمەد عەلی 103
حکمەت عەلی عەبدولکەریم 105
یار ئەحمەد ئەفراسیاب 108
فەتحوڵا حەسەن عەلی 111
نەسرەدین عەبدوڵا حەمە حوسێن 113

چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 116
غەزالی ئیبراهیم ئاغا 117
مەحمود حەسەن مەحمود 119
جەمال حامید ئەسعەد 122
ئامینە خالیدئەمین مامەند 131
ئیسماعیل ئەحمەد مەناف حەبیب 135
عارف عەبدوڵا فەتحوڵا 137
عەبدولڕەحمان عەلی سەعید 139
حەسەن سەمەد مستەفا تەها 143
میرۆ چاوشین میرۆ 145
عومەر عەبدوڵا حەمەدەمین 148
ئەحمەد سەعید عەبدولقادر 152
سەیدۆ یوسف حامد 157
خورشید تۆفیق قادرساڵح 160
ئەحمەد محەمەد عەبدوڵا بابەکر 164
حوسێن ئەحمەد سلێمان مارونسی 167
حوسێن شێخۆ جوندی 169
خورشید سەلیم شێرە 171

پێنجەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 174
نعمان علوان سوهێل 175
مستەفا ئیبراهیم مستەفا 181
وەجیە مستەفا محەمەد بارزانی 184
جەمال عوسمان کارەسوڵ 187
عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ عومەر 194
موسا یونس جەوهەر ماماڵ 198
مەحمود عەلی ڕەمەزان 201
ئەنوەر عوسمان فەرەج 203
عوسمان ئەحمەد فەرەج 209

سەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان 211
محەمەد حەمە سەعید حەمە ساڵح کەریم 215
عەبدوڵا تەها مستەفا سلێمان 218
فایق تۆفیق عەزیز 220
وەزیرە بپیرداود قادر 224
فایق فەریق عەبدولعەزیز 227
تارق کامل حوسین 229
دارا حەسەن یارا 237
حکمت ڕەشید ئەحمەد 242
حوسێن محەمەدعەلی حەجی حەسەن 247
عوسمان عەبدولڕەحمان مەسیح 251
قادر وەهاب مستەفا 255
عەبدوڵا ڕەسوڵ مەحمود 257
محەمەد سەلیم ڕەشید سەیدۆ خالید 260
عەبدوڵا حەسەن ئیبراهیم 263
خالید حیسامی 266
غەریب ئەمین سەعید 271
فەرزندە ئەفەندی حوسێن 275
عەبدولقادر عەزیز مەولود خدر 278
موحسین فاتح نادر 280
ڕەشید حوسێن محەمەد 282
قادر ساڵح حەسەن 285
حەمەلاو عابد خورشید 289
فازل محەمەد قادر 292
محەمەد سادق سەعید 295
دوکتۆر مستەفا ئیسماعیل ڕەمەزان 297
کامەران عەبدولکەریم موفتی 299
مستەفا کەریم وەیسی 302
محەمەدئەمین مەلا حاجی مەحمود 309
بەختیار ڕەسوڵ حاجی 313
عوسمان حەمە حەمە ڕەحیم 315
محەمەد ڕەمەزان کامەران 320
عەلی عەبدولکەریم فەرەج 324
نەجدەت ناجی عەباس 328
ئەکەرەم ڕەشیدحەمە خورشید قادر 332
نادر عەبدوڵا عەلی قادر مولان 337

| | |
|---|---|
| خەلیل نەجمان گەنجۆ | 341 |
| سەبریە ئەحمەد قادر | 345 |
| سەنعان جاسم کامل | 349 |
| ئەحمەد ئەسعەد عەنتەر | 352 |
| قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ | 355 |
| عەلی قادر عەلی | 359 |
| حەسەن جەسیم ئەحمەد | 361 |
| فەیروز محێدین حوسێن | 365 |
| حەسەن مەحمود محەمەد | 370 |
| عەرەب محەمەدئەمین فەرەج | 373 |
| جومعە محەمەد خاڵە وەیسە | 376 |
| عەبدولواحید خدر عەلی | 379 |
| حەسەن عەلی شێخۆ | 382 |
| فەقێ ئیسماعیل فەقێ ئیبراهیم حەمەدئەمین | 384 |
| مالخۆ قادر زاهر | 388 |
| ئیسماعیل عەبوش مستەفا | 391 |
| خدر مەولود ڕۆستەم | 394 |
| حەمید شەریف موسا تەمی | 397 |
| جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز | 402 |
| قەیسەر یوسف زیا | 405 |
| عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد | 408 |
| بەهجەت عەبدول عەبدوڵا | 411 |
| ساڵح عوزێر دەروێش | 413 |
| ڕەفیق ئەحمەد حەمەئەمین | 415 |
| عەلی مستەفا ئیسماعیل | 418 |
| عەلی عەلی سەیفەدین ئیسماعیل | 421 |
| قادر حەسەن قادر | 423 |
| دوکتۆر فەوزی حەیدەر قدور | 425 |
| موسا محەمەد ڕەشید محەمەد | 428 |
| محەمەد سلێمان عوسمان | 431 |
| زکری عومەر شێخ عومەر حەسۆ | 433 |
| نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب | 435 |
| وسێن حەسەن حەمەد عوسمان | 439 |
| خدر خانۆ شێخ ئومەر | 442 |
| خدر وەسمان سلێمان بن بی | 444 |
| ڕەشید حەمۆ حاجی | 447 |
| سلێمان حەکیم یاسین | 450 |

*عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان* 453
*عەلی حەسەن شین* 455
*عیسا حەکیم یاسین* 458
*قادر محەمەد عومەر محەمەد* 460
*محەمەد ڕەشید شەمدین* 462
*محەمەد ڕەشید محەمەد* 465
*محەمەد چیچۆ ئەمین* 467
*محەمەد عەبدوڵا حەسەن* 470
*محەمەد ئەمین سەعید عوسمان* 472
*مەلا ساڵح عەلی سلێمان* 475
*ملکۆ عەباس محەمەدئەمین* 478
*میرۆ چیچۆ چاوشین* 481
*میرۆ محەمەد ئیسماعیل* 483
*قادر حەسەن عەبدوڵا* 486
*فازل مەتنی میرانی* 4878
*دوکتۆر ڕۆژ نوری سدیق* 490
*ئازاد محەمە نەجیب* 494
*هوشیار مەحمود محەمەد* 497
*عومەر عوسمان ئیبراهیم* 500
*دوکتۆر محەمەد قادر عەبدوڵا* 505
*ئەکبەر حەیدەر موسا* 512
*سەلاحەدین ئیبراهیم قادر* 515
*کاکەمین مستەفا ئەمین* 518
*فازل ڕئوف ساڵح* 520
*محەمەد کەمال ساڵح حەسەن* 524
*سرکیس ئاغاجان مامندۆ* 527

شەشەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 529
*کەریم محەمەد ساڵح ئاغا حاجی سەلیم ئەمین عوسمان ئاغا* 530
*عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا* 533
*ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد* 535
*دوکتۆر فرێدریک تیسۆ* 538
*کریس کۆچێرا* 540
*ئێدێت مۆبێت* 541
وێنەکان 542
بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر 547

## چەند وتەیەک

میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ یەکەم جار ڕۆژی ۱۹۸۹/۱۲/۲ لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتدا بە مامۆستا عەلی عەبدوڵا ئەمین و مامۆستا عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار موکریانی" دراوە و دواتر لە بۆنە و کۆنگرە جیاوازەکانی پارتیدا، ژمارەیەکی زیاتر لە خەباتکاران شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانییان پێبەخشراوە.

ژمارەی ئەو کەسایەتییانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بە ڕەگەز، ئایین و جوغرافیای جیاواز، میدالیای بارزانییان وەرگرتووە، ۳٦۸ کەسایەتین کە لە باشور، باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بوون، یان هاووڵاتی ئەوروپین و بە بڵاوکردنەوەی وتار، کتێب و وێنەی ڕووداوەکان و پێشاندانی دەرد و ئازارەکانی نەتەوەی کورد بە گەلانی جیهان، خزمەتی دۆزی کوردیان کردوە. لەو ژمارەیە، ژیاننامەی ۱۹۱ کەسیانم لە بەرگی یەکەمی کتێبی "میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان"دا بڵاوکردەوە و لەم کتێبەشدا ژیان و خەباتی ۱۷۷ کەسایەتی دەکەوێتە بەرچاوتان.

بۆ نوسین و ئامادە کردنی ئەم کتێبە و دیدار و وتووێژەکانم لەگەڵ خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی، یان کوڕ، کچ، هاوسەر، برا، خزمانی نزیک و هاوسەنگەرانیان، زیاتر لە ۱۰۰ گوند و شار و شارۆچکەی باشوری کوردستان گەڕاوم. لە هەولێرەوە تا دەگاتە سۆران و ڕەواندز، مێرگەسور، ئامێدی، ئاگرێ، دهۆک، سێمێل، شێخان و زاخۆ، کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، دوکان، ڕانیە و قەڵادزێ. لە گوندەکانیش لە ئەرمشت واتە لە ناوچەی زاخۆوە تا دەگاتە زاویتە، شیلادزێ، شێروانی مەزن، بێدود، سپیندارێ، بێدارون، بارزان، شانەدەر، حاجی ئۆمەران، تا دەگاتە بیارە لە ناوچەی هەڵەبجە. لە وڵاتانی ئەوروپا، لە سوید بە دیداری ڕاستەوخۆ و لە ئەڵمانیا، سویسرا، فەڕەنسا، بریتانیا، ئەمریکا و شوێنەکانی تر بە ڕێگەی تەلەفۆن پێوەندیم لەگەڵ وەرگرانی میدالیای بارزانی هەبووە.

هەرچەندە ئەم کتێبە لە ژیان و خەباتی وەرگرانی میدالیای بارزانی وەک تاک دەدوێ، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی گرنگە لە مێژووی بزووتنەوەکانی کورد لە سەدەی ۲۰ وە هەتا ئێستا، بەتایبەتی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە هەرچوار پارچەی کوردستان و ئەوروپا و ئەمریکادا. لەبەر ئەوە گرنگایەتی خۆی هەیە، بۆ لێکۆڵەرانی مێژووی کوردستان و خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

بەرلە وەرگرتنی بڕیاری بەخشینی میدالیای بارزانی بە خەباتکارانی بوارە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردستان، لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتەوە، دەیان هەزار کورد لە بێدەنگیدا سەریان ناوەتەوە، بەبێ ئەوەی کە تەنانەت دێڕێکیان لەسەر نوسرابێت و بەسەرهاتەکانیان کە بەشێکی تاڵ و خەمهێنەرە و لە هەمانکاتدا پڕلە شانازیی مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستان، لەسەر لاپەڕە کاغەزێک تۆمار نەکراوە و ئازایەتی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە لە مەیدانەکانی سیاست، دیپلۆماسی، بەڕێوەبەرایەتی و شەڕە بەزۆردا سەپاوەکاندا تەمی فەرامۆشییان بەسەردا کێشراوە. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو کتێبە بۆ توێژەرانی مێژووی کوردستان گرنگایەتی خۆی هەیە.


لە نوسین و ئامادە کردنی ئەم کتێبەدا، دەیان کەسایەتی هاوکارییان کردوم و جار هەبووە ١٥ تا ١٨ کاتژمێر، کاتی خۆیان لەگەڵ من لە شاخ و گوندەکانی کوردستاندا بەسەر بردوە و گوند بە گوند لەگەڵم هاتوون، تا بتوانم کەسێکی خاوەن میدالیای بارزانی بدۆزمەوە و ژیاننامەیان بۆ بنوسم بەتایبەتی نیعمەت شەهاب مامۆستا زانکۆی سەلاحەدین بەشی مێژوو، دوکتۆر نەجاتی عەبدولا جێگری ئاکادیمیای کوردی لە هەولێر، سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی نوسەر و لێکۆڵەر، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان و ڕەنجبەر ئەحمەد بیری کە پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەم و هیوادارم لە سەرخستنی ڕێبازی بارزانیدا کە خەونی لە مێژینەی نەتەوەی کوردە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان و ئازاد کردنی نەتەوەی کورد سەرکەون. سوپاس بۆ کاک کەمال گروێسی و هەژار گەوهەری کە ئەرکی پێداچوونەوە و مۆنتاژ کردنی کتێبەکەیان بەجێ گەیاند.

حامید گەوهەری
٢٠١٤

## سێیەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ژیاننامەی دوو گروپی یەکەم و دووەمی وەرگرانی میدالیای بارزانییم بڵاوکردەوە لەگەڵ ژیاننامەی ٤٣ کەسایەتی کە لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانییان وەرگرتووە. ئەوانەی لەم بەشەدا بەرچاوتان دەکەوێ، ژیاننامەی بەشی دووەم لە گروپی سێیەمی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانیین کە ژمارەیان ٨٠ کەسایەتییە. لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ژیاننامەی ٤٣ کەسایەتیم بڵاوکردوەتەوە و ئەمەش ژیاننامەی ٣٧ کەسایەتییەکەی تر کە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانییان وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان بەشێوەی خوارەوە لە دەست سەرۆک مەسعود بارزانی وەرگرتووە:

# سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر



سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر ناسراوە بە سەعید عەبدولوەهاب ئەرگوشی ساڵی ١٩١٨ لە گوندی ئەرگوش لە ناوچەی بارزان سەربە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. بە ڕێگەی خوێندنی قورئان و خوێندنەوەی کتێبەکانی بوستان و گوڵستان فێری خوێندن و نوسین بووە. ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە بە سەرباز گیراوە و ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو لە سەربازیی ڕایکردوە و لەگەڵ جەنگاوەرانی بارزان کەوتوە و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پۆلیسخانەی شانەدەر، دۆڵی باژێ، مەزنێ و شێروانی مەزن. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی سەرا و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی قەڵاتان و بەشداریی شەڕی قەڵاتانی کردوە و لەو شەڕەدا برینداربووە. بەرلەوەی کە برینەکەی بەتەواوی ساڕێژ بێت لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگەکانی تاشکەنددا، بۆ ماوەی




نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی سەلخۆزەکاندا لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر لە زانکۆی تاشکەند بەشی جوغرافیای خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی بەغدا وانەی جوغرافیای گوتووەتەوە.

ساڵی ١٩٦١، بە دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ بارزان، سەعید عەبدولوەهاب شێخ عومەر بەغدای بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە لای بارزانی و چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕەکانی مرێبا و سەرسەنگی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، بەم ڕێکخستنە نوێیەی بارزانی کە ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و تا ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی بووە. لەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەعید عەبدولوەهاب چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان و لە شاری نەتەنز نیشتەجێ کراوە. ئەندامی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات بووە لە پارێزگای ئیسفەهان و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێوە کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و لەگەڵ پێشمەرگەکانی شۆڕشی گولان بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ گەلی ڕەش و کەتینە. ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی بەربوونەوەی لە ڕێگای کۆنەلاجان لە ناوچەی پیرانشار، چۆکی شکاوە و بۆ ماوەی ساڵێک لەژێر چاودێریی پزیشکدا بووە. تا ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان بەدژی ڕژێمی بەعس، ناوبراو چەند جارێک بە جەولە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی ئەرگوش و مێرگەسوور و ئیتر بەهۆی تەمەنی زۆری نەیتوانیوە درێژە بە پێشمەرگایەتی بدات. ساڵی ١٩٩٦، لەگەڵ منداڵەکانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە مەسیف

ســـەلاحەدین نیشـــتەجێ بـــووە. دوای گەڕانەوە، لە کـــۆنگرەی ١١ی پـــارتی دیموکراتــدا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهــۆی خزمەتەکــانی بە کــورد و کوردســتان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠٠١/٦/١٨ لە تەمەنــی ٩٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

## مستەفا عەبدوڵا کرکەمۆیی



مستەفا عەبدوڵا کرکەمۆیی ناسراو بە مستێ عەولا ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی کەرکەمۆ لەدایک بووە. عەبدوڵا کرکەمۆی باوکی یەکێک بووە لە فەرماندە ناودارەکانی بارزانییەکان لە شۆڕشی بارزاندا و محەمەد عەبدوڵای برای لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا شەهید بووە. ناوبراو لە کۆماری کوردستاندا لە مهاباد چەکی هەڵگرتووە و دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگادا بەشداری شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، مستێ عەولا بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبراو لە زانکۆی تاشکەند وەرگیراوە و بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، سەرەتا لە موسڵ و دواتر لە بەغدا لە لای سەرۆک مستەفا بارزانی بووە.



ساڵ ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، مستەفا عەبدوڵا کرکەمۆیی چەکی هەڵگرتووتەوە و لەگەڵ بارزانی لە بادینان و سۆران بووە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تاران و دواتر بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی لە کەرەج نیشتەجێ کراوە. ساڵی ١٩٧٩ چووەت سلیڤانا و یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی مەکتەبی سەرۆک. لە ڕاپەرینی ١٩٩١دا لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە سەری بڵند بووە و دواتر کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ٣ی شێروان و تا ١٩٩٨ لەو لیژنەیەدا بەردەوام بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە باوەڕپێکراوانی سەرۆک مستەفا بارزانی و ڕەوانشاد ئیدریس و سەرۆک مسعود بارزانی. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٨ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە و لە گوندی کرکەمۆ لە ناوچەی بارزان بە خاکی سپێردراوە.

## محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا



محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا خەلانەیی ساڵی ١٩٣٠ لە مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی جەنگاوەرانی لەشکری بارزان و بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی و یاوەرانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان و لە هێزی تەیبەتی بارزانیدا بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕی دەشتی شنۆ بریندار بووە و دوای ساڕێژبوونی برینەکەی لەگەڵ بارزانی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بەشداریی کردوە لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان دوورخراوەتەوە و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو لە بەشی کشتوکاڵی زانکۆی تاشکەند خوێندویەتی و هاوکات ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، بەڵام هاوسەرەکەی لەگەڵی نەهاتووەتەوە.

دوای گەڕانەوە بۆ عێراق، محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا خەلانەیی لە ئیدارەی پەروەردەی سلێمانی دامەزراوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ خەلان و لەگەڵ محەمەدئەمین نەبی برای نەبی سەرئاسن یەکێک لە فەرماندەکانی بارزانی بووە. لەگەڵ




حاچک چەمی، عوزێر دۆڵەمەری و عەمەرئاغای دۆڵەمەری پاسەوانی تایبەتی بارزانی بووە و بەشداریی شەڕەکانی گەرووی عومەرئاغا و سەرتیزی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا خەلانەیی لەگەڵ بارزانی چووەتە نەغەدە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ قەزوێن و ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ سلیڤانا و کراوە بە پاسەوانی ماڵی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات. تا ساڵی ١٩٩٣ لە سلیڤانا بووە، ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٦ کە تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی لە گوندی هەلەجەوە گواستەوە بۆ گوندی بارزان، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی سەدرە لە ناحیەی مەزنێ لە قەزای مێرگەسور نیشتەجێ بووە.

محەمەدئەمین حەسەن عەبدوڵا خەلانەیی ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی سەری ئاکرێ بریندار بووە. نەبی سەرئاسنی برای کە یەکێک بوو لە فەرماندە ئازاکانی هاوڕێی بارزانی ساڵی ١٩٦٢ لە تێکهەڵچوونێکی بەهەڵە لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا لەسەر پردی حافز لە قەزای ڕەواندز شەهید بووە. دوو ئامۆزای بەناوەکانی سلێمان و خدر سلێمان عەبدوڵا لە شەڕی سۆفیەکانی سەربە شێخ ڕەشید کە چەکیان بۆ ڕژێمی عێراق هەڵگرتبوو، ساڵی ١٩٦٢ لە لۆلان شەهید بوون. چوار ئامۆزای تری بەناوەکانی کەریم سادق ساڵی ١٩٩٢ لە جەم جو، جغسی سادق ساڵی ١٩٩٥ لە شەکرە، حالی دۆڵەمەری خەلانەیی ساڵی ١٩٩٤ لە ڕەواندز و عوزێر دۆڵەمەری ساڵی ١٩٨٢ لە شنۆ شەهید بوون. هەروەها ٩ مام و ئامۆزای تری ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ١٩٩٦ خانەنشین کراوە و ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٤ کۆچی دوایی کردوە.

# مستەفا ڕەشید سۆفی



مستەفا ڕەشید سۆفی ناسراو بە مستەفا ڕەشۆ دۆڵەمەری ساڵی ١٩١٧ لە لیلۆک لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. باوکی و مامی لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە لە زینداندا شەهید کراون. ساڵی ١٩٤٣ دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەی پۆلیسی مێرگەسور دا. ساڵی ١٩٤٥، بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا ناوبراو لەگەڵ شێخ ئەحمەد، بارزانی، یاوەرانی و بنەماڵەکەی ئاوارەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان و لە بەرەی شەڕی سەقز بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشدار بووە لە شەڕەکانی قەلاتان و پەسوێ دا. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو لەگەڵ حەمەدەمین میرخان بەشی کشتوکاڵ و تێکنیک و کار کردن بە تراکتۆری لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی سلێمانی لە بەکرەجۆ دامەزراوە.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، مستەفا ڕەشۆ دۆڵەمەری گەڕاوەتەوە لیلۆک و لە هەواری هۆریێ بەخزمەت بارزانی گەیشتوە و لەگەڵ حالی دۆڵەمەری، نەبی سەرئاسن، حەمەدەمین حەسەن سەرئاسن، عوزێر عەبدوڵا سەعید، حەمەد ئاغای عەولا بووە. کاتی چوونی بارزانی بۆ ناوچەی بادینان، ناوبراو لەلای ئیدریس و مەسعود بارزانی و لەژێر ئەمری شێخ ئەحمەددا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ناوچەی سۆران و بە فەرماندەیی عوزێر دۆڵەمەری لە هێزی تایبەتی بارزانیدا بووە و دوای شەهید بوونی عوزێر لەگەڵ حالی دۆڵەمەریی برای عوزێر بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مستەفا ڕەشۆ دۆڵەمەری پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چووەتە کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کرمان. ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و لەگەڵ هێزی حالی دۆڵەمەری بووە، بەڵام بەهۆی تەمەنی زۆری لە گەڕاندنەوەی بۆ باشوری کردستان بە مەفرەزەی گەڕۆک خۆیان پاراستوە و لە نەغەدە و زێوە ئەرکیان پێسپاردوە. ساڵی ١٩٩٣ بە بنەماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی لیلۆک لە لیژنەی کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزاندا ئەرکیان پێسپاردوە و سەلیم ئەسعەد خۆشەوی و میرخان محەمەدئەمین میرخان سلێمان بەرپرسی بوون.

مستەفا ڕەشید سۆفی دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٢ لە شەڕی جاشەکانی زێباری و جاری دووەم ساڵی ١٩٦٦ لە هێرشی سوپا و جاشەکان بۆسەر قەڵاچوالان. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٨ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١١ لە تەمەنی ٨٦ساڵیدا لە گوندی لیلۆک کۆچی دوایی کردوە.


## شێخ یەزدین محەمەد نەبی



شێخ یەزدین محەمەد نەبی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی داویدکا لە ناوچەی مزووری باڵا لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو لەگەڵ جەنگاوەرانی بارزان پاڵی بە بارزانییەوە دا و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی پۆلیس لە شێروانی مەزن، چامە و گۆڕەتوودا. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت و لە مهاباد لەگەڵ بارزانی بووە و لەوێوە ڕەوانەی تەورێز کراوە کە خولی تۆپهاوێژی سەحرایی ببینێ و عەبدولحوسێن تەفریشیان ڕاهێنەری بووە و خولەکەی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، شێخ یەزدین محەمەد نەبی لە دەشتی شنۆ لەگەڵ تەفریشیان و ئەو کۆمەڵە ئەفسەرانە بووە کە لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەوتبوون و بەرپرسی تۆپخانەی هێزەکانی بارزانی بوون. ناوبراو یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕووباری ئاراس بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیرکرانی بارزانییەکان لە باکۆ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، شێخ یەزدین بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی تاشکەند کاری

کـردوە. دوای مردنـی سـتالین و لـە سـێدارەدانی بـاقرۆف کە خرۆشـۆف لەسـەر داوای بـارزانی، ئیزنـی خوێنـدن و کـارکردنی بە بارزانییەکـان دا، نـاوبراو نەچووەتە زانکۆ، بەڵام زمانەکـانی ڕوسـی و تـورکی خوێنـدوە و کـاری کـردوە. ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسـەرەکەی و دوو منداڵی و هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە نەخۆشخانەکانی کۆماریی لە



هەولێـر و سـلێمانی کـاری وەرگێڕیـی زمانەکـانی کـوردی، تـورکی، ڕوسـی و عەرەبی کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشـی ئەیلـولی ڕاگەیانـد، نـاوبراو ڕایکـردوە و بـووەتە پێشـمەرگە لـە هیـران نـازەنین و زیـارەت. سـاڵی ١٩٦٣ هاوسـەر دوو کور و دوو کچی بە تۆمەتی هاوکـاریی کـردن لەگەڵ پـارتی و شۆڕشـی ئەیلـول گیـراون و تـا سـاڵی ١٩٦٤ لە زینـدانی هەولێر زیندانی بوون.

سـاڵی ١٩٦٥، شـێخ یەزدیـن مـحەمەد نەبـی کـراوە بە سـەرلق و لە نـاوچەی زیارەت و هیران و نازەنین بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی پشدەر و لە هێـزی کـاوەدا سـەرلق بـووە. یەکێـک بـووە لە بەشـدارانی شـەڕی بەرگـریکەرانەی ١٩٦٨/٩/٢٥ی سەنگەسـەر کە لەو شـەڕەدا دوژمـن تێکشکا و کۆمەڵێـک چەک و تەقەمەنـی و ئوتـۆمبیلی سـەربازیی کەوتە دەسـت پێشـمەرگەکان. بەهـۆی ڕۆڵـی گەورەی شـێخ یەزدیـن لەو شـەڕەدا، بـارزانی دەمانچەیەکی خەڵات کردوە. هەروەها شێخ یەزدین لە ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠دا بەشـداریی شـەڕەکانی دوڵـی شـەهیدان و کێوەڕەشـی کـردوە. وەک هەڤـاڵانی دەڵـێن، نـاوبراو پێشـمەرگەیەکی ئـازا و چـاونەترس بـووە و بە هەڵسوکەوتی جوان لەنێو پێشمەرگەکاندا ناسراوە و نازناوی "خاڵە شێخ"یان بۆ داناوە.

سـاڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازار واژۆ کـرا، شـێخ یەزدیـن بە پـلەی جێگری هێزی کاوە لە پشدەر ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمـی عێراق شـەڕی بەدژی گەلـی کـورد هەڵایسـاندەوە، نـاوبراو بەشـداریی شـەڕەکانی سـەرتیز، بێشـێ و گەرووی عومەرئـاغـای کـردوە. سـاڵی ١٩٧٥ دوای ڕاوەسـتانی شۆڕشـی

ئەیلول لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە و چووەتە کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد. تا ساڵی ١٩٧٩ خۆی و کوڕەکانی لە مەشهەد هاوکاریی لقی ٨ی پارتی دیموکراتیان کردوە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێ نیشتەجێ بووە.



دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، شێخ یەزدین لەگەڵ بنەماڵە و خزمانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە. برایەکی بەناوی نەبی محەمەد ساڵی ١٩٤٦ بە نەخۆشی تایفۆئید لە مهاباد کۆچی دوایی کردوە و شەوکەت شێخ یەزدینی کوڕی کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی خۆشناو و چالاکی پارتی دیموکرات ڕۆژی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی هەولێردا لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات شەهیدکرا. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. بە وتەی محەمەدی کوڕی، باوکی یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ڕێبازی بارزانی و بەرلە وەرگرتنی میدالیا و بە دوای وەرگرتنیدا بە بەردەوامی شانازیی بە خەبات و قوربانیدانی بارزانی و پێشمەرگەکان کردوە و ئامۆژگاریی کوڕ و نەوەکانی کردوە و گوتویەتی خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانی، خزمەتکردنە بە کورد و کوردستان و دەبێ شێلگیر بن لە خزمەتکردنیاندا. شێخ یەزدین محەمەد نەبی ساڵی ١٩٩٩ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ڕەوانەی ئوتریش "نەمسا" کراوە و ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٥ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

# ڕەشید باقی محەمەد



ڕەشید باقی محەمەد کۆرکەیی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی کۆرکێ لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا تەمەنی شەش ساڵ بووە کە لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکەی ئاوارەی باکوری کوردستان بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانی گەڕایەوە، چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی پۆلیس لە شانەدەر و ڕێزان. لەو ساڵەدا بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی کانی مەزنێ، چیای قەلەندەر، بەردی قەڵاتی و حاجیە سوور. لە شەڕی بادلیان بریندار بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی سەرا و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕەشید باقی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی قەڵاتان و بەشداریی شەڕی قەڵاتان و شەڕی گەڵاسی لە ناوچەی شنۆ کردوە و دواتر کراوە بە پاسەوانی بەشی تۆپخانە. ناوبراو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگەکانی تاشکەنددا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی سەلخۆزەکاندا



لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ڕەشید باقی لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگیراوە، بەڵام کاری حکومی نەکردوە و بووە بە پاسەوانی بارزانی لە بەغدا.

ساڵی ١٩٦١، دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ بارزان، ڕەشید باقی بەغدای بەجێهێشتوە و لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ بارزان و لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، ناوبراو لەگەڵ مەلا شینی لە سەری پیرس و دواتریش لە سەری ئاکرێ بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ مەلا شینی بەشداریی شەڕ سەری ئاکرێی کردوە و لەوێ بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی کۆکراوەوە پەلاماری سەری ئاکرێ و پیرسی دا و ویستی بارزان داگیر بکات، بەڵام لە ملی بلێ شکا و بۆ ڕێزان پاشەکشەی کرد، ڕەشید باقی کاتی ڕاونانی دوژمن لە نزیک پردی ڕێزان جارێکی تریش بریندار بووە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٣وە تا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، بەشداریی شەڕەکانی شیلە بەراز، شەهێ، سەفتێ و گۆڕەتووی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ بەشداریی شەڕی دوڵی شەهیدانی کردوە. بە دوای ئەو شەڕەدا شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا و ئەو بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری کورد لە پارێزگای چوارمحالی بەختیاری.

دوای نیشتەجی بوونی لە شاری کورد، ڕەشید باقی کۆرکەیی هاوکاریی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کردوە و ساڵی ١٩٧٩ بە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران و بەدەستەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، بە ڕاسپاردەی ڕێزداران ئیدریس و مەسعود بارزانی بە بنەماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و بەرپرسی بنکەیەکی پاسەوانەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی و تا ساڵی ١٩٩١ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. لە ڕاپەڕینی

١٩٩١دا لەگەڵ سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕانیە و دیانا و بەشدار بووە لە ڕاپەڕیندا. ساڵی ١٩٩٣، ڕەشید باقی گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی کۆمەڵایەتی شێروانی یەک.

ئامۆزایەکی ڕەشید باقی بەناوی ئیبراهیم شەوالی ساڵی ١٩٣٢ لە شۆڕشی یەکەمی بارزان و ئامۆزایەکی تری بەناوی ئیبراهیم سەعید ساڵی ١٩٦٣ لە شۆڕشی ئەیلول لە شەڕی ئاکرێ شەهید بوون. برایەکی بەناوی دەروێش باقی لەگەڵ دوو کوڕی دەروێش و ئامۆزایەکی تری بەناوی سەعید ساڵی ١٩٨٣ لە شۆڕشی گوڵاندا لە قوشتەپە ئەنفال کراون و خۆشی بۆ جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٩٧ لە شەڕی ناوخۆدا بریندار بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٢/١/١ لە گوندی کۆرکێ کۆچی دوایی کردوە.

## سدیق بەخشی ئەحمەد



سدیق بەخشی ئەحمەد ناسراو بە سدیق بەخشی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی حەسەن بەکر لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەکی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی بارزان کە بەشداریی چەک کردنی پێگەی پۆلیسی لە گوندی شانەدەر و بیرەکەپران کردوە. ساڵی ١٩٤٥ بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا، لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی و یاوەرانی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیادا، پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و لە بەرەی شەڕی قاراوا بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی دەشتی شنۆدا. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧دا بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. وەک هەڤاڵانی دەگێڕنەوە ناوبراو بەهۆی نەزانینی مەلە و باڵای کورتی نەیتوانیوە خۆی لە ئاراس بپەڕێتەوە. کاتی پەڕینەوەی ئاو بردویەتی و بارزانی خۆی لە ئاو گرتوویەتییەوە و لە ئاراس پەڕاندویەتەوە.

بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە و لەگەڵ خاتوونێکی ڕوسی هاوسەرگیریی کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەرەکەی و بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی پارێزگای موسڵ دامەزراوە.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سدیق بەخشی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ حەسۆ میرخان بەشداری شەڕەکانی پردی بلبل، گەروی لۆمانا، دەشتی سلیڤانی لە ١٩٦١/١١/٢٣ و گەلی زاویتە لە ١٩٦١/١٢/١٢و شەڕی سەرسەنگی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، بەم ڕێکخستنە نوێیەی بارزانی کە ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کرد بە فەرماندەی ناوچەی شێخان و ئاکرێ، عەلی خەلیل فەرماندەی ناوچەی دهۆک و عیسا سوار فەرماندەی ناوچەی زاخۆ، ناوبراو لەگەڵ حەسۆ میرخان لە بادینان ماوەتەوە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، سدیق بەخشی ئەرکی نوێنەرایەتی شێخانی بارزانی لە دەشتە زێ پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی لە گوندی هەسن بەکر. چەندان جار لە لایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە و لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٥ تا ١٩٨٧/٢/١٥ لە زینداندا ڕاگیراوە.

ساڵی ١٩٩١، سدیق بەخشی ئەحمەد بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی دهۆکی کردوە و ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٢ لە دهۆک کۆچی دوایی کردوە.

## دەروێش میرۆ محەمەدەمین مەلال ئاغا



دەروێش میرۆ محەمەدەمین مەلال ئاغا بێرسیاڤی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی بێرسیاڤ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی پۆلیسی گوندەکانی شێروانی مەزن و بیرەکەپران. ساڵی ١٩٤٥ بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی و یاوەرانی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیادا، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان و لە هێزی تایبەتی بارزانیدا بووە لە شاری مهاباد.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی کردوە لە شەڕی گوندی نەڵۆس دا. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی پارێزگای موسڵ دامەزراوە.

سـاڵی ١٩٦١ کە بـارزانی شۆڕشـی ئەیلـولی ڕاگەیانـد، دەروێـش میـرۆ محەمەدەمـین مەلال ئاغـا گەڕاوەتەوە ڕیـزی پێشـمەرگەکان و لەگەڵ عومەرئاغای دۆڵەمەری و حاچک چەمی و چەنـد پێشـمەرگەی تـر، تـا سـاڵی ١٩٧٥پاسـەوانی تـایبەتی بـارزانی بـووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و لەوێـوە گواسـتراوەتەوە بـۆ سمنان و دواتر لە قەزوێن نیشتەجێ کراوە. نـاوبراو سـاڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بـۆ سـلیڤانا و کـراوە بە سـەرقۆڵی پێشـمەرگەکانی پاسـەوانی مەسـعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ سـەرۆکی پـارتی دیمـوکرات گەڕاوەتەوە بـۆ کوردسـتان و بەشـداریی ڕاپەڕینی کردوە و دواتر مقەڕی لە سارداو، دیانا و مەزنێ داناوە و هەتا ساڵی ١٩٩٥ لە ئەرکی خۆیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە.



دەروێـش میـرۆ بێرسـیاڤی لە هەوڵە تیرۆریسـتییەکەی ڕژێمـی عێـراق بۆسـەر گیـانی بـارزانی و تەقینەوەی مەلاکـان کە بەنـاوی وەفدی ئاشتی هـاتبوون بۆ حـاجی ئـۆمەران لە ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، برینـدار بـووە. حوسـێن مـحەمەد ئەمینـی مـامی یەکێـک بـووە لە سـەرکردەکانی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان و سـاڵی ١٩٤٥ دوای شـەڕی مەیـدان مۆریـک لەکـاتی پاشەکشـەکردنی بـارزانیەکـان بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە قەلەنـدەر لە پشت گونـدی شـێنێ شـەهید بووە. باقی میرۆ محەمەدەمینی برای ساڵی



١٩٤٧ لە نەڵۆسە لەلایەن سوپای هێرشکەری ئێرانەوە شەهید کراوە. خەزوری و سێ برای خێزانی لەگەڵ دوو برای خۆی بەناوەکانی ئەحمەد و جادر میرۆ و ئامۆزایەکی ساڵی ١٩٨٣ لە هەریر ئەنفال کراون و دوو لە مامەکانی بەناوی دەروێش و قاسم ساڵی ١٩١٩ بەدەست ئینگلیزەکان شەهید کراون. دەروێش میرۆ محەمەدەمین مەلال ئاغا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١ لە گوندی بێرسیاڤ کۆچی دوایی کردوە.

## خالی حەمە کەریم حەمە شەریف



خالی حەمە کەریم حەمە شەریف ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی دەرەقەیسەر لە ناحیەی بیارە لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. حوسێن محەمەد نادری هاوسەری یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولان. خالی ساڵی ١٩٦١ هاوشانی مێردەکەی کە فەرماندەی پۆلێک پێشمەرگە بووە لە گوندەکەیان خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە. ساڵی ١٩٧٠، کوڕێکی بەناوی جەلال و ساڵی ١٩٧٣ کوڕێکی تری بەناوی سەردار چەکیان هەڵگرتووە و بوونەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٨ ڕژێمی عێراق گوندەکانی ناوچەی هەورامانی گواستەوە و ئەم جارە خالی لە کۆمەڵگای زەمەقی خزمەتی پێشمەرگە و ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کردوە. نامەی پێشمەرگەکانی گەیاندوەتە دەست بنەماڵەکانیان و وەڵامی نامەکانی گەڕاندوەتەوە دەست پێشمەرگەکان و هەردوو لایەنی پێشمەرگە و بنەماڵەکانی لە تەندروستی و ڕووداو و پێشهاتەکان ئاگادار کردوەتەوە. سەرداری کوڕی خالی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی شارەزوور بووە و ڕۆژی ١٩٨٧/٨/٩ لە شەڕی ئەحمەدئاوا شەهید بووە. کاتێک تەرمی کوڕە شەهیدەکەیان گەڕاندوەتەوە و خزم و دەوروبەر بۆی گریاون، خالی وەدەنگ هاتووە و گوتویەتی:

**- (مەگرین، بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە و پێویست ناکات بۆ شەهید بگرین.)**

ساڵی ١٩٨١، سێیەم کوڕی خالی بەناوی سەباح بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی جێی سەرداری برای پڕ کردوەتەوە و لە ناوچەی هەورامان بەشداریی شەڕەکانی دژبە شۆڕشی کوردستانی کردوە. لە ساڵی ١٩٨١وە تا ساڵی ١٩٨٧، خالی سێ جار لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گیراوە و دوای

لێپێچینەوەی دوو سێ ڕۆژە ئازادیان کردوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٤ بۆ ماوەی دوو مانگ لە زیندانـدا ڕایانگرتووە. ساڵی ١٩٨٧، بەدوای دوا لێپێچینەوە و ئازادبوونی لە زیندان، خالی ڕایکردوە و چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دزڵی نیشتەجێ بووە.

خالی حەمە کەریم حەمە شەریف ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان و لە گوندی دەرە قەیسەر هاوکاریی ڕێکخراوی شەهید سەرداری کردوە. دووەم کوڕی خالی بەناوی سەباح ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١١ لە شەڕی ناوخۆییدا لە سەید سادق شەهید بووە و دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، سێیەم کوڕی، بەناوی جەلال ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٣ لە شەڕی ناوخۆییدا شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/١٣ لە خولی دووەمی شەڕە ناوخۆییەکاندا هەورامانی بەجێهێشتوە و لە هەولێر نیشتەجێ بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا خالی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. حوسێن محەمەد نادری هاوسەری خالی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٩ کۆچی دوایی کردوە. خالی حەمە کەریم حەمە شەریف دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و بە سەرۆک بارزانیم گوت دوو کوڕم ماوە و ئەوانیش دەکەم بە سەدەقەی کوردستان و ڕێبازی بارزانی و ئێوەی بەڕێز.)

## فرەنسۆ تۆما کانون



فرەنسۆ تۆما کانون ناسراو بە فرەنسۆ هەریری ساڵی ١٩٣٧ لە بنەماڵەیەکی کریستیان لە شارۆچکەی هەریر لە قەزای ڕەواندز سەربە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە هەریر، ناوەندیی لە شەقلاوە و دواناوەندیی لە هەولێر خوێندوە. خولێکی مامۆستایەتی بینیوە و لە ساڵی ١٩٦٠وە تا ساڵی١٩٦٣ لە ناوچەی بارزان لە بلێ و دواتریش لە سۆران مامۆستای خوێندنگە سەرەتاییەکان بووە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و کراوە بە ئەندامی لقی دوو و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی باڵەک و بۆ ماوەیەکیش لە ساڵی ١٩٦٥دا وەک جێگری هێزی باڵەک بووە بە فەرماندەیی عەبدوڵا ئاغای پشدەری و هەروەها ماوەیەکیش بێژەری بەشی ئاشوری ڕادیۆ دەنگی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو کراوە بە قایمقامی قەزای چۆمان و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، فرەنسۆ چووە بۆ حاجی ئۆمەران و لە مەکتەبی سەرۆک بارزانیدا خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول پەڕیوەتەوە بۆ پیرانشار و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لە کەرەج لە خزمەت ئیدریس و مەسعود بارزانیدا بووە.

لە ساڵی ١٩٧٧وە فرەنسۆ هەریری ئەرکی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەشێک لە شارەکانی ئێران لە ئەستۆ بووە. ساڵی ١٩٧٩ لە جوڵفا و شارەکانی سەربە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ڕێکخراوی بۆ پێشمەرگە و ئاوارەکانی باشوری کوردستانی دامەزراندوە و ئەوانی لەو ڕێکخراوانەدا کۆکردوەتەوە. لە ساڵانی ١٩٧٨- ١٩٧٩دا، بە



ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی لەگەڵ محەمەدی مەلا قادر و مولازم یونس ڕۆژبەیانی لە عەزیمەیەی کەرەجەوە دەیان پێشمەرگەیان ڕەوانەی ناوچەکانی هەڵەبجە، سۆران، پشدەر و بادینان کردوەتەوە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٨٠، یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات بووە لە شەڕی یەکەمی حاجی ئۆمەراندا. ساڵی ١٩٨٢، لەگەڵ دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" چووەتە ناوچەی هەورامان و سلێمانی و لیژنە و هێزەکانی سەربە لقی ٣ و ٤ی سلێمانی و کەرکوکی ڕێکخستوەتەوە.

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تا ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و مەکتەبی سەرۆک بووە. چەندان جار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاروباری سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی بادینان، سۆران و هەورامان و ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هێزی تایبەتی سەربە مەکتەبی سەرۆک بەشداریی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی گرتنی شاری کەرکوک لە ١٩٩١/٣/٢١دا. بە ئەمری سەرۆک بارزانی و بە هاوکاریی محەمەد کەمال ساڵح حەسەن ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١ هەموو دۆسیەکانی ئیستخباراتی شەرقی کەرکوکی بردوە بۆ مەکتەبی سەرۆک. لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی بەشدار بووە لە شەڕی کۆڕێدا کە سوپای عێراقی تێدا شکا و ناچاربوو مل بۆ وتووێژ لەگەڵ بەرەی کوردستانی ڕابکێشێت.

ساڵی ١٩٩١، فرەنسۆ هەریری بەرپرسی مەکتەبی ناوندی پێوەندییە نیشتمانییەکان و نوێنەری پارتی دیموکرات بووە لە مەکتەبی ناوەندیی بەرەی کوردستانیدا. لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە ڕۆژی

١٩٩٢/٥/١٩ بەڕێوەچوو، ناوبراو لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و دواتر ئەرکی سەرۆکایەتی کردنی فراکسیۆنی زەردی پارتی لە پەرلەماندا پێدرا. لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزیری هەرێم و پارێزگای هەولێر بووە و دواتر کراوە بە بەرپرسی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی لە هەولێر. ناوبراو خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری چەند گۆڤار و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەرپرسی وەرزشیی هەولێر بووە. ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە.




فرەنسۆ هەریری ناوێکی دیار بووە لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و دواتر ڕاپەڕین و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. سەرکردەیەکی بەئاگا بووە لە ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان. پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕۆشنبیران، سیاسەتمەداران، وەرزشکاران، میدیاکاران و بەگشتی هەموو چین و توێژەکان و بەتایبەتی گەنجان و هەژارانی کوردستان هەبووە. دوای ئازاد بوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، ناوبراو بەشداریی زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەکرد. مرۆڤێکی چالاک، هەڵسوور و دیموکرات و ئەمەکناسی ڕێبازی بارزانی بووە لە ژیان و کارەکانیدا.

فرەنسۆ هەریری بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیبوو، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەرلەنوی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوە. بەیانی ڕۆژی ٢٠٠١/٢/١٨ لە ڕێگەی چوونی بۆ شوێنی خزمەتکردنی بە دانیشتوانی هەولێر، لە بەردەم مزگەوتی سپی شاری هەولێر، کەوتە بە دەستڕێژی ژمارەیەک تیرۆریست کە پێشتر بۆ کوشتنی خۆیان ئامادە کردبوو. بە شەهیدکردنی ناوبراو خەڵک

ڕژانە نێو شەقامەکان و بە دروشمی سڵاو بۆ گیانت فرەنسۆ، فرەنسۆ وەك خەڵك ژیا! شەقامەکانی هەولێریان هەژاند.

ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٢٠، لە ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شارۆچکەی هەریر، ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی:

- (لە ساڵی ١٩٦٣وە کە من فرەنسۆ هەریریم ناسیوە، نەمدی یەک ڕۆژیش بیروباوەڕی لاواز بێ، یان ئیمانی بلەقێ بەرامبەر بە هەر ڕووداوێک هەرچەند گەورە بووبێ. کاک فرەنسۆ نمونەی وەفا و دڵسۆزیی بوو لەبەرامبەریدا تەنانەت دوژمنەکانیشی نەیانتوانیوە ڕێزی لێ نەگرن و لەبەر ئەو وەفایەی، ئەوان فرەنسۆیان شەهید کرد. ڕاستە زیانێکی گەورەیان لە پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد داوە و ڕاستە هەدەفێکی پڕبەهایان هەڵبژارد. فرەنسۆ خۆی دەیزانی شەهید دەبێ، چەندین جاربە منی گوت: "من شەهید دەبم." بۆ تێکۆشەرێکی وەک فرەنسۆش هەر شەهادەتەو شەهادەتیشی لێ پیرۆز بێ، چونکە پارتی ڕاهاتووە قوربانی بدات، ئەوەی سەرکەوتن بپارێزێ، دیسان هەردەبێ قوربانی بدات، پارتی لە تیرۆر نەترساوەو ناشترسێ، پارتی بە لە دەستدانی قارەمانێک و چەندین قارەمان ناوەستێ. ڕێبازی پارتی ڕێبازی بارزانییە، ڕێبازێکی بەردەوامە.)

جگەلەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە پەیامێکدا سەبارەت بە شەهیدبوونی فرەنسۆ هەریری گوتی: (بە شەهیدبوونی ئەم مرۆڤە ڕاستگۆیە ئەمڕۆماڵئاوایی لە کەسێک دەکەین کە بە سەربڵندییەوە پەیمان و سۆزی خۆی بەجێهێناوەو ئەو بەو بەڵێنە پیرۆزەوە سەری ناوەتەوە کە دەیان ساڵە بە بارزانی و پارتی و گەلی کوردستانی داوە.) ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا دەڵێت:

- (فرەنسۆ لەو کەسانە بوو کە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا سەنگەرێکی تایبەتی بۆ خۆی دانابوو. زۆرجار بەتایبەتی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە چاوەڕوان نەبوو خەڵکی تر دەستوری پێبدات، بەڵکوو خۆی هەڵوێستی وەردەگرت و هەنگاوی دەناو دروستیش دەردەچوو. شەهید فرەنسۆ هەریری ئەو ڕۆڵە هۆشیارە بوو کە هەمیشە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردوەتەوە، لە تەک گیانی وەرزشیدا کە بوارێکی پڕ شانازیی دیکەی

ژیـانـی ئـەو بـووە لـە سـەردەمی لاوەتیـیـەوە تـا شـەهید بـوونی، هەر وەکـو وەرزشـکار بـووە هانـدەری گیـانـی وەرزشـیش بـووە، تـازەترین کۆمـەڵگـا و گۆڕەپـانـی وەرزشـی هـەولێـری دامـەزرانـد. ... بـەکـورتـی فرەنسۆ بـە درێژایـی ژیـانـی لـەوەتـی بـە خزمـەتـی مسـتـەفا بـارزانی گـەیشـتووە هـەمیشـە نزیکـی بارەگای بارزانیی نـەمر و پارتـی بووە، بـە دەگمـەن دوورکـەوتوەتـەوە و جیا لـە پلـە و مـەوقعـی زۆر زۆر کـەم پشووی وەرگرتووە، هـەرچـەند بڵـێم قـەت نـاتوانم قووڵایی عەشق و وەفاداری ئـەو بۆ بارزانیی نـەمر و ڕێبازەکەی بڵێمـەوە.)

محـەمـەد مـەلا قادر ئـەنـدامی مـەکتـەبـی سیاسی پارتـی دیموکرات سـەبارەت بـە تیرۆر کردنـی فرەنسۆ هـەریری دەڵێت: (فرەنسۆ مرۆڤێکـی شۆڕشگێڕ بـوو. بڕوای بـە پێشکەوتنی کۆمـەڵایـەتی هـەبوو. هـەمیشە هـەڵوێستـەکـانی بـەرامبـەر ڕووداو و دوژمـن و نـەیـاران ڕوون و ئاشـکرا بـوون، واتـە هـەڵوێسـتی گومـان و نادیاریی تێدا نـەبوو. بـەرامبـەر بـە دوژمنانیش هـەڵوێستی ڕاست و ڕەق بـوو، بۆیە دوژمنان لـە لایـەک حسابیان بۆ دەکرد و لایـەکی دیکەوەش بـەتوندی لـە دژی بوون. لـە شۆڕشی ئـەیلوولدا هـەردەم لـە دوای نیوەڕۆیان، لـەبـەر دەرگای بارزانی ڕادەوەستا. بـەڕاستی فرەنسۆ و بارەگای بـارزانی دوو شتـی پێکـەوە بـەستراوە بوون و ئـەم پێوەندییە ڕۆژ بـەڕۆژ لـە گـەشـەکردن و بـەهێزیدا بوو. تا بارزانیی نـەمر مابوو لـەگـەڵ ئـەودا بوو، دوای کۆچی دوایی بارزانیی نـەمریش پێوەندی لـەگـەڵ کاک ئیدریسی هـەمیشـە زینـدوو و کـاک مسعوددا بـوو، کـاک ئیدریس زۆر ڕێزی دەگرت و بایـەخی پێدەدا، شـەهید فرەنسۆ خـۆی مرۆڤێکـی ڕۆشنبیر بوو و دەستی نووسینیشی باش بوو، لـە ڕۆژنامـەی برایـەتی و خـەبات و سـەفین و زۆر شـوێنی دیـکـەش شـتـی دەنووسـی، هـەروەهـا دیـدار و چاوپێکـەوتنـی تـەلـەفزیۆنیشی هـەبوو زۆر بـە توانا بوو لـەم بوارەدا. لـە شۆڕشی ئـەیلـول لـە کاتێکـدا کـە بـەرنـامـەی ئاشـوری لـە ئێـزگـەی دەنگـی کوردسـتان داندرا، شـەهید فرەنسۆ دەوری ئـەساسـی هـەبـوو لـە دامـەزراندنیدا، هـەروەهـا ماوەیـەک خۆی بـەرنـامـەکـەی پێشکـەش دەکـرد، پێوەنـدیی لـەگـەڵ نوسـەران و ڕۆشـنبیران زۆر بـەهێـز و دۆستـانـە بـوو، بـە تـایبـەتی لـەگـەڵ مامۆستا هـەژار موکریانـی و هێمن و هێدی و عـەبدولخالق مـەعروف و دەیانی تر پێوەندیی زۆر خـۆش بـوو، بـەڕاسـتی کـاک فرەنسـۆ کـادیرێکی هـەمـەکـارە بـوو، کـادیری عـەسکـەری و کادیری سیاسی و کادیری ڕێکخراوەیی و کادیری ئیداری ڕۆژانـی

سەخت بوو و سەرسەختانە لە گەڵ سەرکردایەتی پارتی ڕاوەستا و لە لایەن خەڵکەوە حسابی بۆ دەکرا.)

دوکتۆر عەبدوڵا ئاگرین یەکێکی تر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات سەبارەت بە فرەنسۆ هەریری دەڵێت: (فرەنسۆ بە پەرۆشەوە عاشقی ڕاستگۆیی بوو، دەروێشێکی بێغەل و غەشی بیروڕا و هەڵوێستی بارزانی بوو، تا گیانی پاکی لە قەفەزی سینەی دەرچوو، ئەو ڕێبازەی پەرست و بەموو لێی لانەدا، عەقڵێکی کۆمپیوتەری هەبوو، ئاسۆی بیری فراوان و سەردەمیانە بوو، فرەنسۆ بۆ کورد و ئاشوری، کوڕی ڕۆژانی ڕەش و تەنگانە بوو، کێویکی سەرسەختی ورە بەرزی دەنواند، لێزمە و تاوە بارانێکی بەخوڕ و ڕوبارێکی تیژی تێکۆشان بوو، فرەنسۆ لە کاتی هەڵوێست نواندندا دڵی چیای دەهەژاند و لە کاتی پێویستیشدا شیرازەی هێز و توانای لەشکری ناحەزانی تێکدەشکاند و شپرزەی دەکردن.)

تێبینی: بەشێکی ئەم نوسینە لە کتێبی "بوونیاتنەرانی ئەمڕۆی کوردستان" نوسین سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی وەرگیراوە.

## جەوهەر غەفور ئیسماعیل



جەوهەر غەفور ئیسماعیل ناسراو بە جەوهەر ئاغای غەفور ئاغای لێوژە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی لێوژە لە ناحیەی ناودەشت لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە گوندەکەیان و پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی لە ڕانیە خوێندوە. بەرلە شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خەڵکی گوندەکەی چەکی پێبووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەباسی مامەند ئاغای بۆ چەند مانگێک لە ناوچەی گەلالە و قەسرێ جێی نیگەرانی ڕژێمی عێراق بووە. ساڵی ١٩٦١، لەگەڵ کۆمەڵێک لە برا و خزمانی بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کردوە و یەکێک بووە لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ئاکۆ لە ناوچەی باوبێ لە ناودەشت. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٨دا سەرۆک بارزانی سێ جار سەردانی کردوە و سەبارەت بە سەرۆک بارزانی کەسایەتییەکی بەوەفا بووە. ساڵی ١٩٧٠ بە پلەی سەرلق لە هێزی کاوەدا لە گوندی لێوژە بووە و ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و بەشداریی شەڕەکانی کێوەڕەش، دەروە کۆتر، ڕیشوان، هەڵشۆ و ئاشی زادەی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، جەوهەر غەفور گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی، بەڵام ساڵی ١٩٧٦ بە دوای شەهیدبوونی سەید عەبدولا حاجی ئۆمەرانی لە ١٩٧٦/٥/٢٦دا، ناوبراو گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان لە قەندیل و لەگەڵ عەلی کۆ، ئەحمەد نەبی، عەلی کوردە، مەلا شێخ محەمەد و ئەو کۆمەڵە پێشمەرگانەی هاوڕێی سەید عومەر بووە و بەهۆی هەڵکەوتەی گوندەکەی لە بناری قەندیل، ماڵەکەی وەک بنکەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی لێهاتووە. مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٧ لە شەڕێکی بەرگرییکەرانەدا لە ناوچەکەیان برازایەکی بەناوی موخلیس و خوارزایەکی بەناوی حەسەن کوێخا ڕەسوڵ و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی بەناوەکانی حوسێن حاجی ئەحمەد

و ئەحــمەد مەحمــود شــەهید کــراون. بە دوای ئەو شــەڕەدا هاوســەر و منداڵەکانی ناردوە بۆ کۆیە، بەڵام ڕژێمی عێراق لە مانگی ٥ی ئەو ساڵەدا هاوسەر و شەش لە کوڕەکانی بەناوەکانی خالید، غەفور، جەلال، نوری، مامەند و مستەفا گرتووە و بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە سەماوە لە باشوری عێراق زیندانی کردون.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا کە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕانەوە بۆ چیا، لەگەڵ نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە توشی جەوهەر غەفور و دە پێشمەرگەی هاوڕێی دەبن. بە وتەی خالیدی کوڕی جەوهەری، باوکی و پێشمەرگە هاوڕێکانی سڵاو لە مام جەلال و نەوشیروان دەکەن و لەکاتی دەستدانەوە لەگەڵیان، پێشمەرگەکانی هاوڕێی مام جەلال بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا تەقەیان لێدەکەن و پێشمەرگەیەکی هاوڕێی جەوهەرئاغا بەناوی ئەحمەد حەسەن سۆفی شەهید و پێشمەرگەیەکیش بەناوی ئەحمەد کوێخا ڕەسوڵ بریندار دەکەن. پێشمەرگە بریندارەکە ڕەوانەی ئێران دەکەن و لە مەرگ ڕزگاری دەبێت، بەڵام هەتا ئێستا بە کەمئەندامی ماوەتەوە. لەو بارەیەوە خالید جەوهەر دەڵێت: **(ئەو ڕووداوە باوکمی ناچار کرد، چەک دابنێ و بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی و لەوێشەوە حکومەتی عێراق گوندەکەی وێران کرد و ئێمەشیان گواستەوە بۆ هەولێر.)**

لە هەولێر، ڕژێمی عێراق زۆر گوشار دەخاتە سەر جەوهەر ئاغا کە دژی پێشمەرگە چەک هەڵبگرێ، بەڵام ناوبراو لە هەڵگرتنی چەک خۆی پاراستوە و ساڵی ١٩٨٧ بە ماڵ و منداڵەوە گەڕاوەتەوە لای پێشمەرگەکان لە قەندیل. ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٧ هاوسەرەکەی بەهۆی پێوەدانی مار لە قەندیل کۆچی دوایی کردوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٨/١٧ بەبۆنەی ١٦ ئاب ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دیموکرات لەگەڵ نزیکەی ٥٠ پێشمەرگەی هاوڕێی و لقی دووی پارتی دیموکرات کە محەمەد مەلا قادر بەرپرس و خورشید شێرە جێگری لق بووە، بەشداریی عەمەلیاتی پاککردنەوەی ڕێگای هیران بۆ شەقڵاوەی کردوە. لەو شەڕەدا ١١ی پێگەی دوژمنیان لەو هێڵەدا چەک کردوە، بەڵام کوڕێکی جەوهەر ئاغا بەناوی عەبدوڵا جەوهەر شەهید بووە. بە دوای ئەو شەڕەدا، لە زستانی




١٩٨٧، نـــاوبراو بـه مـــاڵ و منـــداڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ گوندی نەمنجە لە ناوچەی پیرانشار.
ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ لقی دووی پارتی دیموکرات لە ڕانیەوە تا شەقڵاوە، هەولێر و کەرکوک بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. ناو براو یەکێک لەو سەرکردانەی پێشمەرگە بووە کە ڕژێمی عێراق سێ جار ماڵەکەی تاڵان کردوە و خانووەکانی سوتاندوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١٨ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

## بابەكر بەدرخان شەوكەت



بابەكر بەدرخان شەوكەت ناسراو بە مولازم بابەكر زێباری و فەریق یەكەم بابەكر زێباری ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی بیرەكەپران لە ناحیەی نەهلە لە قەزای ئاكرێ لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بیرەكەپران، ناوەندیی لە ئاكرێ و هەولێر و دواناوەندیی لە موسڵ خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی یەكێتی قوتابیان و لاوانی كوردستان و ساڵی ١٩٦٣ بە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان وەرگیراوە.
ناوبراو ڕۆژی ١٩٦٩/٣/٨ چووەتە زانكۆی ئەفسەریی سوپای عێراق و ڕۆژی ١٩٧١/١٠/١٨ لە بەشی تۆپخانە و كۆماندۆدا بە پلەی ئەفسەریی گەیشتوە. ڕۆژی ١٩٧٣/٣/٢٩ سوپای عێراقی بەجێهێشتوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەكانی پارتی دیموكرات لە چۆمان و كراوە بە فەرماندەی سەرلق لە فەوجی سەربازیی ڕێزانۆك لە لەشكری یەكی بادینان كە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە و دواتر ئەركی جێگری سەربازیی هێزی ئامێدی پێسپێردراوە كە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە. مولازم بابەكر زێباری تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا بەشداریی شەڕەكانی گەلی شەداد، چیای زاوا لە دهۆك و كەلی فیرعەونی و زۆر شوێنی تری كردوە.
ساڵی ١٩٧٥ كە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، فەریق یەكەم بابەكر زێباری لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی و كۆمەڵێك لە بەرپرسانی ناوچەی بادینان پەڕیوەتەوە بۆ شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و دواتر لە كۆمەڵگای زێوە و نەغەدە بووە. ساڵی ١٩٧٦ گواستراوەتەوە بۆ كەرەج و تا ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێكخراوی نهێنی پارتی دیموكراتدا خەباتی كردوە و دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە ناوچەكانی ورمێ، ڕاژان و نەغەدە لەگەڵ بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكراتی كردوە و بە دوای كۆنگرەی

نۆیەمدا، ساڵی ١٩٨٠ لە ڕاژانەوە ڕەوانەی دەشتی بەرازگر کراوە و لە گوندی "بێشین" و دواتر گواستراوەتەوە بۆ لەشکری یەکی بادینا. دوای گەڕانەوەی بۆ ڕاژان، ناوبراو ئەرکی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی لە شنۆ دراوەتێ و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(کرام بە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لە شنۆ و لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی ئامادەم پێکهێنا. ئەو هێزە سەربە مەکتەبی سیاسی بوو و بە فەرمانی جەنابی کاک ئیدریس و جەنابی کاک مەسعود بارزانی جوڵەی پێدەکرا و لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود دەگەڕایەوە بۆ باشوری کوردستان و بەشدارییی جەولەکانیان دەکرد. لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەو هێزە بەشدارییی شەڕی حاجی ئۆمەرانمان کرد و ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە کەتینە بووە و دواتر و سیانی چیای گارە مقەڕی دانراوە و مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێنم دەناردە ناوچەکانی شێخان، ئاکرێ و دهۆک.)**

مولازم بابەکر زێباری جگەلە بەڕێوەبردنی ئەرکی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە شنۆ، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ چەند جارێک گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی شێخان و ئاکرێ لە لقی یەکی بادینان. ساڵی ١٩٨٩ مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە شنۆوە گواستراوەتەوە بۆ کرماشان و لەو شارە بەرپرسی پێوەندیی پارتی بووە لەگەڵ ئێران. ساڵی ١٩٩١ بەشدارییی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕانیەوە هاتین بۆ دیانا و لەوێ من کرام بە بەرپرسی میحوەری شێخان و ئاکرێ. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، ئەرکی بەرپرسی سەربازیی لقی یەکی بادینانم وەرگرت کە دوکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی لق بوو. هێزی بادینان کرا بە سوپای یەک و دواتر ناوی فەرماندەیی بادینانیان لێنرا.)**

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بابەکر زێباری لەشکری کوردستانی لە زاویتە دامەزراندوە و سەید ساڵح جێگری ناوبراو بووە لە لەشکری کوردستاندا. ساڵی ٢٠٠٣، ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە یارمەتیدانی هێزە هاوپەیمانەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٤ پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکان و هێزە هاوبەشەکانی عێراقی دراوەتێ و ئێستا بە پلەی فەریق یەکەم لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

وەک خۆی لە یەکێک لە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا دەڵێت تا ئێستا دوو جار نامەی دەست لەکار کشانەوەی ئاراستەی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردوە و ڕایگەیاندوە بەهۆی تاکڕەویی عەرەبەکان دەسەڵاتەکانی کەم کراوەتەوە و ناتوانێ ئەرکی خۆی بەڕێوە بەرێت.

ڕۆژی ٢٠١٤/٥/١٠، بابەکر زێباری سوپا سالاری عێراق کاتی گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی سلێمان بەگ شەش بۆمبی چێندراو بە کاروانی ئۆتومبیلەکانیدا تەقێندرایەوە و لە ئاکامدا سەربازێکی کورد شەهید و دوو سەربازیش بریندداربوون. دوای ڕزگاربوونی لەو تەقینەوەیە، بۆ جاری دووەم دوو گوللە خۆمپارەیان لە نزیک کەرکووک هاویشتوەتە کاروانی ئۆتومبیلەکانی ناوبراو، بەڵام زیانیان پێنەگەیشت.

بابەکر زێباری بەشداریی کۆنگرەکانی ٩، ١٠، ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی دەیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ پێکهات، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردراوە. ناوبراو وەک خۆی دەڵێت سێ جار لە شەڕەکاندا بە سوکی بریندار بووە. یەکێک لەو بریندار بوونانەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥ و شەڕی ناوخۆ لە ئالانەی ناوچەی خەلیفان. هەروەها سێ ئامۆزای مامی بەناوەکانی خەسرەو، فەیزوڵا و شاکر لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٠ لە شەڕی حاجی ئۆمەران شەهید کراون، لەگەڵ چەند خزمی نزیکیو کۆمەڵێک پێشمەرگەی هاوڕێیی کە لە شەڕەکاندا شەهیدبوون.

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بابەکر بەدرخان شەوکەت بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئەگەر مرۆڤ میدالیای گەورەترین کەسایەتی و لێهاتووترین فەرماندەی خۆی وەرگرێت کە هێمای کوردستانە، بێگومان بە ڕادەیەک خۆشحاڵ دەبێت کە لەو بەرزتر هیچ شتێک لە دنیادا نییە، منیش بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی ئەو هەستەم هەبوو و شانازیی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم.)**

## فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان



فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە فەرەیدون جوانرۆیی ساڵی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. کوڕی محەمەد بەگی جوانڕۆ ناسراو بە "وەکیلی جوانرۆیە" کە بنەماڵەکەی بە درێژایی مێژوو دژی دەسەڵاتدارییەتی ڕژێمی پاشایەتی بوون. ناوبراو لە گوندی "چاوگی باوە کۆچەک" لە قەزای هەڵەبجە چووەتە خوێندنگەی سەرەتایی و دواتر لە شارۆچکەی جوانڕۆ شەشی سەرتایی خوێندوە و ناوەندیی لە شارۆچکەی ڕەوانسەر تەواو کردوە. ڕۆژی ١٩٦٨/٧/٥ لە گوندی "تاوێرە" چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی حوسێن بەگی جوانڕۆیی لە بەتالیۆنی حەوتی هێزی خەبات و وەک خۆی دەڵێت پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلین و گوێڕەیەڵی بەرپرسانی خۆی بووە. ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار بەشداریی شەڕی جاشەکانی ٦٦ی لە شاخی شنروێ کردوە و لەو شەڕەدا وەک خۆی دەڵێت عەزیز ئەتروشی، مەنوچێر بەگ، عەلی ڕەشاش و عەلی هەواریی لەلایەن جاشە ٦٦ەکانەوە شەهید کراون. ساڵی ١٩٦٩ بۆ ماوەیەک کراوە بە سەردەستە و ساڵی ١٩٧٢ جێگری سەرپەل بووە و ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی ناوچەی هاودیان لە گۆڕەز بریندار بووە. دوای شەڕی گۆڕەز کراوە بە سەرپەل و دواتر جێگری سەرلق لە بەتالیۆنی ٤ی هێزی خەباتدا و لە بارەگای بەتالیۆن بووە. ساڵی ١٩٧٥، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، فەرەیدون جوانرۆیی پەڕیوەتەوە بۆ نەوسود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەوانسەر. ناوبراو یەکێک لەو پێشمەرگانەی ناوچەی هەورامان بووە کە لە ساڵی ١٩٧٥وە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕێزدار ئیدریس بارزانییەوە هەبووە. دوای نیشتەجێکرانی لە کۆمەڵگای ڕەوانسەر، لەگەڵ مامۆی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی شۆڕش چووەتە نەغەدە و چاوی سەرۆک مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی کەوتووە.

فەرەیدون جوانڕۆیی لەلایەک کەسێکی خاوەن وزە و بە جووڵە بووە و لەلایەکی تردا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول بێتاقەتی کردوە. لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ جاری دووەم بەتەنیا و بۆ جاری سێیەم لەگەڵ عوسمانی عەلی چەتوونی چووەتە کەرەج و داوای چوونەوەیان بۆ باشوری کوردستان لە کاک ئیدریس کردوە کە لە وەڵامیاندا گوتویەتی ئاگادارتان دەکەمەوە. جاری چوارەم سەرلەنوێ لەگەڵ عوسمان چووەتەوە لای کاک ئیدریس و ئەم جارەیان تێگەیشتوە کە عوسمان هەندێک ئیمکاناتی وەرگرتووە، بەڵام سەرفی شۆڕشی نەکردوە. ساڵی ١٩٧٨، فەرەیدون جوانڕۆیی بە ئەمری ئیدریس بارزانی بەشداریی کردوە لە خۆپیشاندانەکانی دژبە ڕژێمی شای ئێران و هەرلەو ساڵەدا بە ئەمری ئیدریس بارزنی پێوەندیی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە لە ناوچەی بەمۆ کە حوسێن فەیلی بەرپرسی بووە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا و ڕێکخستنەوەی لقەکانی پارتی دیموکرات لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، نابراو کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ٥ لە بەغدا کە ڕەشید عارف بەرپرس و ئازاد بەرواری جێگری بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لقی ٥یان تێکەڵی لقی ٣ کرد و ئازاد بەرواریيان کرد بە بەرپرسی لقی ٣ و منیش کرام بە ئەندامی لق و دواتر کرام بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کەلار و خانەقین.)**

ساڵی ١٩٨٠، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی خانەقین بووە و بارەگاکەیان لە ناوچەی سورێن و هەورامانەوە گواستوەتەوە بۆ ناوچەی شەمێران. ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٨ سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان هێرشی کردوەتە سەر شەمیران و سێ پێگەی لێ دانـاوە، بەڵام فەرەیدون جوانڕۆیی و پێشمەرگەکانی ناوچەکە هەرسێ پێگەیان چەک کردوە و وەک خۆی دەڵێت چوار سەربازیان بەدیل گرتووە و نزیکەی ٣٠ جاش و سەربازیشیان کوشتوە. لەو شەڕەدا فەرەیدون جوانڕۆیی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر برینداربوون. ناوبراو تا ساڵی ١٩٨٧، بەرپرسی لیژنەکانی کەلار و خانەقین بووە و ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە کارگێڕی لقی ٣ و بەرپرسی سەربازیی لق. ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کردوە.

ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین، فەرەیدون جوانڕۆیی لەگەڵ بارەگای لقی سێ لە نۆکان بوو و لەگەڵ ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لق بەشداریی کۆبوونەوەی

بەرەی کوردستانی کردوە لە قاسمکەڕەش کە بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی و ئەندامانی بەرەی کوردستانی پێکهاتووە. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: فازل میرانی، فرەنسۆ هەریری، قادر قادر، ئازاد قەرەداغی و فەرەیدون جوانرۆیی لە پارتی دیموکرات و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسوڵ و چەند کادیری تر لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیاریان پەسەند کردوە کە یەکێک لە بڕیارەکان لێبووردنی چەکدارە کوردەکانی ڕژێمی بەعس بووە. ناوبراو سەربارەت بە بەشداریی کردنی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣، ئێمە لە کرماشانەوە چووین بۆ زەهاو و بە سنوری خانەقین، چوارکڵاو، بێلولە، تیلەکۆدا خۆمان گەیاندە سەر ئاوی سیروان و بە کەڵەک پەڕینەوە. لەوکاتەدا لە ڕانیە ڕاپەڕین دەستی پێکرد. ئێمە لە لقی ٣ دا بووین بە دووبەش. من لەگەڵ شێخ جەعفەر لە یەکێتی نیشتمانی بەشی کەلار، خانەقین، دەربەندیخان و کفریمان وەبەر کەوت و لەو جێیانە بەشداریی ڕاپەڕینمان کرد.)**

بە دوای ڕاپەڕیندا، فەرەیدون جوانرۆیی کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لقی ٣ی کەرکوک لە دەربەندیخان و ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لق بووە. بە دوای هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ کە سوپای یەکگرتوو لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا پێکهات، ناوبراو کراوە بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی کەرکوک و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (سوپای یەکگرتوو لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دامەزرا. ناوچەکانی دهۆک و سلێمانی بۆ پارتی بوو و ناوچەکانی هەولێر و کەرکوک بۆ یەکێتی. یەکێتی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوکی دەکرد و منیش کرام بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی کەرکوک.)**

ڕۆژی ١٩٩٤/١/٥ کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، فەرەیدون جوانرۆیی لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە چووەتە ناوچەی هەڵەبجە و توانیویانە هەڵەبجە، بناری سورێن، هەورامان و شارەزوور کۆنترۆل بکەن و سەرلەنوێ خۆیان ڕێکبخەنەوە. لەو شەڕانەدا کراوە بە فەرماندەی سوپای ڕزگاری و تا ساڵی ١٩٩٥ لەو ناوچانە بووە. لەو ساڵەدا بە ئەمری مەسعود بارزانی سەرۆکی

پارتی دیموکرات بە هێزێکی ٦٠٠ کەسییەوە چووەتە ناوچەی شەقڵاوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرە بەرە پێشمەرگەکان کۆبوونەوە و هێزەکەمان گەیشتە ١٢٠٠ پێشمەرگە. وەک هێزێکی ئامادە و دەستوەشێن بووین، لە شەڕەکانی پ.ک.ک و یەکێتی نیشتمانیدا. دیارە ئەوە بە دەستی خۆمان نەبوو، شەڕ بەربینگی پێ گرتبووین و پێویست بوو بەرگری لە خۆمان بکەن.)

جگە لەو دووجارەی کە لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان دوو جاری تریش لە ڕەوتی شەڕی ناوخۆییدا لە ساڵەکانی ١٩٩٦ لە سیدەکان و ١٩٩٧ لە دێگەڵە بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لە ڕۆژانی ٦- ١٩٩٩/١٠/١٤ بەشداریی کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردراوە. وەک ناوبراو دەڵێت بە دوای کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا، سوپای ڕزگاری کراوە بە سێ سوپا: سوپای کەرکوک، سوپای حەمرین لە گەرمیان و ڕزگاری لە سلێمانی و فەرەیدون جوانڕۆیی کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی و کەرکوک کە هەرسێ سوپای گرتووەتەوە. ساڵی ٢٠٠٣ کە شەڕی ئەمریکا و عێراق بۆ ئازادکردنی عێراق دەستی پێکرد و ڕژێمی بەعس ڕووخا، پارتی دیموکراتی کوردستان سوپای زێرەڤانی لە کوردستاندا دامەزراند و پێشمەرگەکانیان لە فەرماندەی زێرەڤانیدا کۆکردوە و ئەرکی فەرماندەیی زێرەڤانییان بە فەرەیدون جوانڕۆیی سپاردوە.

ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ لقی ١٢ی هەڵەبجە و شارەزوور و تا ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٧ بەرپرسی لقی ١٢ بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە پارێزگای سلێمانی و کراوە بە جێگری ئەو ئەنجومەنە کە عیزەدین بەرواری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بەرپرسییەتی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨ لە هەولێر پێکهات سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. نزیکەی ٢٠ ئەندامی پلە دووەم و سێیەمی بنەماڵەکەی وەک مام و ئامۆزا لە

شەڕەکانی کوردستان و کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوون. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (میدالیای بارزانی بە پیرۆزترین و گەورەترین خەڵاتی دنیا دەزانم. لە هەموو شتێک بۆمن پیرۆزترە و زۆری پێ سەربەرزم کە لە وەجبەی سێیەمدا میدالیای بارزانیم پێدرا. هەروەک گوتم بۆمن زۆر پیرۆزە.)

## یاسین جەوهەر ماماڵ



یاسین جەوهەر ماماڵ ناسراو بە یاسین بێروخی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی بێروخ لەدایک بووە. وەک خۆی دەڵێت بە بیری نایەت کە کەنگێ باوکی کۆچی دوایی کردوە، بەڵام ئەوە دەزانێ کە ساڵی ١٩٤١ لەبەر نەداریی لەگەڵ دایک و براکەی ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. دەڵێت: **(ساڵی ١٩٤٤ کە بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوت، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ گوندی مەزنێ. بەڵام ساڵی ١٩٤٥ سەرلەنوێ ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووینەوە و لە گوندی "نار" لە ناوچەی مەرگەوەڕ نیشتەجێ بووین.)** ناوبراو لە کۆماری کوردستاندا چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی مەلقەرەنی و دەڵێت: **(لە شەڕی مەلقەرەنیدا حەوت پێشمەرگەمان بریندار بوون و لەنێوان ئەو حەوت پێشمەرگەیەدا خۆشەوی خەلیل خۆشەوی شەهید بوو.)**

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، یاسین بێروخی لە بەرەی شەڕی نەڵۆس بووە. ساڵی ١٩٤٧ کە بارزانی هەڤاڵانی چوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت، ناوبراو لەگەڵ بنەماڵەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەیەک لە دیانا لە کێڵگەیەکی تێلدڕک کراودا ڕایانگرتووە و دواتر بردویانەتە موسڵ و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ زیندانی‌یان کردوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان دووریان خستوەتەوە بۆ ناحیەی دێبەگە لە پارێزگای هەولێر و بۆ ماوەی دوو ساڵیش لەوێ کرێکاریی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەوێ بە سەربازیان گرتووە و دوای ٢٥ ڕۆژ سەربازیی، ڕایکردوە و چووەتە گوندی قوشتەپە و لە گوندی بێستانە لەلای عەلی مەحمود ئاغای دزەیی بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(حکومەت بە**

بوونی منی لەلای عەلی ئاغای دەزانی، بەڵام چونکە عەلی ئاغا خاوەنی ١٢ گوند و کەسێکی بەدەستەڵاتی ناوچەکە بوو خۆی لەگەڵ دەرگیر نەدەکرد.)




ساڵی ١٩٥٣، یاسین بێروخی لە بێستانەوە دەچێ بۆ گوندی بێرۆخ لە سنوری باکوری کوردستان و لە ناوچەی گەردییەکان دەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەیگرن و بۆ ماوەی دوو ساڵ سەربازیی پێدەکەن. ساڵی ١٩٥٧ سەربازیی تەواو دەکات و ساڵی ١٩٥٩ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی و هەڤالانی لە یەکێتی سۆڤیەت، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ گوندی زەرگەت لە ناوچەی شێروانی مەزن. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، چەکی هەڵگرتووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی زنتا و سەری پیرس و هەروەها لە بازا قۆرنێ بەشداریی شەڕی زێبارییەکانی کردوە و لە شەڕەکەدا بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٢، سەرپەل بووە و بە فەرماندەیی حادی حەسکۆ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و ساڵی ١٩٦٣ کە سوپای عێراق بە هێزێکی کۆکراوەی زۆرەوە پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، سەرلەنوێ لەگەڵ بارزانی گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕی سەری پیرس و سەری ئاکرێی کردوە و لە شەڕی سەری ئاکرێدا بریندار بووە و گواستراوەتەوە بۆ پردی ڕێزان. ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لەگەڵ حادی حسکۆ لە سەنگەسەر بووە و ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی جیابوونەوە و چوون بۆ ئالان، ناوبراو لە گوندی گەناو لە سنوری ئالانی سەردەشت بووە. دوای شەهید بوونی حادی حسکۆ، ساڵی ١٩٦٦ چووەتە لای حاجی بێرۆخی و کراوە بە سەرلق. بەشداریی شەڕی سەرچیای کردوە و دەڵێت لەو شەڕەدا ئەحمەدی برای عەزیز خان، ڕەشید زێتی و محەمەد ساڵح شەهید بوون.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، یاسین بێروخی کراوە بە پاسەوانی سنوری کانی سماقی گەلاڵە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی

گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو لە هێزی باڵەکدا لەگەڵ عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە بەرەی شەڕی گۆڕەز لە پشت دیانا برینداربووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول بە پیلانی نێودەوڵەتی ڕاوەستا، یاسین بێروخی چووەتە جەڵدیان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای نەڵیوان لە شنۆ و لەوێشەوە بردویانە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و دواتر گواستراوەتەوە بۆ کرمان. ساڵی ١٩٧٩ بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەگەڵ حاجی بێروخی لە مەرگەوەڕ بووە. ساڵی ١٩٨٨ کە شەڕی خواکورک کرا، ناوبراو لە نەخۆشخانەی تاڵەقانی لە ورمێ چارەسەریی نەخۆشی بۆ کراوە و ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا لەگەڵ ڕێکخراوی گۆڕەز گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی هەولێر، سەرەتا لە بەحرکە و دواتر لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤالانی بارزانی بەهۆی پیریی خانەنشین کراوە. خوارزایەکی بە ناوی ئەسعەد ساڵی ١٩٦١ لە شێروانی مەزن شەهید بووە و دوو خوارزاشی بەناوەکانی واحید و ساڵح لە ١٩٩٥دا لە شەڕی ناوخۆ لە کلاوقاسمی زێوە شەهید بوون. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. گوتم شوکر کە شەرمەزاری میللەتەکەم نەبووم و خزمەتەکانم بە فیڕۆ نەچوو. بەڵێن بێت تا ماوەم درێژە بە ڕێبازی بارزانی دەدەم.)

## ئەحمەد محەمەد ئەبوبەکر



ئەحـــمەد مـــحەمەد ئەبـــوبەکر ناســـراو بە فەقـێ ئەحـمەد پشدەری ســاڵی ١٩٢٣ لە گونــدی دەڵگە لە ناوچەی پشدەر لە ناحیەی هێرۆ سەر بە قەزای قەڵادزێ لەدایــک بـــووە. لە حـــوجرەی فەقێیـان خوێنـدویەتی و بەرلە شۆڕشـی ئەیلـول لەگەڵ ژمـــارەیەک لە جوتیـــارانی نـــاوچەی پشـدەر و عەشـیرەتی نـوردەینی بە دژی دەربەگەکـان ڕاپەڕیـوە. سـاڵی ١٩٥٨ پێوەنـدیی بە پـارتی دیمـوکراتەوە کـردوە و لـەگەڵ حـاجی ئاغـای سـەرچیان و هەباسـی مامەنـد ئاغـای سـەرکەپکان کـاری حیزبـایەتی کـردوە. سـاڵی ١٩٦١ بەشـداریی ڕاپەڕینـی گونـدی خەلەکـانی کـردوە و بەرلە ڕاگەیانـدنی شۆڕشـی ئەیلـول لەلایەن بـارزانییەوە، لەگەڵ وەفـدێکی نـاوچەی قەڵادزێ و هەباسـی مامەنـد ئاغـای و شـێخ حوسـێن بۆسـکین سـەردانی بـارزانی کـردوە و بـووەتە پێشمەرگە.

ســاڵی ١٩٦٣، فەقــێ ئەحــمەد پشــدەری لە لیــوای بێتــواتە لە نــاوچەی سەروچاوەی ڕانیە، لە بەتالیۆنی عەلی شەعبان هۆستانیدا بووە. ساڵی ١٩٦٤ دژی بـــاڵی ئیبـــراهیم ئەحـــمەد لەگەڵ ڕەشـــید ســـندی بـــۆ چەک کردنـــی پێشـمەرگەکانی ئەو بـاڵە چووەتە مـاوەت، بەڵام ئەوان ڕایـانکردوە بـۆ ئـالانی سەردەشـــت لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان. ســـاڵی ١٩٦٦ لەگەڵ هێزێـــک بە فەرماندەیی مەلا عەلی نێروەیی و عەلی شەعبان بەشداریی کردوە لە شـەڕی بەرگـریکەرانەی دژی سـوپای عێـراق لە نـاوچەی بێتـوێن و چوارقـوڕنە و لە چۆلیاوا دوژمنیـان شکاندوە و ئەفسـەرێکیان بەنـاوی زیـاد سـامارایی کوشتوە. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەیان بەناوەکانی کوێخا ڕەسوڵی چۆلیـاوا و ئەحمەد

ئێنزەیی "ئەحمەدە شێت" شەهید بوون. فەقێ ئەحمەد پشدەری لەو شەڕەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و لەلایەن بارزانییەوە تفەنگێک و ٢٥ دینار خەڵات کراوە. ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی قەرەنی ئاغا لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە لە کاروانێکی دوژمنیان داوە و لە شەڕەدا ڕانی ڕاستەی بە سەختی بریندار بووە و بۆ چارەسەریی برینەکەی ڕەوانەی تاران کراوە و ئەحمەد حاجی ئەندامی بەشی پێوەندییەکانی پارتی لە تاران هاوکاریی کردوە.

دوای ساڕێژ بوونی برینەکەی، فەقێ ئەحمەد پشدەری ساڵی ١٩٦٩ گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ ئازار مۆر کرا، بەپلەی سەرلق لە ماڵی خۆی ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی پێشمەرگایەتی لە لقی ٤ی بەتالیۆنی ٢ی هێزی بێتواتە. بەشداریی شەڕەکانی زنجیرە چیای خانزادی لە ناوچەی سەروچاوێ و چیای ماکۆکی لە بێتوێن کردوە و لەو شەڕەدا دەست و کەلەکەی بریندار بووە. هەروەها بابەکر بالیسانی سەرلق و عومەر کانی بەردیی سەرپەل کە خوارزای بووە، شەهید بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و ساڵی ١٩٧٥ دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە گوندی بێوران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەراو گەرم لە زەهاب و لەوێشەوە بردراوە بۆ گورگان لە پارێزگای مازندران. لەوێ لە ئیدارەی پاراستنی دارستان "جنگل بانی" دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٦ بە ڕاسپاردەی ئازاد بەرواری بەشداریی کردوە لە بوژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات لە مازندران کە بەرپرسەکانی بریتی بوون لە: موەفەق قۆچی، فەقێ ئەحمەد پشدەری، ئاغاجان خانەقینی، فەقێ محەمەد زێباری و ناوی ڕێکخراوەکەشیان فانوس بووە.



ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشــداریی کــردوە لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا و ساڵی ١٩٨٠ بە بنەماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و بەشــداریی شۆڕشــی گــوڵانی کــردوە و لە هێــزی ١٥ی عەلــی شــەعباندا کــراوە بە فەرمانــدەی بەتــالیۆنی یەک. ســاڵی ١٩٨٣ گواســتراوەتەوە بــۆ قــاتعی چــواری پــارتی دیمــوکرات کە عەلــی ئیســماعیل بەرپرســی ڕێکخراوەکەی بووە. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی ڕانیەی کردوە و لە هەمان ساڵدا کــراوە بە فەرمانــدەی هێــزی مــاکۆک لە میحــوەری ٩ی نــاوچەی ڕانــیە کە حەمیــد ئەفەنــدی بەرپرســی بــووە. ســاڵی ١٩٩٢ لە شەڕی پ.ک.ک دا لە چیای گلەشەعبان برینداربووە.

ساڵی ١٩٩٥، ئەحمەد محەمەد ئەبوبەکر کراوە بە فەرماندەی فەوجی ٦ لە لیوای ٧٠ی پارتی دیموکرات لە قەسرێ. کوڕێکی بەناوی عەلی ساڵی ١٩٩٧ لە قەسرێ و زاوایەکی بەنـاوی ڕەسوڵ عەبدوڵا ساڵی ١٩٨٢ لە چیای ئاسۆس شەهید بوون. سێ ئەندامی بنەماڵەکەی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی بەرقەڵشیو لە نزیک گوندی شێنێ لە کەمینی سوپای عێراق کەوتوون و لەگەڵ خدر مەحمودی ئامۆزای و نەوەیەکی بەناوی ئامانج ئەنفال کراون.

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، فەقێ ئەحمەد پشدەری بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. بە وتەی بابەکر فەقێ ئەحمەدی کوڕی، باوکی کاتی وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستێکی پاکی سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەربڕی و زۆر خۆشحاڵ بوو. ناوبراو بە دوای وەرگرتنی میدالیای بارزانی، ساڵی ١٩٩٧ گواستراوەتەوە بۆ لقی ١١ی پارتی دیموکرات لە ڕانیە و کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لق و ڕۆژی ١٩٩٩/١/٦ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردوە.


## عەبدوڵا عومەر پیرە



عەبدوڵا عومەر پیرە ناسراو بە عەبدوڵا بیرێژی ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی بیرێژ لە بناری سەفین سەربە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ تێکەڵاوی کاروباری سیاسی و حیزبایەتی بووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ یونس بیرێژی برای و ژمارەیەک لە خزمانی بە سەرۆکایەتی مەحمود کاوانی دەستیان کردوە بە پێکهێنانی چەند شانەیەکی نهێنی حیزبی. ساڵی ١٩٥٩ عەبدوڵا بیرێژی باوکی کە خەباتکارێکی دڵسۆز و بە کردەوەی کورد بووە، لەلایەن پیاوانی حکومەتی عێراقەوە شەهید کراوە. ناوبراو ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ چەند ئەندامی تری پارتی دیموکرات بە تۆهمەتی کوشتنی سدیق میران کە ئوتۆمبیلەکەی لە نێوان شەقلاوە بۆ هەولێر لە جادە دەرچووبوو، بۆ ماوەی ١١ مانگ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە زیندانی بووە. سدیق لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا جێگری مەلیکی عێراق بوو.

ساڵی ١٩٦٢، عەبدوڵا بیرێژی لەگەڵ مەحمود کاوانی، خالید ئاژگەیی، سەعید مەسیفی، عومەر مەلا زادە و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە چوونەتە بێخمە و لەوێ بە خزمەت بارزانی گەیشتوون. مەحمود کاوانی دۆخی سیاسیی ناوچەکەی بۆ بارزانی ڕوونکردوەتەوە. دوای گەڕانەوەیان، مەحمود کاوانی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی چوونەتە بەرسرین و لەگەڵ هێزەکانی بارزانی یەکیان گرتووە. دوو هەفتە دوای ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٤ کە پێشمەرگەکان بە فەرمانی بارزانی قەڵای ڕایاتیان گەمارۆدا و داوایان لە هێزەکانی پۆلیس کرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن، فەوجی سێی لیوای سێیەمی ڕەواندز چووە کە گەمارۆکە بشکێنێ، بەڵام بەرلە گەیشتنیان بۆ پردی بەرسرین هێزەکانی سەربە مەحمود کاوانی و حارس بێدارونی لێیانداون و لە شەڕێکی قورس و

خوێناویدا زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی فەوجەکەیان کوشتوە و بریندار کردوە و ئەوانی تریش خۆیان بەدەستەوەداوە و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان توانیویانە بەرەو ڕەواندز ڕابکەن.



ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٢٢، بارزانی ناحیەی هیرانی لە جاشەکان پاک کردەوە و دەستی بەسەر چیای سەفیندا گرت و ئەو چیایە و ناوچەکەشی ئازادکرد و لە ئاکامدا ناوچەی خۆشناوەتیش وەک بادینان، باڵەک و برادۆست لە سوپا و جاش پاک کرایەوە. بارزانی سەرکردایەتی ناوچەی خۆشناوەتی بە بەکر عەبدولکەریم حەوێزی و مەحمود کاوانی سپارد و عەبدولا بیرێژی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی مەحمود کاوانی.

ساڵی ١٩٦٣، عەبدولا بیرێژی لە بەتالیۆنی هێزی سەفیندا بە فەرماندەیی ڕەسوڵ فەقێ بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕێکی قورسدا لە چیای سەفین ناوبراو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەیان ناچار بووە ناوچەکەی بەجێهێڵێت و پەنا بۆ دۆڵەڕەقە و هەباسی مامەند ئاغا بەرێت کە لەو ڕاکردنەدا بریندار بووە. عەبدولا بیرێژی یەکێک بووە لەو پێشمەرگەکانەی هێزی سەفین کە ساڵی ١٩٦٤ بە فەرماندەیی عەقید کافی بەشداربوون لە شەڕی چیای حەسەن بەگ دا و سەرلەنوێ لەو شەڕەدا بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٥ بەشداریی شەڕەکانی زەردەکان، کلاوقاسم و دۆڵی بالیسانی بە فەرماندەیی مقەدەم عەزیز ئاکرەیی کردوە و ساڵی ١٩٦٦ بەشدار بووە لە شەڕی هەندرێندا. ساڵی ١٩٦٨ لە شەڕی پیرمامدا لە مەسیف سەلاحەدین کەوتوەتە سەرمین و لە ئاکامدا هەردوو چاوی لە دەست داوە. بۆ چارەسەریی گواستراوەتەوە بۆ ئێران و هاوسەر و منداڵەکانیشیان لە گەلالە نیشەجێ کردوە.



ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەبدوڵا بیرێژی بردراوە بۆ زێوە و لەوێوە بە کەڵکوەرگرتن لە لێبوردنی گشتی بە ئیزنی سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شەقڵاوە. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەرەی کوردستانی سەردانی کردوە و خۆی لە نزیکەوە لە باردۆخ و پێداویستییەکانی کۆڵیوەتەوە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێرینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٣ کۆچی دوایی کردوە.

# خەلیل دسکۆ حادی



خەلیل دسکۆ حادی ناسراو بە خەلیل دسکۆ ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی سەروکانی لە ناوچەی شێروانی مەزن لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ هێزەکانی بارزانی و بنەماڵەکەی پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەدوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٧دا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و دایکی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. مرادی خانی دایکی لە ماڵی بارزانی خزمەتی کردوە و خەلیل دسکۆ لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، تا ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول بە پیلانی نێودەوڵەتی ڕاوەستا، ناوبراو لە خزمەت مەسعود بارزانیدا بووە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە نەغەدە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ کەرەج و لەوێش درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە. لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ساڵی ١٩٩١ شۆفیری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە و لەگەڵ سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بە دڵ و گیان ئەرکی خۆی بە ئەنجام گەیاندوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی وەفادار بوونی بە ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٩ کۆچی دوایی کردوە.

## جەمال حەمەدەمین سەعید




جەمال حەمەدەمین سەعید ناسراو بە عەریف جەمال ساڵی ١٩٤٥ لە ناحیەی تەق تەق لە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٧ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ساڵی ١٩٥٨ دوای تەواوکردنی پۆلی سێیەمی ناوەندی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی چواری شێخ بزێنی لە بەتالیۆنی یەکی شوان کە فەرماندەی لقەکەی حەمدی مەمە سەلام خەڵکی گۆکتەپە بووە. لەو لقەدا، ناوبراو کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگە. جەمال حەمەدەمین تا ساڵی ١٩٧٥ لە لقی یەکدا پێشمەرگە بووە و لەو ماوەیەدا ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی ئاخجەلەر، ساڵی ١٩٦٤ بەشداریی شەڕی خاڵخاڵان و ساڵی ١٩٧٣ بەشداریی شەڕی شیوەی کردوە و دەڵێت لە شەڕی ئاخجەلەردا دوو پێشمەرگەیان بەناوەکانی حەبیب و مەئمون کە هەردوو مامۆستا بوون، شەهید بوون.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەریف جەمال پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە و گواستراوەتەوە بۆ شیراز لە پارێزگای فارس. وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٧٩ بەشێوەی نهێنی لە ڕێکخراوی پارتی دیموکراتدا لە شیراز خەباتی کردوە و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ لقی ٣ی پارتی لە دەشتی زەهاو کە بەرپرسەکەی ئازاد بەرواری بووە. دواتر لەگەڵ لقی ٣ و ٤ی کەرکوک و سلێمانی لە چنارە لە ناوچەی شارەزور لە چیای سورێن بووە.

ساڵی ١٩٨٤، عەریف جەمال لەگەڵ لقەکەی گواستراوەتەوە بۆ زێوە و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕی دووەمی حاجی ئۆمەرانی کردوە و دەڵێت لەو

شەڕەدا فەتاح ئاغا شەهید بوو. ساڵی ١٩٨٦، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ هێزی ئاوارە کە هێزێکی تایبەت و لەژێر چاودێریی ئیدریس بارزانیدابووە و لەو هێزەدا کراوە بە فەرماندەی ٢٦ گوڵان. دوای کۆچی دوایی و لەناکاوی ئیدریس بارزانی لە ١٩٨٧/١/٣١دا، عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەجێی کاک ئیدریسدا سەرپەرەشتی هێزی ئاوارەی کردوە. لەو ماوەیەدا، عەریف جەمال بە هێزەکەیەوە چووەتە ناوچەی مێرگەسور و بەشداریی کەمینێکی لە جادەی نێوان دیانا و مێرگەسور کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بەهاوکاریی هێزی حالی دۆڵەمەری و بە فەرماندەیی مولازم بابەکر زێباری، مولازم یونس ڕۆژبەیانی، دوکتۆر سەعید ئەحمەد، عەبدولموهەیمن بارزانی شەو جادەی دیانامان گرت و هێزێکی دوژمنمان لەداو خست و ١٥٢ کەسمان لێ بەدیل گرت.)** بە دوای ئەو شەڕەدا، عەریف جەمال چووەتە کەتینە و دواتر بەشداریی شەڕی خێرەزوکی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی خێروزوکدا ٢٢ جاشیان بەدیل گرتووە.

ساڵی ١٩٩١، جەمال حەمەدەمین سەعید بەشداریی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە و لەگەڵ سوپای دووی پارتی دیموکرات لە حاجی ئۆمەرانەوە چووە بۆ شەقڵاوە و هەولێر. دوای ڕاپەڕین کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە و بەرپرسی ڕێکخراوی تەق تەق. دواتر هێزێک بەناوی تەق تەق لە پارتی دیموکراتدا پێکهاتووە و ناوبراو کراوە بە فەرماندەی هێزی تەق تەق. ساڵی ١٩٩٢ بە هێزەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ لیوای ٣٠ هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا و لەو هێزە هاوبەشەدا ئەرکی جێگری دووەمی لیوای ٣٠ لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٩٤، پارتی دیموکرات سوپای ٨ی پێکهێناوە و ناوبراوی گواستوەتەوە بۆ سوپای ٨ لە ناوچەی سەفین و ئەرکی ئەندامی سوپای ٨ی سەفینی پێسپاردوە. ساڵی ١٩٩٧، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ سوپای حەمرین و کراوە بە ئەندامی سوپا و ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول دامەزراوە، عەریف جەمال کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلولی باڵا لە شەقڵاوە و ساڵی ٢٠١١ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای ئەیلولی کەرکوک و کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلولی کەرکوک و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. جەمال حەمەدەمین سەعید ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی وامزانی هەموو دنیایان پێمداوە و لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بووم .)

# عەلی سلێمان عەبدوڵا سلێمان



عەلی سلێمان عەبدوڵا سلێمان ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی هۆستان لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەربە هێزی تایبەتی بارزانی و کراوە بە پاسەوانی بارزانی. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕی گەلی زاویتەی کردوە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ناوچەی بریفکان، ئەتروش، دۆڵی نالە و لە هەمان ساڵدا لەگەڵ مەلا شینی، حالی دۆڵەمەری و عومەر ئاغای دۆڵەمەری بەشداریی شەڕی سەری ئاکرێی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە دوا شەوی شەڕەکەدا کە سەری ئاکرێ کەوتە دەست پێشمەرگەکان، لە شەڕەکەدا بووە.

ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕی چەککردنی قشڵەی ڕایاتی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆری کۆکراوە پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕەکانی سەری ئاکرێ و سەری پیرسی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە شەڕی سەری پیرسدا مەلا شینی فەرماندەی بەرەی شەڕەکەمان لەگەڵ خانۆی خوارزای شەهید بوون و من مەلا شینییم گەیاندە بلێ. هەروەها لە شەڕی سەری بلێ دا حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسووریی، شیت شیروانی، ئەحمەد بەری گارێ و سەعید شێروانی شەهیدبوون.)**




عەلی سلێمان عەبدولا سلێمان وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی پشتی ئاستە شانی چەپەی بریندار بووە و دوکتۆر مەحمود عوسمان چارەسەریی برینەکەی کردوە. لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦٣، لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و گوندی دێرێ و وەک خۆی دەڵێت بارزانی لە زستانی ساڵی ٦٣ دا بۆ ماوەی نزیک بە مانگێک لە گوندی ئەندێک لە ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتە بووە. ناوبراو بەشداریی شایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی ڕێزدار مەسعود بارزانی کردوە و بە وتەی ئەو ساڵی دواتر لەگەڵ بارزانی چووەتە دۆڵی شەهیدان، لێوژە، چۆم سارکێ لە پشت دیلمان و هاوینی ساڵی ١٩٦٥ چووەتە بەردەکلوری نزیک بە حاجی ئۆمەران. پاییزی ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ بارزانی لە گوندی ساجی بووە و بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە بۆمهاوێژەکانی عێراق لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا گەڕاونەتەوە بۆ دیلمان. تا مانگی چواری ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ بارزانی لە دیلمان بووە.

ساڵی ١٩٧٤ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەلی سلێمان چووەتە نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ بارزانی گواستراوەتەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج و پاسەوانی ماڵی بارزانی بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٤ بەرلە ڕاوەستانی شۆڕش، بەبێ ئەوەی کە من ئاگادار بم، ماڵی ئێمە و ماڵی عومەر ئاغای دۆڵەمەریان بردبوو بۆ نەغەدە و دوای ڕاوەستانی شۆڕش من خۆم لەگەڵ بارزانی چووم بۆ نەغەدە. لەوێ ئاگاداری بڕیاری سەرۆک بارزانی بووم کە دەسەلاتی دا بە سەرۆک مەسعود کە ئۆرگانەکانی پارتی ڕێکبخاتەوە. ئێمە دە پێشمەرگە پاسەوانی ماڵی بارزانی بووین لە کەرەج و ناوی ئەو کەسانەش بەم جۆرەیە: عومەر ئاغای دۆڵەمەری، عوزێر محەمەد دۆڵەمەری، حەسەن خال هەمزە، محەمەد ئەمین برای نەبی سەرئاسن، مەلا برایم بابەکر، حاچک محەمەد چەمی، ڕەشید محەمەد ئیسۆمەری، مەحۆ شەریف مەحۆ، عەلی عەلی حەکیم، عەلی سلێمان. هەر پێنج کەسمان لە پۆستێکدا بووین و هەفتەی جارێک**

**یەکترمان دەگۆڕی. بە دوای کۆچی دوایی سەرۆکدا ئێمە لە ئەرکی خۆماندا بەردەوام بووین.)**

ساڵی ١٩٩١ عەلی سلێمان چووەتە سلێڤانا و کراوە بە پاسەوانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی. ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٣٠ لەگەڵ مەسعود بارزانی چووەتە ناوچەی نێروە و لە کانی سارکی، دزگە، نێروەی سەروو و خواروو بووە و وەک خۆی دەڵێت دوای ١١ مانگ گەڕاونەتەوە بۆ ڕاژان. ناوبراو لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووەتە قاسمەڕەش و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (سەرۆک بارزانی لەگەڵ بەرەی کوردستانی کۆبووەوە و دوای ئەو کۆبوونەوەیە بەرەو باشوری کوردستان بەڕێکەوت و لەگەڵی چووین بۆ ڕانیە. نانی نیوەڕۆی لە گوندی ئەندێک لە ماڵی ئەنوەر بەگ خوارد و لەوێوە چوو بۆ دیانا و ئێمەش لەگەڵی بووین.)**

عەلی سلێمان وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی کۆڕێدا لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە، بەڵام بەشدایی شەڕەکەی نەکردوە. هەروەها لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا لەگەڵ بارزانی بووە. ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی فەریق کراوە بە بەرپرسی پاسەوانەکانی ڕێزدار مەسعود بارزانی و لە هێزی تایبەت لە سەری بڵند. سلێمان عەبدوڵا سلێمانی باوکی لەگەڵ هاشم سلێمان عەبدوڵای برای ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە وەبەر ئەنفالی ڕژێمی عێراق کەوتوون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی و خزمەتکردنی بە ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (کە میدالیای بارزانیم وەرگرت، هەستم بەوە کرد کەسێک کە خزمەتی نەتەوە و نیشتمانی خۆی بکات، خزمەتەکەی بەفیڕۆ ناچێت و بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## خالید ئەحمەد محەمەد



خالید ئەحمەد محەمەد ناسراو بە خالید ئاژگەیی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی ئاژگە لە ناوچەی مەسیف سەلاحەدین لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٠ تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و لەگەڵ مەحمود کاوانی و ژمارەیەک لە دۆستانی لە گوندەکانی ئاژگە، ئالماوان، کۆڕێ، حوجران، شەقڵاوە و کاوانیان بەنهێنی سیاسەتیان کردوە. ساڵی ١٩٥٩ پێوندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ناوچەی شەقڵاوە و لەگەڵ سەعید مەسیفی "کاتب" هاوکاریی مەحمود کاوانییان کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە ئۆتومبیلی سدیق میران لە جادەی شەقلاوە کەوتەبەر گوللەی کەسانی نەناسراو و کوژرا، لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە، پەنجەی تاوان بۆ مەحمود و حەمید کاوانی، خالید ئاژگەیی، عوسمان حوجران و بە گشتی ١٧ خەباتکاری پارتی دیموکرات درێژ کرا کە ئەو خەباتکارانە خۆیان بەدەستەوە نەدا.

خالید ئاژگەیی یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی هاوڕێی بارزانی کە ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١٧ گوندی سپینداریێ و ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٢٢ ناحیەی هیرانیان لە جاشەکان پاک کردوەتەوە و دەستیان بەسەر چیای سەفیندا گرت. ساڵی ١٩٦٣ ئاژگەیی کراوە بە سەرپەل لە لقی دوو لە دەشتی هەولێردا و لە هەمان ساڵدا لایەنگریی لە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە مەکتەبی سیاسیدا کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی ماوەت کە ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆژی ٤-١٩٦٤/٤/٩ بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر بارزانی دا پێکیهێنا. ناوبراو لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد چوو بۆ ئالان و هەمەدان و دواتر ساڵی ١٩٦٥ بە

لێبووردنی بارزانی لەگەڵ پاشماوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد گەڕایەوە بۆ کوردستان و باڵی ئیبراهیم ئەحمەدی بەجێهێشت و لە لقی دووی پارتیدا کە خورشید شێرە بەرپرسی بوو، گیرساوەتەوە.



ساڵی ١٩٦٦، خالید ئاژگەیی کراوە بە جێگری سەعید مەسیفی لە بەندیخانەی پارتی دیموکرات لە گوندی خەلان و ساڵی ١٩٦٨ مەسیفی گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەی رایات و ناوبراو کراوە بە بەرپرسی بەندیخانەی خەلان و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە پەسوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کاشان. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦دا و ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات، ناوبراو بەشداریی کردوە لە خەباتی ڕێکخراوی پارتی لە کاشان و ساڵی ١٩٧٩ لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە مهاباد نیشتەجێ بووە. یەکێک بووە لە بەشدارنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات.

ساڵی ١٩٨٠، گواستراوەتەوە بۆ لقی ٢ی پارتی دیموکرات و بە مەفرەزەی گەڕۆکی دەستوەشێن سەردانی ناوچەکانی بالیسان و خۆشناوەتی کردوە. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی گەورەی حاجی ئۆمەرانی کردوە و ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ بەرپرسی سەربازیی لقی هەولێر بووە و لەگەڵ محەمەدی مەلا قادری بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ بناری قەندیل، قرناقە و پشتئاشان، دۆڵی ڕۆستێ، چۆمان و حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات لە ناوچەی لۆلان و گەلی ڕەش بووە و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی لقی دووی هەولێر لە خواکورک بووە. ناوبراو بەشداریی چەندان شەڕی گەورەی کردوە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە میحوەری هەولێردا بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و بە دوای دژە هێرەشەکەی ڕژێمی عێراق بۆسەر کوردستان بەشداریی شەڕی سەرکەوتووی کۆڕێی کردوە. ناوبراو لەگەڵ ٣٠ پێشمەرگە لەسەر جادەی دەربەندی کۆڕێ لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو بووەتەوە و ئازایانە بەرگری کردوە. ساڵی ١٩٩٢ لە بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی بەرەی کوردستانیدا هاوکاریی حاکم فاروق بووە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ساڵی ١٩٩٣ گواستراوەتەوە بۆ لەشکری کوردستان "فەلەک" و بۆ ماوەیەک فەرماندەی لیوای تایبەتی پارتی دیموکرات بووە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ و ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزنی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/١٩ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردوە.

# ڕەفیق عارف ئەمین



ڕەفیق عارف ئەمین ناسراو بە پورزا گوڵوباغ ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی خەرابە لە "ناحیەی ئاشتی" لە قەزای کۆیە لەدایک بووە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٦١ بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت، بەهۆی کێشەی دابەشکردنی زەوی لەلایەن حکومەتی کەریم قاسمەوە لەگەڵ ئاغاکانی ناوچەکەیان ڕاپەڕیوە و جادەی کۆیە و ڕانیەیان لە خەلەکان گرتووە، بەڵام دوو فڕۆکەی ڕژێم دەستڕێژی لێکردون و لە ئاکامدا بڵاوەیان کردوە. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، بەشێوەی ڕەسمی چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە عومەر دەبابە و مەحمود ئاغای کاکە زیاد بەرپرسی بوون و مەقەڕیان لە گوندی حاجی قەڵا لە دەشتی کۆیە بووە. وەک خۆی دەڵێت: **(بە فەرماندەیی عومەر دەبابە چووین دەستمان بەسەر هەندێک پارەی موچەخۆرەکانی کۆیەدا گرت کە لەلایەن حکومەتەوە دەهات. پارەکە ١٢ هەزار دینار بوو. عومەر دەبابە ٦ هەزار دیناری لەنێوان ئێمەدا بەشکرد و گوتی ئەویتریش بۆ حیزب دەنێرێت.)** هەرلەو ساڵەدا پورزا گوڵوباغ لە گوندی خەرابەدا کەوتووەتە کەمینی جاشان و تەقەیان لێکردوە و برینداربووە، بەڵام بە بریندارییی خۆی گەیاندوەتە شیوەشان و لەلایەن خالید سەعید "دوکتۆر خالید"ەوە چارەسەریی بۆ کراوە.

ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی لە ناوچەی بادینانەوە پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، پورزا گوڵوباغ لەگەڵ عومەر دەبابە و مەحمود ئاغا لە گوندی ناوەندە چاوی بە بارزنی کەوتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ئەمری بارزانی چووین بۆ حەساری ڕۆستێ و نزیکەی ٥٠ ڕۆژ لەوێ بووین. مەلا مستەفا بۆخۆی لە نزیک قشڵەی ڕایات بوو. من جێگری مەحمود ئاغا بووم و ٢٠ پێشمەرگەم لەگەڵ بوو. جاشەکانی کەریم خان و خوارزای شێخ ڕەشیدی لۆلان دەیانویست بە هانای گەمارۆدراوانی قشڵی ڕایاتەوە بچن کە ئێمە لێماندان، بەڵام ئەوان زۆر بوون و



عەلی حەمە فەرەجیان لێ شەهید کردین و من و عوسمانی مەلا عومەری مینەڕەش بریندار بووین و بەناچار پاشەکشەمان کرد، بەڵام مەلا مستەفا بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە بۆیان هات و لە جاشەکانی دا. ئەوانەی سەربە شێخ بوون بڵاوبوونەوە و کەریم خانیش ڕایکردە هەولێر و منیش ٤٠ شەو لە نەخۆشخانەی وەرتێ بووم. چونکە دەستم لە کار کەوتبوو، ئیزنیاندام بۆ ماوەیەک لە ماڵی خۆم بم و ساڵی ١٩٦٣ کە کۆنگرەی کۆیە لە ماڵی کاکە زیاد پێکهات، من گەڕامەوە ڕیزی پێشمەرگەکان.)

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، پورزا گوڵوباغ مەقەڕەکەیان گواستوتەوە بۆ دەشتی کۆیە لە شیواشان بوون کە وەک خۆی دەڵێت ٣٠٠ پۆلیس و جاش هاتوون و گوندەکانی کرۆش، قورتەلاس و کانی بی یان سوتاندوە و لە گەڕانەوەدا پێشمەرگەکان لێیانداون و نۆ کەسیان لێ کوشتوون. لە هەمان ساڵدا لە جیپێکی سوپایان داوە و وەک خۆی دەڵێت ژمارەیەکیان کوشتوە، بەڵام فڕۆکە بۆیان هاتووە و ئەوانیش کە ٣٠- ٤٠ پێشمەرگە بوون بۆ گوندی کانی ئۆمەرئاغا لە پشت تۆپزاوا پاشەکشەیان کردوە و لەو دەستوەشاندنەدا پێشمەرگەیەک بەناوی قادر مێوژەیی بریندار بووە.

دوای جیابوونەوەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات و ڕاکردنیان بۆ ئێران، پورزا گوڵوباغ کراوە بە سەرلق و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە دۆڵی خەلەکان سەرلق بووە. ساڵی ١٩٦٦، لە کۆسرەتان بەشداریی

شەڕی جاشەکانی سەربە جەلال تاڵەبانی کردوە و لەو شەڕەدا وەک خۆی دەڵێت فەقێ عەبدوڵا سلێمان شەهید و ئەویش لەگەڵ حەمە تۆفیق تۆربە، عەلی سوور و کۆێخا ساڵح بریندار بوون.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، پورزا گوڵوباغ بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی بە پلەی خۆی لە ماڵەکەی ماوەتەوە و بە دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا گەڕاوەتەوە بۆسەر ئەرکەکەی و فەرماندەی بەتالیۆنی ٣ی هێزی ٦ی کاوە بووە بە فەرماندەیی عەلی شەعبان. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕی "ماکۆک"ی لە نزیک بێتواتە کردوە و لەو شەڕەدا ڕانی بریندار بووە و وەک خۆی دەڵێت دوکتۆر مەحمود عوسمان لە ناوپردان چارەسەری برینەکەی کردوە و گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی خۆی و لەگەڵ بەتالیۆنەکەی کە نزیکەی ٣٠٠ پێشمەرگە بوون، ڕەوانەی هێزی باڵەک کراون کە عەبدوڵا ئاغای پشدەریی فەرماندەی بووە و لە دەرگەڵە و زینوێی ماویلیان لەلای عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵە بوون.

سالی ١٩٧٥، بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، مەلا مستەفا لەگەڵ ژمارەیەک کادیر و فەرماندەکانی پێشمەرگەی نزیک بە حاجی ئۆمەران کۆبووەتەوە و باسی ڕاوەستانی شەڕی بۆ کردون. لەم بارەیەوە پورزا گوڵوباغ دەڵێت:

- (شەڕ ڕاوستا و ئێمە کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگە وەک عیزەتی سلێمان بەگ، ڕەسوڵ فەقێ، عەلی عەبدوڵا، دوکتۆر خالید، عەلی عەسکەری و ئەفسەرانی شۆڕش، بەگشتی نزیکەی ٤٠ بەرپرس و فەرماندە، چووین بۆلای مەلا مستەفا و ئەو گوتی: "ئەگەر بەقسەم بکەن، توشی زیان نابن." ڕووی لە حکومەتەکانی عێراق، تورکیا و ئێران کرد و گوتی: "ئەوانە بە دژی ئێمە یەکیان گرتووە و ئێمە بەو هەلومەرجەی کە پێشهاتووە، وەک پێشوو شەڕمان بۆ ناکرێ. ئەگەر بۆ ماوەی ٦ مانگ یان ساڵێک چەک دابنێین، ڕای گشتی جیهان دەگۆڕێ و ئێمە وەک خۆمان لێ دێتەوە." گوتی: "ئەگەر بەقسەم ناکەن، هەرکەسێک سەرۆکایەتیتان بکات، من هەموو دەرەتانێکی بۆ دابین دەکەم." گوتمان ئەگەر تۆ لەگەڵمان بی، ئێمە شەڕمان بۆ دەکرێ. گوتی: "من ناتوانم ٥٠ شەقاو بڕۆم." لەناو ئێمەدا پیاو نەبوو کە بێتە پێشەوە. گوتی: "خۆتان تەسلیم مەکەنەوە، دەتانکوژن، مەگەر بە واسیتە نەبێت".)

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، پورزا گوڵوباغ چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەراو و نیلوفەر لە کرماشان و لەوێوە بۆ پارێزگای ئەهواز. ساڵی ١٩٧٩ بە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران وەک خۆی دەڵێت بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی کە لەلایەن سلێمان حاجی بدوی سندی ئاگادار کراوەتەوە، هەوڵیانداوە ڕێکخراوەکانی پارتی زیندوو بکەنەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەنێوان پەنابەرەکاندا هەڵبژاردنیان کرد و لەگەڵ شەوکەت نێروەیی، خالید شلی، خەسرەو کاوانی و عەلی گۆران بۆ لیژنەی ڕێکخراوی پارتی هەڵبژێردرام و لەو ساڵەوە کاری ڕێکخستنم بەڕێوە بردوە و دواتر بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی هەموومان گەڕاوینەوە بۆ شەریکەی کشتوکاڵی کۆسەکەرێز لە جادەی نێوان مهاباد و ورمێ، بەڵام دوای پەیدابوونی ناکۆکی لەگەڵ حیزبی دیموکرات، چووین بۆ نەغەدە.)**

ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا، پورزا گوڵوباغ گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە و لەوێ کراوە بە فەرماندەی هێزی باواجی و لە شەڕەکانی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتی نیشتمانیدا گواستراوەتەوە بۆ لقی ٢ی پارتی کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی بووە و وەک خۆی دەڵێت ئازاد قەرەداغی کراوە بە بەرپرسی لقی ١١ی ڕانیە و ناوبراویش کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لق. دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سەربازیی لە لەشکری کوردستان "فەلەک". ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، گواستراوەتەوە بۆ لقی ٢ی هەولێر کە مامۆستا سەعد عەبدولا بەرپرسی بووە و لەگەڵ خالید ئاژگەیی ئەرکی پاراستنی هەولێریان دراوەتێ. لە شەڕی دووەمی ناوخۆیی دا، چووەتە مەسەیف سەلاحەدین و دواتر وەک خۆی دەڵێت لە کەسنەزان کراوە بە سەرلەشکر. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەم، گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سەربازیی لەشکری کوردستان فەلەک و ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول دامەزرا، کراوە بە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول لە شەقلاوە و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ٢٠١٤ خانەنشین کراوە، بەڵام لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە.

ڕەفیق عارف ئەمین جگەلەو چوار جار بریندار بوونەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوە، دوو جاری تریش لە شەڕەکانی قوشتەپە و خرێنە لە ساڵی ١٩٩٨ دا بریندار بووە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خەبات و خزمەتەکانی لە

یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. هەروەها خۆشحاڵم کە خزمەتی کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانیم کردوە. ڕۆژانی سەخت و دژوارم لەبیر کرد و سوپاسیش بۆ سەرۆک بارزانی کە میدالیای بارزانی بە سنگی منەوە کرد.)**

## محەمەد عەزیز ئیسماعیل ئیبراهیم



محەمەد عەزیز ئیسماعیل ئیبراهیم مامەند پیران ناوسراو بە محەمەد بەربەیار ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی قۆریتانی لە دەشتی کاکی بە کاکی هەولێر لەدایک بووە. تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوە و لەگەڵ باوکی کاری جوتیاریی کردوە. ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە و شوفێری کردوە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەگەڵ حاجی سلێمان شوربەش، ئەحمەد شوربەش، ئەحمەد چایچی ناسراو بە ئەحمەد ڕەژوو، ڕەسوڵ قوونبان و حاجی عەبدوڵا فەقیر و چەند کەسی تر لە ڕێکخراوێکی نهێنی پارتی دیموکراتدا خەباتی کردوە. ناوبراو لە درێژەی چالاکییەکانیدا لە کتێبی ژیان و بەرخۆداندا دەڵێت:

- (لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ترم لە خەبات بەردەوام بووین و لە ڕووبەروو بوونەوەیەکدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی دوژمن، توانیمان بەدیلی بیانخەینە بەردەستی خۆمان و لەوێوە بیانگوازینەوە بۆ چەرمەگا و گردیش و پاشان بۆ کۆیە. ساڵی ١٩٦٣ش بنکەیەکی پێشمەرگە لە دارە خورما بوو، لەوێ ئەحمەد حەمەدەمین ئاغا و ئازاد بەنزینخانە و عەبدولمەجید و حەسەن مستەفا و ساڵح شێرە بەیەکەوە بوون، لەوانە من ڕاسپاردرام بۆ چەند کارێکی زۆر گرنگ. لەوانەش بۆسە داناوە لەنێوان مەخمور و گوێڕ. منیش بە هاوکاری مام وسو دزەیی و فارس باوە و عەلی حوسێن و محەمەد سوڵتە و سەید کاکە بۆسەکەمان دانـاوە و دوای شەڕێکی یەک ساعاتی توانیمان ئەرکەکان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێبێنین ئەویش بە کوشتنی سێ لە دوژمنان و گرتنی یەکێکیان بە دیلی.)

محەمەد بەربەیار هەروەها بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی تری لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣دا کردوە کە شەڕەکانی دەیەوان، هێبەت سوڵتان و سەنگەسەر بەشێک

لەو شـــەڕانە بـــوون و بە وتەی ئەو لە کتێبـــی ژیـــان و بەرخۆدانـــدا پێـــنج پێشمەرگەیان لە شەڕی هیبەت سوڵتاندا شەهید و ١٠ پێشمەرگەشیان بریندار بـووە. سـاڵی ١٩٦٣ بە فەرمانـدەیی فـارس بـاوە لەنێـوان هەولێـر و پردێـدا کەمینیـان دانـاوە و هەمـوو سەرنشـینەکانی زیلێکـی سـوپایان دەسـتگیر کـردوە. سـاڵی ١٩٦٤ لە نێوان بێستانە و هەولێر بەشداریی شەڕێکیان کردوە بە فەرماندەیی فارس باوە و بە دوای ئەو شـەڕەدا لەگەڵ فـارس بـاوە بەخزمەت بارزانی گەیشتون، لەو بارەیەوە لە کتێبی ژیان و بەرخۆداندا دەڵێت:



**- (بـــارزانی نەمـــر ڕێنمـــایی کـــردین و دەربارەی جوڵانەوەمان لەگەڵ خەڵک پێی گـوتین کە ئێـوە دەبـێ هەردەم خزمەتکاری میللەت بـن، دەبـێ ئێـوە بڕواتـان وابـێ کە ئێمە سەردەکەوین.)**

سـاڵی ١٩٦٥، محـەمەد بەربەیـار بەشداریی شـەڕەکانی دەشـتی هەولێـری کـردوە. بە دوای ئەو شـەڕانەدا سـەرلەنوێ لەگەڵ فـارس بـاوە بە خـزمەت بـارزانی گەیشـتون و بە وتەی ئەو، بـارزانی ئەرکـی ڕێکخسـتنەوەی هێـزی دەشتی هەولێری پێسپاردون و لەو بارەیەوە لە کتێبـی ژیـان و بەرخۆدانـدا دەڵێت :

**- (دوای گەڕانەوەمـان کۆبـوونەوەیەکی گەورەمـان پێکهێنـا و قسـەکانی جەنابی بارزانیمان لە کۆبوونەوەکەدا باس کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا جێگری فـارس باوەمـان هەڵبـژارد. کـاک سـابیر شێخ جـامی کـرا بە جێگـری یەکەمـی فـارس بـاوە. عەریـف عوسـمان و سـەید کـاکەش کـران بە ئـامیر بەتالیۆن.)**

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، محەمەد بەربەیار لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی سەفینی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان چووەتە مهاباد و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری لاهیجان لە پارێزگای ڕەشت

و وەک خۆی لە کتێبی ژیان و بەرخۆداندا دەڵێت: **(بارزانی مەلا خالید، قادر عەزیز، عەبدوڵا موسا، مامۆستا نایف و محەمەد حاجی شێروان و چەندان کەسی تر لەوێ لەگەڵی بوون.)**

ساڵی ۱۹۸۱، بەدوای بەدەستەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، محەمەد بەربەیار گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و بۆ ماوەی ساڵێک لە گوندی دارەلەک بووە و دواتر چووەتە ڕاژان و بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و عەلی عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکرات بە ئەندامەتی لقی دووی پارتی دیموکرات وەرگیراوە کە خورشید شێرە بەرپرس و ڕەسوڵ فەقێ کارگێڕی لق بووە و بۆ ماوەی شەش مانگ لە گوندی ترکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

ساڵی ۱۹۹۱، محەمەد بەربەیار لە بەرەی حاجی ئۆمەرانەوە بەشداریی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە و تا هەولێر و کەرکوک چووە و لە دژە هێرشەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و دوای شکانی سوپای عێراق سەرلەنوێ چووە بۆ هەولێر و وەک خۆی لە کتێبی ژیان و بەرخۆداندا دەڵێت فارس باوە بووەتە فەرماندەی فەوج و ناوبراویشیان کردوە بە فەرماندەی سریە.

محەمەد بەربەیار بە هۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ۲۰۱۳/۱/٦ کۆچی دوایی کردوە.

## فەقێ وسو ئەحمەد وسو



فەقێ وسو ئەحمەد وسو ناسراو بە فەقێ وسو باوزی ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی باوزێ لە ناحیەی هێرۆ لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. لە حوجرەی فەقێیانی خوێندوە. ساڵی ١٩٤٦ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بەهۆی فەقێ عەلی خاڵییەوە لە کۆماری کوردستان تێکەلاوی کاری حیزبی بووە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ. ساڵی ١٩٦٣ گواستراوەتە بۆ بەتالیۆنی یەکی هێزی کاوە کە سەرەتا ئیبراهیم ئەفەندی و دواتر عەزیز قازی بەرپرسی بووە. لە ساڵی ١٩٦٧وە تا ساڵی ١٩٧٠ لە لقی سێی نورەدینییەکاندا بووە و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی کێوەڕەش، ئاسۆس، دەربەندی ڕانیە، دوازدە بانوان، سپیەڕۆ و پێماڵکی کردوە.

لە ساڵی ١٩٧٠دا بەدوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لە بەتالیۆنی یەکدا بووە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، فەقێ وسو لە لقی نورەدینییەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ هێزی ڕزگاری و لە بەتالیۆنی ٦ی هێزی ڕزگاریدا خەباتی کردوە کە فەرماندەکەی عیزەدین قەرە محەمەد بووە و لەو بەتالیۆنەدا کراوە بە سەرپەل و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی ئەزمەڕ، قزلەر و دۆڵی هەنارەی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت و لەوێوە بەهۆی خزمانییەوە چووەتە پیرانشار. ساڵی ١٩٧٦ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و بە مەفرەزە هاتووچۆی ناوچەی قەڵادزێ، پشدەر، سەنات، هەرک و بێداوی لە ناوچەی بادینان کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی بازێ لە هەکاری لە ساڵی ١٩٧٨دا.




دوای شەڕی بازی گەڕاوەتەوە بۆ دزەی مەگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرلەو ساڵەدا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ناوچەی سەردەشت گرتوویانە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی ١١ مانگ لە خرِی ناوزەنگان زیندانییان کردوە. فەقێ وسو باوزێ یەکێک بووە لە ئەندامانی بەشداری کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ١٩٧٩/١١/٤دا و بەدوای کۆنگرەی نۆیەم گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی کە بەرپرسەکەی خورشید شێرە بووە و وەک خۆی دەڵێت لەو لقەدا بە مەفرەزەی دەستوەشێن گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و کراوە بە کارگێڕی لیژنە و لەوێ ڕێکخراوی شەهیدانی قەڵادزێی دامەزراندوە و عەبدوڵا پشدەری، عەبدوڵا ئیبراهیم سەرشیوی، مستەفا عەبدوڵا سەرشیوی و عەبدوڵا سلێمان بەرپرسی ڕێکخراو و کارگێڕی ناوچەی قەڵادزێ بوون.

ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٥، فەقێ وسو باوزێ بەشداریی شەڕی یەکەمی حاجی ئۆمەرانی کردوە. بە وتەی ناوبراو ساڵی ١٩٨٣ قاتعی ٤ دامەزراوە و لەودا کراوە بە ئەندامی قاتع. ساڵی ١٩٨٦ هێزەکانی قاتعی چوار کراون بە دووبەش، بەشێکیان بە لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و ئەویتریان لیژنەی ناوچەی ڕانیە و ڕێکخراوەکەی ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ قەڵادزێ و ئەویش کراوە بە بەرپرسی سەربازیی ناوچەی قەڵادزێ و هەرلەو ساڵەدا بەشداریی شەڕەکانی ئەشکەنێ و گەناوی کردوە و بە وتەی خۆی سێ پێشمەرگەیان لەو شەڕەدا شەهید بووە. ساڵی ١٩٩١ ئەندامی بەرپرسی ڕێکخراوی شەهیدانی قەڵادزێ بووە و لە ڕاپەڕینەکەدا بەرپرسی یەکەمی هێزی هاوپەیمانی بەرەی کوردستانی بووە لە بازیان و بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی ڕانیە و ناوچەی قەڵادزێی کردوە.

ساڵی ١٩٩٥، فەقێ وسو باوزێ گواستراوەتەوە بۆ لقی ١١ی ڕانیە و قڵادزێ لە قەسرێ و ئەندامی لق بووە و ساڵی ١٩٩٦ گواستویانەتەوە بۆ سوپای ١١ کە

مولازم شوان فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٨ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی ١١ی ڕانیە و قلادزێ لە شەقلاوە و ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول دامەزراوە، کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە ڕانیە و قەڵادزێ و لە هەمان کاتدا ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول بووە و ساڵی ٢٠٠٥ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای باڵای ئەیلول و ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە.

فەقێ وسو ئەحمەد وسو باوزێ دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦٨ لە پێماڵک لە پشت قەڵادزێ و جاری دووەم لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لە بازیان. برایەکی بەناوی محەمەد ئەحمەد ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی ئەلبانە لە پشدەر و دوو خوارزاشی بە ناوەکانی عەبدوڵا ئیبراهیم ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٨٧ و عەبدوڵا ئیبراهیم محەمەد سەرشیوی ساڵی ١٩٨٩ لە دۆڵەکۆگە لە بناری قەندیل شەهید بوون. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەو شەرەفەم پێدرا و بەڵێن بێت تا ماوم لە ڕێبازی بارزانی و خزمەتکردن بە کورد و کوردستان دەرنەچم.)

## محەمەد سەعید حاجی مەحمود



محەمەد سەعید حاجی مەحمود ناسراو بە سەعید بۆسەلی ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی بۆسەڵ لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە بۆسەل خوێندویەتی و ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٦٨ وەک پێشمەرگە ماوەتەوە و بەشداریی شەڕەکانی گرتنی شاری زاخۆ لە ساڵی ١٩٦٢، شەڕی مەلا نێرگز و شەڕی کەمکای کردوە و لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی چیای مەتین کە سوپای عێراق و سوریایان لەو چیایە بەزاندوە و سوپای سوریایان ناچار کرد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، سەعید بۆسەلی بە پلەی فەرماندەی سریە کراوە بە پاسەوانی سنور لە گوندی تلکەبەر لە زاخۆ. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شەڕی چیای سپی و شەڕی دەشمەری لەنێوان زاخۆ و گەلی زاخۆدا کردوە و لەو شەڕەدا بە قورسی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٥، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، سەعید بۆسەلی پەڕیوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری خومەین لە پارێزگای ئەراک. ساڵی ١٩٧٩ بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، ناوبراو بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بنەماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە هێزی تایبەتی سەربە مەکتەبی سیاسیدا کراوە بە بەرپرسی گروپێکی ٤٠ کەسیی لە برا و خزمانی. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی



کـردوە. سـاڵی ١٩٨٠ بەشـداربووە لە شـەڕی یەکەمـی حـاجی ئۆمەرانـدا. سـاڵی ١٩٨١ لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێکانی گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی شەهید محەمەد مەحمود و تا ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە. لەو ساڵەدا بەشـداریی شـەڕەکانی چەک کردنی فەوجی چیای شەرانش، شەڕی سەرکۆ لە ناوچەی زاخۆ و شەڕی چیای سپی و شەڕی سـیار و سـپینداریی کـردوە. سـاڵی ١٩٨٧ سـەرلەنوێ کـراوە بە بەرپرسـی ڕێکخـراوی شەهید محەمەد مەحمود و گوستراوەتەوە بۆ لیـژنەی نـاوچەی زاخـۆ و بە مەفـرەزەی دەستوەشێن سەردانی ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی و سێمێلی کردوە. چەند کەمینـی لە نێـوان باتیفـا زاخـۆ لە مەلا عەرەب دانـاوە و بەشـداربووە لە شەڕەکانی دێرەلوک، شەڕی گەورەی کانی ماسی و لە شەڕی پێگەی چیای گریبخشودا بریندارببووە.

ساڵی ١٩٨٨، لە ئەنفالەکاندا بە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ سلیڤانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە چووە بۆ نەغەدە. ساڵی ١٩٩٠ کراوە بە ئەندامی لقی یەک و لەگەڵ دوکتۆر کەمال کەرکوکی و محەمەد خالید بۆسەلی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی لقی یەک لە بادینان و تا سەرەتای ساڵی ١٩٩١ بە مەفرەزە لەو ناوچەیە بووە. ساڵی ١٩٩١ بەدوای گەڕانەوەیدا بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕین و بە حاجی ئۆمەراندا گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و بەرپرسی سەربازیی لقی یەک بووە لە میحوەری زاخۆ و دوای ڕاپەڕین کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ. ساڵی ١٩٩٢ بە پلەی مقەدەم لیوا لە هێزی هاوبەشی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا بووە و ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی زاخۆ. ساڵی ١٩٩٥ کراوە بە جێگری بەرپرسی دەستەی زێرەڤانی کە فەتاح گولی فەرماندەی بووە.

برایەکی محەمەد سەعید حاجی مەحمود بەناوی شێخ مستەفا ساڵی ١٩٨٩ لە نەغەدە کۆچی دوایی کردوە و ئامۆزایەکی بەناوی محەمەد ساڵح ساڵی

١٩٨٧ لە سیدەکان شەهید بووە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٦ کۆچی دوایی کردوە.

## جەعفەر حەمەڕەحیم مستەفا



جەعفەر حەمەڕەحیم مستەفا ناسراو بە جەعفەر لاوەرانی ساڵی ١٩١٦ لە گوندی بیاوێ لە ناحیەی دەربەندیخان لەدایک بووە. کەسایەتیەکی خاوەن موڵک و دەستڕۆیشتوو بووە لە ناوچەکەیاندا. بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول بە دوای کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا هەندێک کێشەی عەشیرەتی لەلایەن حکومەتی عێراق و حیزبی شیوعی عێراقەوە بۆ دروست بووە. ساڵی ١٩٦١، بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت، چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە شەڕی حکومەتیان کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، چووەتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی هەورامان و لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی بووە.

جەعفەر لاوەرانی بەشداریی چەندان شەڕی لە ناوچەکانی خانەقین و گەرمیان کردوە و ساڵی ١٩٦٨ لە شەڕی گۆڕەشەلە لە ناوچەی گەرمیان گوللەی لە پشتی کەوتووە، زۆریان هەوڵداوە کە چارەسەری برینەکەی بکەن، بەڵام گوللە دەمارەکانی پشتی بڕیوە و ئیتر نەیتوانیوە چەک هەڵبگرێت. ساڵی ١٩٧٠، دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار چووەتە گوندی لاوەران و بە پلەی سەرلق لە ماڵی خۆی بووە و ساڵی١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بە بنەماڵەوە چووەتە نەوسود و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری جیروفت لە پارێزگای کرمان. لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و لەسەر خیانەتی شای ئێران بە کورد و شۆڕشی ئەیلول، ڕاپۆرتێکی پێشکەش کردوە. جەعفەر لاوەرانی دوای سێ ساڵ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ شارۆچکەی محەمەد ئاباد لە پارێزگای سیستان و بلوچستان.




جەعفەر لاوەرانی ساڵی ١٩٨١ بەهۆی ناسەقامگیریی تەندروستیی و وەزعی نالەباری ژیانی لە محەمەد ئابادەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە. ساڵی ١٩٨٦ بە قاچاخ چووەتە کەرەج و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و دوای گەڕانەوەی بەشێوەی نهێنی هاوکاریی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی هەڵەبجە کردوە. ساڵی ١٩٨٨ سەرلەنوێ بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکەیان ڕایکردوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کودستان و گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای کەنگاوەر لە پارێزگای کرماشان. دوای ماوەیەک بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، لە شاری جوانڕۆ و دواتر لە کۆمەڵگای شاری جوانڕۆ نیشتەجێ کراوە.

ساڵی ١٩٩١، دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام بەهۆی تەمەنی زۆر و کەمئەندام بوونی نەیتوانیوە پێشمەرگایەتی بکات و چوار کوڕی خۆی بە ناوەکانی وەزیر، تاریق، میقداد و فوئاد ناردوەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی فەوجی ٧ی هێزی ڕزگاری لە هەڵەبجە. برایەکی جەعفەر لاوەرانی بەناوی حەمە کەریم ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە و دوو کوڕ و برایەکیشی وەک خۆی بە گوللەی دوژمن لە توانا کەوتوون و کەمئەندامی سەنگەرن. ناوبراو ڕۆژی ١٩٨٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١ لە هەڵەبجەی شەهید کۆچی دوایی کردوە.

## سلێمان مەولود تەها سلێمان



سلێمان مەولود تەها سلێمان ناسراو بە مەلا خدر نانەکەلی و مەلا سلێمان ساڵی ١٩٣٢ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. هەرلە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی مەلایەتی و نۆ قۆناغی خوێندنی ئایینی و مەلایەتی بڕیوە. بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دامەزراوە و ئەرکی کارکردن بووە بە بێتەل "لاسلکی". لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە لە ساڵی ١٩٦٢، ناوبراو پێوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و وەک یەکەم کەس لە شۆڕشی ئەیلولدا کاری بە بێتەل کردوە.

دوای پەڕینەوەی بارزانی بۆ ناوچەی سۆران، مەلا سلێمان لە خزمەت کارەکانی سەرۆک بارزانیدا بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە نەغەدە و لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، ناوبراو سەرلەنوێ لە ڕاژان لە خزمەت شۆڕش و ڕێبازی بارزانیدا لەگەڵ ئیدریس و مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی نوێی پارتی دیموکرات ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بردوە. چەندان خولی پەروەردەکردنی پێشمەرگەی بۆ کارکردن بە بێتەل و مۆرس لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا پێکهێناوە و خزمەتێکی زۆری بە شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان کردوە.




مەلا سلێمان ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینی باشوری کوردستان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشور و ساڵی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گواستراوەتەوە بۆ مخابرەی گشتی پارتی دیموکرات لە مەسیف سەلاحەدین. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی پاکی لە کارەکانیدا و لەخۆبوردووی و خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. بە وتەی ئەندامانی بنەماڵەکەی، لە کاتی بەخشینی میدالیای بارزانی بە ناوبراو، سەرۆک مەسعود بارزانی پێیگوتووە: **(جێگەی شانازی منی مەلا سلێمان، تۆ برادەرەیکی خۆشەویستی باوکم بوویت.)**
سلێمان مەولود تەها سلێمان ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

## میرخان قرتاس بێدارونی



میرخان قرتاس بێدارونی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی بێدارون لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. برای مەلا شینی قرتاس بێدارونی یەکێک لە فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول و خۆشەویستی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە. ساڵی ١٩٤٥ کە شۆڕشی دووەمی بارزان شکستی هێنا، لەگەڵ مەلا شینی و بنەماڵەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و دوای چەند ساڵ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە سەربازی گیراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سوپای عێراقدا لە موسڵ سەربازیی کردوە. ساڵی ١٩٥٩ کە هەڤاڵانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و ساڵی ١٩٦١ بە دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، بەشداریی چەندان شەڕی وەک شەڕی سۆفیەکان، شەڕی جاشەکانی موحسین بەگ و شەڕەکانی ناوچەی بەرواریی، گەلی زاویتە، سوارەتووک، شەڕی ئاوکێ لە ناو کۆچەران و شەڕی خورتووی کردوە.

ساڵی ١٩٦٢ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی مەلا شینی ئەرکی پاراستنی سەری ئاکرێی هەبووە و لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٦٣دا بەشداریی چەندان شەڕی بەرگرییکەرانەی لە سەری ئاکرێ کردوە و دوای شەهید بوونی مەلا شینی لە سەری ئاکرێ، ناوبراو جێی ئەوی گرتووەتەوە و کراوە بە فەرماندەی بەرەی شەڕی سەری ئاکرێ. دواتر بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی شیلەبەراز، بیرەکەپران، پردی ڕێزان، گەلی گوێژێ. ساڵی ١٩٦٦ بە هێزەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕەکانی گەلی شەهیدان، هەندرێن، ئاوکورتێ، دەشتی ماوەت و شاگوێزی لە نزیک پێنجوێن کردوە.



ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، میرخان قرتاس لە ئەرکی خۆیدا بەردەوام بووە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو بە هێزەکەیەوە لە ناوچەی ڕەواندز بووە و لەوێ بەشداریی شەڕی گەرووی عومەرئاغا و چیای زۆزکی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان، میرخان گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شۆڕشی گوڵان و شەڕی قەسرێ لە بەرەی شەڕی خواکورکی کردوە.

میرخان قرتاس بەشداریی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستانی نەکردوە و ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بێدارون و لەوێوە سەرلەنوێ پێوەندیی بە سوپای بارزانەوە کردوە و کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی پێنج لە سوپای بارزاندا کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد فەرماندەی بووە. ناوبراو سێ جار لە شەڕەکانی سەری ئاکرێ ١٩٦٢ و شەڕی جافەکا لە نزیک بارزان و نەڵۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریندداربووە.

میرخان قرتاس ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٦ لەکاتی ئازاد کردنی عێراق و ڕاماڵینی بەعسییەکان لە بەرەی شەڕی دێبەگە و مەخمور کە فەرماندەکەی وەجیهە بارزانی و مەنسور بارزانی بوون، بە بۆمبارانی فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا شەهید بووە.

## یاسین مەلا عەزیز




یاسین مەلا عەزیز ناسراو بە یاسین مەلا ئاکرەیی ساڵی ۱۹۳۰ لە ئاکرێ لەدایک بووە. مەلا عەزیزی باوکی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە دوورخراوەیی شاری سلێمانی بووە. یاسین مەلا دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق و هاتنەوەی بۆ بارزان، چووەتە خزمەت بارزانی و کراوە بە چایچی تایبەتیی سەرۆک بارزانی. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە و پەڕینەوە بارزانی بۆ ناوچەی سۆران ساڵی ۱۹٦۲دا و هەتا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ۱۹۷٥ لەگەڵ بارزانی بووە.

ساڵی ۱۹۷٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، یاسین مەلا ئاکرەیی بۆ ماوەی هەشت مانگ لە نەغەدە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری وەرامین لە پارێزگای تاران. ساڵی ۱۹۷۹ بەدوای کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی، گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و چایچی تایبەتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە. ساڵی ۱۹۹۱ لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و بەدوای جێگیربوونی سەرۆک بارزانی لە سەری بڵند، ناوبراو درێژەی بە ئەرکی خۆی داوە.

یاسین مەلا ئاکرەیی بەهۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٦ لە یوبیلی زیڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ۲۰۱۱/٥/۲۷ لە ئانکارا کۆچی دوایی کردوە.

## حوسێن مستەفا عەبدوڵا



حوسێن مستەفا عەبدوڵا ئاکرەیی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری ئاکرێ لە دایک بووە. کوڕی مستەفا عەبدوڵا یەکێک لە جەنگاوەرانی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزانە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە خۆی گەیاندە شنۆ، لەوێوە لەگەڵ مامەند مەسیح، عومەر ئاغای دۆڵەمەری و مستەفا عەبدوڵای باوکی حوسێن گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزانی لە ١٩٤٣ هەڵگیرساند. ساڵی ١٩٤٥، حوسێن مستەفا عەبدوڵا ئاکرەیی لەگەڵ باوک و بنەماڵەکەی پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و پیر و بەساڵداچووەکان و ژن و منداڵە بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەیەک لە کێڵگەیەکی تێلدڕک کراودا لە دیانا ڕاگیراوە.

ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ عێراق، حوسێن مستەفا بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و هەرلەو ڕۆژەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە. ناوبراو لەنێوان بارزانی و ڕەسوڵ فەقێ یەکێک لە پێشمەرگە نزیکەکانی بارزانی و کوردستان و شوێنە مەبەستەکانی بارزانی لە بەغدا لە خزمەت بارزانیدا لە هاتووچۆدا بووە. ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ شوکری عەبدوڵا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە، بەڵام دوای سێ مانگ لە وتووێژەکانی نێوان شۆڕش و حکومەت، بە ڕاسپاردەی بارزانی لە زیندان ئازاد کراوە.

دوای ئازاد بوونی لە زیندان، حوسێن مستەفا چووە بۆ حاجی ئۆمەران و کراوە بە بەرپرسی نەخۆشخانەی مانگی سوری نێودەوڵەتی و دواتر لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سەرۆک و تا ساڵی ١٩٧٥ بەرپرسی ئیداریی مەکتەبی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕش ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ پیرانشار و نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری وەرامین لە پارێزگای تاران. ناوبراو

لە تارانەوە هاوکاریی شۆڕشی گولانی کردوە و ساڵی ١٩٨١ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرلەنوێ بەرپرسایەتی ئیداریی مەکتەبی سەرۆکی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستان، سەرەتا لە ڕەواندز و دواتر لە مەسیف سەلاحەدین بەرپرسی ئیداریی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٨ لە مەسیف سەلاحەدین کۆچی دوایی کردوە و بە بەشداریی ڕێزدار سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆک مەسعود بارزانی لە شاری ئاکرێ بە خاک سپێردراوە.

## سلێمان حادی دێوالی



سلێمان حادی دێوالی دۆڵەمەری ساڵی ١٩١٧ لە گوندی بوکران لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و وەک جەنگاوەرێک پاڵی بە بارزانییەوە داوە و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، دۆڵی باژێ، مەزنێ و شێروانی مەزندا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی و باوک و برایەکی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و لە بەرەی شەڕی سەرادا بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، بەهۆی نەخۆشیی باوکی و کێشە لەنێو بنەماڵەکەیدا نەیتوانیوە لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بچێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەیەک لە دیانا لە زەوییەکی تێلدرک کراودا ڕایانگرتووە و دواتر ڕێگەیان پێداوە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سلێمان حادی چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕەکانی مرێبا، گەلی زاویتە و سەرسنگی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، سلێمان حادێ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕی ماخوبزنانی لە ناوچەی قەڵادزێ کردوە. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی کۆکراوەی زۆرەوە پەلاماری سەری ئاکرێ و سەری پیرسی دا، ناوبراو لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕی سەری پیرسی کردوە. دوای شکستهێنانی سوپای عێراق لە شەڕی ملی بلێ و

پاشەکشە کردنی بۆ ڕێزان و دەستپێکردنی وتووێژ لەنێوان بارزانی و ڕژێمی عێراقدا، ناوبراو کراوە بە پاسەوانی بارەگای بارزانی و لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و باڵەک.



سلێمان حادی دێوالی دۆڵەمەری لە ساڵی ١٩٦٣وە تا ١٩٧٥ پاسەوانی بارەگای بارزانی بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ بارزانی چووەتە کەرەج و دوای کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی لە ١٩٧٩/٣/٣١دا، ناوبراو لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە و بەدوای کۆچی دوایی کاک ئیدریسدا لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بووە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی کۆمەڵایەتی دۆڵەمەرییەکان و لەو بوارەدا خزمەتی زۆری بە دۆڵەمەرییەکان کردوە.

سلێمان حادی دێوالی دۆڵەمەری ساڵی ١٩٨٣ لە نەغەدە چاوی چەپەی لەدەست داوە. سێ کوڕی شەهید بوون. نوری سلێمان ساڵی ١٩٩٥ لە زیارەت لە ناوچەی هەولێر، عەلی سلێمان ساڵی ١٩٨٦ لە کێشکە لە ناوچەی هەولێر و حادێ سلێمان ساڵی ٢٠٠٣ لە شەڕی ئازادکردنی عێراقدا بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکایی شەهید کراوە. هەروەها سێ خوارزاشی بەناوەکانی کەریم، جغسی و سەلیم شەهید بوون ناوبراو ڕۆژی ١٩٨٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١٧ لە کاتی چارەسەریی نەخۆشیدا لە تورکیا کۆچی دوایی کردوە.

## عەبدولڕەحمان هەمزە محەمەدئەمین



عەبدولڕەحمان هەمزە محەمەدئەمین ناوسراو بە حاجی ڕەحمان ساڵی ١٩١٢ لە گوندی بیلوس لە ناوچەی پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. وەک خۆی دەڵێت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا بنەماڵەکەی لە گوندی قەمتەرە بووە و لە تەمەنی نزیک دە ساڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتوون بۆ باشوری کوردستان و لە زینوێی شێخی لە ناوچەی چۆمان نیشتەجێ بوون و وەک خۆی دەڵێت ڕەنگە مێژووی لەدایک بوونم ساڵی ١٩٣٢ بێت کە لە پێناسەی عێراقدا بە هەڵە ١٩١٢ نوسراوە. وەک خۆی دەڵێت باوکی یەکێک لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵا بەشداریی کۆبوونەوەی سێ سنوری کردوە لە دالانپەڕ.
ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە ڕوسیاوە گەڕایەوە بۆ عێراق لە هەولێر سەرباز بووە و لەگەڵ سێ سەربازی تر بەناوەکانی ڕەسوڵ، حەمەدەمین و ئەحمەدی کوڕ و خوارزا و برازای خدر ئاغای ئێنێ چوون لە هۆتێل سەنبادی هەولێر بە خزمەت بارزانی گەیشتوون و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بارزانی پێشوازیی لێکردین و جگەرەی داینێ و لە ئاغاکان و خەڵکی ناوچەی حاجی ئۆمەران و زینوێی پرسی. ئێمە لە خزمەتیدا بووین کە شێخ عوبەیدوڵای زینوێ هاتەلای بارزانی.)**

ساڵی ١٩٦٢، بارزانی دوای بەجێهێشتنی ناوچەی بادینان و پەڕینەوەی بۆ ناوچەی سۆران، حاجی ڕەحمان وەک خۆی دەڵێت بۆ جاری دووەم لە ماڵی شێخ عوبەیدوڵای زینوێ بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و لەو ڕۆژەوە بۆ ئەنجامی هەندێک کاری پێویست و کڕینی کەلوپەل لە خزمەت بارزانیدا بووە.
ساڵی ١٩٦٣ کە سوپای عێراق بە هێزێکی کۆکراوەی زۆر پەلاماری ناوچەی بارزانی دا، حاجی ڕەحمان لە شەڕەکەدا نامەیەکی شێخی زێنوێی لە

ئەشکەوتی پشت گوندی ڕێزان گەیاندوەتە بارزانی و وەڵامی نامەکەی هێناوەتەوە بۆ شێخ.

دوای شکانی سوپای عێراق لە شەڕی ناوچەی بارزان و گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەی سۆران، حاجی عەبدولڕەحمان بە ئەمری بارزانی چووەتە تاران و دوو پاڵتۆ و هەندێک کەلوپەلی پێویستی بۆ بارزانی کڕیوە و لە گەڕانەوەیدا لە ماڵی مەحمود ئاغای چۆم خڕکە کەلوپەلەکانی داوە بە بارزانی و گەڕاوەتەوە بۆ زینوێی شێخی. بەهاری ساڵی ١٩٦٥ یان ١٩٦٦، بارزانی لە دۆڵی سێبەرێ ئەحمەد سێمانی بەدوای حاجی عەبدولڕەحماندا ناردەوە و ناوبراو چووەتە خزمەتی و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ماڵی هاتبوو بۆ دۆڵی سێبەرێ لە نزیک حاجی ئۆمەران، ئەحمەد سێمانی بەدوامدا نارد. بە خزمەتی گەیشتم. دوو نامەی دامێ کە بە شێخ عوبەیدولا و عەبدولای کاک هەمزەی جەڵدیانی بگەیەنم. من بە سواری ئەسپ چووم و نامەکانم گەیاند و وەڵامم بۆ هێنایەوە. بارزانی دواتر چوو بۆ بەستێ لە دۆڵی وەسان و پاییزی ئەو ساڵە چوو بۆ دیلمان. ئیتر من بە بەردەوامی لە خزمەت بارزانیدا بووم. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ مەڕ و ماڵاتی بارزانی لەلای من بوو و من ڕامدەگرتن.)

بەرلەوی کە ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستێ، حاجی عەبدولڕەحمان مەڕ و ماڵاتی بارزانی دەگەیەنێتە گوندی پەسوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەو بارەیەوە دەڵێت: (بە ئەمری مەلا مستەفا ئەسپ و مەڕ و ماڵاتی بارزانیم گەیاندە پەسوێ. کاک عەبدولای قادری جەڵدیان و عەلی قەرەنی ئاغای پەسوێ زۆریان خزمەت کردین. من نزیکەی ٢٠ کوردی ڕۆژهەڵاتم بۆ خزمەتکردنی حەیوانەکان دامەزراندبوو. خەڵک لە شیر و ماستی ئەوان کەڵکیان وەردەگرت. هەموو پاییزان بە دەببە پەنیر و ڕۆنم دەگەیاندە ماڵی بارزانی. ساڵی ١٩٧٩ کەسێک بەناوی حاجی مارفی سەردەشتێ، کەریمی برای ناردبوو بۆ پەسوێ و پێی گوتم کە جەلالییەکان دێن و ئەسپەکانی مەلا مستەفا دەبەن. من و ئەو ٢٠ کەسەی لام بوون لەگەڵ چوار کوردی باشوری خۆمان ئامادە کرد کە ئەگەر بێن شەڕیان لەگەڵ بکەین. مینەی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغای کە سەربە حیزبی دیموکرات بوو لەگەڵ ٨- ٩ پێشمەرگە هاتن بۆ یارمەتی کردنم. باشبوو کە جەلالییەکان نەهاتن و شەڕ نەکرا. من نزیکەی چوار هەزار سەر مەڕ و بزن و مانگا و ٤٥ ئەسپ و وڵاغم لا بوون.)

بەهاری ساڵی ١٩٨٢، حاجی عەبدولڕەحمان بە ئەمری ئیدریس بارزانی، ڕەوەکەی گوازتوەتەوە شنۆ و لە پاییزدا بردنی بۆ جەڵدیان. لەو بارەیەوە دەڵێت: (سەید ڕەسوڵی بابی گەورە لە جەڵدیان هاتە ماڵمان و هەڕەشەی بردنی مەڕ و ماڵاتەکەی لێکردم و گوتی "تۆ لە زینوێی شێخی زۆرت خزمەتی مـن کـردوە و منـیش لەبەر ئەوە دە ڕۆژت مـۆڵەت دەدەمـێ کە ڕایـانگوازی ئەگەرنا دەیانبەین." چووم بۆلای کاک ئیدریس بارزانی و وتەکانی سەید ڕەسوڵم بۆ گێڕایەوە. لەوکاتەدا مەلا حەسەن ڕەستگار هاتە لای کاک ئیدریس و کاک ئیدریس مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە. مەلا حەسەن بەڵێنیدا کە پێش بە سەید ڕەسوڵ دەگرێ. بە دوای ئەو هەڕەشانەدا من بارم کرد و چووم بۆ گوندی ڕەشیدبەگی ماوانا و ساڵێک لەوێ بووم و دواتر چووم بۆ گوندی گیسیان لای سدیق ئاغا کە لە کۆنەوە سەربە ماڵی بارزانی بوون.)

ساڵی ١٩٩١، حاجی عەبدولڕەحمان لەگەڵ هێزێکی زۆری پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و بۆ ماوەی سێ مانگ لە زێنوێی شێخی بووە و دواتر هاتووەتە مەسیف سەلاحەدین و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (بەرلە هاتنەوەم، وڵاغەکانم هێنا بۆ زینوێی شێخی و دواتر بردمن بۆ مەسیف سەلاحەدین. تا ساڵی ٢٠١٠ بەخێوم کردن و ئیتر بەهۆی پیری تاقەتی بەخێوکردنیانم نەما.)

حاجی عەبدولڕەحمان وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ سیهات بارزانی لە دەشتی هەولێر، ڕانیە، هێرۆ، هێبەت سوڵتان و دێگەڵە بەشداریی شەڕەکانی ناوخۆیی کردوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم وەک ئەوە بوو کە هەموو دنیایان داومەتێ. سوپاسی کاک مەسعودم کرد و گوتم تا دوا نەفەسم بە هەموو بنەماڵەکەمەوە لەگەڵ ڕێبازی بارزانیم.)

## جەلال عەبدولمحەمەد خان



جەلال عەبدولمحەمەد خان ناسراو بە جەلال لاوەرانی ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی لاوەران لە ناوچەی هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، بووەتە لایەنگری پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٦١ بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکی ناوچەی دەربەندیخان چووە و تونێلی دەربەندیخانیان گرتووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت دوو فڕۆکە تەقەی لێکردون و بڵاوەیان کردوە. ناوبراو سەبارەت بە چوونی بۆ ڕێزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەڵێت: **(دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، ئەنوەر مایی و حیلمی عەلی شەریف لەلایەن پارتی دیموکراتەوە هاتن و ڕێکخراوێکی سەربازییان لە دەربەندی بێلولە لە بناری بووسۆ بۆ دامەزراندین کە حیلمی عەلی شەریف فەرماندەی بوو. ماوەیەکی نەگرت کە لەوێش حکومەت لێیداین و ناچار بووین بچین بۆ تەوێڵە.)**

ساڵی ١٩٦٢، جەلال لاوەرانی کراوە بە سەرپەل لە بەتالیۆنی ٦ی بەمۆدا کە فازل تاڵەبانی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی چوار کڵاودا بە وتەی خۆی پێنج سەرباز و جاشێکیان کوشتوە و لە بەرامبەردا پێشمەرگەیەکیان بەناوی حەمە کەریم حەمە ڕەحیم شەهید کراوە. تا ساڵی ١٩٦٤ لەو پەلەدا بەشداریی شەڕەکانی بەنەباریک، پەرویزخان، مەحمود قەجەر و شەڕی خانەقینی کردوە. ساڵی ١٩٦٤ کراوە بە سەرلقی سەراوی شەمشێر کوڵ و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(من سەرلق بووم کە جەلال تاڵەبانی هات و گوتی لە بارزانی جیا بوونەتەوە و داوای لێکردین لەگەڵیان بکەوین. ئێمە نزیکەی ٦٠٠ پێشمەرگە بووین، سەرەتا ویستمان لەگەڵی بچین، بەڵام دواتر پەشیمان**

بووینەوە و پێمان گوت، ئێمە و خەڵکی کوردستان بە ناوی بارزانی شەڕی حکومەتمان کردوە، نەک ئەتۆ و ئیبراهیم ئەحمەد و ئێمە دەست لە بارزانی هەڵناگرین. مام جەلال لە بەرامبەر ئەم قسەیەی ئێمەدا قسەی نەکرد و ئێمە درێژەمان بە خەباتی خۆماندا.) ساڵی ١٩٦٥ سوپای عێراق هێرشی کردەوە سەر پێنجوێن و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٦٥ سوپای عێراق هێرشی کردە سەر پێنجوێن. عەبدولوەهاب ئەتروشی بە بروسکە ئاگاداری کردمەوە کە بە پەلێک پێشمەرگەوە بچم بۆ یارمەتی کردنیان. من چووم و پەلاماری پێگەی هومەرێنەمان لە ملەکەوەی پێنجوێن لە نزیک ناڵپارێز دا. لەو هێرشەدا پێگەکەمان گرت، بەڵام مینێک بە قاچی چەپەی مندا تەقییەوە و پێشمەرگەکان منیان بردە خوارەوە و لە ئاکامدا پاشەکشەمان کرد. حکومەت پارچە قاچەکەی منی بردبوو بۆ مخابراتی کەرکوک و لەوێ بە شانازییەوە پێشانی دابوو.)

ساڵی ١٩٦٦، جەلال لاوەرانییان گواستوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی سنە و لەوێوە بردویانە بۆ نەخۆشخانەیەک کە خۆی دەڵێت لە شیمیراناتی تاران بووە. بۆ ماوەی نۆ مانگ لەو نەخۆشخانەیە بووە و نەیانتوانیوە چارەسەریی بۆ بکەن و قاچی چەپەیان لەژێر چۆکییەوە بڕیوەتەوە. دواتر پێیان گوتووە کە بۆ ماوەیک دەبێ لە کاری پێشمەرگایەتی دوور بێ، لەبەر ئەوە چووەتە ناوپردان و لەژێر چاودێریی دابووە. ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە بۆ هێزی خەبات لە سۆسەکان لە نزیک تەوێڵە کە عەبدولوەهاب ئەتروشی بەرپرسی بووە و لەوێ کردویانەتە سەرلقی ئەرکانی هێز و لە بنکەی هێزدا سەرۆکایەتی پێشمەرگەکانی کردوە.

ساڵی ١٩٦٨ کراوە بە سەرلقی نەوڕۆلی لە نزیک هەڵەبجە و ئیتر بە سواری ئەسپ لەگەڵ پێشمەرگەکان بە مەفرەزە بەشداریی شەڕەکانی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، بە ئەمری سەرکردایەتی شۆڕش بە پلەی سەرلق، لە ماڵی خۆیدا ماوەتەوە و زیاتر کاری ڕێکخستنی بەڕێوە بردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق دژی کورد دەستی بەشەر کردەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگەکان و بە وتەی خۆی بەتالیۆنی پێنجی هەڵەبجەیان پێکهێنا و ئەویان کردوە بە جێگری ئەو بەتالیۆنە کە حوسێن بەگی جوانڕۆ فەرماندەی بووە. لەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی سەرتیز و

گەرووی عومەرئاغای کردوە و دەڵێت لە شەڕی سەرتیزدا پێشمەرگەیەکیان بە ناوی قادری ئایش شەهیدبووە و تەرمەکەی لەژێر بەفردا ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا چووەتە گوندی هێروە لە نزیک پردی دواوان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە نزیک پاوە و لەوێشەوە بردویانە بۆ شاری مغان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ماوەیەکیش لە بیلەسوار لە سەر سنوری ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بووە و وەک خۆی دەڵێت لەوێ شۆفیریی کردوە و لە ئیدارەی کشتوکاڵی ڕەوشەن کاری کردوە.

ساڵی ١٩٧٩ بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێ کراوە بە بەرپرسی ناوچەی چەمچەمال لە لقی ئازادی کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی بووە و ڕەوانەی شاری پاوە کراوە، بەڵام بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ زێوە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ بە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئێران و عێراقدا، سوپای عێراق بەشێک لە خاکی باشوری کوردستانی لە سنوری هەورامان بەجێهێشتووە و ناوبراو لەگەڵ هێزێکی ٤٠ کەسی، بەناوی هێزی سیروان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شەمیران لە ناوچەکانی هەڵەبجە، دەربەندیخان بووە و دواتر بنکەکەیان گواستوەتەوە بۆ لاوەران کە گوندی خۆی بووە.

ساڵی ١٩٩١، جەلال لاوەرانی لەگەڵ نزیکەی ٦٠ پێشمەرگە بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و قادر قادر تا کەرکوک چووە و بەشداریی ئازاد کردنی کەرکوکی کردوە. لە دژە هێرشی ڕژێمدا بۆسەر کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ سۆسەکان و تەوێڵە و لەوێوە چووەتە لای منداڵەکانی لە ڕەوانسەر. ساڵی ١٩٩٢ بە ماڵ و منداڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و کراوە بە ئەندامی لقی چوار. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا چووەتە مەسیف سەلاحەدین و ساڵی ١٩٩٥ کە هێمنی گەڕایەوە بۆ کوردستان، ناوبراو لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، بەڵام لە شەڕی دووەمی براکوژیدا، ساڵی ١٩٩٦ چووەتە هەڵەبجە و تا ساڵی ١٩٩٨ لە هەڵەبجە بووە و دواتر چووەتە مەسیف سەلاحەدین و تا ساڵی ١٩٩٩ لەوێ بووە و دواتر لە هەولێر نیشتەجێ بووە. ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلول لە سلێمانی.

جەلال لاوەرانی یەکێک بووە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ناوچەی هەورامان و بەشداریی چەندان شەڕی قورسی کردوە و لە شەڕە گەڕۆک و دەستوەشێنەکانیشدا، بەشدار بووە. لە باقوبەرە لە ناحیەی مەیدان لە قەزای خانەقین گوێی ڕاستەی برینددار بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەکاتی دانی میدالیا، من لەوێ نەبووم و کاک فەرەیدون جوانڕۆیی میدالیاکەی بۆ هێنام. بە وەرگرتنی زۆر خۆشحاڵ بووم کە سەرکردایەتی شۆڕش و جەنابی سەرۆک بارزانی خزمەتەکانی منیان لەبەر چاو بووە.)**

## ئەحمەد محەمەد عەلی




ئەحمەد محەمەد عەلی ناسراو بە ئەحمەد فەتحولڵا ساڵی ١٩٤٢ لە کەرکوک لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦٢/٧/٥ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەنگاو و لە کەرتی ٣ی قەراخ لە بنکەی میسمایل کە حاجی محەمەد مارف ڕەمەزان گۆمەزەر فەرماندەی بووە، چەکی هەڵگرتووە. تا ساڵی ١٩٦٤ لەو بنکەیەدا بووە و دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٤ ڕئیس کەمال کودەتای بەسەرماندا کرد و دەیویست ئێمە لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و لە بارزانی جیامان بکاتەوە کە سەرنەکەوت. سەرکردایەتی حیزب کۆنگرەی شەشەمی پێکهێنا و خۆمان ڕێکخستەوە و ئەوانیش چوون بۆ هەمەدان.)**

ئەحمەد فەتحولڵا تا ساڵی ١٩٦٥ لە بنکەی میسمایل بووە و لەوێ کراوە بە سەرپەل و ساڵی ١٩٦٦ کراوە بە سەرلق و تا ساڵی ١٩٧٠ سەرلق بووە. وەک خۆی دەڵێت لەو ماوەیەدا چەندان شەڕی قورس لە ناوچەکەماندا ڕوویدا وەک شەڕی زەنگەنە و قادر کەرەم کە ١٤ ڕۆژ بەردەوام بوو و ئێمە پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا فڕۆکەیەکی سوپای عێراقمان خستەخوارەوە و سەرئەنجام دوژمنمان شکاند، لە شەڕی شیوەسووریشدا ئێمە نەفەربەرێکی سەربازییمان گرت و دوژمنمان شکاند.

ساڵی ١٩٧٠، ئەحمەد فەتحولڵا بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا کراوە بە پاسەوانی سنوری سەنگاو لە فەوجی ٥ی پاسەوانی سنوور کە شەوکەت ئیسماعیل فەرماندە و عەزیز قازی جێگری فەوجەکە بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردوە، ناوبراو کراوە بە سەرلقی سەنگاو و بەشداریی شەڕی کەوەڵەی کردوە و هێلیکۆپتەرێکیان بەرداوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(حکومەت داوای**

**پارچەکانی هێلیکۆپتەرەکەی کرد. عارف تەیفور بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی هات و بەشیک لە پارچەکانی بردەوە.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئەحمەد فەتحوڵا چووەتە کۆمەڵگای سەرابلە لە نێوان کرماشان و کامیاران و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سوڵتان ئابادی ئەراک. ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا کراوە بە ئەندامی لق و بەرپرسی ناوچەی چەمچەمال. هەتا کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ لە مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، ناوبراو لە ئەرکەکەیدا بەردەوام بووە.

ئەحمەد فەتحوڵا دوو جار لە شەڕەکاندا بە سەختی بریندار بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦٧ لە شەڕی شیوەسوور و جاری دووەم ساڵی ١٩٨٢ لە شەڕی شارباژێر کە شانی چەپە و ڕانی چەپەی بریندار بووە. بۆ چارەسەریی برینەکەی بە هێلیکۆپتەر بردویانە بۆ سنە و لەوێوە بە فڕۆکە گەیاندویانەتە ئیسفەهان. ناوبراو ئێستاش پلاتینی لە شان دایە. چوار ئامۆزای بە ناوەکانی لەتیف و جەبار عومەر ساڵی ١٩٨١، لە ڕەزگە لە شارباژێر و ئەسعەد ساڵی ١٩٨١ لە قەرەداغ شەهید بوون و حاجی حەسەن ساڵی ١٩٨٧ لە موسڵ لە سێدارە دراوە. هەروەها چوار ئامۆزاشی بە ناوەکانی عەبدوڵا، ڕەشید، قادر و کەمال ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی حەفتاچەشمە لە جەبەاری ئەنفال کراون و خوارزایەکیشی بەناوی عوسمان عەلی غەریب ساڵی ١٩٧٥ لە قادر کەرەم شەهید بووە. هەروەها ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕی ناوخۆدا لە سلێمانی تەقە لە گورجیەی خێزانی کراوە و لاقی ڕاستەی بریندار بووە. ئەحمەد محەمەد عەلی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵم میدالیای بارزانی ماندوو بوونی ٥١ ساڵەی خەباتی پێشمەرگایەتی لێ ڕەواندم و بۆمن جێگەی شانازییە کە میدالیای بارزانیم وەرگرتووە.)**

## حکمەت عەلی عەبدولکەریم



حکمەت عەلی عەبدولکەریم ناسراو بە حکمەتی مەلا عەلی ساڵی ١٩٣٦ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوە و ساڵی ١٩٥٤ چووەتە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ حەمەئاغای سلێمانی و چەند ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکرات لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ناوچەی سلێمانی گیراوە و بۆ ماوە پێنج مانگ زیندانی بووە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، سەرلەنوێ لەگەڵ ئەحمەد فەرەج یەکێک لە خەباتکارانی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکرات، بە تۆمەتی کوشتنی جێگری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی عێراق "ئەمن" لە هەڵەبجە، فەرمانی گرتنی دراوە، پۆلیسی عێراق چووەتە سەر ماڵەکەی کە بیگرێت، بەڵام ناوبراو لە ماڵ نەبووە، هەربەم بۆنەیەوە ڕووی لە چیای شنروێ کردوە و لەوێ خەریکی کاری ڕێکخستن بووە. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا، حکمەتی مەلا عەلی لەگەڵ شێخ حەمەدەمین شێخ عەبدوڵا، عەلی شاوەیس و چوار کەسی تر مەفرەزەیەکی ٧ کەسیان پێکهێناوە و بە هاوکاریی عەشایری ناوچە و ژمارەیەک پۆلیسی لایەنگری شۆڕش، شارۆچکەکانی تەوێڵە، سۆسەکان و بیارەیان لە دوژمن پاک کردوەتەوە.

حکمەتی مەلا عەلی و مەفرەزەکەی لە شەڕی پردی زەڵم بۆ یەکەم جار چەکی کلاشنکۆفیان لە دوژمن گرتووە و بە وتەی هەڵگوردی کوڕی، حکمەت یەکەم پێشمەرگە بووە لەو ناوچەیە کە چەکی کلاشینکۆفی لە شان کردوە. ساڵی ١٩٦٢ ناوبراو کراوە بە کادیری ڕێکخراوی خورماڵ و دواتر کادیری ڕێکخراوەکانی نەوڕۆڵی و عەبابیلە بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول بەشداریی شەڕەکانی بیرکێ و سوارە، قەمەرە ڕێ، زمناکۆ، هانە زەرد، ملەی سەرتەک، بانی بەمۆ، بانی خۆشک، کانی حمە کەریم، باخ هەنارە، حاجی لەرە، محمود قەجەر، گۆڕەشەل، زەڵم، بیارە، دۆڵە سوور، ناڵپارێز،



قایە و شەڕەکانی بەدرە و جەسانی کردوە و تا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەندام لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە و بەرپرسی ڕێکخراوی عەبابیلە بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حکمەتی مەلا عەلی لەگەڵ ژمارەیەک کادیر و پێشمەرگەی ناوچەی هەڵەبجە پەڕیوەتەوە بۆ نەوسود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەوێ لە چوون بۆ ئێران پەشمان بووەتەوە و لەگەڵ چەند کەسیی تر بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی ڕژێمی عێراق گەڕاوەنەتەوە بۆ هەڵەبجە و لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٥دا سەرلەنوێ لەگەڵ، مەلا عارف، حەمەدمین فارس و حەمەی ڕەمەزان دەستیان کردوەتەوە بۆ ڕێکخستنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی ناوبراو ساڵی ١٩٧٧ لە هەڵەبجە دەستی کردوەتەوە بە ڕێکخستنەوەی ئەندامانی پارتی و ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە، بەڵام ئازادیان کردوە و لە سەرەتای ١٩٨٠دا سەرلەنوێ گرتوویانە و دوای ئەشکەنجە کردنێکی زۆر و ڕاگرتنی بۆ پترلە مانگێک لە زینداندا، ئازادیان کردوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان ناوبراو ڕووی لە شاخ کردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی نادر عەلی هەورامی لە ناوچەکەدا.

ساڵی ١٩٨٠، حکمەتی مەلا عەلی بەرپرسی سەربازیی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بووە و تا ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی چەندانی شەڕی لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور کردوە، وەک: شەڕەکانی زەڵم، ئەحمەدئاوا، هانەی قول، ملەقۆنەرە، خۆرنەوەزان و ساڵی ١٩٨٩ لە لەگەڵ لقی ٤ی سلێمانی بەشداریی کردوە لە گرتنی شاری هەڵەبجەدا. ناوبراو لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەندام میحوەری هەڵەبجە و شارەزوو بووە. ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە بەرپرسی بەشی شەهیدانی پارێزگای سلێمانی و ساڵی ١٩٩٤- ١٩٩٥ بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی بەرەی کەرکوک- سلێمانی بووە و پاش دامەزرانی لقی ١٢ پارتی دیموکرات لە هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٩٥، ئەرکی بەرپرسایەتی بەشی شەهیدانی لقی ١٢یان داوەتێ. ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای باڵای ئەیلول

دامەزرا، حکمەتی مەلا عەلی لەگەڵ حەمید ئەفەندی، ڕەسوڵ فەقێ، پوورزا گوڵەباغ ، نەسرەدین هەورامی و سەیدۆ یوسف حامد ئەندامی لیژنەی دامەزرێنەری ئەو دەزگایە بووە. یەکێک لە مامەکانی بەناوی مەهدی ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی عەربەت دا شەهید بووە. حکمەت عەلی عەبدولکەریم ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٢٤ کۆچی دوایی کردوە.

## یار ئەحمەد ئەفراسیاب



یار ئەحمەد ئەفراسیاب ناسراو بە یارئەحمەد بەگ ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی بیارە لەدایک بووە. ئەفراسیاب بەگی باوکی لە سەردەمی عەشایریی و حکومەتی ڕەزاشادا کە هێڵی سنوری دەستکرد لە هەورامان دیاریی نەکرابوو، حاکمی ناوچەکانی دەڕەی مەڕ، سەرگەرد، گوڵپ، نارنجڵێ، گەچێنە، بنجەی دڕە، خارگێڵان، بیارە، هانی گەڕمەڵە، بێرواز، کەێمنە لە هەردوو بەشی سنوری ئێستای ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بووە. یار ئەحمەد کە کەسێکی خاوەن موڵک و دەستڕۆیشتوو بووە، بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول بە دوای کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا هەندێک شەڕی عەشایریی لەلایەن حکومەتی عێراق و شیوعییەکانەوە بۆ دروست بووە. ساڵی ١٩٦١، بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت، بە نامەیەک ڕای یار ئەحمەدی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی شۆڕش پرسیوە و ئەویش بەڵێنی هاوکاریی پێداوە. هاوکات لەگەڵ دانی ئەو بەڵێنیە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکی ناوچەکەیان مەخفەری بیارەی چەک کردوە. بە چەککردنی ئەو مەخفەرەیە، پۆلیسەکانی مەخفەری "سۆسەکان"یش مەخفەرەکەیان بەجێهێشتوە و لە نزیک تەوێڵە خۆیان تەسلیمی چەکدارەکانی سەربە یار ئەحمەد کردوە و ناوچەکە بە تەواویی کەوتووەتە دەست خەڵک. هەروەها لەگەڵ نزیکەی ٤٠ چەکدار چووە و تۆنێلی دەربەندیخانی گرتووە، بەڵام دوو فڕۆکە تەقەیان لێکردوە و ئەوانیش ڕایانکردوە و تونێلەکەیان بەجێهێشتوە.

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، یارئەحمەد بەگ چووەتە ڕیزی خەباتکارانی ئەوکاتەی پارتی دیموکرات لە هەورامان و لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی، فازل سۆرانی، ساڵح پێداوی و نەوشیروان مەستێ هاوکاریی کردوە و بەرپرسی هێزی بەرگری میللی ناوچەی هەورامانی لهۆن

بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لەگەڵ نزیک بە ٥٠٠ پێشمەرگە چوون بۆ سەربازگەی سەید سادق و خۆیان ناساندوە و چوار کلاشینکۆف، دوو بڕنوی وەسەت و چەند تفەنگ و دەمانچەیەکی داوەتەوە بە ڕژێم و ئەوانیش نامەیەکیان داوتێ کە بچن لە سلێمانی ٦٥ دینار وەرگرن و دوای وەرگرتنی ئەو پارەیە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان.

ساڵی ١٩٧٨ ڕژێمی عێراق گوندەکانی ڕووخاندوە و یار ئەحمەد بە ناچار لە هەڵەبجە نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا هەڵگیرسا، ناوبراو لە هەڵەبجە خەریکی کاسپی بووە کە بەڕێوەبەری ئیستخبارات و ئەمن هاتوونەتە لای و گوتوویانە فارسی مەجوسی شەڕمان پێدەفرۆشێ و تۆ و میرزا حەسەنی شارەزوور و شێخ کەمال شێخ ڕەشید دەبێ یارمەتیمان بدەن. پیاوانی حکومەت دەیانویست خاڵە یارە چەکیان بۆ هەڵگرێ کە ناوبراو داوایان لێدەکات: دێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە و سێ پێشمەرگە کە لەژێر ئیعدامدا بوون لە زیندان ئازادیان بکەن. هۆشمەند یار ئەحمەد بەگی کوڕی لەو بارەیەوە دەڵێت:


**- (مقەڕی پێشمەرگەکان لە کەڕەجاڵ بوو. باوکم نامەیەکی بۆ نادر هەورامی نارد و دۆخەکەی پێڕاگەیاند. لە جیاتی نادر هەورامی، کاک مەسعود وەڵامی نامەکەی دایەوە و نوسیبووی چەک هەڵنەگرن و بەپەلە وەرنە دەرێ.)**

یار ئەحمەد ئەفراسیاب بە وەرگرتنی ئەو نامەیەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨١دا لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی دەچێتە کەڕەجاڵ. بۆ ماوەیەک لە وشکەناو لە مقەڕی پێشمەرگەکان بوون. هۆشمەند، بەختیار، نەوشیروان و ئەرجومەندی کوڕی چەک هەڵدەگرن و دەبن بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٥، ناوبراو چووەتە گوندی قەڵاجێ لە ناوچەی هەورامانی تەخت. ساڵی ١٩٩١، دوای ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و کراوە بە ئەندامی بەشی کۆمەڵایەتی لقی چوار. ساڵی ١٩٨٣ ئەرجومەندی کوڕی لە شەڕی ئەحمەدئاوا شەهید بووە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا چووەتە ناوچەی هەڵەبجە.

یار ئەحمەد ئەفراسیاب ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٩، ناوبراو بە نوێنەرایەتی خەڵکی هەڵەبجە بەشداریی هەڵبژاردنی کوردستانی کوردوە و لەسەر لیستی زەردی

پارتی دیموکرات، بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٥ کە کۆچی دوایی کردوە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.

# فەتحولا حەسەن عەلی



فەتحولا حەسەن عەلی ناسراو بە سەید فەتحولا کاکەیی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی تۆپزاوا لە قەزای داقوق لە پارێزگای کەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ بەرلە تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی لە داقوق چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ی کەرکوک و کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی داقوق و ساڵی ١٩٦٥ کراوە بە ئەندامی لقی ٣ی پارتی دیموکرات. لە ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٠ بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوکی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، سەید فەتحولا کاکەیی کراوە بە سەرۆکی سەندیکای جوتیارانی چەمچەماڵ و ساڵی ١٩٧٣ ئەرکی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی لە کەرکوک پێسپێردراوە.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بەدژی گەلی کورد هەڵایساندەوە، سەید فەتحولا کاکەیی لە ناوچەی هەڵەبجە بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی دژ بە ڕژێم کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە نەوسود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و لەوێشەوە بردویانە بۆ لیقوان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گولان، ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧دا گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە ناوچەی مەریوان و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە.

بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا سەید فەتحولا کاکەیی کراوە بە ئەندامی کارگێڕ و بەرپرسی ڕێکخستنی لقی ٣ی پارتی. ساڵی ١٩٨٠ لە شەڕی گەرمیان بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی شەڕی گوندی شێخ مارینی لە ناوچەی شاربازێر کردوە و ساڵی ١٩٨٧ لە شەڕی ئازاد کردنی قەرەداغدا




بەشدار بووە. هەروەها یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شەڕەکانی سەرتک و تاوگۆزی لە ناوچەی هەورامانـدا. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ لقی ٣ی کەرکوک بەشداریی ڕاپەڕینی سلێمانی و کەرکوکی کردوە و هەر لەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی لقی ٣ لە دەربەندیخان.

ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە قایمقامی چەمچەمال و ساڵی ١٩٩٧ پۆستی جێگری پارێزگای کەرکوکیان داوەتێ کە سەرەتا نەجات حەسەن و دواتر نیزامەدین گولی پارێزگاری بوون. سەید فەتحوڵا کاکەیی جگەلە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات بەشداریی کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتیشی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/١٩ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

## نـەسرەدین عـەبدولا حـەمـە حوسێن




نەسرەدین عەبدولا حەمە حوسێن ناسراو بە نەسرەدین هەورامی ساڵی ١٩٤٠ لە تەوێڵە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی سەرەتایی لە تەوێڵە تەواو کردوە و وک خۆی دەڵێت قورئانی خەتم کردوە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات لە تەوێڵە کە کوێخا ڕۆستەم، محەمەدی حەمە سەعیدی کەریمە درێژ، هادی محەمەد سانا ئەحمەد لەو ڕێکخراوەدا بوون و کەریم دەروێش خەڵکی سلێمانی بەرپرسیان بووە نەسرەدین هەورامی وەک خۆی دەڵێت ڕۆژی ١٩٦٢/٢/٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە ئاغجەلەر و ساڵی ١٩٦٣ گواستراوەتەوە بۆ بەتالیونی ٧ی هێزی خەبات لە بیارە کە جەمال نامیق فەرماندەی بەتالیۆن و عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی بووە و لەو بەتالیۆنەدا بەشداریی شەڕی هەڵەبجەی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٣ زەعیم سدیق یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای عێراق بە هێزێکەوە هات کە هەڵەبجە بگرێ کە ئێمە پێشمەرگەکان لەسەر پردی زەڵم لێماندا. عەزیز ئەتروشی، فازل تاڵەبانی، نەوشیروان ئەحمەد بەرپرسمان بوون و حەمەی فەرەجی قالەسوور فەرماندەمان بوو. لەو شەڕەدا حەوت پێشمەرگەمان بەو ناوانە شەهید بوون: عەلی ئەحمەد، مامۆ ئەمین، حەسەن هانەسووریی، نازم خورماڵی، حەمە گوڵپی، کەمال سەلیم و کەسێکی تری خەڵکی ئێناخی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە من ناوەکەیم لەبیر کردوە. بە دوای ئەو شەڕەدا دوژمن خۆی ڕێکخستەوە و ئەم جارە هات بیارە و تەوێڵە بگرێ کە ئێمە لە بەتالیۆنی ٧ دا، سەرلەنوێ لێماندا و بەرەوە خورماڵ و هەڵەبجە کشانەوە.)**

لە ساڵی ١٩٦٣ەوە، نەسرەدین هەورامی لەگەڵ پێشمەرگەکان بە مەفرەزە چووەتە هەڵەبجە و وەک خۆی دەڵێت شەوانە هەڵەبجە لەدەست پێشمەرگەدا

بوو و بە ڕۆژیش سوپا حوکمی تێدا کردوە. ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات جیابووەوە، ناوبراو لەگەڵ ئەنوەر مایی، میرۆ بارزانی، فازل تاڵەبانی و ڕەشید سندی بەشوێن ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانیدا چوون بۆ بانیخێلان، بەڵام ئەوان ڕایانکردوە و تا قەرەداغ و شاربازێر بەدوایان کەوتوون، تا لە سنوری بانە ئاودیوی ئالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بە دوای دەرچوونی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە باشوری کوردستان، هێزی خەبات و بەتالیۆنی حەوت بە دژی حکومەتی عێراق لە شاربازێر، بەمۆ، تاوگۆزی، شەمیران، نەوڕۆڵی، شارەزوور، هەورامان، سەید سادق، سورێن، پێنجوێن، چوارتا، ئەزمەڕ و ماوەت کە سنوری چالاکییەکانی هێزی خەبات بووە، شەڕیان کردوە و نەسرەدین هەورامی سەردەستە، جێگری سەرپەل، سەرپەل و بەرپرسی لقی هەورامان بووە. دەربارەی کێشەی نێوان پارتی دیموکرات و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٦ کە مام جەلال چەکی هەڵگرت، لە سلێمانییەوە هاتن بۆ هەڵەبجە و لەوێوە هاتن بۆ باڵانبۆ بۆ پشت ئەبابەیلە و لەوێ لە ئێمەیان دا و چوار پێشمەرگەیان بەم ناوانە شەهید کردین: عەزیز ئەتروشی، عەلی ڕەشاش، ئەحمەد بەکراوەیی و مەنوچێر بەکیا.)**

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، نەسرەدین هەورامی بە پلەی ڕەئیس عورەفا کراوە بە فەرماندەی فەوجی سنوری پێنجوێن و دواتر گواستراوەتەوە بۆ نەوڕۆڵی، شەمشێر کول و سەراو. ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە سەرلقی هێزی بەمۆ لە هێزی خەباتدا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووە بۆ نەوسود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام باوکی بەشوێنیدا چووە و گەڕاندویەتەوە بۆ تەوێڵە و حکومەتی عێراق گواستویەتەوە بۆ ڕۆمادی. سێ مانگ لە ڕۆمادی بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ تەوێڵە و لەگەڵ عەبابەکر نۆدشەیی، عەبدولوەهاب عەبدولخالق عەبدولوەهاب، ڕەئیس عورەفا حوسێن حامید و عەیکەی گوڵپی کاری ڕێکخستنیان کردوە و لەم بارەیەشەوە نادر عەلی هەورامییان ئاگادار کردوەتەوە، وەک خۆی دەڵێت دوو جار گیراوە، بەڵام بە هەوڵی خاڵۆزایەکی کە قایمقامی عەربەت بووە لە زیندان ئازادیان کردوە.

ساڵی ١٩٧٧، نەسرەدین هەورامی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی گوندی گەچێنە لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەی خورماڵ

و دوای بینینــی نــادر هەورامــی لەگەڵ دە پێشــمەرگە گەڕاوتەوە بــۆ شــاخ و کردویـانە بە فەرمانـدەی کەرتـی هەورامـان و بەشێوەی مەفـرەزەی گەڕۆک و دەستوەشـێن لە ناوچەکـانی تەوێـڵە، بیـارە، سۆسـەکان، دەرگـای شـێخان و خورمـاڵ لە دوژمنیـان داوە. سـاڵی ١٩٨٧ چـووەتە لقـی چـواری سـلێمانی لە قەرەداغ و لەگەڵ حەمید ئەفەندی سەرلق و فایق تۆفیق، کەمال حەسەن و دواتــریش عیــزەدین بەرواری کــارگێڕانی لــق بــووە. بە دوای ئەنفــال و کیمیابـارانی هەڵەبجەدا گەڕاوەتەوە بۆ کەرەجـاڵ و مەریوان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دواتـر لە بـنکەی پێشـمەرگەکان لە ئەحـمەد ئـاوا بـووە. سـاڵی ١٩٩١، لە ڕاپەڕینـدا بەرپرسـی نـاوچەی دەربەنـدیخان بـووە و بەشـداریی ڕاپەڕینـی دەربەنـدیخانی کـردوە. سـاڵی ١٩٩٢، مـاڵەکەی لە مەریـوانەوە هێناوەتەوە بۆ سلێمانی و کراوە بە کارگێڕی لق و بەرپرسی سەربازی کە قادر قـادر بەرپرسـی لـق بـووە. لە سـەردەمی شـەڕی ناوخۆییدا گواستویەتەوە بـۆ هەولێـر. سـاڵی ٢٠٠٠ لە لقـی تـازە دامەزراوی پـارتی دیموکراتـدا کـراوە بە کـارگێڕی لـق و سـاڵی ٢٠٠٢ کـراوە بە ئەنـدامی دەزگـای بـاڵای ئەیلـول لە شـەقڵاوە و سـاڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە. نەسرەدین عەبدوڵا حەمە حوسێن چوار جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٦ لە زمنـاکۆ، سـاڵی ١٩٦٨ سەرلەنوێ لە دەرەکی زمناکۆ، ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٨ لەگەڵ سوپای ڕزگاریی شێخ مادیح لە هەورامان و ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆ. دوای ڕاکردنـی بـۆ شاخ لە سـاڵی ١٩٧٧دا، هاوسـەرەکەی و چـوار لە منـداڵەکانی گیـراون و وەک خـۆی دەڵێت بـۆ مـاوەی نـزیکە بە ١٠ مانـگ لە سلێمانی زینـدانی بـوون و دواتـر بە لێبـوردنی گشـتی لە زینـدان ئـازاد کـراون. دایـک و بـاوکی وەبەر ئەنفـالی هەڵەبجە کەوتـوون. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یـوبیلی زێڕینـی پـارتی دیموکراتـدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(وادەزانم کە هەموو دنیا هــی مــنە. پێشــمەرگەی ٥٢ ســاڵەم و لە پێنــاو نەتەوەکەمــدا شــانازی بە خزمەتەکانم و میدالیای ڕێزلێنانی بارزانی دەکەم.)**

## چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣، لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە. ژمارەیان ٣٧ کەسایەتی و خەباتکار و خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرە، لەگەڵ هونەرمەند شوان پەروەر کە لەنێوان کۆنگرەی ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتدا، ڕۆژی ٢٠٠١/٦/٣ میدالیای پێدراوە. بەم جۆرە گروپی چوارەم دەبێتە ٣٨ کەسایەتی.

لەو ٣٨ کەسایەتییە، ژیاننامەی ٢٠ کەسایەتم لە بەرگی یەکەمی کتێبی میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێناندا بڵاوکردوەتەوە و لەم بەشەشدا ژیاننامەی ١٧ کەسایەتیان بەشێوەی خوارەوە بڵاودەکەمەوە. پێویستە بڵێم کە لەگەڵ هەوڵی زۆرم، دەستم بە عەلی شنگاری ڕانەگەیشت:

## غەزالی ئیبراهیم ئاغا



غەزالی ئیبراهیم ئاغا چەمی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی چەم لە ناحیەی شێروان مەزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ بەدوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی پۆلیسی گوندەکانی شێروانی مەزن و بیرەکەپران دا. ساڵی ١٩٤٥ بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی و یاوەرانی و بنەماڵەکەی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیادا، ئاوارەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشدار بووە لە شەڕی دەشتی شنۆ. یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بووە لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەڕینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان دوورخراوەتەوە و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە موسڵ دامەزراوە.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، غەزالی ئیبراهیم ئاغا چەمی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ ئەحمەد مستەفا کانی لەنجی پێشمەرگە بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو گەڕاوەتەوە سەر کاری خۆی لە ئیدارەی کشتوکاڵی موسڵ و ساڵی



١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەحمەد مستەفا کانی لەنجی. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاهی و دواتر لە جهروم و شاهرود لە پارێزگای سمنان نیشتەجێ کراوە.

غەزالی ئیبراهیم ئاغا چەمی ساڵی ١٩٧٧ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەگەڵ قواتی بارزان بووە و بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی گەلی ڕەش و بارزان. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هێزەکانی قواتی بارزان بە سەرۆکایەتی دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەشداریی ڕاپەڕین و شەڕی کۆڕێی کردوە. ئیسماعیل غەزالی کوڕی ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی پ.ک.ک دا شەهید بووە و برایەکی بەناوی سلێمان ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراوە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٠ لە گوندی چەم کۆچی دوایی کردوە.

## مەحمود حەسەن مەحمود



مەحمود حەسەن مەحمود ناسراو بە حاجی مەحمودی گەورەدێ ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی گەورەدێ لە ناوچەی شینکایەتی سەربە قەزای چوارتا لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦١/٩/١ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەربە مەلا ڕەسوڵ هەڵەدنی بووە. بەشداریی شەڕی تەگەران لە ناوچەی چوارتای کردوە و دەڵێت: **(بەداخەوە لەو شەڕەدا مەحمود کاوانی شەهید بوو.)** یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ مام جەلال چووە تا بە هاوکاری کەمال شێخ غەریب کە کاربەدەستی حکومەتی عێراق بووە، پێنجوێن چەک بکەن، بەڵام بەرلە چەککردنی مەلا ڕەسوڵ لە شەڕی ناڵپارێز شەهید بووە و ئەوانیش نەیانتوانیوە سەرکەون.

لە مانگی فیبرواریی "شوبات" ١٩٦٤دا بەشداریی کۆنگرەی ماوەتی کردوە کە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەیەوە بۆ دەرکردنی بارزانی لە پارتی دیموکرات پێکهات، بەڵام حاجی مەحمود بەدوای کۆنگرەکەدا لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە پێشمەرگەکان، ڕیزی ئیبراهیم ئەحمەدی بەجێهێشت و گەڕایەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی کوێخا عەبدوڵا چۆخماخ لە هێزی ڕزگاری و لەوێوە گواسترایەوە بۆ بەتالیۆنی ٣ی هێزی ڕزگاری کە عەبدوڵا حاجی ڕەشیا فەرماندەی بووە. لەو لقەدا بەشداریی شەڕەکانی دابان لە سەرگەڵو، تاسلوجە و شەڕی پیرکەی لە ناوچەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٦دا کردوە.

ساڵی ١٩٧٠، بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی سلێمانی و ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ لقی سەلیم فەقێ عەبدوڵای جاف بووە. ساڵی ١٩٧٥ لە چوون بۆ ئێران خۆی پاراستوە و ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان کەوتووە و یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی حیزبی سۆسیالیست کە لە کۆتایی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شەڕی بازێی کردوە، بەڵام هەرلەوێ لە پارتی

سۆسیالیست جیا بووەتەوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات. بە دوای شەڕی بازێ دا چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەچی لە گوندی کەوپەڕ لەگەڵ ئازاد خەفاف "هەژار" لەلایەن ساواکی ئێرانەوە گیراوە و دوای ماوەیەک لە تاران ئازادیان کردوە.

حاجی مەحمودی گەورەدێ یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و ڕەوانەی ناوچەی هەورامانیان کردوە و لە گوندەکانی کێمنە و بێرواز و دواتریش لە دزڵی مەقەڕی دانـاوە. ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا، گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی سلێمانی و لە خۆرنەوەزان بووە و بەشێوەی مەفرەزەی گەڕۆک دەستی لە سوپا و جاشەکانی سەربەحکومەت وەشاندوە.

ساڵی ١٩٨١ سەرلەنوێ چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیست و ساڵی ١٩٨٣ گەڕاوەتەوە لای پارتی دیموکرات. ناوبراو دەربارەی پێوەندییە سەرەتاییەکانی نزیکبوونەوەی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت:

**- (لەو ساڵەدا لیژنەی ناوچەی دوکان پێکهات و من کرام بە ئەندامی لیژنەی شەهید عوسمان قادر و دواتر بووم بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٨٦ دەفتەری سیاسی کرا بە دووبەش. کاک ئیدریس هاتە سەردەشت و بە مام جەلالی گوت با یەک بگرین. ئەگەر تۆ شاخ هەڵدەبژێری ئێمە لە دۆڵ دەبین و ئەگەر تۆ دۆڵ هەڵبژێری ئێمە لە شاخ دەبین، با پێکەوە لە حکومەت بدەین. بە دوای ئەوەدا کە بەرەی کوردستانی پێکهات ئێمە ساڵی ١٩٨٧ مەقەڕەکەمان بردە ناوچەی هەڵەدن و پێکەوە لە لەگەڵ بەرەی کوردستانی چیای گۆجارمان لەسەر گەورەدێ لە هێزەکانی دوژمن پاک کردوە.)**

ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفالدا، مەحمود حەسەن مەحمود چووەتە بانە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ لقی سێی هێزی ڕزگاری کە بارەگاکەی لە نۆکان و بێتوش بووە. مانگی حەوتەمی ساڵی ١٩٩٠ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ پیرە مەگرون و مانگی دەی ئەو ساڵە لەگەڵ دوو مەفرەزەی ٢٥ کەسی کە نەجات حەسەن فەرماندەی یەکێک لەو مەفرەزانە بووە، بە ژمارەیەکی زۆر نامەی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە هاتوون بۆ ناوچەی سورداش. نەجات حەسەن بۆ گەرمیان و حاجی برایمیش بۆ پیرەمەگرون دیاریی کراون کە نامەی بارزانی

بە کەسایەتییەکانی کۆمەڵگای پیرەمەگرون بگەیەنێت کە نامەکانی گەیاندوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بە دوای گەیاندنی نامەکاندا گیراوە. تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ لە زیندانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بووە و لەو ڕۆژەدا کە سلێمانی ئازاد کرا، ناوبراویش لە زیندان ئازاد بووە و گەڕاوەتەوە بۆ لقی سێ. پێویستە ئەوە بڵێم کە نامەی ڕێزدار مەسعود بارزانی بۆ کەسایەتییەکان، داواکاریی بارزانی بووە لێیان کە بەشداریی ڕاپەڕینی چاوەڕوان کراو بکەن.

هاوینی ساڵی ١٩٩١، حاجی مەحمودی گەورەدێ کراوە بە فەرماندەی هێزی سەرگەڵو و تا ساڵی ١٩٩٢ لەو هێزەدا بووە و دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ وەک ئەندامی فەخری لەو هێزەدا ماوەتەوە و ساڵی ١٩٩٥ سەرلەنوێ کراوە بە فەرماندەی فەج و لەگەڵ دوکتۆر ڕۆژ شاوەیس بووە.

حاجی مەحمودی گەورەدێ پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بووە، سێ جار لە شەڕەکانی پیرگر لە ساڵی ١٩٦٦، خۆرنەوەزان لە ساڵی ١٩٨١ و دوکان لە ساڵی ١٩٩٦دا بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە خۆشیان چاوەکانم پڕ بوون لە ئاوا و لەخوا پارامەوە کە چیتر کورد توشی نەهامەتی نەبێت.)**

## جەمال حامید ئەسعەد



جەمال حامید ئەسعەد ناسراو بە جەمال بەختیار ساڵی ١٩٢٥ لە سلێمانی لەدایک بووە. چونکە حامید ئەسعەدی باوکی فەرمانبەری حکومەت بووە، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لە هەڵەبجە ژیاوە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی خوێندوە. هەرلە سەرەتای منداڵییەوە، ناوبراو خولیای وێنەکێشان بووە و لەگەڵ چوونەسەری تەمەنی ئەو بەهرەیەی گەشەی سەندوە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بە ڕاسپاردەی مامۆستا گۆران شاعیری ناسراوی کورد کە پورزای بووە، بنەماڵەکەی ویستویانە جەمال ڕەوانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بکەن، ناوبراو بەرلە چوونی بۆ بەغدا لە سلێمانی بە خزمەت مامۆستا عەبدولواحید نوری ئەندامی کۆمەڵەی هیوا و دۆستی نزیکی ڕەفیق حیلمی سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا گەیشتوە و دوای ئەو دیدارەی، کێشی بەرەو خەباتی سیاسی پەیدا کردوە و ساڵی ١٩٤٢ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی هیوا و بەهۆی هاوکاریی کردنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە وازی لە خوێندن و چوون بۆ بەغدا هێناوە و ساڵی ١٩٤٣ لە ئیدارەی گومرگی قەڵادزێ دامەزراوە. ساڵی ١٩٤٤، بەهۆی گوشاری ڕژێمی پاشایەتی سەبارەت بە چالاکییەکانی لە کۆمەڵەی هیوادا، جەمال بەختیار بەناچار وازی لە کارەکەی هێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بۆ بژێوی ژیانی کاری نیگارکێشیی کردوە. ناوبراو بەرە بەرە بە ڕادەیەک لەگەڵ هونەری هێڵکاری بە پێنوسی خەڵوز و کێشانی پۆرترێت بە پاستیل ڕاهاتووە کە وێنەی ڕەش و سپی فۆتۆگرافی کردوە بە پۆرترێتی ڕەنگی و هەندێک جاریش تابلۆی هونەرمەندە جیهانییەکانی گواستوەتەوە.

دوای گۆڕانکاری لە کۆمەڵەی هیوادا و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥دا و دامەزرانی پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی" لەلایەن

مەلا مستەفا بارزانییەوە و سەرئەنجام شکانی شۆڕشی بارزان و پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٤٥/١٠/١١دا، جەمال بەختیار نەیتوانیوە گۆشەنشین بێت و داوای لە مامۆستایان ئیسماعیل شاوەیس و شێخ لەتیفی حەفید کردوە کە یارمەتی بدەن بچێت بۆ مهاباد و هاوکاریی کۆماری کوردستان بکات. بەم بۆنەیەوە، لەو بەرێزانە نامەیەک بۆ مستەفا خۆشناو "دژوار" وەردەگرێ. ناوی نهێنی مستەفا خۆشناو لە کۆمەڵەی هیوادا دژوار بووە.

جەمال بەختیار لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی ١٩٤٦ بەرەو مهاباد کەوتوەتەڕێ و خۆی گەیاندوەتە گوندەکانی مێرگەنەخشینە و ئاخکەند لە بەرەی شەڕی مەلقەرەنی کە بارەگای مستەفا خۆشناو فەرماندەی هێزی دووەمی بارزانی لێ بووە و بە یارمەتی محەمەد مەحمود قودسی و نوری ئەحمەد تەها، نامەکەی گەیاندوەتە مستەفا خۆشناو و ئەویش بە نامەیەک، جەمال بەختیاری بە سەرۆک مستەفا بارزانی ناساندوە.

بە پێشنیازی مستەفا خۆشناو، جەمال بەختیار تابلۆیەکی لە پێشەوا قازی محەمەد و سەلاحەدین ئەیوبی دروست کردوە. سەرۆک بارزانی کاتژمێر ٩:٣٠ی ڕۆژی ١٩٤٦/٦/٢٠، جەمال بەختیاری لەگەڵ خۆی بردوەتە خزمەت پێشەوا قازی کە تابلۆکەی پێشکەش بە پێشەوا بکات. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: **(ئەو ڕۆژەی کە من بە یاوەریی ژەنەراڵ بارزانی دیارییەکەم بردە خزمەت پێشەوای نەمر، سەرتۆپی سەرکەوتنەکانی ژیانم بوو. پێشەوا قازی تابلۆکەمی زۆر بە سەنگینی پەسەندکرد و فەمووی دەستت خۆش بێت، کارێکی نازدارە، دواڕۆژ هونەرمەندێکی "بەختیار"ت لێ دێت بۆ خزمەت کردنی گەلەکەت. بڕیار دەدەم لە ساڵی خوێندنی داهاتوودا لەگەڵ قوتابییانی هەڵبژێردراو، ڕەوانەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی سۆڤیەت لە "باکۆ"ت بکەن.)** هەروەکو دەزانین کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ هەرەسی هێنا و جەمال بەختیار نەیتوانی بچێت بۆ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی باکۆ، بەڵام لەو ڕۆژەوە نازناوی بەختیار لەسەر بەرهەمە هونەرییەکانییەتی و خەڵک بەو ناوە دەیناسن کە پێشەوا قازی لەسەری ناوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، جەمال بەختیار وەک خۆی دەڵێت چووەتە ناوچەی تەرگەوەڕ و بۆ چەند ڕۆژێک لە ماڵی ڕەشید بەگی هەرکی بووە و دواتر چووەتە ناوچەی مەرگەوەڕ و بۆ ماوەی ١٥- ٢٠ ڕۆژ لە تەکیەی

سەید عەبدوڵا ئەفەندی ماوەتەوە. لەوێ چاوی بە مستەفا خۆشناو و زەکیە خانی هاوسەری و سەعید فەرج برای هاوسەرەکەی مستەفا خۆشناو کەوتووتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (مستەفا خۆشناو گوتی ئێمە بەنیازین بگەڕێینەوە بۆ باشوری کوردستان و بچین بۆ لای شێخ مەحمودی حەفید لە داری کەلی و ئەگەر تۆش حەز دەکەی، دەتوانی لەگەڵ ئێمە بگەڕێیتەوە. پێویستە بڵێم هەتا ئێستا هەندێک کەس بەهەڵە لایان وایە کە چوار ئەفسەرە شەهیدەکە هەموویان پێکەوە گەڕاونەتەوە و حکومەتی عێراق پێکەوە دەستگیری کردون، بەڵام مستەفا خۆشناو، زەکیە خانی هاوسەری، سەعید فەرەجی برای زەکیە خان و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بارزان کە منیش لەگەڵیان بووم، لە گوندی لۆلان لە مزگەوتی شێخ ڕەشید بووین کە کاتی خواردنی نانی بەیانیی، ژمارەیەکی زۆر جاش، پۆلیس و سەربازی عێراقی ڕژانە سەرمان و دەستیان کەلەپچە کردین و بردیانین بۆ سیدەکان و لەوێوە بۆ سەری بەردێ و دیانا و لە قشڵەی باڤیستان لە نزیک زارگەلی و سەرئەنجام هەولێر، کەرکوک و بەغدا زیندانی کراین. لە بەغدا مستەفا خۆشناو و سەعید فەرەجیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی سەربازی و ئێمەشیان دوای چەند مانگێک گواستەوە بۆ هەولێر. بە حوکمی ئەوەی کە من پلەی سەربازییم نەبوو، پارێزگاری هەولێر ڕەوانەی زیندانی کەرکوکی کردم. لەوێ لەگەڵ جەمال قادر سوول درووو، محەمەد تۆفیق وێردی، ئەنوەر عەبدڵا و چەند ڕۆشنبیرێکی تر ئاشنا بووم و پێکەوە دەستمان کردەوە بە کاری ڕێکخستن و خەباتی نهێنی. تا ساڵی ١٩٤٩ لە زیندانی کەرکوک ڕایانگرتم و دواتر لەگەڵ ئەو کەسانەی ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، وەک دەستبەسەر ڕەوانەی هەولێریان کردین.)

لە هەولێر، بە پشتگیریی عەونی یوسف، قاسم مەلا ئەفەندی و موحسین دزەیی، جەمال بەختیار دوکانێکی بچووکی وێنەگری بۆ بژیوی ڕۆژانەی لە تەنیشت دوکانی حوسێن حەلاق دادەنێ و وەک خۆی دەڵێت خەڵکی هەولێر زۆریان خزمەت کردوە. ساڵی ١٩٥٢، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ هونەرمەندێکی لاو بە ناوی خالید سەعید بۆ جاری یەکەم لە مێژووی شاری سلێمانیدا، لەسەر ڕێگای مزگەوتی گەورە لە نزیک سینەما سیروان ستودیۆیەکی بازرگانی هونەریی کردوەتەوە. ساڵی ١٩٥٦، ڕەفیق چالاک بە هاوکاریی قادر دیلان، ڕئوف یەحیا، ئازاد شەوقی، تەها خەلیل، حاتەم

سەعید و جەمال بەختیار دەستپێشخەریی کردوە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە سلێمانی. ساڵی ١٩٥٧ حکومەتی عێراق مۆڵەتی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەی داوە و ڕۆژی ١٩٥٧/٧/٥، جەمال بەختیار بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردراوە. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: **(کۆمەڵە بە ڕێگەی چالاکییەکانییەوە یارمەتییەکی زۆری بە پارتی دیموکرات کردوە.)**

دوای گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق لە ١٩٥٨/١٠/٦دا، لە نیوەی دووەمی ئەو مانگەدا سەردانی هەولێر و سلێمانی کردوە و جەمال بەختیار توانیویەتی لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٢٠ لەگەڵ مامۆستا گۆرانی شاعیر چووین بۆ ماڵی شێخ لەتیفی حەفید و لەوێ بۆ جارێکی تریش بە خزمەت سەرکردەی قارەمانی کورد بارزانی گەیشتم.)**

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە لە ١٩٦١/٩/١١دا، جەمال بەختیار سەرلەنوێ پەنای بۆ خەباتی نهێنی بردوەتەوە و بە نەخشاندنی پۆستەری سیاسی و نوسینی سەر مانشێتی بڵاوکراوەکانی "ڕزگاری بۆ لقی چوار و مەشخەڵ بۆ لقی سێی پارتی"، هاوکاریی شۆڕشی کردوە. ساڵی ١٩٦٤ کە ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە پارتی دیموکرات جیابوونەوە، ناوبراو لایەنگریی پارتی دیموکرات و بارزانی کردوە و هاوکات لەگەڵ خەباتی نهێنی، کاری هونەری و بازرگانیشی کردوە و وەک خۆی دەڵێت تابلۆیەکی ڕۆنی بە ناوی "نازداری جافان" بە جلوبەرگی جافایەتی نەخشاندوە و بە پاڵپشتی ڕێزدار ئیدریس بارزانی، لە چاپخانەیەکی تاران هەشت هەزار کۆپی لەو تابلۆیە کۆپی کردوە. ئەو بەرهەمەی لە سلێمانی و شارەکانیتری کوردستان بڵاوکراوەتەوە و ٥٠% داهاتەکەی بۆ خزمەتکردن بە شۆڕش داوە بە لقی چواری پارتی دیموکرات لە ناوچەی سلێمانی.

دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، جەمال بەختیار لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی دامەزراوە. ناوبراو هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی ئەو کارە، لەسەر داوای شێخ محەمەد هەرسین و فرەنسۆ هەریری چووەتە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لە ناوپردان و گەلاڵە و ئەرکە هونەرییەکانی مەکتەبی سیاسی بەڕێوەبردوە و چونکە عەلی عەبدولا

پارێزگاری سلێمانی بووە، لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەیدا ئازاد بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو بە یەکجاری لە ناوپردان ماوەتەوە. دوای بۆمبارانی شاری قەڵادزێ لەلایەن فڕۆکەکانی عێراق لە رۆژی چوار شەمە ١٩٧٤/٤/٢٤، ناوبراو بە نەخشاندنی تابلۆیەک، ڕادەی بەرین بوونی کارەساتەکە و تاوانی ڕژێمی داگیرکەری عێراقی پێشانداوە و وەک خۆی دەڵێت بە بڕیاری ڕێزدار ئیدریس بارزانی ١٥ هەزار کۆپی لەو تابلۆیەی لە تاران کۆپی و لە کوردستان و جیهاندا بڵاوکراوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، جەمال بەختیار پەڕیوەتەوە بۆ شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای گۆڕستانی شازادە ئیبراهیم لە شاری کاشان لە پارێزگای ئیسفەهان. دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتە لە خوێندنگەیەکی کاشان کراوە بە مامۆستا، بەڵام لەوێ زۆر نەماوەتەوە و بە ڕاسپاردەی بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی و بە یارمەتی "ڕێکخراوی نووسەری جیهانی بۆ پەنابەران" ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٧ بە بنەماڵەوە چووەتە ئەمریکا و لە شاری بسمارک لە ویلایەتی داکۆتای ژووروو نیشتەجێ کراوە. دوای ماوەیەک ناوبراو وەک نەخشەکێش لە شارەوانی بسمارک دامەزراوە و چەندان تابلۆی جۆراوجۆری ئامادە کردوە. ڕۆژی ١٩٧٧/٤/٢٣ بە پشتگیریی بانکێک بۆ یەکەم جار بەرهەمەکانی لە پێشانگایەکدا نومایش کردوە و دواتر بە هاوکاریی لقی ٧ی پارتی دیموکرات و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، هەر ساڵەی ٣- ٤ پێشانگای لە زانکۆکانی ئەمریکا نومایشت کردوە.

ساڵی ١٩٧٩، ئارسەر لینک پارێزگاری داکۆتای ژووروو داوای لە جەمال بەختیار کردوە کە پۆرترێتی "وێنە" تایبەتی پارێزگایان بۆ بکێشێت کە ناوبراو ئەوکارەی کردوە و ئەو تابلۆیە هەتا ئەمڕۆ لە بارەگای سەرەکی پایتەختی ویلایەت هەڵواسراوە. ناوبراو بەبێ ئەوەی کە لە بواری هونەریی لە خوێندنگەیەکدا خوێندبێی، دەستی باڵای هەیە لە تێکەڵاوکردن و بەکارهێنانی ڕەنگەکاندا، جگەلە پۆرترێت و دیمەنە سروشتییەکان، دەستی باڵای لە هونەری مینیاتۆردا پەیدا کردوە. یەکێک لە تابلۆکانی لەژێر ناوی "سەمای شازادە" کە باس لە چیرۆکی هەزار شەو یەک شەو "هەزار و یەک شەو" دەکات، سەرنجی دەوڵەمەندێکی شاری بسمارکی بەناوی ڕۆلاند گۆردەر

ڕاکێشاوە. ناوبراو ئەو تابلۆیەی کە ٣- ٥ پێیە، لە بەرامبەر خانوبەرەیەکدا لە جەمال بەختیار کڕیوە و بەمەش دۆخی ئابووریی بنەماڵەکەی گۆڕاوە.

جەمال بەختیار ساڵی ١٩٨٠ لە بسمارکەوە گواستویەتەوە بۆ شاری ناشڤێل کە وەک خۆی دەڵێت پایتەختی هونەری مۆسیقایە و ژمارەیەکی زۆر لە کوردە پەنابەرەکان دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەوێ ژیاون. ناوبراو لەوێ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستانی دامەزراندوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بە ڕاسپاردەی بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی و بە هاوکاریی چەند هونەرمەند، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستانم دامەزراند. کۆمەڵەکەمان بە پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانی، لە بوارە جیاوازەکانی هونەرییدا وەک بەشداریی کردن لە فستیڤاڵەکان، پێکهێنانی ئاهەنگ و ڕێزگرتن لە بۆنە کوردییەکان، نومایش کردنی جلوبەرگی کورد، چالاکیی کەلتوریی و پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز لە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگان و هاوکاریی کردن لەگەڵ لقی ٧ی پارتی دیموکرات ڕۆڵی بەرچاوی لە ناساندنی نەتەوەی کورد و لەقاودانی تاوانی داگیرکەرانی کوردستان هەبوو.)**

لە ماوەی ژیانیدا لە ئەمریکا، جەمال بەختیار توانیویەتی دوو جار بچێتە کۆشکی سپی و دوای نزیک بە ٦٠ ساڵ ئەو نازناوەی کە پێشەوا قازی محەمەد پێی بەخشیوە، واژۆی سەر ئەو تابلۆیانەی بکات کە پێشکەشی کۆشکی سپی ئەمریکای کردوە. ساڵی ١٩٩٤ تابلۆیەکی بۆ بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەمریکا دروست کردوە و تابلۆکەی بە ڕێگای لقی ٧ی پارتی دیموکرات لە ئەمریکا بەناوی نەتەوەی کورد پێشکەشی کۆشکی سپی کردوە. ساڵی ١٩٩٦، ناوبراو بە هۆی کۆمەڵەکەیەوە توانیویەتی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی لە کۆمپانیای تاکس لە کالیفۆرنیا وەربگرێت، ئەو تەلەفزیۆنە ڕۆژانی شەممە بۆ ماوەی نیوکاتژمێر لەژێر ناوی "ئارت" پرۆگرامی بلاوکردوەتەوە و بە وتەی خۆی ئەو خاوەن بینەرێکی زۆر بووە. ساڵی ٢٠٠٣ بە دوای ڕزگاربوونی عێراق لە دەست سەدام حوسێن، تابلۆیەکی تری بۆ جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا دروست کردوە و بە ڕێگەی زەڵمای خەلیل زاد نوێنەری ئەمریکا لە عێراق گەیاندویەتە دەست سەرۆک بوش.

جەمال بەختیار زیاتر لە ١٠٠٠ تابلۆی ڕۆنی نەخشاندوە و چەندان بەرهەمی هێڵکاریشی هەیە. بەرهەمەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای

پــــارێزراون، بەڵام زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکـــانی بەرلە ســـاڵی ١٩٧٦ی فەوتـاون و تەنیا لە چەند دانەیەکیان کۆپی هەیە. ناوبراو ئەم تابلۆیانەی خوارەوە بە شاکاری بەرهەمەکانی دادەنێت:

١- تابلۆی پێشەوا قازی محەمەد و سەلاحەدین ئەیوبی، مهاباد ١٩٤٦.

٢- تابلۆی کچە کوردێکی سلێمانی، سلێمانی ١٩٥٤، ئەم بەرهەمەی دراوە بە شێخ سەمەدی خانەقایە.

٣- تـــابلۆی ســـەمای شـــەهرەزاد ســـلێمانی ١٩٥٥، ئەم بەرهەمە دراوە بە لێپرسراوی یۆنسکۆ UN ISCO لە هەولێر.

٤- تابلۆی ڕاپەڕین سلێمانی ١٩٥٦، ئەم تـابلۆیەی بەهۆی مامۆستا گـۆران و نەژاد ئەحمەد عەزیز لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە بوخارست نمـایش کـراوە و دراوە بە ئەرشیڤی لاوانی یەکێتی سۆڤیەت لە لێنینگراد.

٥- تابلۆی کیژی هەورامان سلێمانی ١٩٥٨، ئەم تـابلۆیەی کەوتـووەتە دەست باقر دووجەیلی پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی.

٦- تـابلۆی کـورد و شۆڕشـی عەبـدولکەریم قاسم، سـاڵی ١٩٥٨، ئەم تـابلۆیە دراوە بە کۆشکی سەرکۆماری عێراق لە بەغدا.

٧- تابلۆی ڕزگاری، بەغدا ١٩٥٩. ئەم بەرهەمەی لای ڕەشید عارفە.

٨- تـــابلۆی نـــازداری جـــاف ســـلێمانی ١٩٦٧، ئەم تـــابلۆیە بە پشـــتگیریی ڕەوانشاد ئیدریس بـارزانی وەک بەرهەمێکـی هـونەریی کـوردی بـۆ یەکەم جـار بەشێوەیەکی نوێ لە چاپدراوە و لە ماڵی بەشێک لە کوردەکاندا هەیە.

٩- تابلۆی کیژۆڵەی شەقڵاوە ساڵی ١٩٦٨، ئەم تـابلۆیە ژمـارەیەکی زۆری بـۆ فرۆشتن لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١٠- تـابلۆی جـوانی لادێ، سـاڵی ١٩٦٨، ئەم تـابلۆیەی لەسـەر هـۆنراوەیەکی مامۆسـتا گـۆران دروسـت کـردوە و ژمـارەیەکی زۆری بـۆ فرۆشـتن لـێ چـاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١١- تـــابلۆی مەم و زیـــن ســـلێمانی ١٩٦٣، ئەم تـــابلۆیە دراوە بە کەمـــالی فەرەجە فەنی شەهیدی کارەساتی ٩ی حوزیرانی ١٩٦٣ی سلێمانی.

١٢- تـابلۆی ژینۆسایدی ئەرمەنەکـان ١٩٦٩، ئەم تـابلۆیە بـۆ بەڕێـز شـاهین بێجان دروست کراوە و ئێستا لە کەنیسەی ئەرمەنەکانە لە بەیروت.

١٣- تابلۆی شەهید عەزیز ئەتروشی ١٩٧٢، ئەم تـابلۆیە بە پێشنیازی شێخ محەمەد هەرسین بـۆ سـەرۆک مستەفا بـارزانی دروست کـراوە، چونکە دوای

ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەو تابلۆیە لە بۆمبارانەکانی ناوچەی بارزاندا لەناو چووە، ناوبراو لەسەر داوای سەرۆک مەسعود بارزانی، بۆ جاری دووەم نەخشاندویەتی و ئێستا لای سەرۆک مەسعود بارزانییە.

١٤- تابلۆی شیرین تەشی ئەڕێسێت ساڵی ١٩٧٢، ئەم تابلۆیەی لەگەڵ عومەر عەبدولڕەحمان خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی بە هاوبەشی چاپ و بڵاوکردوەتەوە. بەهۆی جوانیی تابلۆکە، خەڵک ناوی مۆنالیزەی کوردیان لەسەر داناوە. تابلۆ ئەسلییەکە پێشکەش بە ڕێزدار قادر جەباری کراوە.

١٥- تابلۆی کارەساتی بۆمبارانی قەڵادزێ، ناوپردان ١٩٧٤، ئەم تابلۆیە وەک ئەمرازێکی ڕاگەیاندن بە پاڵپشتی و پشتگیریی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ کراوە و بە هاوکاریی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لەناو خۆ و دەرەوەی کوردستان لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە.

١٦- تابلۆی پەناهەندەیی، کاشان ١٩٧٥، ئەم تابلۆیە بۆ یارمەتی کوردە پەنابەرەکانی باشوری کوردستان دراوە بە شیروخورشید "خاچی سووری".

١٧- تابلۆی هەزار شەو شەوێک، بسمارک ١٩٧٨، ئەم تابلۆیە بۆ بەڕێز ڕۆلاند گۆردەر دروست کراوە. ناوبراو لە بەرامبەر ئەو تابلۆیەدا خانوبەرەیەکی بۆ هونەرمەند جەمال بەختیار کڕیوە.

١٨- پۆرترێتی "ئارسەرلینگ" بسمارک ساڵی ١٩٧٩، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم تابلۆیە لە بارەگای پایتەختی نۆرس داکۆتایە و بەشێوەی فەرمی لە پارێزگاکانی تری ئەمریکا نومایشت کراوە.

١٩- تابلۆی شۆڕشی گوڵان ناشڤێل ١٩٨٤، ژمارەیەکی زۆر لەو تابلۆیە چاپ و لە جیهاندا بڵاوکراوەتەوە.

٢٠- تابلۆی ڕەوی مستەفا بارزانی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٧دا، شاری ساندیاگۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ١٩٩٩، ئەم تابلۆیە پێشکەش بە سەرۆک مەسعود بارزانی کراوە.

٢١- تابلۆی کلینتۆن و پاراستنی ئاشتی و دیموکراسی، ساندیاگۆ ١٩٩٤، ئەم تابلۆیە ئێستا لە کتێبخانەی کلینتۆن سەرکۆماری پێشوی ئەمریکایە لە شاری لیتل ڕۆک لە ویلایەتی ئارکەنساس.

٢٢- تابلۆی چاوەڕوانی هەڵۆی بە بەزەیی، ساندیاگۆ ٢٠٠٣، ئەم تابلۆیە پێشکەش بە جۆرج بوش سەرکۆماری پیشوی ئەمریکا کراوە و ئێستا لە کتێبخانەی ئەو سەرۆکەیە لە شاری دالاس لە ویلایەتی تەکساس.

کاتی نوسینی ئەم کورتە ژیاننامەیەی مامۆستا جەمال بەختیار، تەمەنی نزیک بە ٩٠ ساڵە و هەرچەندە یەکێک لە چاوەکانی کەم بینا بووە، بەڵام خەریکی ئامادەکردنی تابلۆی "پێگەیاندنی ئالا"یە کە هیوادارم مەرگ مەودای بدات و بەو ئاواتەشی بگات.

لە ماوەی ژیانیدا لە ئەمریکا، جەمال حامید ئەسعەد توانیویەتی سێ جار سەردانی کوردستان بکاتەوە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەتەکانی بە هونەری کوردی و ناساندنی کورد بە گەلانی ئەمریکا بەڕێگەی چالاکییە هونەریی و فەرهەنگییەکانیدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە باوکی گەورەمان جارێکی تر وەک مهاباد پێم بفەرموێتەوە دەستت خۆش جەمال. لەبەر ئەوەی کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی وەک یەکەم هونەرمەند ئەم خەڵاتە مێژووییەی بەمن بەخشی، زۆر خۆشحاڵ بووم. لەوکاتەدا کە میدالیاکەی بە سنگمەوە دەکرد، ڕۆحیانەتی هەردوو. باوکی گەورە و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندووی هەمیشە پاڵپشتی خەباتە هونەرییەکەم، بە زەردەخەنەوە هێمای ئەوەیان دامێ کە پارتەکەت سوپاسی تێکۆشانت دەکات.)

## ئامینه خالیدئەمین مامەند



ئامینه خالیدئەمین مامەند ساڵی ١٩٥٧ له قەڵادزێ له دایک بووه. یەکێکه له ئەندامانی بنەماڵەی ڕەسوڵ مامەند کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکرات و بەرپرسی ناوچەی پشدەر له شۆڕشی ئەیلولدا و یەکێک له دامەزرێنەران و سکرتێری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان "حسک" که ساڵی ١٩٩٤ له لەندەن کۆچی دوایی کرد. ئامینه و بنەماڵەکەی بەرله کۆنگرەی ٦ ی پارتی دیموکرات که ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ له قەڵادزێ پێکهات، چوونه ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوه و له بەرامبەر ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانیدا، لایەنگریان له سەرۆک مستەفا بارزانی کرد. ئامینه ڕۆژی ١٩٧٣/٥/٨ له تەمەنی ١٦ ساڵیدا مێردی به محیەدین ڕەحیم یەکێک له فەرماندەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلول له ناوچەی قەڵادزێ کردووه و خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچێکه له ناوبراو و هەموویان له ئەمریکا دەژین.



ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئـــامینە خالیـــد لـەگەڵ هاوســـەرەکەی پەڕیـــوەتەوە بـــۆ ســـنە لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و لە کۆمەڵگـــای ســـەراوگەرم بـــووە. دوای جێگیربـــوونی بـــارزانی لە کەرەج، نـــاوبراو لەگەڵ هاوســـەرەکەی گواســـتراوەتە بـــۆ کەرەج. ســـاڵی ١٩٧٦، لەگەڵ ژمـــــارەیەک لە کـــــادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات، ئێرانیـان بەجێهێشتوە و بە ئیزنی بارزانی چوونەتە وڵاتـــی ئەڵمانیـــا، لەو بـــارەیەوە ئـــامینە خالیـــدئەمین دەڵێـــت: (ئـــێمە لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی ڕەوانەی ئەڵمانیا کراین. لەوێ تارق ئاکرەیی و سیامەند بەننا پێشوازییان کردین و بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ لە ئەڵمانیا بووین و دواتر ئێمەیان ڕەوانەی ئەمریکا کرد. محەمەد سەعید دۆسکی کە ئەوکاتە نوێنەری سەرۆک مستەفا بارزانی بوو لە ئەمریکا، پێشوازیی کردین. دوای گەیشتنمان، هەر لەو فرۆکەخانەوە ئێمەیان ڕەوانەی ویلایەتی کالیفۆرنیا کرد و لەوێشەوە ڕەوانەی شاری ساندیاگۆ کراین.)

دوای نیشتەجێ بوونیان لە شاری ساندیاگۆ، ئامینە خالید و محیەدین ڕەحیم بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی پارتی هاوکاریی محەمەد سەعید دۆسکیان کـردوە لە بوژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات لە ئەمریکا. لەو بارەیەوە ئامینە خالید دەڵێت: (بە گەیشتنمان بۆ ئەمریکا هاوسەرەکەم دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی و منیش شانبەشانی ئەو لەو ئەرکەدا هاوکاریم کرد. هەر هەفتەی لە ماڵی یەکێک لە ئەندامانی پارتی کۆدەبووینەوە. دوای ساڵێک لە کالیفۆرنیاوە گواستمانەوە بۆ ویلایەتی میشیگان و لە شاری دیترۆیت نیشتەجێ بووین. بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پیـــاوانی ڕژێمـــی دیکتـــاتۆری بەعـــس لەو ویـــلایەتەدا و بـــۆ ئەوەی چالاکییەکانی پارتی لەوێ بڵاوبکەینەوە، بۆ یەکەم جار جەژنی نەورۆزمان لە شاری دیترۆیت پیرۆز کرد).

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٧، بە ئامادە بوونی سەرۆک مستەفا بارزانی و ڕێزدار مەسعود بارزانی کۆنفرانسێک بۆ ئەندامانی پارتی دیموکرات لە ویلایەتی ڤەرجینیا لە ناوچەی واشنتن دی سی پێکهاتوە. لەو کۆنفرانسەدا محیەدین ڕەحیمی هاوسەری ئامینە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ٧ی ئەمریکا و کەنەدای پارتی هەڵبژێردراوە. لەو مانگەدا محیەدین و ئامینە ماڵەکەیان گواستوەتەوە بۆ ویلایەتی ڤەرجینیا لە نزیک واشنتن و لە ماڵەکەیاندا شوێنێکیان بۆ کاروباری لق تەرخان کردوە و ئامینە و هاوسەرەکەی لە خزمەتکردنی لقی ٧ی پارتی و ئەندامانیدا بوون، لەو بارەیەوە ئامینە خالید دەڵێت:

**- (نزیکەی ساڵێک لە شوقەیەکی دوو ژوورەدا بووین، سەرەڕای تەنگیی جێیەکە کە خۆم هاوسەرەکەم و دوو منداڵ تێیدا دەژیان، بەشێکی شوقەمان کردبوو بە مەقەڕ و بۆ یەکەم جار گۆڤاری زاگرۆس لەو شوقەیەدا چاپ و کەوتە شاری ڤێرفاکس لە ویلایەتی ڤەرجینیا لە نزیک واشنتنی پایتەختی ئەمریکا. لە مەودای ساڵی ١٩٧٧ و ١٩٨٠ چەند شوێنێکمان گۆڕی و سەرئەنجام لە شاری ڤییەنا جێگیر بووین کە خانوویەکەی تۆزێک گەورەتر بوو. لەوێ توانیمان بە ئاسانی شوێنی ماڵی خۆمان و لقی ٧ ی تێدا بکەینەوە.)**

ساڵی ١٩٨٤ محیەدین ڕەحیم بە بەرپرسی لقی٧ هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٩٢ کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان بەرپرسی لقی٧ ی ئەمریکا و کەنەدا بووە و هەموو کاروباری پارتی دیموکرات لە ماڵەکەیدا بەڕێوەچووە، لەو بارەیەوە ئامینە خالید دەڵێت: **(من پایەیەکی گرنگ بووم بۆ لقی٧، کارم دەکرد و تا لقی٧ خۆی گرت و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا، بەشێک لە پێداویستییەکانی لقم دابین دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەندامانی پارتی لەماڵەکەمدا کۆدەبوونەوە و وەکوو خێزانێک پێکەوە هەڵسوکەوتمان دەکرد.)**


ساڵی ١٩٩٢، بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، محیەدین ڕەحیم گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە لقی ٤ ی پارتی دیموکرات لە سلێمانی بەرپرسایەتی وەرگرتووە و ئامینە لە لای منداڵەکانی لە ئەمریکا ماوەتەوە و ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکرات بووە لە واشنتن، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: **(من ئەندامی ڕێکخراوی واشنتن بووم و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار دەگەڕامەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١٩٩٧/٣/١١ هاوسەرەکەی لە شەڕی ناوخۆدا لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە**

شەهید کرا. دوای شەهید بوونی، من لە ساڵی ١٩٩٨دا بە بەرپرسی ڕێکخراوی واشنتن هەربژێردرام، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکی خێزانی کە دەبووایە دوای لەدەست دانی هاوسەرەکەم کاتی زیاتر بۆ منداڵەکانم تەرخان بکەم و شوێنی دایک و باوکیان بۆ بگرمەوە و بە شێوەیەکی شیاو و ڕێکوپێک پەروەردەیان بکەم تا لەسەر ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی و قوتابخانەی بارزانی نەمر گەورە ببن، دوای ساڵێک خۆم لە بەرپرسایەتی دوور خستەوە و وەک ئەندام لە خزمەت لیژنە و لقی ٧دا بووم.)

جگە لە محیەدین ڕەحیمی هاوسەری ئامینە، دوو برای تری محیدین بە ناوەکانی محەمەد محەمەد ڕەحیم ڕۆژی ١٩٩٤/٣/١١ لە شەڕی براکوژیدا و نورەدین محەمەد ڕەحیمی لە ساڵی ١٩٨٦ شەهید بوون لەگەڵ زاوایەکی بەناوی مەلا بابیز کە ساڵی ١٩٧٩ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەلایەن بەعسیەکانەوە شەهید کراوە. ئامینە خالیدئەمین مامەند بەهۆی ئەو خزمەتانەی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر جار زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بە وشە هەستی خۆی دەربڕێت. جاری یەکەم کە ساڵی ١٩٧٧ مەلا مستەفام لە ئەمریکا بینی وەک ئەوە دەچوو کە چوومەتە بەهەشت. کە میدالیای بارزانیشم وەرگرت خۆشترین کاتی ژیانم بوو، وامزانی باڵم گرتووە بەدنیادا دەفرم. شانازی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم و بەگەورەترین خەڵاتی ژیانی خۆم و بنەماڵە و منداڵەکانمی دەزانم کە تا ئێستا لە ژیانماندا وەرمان گرتبێت.)

## ئیسماعیل ئەحمەد مەناف حەبیب



ئیسماعیل ئەحمەد مەناف حەبیب ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی سەوزبلاغ لە ناحیەی قورەتوو لە قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٢ لە بەتالیۆنی ٦ی بەمۆدا بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە سەرپەل و دواتر بەرپرسی سەربازیی بووە. وەک خۆی دەڵێت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٧٥دا بەشداریی چەندان شەڕی گەورە و بچووکی کردوە، وەک شەڕی حاجی ئۆمەران، شەڕی زۆزک، شەڕی خانەقین و شەڕی بەمۆ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئیسماعیل ئەحمەد چووەتە کۆمەڵگای ئەزەل لە زەهاو و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئابادان. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٧ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوتەوە بۆ شارەدێی ڕەوانسەر و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ کراو بە کارگێڕی ناوچەی خانەقین و بەرپرسی سەربازیی ناوچە. ناوبراو لە ماوەی شۆڕشی گوڵاندا بەشداریی چەندان شەڕی تری کردوە و ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی خواکورکدا بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینی شارەکانی باشوردا کارگێڕی لیژنە و بەرپرسی سەربازیی لیژنەی ناوچەی کەلار بووە. دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیسماعیل ئەحمەد مەناف حەبیب بە پلەی مقەدەم کراوە بە فەرماندەی لیوای دووی کەلار و تا ساڵی ١٩٩٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٩٤ کراوە بەئەندامی میحوەری نەوڕۆڵی لە هەڵەبجەی شەهید و دواتریش ئەرکی لێپرسراوی هەواڵگریی لیوای ٤٥ی گەرمیانیان داوەتێ و گواستراوەتەوە بۆ شەقڵاوە. ساڵی ١٩٩٦ لە سوپای گەرمیان کراوە بە بەرپرسی ئیداریی سوپا. لە ساڵی ٢٠٠٢دا کراوە بە ئەندامی سوپای حەمرین و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و

دواتر گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەیی گەرمیان و بە پلەی عەقید کراوەتە بەرپرسی عەمەلیاتی فەرماندەیی گەرمیان و تا ساڵی ٢٠١٠ لە ئەرکەکەیدا بەردوام بووە.

لەو ساڵەدا تووشی جەڵتەی مێشک بووە و لای ڕاستەی لەشی لەکار کەوتووە و ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە. ئیسماعیل ئەحمەد مەناف حەبیب بۆ ماوەی ٥٠ساڵ یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی ناوچەی گەرمیان و خانەقین بووە. برایەکی بەناوی نەجمەدین ساڵی ١٩٦٧ لە خانەقین و باوکی بەناوی ئەحمەد مەناف حەبیب ڕۆژی ١٩٩٢/١١/١٢ لە کەلار شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە گەورەترین شەرەف بۆخۆم دەزانم کە لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە بەمن بەخشرا. شانازیی بە میدالیای سەرۆکمان مستەفا بارزانی دەکەم.)**

# عارف عەبدوڵا فەتحوڵا



عارف عەبدوڵا فەتحوڵا ناسراو بە مەلا عارف عەبدوڵا ساڵی ١٩٢٧ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە حوجرەی فەقێیان زانستی ئیسلامیی خوێندوە. تا ساڵی ١٩٧٢ لایەنگریی لە حیزبی شیوعی عێراق کردوە و لەو ساڵەدا کە کێشە لەنێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتدا سەریهەڵداوە، لایەنگریی لە سیاسەتی پارتی دیموکرات کردوە و سەنگەری گۆڕیوە و چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مەلا عارف چووەتە ناوچەی مەریوان و لە کۆمەڵگای سەوڵاوا بووە و دوای ماوەیەک بە کەڵکوەرگرتنی لە لێبووردنی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ سەید سادق.

لە سەید سادق، لایەنگرانی هاشم ئاکرەیی لە حیزبە کارتۆنییەکەی ڕژێمی عێراقدا سەردانی مەلا عارفیان کردوە کە کاریان لەگەڵ بکات، بەڵام ناوبراو بەگوێی نەکردون. ساڵی ١٩٧٧ کەریمە سوور لە لایەن پێشمەرگەکانی هەورامانەوە نامەیەکی ئیدریس بارزانییان پێگەیاندوە کە بگەڕێتەوە بۆ دەرەوە و ئەویش لەو ساڵەدا سەید سادقی بەجێهێشتوە و ڕایکردوەتە لای پێشمەرگەکانی هەورامان لە دزڵی و دوای گەڕانەوەی بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی سەید سادق. ساڵی ١٩٧٩، بە تەقەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی برینددار بووە. ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجە و لەوێ کراوە بە کارگێڕی ناوچەی هەڵەبجە. ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٦ بەرپرسی ناوچەی سورێن بووە و دواتر ئەرکی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی دەربەندیخانیان داوەتێ کە عوسمان چاوڕەش بەرپرسی بووە و دواتر عوسمان لەوێ نەماوە و مەلا عارف جێی گرتووەتەوە و ئەکرەم حەمە عەلی،

جەمال فەتاح و تاهری مەلا عەلی ناسراو بە تاهیر ئەندامانی کارگێڕی ناوچەکەی بوون.




ساڵی ١٩٨٧، مەلا عارف عەبدوڵا گواستراوەتەوە بۆ لقی چوار و ئەندامی لق بووە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە بەرپرسی دەزگای شەهیدانی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی تەمەنی باڵای خانەنشین کراوە. نابراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە شەڕەکانی چیای شەرام، ئەحمەد ئاوا و شەڕی حاجی ئۆمەران لە ساڵی ١٩٨٠دا بەشدار بووە و لە ساڵانی نێوان ١٩٧٧ تا ١٩٨٨ بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن لە ناوچەکانی هەورامان، سەید سادق، ئەحمەد ئاوادا بووە. دوو کوڕی شەهید بوون، ڕزگار ساڵی ١٩٨٣ لە چنارە شەهید بووە و بەختیار ساڵی ١٩٨٦ لە کەڕەجاڵ لە تەنیشت ئەحمەد ئاوا لەلایەن جاشێکەوە بەناوی شەریف شەهید کراوە. برازایەکی بەناوی عەبدولڕەحمان ساڵی ١٩٨٣ لە بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق لە مەریوان شەهید بووە.

عارف عەبدوڵا فەتحوڵا ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٤ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی بەهائەدینی کوڕی ناوبراو ڕای وابووە کە میدالیای بارزانی هەموو دنیا دێنێت.

# عەبدولڕەحمان عەلی سەعید



عەبدولڕەحمان عەلی سەعید ناسراو بە عەبدولڕەحمان حاجی عەلی ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی شەعەل لە ناوچەی کەندیناوە ناحیەی دێبەگە سەربە قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٥٥/٥/١٤ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕێکخراوی قەرەچووخدا بووە. ڕۆژی ١٩٥٩/٩/٩ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە سەرباز گیراوە و لە سەربازگەی هەولێر بووە و وەک خۆی دەڵێت دوای شەش مانگ سەربازیی بەهۆی زیرەکی، پلەی سەرباز یەکەمیان داوەتێ. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سەرباز یەکەم عەبدولڕەحمان عەلی لەگەڵ فەوجی یەکەمی لیوای سێی هەولێر گواستراوەتەوە بۆ ڕەواندز و لە زستانی ساڵی ١٩٦٢دا لە مێرگەسور جێگیر کراوە. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت:

- (ئەو سریە سەربازییە ١١١ پلەدار و سەربازی کوردی هەبوو. فەرماندەکەمان ڕەئیس عورەفا ئەسعەد بەکۆ بوو. ٢٥ کەسمان بڕیارماندا، ڕابکەین و بچینە ڕیزی پێشمەرگەکان کەچی کاتی ڕاکردن ئاشکرا بووین و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گرتیانین، بەڵام چونکە بەڵگەیان نەبوو، ئازادیان کردین. دوای ١٥ ڕۆژ گواسترایىنەوە بۆ سەربازگەی باپشتیان لە ڕۆژهەڵاتی گەلی عەلی بەگ و لەوێ بینیمان ١٢٢ پلەدار و سەربازی کوردیان لە تەویلەیەکی حەیوان کردوە. دوای سێ ڕۆژ لەوێشەوە بردیانین بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ دیوانیە. من و پێنج سەربازی تریان لەوێوە گواستەوە بۆ سەربازگەی شوعیبیە لە بەسرە.)




عەبدولڕەحمان حاجی عەلی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەسرە نامێنێتەوە و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ حەوت سەربازی تر ڕادەکەن بۆ خورەمشار لە باشوری ئێران و لەوێ لەلایەن پیاوانی ئیدارەی هەواڵگری ئێران "ساواک" دەگیرێن و بە قەتار دەیانگوازنەوە بۆ تاران و لە زیندانی ئەوین زیندانییان دەکەن. بۆ ماوەی نۆ مانگ لە زیندان دەبن و دواتر دەیانبەن بۆ کۆمەڵگای کەرەج. لەو کۆمەڵگایەوە وەک خۆی دەڵێت پێوەندی بە سالار و سەردا جاف دەکەن و بە دوای ئەو پێوەندیی کردنەیان، ناوبراو لەگەڵ محەمەد مەحمود شێروانی ڕادەکات و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە دەشتی قەزوێن بەبێ نان و ئاو دەمێنێتەو. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(چاوەڕوانی مردنمان دەکرد کە سێ پاسیکل سوار هاتن و هاوکارییان کردین کە بچینە سەر جادەی ڕەئیسی تاران- هەمەدان و بە فرۆشتنی سەعات و ئەنگوستیلەکانمان، چووین بۆ هەمەدان و لەوێ بە یارمەتی دوو کوردی خەڵکی کرماشان خۆمان گەیاندە ماڵی داود بەگی جاف لە کرماشان. بە یارمەتی داود بەگی باوکی سەردار و سالار و بنەماڵەی جاف بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی هاتە لامان و ئێمەی برد بۆ مەریوان و لەوێشەوە بردیانین بۆ گوندی بنارە سووتەی پێنجوێن کە عومەر ناوێک بەرپرسی پێشمەرگەکانی ئەو جێیە بوو.)**

لە گوندی بنارە سووتەوە عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و هەڤالانی دەگوازرێنەوە بۆ ماوەت و لەوێشەوە بۆ بۆ قەڵادزێ و وەک خۆی دەڵێت ڕەئیس یوسف بەرپرسی پێشمەرگەکانی ئەو لقە بووە کە ئەوانیان پێ ناساندوە و سەرئەنجام ناوبراویان ڕەوانەی هەولێر کردوە و لە لقی برایم ئەفەندی بووەتە پێشمەرگە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(زۆری نەخایاند کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی و بارزانی جیابوونەوە و من و ١٤ پێشمەرگە لەگەڵ برایم ئەفەندی چووین بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەوتین. لە سەنگەسەر بووین کە فارس باوە و مام وسوو دزەیی هاتن. لقێکیان بۆ فارس**

باوە پێکهێنا و ئێمەشیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو لقە خست و منیان کرد بە سەردەستەی ئەو ١٤ کەسە و پێکەوە گەڕاینەوە بۆ دەشتی هەولێر.) عەبدولڕەحمان حاجی عەلی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (لە دەشتی هەولێر سێ لقی تریشیان بۆ عەریف عوسمان، سەید کاکە و حەسەن عەلی دامەزراند. مولازم ئیسماعیل کرا بە فەرماندەی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر و منیش سەرپەلی لقی دوو بووم بە فەرماندەیی عەریف عوسمان.)

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، عەبدولڕەحمان حاجی کراوە بە فەرماندەی سریەی دەشتی هەولێر و ساڵی ١٩٧٢ کراوە بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی دووەمی عەریف عوسمان و ساڵی ١٩٧٣ ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی زرارەتی دەشتی هەولێریان پێسپاردوە. تا ساڵی ١٩٧٥ لە دەشتی هەولێر بەشداریی چەندان شەڕی وەک شەڕەکانی دەشتی هەولێر، سەفین و زۆزکی کردوە. ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ناوبراو چووەتە مهاباد و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری یەزد لە پارێزگای کرمان.

ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١١، عەبدولڕەحمان حاجی عەلی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و قەڵادزێ و کراوە بە بە بەرپرسی میحوەری دووی هەولێر و نەسرەدین مستەفا و فەقێ وسو باوزەیی بەرپرسی میحوەرەکانی ٢ و ٣ بوون. وەک ناوبراو دەڵێت لەو ساڵەدا توشی شەڕی ناوخۆ بوون و بۆ ئەوەی کە خۆ لە شەڕی ناوخۆ بپارێزن، لەگەڵ ١١ پێشمەرگە چووەتە گوندی دەریا سوور لە ناوچەی شێروانی مەزن. لەوێ لەگەڵ مولازم یونس ڕۆژبەیانی و مەلا ئەمین بارزانی بوون و مولازم یونس بەرپرسیان بووە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٩ و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ناوچەکانی مێرگەسور، بارزان و دەشتی بەرازگر بووە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا وەک خۆی دەڵێت کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر و تا ساڵی ١٩٨٣ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. لەو ساڵەدا توشی نەخۆشی بووە و بەهۆی ناسەقامیگیریی نەخۆشییەکەی نەیتوانیوە درێژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی بدات.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕینی باشوری کوردستان، عەبدولڕەحمان حاجی عەلی وەک خۆی دەڵێت بە فەرمانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە بە بەرپرسی میحوەری دەشتی هەولێر و

بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و بە دوای ڕاپەڕیندا کراوە بە فەرماندەی هێزی ناوچەی زورگەزرا و بادیناوێ. ساڵی ١٩٩٤، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ هێزی ئەیلول لە گۆمەئەسپان و ساڵی ١٩٩٦ سەرلەنوێ بەهۆی سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکەی نەیتوانیوە درێژەی بە ئەرکی پێشمەرگایەتی بدات و کاری ئیداری وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە هەولێر و تا ساڵی ٢٠٠٦ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. ناوبراو دوو جار لە ساڵی ١٩٧٧ لە شەڕەکانی دەشتی هەولێر بریندار بووە. کوڕێکی بەناوی سیروان ساڵی ١٩٧٨ لە دۆڵی گۆستێ شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستم بەوە کرد کە بوونم بە پێشمەرگە لەجێی خۆیدا بووە و لەبەر ئەوە ڕێزم لێگیراوە و هەستم بە سەربڵندی خۆم کرد. میدالیای بارزانی جێگەی شانازییە بۆمن.)

## حەسەن سەمەد مستەفا تەها



حەسەن سەمەد مستەفا تەها ناسراو بە حەسەن سەمەد دۆڵەمەری، کوڕی سەمەد مستەفا یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ و کۆماری کوردستانە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٥ لە شاری شنۆ لەدایک بووە. باپیری بە نەخۆشی تایفۆئید لە شنۆ کۆچی دوایی کردوە و ساڵی ١٩٤٧ کە بارزانی چووە بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ بنەماڵەکەی و شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی ئەشکەوتوان لە ناوچەی مێرگەسوور نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٩٦٣، بە دوای شەڕی ناوچەی بارزاندا کە حکومەتی عێراق داوای وتووێژی لە بارزانی کرد، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت بە فەرماندەیی عومەرئاغای دۆڵەمەری. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و وەک خۆی دەڵێت کراوە بە بەرپرسی کۆمەڵێک پێشمەرگە و ڕەوانەی شەڕی سەری سپیلک و گەرووی عومەر ئاغای کراوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حەسەن سەمەد دۆڵەمەری چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر بۆ مەشهەد و قەزوێن. ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە ڕیزی خەباتکارانی شۆڕشی گوڵان و بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی سورداش، چیاکانی قەلەندەر و برادۆست، دەشتی هێرتێ، قۆپی هاجەرێ، سەری سپینداری و بەشداریی دەیان شەڕی کردوە.

لە شۆڕشی گوڵاندا بەرپرسی ڕێکخراوی خنێرە بووە و تا ئێستا مەقەڕەکەی لە لۆلان بە ناوی مەقەڕی حەسەن سەمەد دەناسرێت. بەشداریی شەڕەکانی لۆلان و شەقڵاوەی کردوە. لە شۆڕشی ئەیلولدا لە قەسرێ، حاجی ئۆمەران و دۆڵی شەهیدان و بارزان بووە. وەک هەڤاڵانی دەڵێن یەکێک بووە لە




پێشمەرگە هەرە ئازاکان و لە هەرجێیەک شەڕ هەبووە. حەسەن سەمەدیش لەوێ بووە.

ساڵی ١٩٩١، حەسەن سەمەد گەڕاوەتەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین و ساڵی ١٩٩٢ لە لیوای تایبەت دا جێگری وەجیهە بارزانی برای ڕێزدار مەسعود بارزانی بووە. لە شەڕی ئازاد کردنی عێراقدا لەگەڵ وەجیهە بارزانی بە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بەتوندی بریندار بووە. ناوبراو بەگشتی شەش جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە و ١٣ جاریش عەمەلیات کراوە. تا ڕادەیەک توشی فەرامۆشی بووە و ناتوانێ بە دروستی باس لە ڕابردووی خۆی بکات.

ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣، لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا، حەسەن سەمەد میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(زۆر خۆشحاڵم و ئەو میدالیایە بە دنیا نادەم. بۆمن جێگەی شانازییە کە میدالیای بارزانیم بە سنگەوە بێت.)**

## میرۆ چاوشین میرۆ



میرۆ چاوشین میرۆ ناسراو بە میرۆ نێروەیی ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی ئەلهێ لە ناوچەی نێروە سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٥٨دا، ناوبراو پێوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند و سەردانی گوندی نێروەی کرد، میرۆ لەگەڵ خزمانی و خەڵکی گوندەکەیان بە خزمەت بارزانی گەیشتوە و خۆی و ئەندامانی بنەماڵەی بە تێکڕا بوون بە پێشمەرگە و لەگەڵ بارزانی چوون بۆ ناوچەی بادینان و لەنێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٣دا بەشداریی شەڕەکانی بامەڕنی، زاخۆ، گەلی سپی، زاویتە، سیارائیکا، سەری ئاکرێ، بێخمە و شێروان مەزنی کردوە. لە شەڕی سەری ئاکرێدا برایەک و مامێک و ئامۆزایەکی هاوسەرەکەی بەناوەکانی محەمەدئەمین ئەدهەم، ڕێزوان سەعدون و عەبدولا ڕەمەزان لەگەڵ دوو لە هاوسەنگەرەکانی بە ناوەکانی عەبدولغەنی پیرۆ و کەرەم نیعمەت شەهید بوون.

ساڵی ١٩٦٣، بە دوای شەڕی سەری ئاکرێدا کە ڕژێمی عێراق ملی بۆ وتوویژ لەگەڵ بارزانی ڕاکێشا، میرۆ چاوشین لەگەڵ محەمەد تاهیر نێروەیی و هێزی تایبەتی بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر بووە و ساڵی ١٩٦٥ بەشداری شەڕی زۆزک و هەندرێنی کردوە. لە شەڕی زۆزکدا ئامۆزایەکی بەناوی ئەحمەد تەمەر شەهید و خۆشی بە سەختی بریندار بووە کە بۆ چارەسەریی زامەکانی ڕەوانەی ئێران کراوە و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ساسان لە تاران چارەسەریی بۆ کراوە و دواتر گەڕاوەتەوە ڕیزی خەبات.



ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، میرۆ نێروەیی لەسەر ئەرکی پێشمەرگایەتی ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕی گەرووی عومەرئاغا و سەری کۆڕەکی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ کۆمەڵگای زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر لە ناوەندی پارێزگا واتە شاری یەزد نیشتەجێ کراوە. میرۆ نێروەیی یەکێک لەو سەرکردانە بووە کە بەدوای جێگیر بوونی لە یەزد کاری بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی کردوە و کوڕەکانی بوون بە ئەندام لە یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستاندا. ناوبراو بەهۆی ئەو چالاکییانەیەوە چەندان جار لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئیران "ساواک"ەوە هەڕەشەی لێکراوە.

ساڵی ١٩٧٩، میرۆ چاوشین نێروەیی بە ڕاسپاردەی ڕێزداران ئیدریس و مەسعود بارزانی لەگەڵ خزمانی لە یەزدەوە گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقدا بۆسەر کۆمەڵگای زێوە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩دا چەند ئەندامی بنەماڵەی هاوسەرەکەی شەهید و کوڕێکی لەگەڵ بووکێک و نەوەیەکی بە سەختی بریندار بوون. ساڵی ١٩٨٨ بە دوای کیمیاباران و ئەنفالەکانی باشوری کوردستاندا کراوە بە بەرپرسی پاسەوانەکانی ئیزگەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان. ساڵی ١٩٩٠ گواستراوەتەوە بۆ هێزی پێشمەرگە و ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە.

میرۆ چاوشین لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا چەندان پلەی فەرماندەیی وەک سەرلق، فەرماندەی بەتالیۆن و جێگری هێزی هەبووە. جگەلەو جارەی کە ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی زۆزکدا بریندار بووە، شەش جاری تریش لە شەڕەکانی پێشمەرگە دژی سوپا و جاشەکانی عێراق بریندار بووە. ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستاندا دوو برازای بەناوەکانی مورادخان نەجمەدین و سوبحی سەعید شەهید بوون.

میرۆ چاوشین میرۆ ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دواتر بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. ساڵی ٢٠١٢ بەهۆی نەخۆشی، بە فەرمانی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی وڵاتی ئوتریش "نەمسا" کراوە، بەڵام بەهۆی چارەسەر نەبوونی نەخۆشییەکەی، ڕۆژی ٢٠١٢/١١/١٤ لە ئوتریش کۆچی دوایی کردوە.

## عومەر عەبدوڵا حەمەدەمین



عومەر عەوڵا حەمەدەمین ناسراو بە عومەر مەلا زادە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی کۆڕێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی ڕێکخراوی سەفینی پارتی دیموکرات کە سەعید مەسیفی بەرپرسی بووە. بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، ناوبراو تێکەڵاوی خەبات بە دژی دەرەبەگایەتی بووە. ساڵی ١٩٦١ کە ئۆتومبیلی سدیق میران لە جادەی شەقلاوە کەوتەبەر گوللەی کەسانی نەناسراو و کوژرا، ناوبراو بەرلەو ڕووداوە بە تۆمەتی خەباتی سیاسیی و پارتایەتی بۆ ماوەی دوو مانگ لە زیندانی ڕژێمی عێراقدا بووە لە هەولێر. دوای ئازاد بوونی لە زیندان گەڕاوەتەوە بۆ کۆڕێ، بەڵام لە تۆپباران و خۆمپارەبارانی سوپای عێراق بۆسەر کۆڕێ بە سوکی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٦٢ بەرلە پەڕینەوەی بارزانی لە ناوچەی بادینانەوە بۆ ناوچەی سۆران، عومەر مەلا زادە لەگەڵ مەحمود کاوانی، خالید ئاژگەیی، سەعید مەسیفی و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە چوونەتە بێخمە و لەوێ بە خزمەت بارزانی گەیشتوون و مەحمود کاوانی دۆخی سیاسیی ناوچەکەی بۆ بارزانی ڕوون کردوەتەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی سۆران مەحمود کاوانی چووەتە بەرسرین و لەگەڵ هێزەکانی بارزانی یەکی گرتووەتەوە. ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٤ کە پێشمەرگەکان بە فەرمانی بارزانی قەڵای ڕایاتیان گەمارۆدا و داوایان لە هێزەکانی پۆلیس کرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن. بە وتەی عومەر مەلا زادە دوای دوو هەفتە فەوجی سێیەمی لیوای سێیەمی ڕەواندز هات کە گەمارۆکە بشکێنێ کە بەرلە گەیشتنی بۆ پردی بەرسرین هێزەکانی سەربە مەحمود کاوانی و حارس بێدارونی لێیاندان و لە شەڕێکی قورس و خوێناویدا

زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی فەوجەکە کوژران و بریندار بوون و خۆیان بەدەستەوەدا و ژمارەیەکی کەمیشیان توانیان بەرەو رەواندز بگەڕێنەوە، عومەر مەلا زادە یەکێک بووە لە پێشمەرگە بە جەرگەکانی ئەو شەڕە.

ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٢٢، بارزانی ناحیەی هیرانی لە جاشەکان پاک کردەوە و دەستی بەسەر چیای سەفیندا گرت و ئەو چیایە و ناوچەکەشی ئازادکرد و ناوچەی خۆشناوەتیش وەک بادینان و باڵەک و برادۆست لە سوپا و جاش پاککرایەوە. بارزانی سەرکردایەتی ناوچەی خۆشناوەتی بە بەکر عەبدولکەریم حەوێزی و مەحمود کاوانی سپارد کە دواتر مەحمود کاوانی لە بۆمبارانێکی توندی فڕۆکەکاندا لە چیای سەفین شەهید بوو. لەو بارەیەوە خورشید شێرە لە لاپەڕەی ٥٣ی کتێبی بیرەوەرییەکانی "خەبات و خوێن"دا دەڵێت، عومەر مەلا زادەش ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٣١ بریندار بووە.

عومەر مەلا زادە دوای ساڕێژ بوونی برینەکەی کراوە بە سەرلقی بەرەی کۆڕێ. چونکە ناوبراو شارەزایی تەواوی هەبووە بەسەر شاخ و دۆڵەکانی ناوچەی کۆڕی و شەقڵاوەدا، توانیویەتی بۆ لێدانی دوژمن یان بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگەکان لە شەڕەکاندا بەباشی کەڵک لە زەوی وەرگرێت. لەو بارەیەوە محەمەدی مەلا قادر لە لاپەڕەی ٤١ی کتێبەکەیدا "سەربەردە" دەڵێت: (... لە سەفین نزیکەی ٧٠٠- ٨٠٠ پێشمەرگە کەوتە ناو بازنەی گەمارۆدانی دوژمن، چونکە دوژمن لە شەقڵاوەوە هات کەپکی گەڕۆتەی گرت و لە جادەوە بەرامبەر شاخەکە لەدیوی دەربەندی گۆمەئەسپان دەبابە هاتن بۆ ناو "دارۆکان" و دەوروبەریان گرت، ئیدی بازنەی شەڕ وای لێهات کشانەوە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام هەندێ قارەمان هەبوون من ناویان دێنم لێرە، دەوریان زۆر بوو، یەک لەوانە ئەحمەد زخۆک بوو بەداخەوە لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد، بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە بوو، سەرلقێک هەبوو بەناوی عومەر مەلا زادە ئێمە کردبوومان بە سەرلقی خۆشمان، بەڕاستی پیاوێکی ئازا بوو، ناردبوومان بۆ هاوکاریی و شارەزایی لە ناو جبهەی سەفین. ئەو توانی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە پشتەوە لەناو شەقڵاوە بکێشێنێتەوە و ڕزگاریان بکات.)



عومەر مەلا زادە ڕۆژی ١٩٦٥/٨/٦ بەشداریی شەڕی چیای هەندرێنی کردوە و بە دوای ئەو شەڕەدا توشی نەخۆشیی بووە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەست ئەو نەخۆشییەوە ناڵاندویەتی. ساڵی ١٩٧٤ سەرلقی شەڕی بنی هەریر بووە و لەو شەڕەدا دەستی بریندار بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ بەردەپان و بێوران و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت و دواتر گواستراوەتەوە بۆ پارێزگای مازندەران و لەوێشەوە بردویانەتە ئەهواز و لەوێ بۆ بژیوی خۆی و منداڵەکانی کرێکاریی و دارتاشی کردوە.

ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، عومەر مەلا زادە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لە شەریکەی کورش لە گوندی گوێتەپە لە نزیک مهاباد نیشتەجێ بووە و دواتر چووەتە گوندی خەلیفان، نەغەدە و پیرانشار و سەرئەنجام لە ورمێ نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ عەلی شەعبان بەشداربووە لە شەڕی حاجی ئۆمەران و دواتر کراوە بە جێگری بەتالیۆنی تانجۆ لە کانی سپی و تا ساڵی ١٩٩١ لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا لە ناوچەکانی باڵەکایەتی و سۆران جەولەی کردوە. مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩١ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ کۆڕێ. ساڵی ١٩٩٤ فەوجێکیان بەناوی خۆی بۆ پێکهێناوە لەگەڵ کوڕ و خزمانی لەو فەوجەدا بووە و تا ساڵی ١٩٩٧ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە.

سێ برای عومەر مەلا زادە بەناوەکانی غەفور لە ساڵی ١٩٧٤، کەمال لە ساڵی ١٩٧٤ و ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی حوسێن لە ساڵی ١٩٨٦دا شەهید بوون. ناوبراو خاوەن قەڵەم بووە و سێ دیوانی شیعری نوسیوە بە ناوەکانی: دیوانی قەڵەم ساڵی ١٩٨٩ لە ڕاژان، غەمبار ساڵی ٢٠٠٨ لە هەولێر و دیوانی "وەفایی" ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکردوەتەوە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی

وەرگرتـووە و ئێسـتا توشـی نـەخۆشـی ئـالزایمێر Alzheimer بـووە و هاوسـەر و منداڵەکانی لە کۆڕێ خزمەتی دەکەن.

## ئەحمەد سەعید عەبدولقادر




ئەندازیار ئەحمەد سەعید عەبدولقادر ناسراو بە موهەندیس ئەحمەد بریفکانی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بریفکان لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بریفکان، ناوەندیی لە شێخان و دواناوەندیی لە موسڵ خوێندوە. لەگەڵ خوێندنی دواناوەندیدا چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە زانکۆی موسڵ و ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی لە بەشی ئەندازیاریی ئەو زانکۆیە وەرگرتووە. دوای تەواوکردنی خوێندن چووەتە سەربازیی و بۆ ماوەی ساڵێک لە موسڵ و بەغدا سەربازیی کردوە، وەک خۆی دەڵێت دوای تەواوکردنی سەربازیی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا لە وەزارەتی کاروباری باکوری عێراق "کوردستان" کە محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان" وەزیری بووە، بە پلەی بەڕێوەبەر دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٤ بەرپرسی جادە و بیناسازیی ناوچەی دهۆک بووە. لەو سەردەمەدا پێوەندیی بە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی لەشکری یەکی بادینان، عەلی خەلیل، عیسا سوار، عەلی شنگاری و فازل میرانییەوە هەبووە. کاتێک حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٧٤ دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردەوە، ناوبراو هەموو ئامێر و کەرەستەکانی جادە سازیی ناوچەی دهۆکی لەگەڵ خۆی بردوە بۆ ناوچەی سەرسنگ و لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی و پێشمەرگەکانی لەشکری یەکی کوردستان کەوتووە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوای جێگیربوونم، بنکەیەکیان لە ناوچەی سەرسنگ بۆ دانام و ئەسعەد خۆشەوی گوتی بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی پێویستە بۆ گەیاندنی کەلوپەل و خواردەمەنی و کارئاسانیی پێشمەرگەکان، جادەیەک لەنێوان ئامێدی و بارزان دروست بکەیت. من بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەپێ ناوچەکە گەڕام و**

نەخشە و پلانی کێشانی جادەکەم ئامادە کرد. دواتر کاک ئەسعەد منی ناردە ناوچەی ئازادی لە حاجی ئۆمەران و لەوێ چاوم بە کاک ئیدریس و کاک مەسعود کەوت. بەڵێنم پێدان لە ماوەی دوو مانگ جادەکە دروست بکەم. دوای گەڕانەوەم لە ماوەی ٣٥ ڕۆژدا جادەکەم کێشا، ئەویش بە جۆرێک کە لەترسی بۆمببارانی فڕۆکەکان، تەنیا بە شەو کارمان دەکرد و ڕۆژانە خۆمان و بۆلدزێر و لۆدێرەکانمان حەشار دەدا. دوای تەواو کردنی ئەو جادەیە گەڕامەوە لای کاک ئیدریس و کاک مەسعود و گوتیان: "باوکم پلانێکی هەیە کە جادەی پوشاوێی شنۆ بە کێلەشیندا بگەیەنێتە خێرەزوک و بە قەزای مێرگەسور ببەستییەوە." مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٥ بوو. من جادەی پوشاوێم گەیاندە کێلەشین، بەڵام بەهۆی بارینی بەفر نەدەکرا درێژەی پێبدەم و چووم بۆ خێرەزوک لەوێشەوە تا ڕۆژی ٦ی ئازار کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، دە کیلۆمەتریشم لەوێ کێشا و بە ڕاوەستانی شۆڕش ناچار بووم کارەکەم بەجێهێڵم و بچم بۆ حاجی ئۆمەران.)

لە حاجی ئۆمەرانەوە، موهندیس ئەحمەد لەگەڵ دوکتۆر یوسف پولس کە پێشمەرگەیەکی کریستیان بووە، چووەتە ورمێ و بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لە هۆتێل کارون ماوەتەوە و دواتر لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک"ەوە ڕەوانەی زێوە کراوە. دوای نزیکەی مانگێک گواستراوەتەوە بۆ تاران و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئێمە ١٢ ئەندازیار بووین، لیژنەیەک لە تارانەوە هات کە ئێمە بەرێت بۆ تاران، ئێمەش بە هاودەنگی کردن لەگەڵ کاک مەسعود قبوڵمان کرد و چووین بۆ تاران و لە بەڕێوەبەرایەتی مانگی سوری "شیرخورشید سرخ" ئێران دایانمەزراندین. ئەوان مانگانە ٦ هەزار تومانیان دەداینی و ئێمەش پرۆژەکانی بیناسازیی مانگی سورمان جێبەجێ دەکرد. لەوێ بە ڕاسپاردەی کاک مەسعود خۆم بۆ چوون بۆ نەمسا ناونووس کرد و ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٣ لەگەڵ ٩٩ پەنابەری تری وەک: مستەفا ڕەمەزان، پیرۆت ئیبراهیم، حەمید ئاکرەیی، کامەران موفتی و...تد بە دوو وەجبە چووین بۆ ئوتریش "نەمسا". بەرلە بەجێهێشتنی ئێران، کاک مەسعود هەموومانی میوان کرد. ئێمە چووین بۆ کەرەج و لەوێ بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشتین، پێکەوە نانمان خوارد و دوای وەرگرتنی ئامۆژگاری لە سەرۆک ماڵئاواییمان لێکردن. لە ڤیەن بۆ ماوەی ساڵێک زمانی ئەڵمانیم خوێند و

**دواتـر بـۆ مـاوەی سـاڵێکیش سـەرلەنوێ بەشـی ئەنـدازیاریم خوێنـدەوە و بڕوانامەی ئەندازیاریی نەمساییم وەرگرت.)**

موهەندیس ئەحمەد بریفکانی هاوکات لەگەڵ خوێندن، لە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتدا لە نەمسا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE دا خەباتی کردوە. ناوبراو یەکێک بووە لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسی ١١-١٩٧٦/٨/١٦ی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە برلین کە بە بەشداری ٨٠ خوێنـدکار و سەرپەرشتی نـوری شـاوەیس و سـامی عەبـدولڕەحمان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات پێکهات. لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردرا پارتی دیموکرات بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتوخواز و بە پشتبەستن بە ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانیی ڕێکبخرێتەوە و سەرکردایەتی پارتی بە بەشداریی کردنی حەوت ئەندامی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەهێز بکرێت کە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی برلین، لە کونگرەی نۆیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کران.

کاتێک ڕێزدار مەسعود بارزانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ لە ئەمریکاوە چووە بۆ ڤیەن کە ئەندامانی ڕێکخراوی پارتی بەسەر بکاتەوە، ئەحمەد بریفکانی خوێندکار بووە و سەبارەت بە چوونی ڕێزدار مەسعود بارزانی بۆ ڤیەن دەڵێت: **(لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ کە کاک مەسعود هات بۆ ڤیەن من خوێندکار بووم. هەموو ئێوارەیەک بە دوای خوێندندا من لە خزمەتیدا بووم، بەڵام ڕۆژی ١٩٧٩/١/٨ کە پیاوانی سەربە ئیستخباراتی عێراق بە پلانێکی پێشوەخت تەقەیان لێکرد و پیرۆت ئەحمەد و ئازاد بەروارییان بریندار کرد، من لە کار بوون و بە ڕێگەی دوکتۆر حەمید ئاکرەییەوە زانیم تەقە لە جەبی سەرۆک کراوە کە ئیشەکەم بەجێهێشت و چووم بۆ دیتنی جەنابی سەرۆک و بەخۆشییەوە سلامەت بوو، بەڵام دوو لە برادەرانی ئێمە بریندار بوون.)**

ساڵی ١٩٨٠، دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات موهەندیس ئەحمەد بریفکانی لەگەڵ دوکتۆر حەمید ئاکرەیی کە پسپۆر بووە لە کاری ئیزگەدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و بە ئەمری مەکتەبی سیاسی پارتی، ئیزگەی دەنگی کوردستانیان بەکارخستۆتەوە و لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: **(دوکتۆر حەمید ئاکرەیی پسپۆر بوو و من یارمەتیم دەدا. توانیمان ئیزگەی دەنگی کوردستان**

لەنێوان گوندەکانی هەلەج و شەقڵاوە لە نزیک زێوە بەکار بخەینەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەحمەد دەشتی لە ئەڵمانەوە هات و نزیکەی مانگێک لە بەشی تێکنیکدا هاوکاریی ئێمەی کرد و گەڕایەوە. دوکتۆر حەمید ئاکرەییش دوای ماوەیەک کە من شارەزاییم لە کارەکان پەیدا کرد، گەڕایەوە بۆ ئەورووپا و من کرام بە بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستان. فەلەکەدین کاکەیی بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو، ئەو پرۆگرامی ڕادیۆی ئامادە دەکرد و وێژەرەکانی بەشی سۆرانی و کرمانجی، بەرنامەکانیان بەڕێوە دەبرد. ساڵی ١٩٨٢ لیژنەیەک بۆ دۆزینەوەی شوێنی ڕادیۆ لە باشوری کوردستان دەستنیشان کران کە فرەنسۆ هەریری، عیزەت بەرواری، شوکری نێروەیی، حەمید ئەفەندی و من ئەندامی بووین. ئێمە چووین لە بێرکم شوێنێکمان دۆزییەوە و ئێزگەکەمان گواستەوە بۆ ئەو شوێنە لە بێرکم. ساڵی ١٩٨٣ هێلیکۆپتەر هاتن و لێیاندain و پێشمەرگەکانیش تەقەیان لە هێلیکۆپتەرەکان کرد و یەکێک لە هێلیکۆپتەرەکەیان خست. نۆ کەسی تێدابوو، یەکێک لەوان کورێک بوو بەناوی ڕەزۆ خەڵکی گوندی مجیسەر لە ناحیەی سیدەکان.)

موهندیس ئەحمەد بریفکانی هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاری تێکنیکیی ئێزگەی کوردستان، بەئەمری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات، کاری لەسەر ئەو جادەیە کردوە کە لە پوشاوێی شنۆوە گەیاندبوویە کێلەشین، ناوبراو وەک خۆی دەڵێت ئەم جارەیان، جادەکەی گەیاندۆتە لۆلان و ڕێگای گادەریش کردوەتەوە و تا خواکورکی بردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئەو نەخشەیەی سەرۆک مستەفا بارزانی دایبابوو، جێبەجێ کرا.)

بە ئەمری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات، ئەحمەد بریفکانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی گواستوتەوە بۆ لۆلان و ساڵی ١٩٨٤ لە حەیاتەوە بە شایان، پایان، دەراو، ماڵ مەلا و لۆلان دا لە خرێنە دایانناوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٥ سەرلەنوێ ئێزگەی دەنگی کورستان لەلایەن فرۆکەکانی عێراق بۆمباران کراوە و دوو پێشمەرگەی پاسەوانی ئێزگە بە ناوەکانی محەمەدئەمین تۆفیق نێروەیی و موحسین نێروەیی شەهید و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی عوسمان نێروەیی بریندار بووە. بەو هۆیەوە ناچار بوون سەرلەنوێ ئێزگەی دەنگی کوردستان بە کۆڵی خۆیان دابدەن و بیگوازنەوە بۆ هەلەج.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، موهندیس ئەحمەد بریفکانی بە ئەمری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، ئێزگەکەی گواستوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران

و لە دژە هێرشەکەی ڕژێمی عێراقدا بردویانە بۆ نزیک چۆمان و دواتر لە وتووێژەکاندا سەرەتا لە سپیلک و دواتر لە بێخمە و سەرئەنجام لە مەسیف سەلاحەدین دایاناوە. لەو ماوەیەدا ناوبراو لە دانانی تەلەفزیۆنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و دانانی سەتەلاتی کوردستاندا هاوکاریی کردوە. لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە سەرەمێک کۆسرەت ڕەسوڵ و دواتر دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی بوو، ناوبرا وەکیل وەزیری بەلەدێی حکومەت بووە. بریفکانی لە ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٠وە ڕاوێژکاری هەندەسی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەرپرسی بەشی هەندەسی پارتی دیموکراتە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (لە ڕاستیدا هەستم بەوە کرد کە مافی پێشمەرگایەتیم وەرگرت. بە سەرۆکم گوت من جارێ گەنج، گوتی لە هەرجێیەک بووی جێی پەنجەت دیارە. من شانازی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم و میدالیای بارزانی بۆ من و بنەماڵەکەم جێگەی فەخر و شانازییە.)

## سەیدۆ یوسف حامد



سەیدۆ یوسف حامد ناسراو بە سەیدۆ چەلکی ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی چەلکی لە ناوچەی دەشتی زێ "دەشتا زێ" لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ چووەتە خزمەتی سەربازیی و ساڵی ١٩٥٥ لە موسڵ بە رێگەی سغەتوڵا مزووری بەرپرسی رێکخستنی لقی موسڵی پارتی دیموکرات، پێوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە. ساڵی ١٩٥٩ لە موسڵ بەتاوانی هاوکاریی لەگەڵ رێکخراوی نهێنی پارتی دەستبەسەر کراوە، سەرەتا لە دادگای سەربازییدا بە ئیعدام و دواتر بۆی کراوە بە زیندانی هەمیشەیی و لە زیندانی نوگرە سەلمان لە باشوری عێراق ڕاگیراوە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٦٤ وەبەر بەخشێنی گشتی کەوتووە و لە زیندان ئازادیان کردوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان پێوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لە هێزی کاوەدا لە پشدەر بووە بە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، سەیدۆ چەلکی کراوە بە سەرپەل لە هێزی پاسەوانی سنووردا و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بە دژی گەلی کورد هەڵایساندەوە، گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەرکی پێشمەرگایەتی و کراوە بە جێگری هێزی کاوە کە فەرماندەکەی حەسۆ میرخان ژاژۆکی بووە.



ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەیدۆ چووەتە گۆمەڵگای ڕەبەت و لە کۆمیتەی هاوکاریی کردنی پەنابەرەکاندا کاری کردوە و دواتر لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری قوم لە پارێزگای تاران. لە دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە، ناوبراو لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئێستای پارتی دیموکرات، تەیب هەرنی، شێخ محەمەد و دواتریش سەبری دەروێش بەرپرسی لقی ٨ی پارتی دیموکرات کاری ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە ئاوارەکانی بەڕێوە بردوە. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە. بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا، لە ناوچەی ئازادیی ماوەتەوە و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی ناوچەی گوڵان و دواتریش شەهید زوبەیری کردوە. بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی نێروە و ڕێکان و بارەگای لقی یەکی پارتی لە زێوەی ئەشکان لە نزیک زێی گەورە. ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی شەڕی دووەمی حاجی ئۆمەرانی کردوە و لەو شەڕەدا برینداربووە. ساڵی ١٩٨٣ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی قاتعی سێی پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی ناوچەی ئازادیی پارتی دیموکرات بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەڕی خواکورکدا بەرپرسی ئیداریی و کۆگای ئازوقەی شەڕەکە بووە و دوای کۆتایی شەڕەکە و ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە قاتعی سێیەمدا درێژەی بە خەبات داوە. ڕۆژی ١٩٩٨/١/٤ کە تەحسین ئەرگۆشی و کۆمەڵێک لە کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لەلایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گیران، سەیدۆ چەلکی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ساڵی ٢٠٠٠، ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول و بەرپرسی ئیداریی ئەو دەزگایە بووە.

سەیدۆ چەلکی بەشداریی کۆنگرەکانی ٨ تا ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣، لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا بە هۆی خزمەتەکانیەوە، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و وەک تەهای کوڕی دەڵێت سەید چەلکی میدالیای بارزانی بە گەورەترین شانازی ژیانی خۆی زانیوە و گوتویەتی: **(میدالیای بارزانی شەهادەی ژیانمە.)** ناوبراو ساڵی ٢٠٠٧ بەهۆی نەخۆشیی گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری تەورێز لە ئێران و ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/١٨ کۆچی دوایی کردوە.

## خورشید تۆفیق قادر ساڵح




خورشـید تۆفیـق قـادر ساڵح ناسـراو بـە خورشـید تۆفیق بیبانی ساڵی ١٩٤٥ لە گونـدی بیبـان لەدایـک بـووە. سالی ١٩٦١ چووەتە ریـزی پێشـمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە بنکەی حوشـترمل لە کـارێزەی شوان لە ناوچەی کەرکوک. ڕۆژی ١٩٦٢/٤/١ لەگەڵ پێشمەرگەکانی چەمی ڕێزان بووە بە سەرۆکایەتی عومەر دەبابە و ڕێزدار جەلال تاڵەبـانی و تـا کۆتـایی سـاڵی ١٩٦٣ لە چەمـی ڕێـزان بـووە و لەوێـوە گواستراوەتەوە بۆ پەلی یەک لە قوڵی چوار کە حەمە زوبەیر و ڕەشید سندی لە ناوچەی شوان بەرپرسی بوون. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٤دا حکـومەت بە هاوکـاریی حەرەس قەومـی و جاشەکانی هێرشی هێنا بۆسـەر نـاوچەی شـوان. ئەوە یەکەمجار بوو کە من بەشداریی شەڕم دەکرد. شـەڕەکە لە کـاتژمێر ٧ی بەیـانییەوە تـا ٦ی ئێـوارە بەردەوام بـوو. لەو شــەڕەدا حکـومەت شـکا و پاشەکشـەی کـرد بـۆ ڕێـدار. دەستکەوتی ئێمە ١١ تفەنگـی پۆلەنـدی و ٢ تفەنگـی ئینگلیزیـی بـوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تەقەمەنـی، بەڵام یەکێک لە فەرماندەکانی ئێمە بەناوی مولازم ستار شەهید بوو.)**

سـاڵی ١٩٦٤ نـاوی قـوڵی چـوار کـراوە بە بەتـالیۆنی یەکـی شـوان و گواستراوەتەوە بۆسەر هێزی ڕزگـاری کە فەرمانـدەکەی ڕەشـید سندی بـووە و تارق ئەحمەد کراوە بە فەرماندەی ئەو بەتالیۆنە و لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥دا بەهەمان شێوە گواستراوەتەوە بۆ هێزی کاوە و لەوێش تارق ئەحمەد کراوە بە فەرمانـدەی هێـزی کـاوە. سـاڵی ١٩٦٥ سـەرلەنوێ گواسـتراوەتەوە بـۆ زێـوەی پیرەمەگـرون و وەک خـۆی دەڵێـت لەوێ لەگەڵ فیـرقەی ٣ی سوپای عێـراق کە فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی بووە، توشی شەڕێکی قورس بوون و لەو شەڕەدا

لاقی ڕاستەی بریندار بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا گواستراوەتەوە بۆ هێزی کاوە و لەوێ بەشداریی شەڕی دەربەندی قەڵادزێی کردوە و وەک خۆی دەڵێت ئەو شەڕە بۆ ماوەی نزیک بە دوو مانگ بەردەوام بووە. هەرلەو ساڵەدا بە بەتالیۆنەکەیەوە لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی چووە بۆ پێنجوێن و دەڵێت: **(بارزانی لە ساوجی بوو و ئێمە لە بناری سوتە بووین.)** دوای گەڕانەوەی لە پێنجوێن، وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٦٦ بەشداریی شەڕی جاشەکانی سەربە عەلی عەباس ئاغای کردوە کە لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بوون و هاوکاریی ڕژێمی عێراقیان دەکرد.



ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، خورشید تۆفیق بیبانی بە پلەی عەریف کراوە بە پاسەوانی سنوری پشدەر. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بەشەڕ کردەوە، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ هێزی سەفین کە ڕەسوڵ فەقێ فەرماندەی بووە و لەوێ کراوە بە سەرلقی ٢ی بەتالیۆنی ٣ی هێزی سەفین بە فەرماندەیی عەریف دەروێش خەڵکی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خورشید تۆفیق بیبانی چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شیراز.

ساڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ شەریکەی کشتوکاڵی گوندی کۆسەکەرێز لە ناوچەی مهاباد. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا ماڵەکەی گواستوەتەوە بۆ پیرانشار و دواتر لە نەغەدە نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٩٨٠ سەرکردایەتی پارتی ڕێکخراوەکانی نۆژەن کردوەتەوە، خورشید تۆفیق بیبانی کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سەفین سەربە لقی ٢ی هەولێر کە خورشید شێرە بەرپرسی بووە. هەرلەو ساڵەدا لە پلەی بەرپرسی سەربازیی و کارگێڕی ناوچەی سەفین لەگەڵ خالید ئاژگەیی بەرپرسی لق، هاشم باپیر بەرپرسی ناوچە و ئەحمەد زەخۆک کارگێڕی ناوچە

بە مەفـرەزە گەڕاوەتەوە بـۆ نـاوچەی بالیسـان و شـەقڵاوە و لەو بـارەیەوە دەڵێـت: **(لەو جەولەکەمانـدا سـلێمان بیرێـژی خـۆی و هێـزەکەی کە ٦٠ پێشمەرگەبوون لە ناوچەکەدا لەگەڵ ئێمە کەوتن.)** هەرلەو ساڵەدا بەشداریی شـەڕی یەکەمـی حـاجی ئـۆمەرانی کـردوە. لەو شـەڕەدا فەتـاح ئاغـای عەبدولڕەحمان ئاغای نۆڕک لە لقی ناوبراو و سەعید تۆماری و مەجید حاجی لە قۆڵی حەسۆ میرخان شەهیدبوون.

ساڵی ١٩٨١، خورشید تۆفیق بیبانی گواستراوەتەوە بۆ لقی ٤ی سلێمانی کە بەرپرسـەکەی نـادر عەلـی هەورامـی و قـادر قـادر بـوون و لەوێـش کـراوە بە بەرپرسـی بەشـی سـەربازیی لیـژنەی نـاوچەی سـلێمانی. سـاڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە بۆ لقی ٣ی کەرکوک و بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی شوانیان پێسپاردوە و ساڵی ١٩٨٤ لە شەڕی چیای شەرام لەنێوان تەوێڵە و بیارەدا برینـدار بـووە. وەک خـۆی دەڵێـت لەو شـەڕەدا لیـوایەکی سـوپای عێراقیـان شکاندوە و ١٦٠ سەربازیان بەدیل گرتووە لەگەڵ ٢٠٠ پارچە چەکی جۆراوجۆر و ژمـارەیەکی زۆر تەقەمەنـی. سـاڵی ١٩٨٧ کە بەرەی کوردسـتانی پێکهـات، نـاوبراو گەڕاوەتەوە بـۆ نـاوچەی قەرەداغ و شـوان و لەوێ کـراوە بە کـارگێڕی ناوچە و سەید عاسی سەید محەمەد کراوە بە بەرپرسی ناوچەی شوان، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ئەنفالەکاندا هێرشمان کردە سەر قەرەداغ و شاری قەرەداغ و فەوجی باسـڕەمان گـرت. لەو شـەڕەدا دوو ئەنـدامی ناوچەمـان بە ناوەکـانی سـەید خەلیل سەید محەمەد و سەید خەلیل سەید عەبدوڵا سەید ڕەسوڵ شەهید بوون و ١٤ پێشمەرگەشمان بریندار بوون.)**

دوای ئەنفـال، خورشـید تۆفیـق بیبـانی لەگەڵ ٨٠ پێشـمەرگە گەڕاوەتەوە بـۆ نـاوچەی قەنـدیل و لە بادینـاوێ و نۆکـان لە سـنوری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان مەقەڕیـان دانـاوە. سـاڵی ١٩٩١، لەگەڵ ئـازاد قەرەداغـی، نەجـات حەسـەن، موحسـین فـاتح، محەمەد کەمـال و زرار حـاجی شـێخ قـادر، بە هێزەکەیـانەوە گەڕاونەتەوە بـۆ کەرکـوک و بەشـداریی ڕاپەڕینیـان کـردوە. بەرلە ڕاپەڕیـن نێچیرڤـان بـارزانی لەگەڵیـان کۆبـووەتەوە و لە قەرەهەنجیـر لە سـوپای عێراقیـان داوە. لە دژە هێرشـەکەی سـوپای عێراقـدا چـوون بـۆ چوارتـا. لە وتووێژەکـانی نێـوان بەرەی کوردسـتانی و ڕژێمـی عێراقـدا گەڕاونەتەوە بـۆ ناوچەی چەمچەمال و کراوە بە بەرپرسی ناوچەی دوز. ساڵی ١٩٩٣ کارگێڕی

لقی ٣ بووه لە دەربەندیخان و ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ لقەکەی گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و لەوێش وەک کارگێڕی لق ماوەتەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٦ کە دەزگای باڵای ئەیلول دامەزرا، خورشید تۆفیق بیبانی کراوە بە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول. ناوبراو ساڵی ١٩٦٩ لە شەڕی دیدەواندا بریندار بووە و بەو هۆیەوە ناوی کوڕەکەی کردوە بە شاخەوان دیدەوان. برایەکی بەناوی تۆفیق ساڵی ١٩٩١ لە کەرکوک شەهید بووە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراوە، بەڵام لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە. سەبەرەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (ئەو میدالیایە کە وێنەی سەرک مستەفا بارزانی لەسەرە و بە دەستی سەرۆک مەسعود بارزانی بە سنگی منەوە کراوە، بە شەرەفێکی زۆر گەورە دەزانم و بە وەرگرتنی زۆر خۆشحاڵم و شانازیی پێوە دەکەم.)

## ئەحمەد محەمەد عەبدوڵا بابەکر



ئەحمەد محەمەد عەبدوڵا بابەکر ناسراو بە ئەحمەد مارەدۆیی ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی هێرۆ لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی شەڕی عەشیرەتی لەگەڵ میراودەلییەکان بە بنەماڵە گوندەکەیان بەجێهێشتوە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی کاوە کە حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەربە بارەگای هێز بووە. لەو ساڵەدا کە ڕێککەوتی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو لە فەوجی ١٢دا کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی قەڵادزێ. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ئەحمەد مارەدویی گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی کاوە و کراوە بە سەرلق لە هێزی ئەسناد "دژی هەوایی" و بە دۆشکە ٣٠ ملم بەشداریی شەڕەکانی دوکان، کڵاوقاسم، کێوەڕەش، چۆمە سوتاو، ئاسۆس، دۆڵی خەلیفان، سپێی ڕۆ، دۆڵی هەڵشۆ، گردە سپیانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی چۆمە سوتاودا بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئەحمەد مارەدۆیی چووەتە بەردەپان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت و لەوێشەوە گواستویانەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرابلە لە کرماشان و دوای شەش مانگ لە شاری ئەردستان لە پارێزگای ئیسفەهان نیشتەجێیان کردوە. لەوێ لەگەڵ عەبدوڵا ئیبراهیم هۆمەر و چەند پێشمەرگەی تر، شانەیەکی حیزبییان بۆ کۆکردنەوە و خەباتی کوردە ئاوارەکان پێکهێناوە. ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ عەبدوڵا ئیبراهیم هۆمەر لە کەرەج سەردانی ئیدریس بارزانی کردوە و بە دوای گەڕانەوەیاندا لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" گیراوە و دوای دوو ڕۆژ لێپێچینەوە و ئەشکەنجەدان، بە کەفالەت ئازادیان کردوە.

ساڵی ١٩٧٨، هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێران بەدژی ڕژێمی پاشایەتی، ئەحمەد مارەدۆیی شاری ئەردستانی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێوە لەگەڵ مەفرەزەیەک کە مام وسو دزەیی فەرماندەی بووە، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و سەنگەسەر. دوای ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٧٩دا، حەسۆ میرخان ژاژۆکی کراوە بە فەرماندەی هێزی ٦٤ و ناوبرا بووە بە بەرپرسی ڕێکخراوی چواس و ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی شەڕەکانی بەرد قەڵشیو، پیرە سوار و حاجی ئۆمەرانی کردوە. ساڵی ١٩٨٣ کە حەسۆ میرخان ژاژۆکی و کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگەی تر لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە شەهید کران، ناوبراو لەگەڵ هێزی ٦٤ و ڕێکخراوەکەیان قەندیلی بەجێهێشتوە. ساڵی ١٩٨٤، غەزالی میرخان ژاژۆکی جێی حەسۆ میرخانی گرتووەتەوە و کراوە بە فەرماندەی هێزی ٦٤ و ئەحمەد مارەدۆییش کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید حەسۆ میرخان ژاژۆکی.

ساڵی ١٩٨٦، لیژنەی ناوچەی قەڵادزێیان لە قاتع و چوارچێوەی ڕێکخراودا ڕێکخستوەتەوە و ئەحمەد مارەدویی بە هەڵبژاردن بووە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ. ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی شەڕەکانی سەری سورەگڵە، دەشتێو و بەرد قەڵشیوی کردوە. ساڵی ١٩٨٨ هاوکات لەگەڵ شەڕی خواکورک، سوپای عێراق هێرشی کردوەتەوە سەر چیای سادر لە پشت مارەدۆ و ئاڵی ڕەش و ناوبراو بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی قەڵادزێ، کەرکوک، چەمچەماڵ لە ڕۆژئاوای ڕەزگە لە گردی ڕمەکان لە سوپای عێراقیان داوە و پاشەکشەیان پێکردوە.

ساڵی ١٩٩١، ئەحمەد مارەدۆیی و پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی شەهید حەسۆ میرخان ژاژۆکی بە سونێ دا گەڕاونەتەوە بۆ قەڵادزێ و دواتر چوون بۆ بەری مەرگە و سەربازەکانی ئەو شوێنانەیان بەدیل گرتووە. لە حاجی ئاوا بارەگای لیژنەی ناوچەی قەڵادزێیان داناوە و دواتر چوون بۆ هەولێر و بە دوای خۆبەدەستەوەدانی سوپای عێراق لە هەولێر سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە بۆ حاجی ئاوا و بە هێزێکی زیاترەوە چوون بۆ بازیان و کەرکوک. ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١، ئەحمەد مارەدۆیی بەشداریی کردوە لە ئازاد کردنی شاری کەرکوکدا و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(پێشمەرگەیەکمان بەناوی ئەحمەد حاجی ڕەش شەهید بوو.)**

لە دژە هێرشەکەی سوپای عێراقدا ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی گەڕاوەتەوە بۆ قەڵادزێ.

دوای ئازاد بوونی کوردستان، ئەحمەد مارەدۆیی کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ١٩٩٣/٢/٦ گواستراوەتەوە بۆ لیوای ٢٣ی یەکگرتوو لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەرپرسەکەی تۆفیق کانی وتمانی و بابیز پیرۆت ڕەزگەیی بوون. ساڵی ١٩٩٤، ناوبراو بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە و لە هەمانکاتدا ئەرکی کارگێڕی لقی ١١ی ڕانیە- قەڵادزێیان پێسپاردوە. هەرلەو ساڵەدا لە شەڕی ناوخۆدا گەڕاوەتەوە بۆ هێرۆ و ساڵی ١٩٩٦ لە خولی دووەمی شەڕی ناوخۆدا لە ناوچەی قەسرێ و حاجی ئۆمەران ئەرکی فەرماندەی فەوج "قوەتی پشدەر"ی وەرگرتووە. لەو ساڵەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان فەرماندەی فەرماندەیی "فەلەک"ی پێکهێنا، ئەحمەد مارەدۆیی کراوە بە ئەندام لە بەشی پشکنین و بەدواداچوون و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەو بەشەدا وەک ئەندام ماوەتەوە و لەو ساڵەدا کراوە بە جێگری بەشی پشکنین و بەدواداچوون و هەتا ئێستا بە پلەی لیوا لەو بەشەدا بەردەوامە.

ئەحمەد محەمەد عەبدوڵا بابەکر جگەلە بریندار بوونی لە شەڕی چۆمە سوتاو لە ساڵی ١٩٧٤دا، سێ جاری تریش بریندار بووە: ساڵی ١٩٩٤ لە گردە سپیان، ساڵی ١٩٩٥ لە قەسرێ و لە هەمانساڵدا بۆ جاری سێیەم لە هەمان جێ بریندار بووە. خدر محەمەد عەبدوڵای برای ڕۆژی ١٩٩٥/١/٣١ لە کەڵەکی باڵەیان لە قەسرێ شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەوبارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و بە سەرمایەی ژیانی خۆمی دەزانم.)

## حوسێن ئەحمەد سلێمان مارونسی



حوسێن ئەحمەد سلێمان مارونسی ناسراو بە حوسێن کوردی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی گەلی ڕمان لە ناحیەی ئەتروش لە قەزای شێخان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣، لە شنگار چووەتە ڕێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕێکخراوی نهێنی پارتیدا بووە. ساڵی ١٩٧٠ بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، ڕێکخراوەکەیان لەلایەن حکومەتەوە ئاشکرا بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (دوای ئاشکرابوونی ڕێکخروەکەمان بۆ حکومەت، من کرام بە پێشمەرگەی ناوخۆ. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٢٠ ڕەستگاری قایمقامی شنگار کوژرا و فیرقەیەکی سوپا هاتە سەر شنگار و من لەگەڵ ژمارەیەک ڕامان کردە چیای شنگار و لەگەڵ پێشمەرگەکانی لەشکری بادینان کەوتین کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بوو. من و قاسم ملکۆ، قاسۆ شەشۆ حاجی میرزا کراین بە لیژنەی سەربازیی بۆ چیای شنگار. ساڵی ١٩٧٤، قوەتی تەلعەفەر لە شنگار دامەزرا کە عەبدوڵا مەلا حوسێن فەرماندەی بوو. لە مانگی شەشی ئەو ساڵەدا من کرام بە جێگری ئەو قوەتە و بەشداریی شەڕی گەلی زاخۆم کرد.)

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، حوسین کوردی لەگەڵ ٣٥٠ پێشمەرگە ڕەوانەی دۆڵەڕەقە و پلنگان کراوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە حاجی ئۆمەرانەوە بە سواری زیلی سوپای ئێران گواستراوەتەوە بۆ سەراونیلوفەر لە کرماشان و لەوێ ئەندامی کۆمیتەی کاروباری پەنابەران بووە و مولازم سەعید محەمەد بەرپرسی بووە. دواتر لە سەراو و نیلوفەڕەوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان.

حوسین کوردی ساڵی ١٩٨٠ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و لەو ساڵەدا لەگەڵ ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید چووەتە گەلی ڕەش و لەوێوە دوو نامەی بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی گەیاندوەتە دەست عەلی شنگاری لە سوریا و وەڵامی نامەکانی هێناوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(عەلی شنگاری لە ماوەی دوو ڕۆژدا پاسپۆرتێکی سوری بۆ دروست کردم و من بە فڕۆکە گەڕامەوە بۆ تاران و لەوێوە چوومەوە بۆ ڕاژان.)**



تا ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە ڕێزدار ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، حوسێن کوردی لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی بووە. ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە ئەندامی لیژنەی ئەمنی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان و هاوکاریی ئەحمەد ڕۆژبەیانی و دەروێش سەفتی کردوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە بۆ قاتعی دوو کە نەجمەدین یوسفی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٩٠، توشی جەڵتەی دڵ بووە و بەم بۆنەیەوە وەک خۆی دەڵێت ئیزنی پێدراوە لە ماڵی خۆی بێت، بەڵام بە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا گەڕاوەتەوە بۆ مەکتەبی سەرۆک و کراوە بە بەرپرسی ئیداریی مەکتەبی سەرۆک. ساڵی ٢٠٠٦ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای باڵای ئەیلول و ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی فەریق خانەنشین کراوە، بەڵام هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

حوسێن ئەحمەد سلێمان مارونسی بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(میدالیای بارزانی بۆمن شەرەفێکی گەورەیە و بە وەرگرتنی زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## حوسێن شێخۆ جوندی




حوسێن شێخۆ جوندی ساڵی ١٩١٧ لە گوندی بنان لە مزووری باڵا لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساند، حوسێن شێخۆ لە موسڵ سەرباز بووە. بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٤٥دا لە سەربازیی ڕایکردوە و بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٤٥ کە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بارزانییەکان پەڕینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حوسێن شێخۆش ویستویەتی بە باکوری کوردستاندا بە بنەماڵەوە بچێت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە گوندی گرانە لە ناوچەی گەردی، لەلایەن قەرەقۆڵەکانی حکومەتی تورکیاوە پەلامار دراون. خۆی و شێخۆ جوندی باوکی ڕایان کردوە، بەڵام بنەماڵەکەی کەوتووەتە دەست قەرەقۆڵەکان و دراونەتەوە بە ڕژێمی عێراق. ناوبراو بۆ ماوەی ساڵێک لە چیاکان ماوەتەوە و دواتر بە بەخشینی گشتی لە ساڵی ١٩٤٦دا گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بۆسێ لە باشوری کوردستان و لە ماڵی خزمانی ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حوسێن شێخۆ چەکی هەڵگرتووە و ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی بادینانداا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قەنتارا لە ناوچەی زاویتە، گەلی نێرکێ، چەک کردنی هێزێکی پۆلیسی عێراقی لە بەرەکەڕی کردوە. هەروەها بە وتەی مژدین حوسێنی کوڕی بۆ ماوەی ٤٢ ڕۆژ بە فەرماندەیی عیسا سوار لە شەڕی گرتنەوەی چیای مەتینادا بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، حوسێن شێخۆ سەرقۆڵی هێزی تایبەت لە لەشکری بادینانداا بووە بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان. ساڵی ١٩٧٨ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی

چـــووەتە کەرەج و دوای ڕووخـــانی ڕژێمـــی پاشـــایەتی لە ئێـــران لە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە.

ساڵی ١٩٨١ کراوە بە فەرماندەی هێزی ٤٣ی قاتعی ٢ی سەربە مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ تەیمەز عارەب، لەشکەریی حوسێن جەرگیس، شەکر حەمید بێری و ژمارەیەکی تر پاسەوانی مەزاری بارزانی بووە لە هەلەج. ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی تەمەنی باڵای، لەگەڵ ژمارەیەکی تر خانەنشین کراوە. ناوبراو دوو کوڕی بەناوەکانی حەسەن لە ساڵی ١٩٧٠ و میرخان لە ١٩٩٢/١٠/٦ شەهید بوون و خۆشی جارێک لە ساڵی ١٩٨٣ لە شنۆ بریندار بووە.

ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣، حوسێن شێخۆ بەهۆی خزمەتکردنی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١١/٦/٢ لە مەسیف سەلاحەدین کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی مژدین حوسێن شێخۆی کوڕی، بە دوای ئەوەدا کە باوکی میدالیای بارزانی وەرگرتوە و گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و چاوی بە منداڵەکانی کەوتوە لە خۆشییان گریاوە.

# خورشید سەلیم شێرە



خورشید سەلیم شێرە ناسراو بە خورشید شێرە ساڵی ١٩٣٨ لە شارۆچکەی دێبەگە لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. پۆلەکانی سەرەتایی لە دێبەگە و هەولێر خوێندوە و ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی نەداریی وازی لە خوێندنی دواناوەندیی هێناوە و ساڵی ١٩٥٤ بووەتە سەرباز لە سوپای عێراقدا. ناوبراو دوای بینینی چەند خولی سەربازیی بە پلەی نایب زابت گەیشتووە. ساڵی ١٩٥٦ لە ماڵی ساڵح شێرەی مامی و سمایل فەلاحی ئامۆزای، لە گەڕەکی شوریجەی کەرکوک چاوی بە جەلال تاڵەبانی و هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکرات کەوتووە و لەو بارەیەوە لە کتێبی خەبات و خوێن "بیرەوەریی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی"دا دەڵێت:

**- (لە ژورێک دانیشتین، مام جەلا پێی وتم بیستومە چاپ باش دەزانی؟ وتم بەڵێ من نووسەری چاپم. وتی کەواتە ئامادە بە، ئەمە ڕۆژنامەی "خەبات"ە تۆ چاپی دەکەیت. لە ڕاستیدا ئەم قسەیە زۆر دڵخۆشی کردم و وتم: چیتان هەیە پێی چاپ بکەم، هەندێک گونیەی هەڵداوە، کۆنە ئامێرێکی چاپ و ڕۆنیۆیەکیان هەبوو، بەڵام زۆر کۆن بوو، چاپەکەم ئامادە کرد و دەستم بە چاپکردن کرد...)**

ساڵی ١٩٥٨ کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، خورشید شێرە لە کۆمیتەی سەربازییدا بووە لە بەغدا و وەک خۆی دەڵێت هەر شەوەی چەند سەربازێکی دڵسۆزیان لە پاڵ پاسەوانەکانی بارزانی، پاسەوانی بارزانی بوون. ساڵی ١٩٦٠، ناوبراو لە فەوجی دووی لیوای سێی هەولێر لە سوپای عێراقدا بووە و ساڵی ١٩٦٢ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا فەوجەکەیان گواستراوەتەوە بۆ زاخۆ و لەوێوە بردراوە بۆ خەلیفان. لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٢دا بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی شۆڕش، ناوبراو سوپای عێراقی بەجێهێشتوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە بێتواتە کە عومەر دەبابە بەرپرسی بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ڕژێمی**

عێراق، باوکم و خێزانم و دوو منداڵی تەمەن ٣ ساڵ و ٦ مانگەی منی دەستگیر کرد.)

لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٦٢، خورشید شێرە لەگەڵ مەحمود کاوانی و ژمارەیەک پێشمەرگە و مەلا ماتۆر و عومەر دەبابە لە شەڕێکی دوو کاتژمێریدا هەموو چیای بالیسانیان لە دوژمن پاک کردوەتەوە. لە مانگی تەمووزی ١٩٦٢ لەگەڵ ٢٩ پێشمەرگە بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی چیای بالیسانی کردوە و وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، دوژمنیان شکاندوە و زیاتر لە ٣٠ کەلاکی دوژمن لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا ماوەتەوە و ١٤ تفەنگی ئینگلیزی و کەلوپەلێکی زۆری سەربازییان دەستکەوتووە.

ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١٥، خورشید شێرە بەشداریی کردوە لە چەککردنی سێ پێگەی سوپای عێراق لە چیاکانی نزیک بالیسان و ٨٦ ئەفسەر و پلەدار و سەربازیان بەدیل گرتووە لەگەڵ ٨٠ تفەنگی ئینگلیزیی، دوو خۆمپارە هاوێژ، ١٤ ڕەشاش برین، دوو قەناسە و بڕێکی زۆر کەلوپەلی سەربازیی. لەو شەڕانەدا پێشمەرگەیەکیان بەناوی عومەر ئاقوبانی شەهید بووە. جگە لەو شەڕانە، ناوبراو لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٦٣دا بەشداریی ئەو شەڕانەی خوارەوەی کردوە: شەڕی کۆسپی سپی ساڵی ١٩٦٢، شەڕی دووەمی سەفین ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٣٠، شەڕی قەرەداغ ساڵی ١٩٦٣. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا کراوە بە بەرپرسی لقی پێشمەرگەکانی ئاسۆس لە بەتالیۆنی یەکی هێزی کاوەدا.

ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١، خورشید شێرە بەشداریی کۆنگرەی ٦ی پارتی دیموکراتی لە قەڵادزێ کردوە و ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی ٤٠ ڕۆژەی چیای سەفیندا بەشدار بووە و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕەدا ٨ پێشمەرگەیان شەهید و ٢٥ پێشمەرگەشیان بریندار بووە، خورشێد شێرە خۆی یەکێک بووە لە بریندارەکانی ئەو شەڕە و لەودا چاوێکی لەدەست داوە. هەروەها ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/٢٥ بەشداریی کردوە لە شەڕی بەرگریکەرانەی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٦٧ لە شەڕی ٤٥ ڕۆژی چیای سەفیندا، ئازوقەی بۆ بەرەکانی شەڕ کۆکردوەتەوە. دوای کۆنگرەی ٧ی پارتی دیموکرات، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ لقی ٢ی هەولێر و کراوە بە ئەندامی لق کە مەجید ئەتروشی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٨، بەشداریی شەڕی بێستانەی کردوە و وەک خۆی لە کتێبی خەبات و خوێندا دەڵێت کاتژمێر ٤ بەیانی هێرشیان کردوەتە سەر هێزەکانی دوژمن

لە بێستانە و ئازادیان کردوە و دوو پێشمەرگەیان شەهید و پێنج پێشمەرگەشیان بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، خورشید شێرە لەسەر ئەرکی خۆی بەردوام بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ مهاباد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج. لە کەرج هاوکاریی ڕێزدار ئیدریس بارزانی و ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و کراوە بە بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکرات لە هەولێر و ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە بۆ بەشی ڕێکخستنی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەو بەشە بووە. ساڵی ١٩٨٣ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی و کراوە بە جێگری لق کە سەرەتا زەعیم عەلی و دواتر لە ساڵی ١٩٨٧وە محەمەدی مەلا قادر بەرپرسی لق بووە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٨/١٧ لقی دووی پارتی دیموکرات کە محەمەد مەلا قادر بەرپرس و خورشید شێرە جێگری لق بووە، بە بۆنەی ١٦ ئاب ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دیموکرات لە پلانێکی پاککردنەوەی ڕێگای هیران بۆ شەقلاوە ١١ی پێگەی دوژمنیان لەو هێڵەدا چەککردوە، لەو شەڕانەدا پێشمەرگەیەک بەناوی عەبدولا جەوهەر شەهید بووە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا خورشید شێرە ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕینی ناوچەی هەولێر بووە و لەگەڵ محەمەدی مەلا قادر، عەبدولموهەیمن بارزانی، عومەر عوسمان چاودێرییان بەسەر ڕاپەڕیندا کردوە. ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١، ناوبراو لە گرتنی شاری هەولێردا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

دوای پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، خورشید شێرە بۆ ماوەیەک وەکیل وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و پارێزگای هەولێر بووە. ناوبراو بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. شایانی باسە: چونکە بۆ نوسینی ئەم کورتە ژیاننامەیە دەستم بە ڕێزدار خورشید شێرە نەگەیشت، ناچار بووم ئەم زانیارییانە لە کتێبەکەی خۆی "خەبات و خوێن- بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی" و بەڵگەنامەکان و وتەی کادیرانی هاوڕێی لە شۆڕشدا کۆبکەمەوە.

## پێنجەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

پێنجەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی، خەڵاتکراوانی ڕۆژانی ٢٠١٠/١٢/١١ تا ٢٠١٠/١٢/١٨ دەگرێتەوە کە لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانییان وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگرتووە و ژمارەیان ٢١١ کەسایەتی و خەباتکار و خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرن. لە ژمارەیە ژیاننامەی ١٠٢ کەسایەتیم لە بەرگی یەکەمی کتێبی میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێناندا بڵاوکردوەتەوە و لەم بەشەشدا جگەلە ژیاننامەی گوین ڕابرتس کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ میدالیای وەرگرتووە و غازی تاهیر خالید زێباری کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای پێدراوە و بەداخەوە دەستم پێیانڕانەگەیشت، ژیاننامەی ١٠٧ کەسایەتی بە شێوەی خوارەوە بڵاودەکەمەوە:

## نعمان علوان سوهێل



نعمان علوان سوهێل ناسراو بە مولازم خدر و فەریق خدر ساڵی ١٩٣٩ لە بەغدا لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە بەغدا خوێندوە و بکالریۆسی لە زانستی سەربازیی وەرگرتووە و لە بەشی زانستی کۆمەڵایەتیدا لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دیپلۆمی هەیە. ساڵی ١٩٦٠ چووەتە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراق و هەتا ئێستاش ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقە. ساڵی ١٩٦٣ کە شیوعییەکان لە لایەنی ڕژێمی عێراقەوە کەوتنەبەر ڕاوەدوونان و گرتن و شکەنجەدان، ناوبراو لە بەشی تۆپخانەی سوپای عێراقدا پلەی مولازمی هەبووە و بۆ ئەوەی کە نەکەوێتە دەست حکومەت، لەگەڵ ژمارەیەک لە شیوعییەکان ڕایکردوە و خۆی گەیاندوەتە ناوچەی باڵەکایەتی لە کوردستان و لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی کەوتووە لە گوندی بەرسرین کە ڕەئیس کەمال نعمان بەرپرسیان بووە. دوای ماوەیەک ڕەئیس کەمال هێزی هەندرێنی پێکهێناوە و ناوبراو کراوە بە جێگری ئەو هێزە لە چیای هەندرێن و لەژێر چاودێری سەرۆک مستەفا بارزانیدا وەک هێزێکی سەربەخۆ خەباتی کردوە.

مولازم خدر ساڵی ١٩٦٤ لەکاتی وتووێژەکانی نێوان شۆڕش و حکومەتدا بۆ یەکەم جار بەشداریی شەڕێکی ئەو ناوچەیەی کردوە و ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ مولازم خدر دەباغ لە شەڕی کۆڕەکدا بەرپرسی بەشی تۆپخانەی شەڕەکە بووە و بە خۆمپارەی ١٢٠ میلم بەشداری تێیدا کردوە. ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی هەندرێندا جێگری فەرماندەی شەڕی هەندرێن بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:




- (ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١ لەکاتی وتوویژ لەنێوان شۆڕش و حکومەتدا، لیوای چواری سوپای عێراق لەژێر چاودێریی لیوا سەعید حەمۆ وەزیری بەرگریی عێراق، بە هاوکاریی ٤٠٠٠ جاش و هێزێکی تێکەڵاو لە تۆپخانە، بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق هێرشی کردە سەر چیای هەندرێن. ئەوکاتە لە دەربەندی ڕایات زەماوەندی مولازم ڕیاز بوو و ژمارەیەکی کەم پێشمەرگە لە چیاکە مابووین. ڕژێم نیوەی چیای هەندرێنی گرت. کەپکە موو بەدەست ئێمەوە بوو. بارزانی خۆمپارەی ٨١ و ٨٢ و تۆپێکی ٢٥ ڕەتڵی بۆ ناردین و بەو چەکانە توانیمان بەسەر دوژمندا زاڵ بین. ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٠ من بە پریشکی بۆمبارانی فڕۆکە لە سێ جێدا بریندار بووم، بەڵام برینەکانم سوک بوون و تەنیا شەوێک لە نەخۆشخانە مامەوە و ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١١ گەڕامەوە بۆ بەرەی شەڕ. شەو بارزانی و کاک ئیدریس هاتن و لە کۆسپی سپی لە نزیک گوندی چۆمان کۆبووینەوە. کاک ئیدریس فەرماندەیی شەڕەکەی دەکرد. حکومەت هێرشەکانی گەیاندە گەرووی عومەرئاغا و زۆزک و بەشێکی کەم لە چیای زۆزک بەدەست پێشمەرگەکانەوە مابوو. چوونکە زۆزک بەسەر هەندرێندا زاڵە، ئەگەر زۆزکیان بە تەواوی گرتبا، ئێمە نەماندەتوانی لە هەندرێن بمێنینەوە. لەگەڵ کاک ئیدریس بڕیارماندا بەرگری لە زۆزک بکەین و نەهێڵین بکەوێتە دەست دوژمن.)

نعمان علوان سوهێل سەبارەت بە هاوکارییەکانی حیزبی شیوعی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و هەروەها بەردەوامی ئەو شەڕە دەڵێت: (بارزانی جیاوازیی لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی نەدەکرد. من بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی شیوعی لەگەڵ پارتی دیموکرات بووم. بارزانی باوەشی بەمندا گرت و دڵخۆشی دامەوە و گوتی ئێمە لە کوردستاندا سەدان هەندرێنمان هەیە، پێش بە شەهید و برینداربوونی پێشمەرگە بگرن.

بارزانی پاشەکشەی پێشمەرگەی لەکاتی مەترسیدا بە شتێکی ئاسایی دەزانی و ئامادە نەبوو بۆ ڕاگرتنی تەپۆڵکەیەک پێشمەرگە شەهید بێت. کاک ئیدریس کە فەرماندەیی هەموو بەرەکانی شەڕی دەکرد نەیدەهێشت لە هیچ شتێکدا کەم بێنین. من بە بارزانیم گوت سەبەێنی هێرش دەکەین و بارزانی لەگەڵ ئامۆژگاری کردنمان، چەمەدانەکەی لەسەر سەری داکشاند و هێنایە سەر بڕۆی. ئەو کاتی توڕە دەبوو، جەمەدانەکەی هەڵدەکشاند و هەموو ناوچاوانی بەدیار دەبوو و کاتی خۆشحاڵ بوونیشی جەمەدانەکەی دەکێشایە خوارەوە. بە کاک ئیدریسی گوت هەموو پێداویستییەکانی هێزی هەندرێنیان بۆ دابین بکە و کاک ئیدریس پردێکی لەنێوان ناوپردان و هەندرێن دروست کرد و هەرچی دەمانەویست دەستبەجێ بۆی دابین دەکردین. دوو مەفرەزەی پارتی بە فەرماندەیی کاک مستەفا نێروەیی و کاک سەمەد هاتنە لای ئێمە، بەڵام بە توند بوونی شەڕ لە گەرووی عومەرئاغا، ئەوان چوون بۆ ئەو جێیە و شەڕەکەیان گەیشتە شەڕی دەستەویەخە. عیزەت سلێمان بەگ بە هێزێکەوە لەلای ئێمە بوو. ئێمە کاتژمێر چواری ئێوارە هێرشمان کرد. سوپای عێراق چاوەڕوانی ئەو هێرشە نەبوو، ئەوان لە هەندرێن شکان و ڕایان کرد. کاتی ڕاکردنیان لە هەندرێن، ڕەئیس نعمان خۆی گەیاندە بێتەلەکەیان و بە زمانی عەرەبی بە هێزەکانی سوپای گوت پێشمەرگە هێرشی کردوە و پاشەکشە بکەن. سەعید حەمۆ بە هێزەکانی هەندرێنی ڕاگەیان ئەوە پێشمەرگەیە هەواڵ دەنێرێت و فەرمانیدا کە سوپا پاشەکشە نەکات، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. هێزێکمان بە فەرماندەیی مولازم عەبدولڕەحمان کەمیل بە جوندیاندا پێشی پێگرتن و هەموو چەک و تەقەمەنییەکانی لیوای چواری عێراق کەوتە دەست ئێمە. ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٢ تۆپخانەکەیان لای ئێمە مایەوە و ئەوان بەبێ پلان ڕایانکرد. ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٣ حکومەت بە جاشەکانی سێ جار هێرشی کرد، بەڵام هەر سێ جار شکان و ڕایان کرد.)

ساڵی ١٩٦٨ کە باڵێکی تری حیزبی بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست و لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕێککەوت و بەخشینی گشتی ڕاگەیاند، ژمارەیەک ئەفسەر و پلەداری سوپا بە هاودەنگی لەگەڵ حیزبی شیوعی گەڕانەوە بۆلای ڕژێم، بەڵام مولازم خدر نەگەڕایەوە و ئەرکی بەرپرسایەتی پێوەندییەکانی سیاسیی و سەربازی حیزبی شیوعی لەگەڵ پارتی دیموکرات لە ئەستۆ گرت، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: (بارزانی زۆر دڵ فرەوان بوو. ئەو گەورەترین کێشەی

نێوان ئێمە و پارتی چارەسەر کرد. لەوکاتەدا پێوەندیی ئێمە و پارتی لە باشترین پلەی خۆیدا بوو. لە ڕێککەوینی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا من لە کوردستان مامەوە و بەشداریی وتووێژەکانی ١١ی ئازارم لە ناوپردان کرد.)

ساڵی ١٩٧٤ کە سەدام حوسێن لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕێککەوت و شیوعییەکان گەڕانەوە لای حکومەت، مولازم خدریش وەک هاوڕێکانی کوردستانی بەجێهێشت و گەڕایەوە لای حکومەت و لەو بارەیەوە دەڵێت: (من چووم بە خزمەت بارزانی گەیشتم و گوتم من کوڕی ئێوە و کوڕی ئەو میللەتەم، بەڵام پێوەندیی حیزبیم هەیە، حیزب دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و پێویستە منیش لەگەڵیان بچم. بارزانی لە بەرامبەر مندا فەرمووی: "من دەزانم کە حیزبی شیوعی چاوی من دەردێنێت." من چووم بۆ کەرکوک و دواتر بۆ بەغدا و بە فەرمانی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق کرام بە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی باکوری عێراق "کوردستان" کە من قبوڵم نەکرد و چووم لە ماڵی خۆم دانیشتم.)

ساڵی ١٩٧٨ حیزبی شیوعی مولازم خدری ناردوەتە بولغارستان تا بەڵکوو لە بەشی ئابووریی کۆمەڵایەتیدا ماجستەر وەربگرێت، بەڵام ناوبراو دوای ساڵێک خوێندن، ساڵی ١٩٧٩ کە حیزبی شیوعی لە ڕژێمی بەعس دوور کەوتەوە و ژمارەیەکیان گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و کراوە بە بەرپرسی ناوچەی بادینانی حیزبی شیوعی لە سنوری باشور و باکوریی کوردستان، لەو بارەیەوە دەڵێت: (کە گەیشتمە کوردستان، کاغەزێکی کاک مەسعودم پێگەیشت، نوسیبووی ئەمڕۆ مەیدانی حەقیقی بزووتنەوە ئێرە یە و ئێمە ئامادەین بۆ هاوکاریی کردنت. من کاغەزەکەی کاک مەسعودم بۆ کاک عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی نارد بۆ سوریا. کاک عەزیز وەڵامی دایەوە و نوسی: "ئێمە بە حورمەتی ئەو کاغەزەوە دێن." ئەوە بوو کە بە فەرمانی کاک عەزیز، شیوعییەکان بەغدایان بەجێهێشت و لە کوردستان کۆبوونەوە و ناوچەکانی بادینان، هەولێر و سلێمانیمان ڕێکخستەوە و ناوەندی ڕێبەرایەتیمان لە خڕی ناوزەنگ دانا.)

ساڵی ١٩٨٠ حیزبی شیوعی مەکتەبی سەربازیی دامەزراندوە و مولازم خدر کراوە بە ئەندامی ئەو مەکتەبە. ساڵی ١٩٨١ ڕێبەرایەتی حیزب لە خڕی ناوزەنگەوە چووە بۆ نۆکان لە سنوری نێوان سەردەشت و قەڵادزێ. ساڵی ١٩٨٢ مولازم خدر لەگەڵ ئەبوو عامد لە پشتئاشان بووە و ساڵی ١٩٨٣ حیزبی

شیوعی و حیزبی سۆسیالیست لەگەڵ پارتی دیموکرات لە بەرەی جوددا بوون کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دەشتی هەولێر لە پێشمەرکەکانی سۆسیالیست و شیوعی داوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ئێمە دوای شەڕێکی قورس لەگەڵ حکومەت لە ناوچەی کەرکوک خەریک بووین دەگەڕاینەوە کە یەکێتی کەمینی بۆ ئێمە دانا و لە ناوچەی بایزئاغا و بێستانە سێ پێشمەرگەی ئێمەی بریندار کرد. بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە لیژنەیەکمان پێکهێنا. سەید کاکە لە سۆسیالیست، من لە شیوعی، محەمەدی مەلا قادر لە پارتی کە ئەو نەخۆش کەوت و کەسێکی تر لە پارتی هات و کەسێکیش بەناوی عەلی گۆج لە یەکێتی ئەندامی ئەو لیژنەیە بووین و مام جەلال خۆشی چاودێری بەسەر کاری لیژنەکەدا دەکرد. چونکە لە گوندی خورخور کۆبووینەوە، ناوی ڕێککەوتنەکەمان نا خورخور و بەو ناوە واژۆمان کرد. لە دەشتی هەلێرەوە گەڕامەوە بۆ بالیسان و لەوێ بووم کە یەکێتی بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی لە پشتاشان لە ئێمەی دا و ژمارەیەکی زۆری لە ئێمە کوشت.)

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز بەرەی نیشتمانی عێراقی جود ڕۆژی لە ١٩٨٠/١١/٢٨ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی سوسیالیستی کوردستان و پارتی سوسیالیستی کورد پێکهاتووە.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستان، نعمان علوان سوهێل بۆ چارەسەریی نەخۆشی چووە بۆ سوریا و لەوێوە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی ڕەوانەی یەکێتی سۆڤیەت کراوە. دوو مانگ لە مۆسکۆ بووە و لەوێشەوە چووە بۆ وڵاتی سوید و لەوێ بە پەنابەری سیاسی وەرگیراوە و حیزبی شیوعی ناوبراوی کردوە بە بەرپرسی حیزبی شیوعی لەو وڵاتە. ساڵی ١٩٩٥ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزب سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ سوریا و ئیتر لەنێوان سوریا، ڕوسیا و کوردستاندا ڕاسپاردەکانی حیزبی شیوعی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ ڕاسپاردەکانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بە ئەنجام گەیاندوە و میوانەکانی سەرۆکی لە دەرەوەی وڵاتەوە گەیاندوەتە کوردستان. ساڵی ٢٠٠٠ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی تایبەتی ڕێزدار مەسعود بارزانی چووە بۆ سۆڤیەت و ساڵی ٢٠٠٥ گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و کراوە بە سەرۆکی لیژنەی ڕاوێژکارانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو

وەزارەتخانەیەدا و ئێستا بەرپرسی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی شیوعی لەگەڵ کوردستان و هەروەها نوێنەری سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە فەرماندەیی گشتی سوپای کوردستاندا. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەتەکانی بە بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (هەستم کرد خزمەتی من بە نەتەوەی کورد بە فیڕۆ نەچووە. سەرۆک بارزانی کاتی دانی میدالیا بەمنی گوت: "ئەگەر دەڵێن فەریق نعمان کەس نایناسێ، بەڵام ئەگەر دەڵێن مولازم خدر یان فەریق خدر هەموو کەس لە کوردستاندا دەیناسێ. فەریق خدر کە بریندار یش بوو هەر لەگەڵ ئێمە مایەوە و ئێستاش پاداشی خۆی وەرگرت." بنەماڵەی بارزانی و بەتایبەتی کوڕانی بارزانی، برادەرانی خۆیان لەبیر ناکەن، کاک مەسعود بەمن دەڵێت تۆ برای منی. میدالیای بارزانی بۆمن جێگەی شانازییە.)

## مستەفا ئیبراهیم مستەفا



مستەفا ئیبراهیم مستەفا ساڵی ١٩٣٨ لە قەزای کۆقانی لە رۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە. خوێندنی دواناوەندیی لە حەلەب خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا. ساڵی ١٩٦٠ لە پەلامارێکی دەزگا ئەمنییەکانی سوریادا بۆسەر ئەندامانی پارتی دیموکرات، لەگەڵ دوکتۆر نورەدین زازا، عوسمان سەبری، رەشید حەمۆ و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا گیراوە و و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ژمارەی دەستگیرکراوەکان زۆر بوون، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی ١٢ رۆژە تەنیا ٣٢ کەسیان راگرتین و ئێمەش لەلایەن دادگاوە بۆ ماوەی شەش مانگ حوکم دراین.)**

دوای ئازادبوونی لە زیندان، مستەفا ئیبراهیم وەک خۆی دەڵێت لە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریادا دوو باڵی دژ بەیەکتر سەری هەڵداوە. نورەدین زازا سەرۆکی باڵێک بووە و عوسمان سەبری باڵەکەی تر و ناوبراو لایەنگریی لە باڵی نورەدین زازا کردوە. لە رەوتی ئەو کێشانەدا، مستەفا ئیبراهیم هاوکات درێژەی بە خوێندنداوە و ساڵی ١٩٦٤ لە بەشی یاسا لە زانکۆی سوریا لە دیمەشق بڕوانامەی وەرگرتووە. بە وتەی ناوبراو سەرئەنجام ساڵی ١٩٦٥ لە پارتی دیموکراتدا جیابوونەوە روویداوە، بەڵام ناوبراو لەگەڵ هیچکام لەو بەشانە نەکەوتووە، تا سەرئەنجام ساڵی ١٩٧٠ بە دوای رێککەوتنی ١١ی ئازاردا لە باشوری کوردستان، پارتی دیموکراتی سوریا لە حاجی ئۆمەران کۆنگرەی یەکگرتنەوەی پێکهێناوە و لەو گۆنگرەیەدا سەرکردایەتییەکی کاتیان هەڵبژاردوە کە پرۆژەی یەکگرتنەوەی پارتی




بەڕێوەبەرێت. مستەفا کەمال لەگەڵ ئەو پرۆژەیە بووە و وەک خۆی دەڵێت ئەو پرۆژەیە سەرکەوتووە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، ساڵی ١٩٧٢ کۆنگرەیەکی تری لە ناوچەی بامەڕنی پێکهێناوە. ١٢١ ئەندامی نوێنەر بەشداریی ئەو کۆنگرەیان کردوە و مستەفا ئیبراهیم مستەفا بە دەنگی ١١٧ ئەندامی نوێنەر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. بە دوای کۆنگرەکەدا. ناوبراو چووەتە حاجی ئۆمەران و لەوێ چاوی بە سەرۆک بارزانی کەوتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. تا ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەی نهێنی لە سوریا درێژەی بە خەبات داوە و دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، وەک ناوبراو دەڵێت زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی جەلال تاڵەبانی و لە پارتی دوور کەوتوونەتەوە و تەنیا مستەفا ئیبراهیم مستەفا لەگەڵ دوو ئەندامی تری کۆمیتەی ناوەندی بەناوەکانی هۆریک ئەحمەد و زەکریا ئەحمەد خەڵکی عەفرین لەگەڵ باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی ماونەتەوە.

ساڵی ١٩٧٦، مستەفا ئیبراهیم مستەفا بە نهێنی پەڕیوەتەوە بۆ باکوری کوردستان و لە سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان لە ناوچەی ئاکرێ چاوی بە جەوهەر نامیق سالم و کەریم سنجاری کەوتووە و بە دوای ئەو دیدارەیدا هاوکاریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. ساڵی ١٩٧٨ پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا کۆنگرەی دووەمی خۆی لە گوندی گردێم لە ناوچەی جەزیرەی سەربە قامیشلو پێکهێناوە. لەو کۆنگرەیەدا ناوبراو خۆی بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی پاڵاوتووە. هاوکات لە شاری حەڵەب کاری پارێزەریی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە هاوکاریی کردنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەردەوام بووە. پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا لەو کۆنگرەیەدا، ناوی حیزبەکەی کردوە بە ئەلپارتی.

مستەفا ئیبراهیم مستەفا تا ٢٠٠١/٦/٢٨ لە ڕۆژئاوای کوردستان بووە و لەو ڕۆژەدا کراوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەلپارتی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ بووە. سەرئەنجام لە ڕێکخستنی نوێ ئەلپارتیدا کەسێکی تر جێی گرتووە و ناوبراو بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر گیرساوەتەوە. مستەفا ئیبراهیم مستەفا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن وەک ئەوە بوو کە هەموو دنیایان داومێ. میدالیای بارزانی بۆمن لە میدالیای نۆبل بە نرخترە و شانازیی پێوە دەکەم.)**

## وەجیە مستەفا محەمەد بارزانی



وەجیە مستەفا محەمەد بارزانی ناسراوە بە وەجیە بارزانی ڕۆژی ١٩٦٩/١١/٢٠ لە گوندی دیلمان لە ناوچەی باڵەک لە قەزای چۆمان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، تەمەنی پێنج ساڵ و هەشت مانگ بووە کە لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی و بنەماڵەکەی پەڕیوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٧٦ گواستراوەتەوە بۆ کەرەج. خوێندنی .... لە کەرەج خوێندوە و ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستاندا، وەک پێشمەرگەیەک گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١٩٩٣/٦/٢٢ لە یەکەم خولی بنچینەیی مەشقی سەربازی لیوای تایبەتی "یەک" دا بەشدار بووە و دوای ٤٥ ڕۆژ، بە پلەیەکی بەرز خولەکەی تەواو کردوە و لە لیوای یەکی تایبەتدا خزمەتی پێشمەرگایەتی کردوە.

ساڵی ١٩٩٥ بەهۆی لێهاتوویی و خۆشەویست بوونی لەناو پێشمەرگەکاندا، لەسەر داوای شەهیدی فەرماندە ئەحمەد ڕۆژبەیانی و ئەندامانی لیوای یەکی تایبەت و بە هاودەنگی لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٣١ ئەرکی فەرماندەیی لیوای تایبەتی یەکی پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٩٨، بەهۆی بەرین بوونەوەی ئەرکی لیوای تایبەتی یەک و زۆر بوونی ژمارەی پێشمەرگەکانی، ئەو لیوایە کراوە بە لەشکر و وەجیە بارزانی ئەرکی فەرماندەیی لەشکری تایبەتی یەکی پێدراوە. ساڵی ٢٠٠٠، ناوبراو جگە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی فەرماندەیی یەکی سەفین لەسەر داوای لیژنەی ڕێکخستنەوەی فەرماندەیی سەفین،



هاوکات لە ڕۆژی ٢٠٠/٦/٢٨وە ئەرکی فەرماندەیی سەفینیشی لە ئەستۆ گرتووە.
ساڵی ٢٠٠٣، لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە چنگ حیزبی بەعس و سەدام حوسێن، وەجیە بارزانی لە پلەی فەرماندەیی لەشکری یەکی تایبەت و فەرماندەیی سەفیندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٦ کاتی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ، لە دووڕیانی دێبەگە-مەخموور، ناوبراو بەهۆی بۆمبارانی بەهەڵەی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی هێزی هاوپەیمانان، لەگەڵ ٦٤ پێشمەرگەی تر بۆمباران کراون و لە ئاکامدا ١٦ پێشمەرگەیان شەهید و ٤٩ پێشمەرگەشیان بریندار بوون، لەنێو بریندارەکاندا وەجیە بارزانی بە سەختی بریندار بووە.
ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٤، وەجیە بارزانی بەهۆی لێهاتوویی لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقدا بە بڕیاری کۆشکی سپی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە میدالیای "لێگن ئۆف مێریت"ی the legion of merit وەرگرتووە. پێویستە بڵێم لە سەرەمی جۆرج واشنتن یەکەم سەرکۆماری ئەمریکاوە ئەم میدالیایە وەک نەریتێک بە قارەمانانەی شەڕی ئازادی بەخشراوە کە لە شەڕەکاندا لێهاتوویی مەزن و دەستکەوتی سەربازیی گەورەیان مسۆگەر کردوە. ژەنەڕاڵ مایەرز سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکا و پۆل ۆڵفۆویتز جێگری وەزیری بەرگریی ئەوکاتەی ئەمریکا لە باڵەخانەی وەزارەتی بەگری میدالیاکەیان بە سنگی وەجیە بارزانی هەڵواسی.
هەروەها، وەجیە بارزانی بە هۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە گەورەترین شانازیی ژیانی خۆم دەزانم و شانازیی پێوەدەکەم.)

# جەمال عوسمان کارەسوڵ



جەمال عوسمان کارەسوڵ ناسراو بە جەمال مورتکەساڵی ١٩٦٢ لە گوندی مورتکەی گەورە لە ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩ وازی لە خوێندنی ناوەندیی هێناوە و ساڵی ١٩٨١ لە هەولێر چووەتە سەربازی و لە سەربازگەی تاجی لە کەرکوک بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سپیلک و دواتریش بۆ حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٨١ لە حاجی ئۆمەرانەوە ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی دووی پارتی دیموکرات لە دەشتی هەولێر کە قادر عەزیز بەرپرسی بووە. وەک خۆی دەڵێت تا مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٧ لەو ڕێکخراوەیەدا لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، سماقۆڵی، بالیسان، وەرتێ، ڕەواندز، قەندیل، خواکورک، خرێنە، دەشتی بەرازگر و حەیات، ناوچەی بارزان، ناوچەی سورچیان، خێلانیان زرارەتی، بەرانەتی، کەندیناوێ و مەخمور لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا بووە و لەو ماوەیەدا توشی دەیان شەڕی بچووک و گەورە بووە، وەک: شەڕی ناو شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٨٣، شەڕی هەریر لە ساڵی ١٩٨٣، شەڕی دۆڵی ڕۆستێ لە ساڵی ١٩٨٤، کەمین لە جادەکانی نێوان هەولێر موسڵ، باقر مەخمور، موسڵ مەخمور و هەولێر کەرکوک و کەمینەکانی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٨٥، ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا بە هێزی گەورە و دەستکەوتی زۆر. ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٨، جەمال مورتکە بەشداریی شەڕی گەورەی ترپە سپیانی لە ناوچەی هەولێر کردوە و ناوبراو ئەو شەڕە بە گەورەترین شەڕ لە ناوچەکەدا دەزانێ و دەڵێت:


**(شەڕی گەورەی ترپە سپیان لە سنوری دەشتی هەولێر گەورەترین شەڕی سنوری دەشتی هەولێر بوو. لە نیوەڕۆدا ڕژێمی عیراق بە هێزێکی بێ ژمار لە زەوی و ئاسمانەوە، بە فڕۆکە و هێلیکۆپتەر، بە تانک و تۆپخانە و سەرباز و**

جاش هێرشی بۆ کردین و شەڕ تا کاتژمێر ٩ی شەو بەردەوام بوو. ڕژێم چەند جار شکا و سەرلەنوێ هێرشی کردەوە. من بەچاوی خۆم نزیکەی ١٥٠ کەلاکی سەرباز و جاشەکانی ڕژێمم لە مەیدانی شەڕەکەدا بینی. ٢٥ ئوتۆمبیلمان تێکشکاند و سێ فڕۆکەمان لێ خست و بە برینداریکی زۆر پاشەکشەی کرد. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی ئێمە بەناوەکانی فەرهاد ئەحمەد عەزیز و قەهار قەرە چناخەیی شەهید بوون. پارتی دیموکرات و حیزبی زەحمەتکێشان لەو شەڕەدا بوون و ئەم کادیر و فەرماندانە ڕێبەرایەتی شەڕەکەیان کرد: خدر سوارە، مەهدی عەزیز، عادل نامیق، کەریم ئیسماعیل دەستگەورە، ئەبوو زید خەتاب، قەهار، عەزیز، هەژار. من و مەهدی عەزیز و خدر سوارە سەرۆکایەتی شەڕەکەمان کرد.)

لە شەڕێکی تردا جەمال مورتکە و سێ پێشمەرگەی تر لە بناری دیدەوان لە دەوروبەری مورتکە لە چوار هێلیکۆپتەری دوژمنیان داوە و هەروەها بەشداریی شەڕی سێکانی کردوە کە لەلایەن پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانییەوە بەڕێوەچووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٨٧/٢/١، چوار پێشمەرگە بووین لە گوندی قەشقە و خوڕوخۆڕ کە چوار هێلیکۆپتەر هاتنە سەرمان و شەڕمان لەگەڵیان کرد. من بە سەختی بریندار بووم و سێ پێشمەرگەی تریش بەناوەکانی سەردار حەسەن مەولود، خەسرەو سەیدە و سەردار خەسرەو ئاوات بریندار بوون. لە شەڕی گەورەی سێ کانی فڕۆکەیەکی بیلاتۆز و دوو فڕۆکەی شەڕکەرمان خستەخوارەوە. ٢٠ هێلیکۆپتەر هاتنە سەرمان و ئێمە شەڕمان لەگەڵیان کرد و یەکێک لە کۆپتەرەکانمان خستە خوارەوە. هەموو پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر و بەرەی کوردستانی لەو شەڕەدا بەشداربوون.)

لە سەردەمی ئەنفال و کیمیابارانەکاندا، بە وتەی جەمال مورتکە سوپای ڕژێم بە زەوی و ئاسماندا هێرشی کردوەتە سەر ناوچەکانی دێگەڵە، کۆیە، بنەسڵاوە و قوشتەپە و لەگەڵ زەبر وەشاندنی لە خەڵکی ئەو ناوچانە، کیمیایی بەکار هێناوە و گەڕاوەتەوە. ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ خەڵکی شەقڵاوە و دەشتی هەریر ڕاپەڕیون. لەو بارەیەوە جەمال مورتکە دەڵێت:



- (لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری شەقڵاوە و دەشتی هەریر، ڕێکخراوەکانی دیدەوان، قەرەچۆخ، بەرانەتی، شەمامک، سەفین، پیرمام، هەولێر لە گەرووی میراواوە پێگەکانی دوژمنیان تا دەربەند کۆکردەوە. بەشێک لە شەقڵاوە ئازاد کرا، بەڵام دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ڕژێم بە کۆپتەر هێرشی کرد و شەش پێشمەرگەی شەهید و ژمارەیەکی زۆریشی بریندار کرد کە چوار لە برینداەرکان بەناوەکانی جەمیل، جەلال گۆران، سدیق جەوادو قاسم کەوتنە دەست دوژمن و بزر کران.)

ڕۆژی ١٩٨٧/٨/١٧ بە بۆنەی ١٦ی ئاب ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێگەکانی سەری مەیدانیان تا گوندی گەڕۆتە گرتوە و لەو شەڕەدا ٦ پێشمەرگەیان شەهید و چەند پێشمەرگەشیان بریندار بووە. جەمال مورتکە لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (دە ڕۆژ بە دوای ئەو عەمەلیاتەدا، ڕژێمی عێراق بە هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی وەزیری بەرگریی و فەیلەقی پێنجی عێراق هێرشی کردە سەرمان. شەڕ بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ بەردەوام بوو، بەڵام نەیانتوانی ناوچەکە بگرنەوە و ناچار بوون بە زیانێکی زۆر و بەجێهێشتنی کوژراو و چەکوچۆڵێکی زۆر پاشەکشە بکەن. ئاکامی ئەو شەڕە بەوە گەیشت کە پێشمەرگەکانی لقی یەکی بادینان کە دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بەرپرسیان بوو، کانی ماسی بگرن و ڕژێم بەو دوو شەڕە تێکشکا.)

مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٧، جەمال مورتکە گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە و وەک خۆی دەڵێت لەمپەرێکی بەرگریی بۆ هێزەکانی دوژمن داناوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (کە چوومە شەقڵاوە لەمپەرێکی بەرگریمان لە شاخی ماکۆکەوە تا گوندی مێرگەسەر لە شاخەکانی بناری ماکۆک، کێلی شەربا، پانەسەر، شاخی مۆتە،

**شاخی مل مازی، ڕێگەی بالیسان، سەروچاوە تا شاخی موسەک دانا و ئەو ناوچانە بوون بە سەنگەری پێشمەرگەکان و من بەرپرسی سەربازیی بووم.)**

لە سەیتەرەی سەرمەیدان و کاوانیانەوە تا عوزران لە ناوچەی شەقڵاوە ٨ پێگەی لێبووە لەگەڵ کارگەیەکی قیر کە ڕێگای بۆ سوپا و جاشەکان خۆشکردوە بۆ تێکدان و وێران کردنی گوندەکانی ئەو ناوچانە، کە لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە وەک جەمال مورتکە دەڵێت لە ماوەی کاتژمێرێکدا لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٧، هەر هەشت پێگەیان چەککردوە. ساڵی ١٩٨٨، سوپا و جاشەکانی عێراق چەندان جار هێرشیان کردوەتە سەر ناوچەی بالیسان کە زیان بە دانیشتوانی بگەیەنێ، بەڵام هەموو جارێ پێشمەرگەکان ناچاریان کردون بە زیانێکی زۆر بگەڕێنەوە. لەو بارەیەوە جەمال مورتکە دەڵێت: **(دوو جار پێشمەرگەمان بۆ پارێزگاریی کردن لە وەرتێ و شاخی هەڵەموت نارد و جارێکیش بۆخۆم چووم و زیانی زۆرمان بە دوژمن گەیاند.)**

مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٨، جەمال مورتکە سەردانی دەشتی هەولێری کردوە و لە گوندی باغەمرە توشی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێلیکۆپتەرەکانی ڕژێم بووەتەوە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی کاتژمێرێک شەڕیان لەگەڵ هێلیکۆپتەر کردوە. لە ئەنفالەکاندا، لە مانگی ٦ و ٧ی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی عێراق گوشاری بۆ پێشمەرگەکان هێناوە. بە فڕۆکەی شەڕکەر لە سەنگەری پێشمەرگەکان و ناوچەکانی داوە و لە بەرامبەریدا پێشمەرگەکان بە بەردەوامی لە حاڵەتی بەرگریدابوون و لە چەند شەڕدا زەبری قورسیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاندوە. لە کۆتایی مانگی ٨ی ئەو ساڵەدا سوپای عێراق بە هێزێکی زۆر هێرشی کردوەتە سەر ناوچەی بالیسان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی ئاکۆیان، شەهیدان و ناوچەی قەسرێ و لە شەڕێکی قورسدا لە زەوی و ئاسمانەوە بە چەکی کیمیایی یاساخکراو لەو ناوچانەی داوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ بە بڕیاری لقی دوو هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکەیان بەجێهێشتووە. لەو بارەیەوە جەمال مورتکە دەڵێت:

**- (ئێمە لە دۆڵی مەلەکان، ساوسێوکە و ناوچەی دۆڵەڕەقە لە ڕانیە بەڕێکەوتین و خەڵکی ناوچەکە زۆریان یارمەتیداین و ئەمنیەتی ئێمەیان پاراست. دوژمن هەموو ڕێگاکانی گرتبوو. نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە بووین. ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢ بڕیار بوو هەر ڕێکخراوەی بۆخۆی ڕێگەیەک بۆ دەرچوون بدۆزێتەوە.** سوارئاغا و ئاکۆ و مامەند زۆریان یارمەتی کردین. بە ١٤ جیپ ئێمەیان

گەیانـدە سـەروچاوە. لـەوێ لـەنـاو گوڵـەبـەڕۆژەکانـدا خواردنیـان بـۆ دروسـت کردین. ڕۆژی ٩/٣ لـە گوندی سەردۆر لـە نزیک ڕووبـاری قەشـان بـووین و ڕۆژی ٩/٤ لـەگەڵ هەڵگورد زاهیر چووین بۆ بنـاری چیـای کۆسرەت و ڕۆژی ٩/٥، مـن پێشـمەرگەکانی نـاوچەی شـەقڵاوەم جیـا کـردەوە. ٥٠ پێشـمەرگە بـووین، بـە ناوچەی کۆیەدا چووین بۆ کانی ماران و ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٨ بـە گوندی هەنـارە و سێوکەدا گەڕاینـەوە بۆ دارەتوو و چووین بۆ ناوچەی خەیلانـەتی و لـەوێـوە بـۆ سپیلک و بە نازدار داغیدا خۆمان گەیاندە زێوە لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.)

جەمـال مـورتکە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ بەشـداریی کـۆنگرەی دەیەمـی پـارتی دیمـوکراتی کـردوە و بەدوای ئەو کـۆنگرەیەدا، لە کۆنفرانسـی نـاوچەی شەقڵاوەدا بۆ بەرپرسی لیژنەی ناوچە هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٩٠، لیژنـەکـانی نـاوچەی ڕانـیە و شـەقڵاوە کـراون بـە یەک لیـژنە و نـاوی لیـژنەی نـاوچەی ماکۆکیان لێناوە و ناوبراو کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ماکۆک و سەرلـەنوێ لـە مەفـرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا خەبـاتی کـردوە. هەرلـەو سـاڵـەدا کـراوە بـە کارگێڕی لقی دووی هەولێر و بەرپرسی سەربازیی لق بووە و تـا سـاڵی ١٩٩١ لەو ئەرکەیـدا بەردەوام بـووە. تـا ڕاپەڕینـی ١٩٩١ سـێ جـار بە مەفـرەزە گەڕاوەتـەوە بـۆ ناوچەکـانی ڕانـیە، دۆڵـەڕەقە، سـەرچاوە، شـەقڵاوە، مەسـیف سـەلاحەدین، کـۆڕێ، دەشـتی هەولێـر، باسـرمە و کـادیر و ئەنـدام و پێشمەرگەکانی بەسەر کردوەتەوە.

بەرلە ڕاپەڕیـن، جەمـال مـورتکە لە قاسمەڕەشـەوە گەڕاوەتەوە بـۆ باشـوری کوردسـتان و بە ڕانـیە و دۆڵـی بالیسـاندا چـووەتە شـەقڵاوە و بەشـداریی ڕاپەڕینی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦، مـن و خـدر سـوارە و بـابەکری فەقـێ ئەحـمەد وەک هەیئەتێکـی لـق هـاتین. لـە سـەروچاوە بـووین بـە سـێ بـەش. خـدر سـوارە بـۆ دەشتی هەولێر بەرەو کۆیە، من بۆ شەقڵاوە و بابەکر بۆ ناوچەی ڕانیە و بەو شێوەیە بەشداریی ڕاپەڕینمان کرد.)

دوای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٢دا، جەمـال مـورتکە بەرپرسـی سـەربازیی هەولێـر بـووە لە لەشـکری یەکگرتـووی نێـوان پـارتی و یەکێتیـدا و چـونکە فەرمانـدەیی هەولێـر درابـوو بە یەکێتـی، جەمـال جێگری فەرمانـدەیی لەشکری یەکگرتـوو بـووە. سـاڵی ١٩٩٤ لـە شـەڕی نـاوخۆدا فەرمانـدەی سوپای دوو و ئەنـدامی فەرمانـدەیی لەشکری کوردسـتان

"فەلەک" بووە. ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١ لە ماڵی خۆیدا بریندار بووە و کەوتووەتە سەر عارەبانە. لە کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتدا کە لە ڕۆژانی ٦-١٩٩٩/١٠/١٤ لە هەولێر پێکهات، ناوبراو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەندامی فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستان ماوەتەوە.

جەمال عوسمان کارەسوڵ سێ جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە و سێ براشی شەهید بوون. جەمیل عوسمان ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٣ بە برینداری کەوتووەتە دەست دوژمن و چارەنوسی نادیارە. مەسعود عوسمان لە کۆتایی مانگی ١٩٩٤دا لە هۆتێل شێراتۆنی شاری هەولێر لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بەدیل گیراوە و دوای چەند ڕۆژ شەهیدیان کردوە. محەمەد عوسمان لە مانگی ١٩٩٧/٥ لە شەڕی پ.ک.ک دا شەهید بووە. ئامۆزایەکی بە ناوەکانی ڕێدار عەلی لە کاتی فڕێدانی نارنجەک لەلایەن تاوانبارێکەوە بۆ ئاسایشی هەولێر شەهید بووە و ئامۆزایەکی تری بەناوی هیلال عەزیر ساڵی ١٩٩٧ لە هەولێر شەهید کراوە.

جەمال مورتکە ساڵی ١٩٨٤، لە لقی دوو لە بالیسان خولی کادیری دیوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ساڵانی خەباتی لە چیا، وانەی بە پێشمەرگە هاوڕێکانی گوتووەتەوە و فێری خوێندەواری کردون. ساڵی ١٩٨٥ لە خولی کادیردا فێری برین پێچیی بووە و لەو بوارەشدا خزمەتی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکەی کردوە. لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بکالریۆسی هەیە. پێنج کتێبی مێژوویی بە زنجیرە سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان لەژێر ناوی "چیا خۆی دەنووسێتەوە" بڵاوکردوەتەوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوەچوو بە نوێنەرایەتی خەڵکی هەولێر، لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە. هەستی خۆی سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بەم جۆرە دەردەبڕێت:

- (هەستم بەو خۆشییە کرد کە لە تەمەنی لاوەتیمدا بیروباوەڕێکی دروستم دەستنیشان کردبوو بۆ خزمەتکردن بەگەل و نیشتمانەکەم. ڕێبازی بارزانی ئەو هەستەی بەمن بەخشی کە خزمەتکاری نەتەوەکەم بم. لەگەڵ ئەوەشدا

وەفـای سـەرکردایـەتی حیـزبـەکەم پێـی سـەلماندم کە لـە بژاردەکەمدا هەڵەم نـەکردوە. میدالیای بـارزانـی جێگەی شانازیی منـە و بۆمن بـەنرخترین خـەڵاتی ژیانمە.)

## عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ عومەر



عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ عومەر ناسراو بە عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی "گرتک" سەربە ناوچەی باڵەک لە قەزای چۆمان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٦ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٨ بە ئەندامەتی پارتی دیموکرات وەرگیراوە و کراوە بە کادیری لیژنەی ناوچەی باڵەک و تا ساڵی ١٩٧٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا لە کۆمەڵگای نەلیوان لە شنۆ بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای "سەولاوا" لە مەریوان. لەو کۆمەڵگایەدا ئەندامی لیژنەی پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەران بووە و بۆ ئەو مەبەستە بە هاوکاری خاچی سوری نێودەوڵەتی هەوڵی ئاسانکاریی بۆ ژیانی پەنابەران داوە. لە هەمانکاتیشدا پێوەندیی بە مەسعود بارزانییەوە هەبووە.

عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ لە کۆمەڵگای سەولاوا، هەروەها هەوڵیداوە پەنابەرەکان فریوی بەرپرسانی عێراقی نەخۆن کە بە هاوکاریی ڕژێمی ئێران بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ عێراق، خۆیان دەگەیاندە کۆمەڵگاکانی پەنابەران. ناوبراو دەڵێت:

- (لە کۆمەڵگای سەولاواوە بەنهێنی خۆم گەیاندە نەغەدە و ڕاپۆرتی کاروباری کۆمەڵگاکەم دا بە کاک ئیدریس و مەسعود بارزانی. بە گوێرەی ئەو ڕاپورتەی کە من ئاراستەم کردبوو، لیژنەیەک لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە لە فەتاح ئاغا و ئازاد بەرواری هاتن بۆ کۆمەڵگای "سەولاوای" مەریوان و چاویان بە پەنابەرەکان کەوت و دواتر لیژنەیەکی تر بە سەرۆکایەتی فەلەکەدین کاکەیی و چەند پزیشک کە یەکێک لەوان، دوکتۆر دڵشاد خانەقینی بوو، بەناوی لیژنەی تەندروستی هاتن بۆ ئەو کۆمەڵگایە و چاویان بە پەنابەرەکان دەکەوێت، هاوکات لەگەڵ ئەو دیدارانە، من بە هاوکاریی



فەلەکەدین کاکەیی دەستم کرد بە ڕێکخستنەوەی پەنابەران و لە سەرەتادا بەناوی خزمایەتی و هاوڕێ بوونەوە لیژنەیەکی حیزبیم دامەزراند.)

عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ بەهۆی ئەو کارانەیەوە بە بەردەوامی لەژێر هەڕەشە و گوشاری ساواکدا بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (ساواک لەژێرەوە چاودێری جموجۆڵی ئێمەی دەکرد و لە ڕەوتی کارەکانماندا، من و پێنج لە هەڤاڵانی ئێمەی گرت کە ناوەکانیان بریتی بوو لە: کەریم دێوانە سورچی خەڵکی خەلیفان، حاجی ئاغا کەورینی، فارس موسا، مام وەلی خەڵکی ناوچەی ڕانیە و کەسێکی تر کە ناوی ئەحمەد بوو. ئێمەیان بردە سەربازگەی سەوڵاوا و ڕۆژی دوایی بە زیلێکی سوپای ئێران، ئێمەیان بە ڕێگەی باشماخ دا بردە پێنجوێن و تەسلیمی پۆلیسی عێراقیان کردین و لەوێ لە خانووبەرەیەکی کۆندا ڕایانگرتین کە بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی بمانگوازنەوە کە ئێمە بە ڕێنوێنی فارس موسا کە شارەزای ناوچەکە بوو، ڕامانکرد و چووین بۆ مزگەوتێک لە پێنجوێن و بە قاچاخ خۆمان گەیاندەوە سنوری دەستکرد لە باشماخ. باران دەباری و شەوی دوایی بە یارمەتی قاچاخچییەک چووین بۆ گوندی "بناوەسوت" لە بەشی باشور و شەوی دوایی گەڕاینەوە بۆ کۆمەڵگای سەوڵاوا کە هەندێک پارە بەدست بخەین و جلوبەرگەکانمان بگوڕین. کەریم ئاغای حاجی ئاغا بەهۆی پیری لەسەر سنوور مایەوە و ئێمە ڕۆیشتین، بەڵام لە کەمین کەوتین و دوومان ڕزگار بووین.)

ساڵی ١٩٧٦، عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ لە مەریوانەوە دەگواسترێتەوە بۆ قەزوێن و دواتر جهرم و ئیسفەهان و لەوێ دەکرێت بە بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی و لەناو پەنابەرەکاندا ئەرکی حیزبی بەڕێوەدەبات. ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دەکات. بە دوای کۆنگرەکەدا دەکرێت بە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی باڵەک بۆ ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی سیاسی و

سەربازی و وەک خۆی دەڵێت بە بەردەوامی پێشمەرگەیان ڕەوانەی ناوچەی باڵەک کردوە و خۆشی بووە بە بەرپرسی مەفرەزەیەکی گەڕۆکی دەستوەشین.

ساڵی ١٩٨٧، عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ مەقەڕەکەیانی لە گوندی وەرتێ داناوە و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی باڵەک بووە و تا ساڵی ١٩٨٩ لەوێ بووە و لەو ساڵەدا بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی شێخ وەسان، دوو لێژنەی ناوچەی باڵەک و ڕەواندز کراون بە یەک لیژنە و ناوی زۆزکیان لەسەر داناوە و ناوبراو بە شێوەی هەڵبژاردن بووەتە بەرپرسی ئەو لیژنەیە. بەرلە ڕاپەڕینی ١٩٩١، لە بەرەی کوردستانیدا لیژنەی سەرپەرستکاری ڕاپەڕین لە ناوچەکاندا پێکهاتووە و ناوبراو ئەندامی ئەو لیژنەیە بووە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١، لیژنەی ناوچەی زۆزک ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی مەلا مستەفا بارزانی بەڕێوە بردوە و ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ پەیامەکانیان لەناو ڕێکخراوەکان، شانەکان، کەسایەتییەکان و خەڵکی ناوچەکەدا بڵاوکردوەتەوە و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ڕاپەڕینی سۆران دەستی پێکردوە و ناوچەکە لە دوژمن پاک کراوەتەوە و ژمارەیەکی زۆریان بەدیل گرتوە. بە دوای ڕاپەڕیندا، عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ لە ئەرکەکەیدا بەردەوام بووە و بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ پەرلەمانی کوردستان، کراوە بە قایمقامی چۆمان و ساڵی ١٩٩٣ گواستراوتەوە بۆ لقی دەی پارتی دیموکرات کە تازە لە ناوچەی سۆران پێکهاتبوو و کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ١٠.

عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ جگەلە کۆنگرەی نۆیەم کە ئاماژەم بۆ کرد، بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. دەڵێت: **(بە دوای کۆنگرەی ١٣دا، ئەنجومەنی باڵای پارتی لقێکی نوێی لە ناوچەی باڵەکایەتی کردەوە و منیان کرد بە بەرپرسی ئەو لقە کە ناوی لقی ٢٦ی گوڵانە.)**

ناوبراو بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە و دووجار لە شەڕەکانی وەرتێ و ناوچەی خنێرە برینداربووە. کوڕێکی بەناوی لوقمان و دوو نەوەی بەهۆی تەقینەوەی TNT لە ماڵەکەیاندا لە ١٩٩٤/٧/٣ لە سۆران شەهید بوون.

عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ بە هۆی خزمەتەکانی بە نەتەوەی کورد و کوردستان و سەرخستنی ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (میدالیای بارزانی بە وەفایەک دەبینم بۆ خەبات و ماندووبوون و دڵسۆزیمان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی لە ڕێگای کورد و کوردستان و دڵسۆزیی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ ئەو کەسانەی زەحمەت دەکێشن.

## موسا یونس جەوهەر ماماڵ



موسا یونس جەوهەر ماماڵ ناسراو بە موسا گەردی ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی بێرۆخ لەسەر سنوری دەستکردی نێوان باشور و باکوری کوردستان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ بەرلە تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی چیای گۆڕەز و بەهۆی تەمەنی کەمی بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لە مقەڕی پێشمەرگەکاندا خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو بەشداربووە لە شەڕی گۆڕەزدا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، موسا گەردی چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری بابل لە پارێزگای مازندەران و دوای سێ مانگ لە جهروم و ساڵی ١٩٧٧ لە کاشان نیشتەجێ کراوە.

ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، موسا گەردی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە هێزی ٥٩ی سەربە مەکتەبی سیاسی کە حاجی بێرۆخی فەرماندەی بووە، چەکی هەڵگرتووەتەوە. ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی شەڕی یەکەمی حاجی ئۆمەرانی کردوە و ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ حاجی بێرۆخی و هێزەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی برادۆست و لەوێوە بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن چەندان جار بەرەنگاری دوژمن بووەتەوە. ساڵی ١٩٨٦ گەڕاوەتەوە بۆ نەڵیوان لە شنۆ و ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرلە هەڵگیرسانی شەڕی خواکورک بە ئەمری سەرۆک بارزانی دوو ڕێکخراوی گۆڕەز و سووورداش چوون شوێنی قواتی بارزانیان گرتەوە. ئێمە لە بێشون بووین کە سەرلەنوێ بروسکەیەکی تری سەرۆکمان پێگەیشت و بە ئەمری بەڕێزیان چووین بۆ خواکورک. لەوێ لە زەروە لە ناوچەی برادۆست

کیمیـایی لێـداین و ٦٣ پێشـمەرگەمان برینـدار بـوون کە مـن یەکێـک لەو پێشمەرگانە بووم. منیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی ورمـێ و دوو شـەو لەوێ بووم و ڕۆژی سێیەم گەڕامەوە بۆ خواکورک و تا کۆتایی شەڕەکە لەوێ مامەوە. لە هەمان ساڵدا سەرلەنوێ بە ئەمری جەنابی سەرۆک گەڕامەوە بۆ خواکورک کە لە بواری سەربازیدا دۆخی ناوچە هەڵسەنگێنم. لەگەڵ ٦ پێشمەرگە چووم و ناوچەکەم بینـی و گەڕامەوە و ڕاپۆرتی خـۆم پێشکەش کـرد. ساڵی ١٩٩٠ سەرلەنوێ سەردانی ناوچەکەم کرد و گومرگێکمان لە "بنلیسان" لەسەر سێ سنور لە نزیک قەبری زاهیر دانا.)

موسا گەردی ساڵی ١٩٩١ لە حاجی ئۆمەرانەوە بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و تا دیانا و پردێ چووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەحرکە و یەکێک بووە لە بەشدارانی هێرش بۆسەر قوشتەپە. دوای ڕاوەستان شـەڕ و دەستپێکردنی وتووێژ لەنێوان سـەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و ڕژێمـی عێراقـدا، نـاوبراو هاوکـات لەگەڵ بەڕێـوەبردنی ئەرکـی خـۆی لە لیـژنەی دابەشـکردنی خـانوو لە مەسـیف سەلاحەدین بەسەر ئاوارەکاندا بووە. دوای هەڵبژاردنـی ١٩٩٢/٥/١٩، کـراوە بە جێگری بەتالیۆنی دووی لیوای تایبەت کە محەمەد سەلیم فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٣ لەو بەتالیۆنەوە گواستراوەتەوە بۆ لیوای ٥ی شـەقڵاوە و کـراوە بە جێگری لیوا و تا ساڵی ١٩٩٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٩٥ کـراوە بە فەرمانـدەی لیـوای ٢٤ی سـوپای ٢ ی هەولێـر. سـاڵی ١٩٩٦، موسـا گەردی فەرمانـدەی لیـوای ٣٩ی تـایبەت بـووە لە کلاوقاسـم و سـاڵی ١٩٩٧ بە هێـزەکەیەوە گواسـتراوەتەوە بـۆ سیدەکان لە نـاوچەی برادۆست. لە کۆتـایی ساڵی ١٩٩٧دا کراوە بە فەرماندەی سوپای ٧ لە شەقڵاوە و تـا سـاڵی ٢٠٠٨ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ٢٠٠٨ گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەیی سەفین و کراوە بە جێگری فەرماندەیی کە واحید باکۆزی فەرماندەی بووە. ساڵی ٢٠٠٩ ئەرکـی فەرمانـدەی فەرمانـدەیی سـەفینیان داوەتـێ و سـاڵی ٢٠١٢ کـراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد لە سۆران و هەتـا ئێستا بە پلەی لیوا لەو ئەرکەیـدا بەردەوامە. موسـا گەردی جـگە لەو جـارەی کە بەکیمیـایی لە خواکورک بریندار بووە، جارێکی تریش بە سوکی لە شەڕی خواکورک بریندار بووەتەوە و وەک خۆی دەڵێت ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە شەڕی خواکورکدا.




ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١٩ لە شەقڵاوە سەنگی بریندار بووە و ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٣ لە شەڕی مەسیف سەلاحەدین چاوی چەپەی لەدەست داوە. دواجار ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٢٤ لە ڕەبیعە لە گوندی موشریفە لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لە شەڕی داعشدا بریندار بووەتەوە. سێ برای بە ناوەکانی موسا، عیسا و شوان ساڵی ١٩٤٥ بە نەخۆشی تایفۆئید لە کۆماری کوردستاندا کۆچی دواییان کردوە و دایک و باوکی لەسەردەمی ئاوارەییدا، ساڵی ١٩٩٠ و ١٩٩١ لە کۆمەڵگای زێوە کۆچی دواییان کردوە و خوارزایەکی بە ناوی نەجات لە بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق بۆسەر کۆمەڵگای زێوە، ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ شەهید بووە. موسا گەردی بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣دا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵی کردم، بەچەشنێک فرمێسک لە چاوەکانم چۆڕەیان کرد. بە جەنابی سەرۆکم گوت من خۆم بە شایانی وەرگرتنی میدالیای بارزانی نازانم. بەڕاستی خەڵکانێک هەن کە بە ڕادەی تەمەنی من خزمەتیان کردوە. سەرۆک لە وەڵامدا گوتی: "نا ئەوە هێشتا بۆ خزمەتەکانی ئێوە کەمە." لە ڕاستیدا میدالیای بارزانی ئەرکێکی زیاتری خستە سەرشانم.)

## مەحمود عەلی ڕەمەزان




مەحمود عەلی ڕەمەزان ناسراو بە مەحمود گەرگەری ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی قەسرو سەریچ لە قەزای تەلعەفەر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە تەلعەفەر و ساڵی ١٩٧٢ بە دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شنگار لە تەلعەفەر. وەک خۆی دەڵێت لە سەرەتادا خولێکی ٤٥ ڕۆژەی پێشمەرگایەتی و چەکی سوک و قورسی لەلایەن مامۆستا سەید ساڵح بەرواری بینیوە و لەو خولەدا بە یەکەم دەرچووە و بەم بۆنەیەوە لە خولەکانی داوییدا ئەویان کردوە بە مامۆستا و لە زاخۆ و ئەرمشت وانەی بە پێشمەرگە نوێیەکان گوتووەتەوە. تا ساڵی ١٩٧٤ لەو دوو جێیە مامۆستا بووە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ مەلا حوسێن مارونسی لە هێزی شنگار و تەلعەفەر بووە و لەو ماوەیەدا بەشداریی شەڕەکانی گەلی زاخۆ و شەرانش و شەڕەکانی ناوچەی زاخۆی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مەحمود گەرگەری چووەتە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سەراونیلوفەر لە کرماشان. لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ بۆزی ئەحمەد، عەلی ڕەزۆ، سادق و نزیکەی ٤٠ پێشمەرگە ڕایانکردوە و چوون بۆ باکوری کوردستان و بە جەزیرەی بۆتاندا پەڕیونەتەوە بۆ قامیشلو لە ڕۆژئاوای کوردستان و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بۆزی ئەحمەد فەرماندەی سریەمان بوو. ئێمە بە جەزیرەی بۆتاندا خۆمان گەیاندە قامیشلو. لەوێ ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرا و بەشێک لەو ٤٠ کەسە لەگەڵ پارتی مانەوە و ئەوانی تر چوونە ڕیزی یەکێتی نیشتمانییەوە. بە ڕێگای ئەمنی سوریاوە زۆریان هەڕەشە لێمکرد و لە مانگی**

١٢ی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ مخابراتی سوریا هاتن بمگرن، بەڵام من ڕامکرد بۆ عامودا و لەوێوە بە دەرباسیە و بە سەریکانی دا دەرباز بووم و چووم بۆ باکوری کوردستان و خۆم گەیاندە نوسیبین کە ناسیاوم لەوێ هەبوو. ئەوکاتە ڕێکخستنەکانی قیادە موەقەت دەستی پێکردبوو. کە شۆڕشی گوڵان لە ٢٦ مانگی ١٩٧٦دا هەڵگیرسا، من چووم پێوەندیم بە جەوهەر نامیق و کەریم سنجارییەوە کرد و بە مەفرەزە گەڕامەوە بۆ ناوچەی زاخۆ و دهۆک. لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٦، لەلایەن کەریم سنجارییەوە گواسترامەوە بۆ کاروباری پارتی لە سنورەکانی سوریا و تورکیا و گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی و پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار بۆ تورکیا و سوریا.)


ساڵی ١٩٨٠ کە کودەتای سەربازی لە تورکیا کرا، مەحمود گەرگەری سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٨١ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان چووەتە سوریا و پێوەندیی پارتی دیموکراتی بە شێوەی دانانی دوو نوسینگەی پێوەندی لە دیمەشق و قامیشلو لەگەڵ حکومەت داناوە و مەحمود گەرگەری کراوە بە بەرپرسی نوسینگەی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە قامیشلو. ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک وەبەر پەلاماری تیرۆریستی کەوتووە، بەڵام ڕزگاری بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (چەکدارەکانی پ.ک.ک بە دوو کلاشینکۆف تەقەیان لێمکرد. هەرچەندە بەسووکی بریندار بووم، بەڵام توانیم خۆم ڕزگار بکەم.)

مەحمود عەلی ڕەمەزان لە ساڵی ١٩٨١وە تا ساڵی ٢٠٠٥ بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات بووە لە قامیشلو. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٣، ئامینە خانی دایکی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە گیراوە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زیندانی موسڵ ڕاگیراوە و هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەکەی مافی سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی عێراق نەبووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. شانازی بە خەبات و خزمەتی خۆم بە ڕێبازی بارزانی دەکەم بۆ ئازاد کردنی کورد و ڕزگارکردنی کوردستان.)

## ئەنوەر عوسمان فەرەج



ئەنوەر عوسمان فەرەج ناسراو بە ئەنوەری حاجی عوسمان ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی "قەویلە"ی سەربە ناوچەی شارەزوور لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٥ لە کاتێکدا تەمەنی کەمتر لە ١٣ ساڵ بووە، لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی سورێن کەوتووە. حاجی عوسمانی باوکی کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە و یەکێک لە نزیکانی بارزانی بووە و بەشێک لە تەمەنی ژیانی لە زیندانەکانی ڕژێمی عێراقدا تێپەڕکردوە، بەهۆی بچووک بوونی کوڕەکەی، لەگەڵ چوونی ئەو بۆ ڕیزی پێشمەرگە گەڕۆکەکانی چیای سورێن نەبووە، بەڵام ئەنوەری کوڕی کۆڵی نەداوە و لە گەڕانەوە بۆ شار خۆی پاراستوە. بۆ ماوەی نۆ مانگ لەلای پێشمەرگەکان بەبێ چەک ماوەتەوە و خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەژێر چیاکەوە دەبە ئاوی بە شان بردۆتەوە سەر چیای سورێن. لەو سەردەمەدا سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات "قیادەی موەقەت" ئەرکی بەڕێوەبردنی شۆڕشی گوڵانی لە ئەستۆ بووە و نادر عەلی هەورامی بەرپرسی ناوچەکە و مەلا عومەر مەحمود حەمەڕەشید فەرماندەی هێزی گەڕۆکی سورێن بووە، بەڵام بەهۆی شاخاوی و سەختی چیاکە پێشمەرگە توانیویەتی لێ بمێنێتەوە. لەم بارەیەوە ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١٦ ئاوم بۆسەر شاخ دەبرد، کاک نادر زەحتی لێدەکردم کە بگەڕێمەوە بۆ شار و باوکم داوای لێکردبوو. مامۆستا فوئاد و ئازاد خەفاف وانەی سیاسی و سەربازییان بە ئێمە دەگوت. لەو ڕۆژەدا لە شار شەڕ بوو، کاتژمێر ١١:٠٠ سوپای عێراق هێرشی کردە سەر چیاکە. چیا لەنێوان سنوری ئێران و عێراقدا بوو. هێلیکۆپتەر سەربازی لەسەر چیاکە دابەزاند. کاک مستەفای مینە قارەمان فەرماندەی لیوامان بوو. برنویەکی درێژی شەهید ئازاد قادریان دامێ. ناوبراو دواتر لە شەڕێکی تردا شەهید بوو. ناوی نهێنی من کاوە بوو. کاک مستەفا لە سەرەتادا پێیخۆش نەبوو کە من تەقە بکەم،**

من تەقەم کرد و پێنج گوللەم تەقاند. کە بینی من تەقە دەکەم، هاتە نێو سەنگەرەکەی من و تێگەیشت توانای شەڕ کردنم هەیە. لەو شەڕەدا ئێمە پێشمەرگەکان حکومەتمان شکاند و هێلیکۆپتەرێکمان خستەخوارەوە. دوازدە دیل و ژمارەیەکی زۆرمان چەک دەسکەوت بوو. شەڕی چیای سورێن ڕێگەی بۆ من کردەوە کە دوای ٩ مانگ خزمەتکردنی پێشمەرگەکان چەک وەرگرم.)

ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا. ئەو شەڕە بواری بۆ پێشمەرەگەکان ڕەخساند کە بەشێک لە ناوچەکان ڕزگار ببن و بکەونە دەست پێشمەرگەکانی هێزی سورێنی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەکی زۆر لە دەوری هێزی سورێن کۆبونەوە. بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا، ئەنوەری حاجی عوسمان دەکرێت بە جێگری فەرماندەی مەفرەزەی یەکی بەتالیۆنی شەهیدان کە عومەر عوسمان فەرماندەی بوو. بەدوای شەهید بوونی عومەر عوسماندا، ناوبراو دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزەی گەڕۆک لە ناوچەی شارەزوور و لە ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن جەولە دەکات. لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە گوندی ناوگردان لە ١٢ کیلۆمەتری سەید سادق لە دوژمنماندا و لەو شەڕەدا خۆم ناسی و پتر هەستم بە بەرپرسایەتی کرد. لە درێژەی جوڵەکانمدا ساڵی ١٩٨٢ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە دەوری من کۆبۆوە و من بچووکترین فەرماندەی پێشمەرگەکانی پارتی بووم لە ناوچەکەدا.)

لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٨٢، ئەنوەری حاجی عوسمان لە شەڕی ئەحمەدئاوا قاچی ڕاستەی بریندار بووە و دوکتۆرە تارا لە ئەشکەوتی "کەڕەجاڵ" لە مەقەڕی حیزبی شیوعی و بەرەی جود گوللەکەی لە قاچی دەرهێناوە. بەدوای ئەوە لە گوندی چنارە مەقەڕ دادەنێن و بە دوای شەهید بوونی عەباس تۆفیق تەوێڵەیی کە فەرماندەی بەتالیۆنیان بووە، ئەنوەری حاجی عوسمان جێی ئەو دەگرێتەوە. لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٨٢ پەلاماری فەوجی فیرقەی حەوتەمی سوپای عێراق لە "بانی بنۆک" دەدەن و سەرکەوتنێکی باش بەدەست دێنن، بەڵام ناوبراو بۆ جاری دووەم، ئەم جارە کەلەکەی ڕاستەی و دەستی چەپەی بریندار دەبێ. دوای سارێژ بوونی برینەکانی، دەکرێت بە فەماندەی بەتالیۆنی یەکی شەهیدانی سورێن.

بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق، گوندەکانی سیامێو، کانی سیف، ناڵپارێز و زۆر شوێنی تر ئازاد دەبن. مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٢ حکومەت بە کۆمەڵێک

جاش و سەرباز لەژێر ئاگری هێلیکۆپتەردا هێرشیان بۆ دەکات و بە بۆمبی پرژۆڵ لێیاندەدات. ئەم جارە، ورگ و قاچی ئەنوەری حاجی عوسمان بریندار دەبێت. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەوکاتە ٨٠٠ پێشمەرگە بووین، بەڵام مەلا عومەری بانی بنۆک لە ئێمە جیابۆوە و پاڵی بە کۆماری ئیسلامییەوە دا و لەوێ حیزبی ئیسلامی پێکهێنا و نزیکەی ٧٠٠ پێشمەرگەی ئێمەی لەگەڵ خۆی برد. ئێمە نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگە ماینەوە کە دواتر مامە ڕەشەی کەچە کرا بە فەرماندەی هێز، بەڵام ئەویش لایدا و بوو بە سۆسیالیست. ئەبوبەکری حاجی عوسمانی برام بەرپرسی سەربازیی بوو کە ئەویش شەهیدا کرا و من بە تەمەنی بچوکمەوە کرام بە فەرماندەی هێزی سورێن. ١٢٠ پێشمەرگەم لەگەڵ بوو و تا ساڵی ١٩٨٥ لەو هێزەدا بووم.)

ئەنوەری حاجی عوسمان ساڵی ١٩٨٥، لەگەڵ دە پێشمەرگە لە ناوچەی سلێمانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی سورێن کە لە ناوچەی خورماڵ دەکەونە سەر میدانی مین و نۆ پێشمەرگەی هاوڕێی شەهید دەبن و ئەنوەر بە برینداری لە مەیدانە مینەکەدا دەمێنێتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (محەمەد فەرەج، ئەرکان شەریف، ئەرکان محەمەد شەریف، شاخەوان حوسێن، نەجمەدین کەریم، عەلی سۆفی محەمەد، کافیە مەلا محەمەد خێزانی شەهید ئەبوبەکر مەحمود، جەعفەر کەریم ساڵح و قادر جەباری شەهید بوون و من و نەوزاد محەمەد ماینەوە. هەردوو دەست و هەردوو قاچم شکابوون و ڕیخۆڵەم هاتبووە دەرەوە کە دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە مەیدانی میندا کەسێک بەناوی محەمەد فەتحوڵا منی ڕزگار کرد و گەیاندمێ دەست پێشمەرگەکان.)

ئەنوەری حاجی عوسمان دەگەیەنە نەخۆشخانەی ساسان لە تاران و دوکتۆرێکی کوردی خەڵکی کرماشان بە ناوی حەیدەر کەیکاوسی دەرمانی دەکات. ناوبراو دوای شەش مانگ دەگەڕێتەوە لای پێشمەرگەکان کەچی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٠ لەلایەن یەکێک لە پێشمەرگەکانەوە بەناوی خەلیلی سەدیقە قەڵەو لە گوندی گەچێنە دەرمانخۆر دەکرێت، بەڵام لەویش ڕزگاری دەبێت.

ساڵی ١٩٨٦ پارتی دیموکرات ئۆرگانەکانی ڕێکدەخاتەوە. ئەنوەر دەکرێت بە ئەندامی مەکتەبی سەربازی لقی چواری سلێمانی و لە هەمانکاتدا وەک فەرماندەی هێزیش دەمێنێتەوە. ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٠ لە قەرەداغەوە دەگەڕێتەوە لای حەمید ئەفەندی بەرپرسی لقی چوار لە گوندی گورگە

لەنێوان گرێزە و کانی سپیلکە کە لە بۆسەی جاشان دەکەوێت و ئەم جارە سەرلەنوێ قاچی چەپەی دەشکێ و دەیبەنەوە بۆلای دوکتۆر کەیکاوسی لە نەخۆشخانەی ساسان لە تاران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٤ هێزێک لە سوپای عێراق بە ١٢ هێلیکۆپتەر لە گوندی هەرێنە و گۆلباخ لە تاڵەبانی گەرمیان دەچێتە سەر پێشمەرگەکانی هێزی سورێن، ئەنوەری حاجی عوسمان وەک خۆی دەڵێت لەسەر بانی ماڵێکەوە ٢٢ گوللە بە هێلیکۆپتەرەکانەوە دەنێت و ئەوانیش تەقەی لێدەکەن و لە ئاکامدا ماڵەکە وێران دەکەن و ئەنوەر بریندار و ژنێک و کچێکی ماڵەکەش شەهید دەکەن. ئەنوەر دەگوازنەوە بە دەشتی کۆیە و سماقوڵی و بە بالیساندا دەیگەیننە نەخۆشخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قرناقا و پشتئاشان و لەوێوە دەیگەیننەوە لای دوکتۆر ساسان لە تاران و بە دوکتۆر دەڵێن وەرە موشتەرییەکەت هاتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٦ کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا، حەمید ئەفەندی، ئەنوەری حاجی عوسمان بە ٢٠٠ پێشمەرگەوە دەنێرێت بۆ قەرەداغ کە یارمەتی بە پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیەی پارتی دیموکرات بکات کە ناوچەیەکی ئازاد کراو بوو. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (حەمید ئەفەندی بەرپرسی لقی چوار بوو، عیزەدین بەرواری ئەندام و کارگێری لق و جێگری حەمید ئەفەندی بوو. "سێوسێنان" کیمیایی باران کرابوو، لەگەڵ عیزەدین بەرواری یارمەتی بریندارەکانماندا و شەهیدەکانمان گواستەوە و بەخاکمان سپاردن. نزیکەی ١٥٠ کەس شەهید ببوون. دواتر بە فەرمانی سەرۆک بارزانی کشاینەوە بۆ سنوری ئێران، کەچی سوپای عێراق ئەوێی گرتبوو و بە ناچار بەرەو قولایی کەرکوک و قادر کەرەم چووین و خۆمان گەیاندە سنور.)**

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ شەڕ لەنێوان ئێران و عێراق ڕاوەستا. ئەنوەری حاجی عوسمان لە تارانەوە دەگەڕێتەوە کوردستان و دەچێت بۆ ناوچەی خواکورک و لە شەڕی مەزنی خواکورکدا شانی ڕاستەی بریندار دەبێ و دەیگەینە ورمێ و لەوێوە بۆ تاران و بۆلای دکتۆر کەیکاوسی لە نەخۆشخانەی ساسان. ساڵی ١٩٩١ کە خەڵکی باشوری کوردستان ڕاپەڕی، ئەنوەری حاجی عوسمان لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١ لە شاری کەرکوک ئاگری نەورۆز هەڵدەکەن، بەڵام زۆر زوو سوپای عێراق

هێرشیان دەکاتەوە سەر و ناچاریان دەکات کە کەرکوک بەجێبهێڵن. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٨، ڕژێمی عێراق بە چرا سەوزی وڵاتە هاوپەیمانەکان، هێرشی کردەوە سەر کەرکوک، من لە سەربازگەی خالید بریندار بووم و بە برینداری ڕزگاریان کردم و نەیانهێشت بکەومە دەست هێزەکانی دوژمن، بەڵام ١٧ کادیر و پێشمەرگە کەوتە دەست دوژمن و هەتا ئێستاش تەرمەکانیان نەدۆزرایەوە.)**


ساڵی ١٩٩٢، پارتی دیموکرات سەرلەنوێ ئۆرگانەکانی نۆژەن دەکاتەوە و ئەنوەری حاجی عوسمان دەکرێت بە فەماندەی لەشکری یەکی سوپای چواری سلێمانی. ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ لە باشووری کوردستان هەڵبژاردن کرا کە پەرلەمان و حکومەت پێکبێت. بە دوای هەڵبژاردندا ئەنوەری حاجی عوسمان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا دەکرێت بە فەرماندەی لیوای ٢٠ی سلێمانی کە وەزارەتێکی هاوبەش بوو لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا. هەرلەو ساڵەدا کە پارتی کرێکارانی کوردستان پ.کە.کە دژی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان شەڕی کرد، ئەنوەری حاجی عوسمان لە چیای شرانش لە ناوچەی زاخۆ قاچی ڕاستەی بریندار دەبێت. هەروەها جارێکی تریش لە ناوچەی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٩٤ بریندار بووە. دواجار لە ساڵی ١٩٩٥دا فەرماندەی میحوەری پێنجوێن بووە و کاتی فرێدانی نارنجۆک دەستی ڕاستەی لە ئانیشکەوە پەڕیوە کە بەهۆی دژایەتی کردنی ڕژێمی ئێران لەگەڵ پارتی دیموکرات لە شەڕەکانی ناوخۆدا، بە لایەنگریی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێگەی چوونە ئێرانی پێنەدراوە، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات ئەنوەری ڕەوانەی ئەڵمانیا کردوە و لە شاری بۆن چارەسەریی بۆ کراوە و دوای ٤٠ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. دوای گەڕانەوەی، ئەنوەری حاجی عوسمان کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد و ساڵی ٢٠٠١ پۆستی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی پێسپێردراوە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

ئەنوەری حاجی عوسمان بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ هەموو نێرینەکانی ماڵیان لە حاجی عوسمانی باوکییەوە بگرە تا خواروو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە گیراون و کاتێک ڕژێمی بەعس ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٢٤ لە کوردستان کشایەوە، ئەوانی لە

زینداندا ڕاگرت و هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد یەکێک لە براکانیشی بە ناوی ئەبوبەکر ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٦ لە بۆسەی جاشەکانی کۆمەڵگای شانەدەری لە ناوچەی شارەزووردا شەهیدکراوە. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی و خزمەتکردنی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەلای منەوە میدالیای بارزانی گەورەترین شەرەفە بۆ من بە دوای ١٤ جار بریندار بوونمدا. بە هیچ شتێکی ئەم دنیایەی ناگۆڕمەوە.)**

## عوسمان ئەحمەد فەرەج



عوسمان ئەحمەد فەرەج ناسراو بە سەید عوسمان ساڵی ١٩٦٢ لە قەڵادزێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٧ پێوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە لە قەڵادزێ. ساڵی ١٩٨٣ لە خوێندنی دواناوەندیدا لەکاتێکدا بەرپرسی شانەی سەرەکی ئاڵا بووە، ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە چیای ئاسۆس و وەک خۆی دەڵێت لە هەمان ساڵدا کراوە بە بەرپرسی شانەی سەرەکی ڕێکخراوی ئاسۆس. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەی سەری سوورە گڵەدا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی ئەو عەمەلیاتەمان بەڕێوەبرد. ئەفسەرێکی پێگەکە و دوو سەربازمان بەدیل گرت لەگەڵ حەوت چەک و کۆمەڵێکی زۆر فیشەک و کەلوپەلی سەربازیی و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیش سەربازێکیان بەدیل گرت.)**

لە هەمان ساڵدا ناوبراو کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراو و ساڵی ١٩٨٩ کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و فەرماندەی هێزی ئاسۆس بووە لە لقی ٣ی کەرکوکدا.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٩دا، سەید عوسمان بەشداریی شەڕەکانی ڕەزگە، زێوکە و بێدەلانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە کەمینێکدا لە ڕەزگە ١٢ سەربازیان کوشتوە و ماوە ماوەش بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناو شاری قەڵادزێ و چەندان جار بە زنجیرە لە بەرامبەر هێرشەکانی دوژمندا بۆ سەر ڕەزگە، زێوکە و هەڵشۆ بەرگرییان کردوە و زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاندوە. بە دوای کیمیاباران و ئەنفالدا، ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بووە لە چالاکییە سەربازییەکانیدا و لە شەڕی خواکورکدا بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسۆس

بووە و بە سوکی برینداربووە. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی کۆبوونەوەی فازل میرانی، فرەنسۆ هەریری و عەبدوڵا ئاغای نورکێی لەگەڵ مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کردوە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا فەرماندەی هێزی ئاسۆس بووە و لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ لە بەری مەرگە برینداربووە. ساڵی ١٩٩٢ لە هێزی هاوبەشی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا فەرماندەی بەتالیۆن بووە. ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە کارگێڕی لقی ١١ی ڕانیە و قەڵادزێ و ساڵی ٢٠٠٩ کراوە بە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول لە شەقڵاوە. بە وتەی هەڤاڵانی، سەید عوسمان یەکێک بووە لە پێشمەرگە ئازاکانی سنوری پشدەر و جگەلەو شەڕانەی ئاماژەم بۆ کردن، بەشداریی چەندان شەڕی تری لە ناوچەکەدا کردوە.

عوسمان ئەحمەد فەرەج بەشداریی کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی ١٢دا ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من لە هەموو ئەو کەسانەی میدالیای بارزانی‌یان وەرگرت، بچووکتر بووم و ئەوە پتر لە ڕادە منی خۆشحاڵ کرد کە بەو تەمەنە بچووکەمەوە شەرەفی وەرگرتنی میدالیای سەرۆک مستەفا بارزانیم پێدرا.)**

## سەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان



سەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان ناسراو بە سەبیحە بارزانی ساڵی ١٩٦٨ لە سیدەکان لە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. ئەحمەد مستەفا شوانی باوکی یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی ناوچەی بارزان و بەشداریی شۆڕشی دووەمی بارزان و کۆماری کوردستانی لە مهاباد کردوە و لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە پلەی ئەفسەری دراوەتێ. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی دەشتی شنۆ چاوێکی لەدەستداوە. ساڵی ١٩٧٥، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، سەبیحە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لەگەڵ باوک و بنەماڵەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. سەرەتا لە زێوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد و تاکستان و سەرئەنجام ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و لەوێ خوێندنی پۆلی یەکی ناوەندیی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٨٠، سەبیحە پێوەندیی بە ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە گرتووە و سەبارەت بە هەردوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان و ئافرەتانی کوردستان دەڵێت: (وەزیرە پیرداود، ڕازیە حەسەن و کوردستان پیرداود سەرۆکایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیان دەکرد. من لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بە هەڵبژاردن بووم بە بەرپرسی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان، بەڵام بەهۆی تەمەنی کەمم شاکر ئەبابەکر هەرکیم لە جێی خۆم دانا و من ئەرکی جێگری ڕێکخراوەکەم لە ئەستۆ گرت.)



سەبیحە بارزانی تا ساڵی ١٩٩١ بەرپرسی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی کوردستان بووە و سەبارەت بە چالاکییەکانی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ کە فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق کۆمەڵگای زێوەیان بۆمباران کرد، لەگەڵ وەزیرە پیرداود، ڕازیە حەسەن و کوردستان پیرداودو ژمارەیەکیتر هاوکاریمان کرد لە کۆکردنەوەی بریندارەکان و ناشتنی شەهیدەکان و کۆکردنەوەی خۆراک و پێداویستییەکانی لێقەوماوان. لە شەڕی خواکورکیشدا هەر بەو شێوەیە لە پشت بەرەی شەڕ و لە نەخۆشخانەی زێوە، نان و خۆراکمان بۆ پێشمەرگەکان کۆکردەوە و ئاردمان بەسەر ماڵەکاندا بڵاودەکردەوە کە نانیان بۆ بکەن و ئێمەش دەمانگەیاندە بەرەی شەڕ و خزمەتی بریندارەکانمان دەکرد.)

سەبیحە بارزانی وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٨٣وە تا ساڵی ١٩٩١ کە یادی سەرۆک مستەفا بارزانی کراوەتەوە، وتاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی خوێندوەتەوە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و خزمەتکردن بە بنەماڵەی کوردە ئاوارەکانیشدا ئەندامێکی چالاک بووە. ساڵی ١٩٩١، ناوبراو بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا و لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە حاجی ئۆمەراندا هاتووەتە دیانا و هەولێر. ساڵی ١٩٩٣ بە نوێنەرایەتی ئافرەتانی ئاوارە بەشداریی کردوە لە کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم دا و هەرلەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی لقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سۆران و وەک خۆی دەڵێت لقی ئافرەتانی سۆران لەنیوان لقەکانی ئافرەتان لە شارەکانی تری کوردستاندا بە یەکەم دەرچووە و لەلایەن بەڕێزان سیداد و سیروان بارزانی و عومەر عوسمان بەرپرسی لقی سۆران و شیرین ئامێدی لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە خەڵات کراوە.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا کە ساڵی ١٩٩٧ پێکهات، سەبیحە بارزانی دەنگی دووەمی هێناوەتەوە و کراوە بە جێگری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە شیرین ئامێدی سکرتێری بووە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٤ تا ٧ یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە هەموو کۆنگرەکاندا دەنگی دووەمی ئەندامانی کۆنگرەی وەرگرتووە. هەروەها ناوبراو بە نوێنەرایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە هەر چوار کۆنگرەدا ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە و لە کۆنگرەکانیشدا ئەندامی لیژنەی باوەڕپێکراوان "باوەڕان"ی کۆنگرەکان بووە. هەرلەو ساڵەدا ناوبراو لە گروپێکی حەوت کەسەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرۆکایەتی شیرین ئامێدی بۆ بەشداریی کردن لە گۆنگرەی یەکێتی ژنانی کوردستانی سویدی و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی کردوە و لەلایەن سەرۆک و سکرتێر و ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆنەوە پێشوازای کراون و هەلیان بۆ ڕەخساوە کە لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاکانی سوید و پەرلەمانی سوید کۆببنەوە.

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە نوێنەری خەڵکی سۆران بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە کۆمیسیۆنی "مافی بەکاربەر" لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ماوەی ١٨ مانگ خەباتی کردوە و دواتر بەهۆی نەخۆشی لەکار وەستاوە و نەیتوانیوە درێژە بە ئەرکەکانی خۆی بدات و هێشتا لەژێر چاودێری پزیشکان دایە.

جگەلە ئەحمەد مستەفا شوانی باوکی کە ساڵی ١٩٤٧ لە شەڕەکانی دەشتی شنۆ چاوێکی لەدەست داوە، مامێکی سەبیحە بارزانی بەناوی شێخۆ مستەفا شوان لە کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە و مامێکی تری بەناوی مستەفا شوان ساڵی ١٩٤٧ لە زیندانی کەرکوکدا شەهید کراوە. هەروەها سێ پورزا و خوارزای لە بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق لە زێوە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ شەهید بوون. سەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبراو بەرلە وەرگرتنی میدالیای بارزانی چەندجار بەهۆی

خزمەتــی دڵســۆزانەی لەلایەن بەرپرســان و ســەرۆکی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتانەوە بەشــێوەی خــوارەوە خەڵات کــراوە، یــان بە شــێوەی ڕەســمی دەستخۆشی لێکراوە:

١- ساڵی ٢٠٠٣، لە یادی یوبیلی زێڕینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا، شیرین ئامێدی سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبیحە بارزانی خەڵات کردوە.

٢- ساڵی ٢٠٠٤، سەبیحە بارزانی وەک یەکەم ئافرەت کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ خزمەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کردوە، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خەڵات کراوە.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/١١، ســەبیحە بــارزانی لەلایەن دوکتــۆرە کوردســتان موکریانی سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە خەڵات کراوە.

٤- ســاڵی ٢٠١١، دوکتۆرە ڤیان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبیحە بارزانی خەڵات کردوە.

٥- سەبیحە بارزانی بەهۆی ڕاپەڕاندنی دڵسۆزانەی ئەرکەکانی سەرشانی لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لەلایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نامەی ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٢ دەستخۆشیی لێکردوە. سەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستم بەوە کرد کە خزمەتی باوک و باپیرانم بە فیڕۆ نەچووە. بە سەربەرزییەوە هەستم بە خزمەتەکانم بە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر کردوە و لە خۆشیان فرمێسک بە چاوەکانمدا هاتەخوار، بەڵام پێمخۆشبوو کە باوکم بۆخۆی لە ژیاندا بووایە و ئەو میدالەی وەرگرتبا. سەرۆک بارزانی گوتی: "کچم سەبیحە، ئەوە بەرهەمی خزمەتی پیرۆزی باوکتە و دەبێ بە ئەمانەت هەڵیبگری و بۆخۆت درێژە بەو ڕێبازە جوانە بدەی کە هەڵتبژاردوە.)

## محەمەد حەمە سەعید حەمە ساڵح کەریم




محەمەد حەمە سەعید حەمە ساڵح کەریم ناسراو بە حەمە سەعید هەورامی ساڵی ١٩٤٨ لە شارۆچکەی تەوێڵە لەدایک بووە. تا پۆلی دووەمی ناوەندیی خوێندوە و ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و لە هەمان ساڵدا لە ڕێکخراوی تەوێڵەدا کە بەرپرسەکەی کۆێخا عەبدوڵا بووە، بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٦٤ لە بەتالیۆنی ٧ی هێزی خەباتدا بە فەرمانداەیی جەمال نامیق بووە و ساڵی ١٩٦٧ گواستراوەتەوە بۆ لقی حەمەدەمین تریفەیی و لەوێوە چووەتە لقی چوار لە گوندی عەنەب. ساڵی ١٩٦٨ بۆ بینینی خولێکی سەربازیی ڕەوانەی سەرکردایەتی پارتی کراوە و وەک خۆی دەڵێت خولێکی یەکساڵەی چەکی قورسی بینیوە و دواتر بە چەکی قورس بەشداریی شەڕەکانی سەرتیز و گەروی عومەرئاغای لە ساڵی ١٩٦٩دا کردوە و ئاماژە بۆ هاواری نوری حەلاو و عیزەت زەردوویی سەرلق دەکات کە لە شەڕی گەرووی عومەرئاغادا شەهید بوون. حەمە سەعید هەورامی دوای گەڕانەوەی بۆ لقی چوار کراوە بە سەرپەلی بەشی ئەندازیاریی لق و ساڵی ١٩٧٠ بووەتە جێگری سەربازیی لقی چوار بە فەرماندەیی مولازم عومەر عارف.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، حەمە سەعید هەورامی لە هێزی خەباتدا بووە، بە فەرماندەیی ئەنوەری مەجید سوڵتان و بۆ ئەوەی کە پێش بە هێرشی دوژمن بگرێت بەرپرس کراوە لە ڕووخاندنی پردی زەڵم و تەقاندنەوەی جادەکاندا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە نەوسود و دوای مانگێک بە کەڵکوەرگرتن لە لێبووردنی گشتی بە شۆشمێی سەرودا گەڕاوەتەوە بۆ تەوێڵە و لەوێوە حکومەتی عێراق گواستویەتەوە بۆ زیندانی کەرکوک. وەک خۆی دەڵێت بۆ

ماوەی ساڵێک لە زیندانـدا بـە توندی ئەشکەنجـە دراوە و پێیـان گوتـووە شـوێنـی بینینی خولەکانییان پێ بڵێت و مەودای تەقینەوەکانیان بۆ ئاشکرا بکات.

دوای ئـازادبوونـی لـە زیـنـدان، حـەمـە سـەعید هـەورامـی حـەوتـووی جارێـک بـۆ خۆ ئاشکرا کردن و ئیمـزا کـردن، چـووەتـە بارەگـای حیزبـی بـەعس لـە تـەوێڵـە و دواتـر بـەهـۆی گومـان لێکردنـی، لـە سـاڵـی ١٩٧٦دا بـۆ ڕۆمـادی دوورخـراوەتـەوە. ســاڵـی ١٩٧٨ ســەرلـەنوێ گـەڕاوەتـەوە بــۆ هـەورامــان و ســاڵـی ١٩٧٩ بـەرلـە ڕووخــانـی ڕژێمــی شــای ئـێــران، لـەســەردەمی خۆپێشــاندانـەکاندا ڕایکــردوە و چـووەتـە لای پێشـمـەرگـەکانی لقـی ٣ و ٤ی پـارتـی دیمـوکرات کـە نـادر هـەورامـی بـەرپرسیان بووە.

ســاڵـی ١٩٨٠، بـەشـداریـی شـەڕی شــەرام و سـاڵـی ١٩٨١ بـەشـداریـی شــەڕی دالانـی کردوە و لـەو بارەیـەوە دەڵێت: **(هێزەکـانـی ڕژێمـی هێرشـیان کـردە سـەر شاخی دالانی و لـەنێوان ئێمـە و ئـەواندا شـەڕی قورس ڕوویدا. لـەو شـەڕەدا ٥٣ جــاش و ســەربـازمـان بـەدیـل گــرت. چــوار پێشــمـەرگـە شــەهـید بــوون و ســێ پێشمـەرگـەش بـرینـدار و پێشمـەرگـەیـەکیشـمـان کـە ڕێگـەی ون کردبـوو، بـەنــاوی وەلیـد عـەلــی لـەلایـەن جاشـەکانـەوە بـەدیـل گیـرا. لـەو شـەڕەدا کـە لیـوایـەکی عێراقی بەشداریی تێدا کردبوو، ٥٠ کەسیان نەگەڕایەوە.)**

حـەمـە ســەعید هـەورامــی ســاڵـی ١٩٨٢ لـە شــەڕی سـێتـەپان دا فـەرمانــدەی شـەڕەکـە بـووە و ٢٤ سـەربـاز و جاشـی حکومـەتیـان بـەدیـل گرتـووە و سـاڵـی ١٩٨٣ بـەشداریـی شـەڕی خۆرنـەوەزانـی کردوە و سـاڵـی ١٩٨٧ سـەرلـەنوێ لـە شـەڕەکانـی خـۆرنـەوەزان، ئـەحمـەدئـاوا و گونـدی هـانێـی قورپـدا بـەشـدار بـووە. وەک خـۆی دەڵێت لـە شـەڕی هـانێـی قورپـدا کـە ٨ ڕۆژی خایانـدوە، ٤٢ پێگـەی دوژمنیـان بـە زنجیـره چـەککـردوە. نـاوبراو بـۆ مـاوەی ٢٩ ڕۆژ بـەشـداریـی شــەڕی ٥٢ ڕۆژەی خواکــورکـی کـــردوە و دەڵێـــت: **(لـە شــــەڕی خواکورکـــدا هێلیکـــۆپتـەرێکم خستەخوارەوە و سەرۆک مەسعود بارزانی دەمانچەیەکی خەڵات کردم.)**

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ کـە لـەنێوان ئێـران و عێراقدا ڕێککـەوتـن کـرا، حـەمـە سـەعید هـەورامـی بـەرپرسی نـاوچـەی هـەڵـەبـجـە بـووە و وەک خـۆی دەڵێت پاشـەکشـەیان کردوە بۆ ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان و لـە ناوچـەی دزڵـی و مـەریوان مقـەڕیان دانـاوە. سـاڵـی ١٩٩١ لـەگـەڵ قـادر قـادر لـە لقـی چـواری سـلێمانـی بـەرپرسـی نـاوچـەی هـەڵـەبـجـە بووە و لـە ڕاپـەڕینـەکەدا تا کـەرکوک چووە و بـەشـداریـی شـەڕی کـەلار و کفری کردوە و دەڵێت: **(لایـەنی شـەڕەکـەمان موجاهیدنـی خـەڵکی ئێـران بـوون**

**کە بە تانک هاتن و ئێمە لێماندان.)** بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوبراو فەرماندەی فەوجی پاراستنی سلێمانی بووە و ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە کارگێڕی لقی چوار و ساڵی ١٩٩٥ کە لقی ١٢ی پارتی دیموکرات دامەزراوە، کراوە بە کارگێڕی لقی ١٢ی هەڵەبجە و ساڵی ٢٠١١ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.

حەمە سەعید هەورامی بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە. پێنج جار لە شەڕەکانی شەرام ١٩٨١، شاربازێر ١٩٨١، ئەحمەد ئاوا ساڵی ١٩٨٤، خۆرنەوەزان ١٩٨٧ و خواکورک ١٩٨٨دا بریندار بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی ڕادەیەکی زۆر خۆشحاڵ بووم بەتایبەتی کە خەباتم بە فیرۆ نەچوو. من کادیرێکی ناسراوم و بە ورگرتنی میدالیای بارزانی بە خوێن و زەحمەتەکانی خۆم گەیشتم.)**

## عەبدوڵا تەها مستەفا سلێمان



عەبدوڵا تەها مستەفا سلێمان ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکوک لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٩ چووەتە ڕیزی بەتالیۆنی یەک لە مەرگە کە مولازم سوبحی فەرماندەی بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی چواری مەرگە بە فەرماندەیی عەریف دەروێش. تا ساڵی ١٩٦٦ لەو بەتالیۆنەدا بەشداریی شەڕەکانی مەرگە، قەڵاسێوکە، بولقامیش و دۆڵی خەلەکانی کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦دا گواستراوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی مەفرەزەی تایبەتی سەربە مەکتەبی سیاسی. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٦٨ لە مەفرەزەیەکی چوار کەسییدا کە ڕەحمان تەهای برای فەرماندەی بووە، لە گەڵاڵەوە چووەتە ناوچەی جەباری و لە گوندی باوجی، بۆری نەوتی عێراق بۆ تورکیای تەقاندوەتەوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، هەموو گەلی کورد وەبەر لێبوردنی گشتی کەوتن، جگەلە من و براکەم.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لە گەڵاڵەوە چووەتە شنۆ و زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و ساڵی ١٩٧٧ لەسەر داوای خۆی چووەتە تەورێز. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و دوای کۆنگرە چووەتە پیرانشار و لەوێوە ڕەوانەی کامیاران و دواتر ڕەوانسەر کراوە. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ی کەرکوک کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی بووە و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچە بە سەرۆکایەتی سەید عاسی سەید محەمەد. لەو ساڵەوە بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن سەردانی ناوچەکانی شوان، شێخ بەزینی، گەورەدێ لە چەمی ڕێزان و کەرکوک کردوە.




عەبدوڵا تەها مستەفا سلێمان لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ساڵی ١٩٩١ بە مەفرەزەی گەڕۆک لەو ناوچانەدا بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە. ساڵی ١٩٩١ بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی شاری کەرکوکدا و وەک خۆی دەڵێت فەرماندەی فەوج بووە لە لقی ٣ی کەرکوکدا و لەگەڵ ئازاد قەرەداغی لە کەرەجاڵەوە هاتوون بۆ چەمچەماڵ و بەشداریی ئازادکردنی کەرکوکیان کردوە. ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە فەرماندەی فەوجی تایبەت و هەتا ئێستا لەگەڵ دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە.

عەبدوڵا تەها مستەفا سلێمان دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦٩دا لە ئاسۆس و جاری دووەم ساڵی ١٩٩٦ لە کەمینی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیدا لە دۆڵی خەلەکان. برایەکی بەناوی ڕەحمان تەها ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا لە هەولێر شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستم بە خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر کرد و خۆشحاڵ بووم کە ئەرکی پێسپێردراوم بە پاکی بە ئەنجام گەیاندوە.)

## فایق تۆفیق عەزیز



فایق تۆفیق عەزیز ناسراو بە فایقە ڕەش ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی خوێندووە و دواتر چووەتە خانەی مامۆستایان و ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی وێڵەدەر بووەتە مامۆستا. ساڵی ١٩٦١ گواستراوەتەوە و بۆ سلێمانی و لە خوێندنگاکانی سلێمانی مامۆستا بووە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٤ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە. تا ساڵی ١٩٧٠ هاوکات لەگەڵ مامۆستا بوونی، لە ڕێکخستنی ناوخۆیی حیزبدا بووە لە سلێمانی کە ڕەسوڵ مامەند و شەفیق ئەمین بەرپرسی بوون. لە هەمان ساڵدا کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، فایقە ڕەش کراوە بە سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٢ بەرپرسی لیژنەی قەزای دوکان بووە و وەک خۆی دەڵێت لەو سەردەمدا قەزای دوکان گەورەترین قەزای ناوچەی پارتی دیموکرات بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، فایق تۆفیق بۆ ماوەیەکی کورت چووەتە مەریوان و دواتر لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی، بەو ڕێنوێنییەی بارزانی کە ئەگەر مەترسییان لەسەر نییە دەتوانن بگەڕێنەوە، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لەگەڵ عەبدوڵا سۆران، عەلی هەژار، ئەحمەدی حاجی ساڵح قاسم، هەمزە عەبدوڵا، شەفیق ئاغای چەڵەبی و ژمارەیەکی تر، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ شاری سەماوە دوورخراوەتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(جگەلە خۆم دایکم و خوشکێکمیان لە سلێمانی دەرکرد.)** بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە سەماوە بووە و ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، ئیزنی گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی پێدراوە. بە گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، فایق تۆفیق وەک خۆی دەڵێت

لەگەڵ نوری حەمەعەلی کە دواتر شەهید بووە، جەزا عەلی کاتب، عەبدوڵا ئاغای حەمەدەمین ئاغا و عەریف دەروێشی جاف، بە ڕاسپاردەی ئیدریس و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، سەرلەنوێ دەستیان کردوەتەوە بە کاری ڕێکخستنی لایەنگرانی پارتی لە سلێمانی. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئێمە کاری ڕێکخستنی پارتیمان لە سلێمانی بەڕێوەدەبرد کە گروپێکی نەخوازراوی پارتی ڕۆژی ٨ یان ١٩٨١/٩/٩ تەقەیان لە ئێمە کرد و لە ئەنجامدا عادل سۆران و نوری حەمە عەلییان شەهید کرد و نۆ فیشەک لە باسک و زک و قاچی من کەوت و قاچی چەپەم شکا، بەڵام لە نەخۆشخانەی سلێمانی چارەسەریان بۆ کردم. بەرلە چاکبوونەوەی برینەکانم چووم بۆ دهۆک و دوو مانگ لەوێ بووم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە بە هاوکاریی دەروێش حەمەدەمین ئاغا خۆم گەیاندە لقی ٣ و ٤ لە شاخی سورێن کە نادر عەلی هەورامی و ئازاد قەرەداغی بەرپرسی ئەو لقانە بوون.)

ناوبراو تا ساڵی ١٩٩١ و بەرلە ڕاپەڕین لەوێ بووە و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی ئەو ناوچەیەی کردوە و ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بەرپرسی ڕاپەڕین لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک، گەڕاوتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لەگەڵ ئەندامانی تری بەرەی کوردستانی، بەشداریی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کەرکوکی کردوە. لە دژە هێرشی سوپای ڕژێمی بەعسدا، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مام جەلال چووەتە کارێزە و چوارتا. شەوێک لە کارێزە بوون، مام جەلال لەوێ ماوەتەوە و فایق تۆفیق لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی چووەتە بەرەی شەڕی ئەزمەڕ و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەو شەڕەدا کە هەموو پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی تێیدا بەشدار بوون، چەند پێشمەرگەی ئێمە بەناوەکانی فازل ڕئوف، حەمەی مام عەلی و چەند پێشمەرگەی تر بریندار بوون و من ئەوانم گەیاندە نەخۆشخانەی سنە و لەوێوە چووم بۆ کرماشان. کاک نێچیرڤان، سەرباز هەورامی و نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو. بە دوای شکانی سوپای عێراق لە شەڕی کۆڕێ لە بەرەی ئەزمەڕیش شکا و پاشەکەشەی کرد.)



لە وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراقدا، فایق تۆفیق بەرپرسی هێزی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بووە. وەک خۆی دەڵێت ئەو هێزە ١٥٠٠ پێشمەرگە بووە و بەرپرسی پاراستنی ئاسایش و هێمنیی شاری سلێمانی لە ئەستۆ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەمدا، پێوەندییەکانی بەرەی کوردستانیم لەگەڵ پارێزگای سلێمانی بەڕێوەدەبرد، دیارە بەرپرسانی حیزبەکانی نێو بەرەی کوردستانیش وەک پارتی، یەکێتی، پاسۆک، شیوعی، سۆسیالیست بەشدار بوون لە ئیدارە کردنی شاردا و دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بەرپرسی پارتی و قادری حاجی عەلی بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی بوو. پێویستە بڵێم لەوکاتە کە بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بووم کەس یان کەسانێکی نەخوازراو بە ئارپیجی لە ماڵەکەمیاندا.)**

دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە داخوازیی دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فایق تۆفیق بووە بە بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆیی هەڵگیرسا لەگەڵ کارمەندانی ئاسایش چووەتە لای لقی چواری پارتی و دواتر لەوێوە لەگەڵ ١٠-١٢ پێشمەرگە چووەتە شەمە و وێلەکە لە دەرەوەی سلێمانی و وەک خۆی دەڵێت لەوێ ژمارەیان گەیشتووەتە ١٥٠ پێشمەرگە. لە وتووێژەکانی ئاشتیدا وەک خۆی دەڵێت جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمان لە هەولێرەوە چووە وتووێژ لەگەڵ ڕێبەرانی یەکێتی بکات و فایق تۆفیق لەگەڵی چووە بۆ سرای سوبحان ئاغا کە مولازم عومەر و شەوکەتی حاجی موشیر لە یەکێتی نیشتمانی لەوێ بوون. دوای وتووێژ بە ئەمری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، فایقە ڕەش چووەتە هەولێر و لەوێ کراوە بە وەکیلی وەزیری

دارایـی هـەرێمـی کوردسـتان. بە دوای ٣١ی ئـابی ١٩٩٦دا، کـراوە بە پارێزگـای سلێمانـی و کاروباری ئەو بنـەماڵـە ئـاوارانـەی بـەڕێوەبردوە کە لـە سلێمانییەوە ڕایانکردبوو بۆ هەولێر.

سـاڵی ١٩٩٩، هاوکـات لـەگەڵ کـۆنگرەی ١٢ پـارتی دیمـوکرات. فـایق تۆفیـق کـراوە بـە وەکیلـی وەزارەتـی نـاوخۆی حکـومـەتی هـەرێمـی کوردسـتان کـە فـازل میرانـی وەزیری بووە و هەتا ئێستا لەو پۆستـە حکومییـەدا بـەردەوامە. نـاوبراو جگەلـە بریندار بوونی لـە سلێمانـی، جارێکی تریش ساڵی ١٩٩٦ لـە کۆیە بریندار بـووە. بـەشـداریی کۆنگرەکـانی ١٠ تـا ١٣ی پـارتی دیمـوکراتی کـردوە و لـە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٥ میـدالیای بـارزانی وەرگرتـووە و لـەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم، بەجۆرێک کە هەموو ماندووبوونی خۆم لەبیر کرد. میدالیای بارزانی لای من نرخـی هەمـوو دنیـای هەیە و خۆشحاڵم کە وەک پێشمەرگەیەک ئەرکی پێسپێردراوم بەڕێوە بردوە.)

## وەزیرە پیرداود قادر



وەزیرە پیرداود قادر ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر. بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لە ساڵی ١٩٧٠، بەشداریی یەکەم کۆنفرانسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی لە بەغدا کردوە و بە سکرتێری لقی یەکێتی ئافرەتانی هەولێر هەڵبژێردراوە و هاوکات ئەندامی ڕێکخراوی خانزادی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە هەولێر. ساڵی ١٩٧٢ پیرداودی باوکی کە لە ڕێکخراوی نهێنی پارتیدا بووە لە هەولێر، لەگەڵ یەکێک لە هەڤاڵانی بەناوی حوسێن شێروانی، لەلایەن پیاوانی ڕژێمی عێراقەوە بێسەروشوێن کراوە و تا ئێستاش شوێنەواری نەدۆزراوەتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت سامی عەبدولڕەحمان پێیڕاگەیاندون کە ڕژێمی عێراق باوکی لەناو بردوە.

لەو ساڵەدا و بەدوای ونبوونی باوکی، وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ دایکی و پێنج خوشکو و سێ برای چووەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول و لە چۆمان ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی قوتابیانی بەڕێوەبردوە و هاوکات مامۆستای شۆڕشی ئەیلول بووە لە چۆمان.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، وەزیرە و بنەماڵەکەی چوون بۆ کۆمەڵگای نەڵیوان لە شنۆ و لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ شاری قەزوێن. ساڵی ١٩٧٦ لە ئیدارەی پەروەردە "آموزش و پرورش" دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٧ مێردی بە محەمەد هەرکی کردوە و لە قەزوێنەوە چووەتە کاشان. ساڵی ١٩٧٩، بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا، هاوسەرەکەی لەگەڵ

پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ١٩٨٠ بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی ئەرکی بوژاندنەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی وەرگرتووە و وەک خۆی دەڵێت هەفتەی دووجار لە کاشانەوە چووەتە کەرەج و لە ڕیزی لقی ٨ی پارتیدا لە ئێران، لقی ئاوارەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی ڕێکخستووەتەوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:




- (وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بۆمبارانی زێوە، شەڕی خواکورک و کیمیابارانی هەڵەبجەدا یارمەتیمان بۆ لێقەوماوانی ئەو کارەساتانە و پێشمەرگەکان کۆکردەوە، سەردانی بریندارەکانمان دەکرد. پێویستە بۆ مێژوو بڵێم کە کوردە فەیلییەکان جگە لە پارە، تەنانەت زێڕیان بۆ یارمەتی پێشمەرگەکان دەداینێ.)

ساڵی ١٩٨٣، وەزیرە پیرداود بە نوێنەرایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداریی کۆنگرەی ژنانی ئێرانی لە تاران کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بەناوی ژنانی باشوری کوردستان وتارێکی پێشکەش کردوە. ساڵی ١٩٨٦ کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و لاوانی کوردستانیان لە خنێرە لە ناوچەی خواکورک پێکهێناوە. لە کۆنگرەی ئافرەتاندا وەزیرە بە سکرتێری یەکێتی ئافرەتان هەڵبژێردراوە. ناوبراو یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات لە ڕۆژانی ٢ تا ١٩٨٩/١٢/١٢، لە مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ئازادبوونی باشوری کوردستان، لەگەڵ کوردستان پیرداودی خوشکی و ڕازیە حەسەن خەتاب گەڕاوەتەوە بۆ شەقڵاوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کوردستان پیرداود و ڕازیە حەسەن خەتاب گەڕاینەوە بۆ شەقڵاوە کە کاری ڕێکخستن بەڕێوەبەرین. لەوێوە من چووم بۆ سلێمانی، کوردستان بۆ هەولێر و ڕازیە بۆ دهۆک و لەو شارانە ئافرەتانمان ڕێکخستەوە.)

ساڵی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کراوە بە ئەندامی ڕێکخراوی سەلاحەدین لە پیرمام و دواتر ئەرکی کاروباری شەهیدانیان لە مەکتەبی سیاسی پێسپاردوە. ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای توێژینەوە لە مەکتەبی سیاسیدا دانراوە و ناوبراو کراوە بە ئەندامی ئەو دەزگایە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی دارایی سەربە مەکتەبی سیاسی و ساڵی ٢٠٠٢ بەهۆی نەخۆشیی چاو خانەنشین کراوە.

وەزیرە پیرداود، جگەلە بێسەرشوێن بوونی باوکی، دوو برای بە ناوەکانی حەسەن و حوسێن ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی خواکورکدا شەهید بوون و دایکی لە قەزوێن بە بیستنی هەواڵی شەهید بوونی کوڕەکانی گیانی لەدەست داوە. محەمەد هەرکی هاوسەری کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی لقی چەمچەماڵی پارتی دیموکرات بووە، ڕۆژی ٢٠٠٠/٩/١٤ بە دوای بەشداریی کردنی لە کۆبوونەوەیەکدا، بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردوە. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- ( زۆر خۆشحاڵ بووم. هەستم کرد هیچ خەباتم نەکردوە و هەموو ماندووبوونەکانم لەبیر کرد. میدالیای بارزانی بۆمن خاوەنی نرخێکی زۆرە. هەرکە باوک و براکانم بیر دەێتەوە، دەچم تەماشای میدالیاکەم دەکەم و خەمم دەڕەوێت.)

## فایق فەریق عەبدولعەزیز



فایق فەریق عەبدولعەزیز ناسراو بە فایق نێروەیی ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندوە و ساڵی ١٩٦٦ بۆ خویندنی باڵا چووەتە بەغدا و ساڵی ١٩٧٠ بەکالوریوسی لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. لە هەمان ساڵدا وەک مامۆستا لە شاری ئامێدی دامەزراوە و وانەی زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی بە پۆلی ناوەندیی کچانی خوێندنگەی سەلاحەدین و ئامادەیی تێکەڵاوی خوێندنگەی قوباد گوتووەتەوە. ناوبراو لە سەردەمی خوێندنیدا ئەندامی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بووە و ساڵی ١٩٧٣ چووەتە ڕیزی پیشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە چومان و گەڵاڵە. بۆ ماوەیەک لەگەڵ لیژنەیەکی سێ کەسە بەناوی لیژنەی بەرزی پەناهەندەگان بە سەرۆکایەتی سدیق ئەفەندی نوێنەری بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات ئەرکی ڕێکخستن و پێڕاگەیشتنی کاروباری پەنابەرانی باشوری کوردستانی لە شنۆ بەڕێوەبردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناوپردان و وەک خۆی دەڵێت جۆرەها ئەرکی پێ سپێردراوە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، فایق نێروەیی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٥ پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆمەڵگای زێوە بووە. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: (لەگەڵ مامۆستایانی جێگیر لە زێوە خوێندنگەیەکی ئامادییمان کردەوە و وانەمان بە منداڵی پەنابەرەکان دەگوتەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لەوێ دەریانکردین، منیان گواستەوە بۆ گوندێک بە ناوی ڕەزا شەهر لە ٥٠ کیلومەتری ئیسفەهان. پاش مانگێک ئاغای سەرتیپی کە یەکێک بوو لە سێ بەرپرسی پەنابەرانی کورد، لە ئیدارەی "حیفازەتی موحیتی زیست" و خوی سەروکی ئەو بەشە بوو، وەک وەرگێڕی زمانی ئینگلیزیی بۆ زمانی فارسی لە ئیسفەهان دایمەزراندم.)

ڕۆژی ١٩٧٦/٣/٢٥، بە دروستی دوای ساڵێک مانەوە لە ئێران، فایق نێروەیی لەگەڵ گروپێکی ١٠٠ کەسە ئێرانی بەرەو وڵاتی ئوتریش "نەمسا" بەجێهێشتوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە شارۆچکەی ترایسکێرخن و پاشان لە گوندی مویدلینگ فێری زمانی ئەڵمانی بووم. بۆ ئامادەبوونی خویندنی دوکتۆرا لە زانکۆی ڤیەن. ڕۆژی ١٩٧٧/١/٤ چوومە شاری تامپری بۆ خوێندنی باڵای ئابووری- سیاسی و پاش حەوت ساڵ کاندیداتم لە پێوەندی نێودەوڵەتی وەرگرت و لە "دەزگای لێکوڵینەوەی ناکۆکی و ئاشتی" دامەزرام.)**

ساڵی ١٩٨٦، فایق نێروەیی بە ئەمری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ سەرپەرستی کردنی کاروباری لقی شەشی پارتی دیموکرات لە ئەوروپا، گەڕاوەتەوە بۆ ڤیەن و بۆ ماوەی دوو ساڵ کاروباری لقی ٦ی پارتی بەڕێوەبردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ تامپری و خەریکی جۆرەها کاری ئابووری بووە. ساڵی ١٩٨٩ لە وەزارەتی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە وەک پسپوری کولتوری لە چوارچێوەی بەرنامەی بەنێودەوڵەتی کردنی فینلەندا کاری کردوە.

ساڵی ١٩٩٤، فایق نێروەیی بە یەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ئەرکی سەرپەرستی کردنی مەکتەبی پێوەندییەکانی گشتی پارتی دیموکراتی لە مەسیف سەلاحەدین بەڕێوەبردوە و دوای گەڕانەوەی هوشیار زێباری سەرۆکی ئەو مەکتەبە، ناوبراو ئەرکی بەرپرسایەتی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی لە تورکیا وەرگرتووە و چووە بۆ ئەنکارا. ساڵی ١٩٩٩، ناوبراو بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بووە لە وەڵاتی ئۆردن لە عەممان و ساڵی ٢٠٠٩ کراوە بە سەفیر لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق. ساڵی ٢٠١٠ سەفیری عێراق بووە لە مۆسکۆ و ساڵی ٢٠١٣ گواستراوەتەوە بۆ لەندەن و هەتا ئێستا سەفیری عێراقە لە بریتانیا. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (هەرشتێکی کە ئەمڕۆ هەمانە لە سایەی سەری بارزانییەوەیە. دڵخۆشترین سەربەزییە کە میدالیای بارزانی سنگی هەرکەسێک بڕازێنێتەوە و من یەکێکم لەو خۆشبەختانە.)**

## تارق کامل حوسین



تارق کامل حوسین ناسراو بە تارق ئاکرەیی ساڵی ١٩٤٣ لە ئاکرێ لەدایک بووە. برای زەکی ئاکرەیی یەکێک لە پێشمەرگە نزیک و خزمەتکارەکانی سەرۆک مستەفا بارزانییە. خوێندنی سەرەتایی لە ئاکرێ و ناوەندیی و دواناوەندی لە بەغدا خوێندوە. لە خوێندنی دواناوەندییدا چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٦١ بەهۆی بەدستهێنانی پلەی باشی خوێندن لەگەڵ دە خوێندکاری کورد، لەسەر ئەرکی حکومەتی عێراق بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕەوانەی چیکۆسلاڤیا کراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەرلە دەستنیشان کردنم بۆ چیکۆسلاڤیا، لەگەڵ زەکی ئاکرەیی برام لە بەغدا بە خزمەت سەرۆک بارزانی گەیشتم، داوام لێکرد ڕەوانەی بریتانیام بکەن. بارزانی فەرمووی: "مەچۆ بۆ لەندەن و مەچۆ بۆ مۆسکۆ، بڕۆ بۆ پراگ".)**

ناوبرا لە زانکۆی تێکنیکیی پراگ لە خوێندنی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا بەشی ئەندازیاریی کارەبای تەواو کردوە. وەک خۆی دەڵێت هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە زانکۆ هاوکاریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان KSSE لقی پراگ و کۆمیتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و هەندێک جاریش ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی خوێندکارانی کوردستان بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات جیابۆوە، بەشی زۆری کوردەکانی ئەوروپا لەگەڵ ناوبراو کەوتن. لە کوردەکانی باشور، من و تاریق ئاکرەیی، دارەوان نامیق، شاخەوان نامیق، جەمال عەلەمدار، هاوار حەمەزیاد ئاغای کۆیە، دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە و چەند کوردێکی**

تر لە بەشی سوریا لەگەڵ هێڵی بارزانی ماینەوە. دوای چەند ساڵ، ئەوانەی سەربە ئیبراهیم ئەحمەد بوون، گەڕانەوە و دەسەڵاتی کۆمەڵەی خوێندکارانیان خستەدەست خۆیان، بەڵام زۆر بەپەلە لە زۆرینە کەوتن و دەسەڵاتی کۆمەڵە کەوتە دەست ئێمە.)

ساڵی ١٩٦٨، لە کاتی وتوویژەکانی شۆڕش و حکومەتی عێراقدا، گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لە ئیدارەی مایکرۆیڤ دا وەک ئەندازیاری کارەبا دامەزراوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا کە وتوویژی نێوان حکومەت و شۆڕش ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە سەرکردایەتی پارتی لە ناوپردان و لەوێوە بە ئیزنی سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ پراگ. و هەرلەو ساڵەدا بەشداریی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لە بێلگراد کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی و جەلال تاڵەبانی بەشداریی کۆنگرەی بێلگرادیان کرد. دوکتۆر کەمال فوئاد سکرتێری کۆمەڵە بوو. لەو کۆنگرەیەدا بەشداران دەنگیان بە دوکتۆر کەمال و لایەنگرانی مام جەلال نەدا و باڵی ئێمە وەک باڵێکی کوردستانی و لایەنگریی ڕێبازی بارزانی بەرپرسایەتی کۆمەڵەمان بەدەستەوە گرت و منیش بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە هەڵبژێردرام. لە KSSE دا سیاسەتی ئێمە یەکگرتوویی کوردی هەموو پارچەکانی کورد ستان بوو بە هەموو کێشەکانیانەوە و ئێمە دەمانویست کورد بە یەک دەنگیی لە ئەوروپا بناسرێت. بۆ ئەو مەبەستەش کوردەکانی سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور و پارتی دیموکراتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندام بوون لە کۆمەڵەی خوێندکاراندا.)

تارق ئاکرەیی لە باسی چالاکییەکانیدا لە کۆمەڵەی خوێندکانی کورد لە ئەوروپا ئاماژە بۆ هاوکارییەکانی موحسین دزەیی دەکات و دەڵێت: (پێویستە بۆ مێژوو بڵێم کاک موحسین دزەیی کە ساڵی ١٩٧٠، باڵیۆزی عێراق بوو لە چێکوسلۆڤاکیا لە ڕادەبەدەر یارمەتی کۆمیتەی پارتی کرد. ژێرخانی سەفارەتی بۆ ئێمە کردبوو بە بارەگای حیزب و دەزگایەکی کۆپی دەستی "ڕۆنیۆ" و تایپێکی دەستی لە ئەڵمانیاوە بۆ هێنایین. لەگەڵ شێخ عەزیز شێخ ڕەزا، عەبدولخالق مەعروف، دارەوان نامیق، شاخەوان نامیق بە بەردەوامی لەگەڵ کاک موحسین لە پێوەندییدا بووین بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لقی ٦ لە ئەوروپا.)

تارق ئاکرەیی وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ چالاکییەکانی لە کۆمەڵەی خوێندکاراندا، بەشداریی کۆنفرانسی لقی ٦ ی پارتی لە ئەوروپا کردوە و بە ئەندامی کارگێڕی لق هەڵبژێردراوە و هاوکات هەردوو ئەرکی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٧٠ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ محەمەد ساڵح جومعە و چەند کادیری تر ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بەشداریی کۆنگرەی ٨ی پارتی دیموکراتی لە ناوپردان کردوە. بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا لەگەڵ محەمەد ساڵح جومعە و وەفدی ئەوروپا بە خزمەت سەرۆک بارزانی و ئەندامانی نوێی مەکتەبی سیاسی گەیشتوە و بە دوای وەرگرتنی ئامۆژگاریی لەسەر سیاسەتی نوێی پارتی گەڕاوەتەوە بۆ پراگ. بە وتەی خۆی ساڵی ١٩٧٢ کە کۆنگرەی گەورەی KSSE لە وڵاتی ڕۆمانیا لە بوخارست پێکهاتووە، وەفدێکی گەورەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بەشداریی ئەو کۆنگرەیەی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (دارا تۆفیق لە مەکتەبی سیاسی، زەکیە ئیسماعیل حەقی لە کۆمیتەی ناوەندیی و سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، عادل موراد سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، عارف تەیفور، ڕەنج نوری شاوەیس و جەلال خۆشناو لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداریی ئەو کۆنگرەیان کرد. بەرلە پێکهاتنی کۆنگرە ئێمە کۆنفرانسی لقی ٦ی پارتیمان پێکهێنا و لەو کۆنفرانسەدا من بە بەرپرسی لقی ٦ هەڵبژێردرام. هەروەها کۆنفرانس منی بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵە پاڵاوت. دوای کۆنفرانسی لقی ٦، لە کۆنگرەی کۆمەڵەدا من بە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەڵبژێردرام.)**

ساڵی ١٩٧٢، تارق ئاکرەیی لە پراگەوە چووەتە برلینی ڕۆژئاوا و لەوێ نیشتەجێ بووە. بە وتەی ناوبراو ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکاران لە برلین بووە، بەڵام چونکە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە جگەلە برلین لە وڵاتانی تریشدا بوون، هەرجارەی لە وڵاتێک کۆنگرەی کۆمەڵەیان پێکهێناوە. لەسەر بانگهێشتی "یەکێتی قوتابیانی نیشتمانیی عێراق"، ناوبراو بە نوێنەرایەتی KSSE چووەتە بەغدا و بەشداریی کردوە لە کۆنگرەی ئەو یەکێتییەدا و وەک خۆی دەڵێت بە نوێنەرایەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وتارێکی پێشکەش کردوە و لە وتارەکەیدا داوای جێبەجێکردنی دروستی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و چارەسەرکردنی کێشەی کوردە فەیلییەکانی کردوە. ناوبراو لە هەمان ساڵدا جارێکی تریش بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی

یەکێتــی قوتابیــانی کوردســتان کە لە ســلێمانی پێکهــاتووە، گەڕاوەتەوە بــۆ سلێمانی. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- ( عەلی عەبدوڵا، سامی عەبدولڕەحمان و بەرپرسێکی باڵای حیزبی بەعس بەنــاوی "تــایە عەبــدولکەریم" لەو کــۆنگرەیەدا بــوون مــن بە نــوێنەرایەتی خوێنــدکارانی کــوردی ئەورووپــا وتــارێکم پێشــکەش کــرد و لەودا پەنــجەم بــۆ پێشێلکارییەکانی حکومەتی ناوەندیی سەبارەت بە گەلــی کــورد و کوردســتان ڕاکێشــا. بەشــداران پێشــوازییەکی گەرمیــان لە وتــارەکەم کــرد و چەپڵەیەکــی زۆریان بۆ لێدام. بە جۆرێک تایە عەبدولکەریم بەبــێ ئەوەی کە لە وتەکــانم بگات، لەگەڵ بەشدارانی تر چەپڵەی بۆ لێدام. دوای کۆتایی کۆنگرەکە چــووم بە خزمەت سەرۆک بارزانی گەیشتم، بەڕێزیان فەرمووی: "تــاریق ئەوە چیــت کردوە؟" گوتم ڕای کوردەکانی ئەورووپام ڕاگەیاندوە. بارزانی گوتی: "ئافەرین ئەوە ڕاستە و دەبێ بگوترێت.")

تارق ئاکرەیی بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی شۆڕش و بــۆ ئەوەی کە لە بەغدا دەستبەســەری نەکەن، بە ئێرانــدا گەڕاوتەوە بــۆ ئەڵمــان. دوای گەڕانەوەی بە ئەمری مەکتەبــی سیاسی پارتی دیموکرات، بە نــوێنەرایەتی پارتی چووە بــۆ وڵاتی بولغارستان و لەوێ لەگەڵ دوکتۆر جەمال ڕەشید بەرپرسی لیژنەی پارتی لە ســوفیا بەشــداریی کــۆنگرەی بەرەی نیشــتمانی بولغارســتانی کــردوە. وەک خــۆی دەڵێــت لەو کــۆنگرەیەدا لەگەڵ ڕاگەیانــدنی ســڵاوی ســەرۆک بــارزانی، بەنــاوی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان وتارێکی پێشکەش کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:




- (بــۆ ڕێزگــرتن لە پــارتی دیمــوکرات لەســــەر مێــزی سۆســلۆف فەیلەســوفی حیزبــی کۆمونیســتی یەکێتــی ســۆڤیەت جێگەیان دابووین و لە بەرامبەر وەفدی حیزبی بەعسی عێراقدا ڕێزێکــی زۆریــان لە ئــێمە گــرت. سۆســلۆف لە بــارزانی

پرسی و سلاوی بۆ نارد. لەو کۆنگرەیەدا هەروەها چاوم بە ژیسکۆڤ سەرۆکی پارتی کۆمونیست و سەرۆکی بەرەی نیشتمانیی بولغارستان و سەرکۆماری بولغارستان کەوت و گوتی سلاوی زۆر گەرمی من بە هەڤاڵ مستەفا بارزانی بگەیەنە.)

ساڵی ١٩٧٢ پارتی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن، نووسینگەیەکی کوردی لەژێر ناوی "کوردیش ئۆفیس" کردوەتەوە کە بەکاروباری دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی پارتی و بارزانی لە ئەوروپا ڕابگات و سێ کادیری بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئۆفیسە تەرخان کردوە. لەو بارەیەوە تارق ئاکرەیی دەڵێت:

- (مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا نوسینگەی کوردیش ئۆفیس بۆ پێوەندییەکانی پارتی لە بریتانیا بکەینەوە. من وەک بەرپرسی لقی ٦ لە برلین، جەمال عەلەمدار و هاواری کاک زیاد لە لەندەن، ئەو ئۆفیسەمان کردەوە. هەرکام لە ئێمە نامەی نوێنەرایەتی بارزانیمان پێبوو کە بە نوێنەرایەتی بارزانی پێوەندییەکان بگرین. کوردیش ئۆفیس گۆڤارێکی هەبوو بەناوی کوردیش فاکتا کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکرایەوە.)

ساڵی ١٩٧٣ کە عەزیز ئاکرەیی لە بەغدا وەزیر بوو، لەگەڵ وەفدێکی عێراقی دەگاتە برلینی ڕۆژهەڵات و داوا لە تارق ئاکرەیی دەکات بچێتە لای، ناوبراو دەچێت. عەزیز ئاکرەیی پێیڕادەگەیەنێ کە بە ئەمری مەکتەبی سیاسی پارتی پێویستە پێکەوە بچن بۆ فەڕەنسا و بەشداریی کۆنگرەی حیزبی کۆمونیستی فەڕەنسا بکەن. لەو بارەیەوە تارق ئاکرەیی دەڵێت: (عەزیز ئاکرەیی هات و گوتی: "بە گوێرەی بڕیاری مەکتەبی سیاسی من و تۆ بەشداریی کۆنگرەی پارتی کۆمونیستی فەڕەنسە دەکەین." گوتم باشە. گوتی: "من ئیشی ترم بۆ هاتووەتە پێش و نایەم بۆ فەڕەنسە و پێویستە بگەڕێمەوە و پێویستە تۆ خۆت بەتەنیا بچی." من چووم و کاک ڕەفعەت شاوانی بەرپرسی لیژنەی پارتیم لە پاریس لەگەڵ خۆم برد. لە کۆنگرەکەدا زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە ئێمە کرد. جۆرج مارشە سکرتێری پارتی کۆمونیستی فەڕەنسە داوای لێکردم کە سلاوی گەرمی ئەو بە بارزانی بگەیەنم. ئەو سەرۆکانە بە تێکڕا بارزانیان پێشتر لە مۆسکۆ دەناسی.)

ساڵی ١٩٧٣ بارەگای لقی ٦ ی پارتی‌یان لە برلینەوە گواستۆتەوە بۆ شاری بۆن لە ئەڵمانیا، بەڵام خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵە وەک پێشوو لە برلین بەڕێوە چووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی

هەلایسـاندەوە، سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـول هەمـوو بەرپرسـانی لـق و لیژنەکـان و نوێنەرایەتییەکـانی شـوڕش و بـارزانی لە ئەوروپـا بانگهێشـتی کوردستان کردوە. تـارق ئـاکرەیی یەکێک لـەو بەرپرسانە بـووە کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لـەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ئـێمە لە هەمـوو وڵاتـانی ئەوروپـا، ئەمریکـا و وڵاتـانی دەوروبەرەوە گەڕاینـەوە بـۆ کوردسـتان و لە حـاجی ئـۆمەران کۆبـووینەوە. لەوێ بـاس لە پرۆژەی پێکهاتنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پارتی و دامەزراندنی دامودەزگایەکی کـوردیی کـرا کە لە دەرەوەی وڵات ئەرکـی پێوەنـدییەکان و کاروبـاری دیپلۆماسی بەڕێوەبەرێت. بۆ هەروڵاتێک نوێنەرێک دەستنیشان کرا و بڕیاردرا کـوردیش ئـۆفیس لە لەنـدەن سەرپەرسـتیی ئەو نوێنەرایەتییـانە بکـات. هەروەها هەر نـوێنەرایەتییەک مـافی پێدرا هاوکـات لەگەڵ پێوەنـدییەکانی لەگەڵ کوردیش ئۆفیس، خۆی بۆ هەندێک کاری تایبەت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سەرکردایەتی پارتییەوە بگرێت. لە ڕاستیدا ئـێمە خۆمـان بـۆ بەڕێوەبردنی سیستمێکی گەورەتر ئامادە دەکرد، بەڵام ڕاوەستانی شۆڕشـی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا پرۆژەکەی لێ هەڵوەشاندینەوە.)

دوای ڕاوەسـتانی شۆڕشـی ئەیلـول، پێوەنـدیی مەکتەبـی سیاسـی لەگەڵ لقەکـانی پـارتی لە ئەوروپـا پچـڕاوە، بەڵام لقەکـان و کـۆمەڵەی خوێنـدکاران وەک پێشوو درێژەیان بە کاروبـاری خۆیـان داوە. لەم بـارەیەوە تـارق ئـاکرەیی دەڵێـت: (هەرچەنـدە مـن ورەم لەسـەرەوە بـوو، بەڵام بەشـێک لە ئـێمە ڕووخـابوون. مەکتەبـی سیاسـی پێوەنـدیی لەگەڵ ئـێمە نەمـابوو، بەڵام لقـی پارتی و کۆمەڵە چالاکییەکانیان بەردەوام بوو. ئێمە کۆنگرەمان پێکهێنا، مام جەلال، دوکتۆر کامەران بەدرخان، کەمال فوئاد و عومەر شێخ موس بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد. کاتێک مام جەلال بینی لایەنگرانی ئێمە ژمارەمان زیاتر، بەو بیـانووە کە بـۆچی وێـنەی سـەرۆک بارزانیمـان هەڵواسیوە، کـۆنگرەکەی بەجێهێشت و ئەوانی تریش بە دوایدا و چوون AKSA یـان دامەزرانـد. سـاڵی ١٩٧٦، من چـووم بـۆ نەغەدە و لـەوێ چـاوم بە کـاک ئیـدریس، کـاک مەسعود، نـوری شـاوەیس و عەلـی عەبـدوڵا، سـامی عەبـدولڕەحمان و دوکتـۆر مەحمـود عوسمان کەوت، گوتم ڕاوەستانی شۆڕش خەڵکی شپرزە کـردوە. داوام لێکـردن بێدەنگ نەبن و ڕوونکردنەوەیەک بڵاوبکەنەوە. گوتم ڕێکخراوەکانی پارتی لە ئەوروپـا هێشـتا چـالاکن و لە کـۆنگرەی کـۆمەڵەی خوێندکارانـدا ئـێمە

سەردەکەوین. بارزانی لە تاران خۆی بۆ چوون بۆ ئەمریکا ئامادە دەکرد. چووم لەوێ بە خزمەتی گەیشتم، گوتی: "تا کورد ماوە کێشەی ئێمەش بەردەوامە و پێویستە چارەسەری میللەتێکی زوڵم لێکراو بکرێ." دوای گەڕانەوەم بۆ برلین، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSE لە سەرەتای مانگ ١٩٧٦/٨ بە بەشداریی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان کۆنگرەی پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەدا ناوی سەرۆکیان کرد بە سکرتێری گشتی و دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بە سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژێردرا.)

بەدوای کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١١ لقی ٦ ی پارتی لە برلین کۆنفرانسێکی بەرینی پێکهێنا. نوری شاوەیس، سامی عەبدولڕەحمان، ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پارتی لە ئەوروپا و ئەو کۆمەڵە کادیرانەی لە ئێرانەوە گەیشتبوونە ئەوروپا، بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد. کۆنفرانس بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو. لەودا باس لە ڕێکخستنەوەی پارتی کرا و سەرکردایەتی کاتیی پارتی کە پێشتر دانرا بوون، پەسەند کرایەوە، لەم کۆنفراسەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە شۆڕشی ئەیلول گیرا و داوا کرا ئەندامانی پارتی بەڕوحێکی تازە دەست بە ڕێکخستنی پارتی بکەنەوە. خاڵەکانی کۆنفرانس لە کونگرەی نوێیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کران.

بە دوای ئەو کۆنفرانسەدا، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات، محەمەد ڕەزا یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی کاتی پارتی کە لە بوژاندنەوەی ئۆرگانەکانی پارتیدا دەستی هەبوو، کرابە بەرپرسی لقی ٦ی پارتی لە ئەوروپا. لەم بارەیەوە تارق ئاکرەیی دەڵێت:

**-(کۆنفرانسی ئەڵمان پێکهات، محەمەد ڕەزا بە بڕیاری سەرکردایەتی کاتی پارتی کرا بە بەرپرسی لق و بۆ ئەندامانی تر هەڵبژاردن کرا. لەو هەڵبژاردنەدا، من بە جێگر لق و سیامەند بەننا، عەبدولسەلام بەرواریی و چەند کەسی تر بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری لقی ٦ هەڵبژێردران و چونکە محەمەد ڕەزا لە ڤیەنا بوو، بارەگای لق گواسترایەوە بۆ ڤیەن لە وڵاتی ئوتریش "نەمسا".)**

تارق ئاکرەیی سالی ١٩٧٩ لە ئەڵمانیاوە چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. دوای

گەڕانەوە، لقی ٦ی پارتی لە ئەوروپا کۆنفرانسی پێکهێناوە و هوشیار زێباری ئەندامی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی نوێی پارتی بۆ بەرپرسی لق هەڵبژێردراوە و چوونکە زێباری لە لەندەن بووە، بارەگای لقیان لە ڤیەنەوە گواستوەتەوە بۆ لەندەن. بە دوای ئەو کۆنفرانسەدا تارق ئاکرەیی وەک خۆی دەڵێت لە بەرپرسایەتی و کارکردن لە لقی ٦ دا خۆی دوور کردوتەوە و پتر بە کاری شەخسی خۆی گەیشتووە.

ساڵی ١٩٨٩ سەرلەنوێ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و لە ڕۆژانی ٢ تا ١٩٨٩/١٢/١٢، لە گوندی مەرگەوەڕ بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی کردوە. ساڵی ١٩٩٢ بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتدا ئەرکی وەکیلی وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکارییان پێسپاردوە و چونکە وەزارەتەکەی بەبێ وەزیر بووە، ناوبراو خۆی تا کابینەی سێیەم ئەرکی وەزیری بەڕێوەبردوە.

ساڵی ٢٠٠٤ دوای ساڵێک بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازاد بوونی عێراق، تارق ئاکرەیی لە حکومەتی نوێدا کراوە بە سەفیری عێراق لە نەمسا و بۆ ماوەی ٦ ساڵ لەو پۆستەدا بووە. ساڵی ٢٠١٠ گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ئەرکی بەرپرسی ئابووری وەزارەتی دەرەوەی عێراقی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٢ بەهۆی بەرزبوونەوەی تەمەنی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کە ناوی منیان لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا خوێندەوە کە میدالیای بارزانیم بدەنێ، گوتم خودایە خەڵکێکی تر نییە کە میدالیای بدەنێ؟ بە ڕاستی لە خۆشییان شاگەشکە بووم. شانازیم بەخۆمەوە کرد کە لە منداڵییەوە هەڵگری ڕێبازی بارزانی بووم و هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووم هاتەوە بەرچاوم.)**

## دارا حەسەن یارا



دارا حەسەن یارا ساڵی ١٩٥٢ لە شاری پێنجوێن لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە پێنجوێن و ناوەندیی و دواناوەندی لە سلێمانی خوێندوە. لە خوێندنگەوە چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٨ لە لقی چواری پارتیدا لە سلێمانی بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەشی ڕێگاوبان و ترافیکی لە زانکۆی ئەندازیاری بەغدا وەرگرتووە و کراوە بە ئەفسەری ئیحتیات لە سوپای عێراقدا، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی لە کەرکوک بڕیاری گرتنی دراوە کە ناوبراو ڕایکردوە و خۆی گەیاندوەتە هێزی خەبات لە تەوێڵە کە فەتاح ئاغای محەمەدئەمین فەرماندە و نوری حەمەعەلی و ساڵح پێداوەیی جێگری بوون و لە بەشی ئیداری ئەو هێزەدا ئەرکی پێسپێردراوە.

دارا حەسەن تا ساڵی ١٩٧٥ لە هێزی خەباتدا بەرپرسی کاروباری ناوچەی باڵەک و بەرەکانی شەڕی ئەزمەڕ، زۆزک و گەروی عومەرئاغا بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا چووەتە کۆمەڵگای سەوڵئاوا لە مەریوان و وەک خۆی دەڵێت لەوێوە چووەتە نەغەدە و چاوی بە ئیدریس و مەسعود بارزانی کەوتووە. دواى لێکردون ڕێگەی پێبدەن بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی حکومەتی عێراق، بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، حکومەتی عێراق، دارا حەسەن یارای گواستۆتەوە بۆ بەسرە و لەوێ لە کۆمپانیای "تاواهاربێری" ژاپۆنی "یابان" وەک ئەندازیار لە بەندەری "ئەبولخەسیب" دامەزراوە.




ساڵی ١٩٧٩ لە بەسرە ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بە شاربازێر و سورێندا خۆی گەیاندۆتە ڕاژان و لەوێ چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و لە ڕاژان ماوەتەوە. ساڵی ١٩٨١ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە لای مەسعود بارزانی لە گوندی بیرکم لە پشت سیدەکان لە مەکتەبی سیاسی بووە. تا ساڵی ١٩٨٢ لەوێ ماوەتەوە و ئەرکی ئیداری پێشمەرگەکانی بەڕێوەبردوە و لەو ساڵەدا بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە بریتانیا. ساڵی ١٩٨٥ ماجستەری لە بەشی ڕێگاوبان و ترافیکدا وەرگرتووە. لە ماوەی بوونی لە بریتانیا وەک خۆی دەڵێت کۆمەڵەیەکی کەلتوری لە شاری بێرکمهامن دامەزراندوە و ساڵی ١٩٨٦ بووەتە ئەندام لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن. هاوکات لەگەڵ ڕێکخراوی پارتی دیموکراتدا هاوکاری کردوە و بۆ ماوەیەکیش بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بووە.

ساڵی ١٩٩١ سکرتێری مەڵبەندی کورد بووە لە لەندەن لەو ساڵەدا دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان و دژە هێرشی سوپای عێراق بۆسەر کوردستان کە ڕەوە ملیۆنییەکەی دانیشتوانی باشوری بەرەوە سنورەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان لێکەوتەوە و لە میدیاکانی جیهاندا دەنگی دایەوە، دارا حەسەن یارا دەستی باڵای هەبووە لە وروژاندنی تیمەکانی ڕاگەیاندن و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی BBC ، ABC ، CNN ، ITV بریتانی و CH4و چەند تیمی تری ڕاگەیاندن گەڕامەوە بۆ کوردستان و دەیان وتووێژم سەبارەت بەو ڕەوە گەورەیەی کورد کرد.)**

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دانانی هێڵی پارێزراوی ٣٦ بۆ کوردستان، چەند ڕاوێژی لەلایەن مەکتەبی سەرۆک وەزیران و مارگرێت تاچێر و جۆن مەیجەرەوە لەگەڵ کراوە. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ٦ ی پارتی دیموکرات لە ئەڵمانیا کە دواتر نوسینگەکەی چووەتە بریتانیا. ساڵی ٢٠٠٠

پۆستی بەڕێوەبەریی تەلەفزیۆنی ئازادی "حور" پێدراوە کە سەربە کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بووە و لە لەندەن دامەزراوە. ساڵی ۲۰۰۳ دوای ڕوخانی ڕژێمی عێراق و گواستنەوەی دەسەڵاتی میدیایی CPA بۆ عێراق، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی تۆڕی میدیایی عێراق و توانیویەتی بۆ ماوەی سێ کاتژمێر تەلەفزیۆنی کوردستان Ktv بۆ هەموو عێراق دابین بکات. ڕۆژی ۲۰۰۳/٤/١٦ سێ ڕۆژ چووەتە بەغدا و لە ئیزگەی دەنگی بەغدا بە هاوکاری ئەحمەد ڕیکابی کە ئێستا لە سلێمانی ڕادیۆ دیجلە بەڕێوە دەبات و ئیسماعیل زاهیر، خەڵکیان بە دژی سەدام حوسێن هانداوە و ئامۆژگارییان کردون و تا ساڵی ۲۰۰٤ بەڕێوەبەری گشتی تۆڕی میدیای عێراق بووە و لەو ماوەیەدا باکوری عێراق و هەرێمی کوردستان لەژێر چەتری ئەو تۆڕەدا بوون و تۆڕەکانی میدیا "تەلەفزیۆن و ڕادیۆ"ی موسڵ و کەرکوکی بە هاوکاری تیمێکی ئەمریکی نۆژەن کردۆتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ۲۰۰٤دا لە بوارەکانی ئاوەدان کردنەوە و پەرەپێدانـدا، ڕاوێژکاری سەرۆک مەسعود بارزانی بووە لە مەکتەبی سەرۆکدا و ئەرکی نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی لە ئەستۆ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەو ماوەیەدا چەندان گوندی وەک جنێران، مامە جەلکە و میراوام کە لە شەڕەکانی ناوخۆدا زیانیان پێگەیشتبوو، ئاوەدان کردەوە و دواتر بە فەرمانی سەرۆک بارزانی سیاسەتی ئاوەدان کردنەوەمان گەیاندە ناوچە زیان لێکەوتووەکانی کیمیاباران و ئەنفال و پرۆژەی دروستکردنی جادە و قیر کردنی ٣٦ گەڕەکی شارەوانی هەڵەبجە و ڕێگای سەرەکی عەربەت بۆ هەڵەبجە و گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجەمان نۆژەن کردەوە و پێداویستیمان لەنێوان خاوەن پێداویستییەکان دابەشکرد و پرۆژەی ئاومان لەسەر بودجەی سەرۆکی هەرێم دانا و لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک چەندان پرۆژەی دروستکردنی خانوومان بۆ بنەماڵەی شەهیدان سەرپەرشتی کرد.)**

لە ماوەی چالاکییەکانیدا لە نێوان ساڵانی ۲۰۰٥- ۲۰۱۰، دارا حەسەن یارا سێ ڕێکخراوی مەدەنی گرنگی دامەزراندوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (سێ ڕێکخراوی مەدەنی گرنگمان لەگەڵ سیروان بارزانی و کاوان بارزانی دامەزراندوە کە ناوەکانیان بریتیە لە: کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردستان-

بریتانیا، کۆمەڵەی دۆستانی ئەمریکا- کوردستان و مەڵبەندی پێگەیاندنی لاوان. سیروان بارزانی و کاوان بارزانی سەرۆکی دوو ڕێکخراوی یەکەم و دووەمن و خۆشم سەرۆکی مەڵبەندی پێگەیاندنی لاوانم. هەر لە ماوەی هاوکاریی کردنم لەگەڵ دەزگا حکومی و کۆمپانیاکانی کوردستان، چەند پرۆژەی دروستکردنی گۆڕەپانی یاری لە گوندەکان و ئاوەدان کردنەوەی ئەشکەوتی مێژوویی شانەدەر و هاودیان و چەند شوێنی ترم بەڕێوەبردوە.)

ساڵی ۲۰۱۰ کراوە بە بریکاری کاروباری کۆمەلایەتی لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا و لە چوارچێوەی کاروباری مرۆڤدۆستانەیدا گەلێک کاری خێرخوازانەی بۆ کوردستان و برا کوردە پەنابەرەکانی سوریا بەڕێوەبردوە. هاوکاری وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی کوردستانی کردوە لە گواستنەوە و گەیاندنی کاروباری کۆمەلایەتی لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازەکانی دەرەوە. ساڵی ۲۰۱٤، دارا حەسەن یارا گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تا ئێستا لەو پۆستەیدا بەردەوامە.

دارا حەسەن جارێک لە مانگی یەکەمی ساڵی ۱۹۷۳ لە ناوچەی خانەقین بەسوکی بریندار بووە. دوکتۆرە دولبەر حەسەنی خۆشکی کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە و لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆ سەر شاری قەلادزێ لە ڕۆژی ۱۹۷٤/٤/۲٤دا بریندار ببوو، لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ۱۹۹۱ لە ناوچەی تەوێڵە شەهید بووە. پورزایەکی بە ناوی بەختیار حاجی ڕەشید پێنجوێنی ساڵی ۱۹۸۰ بەدەست مولازم موحسین ئەفسەری ئیستخباراتی عێراق لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱٥ لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە حەقیقەت کە میدالیای بارزانیم وەرگرت وەک ڕووداوێکی کتوپڕ بوو. کە ناویان خوێندمەوە، هەموو مێژووی تێکۆشانم بەبیر هاتەوە و هەستم بە سێ شتی گەورە کرد کە چەندە گەورەیە ئینسان بە بەردەوامی لە خزمەت چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەیدا بێت و بە دڵسۆزی و بێگەردی و سەداقەتەوە هەوڵی بۆ بدات. هەرلەو کاتەشدا هەستم بەوە کرد کە سەرۆک مەسعود بارزانی چەندە گەورەیە. لە ماوەی چل ساڵ تێکۆشانمدا زۆر متمانەم بە جەنابی کاک ئیدریس و سەرۆک بارزانی هەبووە، بەڵام لەو ڕۆژەدا بۆم

دەرکەوت کە مرۆڤــی گەورە شــایانی ئەوەیە کە ســەرکردایەتی مەشــغڵی ڕوونــاکی ڕێبــازی بــارزانی بکــات و شــایانی ئەوکــارە پیــرۆزەیە و وەفــا و قارەمـانەتی ئەو بـۆ مـن دەرکەوت، لـە کاتێکـدا مـن هەسـتم بەوە دەکـرد کە میدالیای بارزانی نرخێکـی گەورەی هەیە لـە ژیـانی مرۆڤـدا، هەسـتم کـرد کە پاداشـی هەمـوو هیلاکـی و تێکۆشـانی خـۆم وەرگـرتەوە، چـونکە پاداشـت، بە سامان و ماڵی دنیا نییە، بەڵکوو بە وەفاداری و هەستی بەرزی ئەو کەسانەیە کە کاریـان لەگەڵ دەکەی. هەروەهـا بـۆم دەرکەوت کە کـوردایەتی ڕێبـازی بـارزانی گـرتنە بـۆ گەیشـتنی نەتەوەکەمـان بە ئامـانجە پیرۆزەکـانی و لەو ڕۆژەشـدا پەیمـانم دووپـات کـردەوە کە پێشـمەرگەی کـوردایەتی و ڕێبـازی بـارزانی بم.)

## حکمت ڕەشید ئەحمەد



حکمـــت ڕەشـــید ئەحـــمەد ناســـراو بە حکـــمەت بـــامەڕنی ڕۆژی ١٩٥٣/١٢/٨ لە گونـــدی بـــامەڕنی لە پارێزگـــای دهـــۆک لەدایک بـووە. ساڵی ١٩٦٠ لە خوێندنگەی گونـدەکەیان دەسـتی بە خوێنـدن کـردوە، بەڵام چـونکە ڕەشـید ئەحـمەدی بـاوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلـول بـووە، ساڵی ١٩٦١ کاتێـک جاشـەکان ڕژیمـی عێـراق هێرشـــی داگیرکارییـــان کـــردوەتە ســـەر گونـدەکەیان نـاوبراو لەگەڵ بنەمـاڵەکەی چووە بۆ دهۆک و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و ســـــاڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە بـــــۆ بامەڕنی و لە هێرشی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر گوندەکانی کوردستان ئەم جارە ئـاوارەی نـاوچەی بەرواری بـاڵا بـوون و دواتـر چـوون بـۆ سلێمانی و لەوێ لە بەشی پیشەسازییدا ئامادەیی خوێندوە. ناوبراو ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ڕیزی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان و سـاڵی ١٩٦٩ بە ئەنـدامی پـارتی دیمـوکرات وەرگیراوە و ڕۆژی ١٩٧٢/١٠/٢٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە چۆمـان کە عەقیـد حوسـێن بـامەڕنی بەرپرسـی بـووە و ڕۆژی ١٩٧٣/٤/١٧ بەرپرسـایەتی تەعمیرگـای ئوتۆمبیلەکـانی "وەرشـەی میکـانیکی" بارەگـای بارزانی پێسپێردراوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حکمەت بامەڕنی پەریوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری ئەراک و ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١ چووە بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە شاری ناشڤیل لە ویلایەتـــی تێنســـی نیشـــتەجێ بـــووە. وەک نـــاوبراو دەڵێـــت لەو ســـاڵەدا سـەرکردایەتی پـارتی دیموکرات بڕیاریداوە لقی٧ بـۆ ئەمریکا و کەنەدا لە پایتەختی ئەمریکا لە واشنتن دامەزرێنێت و لەو شارانەشدا کە کوردی زۆری تێدا بوو، لیژنەی ناوچەیان دامەزراندوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆنفرانسی لیژنەی

ناوچەیان پێکهێناوە. حکمەت بامەڕنی لە کۆنفرانسی لیژنەی ناوچەی شاری ناشڤیڵ تێنسیدا بە کارگێڕی لیژنە هەڵبژێردراوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (پێکهێنانی لقی٧ و لیژنەی ناوچە لە شارەکاندا، ڕیگەی بۆ خەباتگێڕانی پارتی دیموکرات خۆشکرد کە بەشێوەی ڕێکخراوەیی و بە ڕێگەی ڕێکخستندا دەست بکەن بە چالاکی. لەو چوارچێوەیەدا سالی ١٩٧٦ یەکەم خۆپیشاندان کرا. لەکاتی هاتنی جێمی کارتەر سەرۆکی ئەمریکا بۆ شاری ناشڤیڵ، بەڕێوەبەرانی لیژنەی پارتی لە خۆپێشاندانەکەدا نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا کرد. لەو نامەیەدا هاوکات لەگەڵ باسکردن لە کێشەی کورد، داوا لە سەرۆکی ئەمریکا کرا یارمەتی گەلی کوردستان بدات. جگەلەوە ساڵی ١٩٧٦ چەند نامەی تریش ئاراستەی سناتۆر و کونگریسمانەکانی ئەمریکا کرا بۆ هەمان مەبەست.)

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٧ دا، حکمەت بامەڕنی بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناشڤیڵ تێنسی هەڵبژێردراوە. ناوبراو سەبارەت بە چالاکیی کوردەکانی ئەمریکا لەو ساڵەدا دەڵێت: (دەیان چالاکی وەک کەلتوری و پێکهێنانی ئاهەنگ و خۆپیشاندان لە واشنتن، ناشفیڵ، دیترۆیت، نیویۆرک و شارەکانی‌تر کرا. بە ئامۆژگاریی سەرکردایەتی پارتی، بۆ یەکەم جار لە بەرامبەر بارەگای نەتەوەیەکگرتووکان لە نیویۆرک خۆپیشاندانمان کرد. بۆ ئەو مەبەستە، ئەندام و لایەنگران و ڕەوەندی کورد لە زوربەی شارەکانی ئەمریکا خۆیان گەیاندە نیویۆرک و بەشداریی ئەو خۆپێشاندانەیان کرد. لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکەدا نامەیەک لەسەر کێشەی ڕەوای گەلی کورد، ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەگرتوەکان کرا.)

ساڵی ١٩٧٩، حکمەت بامەڕنی خوێندنی بەشی تیکنۆلۆژی لە پەیمانگای شاری ناشڤیڵ تەواو کردوە و لە کۆنفرانسی بەرفرەوانی لقی٧ ی پارتیدا کە هەرلەو ساڵەدا پێکهاتووە، بە کارگێڕی لقی٧ هەڵبژێردراوە، لەبەر ئەوە لە شاری ناشڤیڵەوە گواستویەتەوە بۆ ناوچەی واشنتن کە باشتر بتوانێ بە ئەرکەکانی ڕابگات.



ساڵی ١٩٩٢، محیدین ڕەحیم بەرپرسی لقی٧ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بە گەڕانەوەی ناوبراو بۆ کوردستان، حکمەت بامەڕنی ئەرکی بەرپرسایەتی لقی٧ ی بە وەکالەت وەرگرتووە و ساڵی ٢٠٠٢ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات کراوە بە بەرپرسی لقی٧. ناوبراو سەبارەت بە چالاکییەکانی لقی٧ و ڕەوەندی کورد لە ئەمریکا دەڵێت:

- ( بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان، بە ڕێی پێوەندییەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی، خۆپیشاندان و چالاکییە مەدەنیەکان بەردەوام بووین. لەبەر بوونی ڕەوەندێکی زۆری عێراقی لە شاری دیترۆیت و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ڕژێمی عێراق لە نێوانیاندا، لقی٧ بڕیاریدا هەواڵەکانی شۆڕشی کورد و تاوانەکانی ڕژێمی بەغدا لە کوردستان و عێراق بۆ ڕای گشتی بڵاوبکاتەوە. لەبەرامبەر پیاوانی سەربە ڕژێمی بەعس لەو شارەدا ڕاوەستاین. هەروەها بڕیارماندا لە شاری دیترۆیت جەژنی نەورۆز پیرۆز بکەین. ئەو هەنگاوەی ئێمە، سەبارەت بە پێکهێنانی ئاهەنگی نەورۆز، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە دیترۆیت بەردەوام بوو.)

ساڵی ١٩٨٨ بە دوای کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە، لقی٧ ی پارتی دیموکرات خۆپیشاندانێکی لەبەر دەرگای سەفارتی عێراق لە واشنتن ڕێکخستوە و خەڵکێکی زۆر لە ڕەوەندی کوردی دانیشتوی ئەمریکا بەشداریی ئەو خۆپێشاندانەیان کردوە. لەوبارەیەوە حکمەت بامەڕنی دەڵێت: (لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەدا کاربەدەستەکانی سەفارەتی ڕژێم و چڵکاوخۆرەکانیان دەستیان کرد بە هەڕەشەو لێدانی گەنجەکان لەنێوان خۆپێشاندەران کە ئەوە بوو بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوانماندا و خۆپێشاندەران دەرگا و پەنجەرەکانی سەفارەتیان شکاند. سیخوڕەکانی ڕژێم

ویستیان تەقە لە خۆپیشاندەران بکەن، بەڵام پۆلیسی ئەمریکا هاتە بەینمان و بەعسییەکان نەیانوێرا تەقە لە ئەمریکییەکان بکەن.

هەرلە ساڵی ١٩٨٨دا، حکمەت بامەڕنی و ١٧ ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکرات چوونەتە ناو بارەگای وڵاتەیەکگرتوەکان و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەوێ مانیان گرتووە. لەبەر ئەوە کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی پۆلیس و پێیانگوتوون: ئەگەر بارەگاکە بەجێنەهێڵن، ڕەوانەی عێراقتان دەکەینەوە. لەو بارەیەوە حکمەت بامەڕنی دەڵێت: (**پۆلیسەکان گوتیان بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت و هەتا ئێستا شتی وا لێرە ڕووینەداوە و ئەگەر دەرنەچن دەتانگرین و ڕەوانەی عێراقتان دەکەینەوە. هەرچەندە ئێمە دەمانزانی ناردنەوەمان بۆ عێراق واتای ئیعدام کردنە، بەڵام هەموو بەشداران بەبێ دوودڵی گوتیان تا نامەکەمان نەدرێتە دەست سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ئێمە دەرناچین. سەرئەنجام بۆ ئەوەی کە کارەکەمان دەنگی زۆری لێنەکەوێتەوە، پۆلیسەکان ناچاربوون نامەکەیان لێوەرگرتین و بەڵێنیان دا بیگەێننە دەست سکرتیری گشتی. ئێمە لە نامەکەدا ئاماژەمان بە کارەساتی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و سیاسەتی ژینۆسایدی ڕژیمی عێراق لە کوردستاندا کردبوو.**)

بە دوای ئەو چالاکییەدا، نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان بۆ ماوەی شەو ڕۆژێک لە بەرامبەر کۆشکی سپی لە واشنتن خۆپیشاندانیان کردوە. وێنەکانی قوربانیان و برینداارانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بالیسان و بادینانیان بە دروشمی جۆراوجۆر بەرز کردوەتەوە و بێگوناهی شاری هەڵەبجەیان بەگوێی بەرپرسانی ئەمریکا گەیاندوە. لەو بارەیەوە حکمەت بامەڕنی دەڵێت: (**جگەلەو چالاکییانە، کاتێک تارق عزیز هات و خەریک بوو بچێت بۆ کۆشکی سپی، خۆپێشاندەران خۆیان گەیاندە ناوبراو، بەڵام پۆلیسەکان بەپەلە ئەویان لەناو دەستی خۆپیشاندەران ڕزگار کرد. بە هەمان شێوە لە کاتی سەردانی وەزیری دەرەوەی عیراق سعدون حەمادی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.**)

حکمت ڕەشید بامەڕنی بەشداریی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕەوەندی کورد و عێراقی دژ بە ڕژێمی سەدام حوسێنی لە ئەمریکا کردوە، چەندان چاوپێکەوتنی سەبارەت بە کێشەکانی کورد لە عێراق و کردەوە مەترسیهێنەرەکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی ئەمریکی ئەنجام داوە. ناوبراو لە ماوەی ژیانی لە

ئەمریکا چەندان جار سەردانی کوردستانی کردوەتەوە. ساڵی ٢٠٠٤، بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لەوێ خولی بێتەلی بینیوە بۆ وەرگرتنی کاری دیپلۆماسی لە باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتن. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٥ لە باڵیۆزخانەی عێراق دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەرکی کونسوڵیان لە سەفارەتی عێراقی لە ئەمریکا پێسپاردوە و تا ساڵی ٢٠١٣ لەو کارەیدا بەردەوام بووە.

مامێکی حکمەت بامەڕنی بە ناوی عومەر ئەحمەد ساڵی ١٩٦١ لە گوندی بامەڕنی و خاڵێکی بەناوی ساڵح سینۆ شەریف ساڵی ١٩٦٦ شەهید کراون. ناوبراو ئێستا بەرپرسی لقی ٧ی ئەمریکا و کەنەدای پارتی دیموکراتە لە واشنتن و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا لە هەولێر بەهۆی چالاکییەکانی و خزمەتکردنی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (کاتی وەرگرتنی میدالیای بارزانی نەمر لە کۆنگرەی ١٣ دا، هەستم کرد کە گەورەترین پاداشتم وەرگرتووە، لە ئاکامی خەباتمدا کە بۆ ماوەی ٤١ ساڵ بۆ سەرخستنی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر کردوومە. ئەم خەڵاتە بەهیچ شتێک ناگۆڕمەوە. وەرگرتنی میدالیای بارزانی خەونی هەموو کادیر و پێشمەرگە و لایەنگرێکی پارتییە. بەڵێنم بە سەرۆک بارزانی دا کە تا لە ژیاندام، بەردەوام بم لەسەر ڕێبازی پیرۆزی.)

# حوسێن محەمەدعەلی حەجی حەسەن



حوسێن محەمەدعەلی حەجی حەسەن ناسراو بە ئەبو عەلی بانی ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی بانێ لە ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شێخان کە حاجی میرخان دۆڵەمەری فەرماندە و مەجید یوسف بانی جێگری هێز بوون. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئەبو عەلی بانی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بانێ لە ناوچەی زاویتە. ساڵی ١٨٧٦، مەحمود ئێزیدی لەگەڵ مەفرەزەیەک سەردانی گوندی بانێی کردوە. بە چوونی ناوبراو بۆ گوندەکەیان حوسێن محەمەد چووەتە ڕیزی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکرات و لەو بارەیەوە دڵێت:

**- (دوای ڕۆیشتنی مەحمود ئێزیدی و پێشمەرگەکان، خەلیل نەجمان گەنجۆ و وەیسی شێخ یەزدین ئیسماعیل هەرکام بە مەفرەزەیەک هاتنە ناوچەکەمان ومن هاوکاریم کردن و دواتریش بووم بە پێشمەرگەی نهێنی و لە ناوچەکەدا مامەوە.)**

ساڵی ١٩٨٠، ئەبو عەلی بانی چووەتە لقی یەکی پارتی دیموکرات لە کۆماتە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی ئامێدی. لەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی سەری حەمیەی لە ناوچەی ئامێدی کردوە و وەک خۆی دەڵێت دوو بنکەی دوژمنیان لە چیای حەمیە چەک کردوە و کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی و کەرستەی سەربازییان بەدەست خستووە و لە بەرامبەردا دوو پێشمەرگەیان شەهید بوون. هەروەها لەو ساڵەدا بەشداریی کردوە لە کەمینی پێشمەرگەکان لە گرکا لەسەر جادەی ڕەئیسی کانی ماسیدا. ساڵی ١٩٨١،

حوسێن محەمەدعەکی گواستراوەتەوە بۆ بەشی سەربازیی لیژنەی ناوچەی دهۆک و فەتاح گولی بەرپرسی بووە. لەو ساڵەدا، کەمینێکیان لەسەر پردی مانگێشک داناوە و دوو ئوتۆمبیلی دوژمنیان سوتاندوە. هەر لەو ساڵەدا بەشداریی کردوە لە شەڕی گوندی کەمەکا و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕەدا لە گەمارۆی دوژمن کەوتوون و تا ئێوارە شەڕیان کردوە و دواتر بە کەڵکوەرگرتن لە تاریکی شەو، ناوچەکەیان بەجێهێشتوە. جگەلەوە لە باگێڕ لە پێگەی دوژمنیان داوە، بەڵام زیانەکانی دوژمنیان بۆ ڕوون نەبووەتەوە.

ساڵی ١٩٨٢، ئەبو عەلی بانی گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی شەهید وەیسی کە خالید محەمەد تاهیر بەرپرسی بووە و وەک خۆی دەڵێت لەو ساڵەدا لە گوندی دێرکێ لە ناوچەی مانگێشک بوون و نۆ هێلیکۆپتەری دوژمن هاتووەتە سەریان و لە دەوری پێشمەرگەکان سەربازیان پیادە کردوە و ناوچاربوون لە کاتژمێر ١٤:٠٠وە تا تاریکی شەو شەڕیان لەگەڵ بکەن و دواتر ناوچەکە بەجێهێڵن. ساڵی ١٩٨٣، ناوبراو گواستراوتەوە بۆ ڕێکخراوی شێخان و کراوە بە بەرپرسی دوو شانەی سەرەکی شێخان لە ڕێکخراوی شەهید عەلی عەبۆدا. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ناوچەی شێخان بووین کە دوژمن پەلاماری مقەڕی لیژنەی دهۆکی دا و ئێمە لە ناوچەی شێخانەوە چووین و بۆ ماوەی ٧ کاتژمێر بەرگریمان لە بارەگای لیژنەی ناوچەی دهۆک کرد. ئەو شەڕە بۆ ماوەی ١٢ یان ١٣ ڕۆژ بە هێرش و شکانی دوژمن بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا دوژمن شکا و ٧ کەلاکی لە جاشەکان بەجێهێشت.)**

ساڵی ١٩٨٥، ئەبو عەلی بانی کراوە بە جێگری ڕێکخراوی شەهید عەبۆ و ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی ڕێکخراوی بارزان بووە لە شێخان و لە بارەگای لیژنەی شێخان، پاسەوانی لیژنەی ناوچەی شێخان بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦ دوژمن بە هێزێکی زۆر کە ١٧ سەرۆک جاشی لەگەڵ بوو، هێرشی کردە سەر ناوچەی شێخان. بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو، هەموو جارێ دوای شکانیان سەرلەنوێ هێرشیان دەکردەوە و دواجار کە شکان، ٥ کەلاکی جاشیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت.)**




ساڵی ١٩٨٧، ئەبو عەلی بانی بەشداریی کردوە لە شەڕی دێرەلوک و وەک خۆی دەڵێت نزیکەی ٢٠٠ کەسیان بەدیل گرتووە کە زۆربەیان جاش بوون و لەو شەڕەدا ٨ پێشمەرگە شەهید بووە کە هەموویان فەرماندەی پێشمەرگەکان بوون. ناوی دوو لە پێشمەرگە شەهیدانە بریتییە لە: ئەحمەد نمازی و خەسرەو. ساڵی ١٩٨٨، لە کیمیاباران و ئەنفالی ناوچەی بادینان، ناوبراو لەگەڵ ١٢ پێشمەرگە پەڕیوەتەوە بۆ باکوری کوردستان، کەچی لە ناوچەی گەوەڕ لەلایەن پۆلیسی تورکەوە گیراون و دوای سێ ڕۆژ زیندانی، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنورداش کراون و لەوێوە چوون بۆ ڕاژان و دواتر لە نەغەدە بوون. ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٢ لەگەڵ دوکتۆر کەمال کەرکوکی لە سلیڤاناوە بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ گەلی ئورامار و بریبە و شوکە و تا مانگی ٩ی ئەو ساڵە لەو ناوچانە بووە و دواتر لەگەڵ ٧ پێشمەرگە لە ناوچەی شێخان لە بۆزا و چیای دیرێ بووە و بەهۆی چۆلبوونی ئەو ناوچەیە، نان و خواردنیان لە گوندەکانی ئێزیدی بەدەست خستووە.

ساڵی ١٩٩٠ کە ڕژێمی عێراق کوەیتی داگیر کرد، وەزعی پێشمەرگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و توانیویانە لە گوندی سینا لە ناوچەی ئێزیدیان سێ بەعسی بریندار بکەن. لەو جەولەیەدا وەک خۆی دەڵێت ونبوون و زستانی ساڵی ١٩٩١ لە شاخ ماونەتەوە و مانگی دووی ساڵی ١٩٩١ خالید بانی ئەوانی لە چیای دیرێ دۆزیوەتەوە. ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی ژمارەیەک نامەی سەرۆک مەسعود بارزانیان گەیاندوەتە ماڵی خەیری بەگ میری ئێزیدیەکان، عەلی کۆخی سەرۆک جاش، کۆچک فەرماندەی مەفرەزەی ئیستخبارات و ساڵح نەرموو و ژمارەیەکی تر لە پیاوماقوڵان و کەسەیەتییەکانی ناوچەی شێخان و ساڵی ١٩٩١ بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕینی خەڵکی دهۆکدا.

ساڵی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان ئەبو عەلی بانی کراوە بە فەرماندەی هێزی لەشکری ٥ی شێخان و ساڵی ١٩٩٣ فەرماندەی فەجی ٥ ی سوپای یەکی دهۆک بووە. ساڵی ١٩٩٦ لە گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆدا، ئەرکی فەرماندەی لیوای ٣ ی تایبەتیان پێسپاردوە و هەرلەو ساڵەدا کراوە بە فەرماندەی لەشکری تایبەتی ئاراس و هەتا ئێستا بە پلەی لیوا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو سێ جار لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٤دا بریندار بووە. جاری یەکەم لە سەری باگیرا، جاری دووەم لە بێنارنگێ و ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/٢٧ لە دۆڵی ئالانە لە شەڕی ناوخۆدا. حوسێن محەمەدعەلی حەجی حەسەن ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. هیچ شتێک لە میدالیای بارزانی بە گەورەتر و بە نرختر نازانم. وەرگرتنی میدالیای بارزانی هیوایەک بوو لە دڵی مندا کە پێی گەیشتم و جێگەی شانازی منە.)**

## عوسمان عەبدولڕەحمان مەسیح



عوسمان عەبدولڕەحمان مەسیح ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی پیران سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ لە مەقەڕی "هەودیان" بووەتە پێشمەرگە و تا ساڵی ١٩٧٥ چایچی مەقەڕی پێشمەرگەکان بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، سەرەتا چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز و دوای کۆنگرەی نوێیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە. سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ ژمارەیەک لە لایەنگرانی لە کۆنگرەی نۆی پارتیدا لەو حیزبە جیا بوونەتەوە و پارتی گەلی کوردستانیان دامەزراند. هێزی بارزان کە عوسمان عەبدولڕەحمان مەسیح یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی، ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٢٢ چوو بۆ هەرک و بێداو و بنکەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیان لە سامی وەرگرتەوە. ناوبراو بە دوای ئازادبوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩ کە نەیتوانی دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بێنێتەوە، لەگەڵ بەشێک لە کادیر و پێشمەرگەکانی حسک و پاسۆک گەڕانەوە بۆ ڕیزی پارتی دیموکرات و سەرکردایەتی پارتی ناوی حیزبەکەی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان "یەکگرتوو".

عوسمان عەبدولڕەحمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بارزان لەوێوە لە مەفرەزەی گەڕۆکی دەستوەشێن چووەتە گەلی گۆستە لە سەر سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان و کەتینە و ناوچەکانی موسەک، سەروکانی، بێرۆخ و لەوێ بارەگای نوێیان کردۆتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (خەڵکی گوندەکانی سەرسنور بەهەموو شێوەیەک هاوکاری ئێمەیان دەکرد. یەکەم مەفرەزەمان بۆ گوندی مێرۆز بوو کە لە بارەگای فەوجەکەمان**

دا و دووەم مەفرەزەمان هاتینە "کیلی نەبیا" و لە سەربازگەی مێرگەسورمان دا و مەفرەزەی سێیەم ساڵی ١٩٨١ لە نزای بێرسیاڤ کە لەوێ مەلا عەمەر عیسا جێگری دوکتۆر سەعید شەهید بوو. ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران دا هەڵگیرسا، مەفرەزەکانی ئێمە زیادی کرد و ڕژێمی عێراق بەشێکی زۆر لە هێزەکانی لە ناوچەی مێرگەسور کشاندەوە و لە لۆلانەوە تا ناوچەی بارزان و مزوری و مێرگەسور کەوتە دەست پێشمەرگەکان و ئیتر بنکەکانی پێشمەرگە لەو جێیانە دانرا.)



ساڵی ١٩٨٢، عوسمان عەبدولڕەحمان بەشداریی خولێکی هەشت مانگەی کادیری لە ڕاژان کردوە و دواتر گەڕاوەتە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شەڕەکانی کردوە. دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عیراق، سوپای عیراق هەموو هێزە کۆکراوەکانی بەرەو ناوچەکانی پێشمەرگە و هێزی بارزان ڕەکیش کرد و لە ١٩٨٨/٧/١٩دا بەشێوەیەکی بەربڵاو هێرشی کرد و هێرشەکانی تا ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٥ بەردەوام بوو. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (دوژمن بە پانتایی هەردوو قەزای مێرگەسور و سیدەکان هات و خۆی گەیاندە دەشتی بەرازگر و هێرتە. چەند جارمان شکاند، بەڵام ئەم جارە بە هێڵی خرێنە و لۆلان و لیلکاندا هات و گەیشتە خواکورک و لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بۆوە. ئێمە ڕێگەمان لێگیرا، بەڵام خۆمان لە گەمارۆی دوژمن کەوتین و بەناچار بە ناو سنوری باکوری کوردستاندا پەڕینەوە بۆ ناوچەی "چەمکە بی" کە دەکەوێتە ناحیەی شەمدینان و بە زنجیرە چیای کۆرەوان دا گەیشتینە حەمید ئەفەندی و پێشمەرگەکانی. لەوێ لە دوژمنمان دا و پاشەکشەمان پێکرد و گەڕایەوە ناوچەی سیدەکان. دوژمن چەند جارێکی تریش هێرشی کردەوە، بەڵام بێسود بوو و سەرئەنجام بە بڕیاری سەرۆک بارزانی کە خۆی بەشداریی شەڕەکەی کرد، ئێمە ناوچەکەمان بەجێهێشت و دوای ١٦ ڕۆژ شەڕ پاشەکشەمان کرد و چووین بۆ سەرسنوری باکوری کوردستان.)

عوسمان عەبدولڕەحمان مەسیح و پێشمەرگەکان سەرلەنوێ خۆیان لە مەفرەزی گەڕۆکدا ڕێکدەخەنەوە، بەشێکیان دەچن بۆ زێوە و بەشکەکەی تریان دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکان و لە گەلی "بێنار" مەقەڕ دادەنێن. ساڵی ١٩٩١ بەرلە دەستپێکردنی ڕاپەڕین مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی هەموو فەرماندەکانی پێشمەرگە لە ڕاژان کۆدەکاتەوە و عوسمان عەبدولڕەحمان یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بووە و دەڵێت:

- (سەرۆک بارزانی گوتی من ئاگاداری وەزعی عێراق و دەوروبەرم و لەوانەیە لە عێراقدا ڕاپەڕین بکرێت. ئێوە دەبێ خۆتان ڕێکخەنەوە و شوێنی دیاریکراوی خۆتان هەبێ و بزانن کاتی پێویست چیدەکەن.)


ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕین دەستی پێکرد. سەرۆک بارزانی خۆی گەیاندە پشدەر و قەڵادزێ و ڕانیە و ئێمەش بە حاجی ئۆمەراندا هاتین بۆ دیانا و مێرگەسور کە هێشتا سوپا لەوێ مابوو. لەگەڵ دوکتۆر سەعید کە بەرپرسمان بوو، سەرۆک بارزانی ئاگاداری کردین، بچین بۆ هەولێر و چووین بۆ بەحرکە و دواتر قوشتەپە و لە پردێ لە کەمینی سوپا کەوتین، لێماندا و ژمارەیەکی زۆرمان لێکوشتن. ڕۆژی یەکەم خۆمان گەیاندە گەڕەکی ڕەحیم ئاوای کەرکوک و ئازادمان کرد و ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١ کە جەژنی نەورۆز بوو کەرکوکمان بەتەواوی ئازاد کرد. دیارە نەک هەر ئێمە بەتەنیا بەڵکوو بەرەی کوردستانی و خەڵکی ناوچەکەش لە ئازاد کردنی کەرکوکدا بەشدار بوون. دوای شکانی، دوژمن سەرلەنوێ هێرشی هێنایەوە و کەرکوک، هەولێر، مەسیف سەلاحەدینی گرتەوە. من لەگەڵ دوکتۆر سەعید بووم، حەمید ئەفەندی بە ٥- ٦ پێشمەرگە و حالی دۆڵەمەری بە ١٠- ١٥ پێشمەرگە هاتن و ئێمەش لەگەڵ دوکتۆر سەعید ١٤ پێشمەرگە بووین. بڕیارياندا بەرەی کۆڕێ بکەنەوە. ئێمە لە سەر بەرزایەکە و حەمید ئەفەندی و حالی دۆڵەمەری لە دۆڵەکەدا بوون کە پەلاماری دوژمنماندا و لە هەموو جێیەکەوە ئاگرمان بەسەریدا باراند. حەوت تانکمان سوتاند و سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێنا. زیاتر لە ١٠٠ کەلاکی دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە کەتبوون. بۆ یەکەم جارە دەڵێم، یەکەم تانک بە دەست من و بەم پەنجەیەم شکا. شەڕ تەواو ببوو کە کۆسرەت ڕەسوڵ و حەسەن کوێستانی لەگەڵ ٣-٤ پێشمەرگە هاتن و گوتیان نازانین بە چ زمانێک سوپاسی ئێوە بکەین. بە بێتەل سەرۆکمان ئاگادار کرد و ئەویش هاتە کۆڕێ و دواتریش بەرەی

کوردستانی گەڕانەوە. ڕۆژی ١٩٩١/٤/١١ سەرلەنوێ دوژمن گەڕایەوە، بەڵام دیسانیش شکا و تا مەسیف پاشەکشەمان پێکرد و کاتژمێر ١٢ شەو شەڕ ڕاوەستا.)

عوسمان عەبدولڕەحمان تا ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هێزی بارزان ماوەتەوە و بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩دا و پێکهاتنی پەرلەمان کوردستان، لە یەکەم کابینەی حکومەتدا کراوە بە قایمقامی قەزای مێرگەسور و تا ساڵی ١٩٩٨ لەو پۆستەدا ماوەتەوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە حەمید ئەفەندی وەزیری بووە. لە هەمان کاتدا کراوە بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی بارزان کە شێخ بەهزاد بارزانی فەرماندەیەتی و هەتا ئێستاش لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبرا پێنج جار لە شەڕەکانی چیای کتکین ١٩٨٨/٨/١٨، چیای کۆراوان ١٩٨٨/٩/٤، ناو شاری مێرگەسور ١٩٨٦، گوندی ئازادی ١٩٨٦ و داستانی خواکورک ١٩٩٩/٤/١١ بریندار بووە. بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ڕادەی دنیا خۆشحاڵم و خۆم بە شایانی نازانم و شایستەی ئەو میدالیا پیرۆزە نیم کە وێنەی بارزانی لەسەر و وەڵامی هەموو خزمەتەکانم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی وەرگرتەوە.)

## قادر وەهاب مستەفا



قادر وەهاب مستەفا ساڵی ١٩٤٠ لە بنەماڵەیەکی بە ڕەگەز تورکمان لە هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر خوێندوە و لە گوندی گەزنە لە پارێزگای هەولێر بووە بە مامۆستای خوێندنگە. ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن، کوردستانی بەجێهێشتوە و چووە بۆ شاری فرانکفۆرد لە ئەڵمانیا. دوای فێربوونی زمانی ئەڵمانی چووەتە زانکۆ، سەرەتا ویستویەتی بەشی دەرمانی بخوێنێت، بەڵام دواتر وازی لەو بەشە هێناوە و بەشی بیولۆژی خوێندوە. ناوبراو هاوکات لەگەڵ خوێندن لە زانکۆ، چووەتە ڕیزی یەکێتی خوێندکارانی کورد KSSE لە ئەوروپا و ئەندامێکی چالاک بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەو ڕێکخراوەیەدا و هاوکاتیش بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە فرانکفۆرد. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریی ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزانی ئەڵمانیای کردوە و زۆری هەوڵداوە خزمەتی ژینگەی کوردستان بکات و تەنانەت دیاردەی خۆڵبارین لەسەر کوردستان چارەسەر بکات. بۆ ئەو مەبەستە و بە مەبەستی بەستنەوەی پێوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ کوردستان، چەندانی وەفدی لە کوردستانەوە بردوەتە ئەڵمانیا و بە پێچەوانەوەش چەند وەفدی ئەڵمانی هێناوە بۆ کوردستان. ناوبراو کەسایەتییەکی چالاک بووە لە چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان و بەتایبەتی کێشەکانی نەتەوەی کورد لە وڵاتەداگیرکراوەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و کوردستاندا.

قادر وەهاب یەکێک بووە لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسی ١١- ١٩٧٦/٨/١٦ی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە برلین کە بە بەشداری ٨٠ خوێندکار و سەرپەرشتی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات پێکهات. لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردرا پارتی دیموکرات بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتوخواز و بە پشتبەستن بە ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی ڕێکبخرێتەوە و سەرکردایەتی پارتی بە بەشداریی کردنی حەوت ئەندامی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەهێز بکرێت کە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی برلین، لە کونگرەی نۆیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کران. دوای کۆنگرەی نۆیەکی پارتی دیموکرات، قادر وەهاب لەگەڵ فەوزی حوسێن، محەمەد ئەمین دەنەوی و پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم لە ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپادا بووە.



قادر وەهاب لە ئەڵمانیان ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خانمێکی بەڕگەز ئەڵمانی پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو ژیانەیان کچێکە کە ئێستا خوێندکارە لە زانکۆی فرانکفۆر. ناوبراو بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دوای سێ مانگ بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٩، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی فرانکفۆرد کوچی دوایی کرد. بەرلە کۆچی دوایی کردنی، ناوبراو کتێبێکی لەژێر ناوی "کورد کێیە" بە زمانی ئەڵمانی سەبارەت بە کورد و کێشەکانی نوسیوە. کتێبەکەی ٧٠ لاپەڕەیە و بە دوا کۆچ کردنیدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## عەبدوڵا ڕەسوڵ مەحمود



عەبدوڵا ڕەسوڵ مەحمود ناسراو بە مەلا عەبدوڵا ڕەسوڵ ساڵی ١٩٥١ لە گوندی شەروێت لە ناحیەی ناودەشت لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ بە دوای خوێندنی دواناوەندییدا، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بارەگای هێزی کاوە و ساڵی ١٩٦٩ بۆ ماوەیەک ئەندامی ڕێکخراوی سەنگەسەر بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ بارەگای هێزی کاوە و کراوە بە کادیری ڕێکخراو. هاوکات جێگری کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی و ئازوقەی هێز بووە و دەڵێت مەلا ئەمین کوزینەیی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٨ بەشداریی شەڕی دۆڵی شەهیدانی لە نزیک سەنگەسەر کردوە و ساڵی ١٩٦٩ بەشدار بووە لە شەڕی پردی سەنگەسەر و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لەو شەڕەدا دوژمن شکا و بە زیانێکی زۆرەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام ئێمە پێشمەرگەیەکمان بەناوی حوسێن حاجی عەلی کە لاقەکانی خۆی بەستبووەوە و بە دوو تفەنگ شەڕی دەکرد و سوێندی بە کوردستان خوارد تا شەهید بوونی، شوێنی خۆی بەرنەدات، بەداخەوە شەهید بوو.)**

ساڵی ١٩٧٤، مەلا عەبدوڵا ڕەسوڵ بەشداریی شەڕەکانی ژاراوە و خەندەکەی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ تا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لە بارەگای هێزدا بووە و بەدوای ڕاوەستانی شۆڕش بە بنەماڵەوە چووەتە سەردەشت. سەرەتا لە کۆمەڵگای ڕەبەت و دواتر لە کۆمەڵگای زێوە بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای جهروم لە پارێزگای شیراز و دوای ٦ مانگ بردویانەتە تاران. لەوێ لە کارخانەی "ئیران تانکەر و شوفاشکار" لە جادەی کەرەج کاری کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە هەمان کاتدا هاوکاریی ڕێکخراوی

پـارتی دیمـوکراتی لـه تـاران کـردوه. سـاڵی ١٩٧٩، دوای ڕووخـانی ڕژێمـی پاشایەتی لـه ئێران بـه ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان. سـەرەتا لـه پیرانشـار بـووه و دواتـر کـراوه بـه کـادیری هێـزی سـەرکردایەتی و گواستویانەتەوه بـۆ نەغەده. ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی شەڕی یەکەمی حاجی ئۆمەرانی کردوه و دەڵێت" **(لەو شەڕەدا چەند شوێنێکی حاجی ئۆمەرانمـان ئـازاد کـرد، بەڵام شـەش پێشـمەرگەمان شـەهید بـوون لەگەڵ ژمارەیەک بریندار.)** لە کۆتـایی ساڵی ١٩٨٠دا کراوه بـه بەرپرسی ڕێکخراوی هێـزی سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکرات و سـاڵی ١٩٨١ بـه هەڵبـژاردن بـووەتە بەرپرسی لیـژنەی نـاوچەی ڕزگـاری لـه هێـزی بارەگـای سـەرکردایەتی کـه وەک خۆی دەڵێت هێزەکەیـان ئەرکـی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵێک هێـز و بەتـالیۆنی لـه ئەستۆ بووه.



سـالی ١٩٨٣، لیـژنەی نـاوچەی ڕزگـاری و خەبـات کـراون بـه یەک لیـژنه و عەبـدوڵا ڕەسـوڵ سەرپەرشتی ڕێکخستنی هێزەکانی سـەر بـه بارەگـای هێـزی سەرکردایەتی کردوه و ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوه بـۆ بارەگـای قـاتعی چـوار و کـراوه بـه ئەنـدامی ڕێکخستنی قـاتع کـه ڕەسوڵ فەقـێ بەرپرسـی قـاتعەکه بـووه. سـاڵی ١٩٨٥ گواسـتراوەتەوه بـۆ لیـژنەی خەبـات و کـراوه بـه کـارگێری نـاوچەی خەبـات و سـاڵی ١٩٨٦ بـه نـوێنەرایەتی لیـژنەی خەبـات چووەتە نـاوچەی خواکورک و لـه گونـدی شێخانۆک و لەوێ کـراوه بـه ئەنـدامی لێژنەی و بەرپرسی ڕەوانه کردنی پێداویستییەکانی لقی یەکی بادینان. سـاڵی ١٩٨٧، دوو لیژنەی خەبات و ئازادی کراون بـه یەک نـاوچه و نـاوبراو کـراوه بـه بەرپرسی دارایی ناوچه و لـه هەمان ساڵدا کراوه بـه کارگێڕی ناوچەی قەڵادزێ و بەرپرسـی ڕێکخسـتن. لـه کۆتـایی سـاڵی ١٩٨٧دا بەشـداریی شـەڕی سـەری

سوورەگڵەی کردوە و لەو شەڕەدا ئەفسەرێک و دوو سەربازیان بەدیل گرتووە. ساڵی ١٩٨٨، بارەگای ناوچەیان لە ڕەزگەوە گواستوەتەوە بۆ جێخونکە لە بناری قەندیل و ساڵی ١٩٨٩، مەلا عەبدوڵا رەسوڵ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای لقی چوار و کراوە بە ئەندامی بەشی ڕێکخستنی لق.

دوای کۆنگرەی ١٠ پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ پێکهات، مەلا عەبدوڵا رەسوڵ گواستراوەتەوە بۆ بەشی ئیداریی مەکتەبی سیاسی و ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕیندا گواستراوەتەوە بۆ میحوەری ڕانیە و کراوە بە بەرپرسی دارایی میحوەر. ساڵی ١٩٩٢ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستن و لە هەمان ساڵدا کە هێزێکی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا پێکهات، ناوبراو کراوە بە ئەندامی لیوای ٢٣ و بەرپرسی ئیداریی و کۆگا و دارایی و پلەی مقەدەمی پێدراوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا، بە دوای کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا بە هەڵبژاردن بووە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ١١. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا ڕانیەی بەجێهێشتوە و چووەتە سۆران و هەتا ئێستاش لەوێ ماوەتەوە. ساڵی ١٩٩٦ هەردوو لاقی لە ڕانیە بریندار بووە.

ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سەنگەسەر و ساڵی ٢٠٠٢ بەرپرسی ناوچەی قەڵادزێ بووە و ساڵی ٢٠٠٥ کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە ڕانیە و قەڵادزێ و ساڵی ٢٠١٢ کراوە بە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا لە شەقڵاوە بەردەوامە. مەلا عەبدوڵا رەسوڵ بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا ئەندامی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. دیارە کە ناوم خوێندرایەوە میدالیای بارزانیم بدەنێ لە خۆشحاڵیان خەریکبوو خۆم ون بکەم. میدالیای بارزانی بۆمن جێگەی شانازییە و تا ماوم شانازیی پێوە دەکەم.)**

## محەمەد سەلیم ڕەشید سەیدۆ خالید



محەمەد سەلیم ڕەشید سەیدۆ خالید سلوری ساڵی ١٩٩٥ لە گوندی سلۆر لە ناوچەی مزووری باڵا لە قەزای میرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی مەمی خەلان لە چۆمان کە فەرماندەکەی سدیق عەزیز پالانی بووە و لەوێ کراوە بە پاسەوانی کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی شۆڕش. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، محەمەد سەلیم چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کرمان. وەک خۆی دەڵێت دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩وە کاری ڕێکخستنی لەناو کوردە ئاوارەکان لە کرمان بەڕێوە بردوە و بەرپرسی شانەی سەرەکی هەندرێن بووە لەو ڕێکخستنەدا. هەرلەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی پاراستنی کۆنگرەی نۆیەم کە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ پێکهات.

بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا کراوە بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٢ لە هێزی یەکی قاتعی دوودا کە تەیمەز عارەب فەرماندەی هێز و عەلی خەلیل فەرماندەی قاتعی دوو بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٨١ لە قاتعی دووەمدا ڕێکخراوێکی حیزبی پێکهات کە ناوی ڕێکخراوی ئاراس بوو. من کرام بە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە و نورەدین یوسف و شەوکەت عەزیز جێگری من بوون. پێویستە ئەوەش بڵێم کە من لە کرمان و زێوە توانیم پۆلەکانی سەرەتایی خوێندن بخوێنم.)**

ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە بۆ قاتعی یەکی زێوە کە سەربە بارەگای مەکتەبی سیاسی بووە و ساڵی ١٩٨٥ لە لیژنەی ئازادیی سەر بە مەکتەبی سیاسیی بووە. وەک خۆی دەڵێت لەو ئەرکەیدا چاودێری "مشرف" کردوە بەسەر دوو ڕێکخراوی شەهید ڕەشید دۆسکی و سابیر سلێماندا. ساڵی ١٩٨٦،



ڕێکخراوی ئاراس کە سەر بە مەکتەبی سیاسی بووە، بە وتەی محەمەدسەلیم لە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە کراوە بە ڕێکخراوێکی سەربازیی و ناوبراویان کردوە بە فەرماندەی ئەو ڕێکخراوە سەربازییە. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ڕێکخراوەکەی چووەتە ناوچەی سنوری هێزی بارزان و سەردانی گەلی ڕەش، موسلۆک و سپیاوێ و ناوچەی شێخانی کردوە. لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ شەڕی خواکورک دەکات و دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٨ لە یەکەم ڕۆژی شەڕی خواکورکدا بەشداریی شەڕەکەم کردووە. بۆ ماوەی ٥٢ ڕۆژ جلوبەرگم لەخۆم نەکردەوە و لە داستانی خواکورکدا نازناوی "ئەبوڕیش"یان لەسەر دانام و هەتا ئێستاش ئەو ناوەم بۆ ماوەتەوە.) دوای شەڕی خواکورک کە ڕژێمی عێراق ناوچەی بادینانی ئەنفال و کیمیاباران کرد، محەمەد سەلیم وەک خۆی دەڵێت ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٥ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە گوندی شەقڵاوەی ناوچەی مەرگەوەڕ بووە.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، قادر قادر، فایق تۆفیق، خاڵە عیرفان، نادر هەورامی، ئازاد قەرەداغی، شێخ زرار بارزانی و چەند بەرپرسی تر بە هێزێکەوە هاتووەتە ناوچەی سلێمانی و قەرەهەنجیر و کەرکوک. لە دژە هێرشی ڕژێمی عێراقدا لە دەربەندی بازیان توشی شەڕێکی مەزن بوون کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە درێژەی هەبووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی دۆڵەمەریمان شەهید بوو. ئێوارە بە کەڵکوەرگرتن لە تاریکی شەو چووین بۆ پیرە مەگرون لەوێ حەمید گولی و دوو پێشمەرگەمان لە برسان و بەهۆی سەرما و سۆڵەوە مردن و حەمید گولیمان لە شاخەکانی پیرە مەگرون شاردەوە. لە پیرەمەرگرونەوە چووین بۆ کارێزە و چوارتا. لەگەڵ ١٠- ١٢ ڕێکخراوی تر بەشداریی شەڕی ئەزمەڕمان کرد و دوای

**ڕاوەستانی شەڕ، لە وتووێژەکاندا نێچیرڤان بارزانی هاتەلامان و ئێمە چووین لە گوندی گولێ بارەگامان دانا.)**

ساڵی ١٩٩٢، محەمەد سەلیم کراوە بە فەرمانەدەی هێزی چوارچڵ لە ناوچەی هەرکی و مزووری و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٩٣ لە هێزی چوارچڵ و هێزی خەبات و هەندێک هێزی تر، لیوای تایبەتی یەکەمیان دامەزراند کە ئەحمەد ڕۆژبەیانی فەرماندەی بوو. منیان کرد بە فەرماندەی فەوجی دووەمی ئەو لیوا تایبەتە و موسا گەردییان بەجێگر فەوج دانا.)** ساڵی ١٩٩٤، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی لیوای پێنجەمی شەقڵاوە کە لیوایەکی گەڕۆک بووە و لەو لیوایەشدا موسا گەردی جێگری بووە. تا ساڵی ١٩٩٨ لەو لیوایەدا خزمەتی کردوە و لەو ساڵەدا کراوە بە فەرماندەی لیوای ٧٧ی فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستان "فەلەک" کە سەربە بارەگای سەرکردایەتی پارتی یموکرات بووە.

محەمەدسەلیم ڕەشید سەیدۆ خالید سلوری جگەلە شەڕی خواکورک کە بە داستانی خواکورک ناوبانگی دەرکردوە و شەڕی گەورەی حاجی ئۆمەران، بەشداریی چەندان شەڕی گەورەی تری کردوە، پێنج جار لە شەڕەکانی کانی سپی ١٩٨١، گوندی شیوێی مزووریی باڵا لە ١٩٩٢/١٠/٦، شەقڵاوە ١٩٩٤، گردی مەلا حەسەنی شەقڵاوە ١٩٩٥، مەفرەقی ئیزۆپ ١٩٩٧دا برینداد بووە. یەکێک لە ئامۆزاکانی بە ناوی کەرەم سلوری لە شەڕی گوندی کانی سپیدا شەهید بووە. وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕانەدا کە بەشداریی تێیدا کردوە، ٤٨ پێشمەرگەی هاوڕێی شەهید و ١٠٨ پێشمەرگەش برینداد بوون. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠، ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاتی وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەموو خەم و گرفتەکانی پێشوم لەبیر کرد. کە سەرۆک بارزانی میدالیای بە سنگی منەوە کرد وەک ئەوە بوو کە تازە لەدایک بووم.)**

# عەبدوڵا حەسەن ئیبراهیم



عەبدوڵا حەسەن ئیبراهیم ناسراو بە شەوکەت حسکۆ ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی خۆشکان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. مامی باوکی بەناوی سەلیم خان ساڵی ١٩١٤ لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی گیراوە و هەتا ئێستا چارەنوسی نادیارە. هەروەها حەسەن ئیبراهیمی باوکی یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە شەڕی دووەمی بارزان، کۆماری کوردستان و ڕوسیادا. ناوبراو ڕۆژی ١٩٧٩/٥/٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتی "قیادە موەقەت" پارتی دیموکرات لە گوندی کەتینە لە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان و سەفەر سلێمان دۆڵەمەری بەرپرسی بووە و لەوبارەیەوە دەڵێت: (ماوەیەک دوای پێشمەرگە بوونم لە ساڵی ١٩٨٠دا لقی ٢ی باڵی ڕاست بە فەرماندەیی دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر پێکهات و لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٨٨ من لەگەڵ ئەو لقە بە مەفرەزەی گەرۆک و دەستوەشێن هاتووچۆی ناوچەکانی دۆڵەمەری، شێروان، برادۆست و سورچیم کردوە. لە ٦٠ عەمەلیاتی گەورە و بچووکدا بەشدار بووم، وەک: شەڕی مەزنە لە ناوچەی دۆڵەمەری لە ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢١ کە ٢٩ سەربازمان لە زیلێکی سوپای عێراقدا کوشت. شەڕی ڕێزان لە ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٣١، شەڕی گەرووی حەسەن بەگ لە ١٩٨١/٥/٣١ و شەڕی گەرووی خوشکان باوە لە ١٩٨١/١/٢٨ کە لەو شەڕەدا پێگەی دوژمنمان گرت و سێ ئوتۆمبیلی ڕژێممان سوتاند.)

ساڵی ١٩٨٤، شەوکەت حسکۆ و پێشمەرگەکان لە شەڕێکدا لە مێرگەسور زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاندوە و پیاوانی ڕژێم بە تۆڵەی زیانەکانیان، پەلاماری ماڵی باوکی ناوبراویان داوە، تەقەیان لێکردون و ماڵەکەیان

سوتاندون. دەستی باکیان بریندار کردوە و برایەکی ٩ ساڵەیان بە ناوی ئیبراهیم حەسەن کوشتوە. ناوبراو



ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و وەک خۆی دەڵێت ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٩ چاوشین خانوو بەرپرسی ڕێکخراوی پیران شەهید بووە. هەروەها ناوبراو خۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٨ لە چیای کتکین بریندار بووە. بە دوای شەڕی خواکورکدا، شەوکەت حسکۆ لەگەڵ پێشمەرگەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١ بۆ بەشداریی کردن لە ڕاپەڕین، بە سنوری حاجی ئۆمەراندا گەڕاوەتەوە بۆ سۆران و مێرگەسور و بە فەرماندەیی دوکتۆر سەعید ئەحمەد لەگەڵ قواتی بارزان بەشداریی شەڕی کۆڕێی کردوە.

بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩، شەوکەت حسکۆ کراوە بە فەرماندەی سریە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سوپای بارزان و کراوە بە فەرماندەی فەوجی یەک لە میحوەری یەک. ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی هێزی ١٠٨ی فەرماندەیی بارزان و تا ساڵی ٢٠٠٦ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. دوای تێکەڵ کردنی ٨ هێزی پارتی دیموکرات لە ٣ هێزدا، ناوبراو ئەرکی جێگری هێزی یەکی فەرماندەیی بارزانی پێدراوە کە حەسۆ کانی لەنجی فەرماندەی بووە. ساڵی ٢٠١٣ بەهۆی کەمئەندامبوونی بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. عەبدوڵا حەسەن ئیبراهیم جگەلە بریندار بوونی شەڕی کتکین، دوو جاری تریش لە شەڕەکانی سەرچەڵ لە مزووری و گوندی کێشکەی خۆشناوەتی بریندار بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاتێک سەرۆک میدالیای بارزانی بە سنگمەوە کرد، چاوم پڕبوو لە ئاو و گوتم من ئەوەندە ناهێنم کە لە پێش ئەو خەڵکە میدالیای بارزانی بە سنگی**

منەوە بکەن. لە وەڵامدا فەمووی: "نا ئێوە زەحمەتتان کێشاوە و خاوەن خەباتن.)

## خالید حیسامی



خالید حیسامی ناسراو بە "هێدی" ساڵی ١٣٠٦- ١٩٢٧ز لە گوندی شێخاڵی لە ناوچەی موکریان لەنێوان مهاباد و بۆکان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەلایەن چەند مامۆستایەک لە گوندی شێخاڵی خوێندوە و دواتر بە کەڵکوەرگرتن لە کتێبەکانی باوکی و کاریگەرییەکانی شیعر لەسەر هەست و دەرونی، کارامەیی لە نوسین و خوێندن و شیعر گوتندا پەیداکردوە. لەو بارەیەوە لە لاپەڕەی ١٦ی کتێبەکەی "کاروانی خەیاڵ"دا دەڵێت:

**- (ڕۆژێک چوومە دەرەوە دیتم مەلا ساڵحی کتێبفرۆش باری کتێبەکانی لەبن سێبەری دارەکانی پشت حەوزی ئاوایی خستووە. مەلا ساڵح خەڵکی ئەودیو لە ناوچەی سلێمانی بوو. هەموو ساڵێ جارێک دوو جار باری وڵاخێک کتێبی دەهێنا ناوچەی ئێمە بۆ فرۆشتن و لەبەر ئەوە کە زۆر هاتوچۆی دەکرد بۆ هەموو لایەک ناسراوبوو. لە لای مەلا ساڵح دانیشتم و سەیری کتێبەکەنم کرد، لەناویاندا جزوەیەکی بچوک هەبوو لێی نوسرابوو "پند نامەی عطار" کە لێکم کردوە، هەموو شیعر بوو، هەروەک لە ناوەکەشی دیارە هەمووی پەند و ئامۆژگاری، نەمزانی بۆچی ئەو جزوە سەرنجی منی ڕاکێشا و چاوی منی گرت، ویستم بیکرم، مەلا ساڵح وتی نرخی ٥ قرانە.)**

خالید حیسامی کتێبی پەندنامەی عەتار دەکرێ و بە خوێندنەوەی پەیتاپەیتای، وەک خۆی دەڵێت هەموو شیعرەکانی لەبەر دەکات. دواتر لە ڕێگای دیوەخان و دەستگەیشتنی بە کتێبەکانی باوکی، بەرەو خوێندنەوەی کتێبی شیعر دەچێت و زۆربەی کاتەکانی ژیانی بۆ خوێندنەوە شیعر و نوسینی شیعر تەرخان دەکات. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ مامۆستایان هێمن، هەژار و خاڵەمین بووە.

لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و لە جەژن و بۆنەکانی کۆماری کوردستاندا شیعری خوێندوەتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان کە سەید محەمەد حەمیدی سەرنوسەری بووە، ساڵی ١٩٤٦ بە زنجیرە وتار و شیعرەکانی بڵاوکردوەتەوە. چەند جار لە مهاباد چاوی بە پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی کەوتوە و دواجار لە سەرای ڕەحیم خان لە بەرەی شەڕی سەقز بە خزمەت سەرۆک بارزانی گەیشتووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خالید حیسامی لە گوندی سەوزی بووە. ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی مەترسی گرتنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕایکردوە و پەریوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لەو بارەیەوە دەڵێت: (**بەهاری ساڵی ١٩٤٢ - ١٩٦٤ لە مەیدانی چوارچرای مهاباد ڕاوەستابووم، خوالێخۆشبوو حوسێن ئاغای عەلیار لەولاوە هات و گوتی: "ئەوە بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟" گوتم وەڵا بۆهیچ هەروا بە ئیشتیا. گوتی"بۆ تۆ نازانی دەستیان کردوە بە خەڵک گرتن ئەوشۆ لەو شارە ئەو هەموو خەڵکەیان گرتووە "ناوی چەند کەسی برد" تۆ لێرە چ دەکەی برۆ فەوری لە شار بچۆ دەر.")**

خالید حیسامی دوای ئەوەی بە چەند ڕۆژێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگاتە باشوری کوردستان، وەک خۆی دەڵێت عەقید نوری ئەحمەد تەها، بە بروسکەیەک بارزانی لە هاتنی ئاگادار دەکا. دەچێتە سەنگەسەر و قەڵادزێ کە ژمارەیەک کوردی سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوێ بوون. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٤دا خالید حیسامی لە سەنگەسەر بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و پێی گوتووە نایەوێ چیتر لە گوندی هێرۆ بمێنێتەوە. لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ٧٩ی کاروانی خەیاڵ دا دەڵێت: (**دوای بەینێک وەڵامی بارزانی هاتەوە، نوسیبووی: "من پێم باشە بچێتە قەڵادزێ و واجبی قایمقام ببینێ.")** مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بڕیاری بارزانی جێبەجێ دەکات و لەم بارەیەوە خالید



حیسامی دەڵێت: **(لەو ڕۆژەوە ژیانی پێشمەرگایەتی من دەستی پێکرد.)**

لە کۆتایی زستانی ١٩٦٥دا ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە و شارەکانی ڕانیە و قەڵادزێی داگیر کرد. لەبەر ئەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا حیسامی دەگوازنەوە بۆ ئیزگەی دەنگی کوردستان کە ساڵح یوسفی بەرپرسی بووە لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە ناوپردان بە خزمەت بارزانی گەیشتم. کاک ئیدریس و کاک مەسعود لەلای بارزانی بوون. فەمووی: "بوەتەوە شەڕی ئێمە و حکومەت لەبەر ئەوە ئیدارەی شارەکان بە ئێمە ناکرێ، تۆ بچۆ لە ئیزگە ئیش بکە.)**

ساڵی ١٩٧٠، بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، پارتی دیموکرات بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕادەگرێ و خالید حیسامی دەگوازێتەوە بۆ چاپخانەی حیزب لە گوندی سورەبان لە ناوچەی باڵەک و ناوبراو لە نوسین و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە و ڕۆژنامەی خەباتدا هاوکاریی مامۆستا هەژاری کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە ڕەوانەی بادینان کراوە بۆ دابەشکردنی موچەی پێشمەرگە و ناوبراو چووەتە ناوچەکانی زێباری، بارزان، نەهلێ، شەمکام، خازر، ئەتروش. مزوری، دۆسکێ، زاخۆ و سندی گولی کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە و موچەی پێشمەرگەکانی گەیاندوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خالید حیسامی هەرچەندە لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە قاچاخ بوو، بەڵام بە ئەمری بارزانی بە سواری ئوتۆمبێلی بارزانی کە کەمال محەمەد شۆفیری بووە، چووەتە نەغەدە و لەوێ لە چادرێکدا ماوەتەوە. لە نوسینە فارسییەکاندا سەبارەت بە پەنابەران هاوکاریی ئیدریس بارزانی کردوە و دوای ١١ ساڵ ناسر حیسامی کوڕی چووەتە لای و سەری لێداوە. دوای گواستنەوەی بارزانی بۆ کەرەج، ناوبراو چووە لە کەرەج نیشتەجێ بووە. وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن کاربەدەستانی ساواکی ئێرانەوە لەژێر گوشاردا بووە و ویستویانە جاسوسییان بۆ بکات و ئەوان لە کاروباری ڕۆژانەی بارزانی ئاگادار بکاتەوە کە کۆڵی نەداوە. دوای ماوەیەک لەسەر داوای مەحمود جەعفەریان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئێران بۆ نوسینی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە ئیدارەی ڕادیۆ تەلەفزیۆنی تاران دامەزراوە و وەک خۆی دەڵێت هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کارەکانی، کتێبی بەرەو شارستانییەتی "بسوی تمدن" محەمەد ڕەزاشا

پەهلەوی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. خالید حیسامی یەکێکە لە ئەمەکناسانی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی و کار و پسپۆرایەتی ناوبراو نوسینی شیعرە و هەندێک جاریش بە دەنگی ڕەسا و گیرای خۆی بە نازناوی هێدی شیعر دەخوێنێتەوە. ناوبراو لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا دەیان شیعری نەتەوەیی، نیشتمانی و شۆڕشگێرانە و سرودی وەک: دایک وکوڕ، باز و کەو، ئاگری تۆ، کوردستان یان نەمان، گوڵی خوێناوی، پێشمەرگەیەک، شینی هەڤالان، یادی بارزانی و نەورۆزی بۆ خەڵک و پێشمەرگە هۆندوەتەوە. چوار کتێب و سەدان وتاری ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بڵاوکردوەتەوە لەگەڵ چەندان ناميلكە كە لەلایەن مەکتەبی سیاسی و بەشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتەوە لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا بڵاوکراوەتە. ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێدی کە لە ڕۆژی چلەی بارزانیدا خوێندویەتەوە:

چلەی بارزانی

لەمێژ نییە هەر لەو هەردە
لەناو ئەو زور کەن و بەردە
ئاڵۆزی بو هاتو چۆبو
هەمولا شین و ڕۆ ڕۆ بو
تفەنگ سەرو بن کرابون
سۆرانی لەخم درا بون
لەبەر گریان و هاتو چۆ
وەک دەشتی مەحشەر بۆ شنۆ
کوردی کوردستان جمی بو
لەو دەوربەرە خزی بو
وەک یەک لە چاوی ژن و مێرد
هاتە خوار فرمێسکی سوێر
کە هات هەواڵی جەرگ بڕ
باوک هۆشی بڕا لە کوڕ
خەفەت ئەباری لەو ناوە
"باوکی کورد" سەری ناوە
ئەو ڕۆژە باوکی خۆشەویست
سروێک ئەهات تۆ نەت ئەبیست
هەناسەی پێشمەرگەی تۆ بو
ڕوحیان لەسەر گڵکۆی تۆ بو
چل ڕۆژ تێ پەڕی لەو کاتە
بەڵام کوردستان هەر ماتە
هەڵگورد و پیرس و مەتین
قەندیل و کوڕەک و سەفین
هەڤالانی بەوەفای تۆ
ئامێزیان ئاواڵەیە بۆت
کورتەی چیرۆکی ژینی تۆ
پێش مەرگێک بوی ماندوو مجرۆ
بەرهەڵستی دوژمنی کورد
لە بێشکەدا دەستت پێ کرد
بن بەردی خۆت لە شاخ و کێو
نە گۆڕیەوە بە زێڕو زێو
نەک هەر ڕەمزی کوردستان بوی
بۆ کورد دەرسی نەوەستان بوی

دەستی خەنجەرت بەهێز بو — جێی خۆشی تۆ مەتەرێز بو
سامی تۆ وای دەنگ دایەوە — مردن لێت ئەپرینگایەوە
لە هەڵبەستا تۆ بوی مەبەست — تۆ بەرزتر بوی لە هەڵبەست
کاتێک لاوەیی نەتەوێ — لە ڕاپەڕینی تۆ بدوێ
بۆ سەربەرزیت سەر دانوێنێ — بڵێ و دان بەوەدا بێنێ
"کردەوەی ئەو قارەمانە — لە دنیا بۆتە ئەفسانە"
ئەوەی تۆی دی لە سەنگەرێ — چ بڵێ؟ ناوی تۆ چۆن بەرێ؟
تۆ بوی شانازی گەلی کورد — زۆر شانازیت لەگەڵ خۆت برد
کۆچت دەردێکی بەسۆ بو — کوردستان حەوجێی بەتۆ بو
گڵ تۆ لە دڵ دەرناهێنێ — خاکی کورد تۆ ناشەمزێنێ
دایک کوڕ لە باوەش ئەگرێ — سەد جاریش لەبەری ئەمرێ

مێژوو ١٣٥٨/١/٢١ - ١٩٧٩/٤/١٠

مامۆستا هێدی بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا سەرلەنوێ ئێرانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ باشوری کورستان و لە هەولێر نیشتەجێ بووە و لەو ساڵەوە هەتا ئێستا لە شیعر نوسیندا بەردەوامە و لە چەندان کۆڕدا کە بەیادی بارزانی پێکهاتووە شیعری خوێندوەتەوە. ساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێر فیستیڤاڵی ڕێزدانانیان بۆ پێکهێناوە و میدالیای خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردییان داوەتێ. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٦ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم کە هەستیان بە خزمەتی من کرد.)

## غەریب ئەمین سەعید



غەریب ئەمین سەعید ناسراو بە عەریف غەریب وەرزای ساڵی ١٩٣١ لە گوندە وەرزا سەر بە قەزای شاربازێر لەدایک بووە. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دایکی بە ناوی گوڵچین فەتاح و لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا ئەمین سەعیدی باوکی لەدەست داوە و لەلایەن خوشکێکییەوە بەخێو کراوە. ساڵی ١٩٥٠ لە لایەن پۆلیسی عێراقەوە گیراوە و پاش ١٨ ڕۆژ زیندانی بردویانە بۆ سەربازی لە سلێمانی و لە فەوجی ٢ی لیوای مەلیکە عالیەدا سەرباز بووە. ساڵی ١٩٥٢ سەربازیی تەواو کردوە، بەڵام لە سوپادا ماوەتەوە و دوای بینینی خولێک پلەی سەرباز یەکەمیان داوەتێ. ساڵی ١٩٥٣ کراوە بە نائب عەریف و ساڵی ١٩٥٦ یەکەکەیان لە سلێمانیەوە بەپێ ڕەوانەی جەلەولا کراوە کە بچن و بەشداریی لە شەڕی پۆرت سەعید بکەن لە قەناتی سوئێز لە میسر بەڵام بەرلە گەیشتنیان شەڕەکە تەواو بووە. غەریب یاسین ساڵی ١٩٥٧ لە سوپای عێراقدا کراوە بە عەریف. ساڵی ١٩٥٨ بەشداریی کودەتای ١٤ی تەموزی کردوە و یەکێک بووە لەو پلەدارانەی کە هێرشیان کردوەتە سەر قەسری مەلیک.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ عەریف عەلی خەڵکی دهۆک و عەریف ئەحمەد خەڵکی هەولێر بە خزمەت مەلا مستەفا گەیشتون و ئامادەیی خۆیان بۆ فەرمانی بارزانی دەربڕیوە کە بارزانی سوپاسی کردون. لە ساڵی ١٩٥٩ لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناو فەوجەکەیان کە بەرپرسەکەی عەریف مەحمود بووە، پێوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. لە مانگی ٣ ی ساڵی ١٩٥٩، لەلایەن سوپای عێراقەوە ناردراوە بۆ کۆمپانیای نەوتی کەرکوک. نابراو باس لە شەڕی کورد و تورکمان لە کەرکوک

دەکـات کە بەهەوڵـی بـارزانی بەکۆتـا هـاتووە. هەروەهـا بـاس لە ژیـانی سەردەمی سەربازیی خۆی دەکات و دەڵێت لە ماوەی سەربازیمدا لە شارەکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، ئاکرێ، ڕەواندز، حللە، مسەیب، دیوانیە و کەربەلا ژیاوە. ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە.

ساڵی ١٩٦١ بەتاوانی بوونی پێوەندیی بە پارتی دیموکرات و ئەندام بوونی لە ڕێکخستنی سەربازیی پارتیدا گیراوە و ساڵ و نیوێک لە گرتووخانەی کەرکوک زیندانی کراوە و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە سوپا دەریانکردوە. لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی چەمی ڕێزان کە ڕەشید سندی فەرماندەی بووە و بەشداریی چەند شەڕی ناوچەکانی قەرەداغ و کفری کردە. لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت:

**- (دواتر کە پێشمەرگەکان ڕێکخرانەوە عەقید نوری مەلا مارف کرا بە فەرمانەدەی بەتالیۆنی قەرەداغ و من گواسترامەتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام کاتێک ڕەئیس کمال کرا بە فەرماندەی هێز لە کونەماسی، چونکە لەسەردەمی سەربازیدا فەرماندەم بوو، خۆم نەقڵی کونەماسی کرد. ساڵی ١٩٦٤ دووبەرەکی کەوتە ڕیزی حیزبەوە و ڕەئیس کمال لە گەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و من لەگەڵ بارزانی کە ئاکامەکەی بەوە گەیشت ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی چوون بۆ ئالانی سەردەشت و لەوێوە گواسترانەوە بۆ هەمەدان.)**

ساڵی ١٩٦٥، عەریب ئەمین سەعید لە شەڕی چیای هەرزڵە بریندار بووە و بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی گواستراوەتەوە بۆ تاران و لە نەخۆشخانەی مەولەوی چارسەریی بۆ کراوە، بەڵام دوو پارچە ئاسن لە قاچی چەپەیدا ماوەتەوە. بەهاری ساڵی ١٩٦٦ کە فەتاح ئاغا سەرلقی هێزی شارەزور و عەریف تالب مۆریاسی جێگری بوو، ناوبراو کراوە بە سەرپەل و لەگەڵ پەلەکەی گواستراوەتەوە بۆ مۆکەبە. ساڵی ١٩٦٧ لە کاتی وتوویژی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتدا کە شەڕ ڕاوەستاوە لەگەڵ دوو لقی تر گواستراونەتەوە بۆ قرگە و دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ، وەک خۆی دەڵێت لە نزیک گردی سەیوان هێرشیان کراوەتە سەر و دوو پێشمەرگەیان شەهید و ١٣ پێشمەرگەشیان بریندار بوون.




ساڵی ١٩٦٩ كراوه به جێگری لق وەك خۆی دەڵێت سوپای عێراق به هێزێكی زۆر و به هاوكاریی جاشەكان هێرشیان بۆ كردون و ئەوانیش به هێزێكی كەم بەرەنگاریان بوونەتەوه. ساڵی ١٩٧٠ كه ڕێككەوتنی ١١ی ئازار مۆر كرا، كراوه به فەرماندەی فەوجی یەكی پاسەوانی سنور له بێلوله. ساڵی ١٩٧٤ كه ڕژێمی بەعس به دژی گەلی كورد شەڕی هەڵگیرساندەوه، گەڕاوەتەوه سەر ئەركی پێشووی و كراوه به عەقید و فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ ی هێزی خەبات. له پاییزی ئەو ساڵەدا كه له زۆزك، شینكان و گەرووی ئومەر ئاغا شەڕ هەڵگیرسا. غەریب ئەمین سەعید به لقەكەیەوه گواستراوەتەوه بۆ حاجی ئۆمەران و لەو شەڕانەدا قەناسەیەكی گرتووه وەك خۆی دەڵێت تا ئەو كاته له شۆڕشدا قەناسه نەبوو و فەتاح ئاغا قەناسەكەی به دیاری ناردوه بۆ ڕێزدار ئیدریس بارزانی. ناوبراو بۆ ماوەی دوو مانگ لەو شەڕانەدا بووه و پاشان به هێزەكەیەوه گەڕاوەتەوه بۆ چوارتا.

له بەهاری ١٩٧٥، كه سوپای عێراق هێرشی كردوەته سەر شارزوور. غەریب ئەمین سەعید به لقەكەیەوه بۆ بەرگریی كردن ڕەوانەی ناڵپارێز كراوه و له تێكهەڵچوونێكدا پێشمەرگەیەكیان بەناوی حەمەی سەید عەلی حافز شەهید كراوه. به دوای ئەو شەڕەدا گەڕاونەتەوه بۆ چوارتا. لەوێ بووه كه شۆڕشی ئەیلول به ڕێككەوتنی جەزاییر و پلانێكی نێودەوڵەتی ڕاوەستا. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول به ماڵ و منداڵەوه گواستراوەتەوه بۆ كۆمەڵگای سەرابله له كامیاران و سەرئەنجام له شیراز نیشتەجێ كراوه و بۆ ماوەی ٦ ساڵ له شیراز بووه. له ساڵی ١٩٨١ گەڕاوەتەوه بۆ ڕیزی شۆڕشی گوڵان. له مەریوان نیشتەجێ بووه و كراوه به فەرماندەی بەتالیۆن له ناوچەی چوارتا كه عەبدوڵا ئاغا بەرپرسی ناوچەكه بووه. پاش ساڵێك، بەهۆی بۆمبارانی شاری مەریوان لەلایەن فڕۆكەكانی عێراقەوه سەرلەنوێ گواستراوەتەوه بۆ كۆمەڵگای حەسەن ئاوا له نزیك كرماشان و ساڵی ١٩٨٣ له ڕەوانسەر بووه و كراوه به كارگێڕی ناوچەی چوارتا. ساڵی ١٩٩٠ له چیای نادر له پشتی

سیاگوێز، دوو پارچە لە چاوی کەوتووە و بۆ چارەسەر کردنی بردویانە بۆ نەخۆشخانەی تەوحید لە سنە، بەڵام نەیانتوانیوە پارچە ئاسنەکان لەژێر چاوی ڕاستەی دەربێنن.

لە ساڵی ۱۹۹۱، بەرلە ڕاپەڕین، غەریب ئەمین سەعید کراوە بە جێگری هێزی شەهیدان لە ناوچەی چوارتا و ساڵی ۱۹۹۲ بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان کە سوپای یەکگرتوو لە نێوان پارتی و یەکێتی و ڕێکخراوەکانی بەرەی کوردستانیدا پێکهات، کراوە بە ئەندامی لیوای ۲۲ی دوکان و ساڵی ۱۹۹۳ کراوە بە فەرماندەی فەوجی ٤ ی لیوای ۲۱ لە سورەقەڵات. ساڵی ۲۰۰۰ کە دەزگای ئەیلول پێکهات، کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلول لە سلێمانی و ساڵی ۲۰۱۰ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای باڵای ئەیلول و ئەندامی ئەو دەزگایە بووە. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندان شەڕی کردوە و دەکرێ ئاماژە بۆ شەڕەکانی ئەزمەڕ، قەیوان، هەڕوتە، مەحمودخان، سورێن، قەرەداغ، زمناکۆ، سەرتەک، بەمۆ، ناوتاقان، گوڵان، باسرە، هەڵشۆ، زۆزک، گەروی ئومەر ئاغا، هەندرێن، خۆرنەوەزان، هەرزلە، توتمان، سورکێو، لەرێ، چاڵە خەزێنە، قەڵاچوالان، سەرگەڵو، کۆیە، دوکان، گردی گۆ و خواکورک بکەین و وەک خۆی لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت بەشداریی کۆنگرەکانی ۱۰، ۱۱، ۱۲ و ۱۳ پارتی کردوە. کوڕێکی بەناوی هوشیار لە ڕاپەڕینی ۱۹۹۱دا شەهید بووە و لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتیدا، ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱۵ بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ۲۰۱۲/۹/۲٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی مەریوان غەریبی کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و بە گەورەترین شانازی ژیانی خۆی زانیوە.

# فەرزندە ئەفەندی حوسێن



فەرزندە ئەفەندی حوسێن ساڵی ١٩٤٥ لە ناوەندی ناحیەی سیدەکان لە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سیدەکان خوێندوە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٥٦ هەستی نەتەوایەتی پەیداکردوە و ساڵی ١٩٥٨ لە سەردەمی خوێندنی ناوەندیدا لە ڕەواندز چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە و یەکێک بووە لە سەرشانەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان. ساڵی ١٩٦١ خوێندنی ناوەندی تەواوکردوە و بەرلە بوونی بە پێشمەرگە، بنەماڵەکەی تووشی شەڕ و کێشەی دەرەبەگایەتی بووەتەوە و چەند جارێک هەڕەشەی لێکراوە. ڕۆژی ١٩٦٢/٢/٢٨، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەکایەتی کە حەمید ئەفەندی مامی بەرپرسی بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (کە چوومە ڕیزی پێشمەرگەکان، چەکیان دامێ، بەڵام تفەنگەکەم بۆ هەڵندەگیرا و بۆ ماوەی ساڵێک بەو شێوازە پێشمەرگایەتیم کرد، تا ساڵی ١٩٦٣ کە کودەتای سەربازیی بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرا، لە قۆڵی حەمید ئەفەندیدا لەگەڵ لوقمان بارزانی کە بەرپرسی گشتیمان بوو، چووین بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕەکانی چیای پیران و باسکی دەری، ڕەشکی بێدۆد، چیای کۆرک لەنێوان واژێ و ژاژۆک و چامەم کرد.)**

ساڵی ١٩٦٤، فەرزندە ئەفەندی حوسێن کراوە بە سەرپەلی لقی یەک لە سیدەکان و ساڵی ١٩٦٨ کە شەڕ لە هەندرێن کرا، ناوبراو لە شەڕەکانی زۆزک و گەرووی عومەرئاغا بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو کراوە بە پاسەوانی سنوری فەوجی ١٠ی ناوچەی باڵەک. ساڵی ١٩٧٤ بەرلە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە،



فەرزندە ئەفەندی حوسێن کراوە بە سەرلق لە بەتالیۆنی ٢ ی هەریر و بەشداریی شەڕەکانی دەربەندی کۆڕێ و باسکی میراوای کردوە. لە هەمان ساڵدا پاشەکشەیان کردوە بۆ گەرووی عومەرئاغا و دەشتی بادلیان، لەوێ حەمید ئەفەندی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی باڵەک و فەرزندەش بووەتە جێگری بەتالیۆن.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، فەرزندە ئەفەندی حوسێن پەڕیوەتەوە بۆ شاری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ پارێزگای کرمان و لە شاری ماهان نیشتەجێ کراوە و وەک خۆی دەڵێت لە ئیدارەی پەروەردەی ماهان دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٧ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی ماڵەکەی گواستوەتەوە بۆ کەرەج و ساڵی ١٩٧٩ دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی سیدەکان. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و ساڵی ١٩٨٠ بە هەڵبژاردن بووە بە بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات لە کەرەج و تا ساڵی ١٩٩١ لەو ئەرکەیدا درێژەی بە خەبات داوە.

ساڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕیندا فەرزندە ئەفەندی حوسێن گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و ساڵی ١٩٩٢ کە پارتی دیموکرات سوپای ٥ ی دامەزراند، ناوبراو کراوە بە ئەندامی سوپای ٥ و ساڵی ١٩٩٣ بە پلەی ڕائید گواستراوەتەوە بۆ بەشی ئیداریی ئاسایشی گشتی هەولێر. برایەکی ناوبراو بە ناوی جەمال ئەفەندی ساڵی ١٩٩٤ لە ناوچەی سیدەکان و خان ئاودەری مامی ساڵی ١٩٧٨ لە سیدەکان شەهید کراون. ناوبراو ساڵی ٢٠١٠ کراوە بە عەمید و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی دراوەتێ و ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین کراوە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (کە سەرۆک مەسعود بارزانی میدالیای بارزانی بە سنگمەوە کرد، زارم بەسترا و نەمتوانی قسە لەگەڵ سەرۆک بکەم. وەک ئەوە دەچوو تازە لەدایک**

بــووم، چــونکە هەرلە منــداڵییەوە خۆشەویســتی بــارزانیم لە دڵــدا بــوو، بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ئاواتی لەمێژینەی خۆم گەیشتم.)

## عەبدولقادر عەزیز مەولود خدر



عەبدولقادر عەزیز مەولود خدر ناسراو بە قادر عەزیز گەردی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی قەڵامورتک لە ناحیەی عەنکاوە لە هەولێر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە عەنکاوە خوێندوە و ساڵی ١٩٥٨ پێوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ١٩٥٩ چووتە ڕێزی دەزگای پۆلیسی عێراق و تا ساڵی ١٩٦٠ لە کۆیە پۆلیس بووە. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە لە ساڵی ١٩٦١دا، ناوبراو لەگەڵ ٢٥ پۆلیسی تر گواستراوەتەوە بۆ بلێ و بارزان و ساڵی ١٩٦١ بردراون بۆ هیران و قادر عەزیز گەردی لە قشڵەی هیران پۆلیسی سوارەی بووە. وەک خۆی لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری پەیامی ئەیلول دەڵێت: مەحمود کاوانی و پێشمەرگەکان دەوری قشڵەکەیان داوە و پۆلیسەکان زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ بەرگرییان کردوە و دواتر خۆیان داوەتە دەست پێشمەرگەکان. کاوانی جگەلە ناوبراو و ٦ پۆلیسی تر کە لە ڕێکخستنی پارتیدا بوون، فەرماندە و پۆلیسەکانی تری دەستگیر کردوە. ئازاد هێشتنەوەی ئەو ٧ پۆلیسە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە ئاتۆی داوەتە دەست حکومەت و ئەوانی بەتۆمەتی بوونی پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە زیندانی کردون. قادر عەزیز گەردی دوای شەش مانگ بە کەفالەت لە زیندان ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی خۆی لە پۆلیسدا و سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ بارزان و دوای سێ مانگ لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ کۆیە. لە کۆیە پۆلیسی سوارە بووە کە ڕۆژی ١٩٦٢/٢/٢٥ لەگەڵ شێخ محەمەد مەولود و چەند پۆلیسی تر ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە چەمی ڕێزان کە ڕەئیس یوسف بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٧٠ و واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، قادر عەزیز گەردی بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر، چیای سەفین، سلێمانی، ناوچەی خۆشناوەتی، سیدەکان و قەرەداغی کردوە و ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی چیای زۆزکدا بە سەختی بریندار بووە و بۆ چارەسەریی

برینەکەی ڕەوانەی ئێران کراوە. دوای گەڕانەوەی، ناوبراو کراوە بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، قادر عەزیز گەردی پەڕیوەتەوە بۆ پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کرمان و لەوێ هاوشانی ئاوارەکانی تر هاوکاریی ڕێکخستنی پارتی کردوە. دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات، ناوبراو ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٢ کراوە بە فەرماندەی هێز و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەولێر. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی دانیشتوانی باشوری کوردستان و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، قادر عەزیز گەردی کراوە بە فەرماندەی هێزی بەرانەتی و ساڵی ١٩٩٨ ئەرکی ئەندامی سوپای دووەمی لە بەشی کۆمەڵایەتی دراوەتێ و ساڵی ١٩٩٩ بە ئەمری ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کراوە بە ئەندامی لیژنەی دابەشکردنی زەوی بەسەر پێشمەرگە دێرینەکاندا. ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول دامەزراوە، ناوبراو ئەرکی ئەندامی دەزگای ئەیلولی باڵای لە شەقڵاوە پێسپێردراوە.


قادر عەزیز گەردی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشتوە و لە نزیکەوە ئامۆژگاری لە سەرۆک وەرگرتووە. ناوبراو جگەلە بریندار بوونی لە شەڕی زۆزک، سێ جاری تریش لە شەڕی سەر ڕێگای تەق تەق و کۆیە، شەڕی نێوان کەڵەک و هەولێر لە نزیک گوندی چالۆک و شەڕی بەرگریکەرانەی هێرشی دوژمن بۆسەر کۆیە بریندار بووە. قادر عەزیز گەردی هەستی شیعر گوتنی هەبووە و کۆمەڵێک شیعری دەستنوسی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزنی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/٢/٢٤ لە نەخۆشخانەی کۆماریی لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە خزمەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ خوێندنگەیەکی تێکەڵاوی بنەڕەتی بەناوی ناوبراو لە بحرەکە داناوە کە ١١٠٠ خوێندکاری هەیە.

## موحسین فاتح نادر



موحسین فاتح نادر ساڵی ١٩٥٤ لە کەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩، خوێندنی ناوەندی لە کەرکوک تەواو کردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی گەرمیان لە لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری کەرکوک لە فەوجی ٥ی سەنگاودا. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دووز کە فاتح نادری باوکی جێگری ئەو بەتالیۆنە و عەبدوڵا ئاغای حەمەدەمین ئاغای برای فەتاح ئاغا فەرماندەی بووە. وەک خۆی دەڵێت لەو بەتالیۆنەدا بەشداریی شەڕی شیوەسوور لە ناوچەی چەمچەماڵی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، موحسین فاتح نادر چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە ناوچەی جوانڕۆ و لەوێشەوە لەگەڵ باوکی گواستراوەتەوە بۆ کرمان. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩ باوکی لە کرمان کۆچی دوایی کردوە. دوای کۆچی دوایی باکی، گەڕاوەتەوە بۆ کرماشان و لە کۆمەڵگای حەسەن ئاواى ڕەوانسەر نیشتەجێ کراوە. دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ لقی سێی کەرکوک کە یونس ڕۆژبەیانی بەرپرسی بووە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی کوردە ئاوارەکانی باشوری کوردستان لە کۆمەڵگای حەسەن ئاوا.




ساڵی ١٩٨٦ ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقین بووە و ساڵی ١٩٨٧ کراوە بە کارگێڕی ناوچەی گەرمیان و لە کیمیاباران و ئەنفالەکاندا، وەک خۆی دەڵێت لە ناوچەکەدا بووە. بەشداریی شەڕەکانی خاڵە بەگ، ئاژداغ، سەنگاو، بێسانەی لە ناوچەی باوەنوور و چیای زەردەی کردوە و ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ قادر قادر و ئازاد قەرەداغی لە شەڕی گەورەی خواکورکدا بەشدار بووە. دوای کیمیاباران و ئەنفالی ناوچەی بادینان گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین چووەتە ئاڵوەتان و نۆکان و لە ڕاپەڕینەکەدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، فەرەیدون جوانڕۆیی لە میحوەری کەرکوک بووە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی ناوچەی کفری و ساڵی ١٩٩٢ بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پێکهات، کراوە بە کارگێڕی لقی ٣ی کەرکوک.

ساڵی ١٩٩٩، بە دوای کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا کراوە بە کارگێڕی لقی ٤ی سلێمانی و بەرپرسی ڕێکخستن بووە و ساڵی ٢٠٠٠ گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی کەرکوک و کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستن کە فەرەیدون جوانڕۆیی بەرپرسی بووە. ساڵی ٢٠٠٣ گواستراوەتەوە بۆ لقی ٣ی کەرکوک و کراوە بە کارگێڕی لق و ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای ئەیلول لە کەرکوک و لە ساڵی ٢٠١١ کراوە بە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول کە بارەگاکەی لە شەقڵاوەیە. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە، بەڵام هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. موحسین فاتح نادر بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. پاداشتێکی گەورەیە بۆ خەباتی ڕابردووم.)**

## ڕەشید حوسێن محەمەد



ڕەشید حوسێن محەمەد ناسراو بە ڕەشید شەرەفانی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی مەلکوشان لە ناحیەی ئەتروش لە قەزای شێخان لەدایک بووە. دوای خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی، بەشی ئابووریی و ئیداریی لە دواناوەندیدا لە ناحیەی مرێبا خوێندوە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٧٣ بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە و لە ڕێکخستنی نهێنی پارتیدا خەباتی کردوە و وەک خۆی دەڵێت کاتێک ڕێکخراوی نێردۆش لە ناحیەی مرێبا دامەزرا، من لەو ڕێکخراوەیەدا کرام بە کادیری نهێنی. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی بەعس شەڕی بەدژی گەلی کورد هەڵایساندەوە، ناوبراو چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شێخان کە حەسۆ میرخان دوڵەمەری فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٥، کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە و دوو لە ئامۆزاکانی بە ناوەکانی ئەمین و کەمال چووەتە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ڕۆژی دوایی گوستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەراو و نیلوفەر لە کرماشان. دوای شەش مانگ لەوێوە بردوویانە بۆ شاری ڕەشت لە پارێزگای گیلان و لەوێ لە شەریکەی "ئێران کنف" کاریان داوەتێ، بەڵام دوای چوار مانگ لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم لە پارێزگای فارس. لە "اردوی کارآموزی" جهروم بۆ ماوەی شەش مانگ خولی کارەبای خوێندوە و دوای تەواوکردنی خولەکەی گواستویانەتەوە بۆ کرمان و لە شەریکەی بیناسازیی و پیشەی "شاکاران" دامەزراوە. وەک خۆی دەڵێت هاوکات لەگەڵ کارکردنی، لە ڕێکخستنی پارتیدا بەرپرسی شانەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. ساڵی ١٩٧٩ بەدوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی کارەکەی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ کۆمەڵگای زێوە. ڕۆژی

١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە و لە کۆنفڕانسی ناوچەی ئازادیی پارتیدا ساڵی ١٩٨٠ بە ئەندامی کارگێری ناوچەی ئازادی هەڵبژێردراوە و وەک خۆی دەڵێت هاوکات نوێنەری پارتی بووە لە کۆمەڵگای ١١ی زێوەدا. لە کۆنفڕانسی ساڵی ١٩٨٣ی ناوچەی ئازادی بە ئەندامی بەرپرسی ناوچە هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٨٤ بە ئەمری ئیدریس بارزانی بۆ هەندێک کاری تایبەت گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شێخان و سەردانی لیژنەی ناوچەی کردوە کە مەلا ڕەمەزان بەرپرسی بووە.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٨، لەگەڵ ئیدریس بارزانی چووەتە ناوچەی نازدار داغی بۆ ئامادەکردنی پێشمەرگەکان کە هێرش بکەنە سەر مێرگەسوور. وەک خۆی دەڵێت لەو مەئموریەتەدا بەرپرسی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بووە لە خواکورکەوە بۆ بەرەی شەڕ، بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ١٩٨٧/١/٣١دا ئەو پلانە سەری نەگرتووە و



بە دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیدا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. بەدوای گەڕانەوەیدا، ڕەشید شەرەفانی کراوە بە ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە ورمێ کە شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان و گەڕانەوەی شەوکەت شێخ یەزدین بۆ کوردستان، ناوبراو کراوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی لە ورمێ.

ساڵی ١٩٩٤، ڕەشید شەرەفانی گواستراوەتەوە بۆ زێوە و وەک خۆی دەڵێت بە ئەمری نێچیرڤان بارزانی کراوە بە بەرپرسی ناوچەی ئازادی. ڕۆژی ١٩٩٨/١/٤ لەگەڵ تەحسین ئەرگوشی و ژمارەیەک لە کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەگەڵ تەحسین ئەرگوشی، خۆشەوی عەلی عەبدوڵا گولی، سادق سلێمان، ئەنوەر مەلا مەجید و نەجات سەعید لە سنوری ناوچەی ئازادی لەلایەن**

ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیراین. بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا ئێمەیان ئەشکەنجە کرد. لاقی ڕاستەی منیان شکاند و کەلەکەی ڕاستەمیان بە کابڵ پچڕاند. تەحسین ئەرگوشی لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو. ئیتلاعات لە ئێمەی دەویست کە بڵێین ئێمە جاسوسی ئیسرائیلین. دوای شەش مانگ ئێمەیان گواستەوە بۆ زیندانی دەریای ورمێ. بیست ڕۆژ لەوێ بووین و دواتر بردیانین بۆ زیندانی قەرارگای هەمزە. لەوێ سەرلەنوێ ئێمەیان ئەشکەنجە کرد و دوای پازدە ڕۆژ ئێمەیان گواستەوە بۆ زیندانی گەوهەردەشتی کەرەج کە سەبری ئەرگوشی، حەمید گەردی، شەوکەت سەعید، دهام چاوشین، شێخ محەمەد سادق لە لقی ٨ لەوێ زیندانی کرابوون و ئەوانیشیان وەکوو ئێمە ئەشکەنجە کردبوو. بەگشتی ٩ مانگ و ١٢ ڕۆژیان ڕاگرتین و دواتر بەهۆی دەنگدانەوەی گشتی و گوشاری ڕای گشتی، ئێمەیان ئازاد کرد و تەسلیمی بەرپرسانی پارتیان کردینەوە.)

بە دوای ئازاد بوونی لە زیندان، ڕەشید شەرەفانی ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٣ بە ماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە. ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ سەبری ئەرگوشی، خۆشەوی عەلی باپیر و سوڵحی مەجید ئەرکی لیژنەی باڵای پەنابەرانیان بەڕێوەبردوە و لە کۆتایی ئەو ساڵە گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی کارگێڕیی و دارایی مەکتەبی سیاسی و تا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. وەک خۆی دەڵێت بەشداریی چەندان شەڕی گەورەی وەک شەڕی حاجی ئۆمەران لە ساڵی ١٩٨٢دا کردوە و لە بۆمبارانی زێوەدا ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ لاقی چەپەی بریندار بووە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا، ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵی کردم کە لەوە دەچوو تازە لەدایک بووبم و هەموو دەرد و ئازارەکانی ڕابردووم لەبیر کرد.)

# قادر ساڵح حەسەن



قادر ساڵح حەسەن ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی ستۆپ لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی سێلکێ لە ناوچەی مزووری باڵا خوێندوە. ساڵی خوێندنی ١٩٦٩- ١٩٧٠ بۆ ماوەی ساڵێک لە بەشی پەروەردەی شۆڕشدا لە گەڵاڵە خوێندویەتی و دواتر لە مانگێشک خوێندنی ناوەندیی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٤، هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە خوێندنگەی قلکەبەری زاخۆ، کاری ڕێکخستنی پارتی بەڕێوەبردوە. وەک خۆی دەڵێت مامۆستاکەیان عەبدوڵا کەرماویی ئاگاداری کردوەتەوە کە ئەمن دێت و دەتگرێ. بەم بۆنەیەوە ناوبراو لەگەڵ دوو لە هاوپۆلەکانی بەناوەکانی قاسم سەلیم محەمەد و حەیدەر عوسمان ڕایکردوە و چووەتە لای پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(عیسا سوار بەخێرهاتنی کردین و گوتی ئێوە خوێندەوارن و پێویستە بچن بۆ بارەگای لەشکری یەک. ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی لەشکری یەکەم بوو. چوار برام بە ناوەکانی حەسەن، محەمەد، مەمۆ و محەمەد ساڵح لەوێ پێشمەرگە بوون.)**

دوای چوونی بۆ بارەگای لەشکری یەکی بادینان، سەرەتا بۆ کارێکی چەند ڕۆژە، ڕەوانەی ناوچەی بەرواری باڵا کراوە. دوای گەڕانەوەی و ئاگادار کردنەوەی باوکی لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە کە کوڕەکەیان لای ئەوە، قادر ساڵح لە لەشکری یەکەمدا گیرساوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ئەسعەد خۆشەوی کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە گوندی کەلی ڕەشاوە هەبوو، لەگەڵ چەند کۆگای تر لە گوندەکانی بامەڕنی، قومریەی بەرواری باڵا و بۆ ڕۆژی پێویستی دانابوون. بەمنی گوت بچم ئاماری چەک و تەقەمەنی ئەو کۆگایانەی بۆ بنووسم و بۆی روون بکەمەوە کە ڕۆژانە چەند چەک و تەقەمەنی دەڕوا و چەندەشی بۆ دێت. من چووم و ئەرکی پێسپێردراوم**

**بەڕێوەبرد و گەڕامەوە. دوای گەڕانەوە ئیتر ئەوە بوو بە ئەرکی من لە لەشکری یەکی بادینانـدا و تا ساڵی ١٩٧٥ لە بامەڕنی خەریکی ئەو کارە بووم.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، قادر ساڵح لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی و ژمارەیەک کادیر و پێشمەرگە چووەتە گەلی گادەر و لەوێوە ڕژێمی ئێران، پێشمەرگە لاوەکانی جیاکردوەتەوە و ناوبراو لەگەڵ ئەو ژمارەیە گواستراوەتەوە بۆ شنۆ و ڕۆژی دوایی بە سواری زیلی سوپا گواستراونەتەوە بۆ ڕەوانسەر. بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەوێ بوون و دواتر لە کۆمەڵگای سەراو و نیلوفەر لە کرماشان جێگیر کراون. قادر ساڵح وەک خۆی دەڵێت دوای دوو مانگ لەو کۆمەڵگایە ڕای کردوە و بە قاچاخی چووەتە نەغەدە و چاوی بە ئەسعەد خۆشەوی کەوتووە. بۆ ماوەی نزیک بە سێ مانگ لە نەغەدە و زێوە بووە. بۆ ماوەی چل ڕۆژ خولی مامۆستای سەرەتایی زمانی کوردی لە زێوە بینیوە و دواتر گواستراوەتەو بۆ گوندی "یەزدان شار" لە نجف ئاوای ئیسفەهان و لە ١٩٧٧/٧/١وە لە خوێندنگەی "ئیبنی سینا"ی ئیسفەهان وەک مامۆستای خوێندنی سەرەتایی زمانی فارسی دامەزراوە. وەک خۆی دەڵێت هاوکات لەگەڵ مامۆستایەتی کردنی، هاوکاریی قاسم سەلیم مزووری کردوە لە ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە ئاوارەکاندا.

ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤، بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ئیسفەهان. ساڵی ١٩٨١ بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و بۆ ماوەیەک لە شنۆ و مەرگەوەڕ بووە. ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی کە خۆی جێگری بووە، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان. ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە کارگێڕی ناوچەی ١١ی ئەیلول و وەک خۆی دەڵێت لە ناوچەی بارزان و شێروانی مەزن بووە و لەوێ بەرگرییان کردوە لە هاتنەپێشەوەی سوپای عێراق. بە دوای شەڕی خواکورک و کیمیابارانی ناوچەی بادینان بە سنوری باکوری کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێوە بووە. لەوێ ئاگاداریان کردوەتەوە کە هاوسەر و منداڵەکانی لە ئیسفەهانەوە هاتوون بۆ ورمێ و لەوێ نیشتەجێ بوون کە ناوبراو چووە بۆ ورمێ.




ساڵی ١٩٨٩ کراوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی لە شنۆ و ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، قادر قادر، ئازاد قەرەداغی، نادر هەورامی، ڕەشید عارف و کۆمەڵێک لە بەرپرسانی تری پارتی بە هێزێکی زۆرەوە چووەتە ناوچەی سلێمانی و کەرکوک. لە دژە هێرشەکەی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لەگەڵ ١٢٠ پێشمەرگە بنکەیان لە بەردە قارەمان لە دەربەندی بازیان داناوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوژمن هات و ئێمە بەرگریمان کرد، ڕزگار نوح بەگ شەهید بوو، دوژمن بە جادەی قیلدا چوو بۆ سلێمانی و ئێمە نەمانتوانی پێشی بگرین و پاشەکشەمان کرد بۆ سەر چیاکان و بە کەڵکوەرگرتن لە تاریکی شەو بەبێ شارەزا، بە پرسکردن چووین بۆ ماوەت و لە گرکاشە لە پشت چوارتا، نێچیرڤان بارزانی هاتە لامان و من لەگەڵی چووم بۆ گوندی سارداو لە ناوچەی نێوان هاودیان و مەزنێ لە ناوچەی بارزان.)**

ساڵی ١٩٩١، بە دوای ئارام بوونەوەی کوردستان، لە کاتی وتووێژەکان، هاوسەر و منداڵەکانی گەڕاونەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە بەرپرسی ناوچەی مێرگەسوور و ساڵی ١٩٩٣ بەشداریی کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بەدوای کۆنگرەی ١١دا، لە سۆران لقی ١٠ی پارتی دامەزرا و من کرام بە کارگێڕی ئەو لقە کە عومەر عوسمان بەرپرسی بوو.)**

تا ساڵی ٢٠٠٠، قادر ساڵح لەو لقەدا بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ بەشی دارایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لە مەسیف سەلاحەدین و هەتا ئێستا ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی دارایی پارتییە. ناوبراو بەشداریی چەندان شەڕی قورسی وەک: شەڕی گەلی سیتە لە ناوچەی ڕێکان لە ١٩٨٣، شەڕی شێروانی مەزن لە ١٩٨٨، شەڕی بێشون لە ١٩٨٨، شەڕی چیای سپیندارێ لە ١٩٨٨، شەڕی ماوەت لە ناوچەی بارزان لە نزیک سنوری باکوری کوردستانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت بە دوای ئەو شەڕەدا سەرۆک بارزانی

بە بروسکەیەک سوپاسی پێشمەرگەکانی کردوە و نووسیویەتی: سەری ئێوە بەرزە بە قەد چیای چوارچڵ. قادر ساڵح بەشداریی کۆنگرەکانی ۹، ۱۱ و ۱۲ی پارتی کردوە و ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱۵ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من ئاگاداری ئەوە نەبووم کە میدالیای بارزانیم دەدەنێ، بەڵام کە ناوی منیان لە کۆنگرەی ۱۳دا خوێندەوە، هەموو ناخۆشییەکانی ئەو ڕۆژە ناخۆشانەم تا ئەنفال لەبیر کرد. تێگەیشتم کە خزمەتەکانم لەلایەن سەرکردەکانمەوە دیارن. میدالیای بارزانی بۆمن گەورەترین دەستکەوتی ژیانمە و شانازی پێوە دەکەم.)**

## حەمەلاو عابد خورشید



حەمەلاو عابد خورشید ناسراو بە حەمەلاو شوانی ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی یەختەخە لە ناحیەی شوان لە پارێزگای کەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٥ لە هێزی ڕزگاریی، بەتالیۆنی یەکی شوان کە فەرماندەکەی حەمەسور حوسێن بووە چووەتە ریزی پێشمەرگەکانەوە. ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە سەرپەلی یەکی لقی شەهید مستەفا فەرەج. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، بە پلەی عەریف کراوە بە پاسەوانی سنوری سورداش لە فەوجی ٦ی سورداشدا کە رئیس عەبدولا فەرماندەی فەوجەکە بووە. ساڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگەکان و لە بەتالیۆنی ٥ی هێزی ڕزگاریدا کراوە بە سەرلق. لەو ماوەیەدا بەشداریی شەڕەکانی بنەباو، بەری کۆسرەت، چیمەن لە نزیک کەرکوک، قەرە هەنجیر، دەربەندی بازیان، کێوە چەرمەڵەی کردوە و لە شەڕی قەمچۆخەدا ڕانی ڕاستەی بریندار بووە.




ساڵی ١٩٧٥، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر کرمان. ساڵی ١٩٧٨، لە سەردەمی خۆپێشاندانی شارەکانی ئێراندا بە دژی شای ئێران، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەیەک لە بیناکانی شەریکەی کشتوکاڵی مهاباد لە جادەی مهاباد بۆ ورمێ بووە. وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ بیست کەس لەوانە ڕەحمان تەها، عەلی تەرەزان و عەبدولکەریم لە ڕێکخراوێکدا بووە. ساڵی ١٩٨٠، بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی بەشداریی شەڕی یەکەمی حاجی ئۆمەرانی کردوە و لەو شەڕەدا بریندار بووە و وەک خۆی دەڵێت دوو پێشمەرگەشیان بە ناوەکانی سەعید تۆمانی و مەجید حاجی لە هێزەکەیان و هەروەها فەتاح ئاغا لە هێزی خەبات شەهید بوون.

هەرلەو ساڵەدا، بە دوای ساڕێژ بوونی برینەکەی لە مەفرەزەیەکدا کە ڕەفیق بهجت عارف "گوڵە باخ" فەرماندەکەی بووە، گەڕاوەتەوە بۆ دەشتی کۆیە و دواتر لە ناوچەکانی سماقۆڵی، وەرتێ، خرێنە و شیناوێ لە جەولەدا بوون. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانی، بەشداریی شەڕی ١٣ ڕۆژەی بنەباوی کردوە. هەرلەو ساڵەدا لە شەڕی شەقڵاوەدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٨٨، بۆ جاری سێیەم لە شەڕی بەری کۆسرەتدا بریندار بووە و وەک خۆی دەڵێت سێ پێشمەرگەشیان بە ناوەکانی عوزێر ئاغا، کامەران ساڵح تۆفیق و شوان شەهید بوون. ساڵی ١٩٨٨ لە ئەنفالەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و سەرۆکی بەرەی کوردستانی گەڕاوەتەوە بۆ قاسمەڕەش و لەوێوە چوونەتە ڕانیە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (من فەرماندەی هێزی یەکی گەرمیان بووم و لە ڕانیە لە سەرۆک بارزانی جیابووینەوە و چووین بۆ چوارقوڕنە و لەوێوە بۆ هەولێر و مەقەڕمان لە هەولێر دانا، بەڵام لە دژە هێرشەکەی سوپای عێراقدا بۆسەر کوردستان لە

١٩٩١/٣/٢٨، کە کـۆڕەوە مەزنەکەی لـێکەوتەوە، ئـێمە پاشەکشـەمان کـرد و چووین بۆ دیانا و لە وتووێژەکاندا سەرلەنوێ گەڕاینەوە بۆ هەولێر.)

بە دوای هەڵبژاردنـی ١٩٩٢/٥/١٩دا کە پەرلەمـان و حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پێکهـات، حەمەلاو شـوانی کـراوە بە ئەنـدامی سـوپای ٨ی گۆمەئەسپان لە سماقۆڵی سەربە فەرماندەیی سەفین بە فەرماندەیی وەجیهە بـارزانی. ئێستا بە پلەی عەمید، بەڕێوەبەری خانەنشینیی فەرمانـدەیی سەفینە لە مەسیف سەلاحەدین. وەک خۆی دەڵێت عابد خورشیدی باوکی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ و دایکی بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە بەندیخانەکانی عێراقدا زیندانی بوون و دوای ئازادبوونی باوکی لە زیندان بەهۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردوە. کوڕێکی بەناوی نەورۆز ساڵی ١٩٨٢ لە نەغەدە شـەهید و برایەکـی بەنـاوی سـەردار عابـد خورشـید سـاڵی ١٩٩٢ لە شـەڕی پ.ک.ک دا شەهید بووە و نزیکەی ٣٠ ئەندامی بنەماڵەکەشی ئەنفال کراون. نـاوبراو بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ من لە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٢٣، لەگەڵ دوو کوڕی بەناوکانی هەڵکەوت و سەرکەوت چوون بۆ بەرەکانی شەڕی ڕەبیعە لە سـنوری باشـور و بـاکور و موسـڵ. حەمەلاو عابـد خورشـید بەهـۆی خزمەتەکـانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتـدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (خۆشحاڵ بووم کە خزمەتی من لەبیر نەکرا و بە ڕادەیەک بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم کە هەموو ئازارەکانی ژیانم لەبیر کرد.)

## فازل محەمەد قادر



فازل محەمەد قادر ناسراو بە فازل بەشارەتی ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی بەشارەت لە ناوچەی شارەزوور لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. تا پۆلی دووەمی ناوەندیی خوێندوە و ساڵی ١٩٧٨ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە چیای سورێن لە هەرێمی یەکی پارێزگای سلێمانی کە نادر هەورامی بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا، فازل بەشارەتی لە ناوچەی هەڵەبجە بووە و وەک خۆی دەڵێت لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا تا عەربەب و دەربەندیخان دەستیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاندوە. ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵات گەیشت، ڕژێمی عێراق هەندێک لە ناوچە سنورییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆلکرد و لەم بارەیەوە فازل بەشارەتی دەڵێت:

- (بە ڕووخانی ڕژێمی شا دەرفەتی باش وەک پانتایی ناوچەی ئازاد، پێداویستی سەربازیی و پزیشکی بۆ ئێمە پێشمەرگەکان ڕەخسا، بەڵام لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٨ سوپای عێراق بە پاڵپشتی هێزەکانی تۆپخانە لە چیای شرام لە بناری چیای هەورامان لە پشت گوندی باخەکۆن و خۆرهەڵاتی شارۆچکەی بیارە، هێرشی بۆ کردین کە ئێمە زەبری قورسمان لێدا. لەو شەڕە بەرگرییەدا حەوت پێشمەرگەمان بریندار بوون.)




سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان بۆ جاری دووەم لە چیای بەمۆ و تاوگۆزی هێرشی کردوەتە سەر پێشمەرگەکان و بە وتەی فازل بەشارەتی ئەم جارەش دوژمنیان شکاندوە و باری ١٥ ئێستریان دۆشکە، ئارپیجی، چەک و تەقەمەنی کە جاشەکان خەریک بوون لەگەڵ حەمەی حەمە تاهیربەگ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بگوازنەوە، لێگرتوون. فازل بەشارەتی لە چالاکی خۆی و هێزەکەی دەدوێ و دەڵێت: **(لە ساڵی ١٩٨٣دا لە ناوچەی سێتەپان لە بناری چیای سورێن لە هەموو پێگەکانی دوژمنمان دا و ناوچەی سێتەپانمان لە دوژمن خاوێن کردەوە، بەبێ ئەوەی کە شەهیدێک بدەین.)**

ساڵی ١٩٨٥، سوپای عێراق چیای خۆرنەوەزانی گرتووە و پێشمەرگەکان هێرشیان بۆ کردون و بە وتەی فازل بەشارەتی فەرماندەی سەربازەکانیان بەدیل گرتووە و هێزەکانی سوپاش ڕایان کردوە. لەو شەڕەدا هەرچەندە پێشمەرگەکان دەستکەوتی زۆریان هەبووە، بەڵام کەریم عەبدولڕەحمان شاخەوان، سبتی مەندەلان و پێشمەرگەیەکی تریان بەناوی عەبدولڕەحمان شەهید بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا، فازل بەشارەتی گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچە و دەڵێت: **(لەوێ شەڕێکی گەورەمان لە چیای گڵەزەرد کرد و چوار پێگەی دوژمنمان چەککرد. پێشمەرگەیەکمان بەناوی سدیق خانەقینی کە بەرپرسی ڕێکخراوی تانجەڕۆ بوو، شەهید بوو.)**

ساڵی ١٩٨٧، بە فەرماندەیی تارق ئەحمەد کە فازل بەشارەتی بەرپرسی سەربازیی بووە، زنجیرە پێگەیەکی دوژمنیان لە جادەی نێوان چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر لە بانی مەقان لە جادەی ڕەئیسی چەک کردوە و بەرپرسی قاتعەکەیان بەدیل گرتوە و وەک ناوبراو دەڵێت ٢٤ شۆفڵ و گریدێریان دەستکەوت بووە. ساڵی ١٩٨٨، ناوبراو لەگەڵ لقی سێی پارتی بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە. ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٤ دوو ڕۆژ بەرلە کیمابارانی،

نــاوبراو برینــدار بــووە و وەک خــۆی دەڵێــت بە فــڕۆکە گواســتراوەتەوە بــۆ ئیسفەهان.

ساڵی ۱۹۹۱، فازل بەشارەتی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەرەداغ بووە و لە ڕاپەڕینەکەدا سەرپەرەشتی هێزەکانی دەربەندیخانی کردوە و تا خانەقین و جەلەولا چــووە. لە دژە هێرشــی دوژمنـــدا چــووەتە کامیـــاران و لە لای بنەماڵەکەی بووە. ڕۆژی ۱۹۹۲/٥/۱۹، سەرپەرشتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی لە ناوچەی شارەزوور کردوە و هەرلەو ساڵدا کە هێزی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا پێکهات، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی لیوا لە هێزی هاوبەش لە چوارتا. ساڵی ۱۹۹٤ تا ساڵی ۱۹۹٥ تێکەڵاوی شەڕی ناوخۆیی و کێشە ناوخۆییەکانی ناوچەی شارەزوور و سەید سادق و دەربەندیخان بووە و لە مانگی ۱۰ی ساڵی ۱۹۹٦دا گواستراوەتەوە بۆ هەولێر، سەرەتا کراوە بە کارگێڕ و دواتر جێگری لقی ۱۲ی ناوچەی هەڵەبجە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ۲۰۰۹دا بۆ پەرلەمانی کوردستان بە نوێنەرایەتی خەڵکی هەڵەبجە لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی پەرلەمــان هەڵبژێــردراوە و بەدوای کۆتاییهــاتنی خــولی پەرلەمــان، ڕۆژی ۲۰۱۳/۹/۲۱ خانەنشین کراوە. فازل محەمەد قادر پێنج جار لە شەڕەکاندا بە شێوەی خوارەوە بریندار بووە: ساڵی ۱۹۸۱ لە بەمۆ، ساڵی ۱۹۸۲ لە شاربازێڕ، ساڵی ۱۹۸٥ لە هەڵەبجە، ساڵی ۱۹۸۷ لە جادەی دەربەندیخان و ساڵی ۱۹۸۸ لە تەپە کوڕەی شارەزوور. برایەکی بەناوی عەبدولڕەحمان ساڵی ۱۹۸۰ لە شارەزوور و برای هاوسەرەکەی بە ناوی حەسەن محەمەد ساڵی ۱۹۸۲ لە چیای شرام و ئامۆزایەکی بەناوی ڕئوف محەمەد ساڵی ۱۹۸٥ لە ناحیەی سیروان شەهید بوون. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ۱۰ تا ۱۳ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱٥ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەخشینی میدالیای بارزانی بەمن کۆکراوەی هەموو ئەو ڕێز و حورمەتانە بوو کە لە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی چاوەڕوانم دەکرد. زۆر بە وەرگرتنی میدالیا خۆشحاڵ بووم و کاتی میدالیا وەرگرتنم یەک لە ساتە هەرە خۆشەکانی ژیانم بوو.)**

## محەمەد سادق سەعید



محەمەد سادق سەعید ناسراو بە محەمەد سادق سەعید سورچی ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی بجیل ناوەندی ناحیەی بجیل لە قەزای ئاکرێ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە ئاکرێ، ناوەندی لە باڵەکایەتی و دواناوەندیی لە ڕەبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندوە. ساڵی ١٩٧٠ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە ڕێکخراوی قەسرێ و کراوە بە پێشمەرگەی بارەگای بارزانی کە تاهیر ئاغای زراریی بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٧٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردەوە، ناوبراو بەشداریی شەڕەکانی گەرووی بێشێ، هەسنان و گەرووی عومەرئاغای کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، محەمەد سادق سەعید سورچی پەڕیوەتەوە بۆ کۆمەڵگای نەڵیوان لە شنۆ و لەوێوە بردراوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت. بۆ ماوەی ساڵێک لەو کۆمەڵگایە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری ساری لە پارێزگای مازندران و دوای دوو ساڵ لە شاری ورامین لە پارێزگای ناوەندیی ئێران نیشتەجێ کراوە.

ساڵی ١٩٧٩، دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، محەمەد سادق سەعید سورچی گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و ساڵی ١٩٨٠ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی مەکتەبی سیاسیی لە ڕاژان. ساڵی ١٩٨٣ ئەرکی بەرپرسایەتی ڕێکخراوی ورامین‌یان لە لقی ٨ی پارتی لە ئێران داوەتێ و ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکرات لە تاران و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٦دا بە ئەندامی لقی ٨ پارتی هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ ئەندامانی لقی ٨ی پارتی لەلایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە و بۆ ماوەی ١١ مانگ لە زیندانی گەوهەردەشت زیندانی بووە و دواتر بە خۆپێشاندان و بەرەنگاربوونەوەی کوردانی ئەوروپا و هەوڵی



ڕای گشتی و ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات لەگەڵ بەندکراوەکان لە زیندان ئازاد کراوە.

ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/١٦، محەمەد سادق سەعید سورچی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بجیل لە ناوچەی ئاکرێ. ساڵی ٢٠٠٢ گواستراوەتەوە بۆ دینارتە و ئەرکی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دینارتەیان پێسپاردوە و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا کراوە بە کارگێڕی لقی ٩ی ئاکرێ. ساڵی ٢٠٠٩ ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخستنی پارتی دیموکرات بووە لە مەسیف سەلاحەدین و ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢١ لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات، بە نوێنەرایەتی خەڵکی ئاکرێ، بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە. ناوبراو بۆ ماوەی ٦ مانگ سەرۆکی کاتی پەرلەمان بووە و دواتر لە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفال و ژنۆساید و وەرزش و لاواندا خەباتی کردوە.

محەمەد سادق سەعید سورچی بەشداریی کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (میدالیای بارزانی بۆمن بەنرخترە لە هەموو پلە و پایەیەک. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی پاڵێورابووم، پێیان ڕاگەیاندم دەتەوێ میدالیای بارزانی وەربگری یان ببی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرە، من میدالیای بارزانیم هەڵبژارد و هەروەکوو گوتم میدالیای بارزانی بەهیچ پلە و پایەیەک ناگۆڕمەوە و بۆمن جێگەی شانازییە.)**

## دوکتۆر مستەفا ئیسماعیل ڕەمەزان



دوکتۆر مستەفا ئیسماعیل ڕەمەزان ناسراو بە گۆران ساڵی ١٩٥٢ لە ناحیەی بەردەڕەش لە قەزای ئاکرێ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بەردەڕەش و ناوەندیی و دواناوەندیی لە موسڵ خوێندوە. ساڵ ١٩٦٦ لە خوێندنی دواناوەندییدا لە موسڵ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١ پێوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە و دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٠دا بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی ماتماتیکی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە و ساڵی ١٩٧٤ بەرلە تەواوکردنی خوێندن، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە ناوچەی ئاکرێ و کراوە بە کادیری ڕێکخراوی حەمرین لە هێزی ئاکرێ. ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ڕۆژی چوار شەممە ١٩٧٤/٤/٢٤ لە نزیکەوە شاهیدی بۆمبارانی زانکۆی قەڵادزێ بووە لەلایەن شەش فڕۆکەی جەنگی Sukhoi سۆخۆی ڕوسی بە بۆمبی ناپاڵم کە ١٢٧ هاوڵاتیان شەهید و نزیکەی ٤٠٠ کەسیشیان بریندار کرد کە زۆربەیان خوێندکارانی زانکۆ بوون.

گۆران بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ئێران بووە و بەدوای ڕاوەستانی شۆڕش لە کۆمەڵگای بابەک و بەهرام لە ئەهواز نیشتەجێ کراوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٥ ئەو کۆمەڵگایەم بەجێهێشت و لەسەر ئەمری بیرۆی پارتی دیموکرات بۆ ڕەوانەکردنی کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکرات بۆ دەرەوەی ئێران، چووم بۆ نەغەدە. بڕیار بوو لەگەڵ وەجبەیەکی ١٠٠ کەسی ڕەوانەی ئوتریش "نەمسا" بکرێم، بەڵام لەو ژمارەیە، چل کەسمان ڕۆژی ١٩٧٦/٣/٣١ ڕەوانە کراین و ئەوانی تریش دواتر گەیشتن.)**

گۆران بۆ ماوەی سێ ساڵ لە نەمسا زمانی ئەڵمانی خوێندوە و هاوینی ساڵی ١٩٧٨ لە بەشی پزیشکی زانکۆی ڤیەن وەرگیراوە و مانگی سێی ساڵی

١٩٨٩ بڕوانامەی پزیشکی لە ڤیەن وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەیدا ئەندامی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە لە وڵاتی ئوتریش و لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩ چەند جار بە ئەندامی بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی هەڵبژێردراوە و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد، عەبدولقادر بەرواری، کامەران موفتی، عەزیز میران، شێرزاد نەجار، عومەر ئۆرامار، عیسمەت مزوری و چەند کەسی تر لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاراندا خەباتی کردوە.

دوکتۆر گۆران بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی ١٠ پارتیدا کە ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢، لە مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە بووە. لە ساڵی ١٩٩٠وە تا ساڵی ٢٠١٢ بەرپرسی لیژنەی پارتی دیموکرات و نوێنەری سەرۆک بارزانی بووە لە ئوتریش. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: **(لە ساڵی ١٩٩٠وە جگەلە بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزب، وەک دوکتۆرێک لە خزمەت ئەو خوشک و برایانەدام کە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکانیان لە کوردستانەوە دێن بۆ ئوتریش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی نوێنەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ئوتریش بەڕێوە دەبەم.)**

دوکتۆر مستەفا ئیسماعیل ڕەمەزان ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە حەقیقەت هەرچەند هەموو ژیانی خۆم بۆ سەرخستنی ڕێبازی بارزانی تەرخان کردوە و بە ئاواتی وەرگرتنی میدالیای بارزانیی بووم، بەڵام باوەڕم نەدەکرد کە میدالیای بارزانی بەمن بدرێت. هەرگیز ئەو هەستە ناسک و پیرۆزەی ئەوکاتە لەبیر ناکەم کە ناویان خوێندمەوە و سەرۆک مەسعود بارزانی میدالیای بارزانیی بە سنگمەوە کرد. من شانازی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم.)**

# کامەران عەبدولکەریم موفتی



کامەران عەبدولکەریم موفتی ناسراو بە کامەران موفتی ساڵی ١٩٥١ لە شاری ئاکرێ لەدایک بووە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٩- ١٩٧٠دا خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلیجی ئاداب لە بەغدا وەرگیراوە، بەڵام دوای دوو هەفتە وازی لە خوێندن هێناوە و چووەتە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە ناوپردان و بووەتە پێشمەرگە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٦١وە تا ساڵی ١٩٦٩ باوکم ٦- ٧ جار لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گیراو و هەموو جارێش لە زیندانەکانی ئەبوو غەریب، نوگرە سەلمان، موسڵ و بەغدا ئەشکەنجە دەکرا. ساڵی ١٩٦٩ بە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ دواجار لە زیندان ئازادیان کرد و زۆری نەخایاند لەبەر زەختی ئەشکەنجەکانی ڕۆژی ١٩٦٩/١١/٧ لە تەمەنی ٥٧ ساڵێدا کۆچی دوایی کرد. من دوای کۆچی دوایی باوکم لە کۆلیجی ئاداب وەرگیرام، لە خوێندندا بووم کە بیرم لەوە کردەوە کە لەو ڕژێمەدا خوێندن و ژیان جێگەی باوەڕ نییە و دوای دوو هەفتە خوێندنەکەم بەجێهشت و چووم بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوپردان.)




ساڵی ١٩٧٠، کامەران موفتی لە هێزی شێخاندا کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە، کراوە بە بەرپرسی پاراستنی هێزی شێخان. ساڵی ١٩٧٣ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەکی پارتی دیموکرات کە عەلی شنگاری بەرپرسی لق بووە و لەوێ کراوە بە جێگری بەرپرسی پاراستنی ناوچەی بادینان. ساڵی ١٩٧٤ گواستراوەتەوە بۆ سەرکردایەتی پارتی لە باڵەکایەتی و کراوە بە بەرپرسی ئاسایشی ناوچەی باڵەک کە سنوری بەرپرسایەتییەکەی لە حاجی ئۆمەرانەوە تا بەرسرین و کانی سماق لە نزیک گەلی عەلی بەگی گرتووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، کامەران موفتی چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بهشهر لە پارێزگای مازندران. ناوبراو وەک خۆی دەڵێت زۆر لەوێ نەماوەتەوە و ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٣ لەگەڵ ٩٩ پەنابەری تری وەک مستەفا ڕەمەزان، پیرۆت ئیبراهیم، ئەحمەد بریفکانی، حەمید ئاکرەیی و ...تد بە سێ وەجبە چووەتە ئوتریش "نەمسا" لە شاری ڤیەن بۆ ماوەی ساڵێک زمانی ئەڵمانی خوێندوە و دواتر بۆ ماوەی ساڵێکیش سەرلەنوێ خوێندنی دواناوەندیی خوێندووەتەوە. ساڵی ١٩٨٧ لە پەیمانگای ئابووریی نەمسا وەرگیراوە و دوای ساڵێک بڕوانامەی ئابووریی لە بەشی هەنارده و هاوردە وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٠ لە زانکۆی گراتس وەرگیراوە و ڕۆژی ١٩٨٤/١١/١ ماجستەری لە زمانی ئەلمانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە ڕۆژی یەکەمی چوونم بۆ نەمسا لە ڕێکخراوی پارتی دیموکرات و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSE دا خەباتم کردوە. هەندێک جار بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات و هەندێک جاریش بەرپرسی کۆمەڵەی خوێندکاران بووم.)**

ساڵی ١٩٨٦ لە کۆمپانیای بیمەی زوریخ لە ڤیەن دامەزراوە و وەک خۆی دەڵێت هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیی، بۆ ماوەی ١١ ساڵ لەو

کۆمپانیادا کاری کردوە. ساڵی ١٩٩٦ بە پێشنیازی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی ئاسایشی پارێزگای دهۆک و تا ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٠ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و دواتر کراوە بە جێگری بەرپرسی ئاژانسی پاراستنی کوردستان کە مەسرور بارزانی سەرۆکی بووە.

ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢١ ئەرکی ڕاوێژکاری سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ کاروباری ئاسایش لە ئەستۆ گرتووە و هەتا ئستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (میدالیای بارزانی بۆمن و بنەماڵە و منداڵەکانم گەورەترین شانازییە. زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم کە یەکێک بووم لەو کەسانەی میدالیای بارزانیم وەرگرت و بە ڕای من دەسکەوتێکی گەورەیە و پێویستە ماڵ و منداڵ و نەوەکانم شانازی پێوە بکەن.)

## مستەفا کەریم وەیسی



مستەفا کەریم وەیسی ناسراو بە زریان شێخ وەسانی ساڵی ١٩٦١ لە گوندی شێخ وەسان لە ناوچەی دۆڵی بالیسان لە قەزای شەقلاوە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٨ لە پۆلی یەکی ناوەندیی لە گوندی مەلەکان لە ناوچەی خۆشناوەتی پێوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە و فەرماندەکەی سلێمان بیرێژی کردوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەهۆی کەمبوونی چەک لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا بۆ ماوەی شەش مانگ دوو گوللەی ئارپیجیم هەڵگرتووە و لەگەڵ محەمەد باخچەیی ئارپیجی هاوێژ بووم. بە دوای ئەو شەش مانگەدا، دایکم و باوکم هاتن سەردانیان کردم و کاتێک بەو مەسەلەیان زانی، ٣٥٠ دیناریان دامێ کە چەکێک بۆخۆم بکڕم و منیش پەرەشوتێک و ٥٠ فیشەکم پێ کڕی.)**

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٧٨ یەکەم چالاکیی پێشمەرگایەتی خۆی لە مەفرەزەی محەمەد شێخ وەسانیدا بەڕێوەبردوە. وەک خۆی دەڵێت لەنێوان پێگەکانی بارەگای لیوا لە گوندی مێرگەسەر و بارەگای فەوجی سەربازی لە گوندی خەتێ بەشداریی کەمینێکی کردوە و لەو کەمینەدا سی سەربازی سوپای عێراقیان کوشتوە و سەربازێکیان بریندار کردوە. دوو پێشمەرگەشیان بەناوەکانی محەمەد حوسێن شێخ وەسانی و حەسەن سۆقی شێخ وەسانی بریندار بوون. ناوبراو دەربارەی شەڕێکی تر کە ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی تێدا کردوە دەڵێت:

**- (ئاگاداریان کردینەوە کە ژمارەیەک ئەندازیای بیانی لە بەنداوی بێخمە هاوکاریی ڕژێمی عێراق دەکەن و ئێواران کاتژمێر ١٦:٠٠ لە بێخمەوە دەگەڕێنەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین. ئێمە ١١ پێشمەرگە لەگەڵ سلێمان**

بیرێژی کاتژمێر ١٦:٣٠ لە جادەی نێوان شەقڵاوە و هەریر کەمینمان دانا و سێ لەو پسپۆڕانەمان گرت. کاتی گواستنەوەیان، دوو ئوتۆمبیلی سەربازیی سوپای عێراق توشمان بوون و تەقەیان لێکردین و لەنێوانماندا بوو بە شەڕ. ئێمە سەربازەکانمان کوشت و کەلاکەکانیان لەسەر زەوی کەوتبوو، کاتێک چووین چەکەکانیان کۆ بکەینەوە یەکێک لەوان کە بە بریندارییی خۆی لە مردن دابوو، تەقەی لە ئێمە کرد و عەبدوڵا بەرکەیی شەهید و سلێمان بیرێژی بە سەختی بریندار کرد. لەو کاتە دا هێزێکی تری سوپا لە ئێمە نزیک دەبووەوە کە ئێمە شەهید و بریندارەکەی خۆمان برد و ئیتر نەپرژاینە سەر هێنانی پسپۆڕە بیانییەکان، چونکە بۆمان دەرنەدەچوون.)

ساڵی ١٩٨٠، زریان شێخ وەسانی و ٣٤ پێشمەرگە لەگەڵ سلێمان بیرێژی لە گوندی چیوە دەبن و هەوڵدەدەن لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی سۆسیالیست خۆیان بپارێزن کە کاتژمێر ١٢ی شەو کادیرێکی پارتی کە دواتر شەهید بووە بەناوی وەستا یونس لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتەوە دەگاتە لایان و چەند وێنە و بەیاننامەیان دەداتێ. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت:

- (وەستا یونس لەترسی پێشمەرگەکانی یەکێتی و بزووتنەوەی سۆسیالیست لەگەڵ قاچاخچییەکانی گوندی چیوە هاتبوو. ئێمە ٣٥ پێشمەرگە بووین لەبەر سەرمای زستان لە مزگەوتی گوندەکە بووین و سلێمان بیرێژی فەرماندەمان بوو. وەستا یونس گوتی بە قاسمەڕەش و خڕی ناوزەنگاندا هاتووە. ژمارەیەک نامە و وێنەی جەنابی سەرۆک مستەفا بارزانی، کاک ئیدریس و سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ هێنابووین. لە نامەی سەرکردایەتیدا نوسرابوو، بەیاننامە و وێنەکان بڵاوکەنەوە. ئێمە بووین بە سێ مەفرەزە و بەیاننامە و وێنەکانمان لە ٢٥ گوندی سنوری بالیسان تا دۆڵی ئالانە بڵاوکردەوە. وێنەکانمان لە مزگەوتەکان هەڵواسی. هەروەها چەند کۆبوونەوەمان بۆ خەڵکی ئەو گوندانە کرد. لە ئاکامی ئەو چالاکییەدا نزیکەی ٣٥٠ لاوی گوندەکان ئامادە بوون چەک هەڵگرن و ببنە پێشمەرگەی پارتی.)

ساڵی ١٩٨١، مستەفا کەریم وەیسی بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەیەکی سەربازیی لەنێوان شەقڵاوە و هیران لە گوندی ئاقوبان و لەو شەڕەدا پشت سەری بریندار بووە و هێشتا جێی برینەکەی ماوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨١- ١٩٨٦دا بە بەردەوامی لە مەفرەزەی دەستوەشێندا بەشداریی

دەیان کەمینی کردوە. ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی بیرێژی بوون، سوپا و جاشەکانی عێراق دەوری گوندەکەیان گرتووە و لە شەڕێکی سەختدا پێشمەرگەکان پاشەکشەیان بە دوژمن کردوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکیان بەناوی جەوهەری بەرەکەیی شەهید و سلێمان بیرێژی بریندار بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا مستەفا کەریم وەیسی کراوە بە فەرمانده‌ی مەفرەزە. دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦، پێشمەرگەکانی پارتی ترسی شەڕی ناوخۆیان نەماوە و زریان شێخ وەسانی بنکەی پێشمەرگەکانی گواستوەتەوە بۆ گوندی شێخ وەسان و وەک خۆی دەڵێت وەستا یونس بەرپرسی لیژنەی ناوچە بووە و بارەگای لیژنەی ناوچەی لە خوێندنگەی گوندەکە داناوە. بە دوای کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی لە ١٩٨٧/١/٣١دا، مستەفا کەریم وەیسی بڕیار دەدات بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی و ڕێز گرتن لە خەباتی پڕلە شانازیی کاک ئیدریس جوڵەیەکی سەربازیی بکەن. بەم بۆنەیەوە ناوبراو لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخراوەکانی نهێنی شارۆچکەی هەریر بەبێ چەک دەچێتە ناو شاری هەریر، بەڵام دەکەوێتە ناو کەمینی بازگەی دەزگای ئەمنی عێراق و کاتی پشکنینی بەرگەیەکی پارتی دیموکراتی لە گیرفانیدا دەدۆزنەوە. ئەمن و پۆلیسەکان دەیانەوێ بیگوێزنەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە دەوریان کۆدەبێتەوە و ناوبراو بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە خۆی لە دەست دوو پۆلیس دەپچڕێ و ڕادەکات. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (کۆمەڵێکی زۆر خەڵک کۆببوونەوە و من خۆم لەدەست پۆلیسەکان پچڕاند و ڕامکرد، ئەوان تەقەیان کرد و گوللەیەک بە سەرچاوەکانمدا تێپەڕی و هەندێک لە نێوچاوانی ڕوشاندم. کۆڵم نەدا و ڕامکرد و ئەوانیش تەقەیان دەکرد. گوللەیەک ڕانی ڕاستەمی گرت، بەڵام من نەوەستام و لە کۆڵانێکدا بنەماڵەیەکی خەڵکی چۆمان منیان لە ماڵەکەی خۆیاندا شاردەوە و شەو ئەندامانی ڕێکخراوی نهێنی شار منیان گەیاندە گوندی باویان و بەم جۆرە پلانەکەمان سەری نەگرت.)

ساڵی ١٩٨٧، مستەفا کەریم وەیسی کراوە بە بەرپرسی سیاسی و سەربازیی ڕێکخراوی نەورۆز لە لیژنەی ناوچەی شەقڵاوەدا. وەک خۆی دەڵێت لەو ساڵەدا پازدە چالاکیی جۆراوجۆری وەک چەککردنی سێ پێگەی دوژمن لە دەوری کارگەی قیری شەقڵاوە بەڕێوەبردوە. هەرلەو ساڵەدا ڕێکخراوەکانی

نەورۆز، هەورێ و پیرمام کە سەربە لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە بوون، بە سەرۆکایەتی مستەفا کەریم، بێکەس و هەژار لەگەڵ جەمال مورتکە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە و میقداد عەلی ئەندامی لقی دوو، ١١ پێگەی دوژمنیان لە نێوان هەریر و شەقڵاوە چەککردوە. هەرلەو ساڵەدا، مستەفا کەریم و پێشمەرگەکانی هاوڕێی لەنێوان شەقڵاوە و سپیلکدا لە جیپێکی سەربازییان داوە و ئەفسەرێک و سێ سەربازیان کوشتوە.

کاتژمێر ٠٥:٤٥ ی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦، ١٢ فڕۆکەی سیخۆی ڕوسی بە گازی کیمیایی لە گوندی شێخ وەسانی داوە و لە ئاکامدا، ٢٠٠ ژن و منداڵ و خەڵکی سویلی گوندەکە بە گازی کیمیایی شەهید کردوە و ٧٠ کەسیشی گرتووە و دواتر ئەنفالی کردون. لەو بۆمبارانەدا زریان شێخ وەسانی و ٣٥ پێشمەرگە بریندار بوون و ناوبراو لەگەڵ ١٦ پێشمەرگە کە برینەکانیان قورس بووە، ڕەوانەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراون. وەک خۆی دەڵێت لەوێ نێچیرڤان بارزانی، سامی عبدولڕەحمان و شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە ورمێ سەردانیان کردوە. ناوبراو دوای نزیک بە دوو مانگ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ بالیسان و لە گوندی شلێمک بووە.

ساڵی ١٩٨٨ نادر عەلی هەورامی کراوە بە بەرپرسی لقی دووی پارتی و بە وتەی زریان شێخ وەسانی ناوبراو لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ بە نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی لە گوندی تۆتمە لە ناوچەی بالیسان کۆبووەتەوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٦ هەردوو ڕێکخراو بڕیاردەدەن لە بەرامبەر ئەنفالەکاندا شاری کۆیە بگرن، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان دەگۆڕن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دۆڵی بالیسان، مەلەکان، گەروی گەرەوان، دوڵی ئاکۆیان بپارێزن. لەو بارەیەوە دەڵێت:




- (یەکێتی کەپکی حەمەدئاغا، ئالانە، سەری جوانەگا، دوڵی ئاکۆیانی تا

هەندرێنی لە ئەستۆ گرت و پارتی چیوەوچیوە، چیای هەورێ، چیای موسەک، چیای مل مازی، مۆتە، پانەسەر، کێلی شەربە، دەری زێوە لە چیای ماکۆکی بەرکەوت. ئێمە چووین ناوچەکانی خۆمان گرت و لەوێ ماینەوە، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ بەبێ ئاگادار کردنەوەی ئێمە، شەوی دوایی ناوچەی پێسپێردراویان چۆل کردبوو و چووبوون بۆ دۆڵی باڵەیان و قەندیل. کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ ڕژێمی عێراق هێرشی بۆ کردین، تا ٤ی ئێوارە شەڕمان کرد و دوژمنمان شکاند و پاشەکشەی کرد. هەرچەندە ئێمە زیانی زۆرمان بە دوژمن گەیاند، بەڵام ئەگەر پێشمەرگەکانی یەکێتی لە شوێنەکانی خۆیان مابانەوە، ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی دوژمن دەردەچوون. ئەوکاتە نادر هەورامی کە پێشتر لاقی شکابوو و بە گۆچان دەڕۆیشت، لە ئەشکەوتی شنە لە نزیک چیای ماکۆک بوو. بە بێتەلی دەستی ئاگاداری کردم کە بچمەلای. من بە ٦٠ پێشمەرگەوە چووم. گوتی: "دوژمن خەریکە لە ماکۆکەوە هێرش دەکات و بچۆ سەری ئەو یاڵەم بۆ بگرە" هەڵگورد بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە لەگەڵ ١٠- ١٥ پێشمەرگە و یاسین تەها بەرپرسی ناوچەی ڕەواندز بە ١٠- ١٥ پێشمەرگە لەوێ بوون. من چوومە لایان و ژمارەمان نزکەی ٩٠ پێشمەرگە بوو. دوژمن هات و ئێمە لە گوندی زێوە، بەڕۆژە و سەری دەری زێوە و ماکۆک لێماندان. بۆ ماوەی دە کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو و سەرئەنجام دوژمن پاشەکشەی کرد.)

دوای گەڕانەوەی زریان شێخ وەسانی بۆ ئەشکەوتی شنە، نادر هەورامی بروسکەیەکی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانییان بۆ دەخوێنێتەوە کە بە وتەی ناوبراو نوسیبووی: (پێشمەرگەکان یەک بگرن و بەرەو قەندیل بێن و لەمپەرێک دروست بکەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمن. لە هەمانکاتدا ئەگەر بەشێک لە پێشمەرگەکان بە ویستی خۆیان بە مەفرەزە لە قوڵایی کوردستان بمێننەوە، پێم باشە.)

زریان شێخ وەسانی بە وتەی خۆی لەگەڵ ٢٥ پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٨٩ لە چیاکانی شێخ وەسان دەمێنێتەوە. لە مانگی نۆیەمی ئەو ساڵەدا دەچن بۆ نێو بازاری هەریر و تەقە لە ئوتۆمبێلێکی دەزگای ئەمنی عێراق دەکەن و دوو پۆلیس دەکوژن و ئەنداميکی حیزبی بەعس لەگەڵ خۆیان دێنن لەگەڵ دەمانچەیەک و دوو کلاشینکۆف. ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/١٢ لە کەمینێکدا تەقە لە ئوتۆمبیلێکی سەربازیی دەکەن و ٥ سەرنشینی ئوتۆمبیلەکە دەکوژن و ٥

کلاشینکۆف و ناسنامەی کوژراوەکان لەگەڵ خۆیان دێنن و دەکشێنەوە بۆ دۆڵی شاوەر. بۆ ماوەی حەوتوویەک لەلای سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە دۆڵەڕەقە دەمێننەوە و وەک خۆی دەڵێت جەلیل گادانی و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکردون. ناوبراو دواتر لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی بالیسان و ساڵی ١٩٨٩ دەچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ٢- ١٩٨٩/١٢/١٢ لە هاشم ئاوا و مەرگەوەڕ بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات دەکات. ساڵی ١٩٩٠، لەگەڵ جەمال مورتکە، شەریف ماوەرانی، دڵشاد ماوەرانی، ئاوارە خۆرانی، هێرشەڕەش، نەوزاد ئیبراهیم دەلاشی، ئاودەل بێتواتەیی، چالاک کۆیی و ١١ پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شەقڵاوە. لە دۆڵی بالیسان دابەش دەبن بە چوار مەفرەزەدا. جەمال مورتکە بۆ شەقڵاوە و کۆڕێ، چالاک بۆ کۆیە، ئاودەل بۆ ڕانیە و بێتواتە و مستەفا کەریم بۆ هەریر. ئەو مەفرەزانە بەرپرس دەبن لە گەیاندنی ژمارەیەک نامەی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ کەسایەتییەکان، ڕێکخراوە نهێنییەکانی پارتی و سەرۆک جاشەکان کە خۆیان بۆ هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕاپەڕین ئامادە بکەن.

ساڵی ١٩٩١، مستەفا کەریم وەیسی بەشداریی دەکات لە ڕاپەڕینی ناوچەی هەریر، لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ئێمە لە هەریرەوە بە ئەمری سەرۆک بارزانی لەگەڵ ڕەسوڵ فەقێ و چەند کادیر و پێشمەرگەیەکی زۆر پەڕینەوە بۆ ناوچەی ئاکرێ کە یارمەتی بابەکر زێباری بکەین. ڕژێم هێرشی کردبووە سەر ئاکرێ و ئێمە لێماندان و ئاکرێمان گرت، بەڵام ٧ پێشمەرگەمان شەهیدبوون.)** ناوبراو لە دژە هێرشی ڕژێمدا چووە بۆ بێخمە و لە سارداو چاوی بە ڕێزدار مەسعود بارزانی کەوتووە و بە ئەمری سەرۆک چووە بۆ کۆڕێ و دەڵێت: **(توانیمان بگەینە شەڕی کۆڕێ کە دوژمن شکا و پاشەکشەی کرد و وتووێژی لەگەڵ بەرەی کوردستانی کرد.)**

ساڵی ١٩٩٢ بە دوای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مستەفا کەریم وەیسی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی سەفین و لە هەمان ساڵدا لە هێزی یەکگرتووی پارتی و یەکێتیدا کراوە بە مقەدەم لیوای ٣٢ی هەریر و دواتر فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای ٣٢ی یەکگرتوو لە خەلیفان و سەرئەنجام فەرماندەی فەوجی ٦ی لیوای ٣١ی هەولێر بووە لە کەسنەزان.

ساڵی ١٩٩٤، لە شەڕی ناوخۆدا فەرماندەی فەوجی تایبەت سەربە سوپای هەولێر بووە. لە هەمان کاتدا کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی گوڵان کە جەمال مورتکە بەرپرسی بوە و دواتر کراوە بە جێگری میحوەری بەحرکە کە وەستا یونس فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٧ بەرپرسی جوڵەی سوپای ٨ بووە لە زیارەت و سەفین و ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە فەرماندەی سوپای ٨ و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ٢٠٠٦ گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و کراوە بە جێگری فەرماندەی هەولێر و هەتا ئێستا بە پلەی لیوا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە و ئێستا لە بەرەی شەڕی مەخمور، ناحیەی باقرتە، قەراج، دووبز و چیای قەرەچۆخ لە بەرامبەر تیرۆریستەکانی داعش و دوژمندا بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات.

مستەفا کەریم وەیسی سێ جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە، برایەکی بەناوی جەلال ساڵی ١٩٨٧ لە هەریر شەهید بووە لەگەڵ کوڕێکی بەناوی شاخەوان مستەفا، ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٥ لەلایەن گریلاکانی پ.ک.ک لە هەولێر شەهید کراوە. جگەلە خۆی، باوکی، برایەکی، هاوسەرەکەی و کوڕێکی بە ناوی کامەران بە کیمیایی بریندار بوون و کامەران چاوێکی لەدەست داوە و چاوەکەی تریشی کەم بینایە. بە گشتی ١٧ ئەندامی بنەماڵەکەی لە گوندی شێخ وەسان و شەڕەکانی ناوخۆدا شەهید بوون. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. هەستێکی بەرز و پیرۆزم بۆ دروست بوو کە پتر چالاک بم لە خزمەتکردن بە گەل و نیشتمانەکەم و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی. تا ماوم بە بنەماڵەکەمەوە خزمەت بە ڕێبازی بارزانی دەکەین کە کورد بە مافەکانی بگات.)

## محەمەدئەمین مەلا حاجی مەحمود



محەمەدئەمین مەلا حاجی مەحمود ناسراو بە مەلا محەمەدئەمین گویزلینگی ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی گویزلینگە لە ناوچەی باڵەک سەربە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان، ناوبراو لە هەولێر سەرباز بووە و رایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندی گویزلینگ و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٦١، شێخ سادق بارزانی بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا هاتە گوندەکەمان و پرسیاری لێکردین کە ئایا شەڕ لەگەڵ حکومەت بکەین یان نا. نزیکەی ٧٠ کەس کۆبووینەوە و بەڵێنماندا چەک بکڕین و ئامادە کاریی شەڕ بکەین. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا من چەکم هەڵگرت و بە بڕیاری بارزانی لە شوێنی خۆمان ماینەوە، تا ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢١ کە بە سەرۆکایەتی مەلا تەها شێخ وەتمان بنکەی پۆلیسی گەلاڵەمان چەککرد. بە دوای چەککردنی بنکەی پۆلیسی گەلاڵە، بەرە بەرە حکومەت ناوچەکەی چۆلکرد. مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦١ سوپای عێراق لەگەڵ نزیکەی ٥٠٠ جاش هاتن و ئێمە لە بەرسرین لێماندان. شەڕ دوو ڕۆژ بەردەوام بوو و ئێمە بەرگەمان نەگرت و پاشەکشەمان کرد بۆ دۆڵەڕەقە. ڕۆژی ١٩٦٢/٥/١٩ بارزانی لە بادینانەوە پەڕییەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و ئێمە چووین لە گوندی بێشا بە خزمەتی گەیشتین و خۆمان پێ ناساند. شەوی دووەم بارزانی منی بە نوێنەرایەتی خۆی نارد کە بچم پێشوازیی لە عەزیز خانی موهاجیر بکەم کە بە ٧٠ چەکدارەوە هات و پەیوەست بە شۆڕش بوو، چووم ئەوانم لە گەرووی زەوەر بینی و لەگەڵ خۆم هێنامن بۆ خزمەت بارزانی و بەڕێزیان سوپاسی منی کرد.)




مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی لەگەڵ هێزەکەیان دەچن بۆ سەرکەپکان کە لەگەڵ هێزەکانی هەباسی مامەند ئاغای یەک بگرنەوە کە لە تێکهەڵچوونێکی بەهەڵەدا لەسەر پردی حافز تەقە لە یەکتر دەکەن و لە ئاکامدا نەبی سەرئاسن یەکێک لە فەرماندەکانی بارزانی شەهید دەبێت. بە دوای ئەو تێکهەڵچوونە بە هەڵەیەدا وەک خۆی دەڵێت دەچن قشڵەی ڕایات گەمارۆ دەدەن و دوای ٢٥ ڕۆژ قشڵەکە چەک دەکەن. دوای چەککردنی قشڵەی ڕایات دەچن بۆ سیدەکان و بەشداریی شەڕی سۆفییەکانی لۆلان دەکەن و وەک خۆی دەڵێت چەکدارە سۆفیەکانیان تا سنوری ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕاوناوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە دوای ئەو شەڕەدا من کرام بە ئەندامی بەشی سەربازیی ناوچەی باڵەک. سۆفیەکان بۆ جاری دووەم بە ئێران و تورکیادا گەڕانەوە، بەڵام ئێمە بە فەرماندەیی عوبەیدوڵا بارزانی کوڕی سەرۆک لێماندان و سەرلەنوێ پاشەکشەمان پێکردن.)**

ڕۆژی ١٩٦٢/١١/٢٢ عەزیز ئاکرەیی کراوە بە فەرماندەی هێزی باڵەک و مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی بە فەرماندەیی کەکۆ مەلا عەلی گەڕاونەتەوە بۆ دەرگەڵە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا کە وتوویژ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق بەڕێوەچوو، ناوبراو ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەک بووە و گواستراوەتەوە بۆ گەلاڵە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو ناوچەیە بووە و وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی گۆڕەز، هەندرێن، زۆزک و گەروی عومەرئاغای کردوە. هەرلەو ساڵەدا کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، گواستراوەتەوە بۆ بەشی سەربازیی مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان. ساڵی ١٩٧٣ کە پارتی دیموکرات ئۆرگانەکانی ڕێکخستەوە، مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی گواستراوەتەوە بۆ بەشی دادوەریی حیزب کە وەک

خۆی دەڵێت زەید ئەحمەد ئەفەندی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە شنۆ و لە کۆمەڵگای نەڵیوان بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەوڵاوا لە سنە و دواتر بردویانە بۆ ئیسفەهان. وەک خۆی دەڵێت لەوێ بەرپرسی ڕێکخراوی پەنابەران بووە.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"دا بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی کردوە. بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا وەک خۆی دەڵێت بە ئەمری سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ٢٥٠٠ بنەماڵەی پێشمەرگە لە شارەکانی ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدە جێگیر بووە. وەک خۆی دەڵێت دوای پێکهاتنی لقەکان کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی باڵەک و نەجمەدین گورۆنی کراوە بە بەرپرسی لیژنەکە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨١دا بە ئەندامی لقی دووی هەولێر هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٨٨ لەو لقەدا بووە و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لە لقی دوو بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و لەوێ بریندار بووە و بۆ چارەسەریی برینەکەی گواستراوەتەوە بۆ تەورێز. دوای سارێژ بوونی برینەکەی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و کراوە بە ئەندامی بەشی دارایی حیزب. ساڵی ١٩٨٩ بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات لەگەڵ فایق تۆفیق چووە بۆ قاسمەڕەش و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوێ بازگەی گومرگی هاوبەشیان داناوە. ساڵی ١٩٩١، مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ هێزێک گەڕاوەتەوە بۆ دیانا و لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووەتە هەولێر وەک خۆی دەڵێت لە مەلا ئۆمەر بووە و گواستویانەتەوە بۆ لقی دوو کە عومەر عوسمان بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٩٣ لە لقی دوودا بووە و لەو ساڵەدا کە پارتی دیموکرات لقی دەی سۆرانی پێکهێنا، ناوبراو لەگەڵ عومەر عوسمان گواستراوەتەوە بۆ لقی ١٠ی سۆران و کراوە بە کارگێڕی لق. ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول پێکهات، مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلول لە سۆران و ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای بالای ئەیلول کە ناوەندەکەی لە شەقلاوەیە و هەتا ئێستا لەو دەزگایەدا بەردەوامە. ناوبراو وەک خۆی دەڵێت بەشداریی کۆنگرەکانی ٧ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم و میدالیای بارزانی بە شانازیی دەزانم. تەنانەت ئەگەر میدالیاش نەبووایە من خزمەتکاری ڕێبازی بارزانیم و بۆ سەرکەوتنی تێدەکۆشم.)

## بەختیار ڕەسوڵ حاجی



بەختیار ڕەسوڵ حاجی ناسراو بە بەختیار هەڵشۆیی ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی هەڵشۆ لە قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی هەڵشۆ و ناوەندیی لە قەڵادزێ خوێندوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە گوندی ئاڵوەتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە میراوێ، نەغەدە و شنۆ لە ماڵی خزمانی ماوەتەوە. ڕۆژی ١٩٧٦/٩/٢٠ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە قەندیل کە ساڵح یوسفی سکرتێری بووە و ساڵی ١٩٧٩ لە گوندی شێنێ لەسەر سنوری باشور بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەنجەی دەستی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٣ لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە سەنگەری گواستوەتەوە بۆ ڕیزەکانی پارتی دیموکرات و لە قاتعی چواری ئاڵوەتاندا کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی جوتیارانی پشدەر. ساڵی ١٩٨٧ بەدوای پێکهاتنی ئاشتی لەنیوان هێزەکانی کوردستاندا کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و ساڵی ١٩٨٨ بە فەرماندەیی ٥٠ پێشمەرگە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە. لە هەمان ساڵدا کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ.





ساڵ ۱۹۹۱ بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لەگەڵ لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ- ڕانیە، تا گرتنی کەرکوک چووە و لە کۆڕەوەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ قەڵادزێ. لە وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراق، ناوبراو لە ئەرکی خۆیدا لە ناوچەی قەڵادزێ بەردەوام بووە. لە شەڕی یەکەمی ناوخۆدا، ساڵی ۱۹۹٤ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لقی ۱۱ی پارتی لە ڕانیە و لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا لەگەڵ لق و لیژنەی ناوچەی ڕانیە، هاتوون بۆ شەقڵاوە و لەوێ جێگیر بوون. ساڵی ۲۰۰۰، ناوبراو کراوە بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە لە مەسیف سەلاحەدین و هەتا ئێستا بە پلەی عەمید لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

بەختیار ڕەسوڵ حاجی بەشداریی کۆنگرەکانی ۱۰ تا ۱۳ی پارتی دیموکراتی کردوە. برایەکی بەناوی ئەحمەد ڕۆژی ۱۹۸۹/۱۰/۱۰ لە سنوری نێوان شنۆ و باشوری کوردستان و ئامۆزایەکی بەناوی مرۆت حەسەن ساڵی ۱۹۹٤ لە قەڵادزێ شەهید کراون. ناوبراو ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱۵ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میداليای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاتێ کە میداليام وەرگرت، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە زمانم توانای گێڕانەوەی نییە، من پاداشی بەرهەمی ڕۆژانی خەبات و بەرخۆدانم وەرگرت. نەک من بەتەنیا، بەڵکوو کەسوکاریشم بە وەرگرتنی میداليای من خۆشحاڵن و شانازیی پێوە دەکەین.)**

# عوسمان حەمە حەمە ڕەحیم




عوسمان حەمە حەمە ڕەحیم ناسراو بە عوسمان چاوڕەش ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی بەڵخە لە ناوچەی هەورامان لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان. ساڵی ١٩٦١ پۆلی سێیەمی ناوەندیی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی بەڵخە چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە شێخ محەمەدئەمین شێخ عەبدوڵا بەرپرسی بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (کە بووم بە پێشمەرگە، ١٦ پێشمەرگە بووین. پلانیان دانا کە پۆلیسەکانی تەوێڵە، بیارە و سۆسەکان چەک بکەن. پۆلیسەکانی ئەو سێ شوێنە، جگەلە فەرماندە و چوار پۆلیس کە خەڵکی سلێمانی بوون، بە تێکڕا کورد و خەڵکی ناوچەکە بوون. ئێمە پۆلیسەکانی خەڵکی سلێمانیمان ڕەوانەی شارەکەیان کردەوە و ئەوانی تر لەگەڵ خزم و ناسیاوەکانیان بە چەکی خۆیان بوون بە پێشمەرگە و ژمارەی ئێمە چووە سەرووی ١٠٠ پێشمەرگە کە چوار پەلیان لێ دروست کرد. پەلی یەک ساڵحی عەبدوڵای باموڵکی، پەلی دوو حاجی موشیر کۆکۆیی، پەلی سێ حەمەی هەورامی و پەلی چوار مەحمود بەگ و من کرام بە بەرپرسی سیاسی پەلی چوار و تا کوژرانی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣دا من بەرپرسی ڕێکخراو بووم.)

هاوکات لەگەڵ کوژرانی عەبدولکەریم قاسم بە دوای کودەتای مانگی ٢ی ساڵی ١٩٦٣، عوسمان چاوڕەش بەشداریی شەڕی زەڵێی کردوە و دەڵێت سێ سەربازمان بە بریندارییی بەدیل گرت. لە وتووێژەکانی نێوان بارزانی و ڕژێمی بەعسی عێراقدا، ناوبراو لەگەڵ ڕێکخراوەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ناو شاری هەڵەبجە و سەید سادق و کراوە بە بەرپرسی ئینزبات و دابەشکردنی

پێشمەرگە بەسەرماڵەکاندا. ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات جیابووەوە و چوون بۆ ئالانی سەردەشت، ناوبراو لەگەڵ تارق ئەحمەد و قادرە سووە کە سەرلق بووە، چووەتە ڕانیە و بە خزمەت بارزانی گەیشتوە و بەیانی ڕۆژی دوایی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکەی و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(دوای گەڕانەوەم بۆ ناوچەکەم میرۆ لەگەڵ هێزێک هات و من وەک شارەزا لەگەڵیان چووم بۆ سەرتک. فازل تاڵەبانی لەوی سەرلق بوو. لە شەڕی جەلالییەکاندا سێ پێشمەرگەی ئێمە بەناوەکانی ڕەشەی ساڵحە سەرپەل، سەید فەرەج و ڕئوف کە جێگری سەرپەل بوو، شەهید بوون و ٧ پێشمەرگەی میرۆش بریندار بوون.)**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە عوسمان چاوڕەش لەگەڵ سەید محەمەد و سەید عەلی حافز کە هاوکاری عەبدولوەهاب ئەتروشی بوون، لەگەڵ ٢٠ پێشمەرگە ڕەوانەی چیای ئەزمەڕ لە ناوچەی سلێمانی کراوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەوێ فیرقەی ٥ ی سوپای عێراق بە هاوکاریی کۆمەڵێک جاش هێرشیان کردە سەر گۆیژە و ئەزمەڕ و ئێمە لەگەڵ چەند لقی تری پێشمەرگە کە لەوێ بوون بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ شەڕمان لەگەڵیان کرد، بەڵام ئەوان شاخەکانیان گرتەوە و پێشمەرگەیەکی هاوڕێم بە ناوی سابیر کە خەڵکی هەولێر بوو، شەهید کرا و پێشمەرگەیەکیش بەناوی عەلی ساڵح بریندار بوو. بە دوای ئەو شەڕەدا عەبدولوەهاب ئەتروشی لە ڕێکخستنی نوێدا کرا بە فەرماندەی هێزی خەبات و من لەگەڵ ئەو مامەوە.)**

ساڵی ١٩٦٦ کە جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی بە دژی شۆڕشی ئەیلول و پێشمەرگە چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرت، عوسمان چاوڕەش کراوە بە سەرپەل و بەشداریی شەڕەکانی هەڵەبجە، شارەزوور، پێنجوێن و قەرەداغی کردوە و وەک خۆی دەڵێت جار جارەش کەمینیان بۆ دوژمن داناوە و لە زەمەقی توشی شەڕ لەگەڵ جەلالییەکان بوون و لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی فەتاح بەمۆیی شەهید بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، عوسمان چاوڕەش لە فەوجی ٧ی پاسەوانی سنوری شلێر کە تاهیر عەلی وەلی بەگ فەرماندەی بووە، لە کۆگای ئەرزاق دا کاری کردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ هێزی خەبات، وەک خۆی دەڵێت هێزی خەبات کراوە بە دوو هێز و هێزێکی بەناوی زمناکۆ بە

فەرماندەیی جەمال نامیق لێ جیاکراوەتەوە کە مقەڕەکەی لە تەوێڵە بووە و هێزی خەباتیش بە فەرماندەیی فەتاح ئاغا ماوەتەوە. عوسمان چاوڕەش لە هێزی تازە دامەزراوی زمناکۆدا ئەرکی بەرپرسی سەربازیی لقی یەکی لە بەتالیۆنی ٤ بە فەرماندەیی حوسێن بەگی جوانڕۆیی دراوەتێ و لەو ئەرکە نوێیەدا بەشداریی شەڕی گۆڕەزی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بە دوای شەڕی گۆڕەزدا چووین بۆ هاودیان و بەشداریی شەڕی گەرووی عومەرئاغامان کرد. لەوێ لە فڕۆکەیەکمان دا و فڕۆکەکە لە بەرسرین کەوت. مستەفا نێروەیی فەرماندەی بەتالیۆن بوو. من وەک بەرپرسی سەربازیی بووم و هاوکاری مستەفا نێروەییمان دەکرد و توانیمان هێرشی سەربازیی سوپای عێراق تێکبشکێنین. بە دوای ئەو شەڕەدا ئێمە گەڕاینەوە بۆ هەورامان، بەڵام سەرلەنوێ داوایان کرد ئێمە بچین بۆ ناوچەی ئازادی گەڵاڵە. چوار لق بووین، پێداویستییەکانمان لەلایەن کاک ئیدریسەوە دابین دەکرا و هێرشمان کردە سەر هێزەکانی دوژمن لە سەرتیز و سەرتیزمان گرت. عوسمانی عەلی چەتوون، عەلی لاوەرانی، سەباحی حەمید سەعید بەگ فەرماندەی ئەو چوار لقە بوون و ستاری سەعید خەلەف بە ٢٠ پێشمەرگەوە جێگری بەتالیۆنی بەمۆ و چاودێر بوو بەسەر ئێمەدا. لەو شەڕەدا سەهۆڵمان شکاند و لە ناو سەهۆڵدا بووین و دەستمان تفەنگی نەدەگرت. بڕیار بوو عەبدوڵا ئاغای پشدەری بە ٦٠٠ پێشمەرگە بێت چیاکەمان لێوەرگرێ، بەڵام نەهات و ئێمەش نەمانتوانی چیتر خۆمان لەبەر سەما ڕاگرین و گەڕاینەوە. کاک ئیدریس ڕەخنەی لێمانگرت و ئێمەش دۆخەکەمان بۆ ڕوون کردەوە و گوتمان عەبدوڵا ئاغا دەبووایە کاتژمێر ١٨:٠٠ چیاکەمان لێوەربگرێت، ئێمە تا کاتژمێر ٢٠:٠٠ ماینەوە، بەڵام ئەو نەهات و ئێمەش لە سەرمادا خۆمان بۆ ڕانەگیرا. لە بەرامبەردا عەبدوڵا ئاغا ٧ چەکی خەڵات کردین و دوای ٥٢ ڕۆژ گەڕاینەوە.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عوسمان چاوڕەش گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بەڵخە لە قەرەداغ و لەگەڵ ٤٥ بنەماڵە چوون بۆ گوندی هێروێ لەنێوان نەوسود و پاوە و لەوێوە گواستراوەنەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و لەوێشەوە دوای ٦ مانگ عوسمان چاوڕەش براوە بۆ تەورێز و وەک خۆی دەڵێت لە ئیدارەی ژینگەی تەورێز دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٨ لە سەردەمی خۆپێشاندانەکانی ئێراندا بە دژی ڕژێمی پاشایەتی، ناوبراو پێوەندیی بە نادر عەلی هەورامییەوە کردوە و بە ئەمری ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئەکرەم

سۆفی و حەیدەر عەبدولعەلی چوون بۆ سنە و ١٠٠ تفەنگی ژ٣ و ١٨ هەزار فیشەکیان وەرگرتووە. ناوبراو ئەو چەک و تەقەمەنییەی لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەناوەکانی حەمدی داریانی و ڕئوف فەتاح بە قاچاخ بەناو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکراتدا گەیاندوەتە نادر هەورامی لە شاخی دزڵی. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بە دوای ئەو مەئموریەتەدا، ئەکرەم سۆفی و حەیدەر عەبدولعەلی چوونەوە لای ڕژێمی عێراق و لیستەی چەک و تەقەمەنی وەرگیراوەکەیان دا بە بەرپرسانی عێراق و ئەوانیش بەشێوەی غیابی سزای ئیعدامیان بەسەر مندا سەپاند.)**

عوسمان چاوڕەش بەرلە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات وەک خۆی دەڵێت لەلای نادر هەورامی پێشمەرگە بووە و هاوسەر و منداڵەکانی لە تەورێزەوە گواستوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەوانسەر و لەگەڵ نادر هەورامی و ١٣ کادیر و پێشمەرگە چووەتە زێوە و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨١ بەشداریی چەندان کەمینی لە ناوچەکانی شارەزوور، تەپی سەفا، کوڵکین، سیروان و هەڵەبجە کردوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی دوژمن لە سێ تەپە و بە وتەی خۆی دوژمنیان لە هەرسێ تەپە پاک کردوەتەوە. ساڵی ١٩٨٣ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دەربەندیخان بووە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ لقی چواری سلێمانی کە قادر قادر بەرپرسی بووە، بەشداریی کردوە لە گرتنی کەرکوک و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە هێرشی یەکەمدا نەمانتوانی کەرکوک بگرین و گەڕاینەوە. کاک نێچیرڤان، حەمەی حاجی مەحمودی، قادر قادر، دەروێش ئاغا، ئازاد قەرەداغی کۆبوونەوەیان لەگەڵمان کرد و بڕیاریاندا دووبارە هێرش بکەینەوە سەر کەرکوک و ئەم جارەیان کەرکوکمان گرت، لە فڕۆکەخانەی کەرکوک دوو هێلیکۆپتەرمان گرت، بەڵام نەمانتوانی کەڵکیان لێوەربگرین. لە شەڕی بەعسیەکاندا حسک و یەکێتی بە فەرماندەیی شەوکەتی حاجی موشیری و حەمدی حاجی موشیرمان بە هێزەکانیانەوە لەگەڵ بوون. لە شەڕی سەربازگەی خالیدیەی کەرکوک ٢٩ پێشمەرگەمان لێ بەجێما و منیش ڕانی چەپەم بریندار بوو. هەروەها لە پاشەکشەکەدا ١١ پێشمەرگەی بریندارمان لەگەڵ خۆمان هێنایەوە بۆ سلێمانی. لە ڕەوەکەدا چووین بۆ چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر و دواتر بۆ بەڵخە کە کاک نێچیرڤان لەوێ بوو.)**

ساڵی ١٩٩١، بەدوای سارێژبوونی برینەکەی، عوسمان چاوڕەش کراوە بە بەرپرسی دارایی لقی ٤ و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سوپای چوار کە دەروێش ئاغا فەرماندەی بووە و کراوە و بەرپرسی دارایی سوپای چوار. ساڵی ١٩٩٢ کە هێزی هاوبەش لەنیوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا پێکهات، ناوبراو کراوە و بەرپرسی دارایی و ئەندامی ڕێبەرایەتی سلێمانی لە هێزی هاوبەشدا. ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە ئەندامی سوپای ڕزگاری بە فەرماندەیی نوری حەمەعەلی و ساڵی ١٩٩٤، لە شەڕی ناوخۆدا لەگەڵ فایق تۆفیق "فایقە ڕەش" سلێمانی بەجێهێشتوە و چووەتە هەڵەبجە و ئەحمەد ئاوا کە فەرەیدون جوانڕۆیی، نادر هەورامی، نوری حەمەعەلی و محێدین ڕەحیم بە هێزەکانیانەوە لەوێ بوون. ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا، چووەتە هەولێر و کراوە بە ئەندامی فەرماندەیی سلێمانی و کەرکوک و ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١١ لەگەڵ دامەزرانی دەزگای ئەیلولی باڵا، کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلولی باڵا لە شەقڵاوە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. عوسمان حەمە حەمە ڕەحیم چوار جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی زەڵم، ساڵی ١٩٦٩ لە هەڵەبجە، ساڵی ١٩٨٨ لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ساڵی ١٩٩١ لە گرتنی کەرکوک. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دڵم زۆر خۆش بوو، چاوەڕوان بووم زوتر لەوە میدالیای بارزانی وەرگرم، چونکە من لە شۆڕش دانەبڕاوم و لە یەکێتی قوتابیانەوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ بە ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی پێشمەرگە بووم. میدالیای بارزانی جێگەی شانازیی منە و شانازیی پێوە دەکەم.)**

## محەمەد ڕەمەزان کامەران



محەمەد ڕەمەزان کامەران ناسراو بە حەمەی ڕەمەزان، ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی تەپەکوڕە لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە، لە تەمەنی ٦ ساڵیدا چووەتە حوجرەی فەقێیان و زانستی ئیسلامی خوێندوە و دوای کرانەوەی خوێندنگە لە گوندەکەیان لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦٤ خوێندنی ناوەندیی تەواو کردوە. ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/٢٨ پێوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگە لە لقی بیارەی پارتی دیموکرات کردوە کە کەمالی ئەحەروش بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٥ کراوە بە سەردەستەی پەلی یەکەمی لقی بیارە لە بەتالیۆنی ٧ ی هێزی خەبات. وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی قەرەداغ، هەڵەبجە و سەید سادقی کردوە. ساڵی ١٩٦٨ کراوە بە جێگری سەرپەلی یەکەمی لقی بیارە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، حەمەی ڕەمەزان بە پلەی پێشمەرگایەتی لە ماڵی خۆی بووە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی پێشووی کە سەرپەل بووە و بەشداریی شەڕەکانی چەرمەگا، دەربەندیخان، حەسەن بەگ و زۆزکی کردوە و لە شەڕی زۆزکدا بریندار بووە.




ساڵی ١٩٧٥ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لقی بیارە و هەرلەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو گەڕاوەتە بۆ گوندەکەیان و وەک خۆی دەڵێت لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٥دا سەرلەنوێ لەگەڵ حکمەت مەلا عەلی، مەلا عارف و حەمەدمین فارس دەستیان کردوەتەوە بۆ ڕێکخستنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی و لە مانگی شەشەمی ساڵی ١٩٧٦ ڕایکردوە و چووەتە چیای سورێن و لەگەڵ حەوت کەسی تر کە دواتر بوون بە ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک: شەوکەتی حاجی موشیر، خولە کەشکۆڵ، تۆفیق ڕەعنا، حامی حاجی غالی، محەمەدی حاجی مەحمود و عەلی شیعە لە چیای سورێن ماوەتەوە. وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٧٨ هیچ ناوێک لە یەکێتی نیشتمانی نەبووە و هەموو پێکەوە بوون، بەڵام ساڵی ١٩٧٨ کە نادر عەلی هەورامی وەک بەرپرسی ناوچەی شارەزوور و هەورامان چووەتە ناوچەکەیان، پێشمەرگەکانی پارتی لە دەوری ئەو کۆبوونەوتەوە. لەو ساڵەدا حەمەی ڕەمەزان کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی نەوڕۆڵ لە سنوری سورێن- هەورامان و وەک خۆی دەڵێت یەکەمین بنکەیان لەوێ داناوە. هەر لەو ساڵەدا حەمەی ڕەمەزان کراوە بە فەرماندەی کەرت. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە مانگی سێی هەمان ساڵدا بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتیمان و هەڤاڵ نادر هەورامی کە ئەوکات بەرپرسی لق بوو، گەیشتمە لای شەهید قادری حەمە ساڵح بۆ ئاشتکردنەوەی شەهید قادر و کاک یاروەیس لە سنووری شەمیران و تاوگۆزی، لەو ڕۆژەدا ١٩٧٨/٣/٢٣ لە گوندی مۆرتکە و بانی بۆڵان تووشی شەڕ بووین و بە هەماهەنگی لەگەڵ شەهید قادر حەمە ساڵح داستانێکی بێوێنەمان تۆمار کرد کە لەو داستانەدا ١٠ سەرباز و مولازمیک بە ناوی علی تکریتی کوژران و کەلاکەکانیان کەوتنە دەستمان، بەڵام بە داخەوە**

**دوو پێشمەرگەی قارەمانمان بە ناوەکانی حەمە عەزیز حاجی مەحمود و جەبار مۆرتکەیی شەهید بوون.)**

ساڵی ١٩٨١، بەهۆی کێشەی ناوخۆیی پێشمەرگەکان، محەمەی ڕەمەزان لە لقی یەک تۆراوە و خەریکبووە دەست لە کاری پێشمەرگایەتی لە پارتیدا هەڵگرێت، بەڵام بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە کەرەج و لەوێ کاک ئیدریس پێی گوتووە من ناتوانم دەست لە کارکێشانەوەکەت قبووڵ بکەم و بچوو بۆلای کاک مەسعود، لەو بارەیەوە دەڵێت: **(چووم بۆ ڕاژان و دوو مانگ لەوێ مامەوە و لە ساڵی ١٩٨٢وە بە فەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی کرام بە فەرماندەی هێزی شارەزوور.)**

ساڵی ١٩٨٥، حەمەی ڕەمەزان کراوە بە ئەندامی لقی ٣ و بەرپرسی ناوچەی قەرەداغ و وەک خۆی دەڵێت لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦دا بە دوای ڕێککەوتنی کاک ئیدریس و مام جەلالدا چوون بۆ جەعفەران و لەوێ بنکەی ناوچەی قەرەداغیان داناوە و لەگەڵ یەکیتی نیشتمانی و سۆسیالیست و حزبی شیوعی لە مانگی ١١ بۆ ١٢ی هەمان ساڵ توانیویانە سنووری شارۆچکەی قەرەداغ بخەنە دەست شۆرش و کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(من خۆم یەکیک بووم لە فەرماندەکانی ئەو بەرەیە، قادر قادر کارگێڕی لق و فەریدون جوانرۆیی بەرپرسی ناوچەی خانەقین بوو.)** ساڵی ١٩٨٧، ناوبراو سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی چوار و کراوە بە بەرپرسی بەشی سەربازیی لق و ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی ٥٢ ڕۆژەی خواکورکی کردوە.

دوای کیمیابباران و ئەنفالی ناوچەی بادینان لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی دزڵی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاخی سورێن بووە. ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین خەڵکی باشوری کوردستان بە هێزێکەوە لەگەڵ قادر قادر و ئەندامانی بەرەی کوردستانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بەشدار بووە لە گرتنی کەرکوکدا. لە دژە هێرشی ڕژێمی عێراقدا بۆسەر کوردستان پاشەکشەیان کردوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ ماونەتەوە. ساڵی ١٩٩٢ کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات و دواتریش هێزی هاوپەیمان لەنێوان پارتی و یەکێتیدا پێکهات، حەمە ڕەمەزان کراوە بە ئەندامی عەمەلیاتی هێزی هاوپەیمان لە ناوچەی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٤ فەرماندەی هێزی شارەزوور بووە و ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە بەرپرسی عەمەلیاتی سوپای ڕزگاری و ساڵی ١٩٩٨ ئەرکی جیگری سوپای ڕزگارییان لە سلیمانی

داوەتێ و ساڵی ١٩٩٩ بە پلەی لیوا کراوە بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی یەکەی ٤٨ سلێمانی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

حەمەی ڕەمەزان وەک خۆی دەڵێت چوار جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. برایەکی بەناوی مەحمود ڕەمەزان بۆ ماوەی ٦ مانگ لە ساڵی ١٩٧٨دا لە زیندانی ڕژێمی بەعسدا بووە. وەک خۆی دەڵێت براکەیان لە زینداندا بە پەنکە هەڵواسیوە و لە پەنکەکە کەوتووەتە خوارێ و پشتی شکاوە و ئازادیان کردوە، بەڵام دوای ٦ مانگ مانەوەی لە گەچدا بە کەمئەندامی ماوەتەوە و دوای ١٠ ساڵ کۆچی دوایی کردوە. هەروەها وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرەکەی بە دوو منداڵەوە گیراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی ڕژێمی عێراقدا بووە. ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە وامزانی بارزانی خۆی زیندوو بووەتەوە. خۆشحاڵم کە هەڵگری ڕێبازی بارزانیم و خزمەتی کورد و کوردستان دەکەم و خۆشحاڵم کە کاک مەسعود توانیویەتی جێی بارزانی گەورە پڕ بکاتەوە.)

## عەلی عەبدولکەریم فەرەج



عەلی عەبدولکەریم فەرەج ناسراو بە مەلا عەلی زمناکۆ ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی زمناکۆ لە ناحیەی سیراون لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٤ خوێندنی سەرەتایی لە هەڵەبجە خوێندوە. ساڵی ١٩٦٦ چووە بۆ گوندی ئەبابەیلە و تا ساڵی ١٩٦٧ لەلای مامۆستا مەلا ساڵح قادر زانستی ئیسلامیی خوێندوە و لەو ساڵەدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی خەبات کە عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٦٨ لە لقی سەربازیی نەوڕۆڵییەکاندا بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی ٦ی سەرتەک لە بەمۆ و دواتر داویانە بە لقی گەرمیان لە نزیک خانەقین کە سەربە بەتالیۆنی ٦ بووە. لەو ماوەیەدا بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی وەک شەڕی شاری هەڵەبجە، شەڕی شاخی بەمۆ لە سەرتەک، چەککردنی سەربازگەی قۆرەتوو لە ناوچەی خانەقینی کردوە.




ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، مەلا عەلی زمناکۆ لە ئەرکی خۆیدا ماوەتەوە و ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بەشداریی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ناوپردان کردوە و بە دوای کۆنگرەی هەشتەمدا کراوە بە بەرپرسی سیاسی لقی گەرمیان لە ناحیەی قۆرەتوو. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ هەڵەبجە و کراوە بە سەرلقی هێزی پشتیوان لە بەتالیۆنی هێزی زمناکۆدا و بەشداریی شەڕەکانی بانیخێڵان و سەربازگەی چنارەی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مەلا عەلی چووەتە شۆشمێ لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ئەنزەل لە زوهاب و لەوێشەوە بردراوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و دواتر لە کۆمەڵگای سەرابلە لە کامیاران نیشتەجێ کراوە و سەرئەنجام گواستویانەتەوە بۆ جهروم. لەوێ لە فێرگەی پەروەردەی کاردا خولی باتری سازیی خوێندوە و بە دوای کۆتایی خولەکەی بردویانە بۆ تاران کە کار بکات و خۆی بژێنێت. وەک خۆی دەڵێت لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە کەرەج و لەوێوە ڕەوانەی ناوچەی پاوە کراوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من چووم بۆ عەزیمیەی کەرج، محەمەدی مەلا قادر، فرەنسۆ هەریری، یونس ڕۆژبەیانی لە ماڵی کاک ئیدریس بوون. کاک ئیدریس گوتی: "چەند پێشمەرگەیەک لە سنوری هەڵەبجەن و پێمخۆشە بچی هاوکارییان بکەی. ئێمە مام جەلالمان لە سوریا دیوە و قسەمان لەگەڵی کردوە و دەمانەوێ بەرەی کوردستانی پێکبهێنین." من چووم بۆ گوندی مەیگۆڕە لە نزیک پاوە و بەهۆی خزمەکانمەوە خۆم گەیاندە گوندی لاوەران لە نزیک هەڵەبجە.)**

مەلا عەلی زمناکۆ لەگەڵ شێخ عەلی "خولە کەشکۆڵ"، شەوکەتی حاجی موشیر، حەمەی حاجی مەحمود، حامیدی حاجی خالید لە ناوچەی هەورامان بووە و دەڵێت: **(ئەوکاتە یەکێتی نەبوو. هەموو پێشمەرگەکان پێکەوە بووین و پێکەوە بەشداریی کەمینی گریانەمان کرد و لەنێوان گریانە و شۆشمێدا سێ کلاشینکۆفمان دەستکەوت.)**

مەلا عەلی زمناکۆ دواتر لەگەڵ پێشمەرگەکان کێشەی لێ پەیدا بووە و وەک خۆی دەڵێت ئەوانی بەجێهێشتوە و چووەتە ناوچەی بەمۆ و تاوەگۆزی و لەگەڵ چەند کۆنە پێشمەرگەی ناوچەکە مەفرەزەیەکی گەڕۆکیان پێکهێناوە و لە سەرتەک یەکەم تەقەیان لە هێزێکی دوژمن کردوە و لە ڕاگەیاندنێکدا بڵاویان کردوەتەوە کە شۆڕش دەستی پێکردەوە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٩ لە ناوچەی بەمۆ ماوەتەوە و دەڵێت لەو ماوەیەدا بە گوێرەی هەلومەرج لەنێوان ٧- ٢٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بووە. دوای هاتنی نادر هەورامی و ئازاد بەرواری بۆ ناوچەی هەورامان، مەلا عەلی زمناکۆ ساڵی ١٩٧٩ چووە بۆ ڕاژان و بۆ ماوەی سێ مانگ خولی چەکی قورسی بینیوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی جوانڕۆ. ساڵی ١٩٨٠ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی ئاوارە.

ساڵی ١٩٩١، مەلا عەلی زمناکۆ لە ناوچەکانی کەلار و بەمۆ بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و بە دوای ڕاپەڕیندا کراوە بە فەرماندەی هێزی خەبات و دواتر کراوە بە ئەندامی قیادەی کەرکوک لە هێزی هاوبەشی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە بەکرەجۆ. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا ئەرکی بەرپرسایەتی ناوچەی شەمیرانیان داوەتێ و دواتر کراوە بە ئەندامی سوپای ڕزگاری لە هەڵەبجە. ساڵی ١٩٩٦، لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا کراوە بە فەرماندەی سوپای گەرمیان و ساڵی ١٩٩٨ بووەتە کارگێڕی لقی ٣ی کەرکوک و بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری. ساڵی ١٩٩٩ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین کە بروسک نوری شاوەیس بەرپرسی بووە.

ساڵی ٢٠٠٠، مەلا عەلی زمناکۆ فەرماندەی سلێمانی-کەرکوک بووە و ساڵی ٢٠٠٥ کراوە بە فەرماندەی سلێمانی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا شانی ڕاستەی بریندار بووە. دایکی و سێ برای و دوو خوشکی لەگەڵ ٨ برازا و دوو برازنی ساڵی ١٩٨٨ لە تەوێڵە


گیراون و ئەنفال کراون. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٨، ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بارزانی سەرکردەیەکی کورد و کوردپەروەر و خزمەتکاری نەتەوەی کورد بوو، من شانازیی بە میدالیای بارزانی دەکەم و هیوادارم بەردەوام بم لە خزمەتکردن بە کورد و ڕێبازی بارزانی.)

## نەجدەت ناجی عەباس



نەجدەت ناجی عەباس ناسراو بە نەژدە ڕەش ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکوک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە کەرکوک خوێندوە و ساڵی ١٩٦٦ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە کە بەرپرسەکەی مەجید باقلاوەچی بووە. ساڵی ١٩٦٩ بە سەرباز گیراوە و دوای چوار مانگ لە سەربازیی ڕایکردوە و چووەتە سەنگاو و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئەحمەد نەعیمی خاڵم لەلای ڕەشید عارف کادیری لقی سێ بوو. من چوومە لای خاڵم و بووم بە پێشمەرگە لە لقی ٣ دا.)




ســاڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازار مــۆر کــرا، ناوبراویــان گواستوەتەوە و بۆ فەوجی یەکی زۆزک کە بـرایم پێـداوی بەرپـرس و مـولازم یــونس ڕۆژبەیــانی فەرمانــدەی بەتـالیۆنی دووی زۆزک بـووە. سـاڵی ١٩٧٢، نەژدە ڕەش خــولێکی ســێ مـانگەی ئەنـدازیاریی سـەربازیی لە بەشــی دانــان و هەڵگـرتنەوەی مـین لەلای ڕائید یوسف لە ناوپردان بینیوە و دواتــر گەڕاوەتەوە بــۆ بارەگــای بەتـالیۆن لە گەروی بێشــێ. سـاڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمـی عێـراق شـەڕی بەدژی گەلی کوردی هەڵگیرساندەوە، ناوبراو بەشداریی شەڕەکانی سەرتیز، زۆزک، گۆڕەز و گەرووی عومەرئاغای کردوە. ساڵی ١٩٧٥ بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە تەوێڵە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە. وەک خۆی دەڵێت دوای ٦ مانگ لەگەڵ نادر هەورامی گواستراوەتەوە بۆ شاری موغان لە پارێزگای تەورێز. ١١ مانگ لەوێ بووە و وەک خۆی دەڵێت بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی ئیمامی لە پشــت هەڵەبــجە و لەگەڵ مەلا عەلــی مەلا عەبـدولکەریم "مەلا عەلــی زمناکۆ" لە ناوچە یاساخکراوەکان "محەرەمە" بووە. ساڵی ١٩٧٧ چووەتە لای نادر هەورامی و بۆ ماوەی سێ مانگ لەژێر چاودێریدا ڕاگیراوە و دواتر کراوە بە کادیری ناوچەی بیارە و یەکێک لە جاشەکانی ناوچەیان بەناوی حەمە کۆڵنەدەر کوشتوە.

ساڵی ١٩٧٩، نەجدەت ناجی عەباس بە مەفرەزە لە ناوچەی هەورامان بووە کە ئاگادار کراوەتەوە بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بچێــتە ڕاژان. دوای بەشــداریی کردنــی لە کــۆنگرەی نــۆیەم کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمــێ پێکهات، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان و لەو بارەیەوە دەڵێت: (دوو بەتالیۆن بۆ نەسرەدین هەورامی و ئەحمەد حوسێن شەمیران پێکهات و

**من کرام بە فەرماندەی کەرت و گواسترامەوە بۆ بەتالیۆنەکەی نەسرەدین هەورامی.)** ساڵی ١٩٨٣، ناوبراو کراوە بە کارگێڕی ناوچەی هەڵەبجە و هاوکات چاودێری بەشی سەربازیی بووە. ساڵی ١٩٨٤، فەرماندەی هێزی شەهیدان بووە لە خۆرنەوەزان لە ناوچەی خورماڵ.

ساڵی ١٩٨٨، لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا، لەگەڵ فەرەج محەمەد کاکە فەرەج، کەمال حەمەدەمین فەرەج، وەزی هاواری و عوسمان ساڵح لە ناو شاری هەڵەبجە بووە و وەک خۆی دەڵێت ١٦ بریندای کیمیایی گواستوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئەحمەد ئاوا کە هی پاسدارەکانی ئێران بووە. لە ساڵی ١٩٩٠دا پتر لە مەفرەزەی گەڕۆکدا هاتووچۆی ناوچەکانی هەڵەبجە، سەید سادق و شارەزوری کردوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هێزی تایبەت و حیزبەکانی سەربە بەرەی کوردستانی بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لە گرتنی دەزگای ئەمنی کەرکوکدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٩٢، بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتووە و ناوبراو کراوە بە فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای چواری خانەقین کە مەحمودی مامە عەزە لە یەکێتی نیشتمانیی دا فەرماندەی بووە و ئەکرەم دێکۆنی لە پارتی دیموکرات جێگری بووە.

ساڵی ١٩٩٤، لە شەڕی ناوخۆدا چووەتە مەسیف سەلاحەدین و لەلایەن قادر قادر بەرپرسی لقی ٣ی سلێمانییەوە کراوە بە فەرماندەی فەوج و ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕی کەپکی حەمەدئاغا دەستی چەپەی بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٦ گواستراوەتەوە بۆ سوپای ڕزگاری و کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای چواری ڕزگاری. ساڵی ١٩٩٨ ئەندامی سوپای ڕزگاری بووە بە فەرماندەیی مەلا فایق چووچانی لە دێگەڵە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا بۆ چارەسەر کردنی دەستی چووەتە ئەڵمانیا و ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە جێگری لیوای قوشتەپە کە سەربە سوپای کەرکوک و فەرماندەکەی لیوا سدیق بووە. دوای سێ مانگ لیوا سدیق گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی و ناوبراو جێی ئەوی گرتووەتەوە و کراوە بە فەرماندەی لیوای قوشتەپە و ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.

نەجدەت ناجی عەباس جگەلە شەڕی کەپکی حەمەدئاغا دوو جاری تریش لە شەڕی ناوچەی مەریوان لە ساڵی ١٩٩٦ و شەڕی چۆمان لە ساڵی ١٩٩٦دا


بریندار بووە و دوو خاڵۆزاشی شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکرات میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، من نرخی خەبات و حەقی ماندووبوونی خۆم بەدەست گەیشت.)

## ئەکەرەم ڕەشیدحەمە خورشید قادر



ئەکەرەم ڕەشیدحەمە خورشید قادر ناسراو بە ئەکرەم دێکۆنیساڵی ١٩٥٩ لە گوندی کۆزەڕەقە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ لە کاتی وتووێژەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی بەعس، چووەتە ڕیزی ڕێکخراوی پارتی دیموکرات لە گوندی دێکۆن و بەرپرسی شانەکەی مستەفا حاجی تاهیر بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا لەگەڵ ڕەشیدحەمە خورشید قادری باوکی و عەزیز حەمە خورشید قادری مامی کە یەکێک بووە لە سەرلقەکانی پارتی دیموکرات، چوونەتە شارۆچکەی زەهاو لە پارێزگای کرماشان و لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرابلە لە کامیاران، بەڵام لەوێ بەکەڵکوەرگرتن لە لێبوردنی گشتی ڕژێمی عێراق، چوونەتە قەسری شیرین و لە خەسرەوییەوە بە بارهەڵگری عێراقی بردویانن بۆ دیوانە لە باشوری عێراق. وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی نزیکەی بە ٦ مانگ لە گوندی واحید حوزیران و ساڵێک لە قەزای هەمزە لە پارێزگای دیوانیە بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(دوای ساڵ و نیوێک، حکومەتی عێراق پێشمەرگەکانی ئیزندا بگەڕێنەوە بۆ ناحیەی خورماڵ، بەڵام فەرماندەکانی پێشمەرگە و بەرپرسەکانی لیژنە و لقەکانیان هێشتەوە.)**




دوای گەڕانەوەی بۆ خورماڵ، ئەکرەم دێکۆنی، ڕۆژی ١٩٧٩/٦/١٥ ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی هەورامان لە گوندی کێمنە و بێرواز کە نادر عەلی هەورامی بەرپرسیان بووە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٨٠ سوپا و جاشەکانی سەربە حکومەتی عێراق دووجار پەلاماری شاخەکانی قەڵخانی و دالانیان داوە و لە شەڕێکی قورسدا کە هەرجارەی ڕۆژێک بەردەوام بووە، پێشمەرگەکان زیانێکی زۆریان بە چەکدارەکانی حکومەت گەیاندوە، پازدە سەرباز و جاشێکیان بەدیل گرتووە و پاشەکشەیان پێکردون، بەڵام پێشمەرگەیەکیان بەناوی وەلی خەڵکی دەرەقەیسەر لەلایەن جاشەکانەوە بەدیل گیراوە. وەک خۆی دەڵێت: **(ڕۆڵی بالام لەو دوو شەڕەدا هەبووە بەجۆرێک نادر هەورامی منی لەگەڵ خۆی بردە کەرەج و لەلایەن ڕێزدران ئیدریس و مەسعود بارزانییەوە دەستخۆشیم لێکرا و کاک ئیدریس ٥٠ دیناری خەڵات کردم.)**

دوای گەڕانەوەی لە ئێران، لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی شارەزوور، هەڵەبجە، ناحیەی سیروان و خورماڵدا لە جەولەدا بووە. ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی شەڕی سوپای ڕزگاریی ڕۆژهەلاتی کوردستانی سەربە ڕژێمی عێراق و جاشەکانی سەربە عوسمانی عەلی چەتوونی کردوە و لەو شەڕەدا سێ جاشیان بەدیل گرتووە و دوو پێشمەرگەیان بە ناوەکانی محەمەد و سوارە شەهید بوون. لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ بەشداریی شەڕی شاخی شەرامی کردوە و لەو شەڕەدا دەست و شان و لاقێکی بریندار بووە کە بۆ چارەسەریی بردویانەتە مەریوان.

لە پاییزی ساڵی ١٩٨١دا پێشمەرگەکانی هێزی هەورامان بە سەرۆکایەتی نادر هەورامی لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی حەمەی حاجی مەحمود لە بەرەی جوددا، لە ناوچەی ناڵپارێز لە چەوتان بەرەو شارباژێر ڕووبەڕوی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی

بـــوونـەتـەوە لـە تێکهەڵچوونێکــدا بـە وتـەی ئـەکــرەم دێکــۆنـی ٢٤ پێشـــمـەرگـە شـەهیدبوون لـەو ژمـارەیـە، سـێ پێشـمـەرگـە بـە نـاوەکـانـی نـامیق حـەمـە گـوڵپـی بـاوکـی یـەکێک لـە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئـەیلـول لـەگـەڵ فـازل قـەتـە گـوڵپـی و عـومـەر سـابیر خـەڵکـی گـونـدی ڕۆسـتـەم بـەگ سـەربـە نـاحیـەی خـورمـاڵـیـان لـێ شەهید بووە. ناوبراو لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨١، چەکی داناوە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- **(بـەهـــۆی هـەڕەشـــەی یـەکێتـــی نیشـــتمانی کـە ئـەگـەر مـــن دەســـت لـە پێشمەرگایەتی هەڵنەگرم مامم ڕەجم دەکەن، من تا ساڵی ١٩٨٥ چەکم دانا و گـەڕامـەوە بـۆ گونـدەکـەمان و لـەو سـاڵـەدا سـەرلـەنوێ گـەڕامـەوە بـۆ ڕیـزی پێشمەرگەکانی لقی سێی ناوچەی قەرەداغ لە گۆلێ کە بەرپرسەکەی ئـازاد قەرەداغی و حەمەی ڕەمەزان بەرپرسی ناوچەکە بوو.)** دوای ٦ مانگ، ناوبراو لـە ساڵـی ١٩٨٦دا کراوە بـە بـەرپرسی شانـەی سـەرەکی لـە ڕێکخـراوی تـانجـەڕۆ کە ئـەحـمـەد شـێخ عـەلـی بـەرپرسـی ڕێکخـراو بـووە. سـاڵی ١٩٨٧ کە کـاک ئیدریس و مام جەلال بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوتن، مقەڕی ڕێکخراوەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و مقەڕی تانجەڕۆیان لە گوندی شەمە داناوە.

ساڵی ١٩٨٧، ئەکرەم دێکۆنی بەشداریی شەڕی باسرەی کردوە و دەڵێت: **(لـەگـەڵ لقـی ٣ و ٤ بـەشـداریی شـەڕی باسـرەم کـرد و لـەو شـەڕەدا فـەوجێکـی سـوپا و جاشـەکانمان چەککـرد. هـەروەهـا لـە شـەڕی چەککردنـی نـاحیـەی قـەرەداغیشـدا بـەشـدار بـووم.)** لـە هـەمانکاتـدا بـەشـێوەی گـەڕۆک لـە جـادەی نێــوان عـەربـەت و سـلێمانی لـە هێزێکـــی سـوپایان داوە و پێــنج سـەربـاز و ئـەفسـەرێکیان کوشـتوە و جیپێکـی فـەرمانـدەییان سـوتاندوە. لـەو بـارەیـەوە دەڵێت: **(من فـەرمانـدەی ئـەو شـەڕە بـووم.)** هـەرلـەو سـاڵـەدا، لـە شـەڕی شـاخی زەرد، بـەرپرسـی ڕێکخراوەکـەیـان بـەنـاوی ئـەحـمـەد شـێخ عـەلـی شـەهید بـووە. دوای شـەهید بـوونی نـاوبرا، فـازل بـەشـارەتی کـراوە بـە بـەرپرسـی لیـژنـەی نـاوچـەی قـەرەداغ و ئـەکـرەم دێکـۆنی کـراوە بـە ئـەنـدامی لیـژنـەی نـاوچـەی قـەرەداغ.

لـە سـەردەمی ئـەنفـال و کیمیابارانـەکانـدا، ئـەکـەڕەم ڕەشـیدحـەمـە خورشـید قادر لـەلای منداڵـەکانی لـە کامیاران بـووە و دوای گـەڕانـەوەی لـە پشودان وەک خۆی دەڵێت لـەگـەڵ قادر قادر بـەرپرسی لق و مـەلا عـەزیز عـەلـی جان کارگێڕی

لق و پێشمەرگەکانی ناوچەی قەرەداغ، بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە. ساڵی ١٩٩١، ئەکرەم دێکۆنی لەگەڵ ئەندامان و پێشمەرگەکانی ناوچەی قەرەداغ بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی خانەقینی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی خانەقیندا ١٢ چەکیان دەستکەوت بووە. ساڵی ١٩٩٢ بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی لەشکری دوو لە سوپای سێ. ساڵی ١٩٩٣ کە هێزی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیدا پێکهات، ئەکرەم دێکۆنی کراوە بە جێگری لیوای خانەقین و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ئەرکی جێگری عەمەلیاتی فەرماندەیی پارێزگای کەرکوکیان پێسپاردوە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا بەرپرسی هێزێک بووە و دوای سێ مانگ کە پارتی دیموکرات سوپای ڕزگاری لە ناوچەی هەڵەبجە دامەزراند، ناوبراو کراوە بە ئەندام و بەرپرسی عەمەلیاتی ئەو سوپایە. ساڵی ١٩٩٦، پارتی دیموکرات سوپای کەرکوکی دامەزراندوە و ئەکرەم دێکۆنی کراوە بە جێگری سوپای کەرکوک.

ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٦، پارتی دیموکرات بەشی پشکنین و بەدواداچوونی بە سەرۆکایەتی بروسک نوری شاوەیس دامەزراندوە. ئەکرەم دێکۆنی، بەکر حاجی شێخ قادر، عەباس غەزالی، سەید عەبدوڵا کەردز، کەریم محەمەد کەکۆ و ئەحمەد بداغی کردوە بە ئەندامی ئەو بەشە. ئەکرەم دێکۆنی ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٢ لەو بەشە گواستراوەتەوە و کراوە بە جێگری دووەمی فەرماندەیی سلێمانی و کەرکوک. ساڵی ٢٠٠٤ کە فەرماندەیی زێرەڤانی دامەزرا، فەرەیدون جوانڕۆیی کراوە بە فەرماندە و تێلی کراوە بە جێگری و مەریوان کەریم ئاغا بووەتە بەرپرسی عەمەلیات و ئەکرەم دێکۆنی کراوە بە جێگری فەرماندەی عەمەلیات.

ساڵی ١٩٩٥، مەلا عەلی زمناکۆ فەرماندەی سلێمانی بووە و ئەکرەم دێکۆنی کراوە بە جێگری و ڕۆژی ١٩٩٥/٥/١٧ کراوە بە فەرماندەی سوپای چواری زێرەڤانی و ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/١٦ بەهۆی کەمئەندامبوونی بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. ناوبراو دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە و برایەکی بەناوی ئەبوبەکر ساڵی ١٩٩٨ لە ناوچەی سیدەکان لەلایەن پ.ک.ک شەهید کراوە. خوشکەزایەکی بە ناوی گۆران حەمە ساڵح ساڵی ١٩٩٦ لە ناوچەی کۆیە لە شەڕی ناوخۆدا شەهید و ئامۆزایەکی بە ناوی نەوشیروان لە

ناڵپارێز بەدەست پێشمەرگەکانی یەکێتی شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (خۆشحاڵ بووم، میدالیای بارزانی بە پاداشی خەبات و تێکۆشانی خۆم دەزانم. خەڵاتێکی زۆر بە نرخە و شانازیی پێوە دەکەم.)

## نادر عەبدوڵا عەلی قادر مولان



نادر عەبدوڵا عەلی قادر مولان ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی جافان لە ناوچەی جەباری سەربە قەزای چەمچەماڵ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٠ بەدوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ی هێزی کەرکوک لە چەمچەماڵ کە ئەحمەد فەتحولا بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو بەشداریی شەڕی گوندەکانی چنگیان و وەستا خدری کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی گوندی وەستا خدردا ٢٠ جاشیان کوشتوە، ٤٩ جاشیان بەدیل گرتووە و ٧٠ پارچە چەکی جۆراوجۆریان دەستکەوت هەبووە و بەو بۆنەیەوە سەرۆک مستەفا بارزانی دەستخۆشی لێکردون.




ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، نادر عەبدولا چووەتە کامیاران و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری "بەم" لە پارێزگای کرمان و دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی چووەتە قەسری شیرین و لەوێوە حکومەتی عێراق گواستویەتەوە بۆ ناوچەی خالیدیە لە پارێزگای ڕومادی. بۆ ماوەی ٣٠ مانگ لەوێ بووە و ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١٥ ئیزن دراە کە بگەڕێتەوە بۆ چەمچەماڵ. تا ساڵی ١٩٨١ لە چەمچەماڵ کاری کردوە و لەگەڵ کارکردنەکەشیدا شەوانە خوێندویەتی و هەرلەو ساڵەدا پۆلەکانی سەرەتایی تەواو کردوە. ڕۆژی ١٩٨١/٨/٨ ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ی کەرکوک کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لقەکە بووە و عەدنان کەمال، سەید فەتحولا، سەید عاسی و مەلا عەزیز سیامەسووری کارگێڕی لق بوون. تا ساڵی ١٩٨٤، نادر عەبدولا لەو لقەدا خەباتی کردوە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی چەمچەماڵ و کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ و بەرپرسی ڕێکخراوی سەنگاو لە چنارەی سورێن و وەک خۆی دەڵێت لەوێ بەشداریی شەڕەکانی شارەزوور و بانی بنۆکی کردوە و هەندێک جاریش بە مەفرەزەی دەستوەشێن چووەتە ناوچەکانی شارەزوور، سەید سادق، گەرمیان و شانەدەریی.

ساڵی ١٩٨٥، نادر عەبدولا عەلی قادر مولان بە لق و لیژنەکەیانەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی شاربازێر و لە گوندی گۆڵی بووە. دوای ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا، هێزەکانیان گواستوەتەوە بۆ گوندی هەنارە لە ناوچەی چەمچەماڵ و بەرلە ئەنفالەکان بە وتەی خۆی لەگەڵ لقی ٣ و لیژنەی ناوچەکان، بەشداریی دوو شەڕی گرتنی فەوجی باسرە و مەنیلەی کردوە. لە باسرە ٨١ جاش و سەربازیان بەدیل گرتووە، بەڵام شەش پێشمەرگەیان شەهید بووە و لە مەنیلە ٦٤ جاشیان بەدیل

گرتووە و پێنج پێشمەرگەیان شەهید و ١٣ پێشمەرگەشیان بریندار بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (**بە درێژایی ١٥ مانگ لەسەر جادەی سەنگاو چەمچەماڵ و کەرکوک چەمچەماڵ، جگەلە گرتنی دوو فەوجی باسرە و مەنیلە، ٦٧ جاشمان لە جادەکاندا بەدیل گرتوە.**)

ساڵی ١٩٨٨ نادر عەبدولا کراوە بە کارگێڕی ناوچەی چەمچەماڵ و لە ئەنفالەکاندا خۆی و ئەندامانی ناوچەکەی بەرەو گوندی دۆڵەتوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پاشەکشەیان کردوە. لە هەڵبژاردنی حیزبیدا، ساڵی ١٩٩٠ بۆ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ و ئەندامی لقی ٣ی کەرکوک هەڵبژێردراوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (**ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/١٠، لەگەڵ هەشت پێشمەرگە بە مەفرەزە ژمارەیەکم نامەی سەرۆک بارزانی گەیاندە دەستی کەسایەتییەکان و سەرۆک جاشەکانی ناوچەکانی چەمچەماڵ، کەرکوک و سلێمانی. سەرۆک بارزانی داوای ڕاپەڕین و هاوکاریی لێ کردبوون.**) ساڵی ١٩٩١، نادر عەبدولا لەگەڵ لقی ٣ بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ و کەرکوکی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (**لە ڕاپەڕینەکەدا جەوهەر نامیق بەرپرسی ناوچەی کەرکوک بوو. نێچیرڤان بارزانی لە قەرەهەنجیر سەبارەت بە هاوکاریی و گرتنی کەرکوک قسەی بۆمان کرد و لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا لەگەڵ لق و لیژنەکەمان چووین بۆ چوارتا.**)

ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا، نادر عەبدولا عەلی قادر مولان لە هەوڵێکی تیرۆریستیدا لە سلێمانی بە سەختی بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە ئەندامی قیادەی ناوچەی کەرکوک لە هێزی هاوپەیمانی بەرەی کوردستانیدا و دواتر کراوە بە بەرپرسی لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا چووە بۆ هەڵەبجە و کراوە بە فەرماندەی لیوای ٤٤ و لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا لە ساڵی ١٩٩٦ چووە بۆ هەولێر و لەوێ ئەرکی ئەندامی سوپایان لە سوپای کەرکوک پێسپاردوە. ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە فەرماندەی سوپای چواری زێرەڤانی و تا ساڵی ٢٠١٠ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لە مانگی دووەمی ئەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و کراوە بە فەرماندەی لیوای ٢ی کەرکوک لە وەزارەتی پێشمەرگەدا و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ڕۆژی

٢٠١٤/٦/١٢ کوڕێکی ناوبراو بەناوی هیوا لە تەقینەوەی کەرکوکدا بریندار بووە. بە ئەمری سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەریی ڕەوانەی تورکیا کراوە، بەڵام ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٨شەهید بووە. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و هەروەها بەوەش خۆشحاڵم کە حیزب فیکری لە دانی میدالیای بارزانی بە ئەندامانی کردوەتەوە.)

# خەلیل نەجمان گەنجۆ



خەلیل نەجمان گەنجۆ ناسراو بە خەلیل کۆچەر ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی سیتک لە ناحیەی سێمێل لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ خوێندنی ناوەندیی لە سەرسنگ تەواو کردوە و لە لقی یەکی دهۆک بووەتە پێشمەرگە و وەک خۆی دەڵێت عەلی خەلیل فەرماندەی هێز و سەعدی زاویتەیی فەرماندەی لقەکەی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول راوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە رۆژهەلاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ رەشت لە پارێزگای گیلان و لەوێشەوە بۆ جهروم و ئەراک. لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٦، بە راسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە تاران و لەوێوە رەوانەی ورمێ و دواتر تەرگەوەڕ و هەکاری لە باکوری کوردستان کراوە و لە گوندی بێرمان لە ناوچەی قەسورا چاوی بە کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق سالم کەوتووە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (دەست بە دەست گوازرامەوە تا گەیشتمە لای کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق لە بێرمان. شەش پێشمەرگە بووین و تەنیا دوو چەکمان پێبوو. کاک جەوهەر نامەیەکی نوسی کە بە محەمەد خالید بۆسەلی بگەیەنین. بەو دوو چەکە گەڕاینەوە و لە رێگادا توشی محەمەد خالید بۆسەلی بووین. نامەکەمان دایە و ئەویش دوو چەکی داینێ و چەکەکانمان بوو بە چوار چەک و رۆژی ١٩٧٦/٩/١٠ گەیشتینە چیای زروێ لە ناوچەی شێخان. لەوێ ماینەوە و چاومان بە مەحمود سێزدە کەوت. ئەو بەرپرسی سیاسی و سەربازی ناوچەی شێخان بوو. وەیسی بانی بەرپرسی ئێمە کرا بە بەرپرسی ناوچەی شێخان و ئێمە لەگەڵ ئەو ماینەوە.)




هەرلەو ساڵەدا، خەلیل کۆچەر و پێشمەرگەکان لە ناحیەی ئەلقوش لە بارەگای دەزگای ئەمنی عێراقیان داوە و ئوتۆمبیلێکی دوژمنیان لە دەشتی هێتێ سوتاندوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (موختاری گوندی هێتێ بە دوای ئێمەیدا نارد و گوتی ڕۆژانە بە ئوتۆمبیل دێن و ئێمە ئازار دەدەن و زێڕ و پارەمان لێ دەستێنن. ئێمە ٧ پێشمەرگە چووین و کەمینمان بۆ دانان و ئوتۆمبیلەکەمان سوتاند و ئەفسەرێک و ٦ سەربازمان کوشت و ٧ پارچە چەکمان لەگەڵ خۆمان هێنا.

لە کەمینێکی تردا کە خەلیل کۆچەر و پێشمەرگەکانی هاوڕێی ساڵی ١٩٧٧ لە دەشتی بەرازگر لە نزیک گوندی کانی ڕەش دایاننابوو، دوو سەربازیان کە خواردنیان بۆ پێگەی سوپا بردبوو، لە گەڕانەوەدا کوشتوە و دوو ئێستر و دوو چەکیان دەستکەوت هەبووە. ساڵی ١٩٧٨، ناوبراو یەکێک لەو پێشمەرگەکانە بووە کە بەشداریی شەڕی بازێی لە هەکاری کردوە. لەو شەڕەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان بە ڕەوانە کردنی نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگە لە نۆکانەوە بۆ سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان دەیانویست پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات لە ناوچەی بادینان پاک بکەنەوە و ناوچەکە بخەنە دەست خۆیان، بەڵام بەهۆی ئاشنا نەبوونیان بە ناوچەکە و هاوکاریی کردنی عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاریی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی، توشی کارەسات بوون. جگەلە ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەکانی یەکێتی و سۆسیالیست، ئەوانی تر خۆیان دایە دەست دەوڵەتانی عێراق، ئێران، تورکیا و پارتی دیموکرات و چەند کەس لە پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی لەو شەڕەدا شەهید بوون.

ڕۆژی ١٩٧٩/٥/١١، دوژمن کاتژمێر ٥ ی بەیانی لە دێرەلوشەوە دەوری پێشمەرگەکانی هاوڕێی خەلیل کۆچەری گرتووە و ئەوان کە تەنیا ٩ پێشمەرگە بووەن تا کاتژمێر ٨:٣٠ ئێوارە بەرگریان لە خۆیان کردوە و بە

وتەی نـــاوبراو توانیویـــانە زیـــاتر لـە ٧٠ چەکـــداری دوژمـــن بکـــوژن و بـە کەڵکـوەرگرتن لـە تـاریکی شـەو لـە نـاوچەکە دوور بـکەونەوە و لـەوبـارەیەوە دەڵێت:

**- (ئـێمە دەرزی کلاشـینکۆفەکانمان لـەگەڵ خۆمـان هێنـا و لـە دێرەلـوش دوورکەوتیـنەوە، بەڵام ٧٢ سـەعات بـێ خـواردن بـووین و تەنیـا ئاومـان دەخواردەوە.)** ناوبراو هەروەها ئاماژە بۆ شەڕێکی تر دەکات و دەڵێت: **(ساڵی ١٩٨١ ئێمە دە پێشمەرگە بووین. شەش چەکمان پێبوو. لـە گوندی سێ گرک لـە ناحیەی سەرسنگ کەوتینە کەمینی دوژمن. لـە بەیانییەوە تا کاتژمێر ١١:٠٠ شەڕمان کرد. چوار سەربازمان کوشت و ئەوانیش پێشمەرگەیەکیان بەنـاوی مەهدی ساڵح کە بێچەک بوو، بە برینداری بەدیل گرت.)**


ساڵی ١٩٨٢، خەلیل کۆچەر بەشداریی شـەڕی لێدانی مقەڕ سریەی گوندی بێبـۆزی سـەربە نـاحیەی ئەردوش کـردوە و وەک خـۆی دەڵێـت ئەوانەی لەو بارەگـایەدا بـوون ڕایـانکردوە و کەلاکـی ئەفسـەرێک و دوو سـەربازیان لـە بارەگاکەدا بەجێهێشتوە. لەو شـەڕەدا ٧ چەکیان دەستکەوت هەبـووە. ساڵی ١٩٨٤ بارەگـای سـریەی چیـای غەلبـوک لـە نزیـک کۆمەڵگـای باگێڕایـان چەککـردوە و دوو خۆمپـارە هـاوێژ و چەنـد چەکـی سـوک و دو ئێسـتریان دەستکەوت هەبـووە. سـاڵی ١٩٨٦، دوژمـن هێرشـی کـردوەتە سـەر بارەگـای نـاوچەی شـێخان و هەمـوو جـارێ بەدوای شـکانیدا سـەرلەنوێ هێرشـی کردوەتەوە. وەک ناوبراو دەڵێت ئەو هێرش و پاشەکشەیە ١٣ ڕۆژی خایاندوە و لە دوارۆژدا دوژمن پێنج کەلاکی لە گوندەکانی کانی مازوبێـاد و سیار و سپیندار بەجێهێشتوە. هەر لەو ساڵەدا، لە شەڕی دێرەلۆک دەستیان بەسەر نزیکەی ٢٠ پێگەی دوژمن و بارەگای ناحیە و بارەگای حیزبی بەعسدا گرتووە و زیاتر لە ٢٠ چەکداری ڕژێمیان کوشتوە و نزیکەی ١٠٠ چەکداریشیان بەدیل گرتووە.

خەلیل کۆچەر لە ساڵی ١٩٨٦وە تا ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی ڕێکخراوی سیپان لە لیـژنەی نـاوچەی شـێخان بـووە. لە کیمیابـاران و ئەنفـالی بادینانـدا لـە سـاڵی ١٩٨٨، لەگەڵ هاوسـەر و منـداڵەکانی لـە چیـای گـارە لـە گەمـارۆدا ماوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت بەهۆی گیرانی ڕێگەی دەرچوون لێیـان، دوای ١٥ ڕۆژ بە کەڵکـوەرگرتن لە لێبـوردنی گشـتی گەڕاوەتەوە لای ڕژێمـی عێـراق و ئەوان گواستویانەتەوە بۆ کۆمەڵگای بەحرکە لە نزیک هەولێر. ساڵی ١٩٩٠

بە ئیزنــی ڕژێمــی عێـراق گەڕاوەتەوە بـۆ دهـۆک و لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩١ پێوەندیی کردوەتەوە بە پێشمەرگەکان و بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی دهۆکی کردوە. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەرماندەی هێز لە لەشکری ٥ ی شێخان و دواتر جێگری فەرماندەی فەوجی ٥ ی سوپای یەکی دهۆک بووە. وەک خۆی دەڵێت فەوجەکەیان کراوە بە لیوای ٣ ی تایبەت و ناوبراو بووە بە جێگری لیوای ەی تایبەت. ساڵی ٢٠٠٦ لیواکەیان کراوە بە لەشکری تایبەتی ئاراس و ئەویش بە پلەی عەمید کراوە بە جێگری ئەو لەشکرە. خەلیل نەجمان گەنجۆ ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کـۆنگرەی ١٣ی پـاتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا میـدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەوبارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم تێگەیشتم کە زەحمەتەکانم بە فیڕۆ نەچوون و خزمەتکردنم بە نەتەوەکەم جێگەی ڕێزی سەرکردەکانمە.)

# سەبریە ئەحمەد قادر



سەبریە ئەحمەد قادر ناسراو بە سەبریە مام ئەحمەد ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی خوێندوە و چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ناو ماڵ و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو بەشەدا خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٥ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا مێردی بە فایق محەمەد مەحمود قودسی برای محەمەد مەحمود قودسی یەکێک لە هەڤالانی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (باوکم خاڵی محەمەد مەحمود قودسی یەکێک لە ئەفسەرانی بارزانی لە کۆماری کوردستان بوو. ساڵی ١٩٥٥ شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، محەرەم محەمەد ئەمین، قادی حاجی حوسێن و فایق محەمەد مەحمود قودسی گیران و هەرکام لەوانە بۆ شوێنێک دوورخرانەوە. فایق محەمەد لە هاشمیە بوو کە من شوم پێکرد و چووم بۆ هاشمیە و ساڵ و نیوێک لەوێ بووم. لەوێ کەسێک بەناوی ئەنوەر عەبدوڵا کە پێشتر لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بوو، سەردانی دەکردین و لەگەڵ هاوسەرەکەم باسی کوردایەتی و شۆڕشیان دەکرد و لەو دانیشتنانەدا منیش بەرەو خزمەتکردن بە کورد ڕاکێشرام و بووم بە ئەندامی پارتی دیموکرات.)

ساڵی ١٩٥٨، سەبریە مام ئەحمەد لەگەڵ هاوسەرەکەی دەگوازنەوە بۆ بەغدا و وەک خۆی دەڵێت لە بەغدا بوون کە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ عێراق و دەڵێت: (کە بارزانی گەڕایەوە، هاوسەرەکەم نەخۆش بوو، بە ڕاسپاردەی ئەو لەگەڵ باباعەلی شێخ مەحمود چووم بەخزمەت بارزانی گەیشتم. بارزانی زۆری ڕێز لێگرتم و هەرچەندە هەوڵی چارەسەریی



**نەخۆشی هاوسەرەکەمیدا، بەڵام ئەو ڕۆژی ١٩٥٩/٥/١ لە نەخۆشخانەی کۆماریی کۆچی دوایی کرد.)**

بەدوای کۆچی دوایی مێردەکەیدا، سەبریە مام ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لەگەڵ بەدیە مەعروف کچی شێخ مارفی سلێمانی و ئەنجوم عەبدوڵا زۆهدی درەخشان کچی شێخ جەلالی حەفید لە ڕێکخستنی کانی ئاسکاندا تێکەڵاوی خەباتی سیاسی و حیزبایەتی بووە. وەک خۆی دەڵێت بە ڕاسپاردەی بارزانی ساڵی ١٩٥٩ چوونەتە لای عەبدولکەریم قاسم و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(خەنجەرێکمان بە دیاریی بۆ برد و داوامان لێکرد ئیزن بدات یەکێتی ئافرەتان دامەزرێنین کە هاودەنگی لەگەڵ کردین و ئێمە لقی ئافرەتانمان دروست کرد، بەڵام بە دوای تێکچوونی پێوەندی حکومەت و بارزانی، چووم بە خزمەت بارزانی گەیشتم و فەرمووی ئەوانە ئامادە نین دان بە کورددا بنێن.)**

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن سەرۆک بارزانیەوە، سەبریە مام ئەحمەد لەگەڵ بەدیە مەعروف و ئەنجوم عەبدوڵا زۆهدی بڕیاریان داوە هاوکاریی شۆڕش بکەن و بۆ ئەو مەبەستە سەبریە لە دەربەندی بازیان سەردانی نانەواخانەکانی کردوە و نانی بۆ بەرەکانی شەڕ کۆکردوەتەوە و گەیاندویەتە دەست مەلا ڕەسوڵ گوڕۆن لە بەردە قارەمان. بە دوای ئەوەدا سەبریە لەگەڵ نوری ئەحمەد تەها و کامیل بەسیر کە نابینا بووە، هاوکاریی ڕێکخراوی نهێنی ناو شاری سلێمانی کردوە.

دوای جیابوونەوەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٦٤دا، سەبریە لەگەڵ ئەو دوو خاتوونانەی سەرەوە لە ڕێکخراوی نهێنی شاری سلێمانیدا بەردەوام بوون. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە بەغدا بارەگای ئافرەتان کراوەتەوە و سەبریە و هەڤاڵانیشی لە سلێمانی لقی ئافرەتانیان داناوە. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی کۆنگرەی ئافرەتانی کردوە و بە هەڵبژاردن کراوە بە بەرپرسی لقی ئافرەتان سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، سەبریە لەگەڵ بەدریە ئەحمەدی خوشکی و دوو لە ئەندامانی لقی ئافرەتانی سلێمانی بەناوەکانی شەونەم نەجمەدین و شەوبۆ نەجمەدین کە ئەوانیش پێکەوە خوشک بوون، چوون بۆ چۆمان لەوێ وەک لقی یەکێتی ئافرەتان درێژەیان بە خەبات داوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوای بۆمبارانی قەڵادزێ و هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧٤دا، خەڵک دەهاتن بۆلای ئێمە و نانمان دەدانێ و دەچوونە ڕیزی شۆڕش. هەروەها لە نەخۆشخانەی شۆڕشدا لە کەوەرتێ هاوکاریی دوکتۆر مەحمود عوسمانمان دەکرد. ئەوکاتە کە لەیلا قاسم گیرا، ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی نامەیەکی دامێ کە بیبەم بۆ بەغدا و بە عەزیز شەریفی بگەیەنم. من نامەکەم گەیاند و بە ڕاسپاردەی کاک ئیدریس گەڕامەوە بۆ پێنجوێن و لەوێوە چووم بۆ پیرانشار و چۆمان و عەرزم کرد کە نامەکەم گەیاندوە.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەبریە مام ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ساڵی ١٩٧٦ چووەتە نەغەدە و چاوی بە ئیدریس بارزانی و عەلی عەبدوڵا کەوتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(فەرموویان بچۆ براکانیشت بێنە تا ڕەوانەی دەرەوەتان بکەین کە ڕازی نەبووم. چووم جەلالی برام لە مهاباد دۆزییەوە و دواتر گەڕامەوە بۆ سلێمانی.)**

سەبریە مام ئەحمەد بە درێژایی ساڵەکانی دابڕاویی لە پێشمەرگەکان، پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی گوڵان هەبووە و ساڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕیندا کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی یەکی سلێمانی کە فازل ڕئوف بەرپرسی لیژنەکە بووە. ساڵی ١٩٩٤، لە شەڕی ناوخۆدا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی چوون بیگرن و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(من ڕامکرد، بەڵام ئەوان جەلالی برامیان گرت و بە لێدان هەڕەشەیان لێکرد کە من بداتە دەستیان کە عارف تەیفور بەرپرسی لقی چوار، منی بردە لای خۆی. ساڵی ١٩٩٥ چووم بۆ مەسیف و کرام بە کارگێڕی ناوچەی مەسیف سەلاحەدین کە محەمەد هەرکی بەرپرسی بوو.)**

ساڵی ١٩٩٦، سەبریە مام ئەحمەد ڕاوێژکاری لقی چواری پارتی دیموکرات بووە و ساڵی ٢٠٠٠ کوردستانی بەجێهێشتوە و چووە بۆ ئەلمانیا و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ئەلمان بووە و ساڵی ٢٠٠٢ چووەتە بریتانیا و بە هەوڵی بەیان سامی عەبدولڕەحمان بە هاووڵاتی ئینگلیز وەرگیراوە. لە لەندەن ئەندامی

لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکرات بووە. ساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن چاوی بە ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کەوتووە و بە ڕاسپاردەی بەڕێزیان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی نەخۆشی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم و بۆمن لە هەموو شتێکی دنیا بە نرخترە.)**

# سەنعان جاسم کامل



سەنعان جاسم کامل بیری ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی بیری لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند و لە بارزانەوە بە ناوچەی مزورییەکاندا گەیشتە گوندی سیدا لە نزیک شیلادزێ، ناوبراو گەیشتوەتە بارزانی و هەڤاڵانی و لەم بارەیەوە دەڵێت: (من لە سیدا بووم بە پێشمەرگە و بە ناوچەی ڕێکانیان، نێروەییان، بەروارییی باڵا، دۆسکیاندا چووین بۆ ناوچەی کۆچەران لەنێوان زاخۆ و دهۆک. تا ساڵی ١٩٦٢ بەشداریی شەڕەکانی گوندی شێخان و مایە، شەڕی یەک ماڵە و شەڕی لۆمانا و زاویتەمان کرد. لە سەرەتاوە عەریف عوسمان فەرماندەم بووە و هەتا کۆتاییش لەگەڵ ئەو و براکەی بووم.)

ساڵی ١٩٦٢ بە دوای خاوێن کردنەوەی ناوچەی بادینان لە جاش و سەربازی سوپای عێراق و ڕێکخستنی نوێی بارزانی لە ناوچەکەدا، بە فەرماندەیی عەریف عوسمان لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران. وەک خۆی دەڵێت دوای پەڕینەوەیان لە نێوان دیانا و شێخان سۆفیەکانی شێخ ڕەشید کە بەرگرییان لە حکومەتی عێراق دەکرد، پێشیان پێگرتوون و لە ئەنجامی شەڕێکدا لەگەڵ سۆفیەکان، یەکێک لە فەرماندەکانی هاوڕێی مستەفا نێروەیی شەهید بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ قشڵەی ڕایاتمان گەمارۆدا، تونێلمان لێدا کە دیواری قشڵەکە بتەقێنینەوە، بەڵام ئەوان لە ترسی گیانیان خۆیان بەدەستەوەدا. سۆفیەکان خەرێک بوون بە هاواری قشڵەکەوە بێن کە لێماندان و لە ئێران و تورکیامان کردن.)



دوای ئەو دوو ڕووداوە، سەنعان جاسم کامل بیری لەگەڵ هێزەکانی سەربە عەریف یاسین لە ناوچەی سۆران، چووەتە سەری بەرە لە چیای حەسەن بەگ و دواتر چووە بۆ گەڵاڵە. بە وتەی ناوبرا، بارزانی لەوێ لەشکرەکەی دابەشکردوە و هێزەکەی عەریف یاسینی ناردوە بۆ قرناقە و پشتئاشان و لەوێوە چوون بۆ سەید ئەحمەدان لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی سەری سپیلکی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەو شەڕەدا کە زۆر دژوار بوو، ئێمە شکاین و تا پردی چەمی لەژێر شێروانی مەزن پاشەکشەمان کرد، بەڵام لەوێش جاشەکان بەرەنگارمان بوونەوە و ناچاربووین شەڕی دەستەویەخەیان لەگەڵ بکەین.)**

دوای شکانی هێزەکانی سوپای عێراق لە ناوچەی بارزان و دەستپێکردنی وتووێژ لەنێوان حکومەتی عێراق و بارزانی لە ساڵی ١٩٦٣، سەنعان جاسم لەگەڵ هێزەکانی عەریف یاسین گەڕاوەتەوە بۆ سەنگەسەر و ڕانیە. ساڵی ١٩٦٥ چووەتە پێنجوێن و ناوچەی هەورامان و ساڵی ١٩٧٠ کە بەیانی ١١ی ئازار واژۆ کرا، بە وتەی ناوبراو ناوی هێزەکەی عەریف یاسین کراوە بە بەتالیۆن و گواستراوەتەوە بۆ هێزی خەبات کە عەبدوڵا ئاغای پشدەری فەرماندەی بووە. سەنعان جاسم لە هێزی خەباتدا کراوە بە پاسەوانی سنوری کانی سماقۆڵ لە ناوچەی گەڵاڵە. ساڵی ١٩٧٤، سەنعان جاسم گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی عەریف یاسین و بەتالیۆنەکەیان گواستراوەتەوە بۆ بەرەی گۆڕەز. بە وتەی ناوبراو محەمەد خالید شێخ ئەحمەد بارزانی بەرپرسی گشتیی بەرەی گۆڕەز بووە و لەو بەرەیەی شەڕدا بەشداریی شەڕەکانی گۆڕەز، سەرتیز، زۆزک و هەندرێنی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ پارێزگای یەزد و لە

شاری یەزد نیشتەجێ کراوە و وەک خۆی دەڵێت لەوێش عەریف یاسینی لەگەڵ بووە.
ساڵی ١٩٧٩، لە سەروبەندی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا سەنعان جاسم کامل بیری گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێ نیشتەجێ بووە. لە بۆمبارانی زێوەدا کە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ لەلایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراقەوە بەڕێوەچوو، کوڕێکی بە ناوی حوسێن شەهید بووە. بەدوای ئەو بۆمبارانەدا ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ مقەڕی لقی یەکی پارتی لە گەلی ڕەشاوە لە بەرواریی باڵا و لەوێوە بە مەفرەزە هاتوچۆی ناوچەکانی شیلادزێ، زێباری، ئامێدی و دەشتی بەرازگری کردوە. ساڵی ١٩٨٧ کە ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات سەردانی ئەو ناوچانەی کردوە، عەریف یاسین لە لقی یەک ماوەتەوە و ڕەمەزان محەمەدی برای فەرماندەیی بەتالیۆنەکەی لە ئەستۆ گرتووە و لەگەڵ سەنعان جاسم کە کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەیەکی ٢٠ کەسە، گواستراونەتەوە بۆ قواتی بارزان و لە دەشتی بەرازگر و حەیات بوون. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکیان لە کانی ڕەش کردوە. دوای تەواو بوونی شەڕی خواکورک گەڕاوەتەوە بۆ لای منداڵەکانی لە زێوە.
ساڵی ١٩٩١، سەنعان جاسم لەگەڵ عەریف یاسین و ڕەمەزان محەمەدی برای عەریف یاسین و ٤٠ پێشمەرگە بە حاجی ئۆمەراندا چووەتە بێخمە و کراوە بە جێگری فەوج و ئیسماعیل کامل فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٦ فەوجەکەیان گواستراوەتەوە بۆ سپیلک و تا ساڵی ٢٠٠٨ لەو جێیە درێژەی بە خەباتداوە و لەو ساڵەدا بە پلەی عەقید خانەنشینیان کردوە. ناوبراو سێ جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە: ساڵی ١٩٦٢ بە دوای پەڕینەوەی بۆ ناوچەی سۆران، لە پردی حافیز کە نەبی سەرئاسن شەهید بوو. ساڵی ١٩٦٩ لە شەڕی سەرتیز و ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی گۆڕەز. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:
- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. بە میدالیای بارزانی سەربڵندم و لە هەموو شتێکی دنیا بۆمن بە نرخترە.)

## ئەحمەد ئەسعەد عەنتەر



ئەحمەد ئەسعەد عەنتەر ناسراو بە ئەحمەد بیری ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی بیری لە ناوچەی دۆسکی خواروو لە قەزای ئامێدی لە دایک بووە. کوڕی ئەسعەد عەنتەر یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستانە کە ساڵی ١٩٤٦ بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە. باپیری بە ناوی عەنتەر ڕۆستەم محەمەد یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵانی ١٩٣١ و ١٩٣٢دا و لە خزمەت شێخ ئەحمەدی بارزاندا بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ئەحمەد ئەسعەد عەنتەر چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حەمەدەمین میرخان مێرگەسووری و عەبدولڕەحمان یاسین بیری لەگەڵ بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕی سەرتیز، گەلی زاویتە و سەری ئاکرێی کردوە. ساڵی ١٩٦٢، بە دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە سوپا و جاشەکانی عێراق، لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لەگەڵ کاکۆ مێرگەسووری بووە و بەشداریی شەڕی چەککردنی قشڵەی ڕایاتی کردوە و دواتریش وەک خۆی دەڵێت لە چەککردنی قشڵەی هیران و نازەنین دا بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٦٣، بە فەرمانی مەلا ئەمین هۆستانی چووەتە سەری سپیلک و بەشداریی شەڕی سەری سپیلکی کردوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ گوندی بالیسان لە مەزنێ و هاودیان کە لوقمان بارزانی فەرماندەی بووە. یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی مەیدان مۆریک، باسکی دەرە، کەلی بنی بیای، ژاژۆک لە نزیک مێرگەسوور. لە شەڕی کۆلانی دەرەی بە گوللەی تۆپ بریندار بووە و وەک خۆی دەڵێت دوکتۆر مەحمود عوسمان لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە "خەلەتەول" چارەسەری برینەکەی کردوە. ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە بۆ



ناوچەی سۆران و لەگەل مەلا ئەمین حاجی هۆستانی لە قەرەداغ، کفری و کەلار و ناوچەی گەرمیان بووە و دەڵێت: **(مولازم خالید و مولازم جەمال خەڵکی سلێمانی لەگەڵ ئێمە بوون و نوری شاوەیس بەرپرسی سەرەکیمان بوو. هەرلەو ساڵەدا گواسترامەوە بۆ ناوچەی نەهلە لە قەزای ئاکرێ و شێخ عەبدوڵا محەمەد سدیق، شێخ واحید، شێخ شەفیق شێخ بابۆ و ئیبراهیم بارزانی بەرپرسمان بوون.)**

ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و لەوێ دایکی کۆچی دوایی کردوە. ساڵی ١٩٧٦ گواستراوەتەوە بۆ تاکستانی قەزوێن. لەوێوە بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە کەرەج. وەک خۆی دەڵێت لە کەرەج چووەتە ماڵی عەلی شەعبان و لەگەڵ مەلا ئەمین هۆستانی بە باکوری کوردستاندا ڕەوانەی گەوەڕ کراوە و لەوێوە چووەتە هەرک و بێداو لەنێوان سنوری باشور و باکوری کوردستان و لەوێ عەبدولڕەحمان پێداوی "سەربەست" بەرپرسی بووە و بە مەفرەزە لەگەڵ عەریف یاسین دۆسکی، تەتەر خەلیل بیری، محەمەد ئەسعەد بیری، عەبدوڵا حوسێن حاجی، محەمەد حوسێن عەباس، محەمەد عەلی ئیسماعیل هۆستانی و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان هاتووچۆی ناوچەکانی بارزان و مێرگەسووری کردوە و کەمینیان بۆ دوژمن داناوە. بە دوای شەڕی هەکاری لە سەردەمی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتدا لە ساڵی ١٩٧٨دا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەچی لە نزیک دزەی مەرگەوەڕ لەلایەن سەروانی ژاندارمەری سەیفییەوە گیراوە، بۆ ماوەی سێ مانگ لە زینداندا بووە و ویستویانە بیدەنەوە بە ڕژێمی عێراق، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بە هەوڵی ئیدریس بارزانی لە زیندان ئازادیان کردوە و بە دوای ئازادبوونی لە زیندان، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان.

بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، ئەحمەد بیری کراوە بە پاسەوانی عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ساڵی ١٩٩٧ گواستراوەتەوە بۆ هێزی تایبەتی سەربە پاسەوانەکانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و هەتا ئێستا بە پلەی لیوا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو لە شۆڕشی گوڵاندا بەشداریی چەندان شەڕی تری کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە شەڕی مێرگەسووردا نۆ پێشمەرگەیان شەهید بوون کە ئوغز کانیەلەنجی، نەبی ئۆرەماری، سدیق نەجمەدین و ئەحمەد مێرگەسووریی چەند کەسێک بوون لەو شەهیدانە. ئەحمەد بیری بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەموو ژیانی ڕابردووی خۆم بەبیر هاتەوە، لەو ڕۆژەوە کە چەکم هەڵگرتووە تا شەڕەکان و ئاوارە بوونەکانم و ئێستاش هەرجێیەکی کوردستان مەترسی لەسەر بێت خۆشحاڵ دەبم کە بچم و تا سەرخستنی کورد بەربەرەکانی بکەم.)

## قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ




قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ ساڵی ١٩٥٥ لە ناحیەی هێرۆ لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی مارەدۆ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەرگریی میللی. وەک خۆی دەڵێت سوپای عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا هێرشی کردە سەر ناوچەی پشدەر و سەنگەسەر، لەو شەڕە بەرگرییەدا لەگەڵ نزیکەی ٣٠ کەس لە خزمانی چەکی هەڵگرتووە و بە سەرۆکایەتی مەلا ئیسماعیل عەبدوڵا هێرۆیی بەشداریی ئەو شەڕەی کردوە و دەڵێت: **(ئاغاکانی میراودەلی لەو شەڕەدا بە دژی پێشمەرگەکان لایەنگرییان لە ڕژێمی عێراق کرد.)**

ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا، چونکە ئەحمەد عەلی باوکی قەرەنی و دوو برای بە ناوەکانی بابەکر و حەسەن پێشمەرگە بوون، بە پلەی پێشمەرگایەتییەوە لە ماڵی خۆی بووە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی یەک و لە بارەگای هێزی کاوە بووە. وەک خۆی دەڵێت لەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی ژاراوەی لە ناوچەی قەڵادزێ کردوە.

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٧، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ لەگەڵ باوک و برا و بنەماڵەکەی چووەتە بەردەپان لە ناوچەی سەردەشت و لەوێوە بە زیلی سوپای ئێران گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرابلە لە کرماشان. دوای شەش مانگ، لەوێشەوە گواستراونەتەوە بۆ دەرگەز لە پارێزگای خۆراسان. ساڵی ١٩٧٩ بە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، لەگەڵ باوک و براکانی و کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکان و بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شەریکەی کوروش لە

گوندی گوێک تەپە جادەی مهاباد بۆ میاندواو نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٩٨٠ چووە بۆ نەغەدە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە کە بەگشتی خزم و ناسیاوی بوون بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و سەنگەسەر و بە فەرماندەیی مەلا سمایل هێرۆیی و مەلا حاجی دێلۆری هێرشیان کردوەتە سەر پێگەی پیرەسوار لە سنوری ناوچەی سەنگەسەر. بە دوای ئەو شەڕەدا لەگەڵ هێزەکانی تایبەتی سەربە بارەگای سەرکردایەتی پارتی دیموکرات کە ڕێزدار مەسعود بارزانی خۆی سەرۆکایەتی کردوە، لەگەڵ ژمارەیەک هێزی تێکەڵاو کە ژمارەیان نزیک بە ٧٠٠ پێشمەرگە بووە، چوونەتە سەر پێگەکانی ڕژێمی عێراق لە حاجی ئۆمەران و زەبری قورسیان لە دوژمن داوە و بەشێک لە ناوچەی حاجی ئۆمەرانیان لە هێزەکانی دوژمن پاک کردوەتەوە، بەڵام لەو شەڕەدا بە وتەی ناوبراو شەش پێشمەرگەیان شەهید بووە کە ناوی چوار لەو شەهیدانە بریتین لە فاتاح ئاغا، سەعید تۆماری، ئەحمەد حەدۆ و سلێمان کەریم .

ساڵی ١٩٨٥، ڕێکخراوی شەهید حەسۆ کە مەلا سمایل عەبدوڵا بەرپرسی بووە و قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ کارگێڕی ڕێکخراو بەرپرسی سەربازی بووە. ڕێکخراوەکانی شەهیدان و قەڵادزێ بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی سەربە حاجی میرخان دۆڵەمەری بۆ ماوەی نزیک بە دوو مانگ لە دەشتی بەرازگر، دەشتی هێرتێ، کەوەرتوو، لیلکان و سپینداری بووە. ساڵی ١٩٨٦ مەقەڕی ڕێکخراوەکەیان گواستوەتەوە بۆ ڕەزگە لە بناری قەندیل و ساڵی ١٩٨٧ بە هاوکاریی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هیزەکانی بەرەی کوردستانی هێرشیان کردوەتە سەر جاشەکانی گردی ڕەمکان، قەڵا تووکان و سێ وەیسی و ئەوانیان لەو شوێنانە دوور کردوەتەوە. لە هەمان ساڵدا ڕژێمی عێراق هێرشی کردوەتە سەر ناوچەی پێشمەرگەکان و ناچاری کردون جێیەکەیان بەجێهێڵن. قەرەنی لەگەڵ ڕێکخراوەکەی پاشەکشەی کردوە بۆ



گوندی دۆڵەتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ساڵی ١٩٨٨ ڕێکخراوەکەیان کراوەتە دوو بەش، بەشێکی لە شوێنی خۆی ماوەتەوە و بەشەکەی تری لەگەڵ قەرەنی ڕەوانەی سەری قوڵکەشکێ لە بناری قەندیل کراوە کە پارێزگاری لە بارەگای لیژنەی ناوچە بکات. دوای جێگیربوونیان، سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان هێرشی کردوەتە سەریان، بەڵام شکاون. بە دوای ئەو شەڕەدا و گەیشتنی زستان، قەرەنی و ڕێکخراوەکەی ناوچەکەیان بەجێهێشتوە و چوون بۆ گوندی کونەمشکێ لە ناوچەی سەردەشت. ناوبراو دەڵێت: **(لە مەودای نێوان ١٩٨٥ تا ١٩٩٠، ڕژێمی عێراق هەر چەند ڕۆژەی جارێک، تۆپبارانی ناوچەکەیانی کردوە.)**
ساڵی ١٩٩١، قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ لەگەڵ ڕێکخراوی شەهید حەسۆ کە خۆی بەرپرسی بووە، بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی قەڵادزێ و ڕانیەی کردوە و لە ڕۆژی دووەمی ڕاپەڕینەکەدا، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری ناوچەی قەڵادزێ، پێکەوە بارەگای لیوای عێراقیان لەگەڵ سێ فەوج لە بەری مەرگە چەک کردوە. ساڵی ١٩٩٢، بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوەکانی بە شێوازی سەربازیی ڕێکخستوەتەوە و لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانی فەوجی سەربازیی هاوبەشی پێکهێناوە، لەو ڕێکخستنە نوێیەدا قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ بۆ ماوەیەکی کەم کراوە بە فەماندەی سریە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا ڕێکخراوەکەیان گواستوەتەوە بۆ هێرۆ و دواتر بردویانەتە هەولێر. ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤وە تا ساڵی ٢٠٠٠، لە کاری سەربازییدا بووە و ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٦ کراوە بە جێگری دەزگای باڵای ئەیلول لە قەڵادزێ و ساڵی ٢٠٠٩ بووەتە ئەندامی دەزگای ئەیلول لە شەقڵاوە. ساڵی ٢٠١٢ کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە ڕانیە و قەڵادزێ.
برایەکی قەرەنی ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ بەناوی بابەکر ئەحمەد، ساڵی ١٩٨٢ لە شەڕی بەرگریی کردنی قەندیل شەهید بووە. ئامۆزایەکی بەناوی خدر محەمەد عەبدوڵا ڕۆژی ١٩٩٥/١/٣١ لە کەڵەکی باڵەیان و خاڵی بە ناوی حوسێن ساڵی ١٩٩٦ لە ئالی ڕەش شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بە هۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:


- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم، بەچەشنێک زارم بەسترا و قسەم بۆ نەکرا.)

# عەلی قادر عەلی



عەلی قادر عەلی ناسراو بە عەلی قادر مام عەلی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی میراوا لە قەزای ڕانیە لەدایک بووە. قادر مام عەلی باوکی لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرلقی پێشمەرگەکانی بێتواتە بووە. ناوبراو لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بێتواتە و بەشداریی شەڕەکانی هێزوپ، شێخ زەردی و ماکۆک ی لە ناوچەی قەڵادزێ کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەلی قادر مام عەلی پەڕیوەتەوە ناوچەی سەردەشت و چووەتە کۆمەڵگای ڕەبەت و زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرابلە لە کرماشان و ساڵی ١٩٧٦ لە قوم نیشتەجێ کراوە. وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٨٠ لە قوم کرێکار بووە و لەو ساڵەدا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە نەغەدە نیشتەجێ بووە و چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ عەلی شەعبان لە ڕێکخراوی شەهیدانی سەروچاوەدا بووە. قادر مام عەلی باوکی بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە بووە.

عەلی قادر مام عەلی ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە بۆ قاتعی ٤ لە ئالۆوەتان و کونە مشکێ و بە مەفرەزەی گەڕۆک بۆ ئەرکی ڕێکخستن گەڕاوەتەوە ناوچەکانی چوارقورنە و ڕانیە. ساڵی ١٩٨٧ کە بەرەی کوردستانی لەنێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی و ڕێکخراوەکانی تری باشوری کوردستان پێکهات، ڕێکخراوی شەهیدانی سەروچاوە کراوە بە لیژنەی ناوچە و لەگەڵ لقی دووی هەولێر خراوە و مقەڕی ڕێکخراوەکەیان بردوەتە گوندی شیرەی سەرو لە ناوچەی خۆشناوەتی و مقەڕی لقیان بە سەرۆکایەتی محەمەدی مەلا قادر لە بالیسان داناوە. ساڵی ١٩٨٨، عەلی قادر مام عەلی لە ئەنفالەکاندا لەگەڵ ڕێکخراوەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ بادیناوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.



ساڵی ١٩٩١، عەلی قادر مام عەلی بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕیندا و وەک خۆی دەڵێت حەمید ئەفەندی بەرپرسی میحوەری ٩ی ڕانیە و بێتوێن بوو و مەحمود محەمەد و مەلا جامی ئەندامی میحوەر بوون و ناوبراویش لە فەرعی ڕانیە و بێتوێندا بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. هەرلەو ساڵەدا ناوبراو کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ڕانیە. ساڵی ١٩٩٢، پارتی دیموکرات ڕێکخراوی سەربازی پێکهێناوە و ناوبراوی گواستوەتەوە بۆ ئەو ڕێکخراوەیە و ئەرکی فەرماندەی فەوجی ٤ی سوپای سلێمانی پێسپاردوە.

ڕۆژی ١٩٩٤/٧/١٧، بە دوای شەهیدکرانی عەلی حەسۆ و هەڤاڵانی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە قەڵادزێ، عەلی قادر مام عەلییش بە سەختی بریندار بووە و هەتا ئێستا لە جێدا کەوتووە و هاوسەر و منداڵەکانی خزمەتی دەکەن. بەم بۆنەیەوە ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی لیوای کەمئەندام خانەنشین کراوە.

قادر مام عەلی باوکی ساڵی ١٩٩٣ لە بەرەی شەڕدا جەڵتە لێیداوە و کۆچی دوایی کردوە. عەلی مام قادر ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میداليای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (ماوەی ٢٠ ساڵە لە پێناو نەتەوەکەمدا کەوتووم و ناتوانم هەستمە سەرپێ. لە ڕاستیدا بە درێژایی ئەو ٢٠ ساڵە، تەنیا شتێک کە منی زۆر خۆشحاڵ کرد و برینەکەی لەبیر بردمەوە وەرگرتنی میداليای بارزانی بوو. لە کاتی وەرگرتنی میداليا لە دەست سەرۆک مەسعود بارزانی دەمویست لەسەر عارابانەکەم هەستمە سەرپێ، بەڵام نەمتوانی.)**

# حەسەن جەسیم ئەحمەد



حەسەن جەسیم ئەحمەد پێندرۆیی ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی پێندرۆ لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ بنەماڵەکەی و بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شنۆ بووە. ساڵی ١٩٤٧ عەبدولڕەحیم جەسیم و ئەحمەد جەسیمی برای لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت و حەسەن جەسیم کە تەنیا ٨ ساڵی تەمەن بووە، لەگەڵ شێخ ئەحمەد و دایک و باوک و سێ خوشکی گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان. بۆ ماوەیەک لە دیانا لە زەوییەکی تێلدرک کراودا ڕاگیراوە و دواتر جەسیم مەلا ئەحمەدی باوکی گواستراوەتەوە بۆ زیندانی کەرکوک و ناوبراویش لەگەڵ دایک و خوشکەکانی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی پێندرۆ لە ناوچەی بارزان. ساڵی ١٩٤٨، جەسیم مەلا ئەحمەدی باوکی لەگەڵ ٧ بارزانیی بەندکراو وەک محەمەدئەمین عەباس بێرسیاقی، غەزاڵی عەباس لە زیندانی کەرکوک ڕایکردووە، بەڵام بەهۆی برسییەتی و هیلاکیی ڕێگا، لە گوندی جمکە و بن برز لە ناوچەی دەشتی هەولێر گیانیان لەدەست داوە.




ساڵی ١٩٥٩، دوو براکانی حەسەن جەسیم لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حەسەن جەسیم و براکانی چەکیان هەڵگرتوە و چوونەتە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. ناوبراو لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ و بەشداریی شەڕەکانی گەلی زاخۆ، مرێبا و گەلی زاویتەی کردوە. لە شەڕی گەلی زاخۆدا کە ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٨ بە فەرماندەیی عیسا سوار بەرێوەچووە، پێشمەرگەکان فەوجێکی عێراقیان بەتەواوی لەناوبردوە و فەرماندەی فەوجەکەشیان بەناوی عەقید مەجید سەبع کوشتوە. لەم بارەیەوە حەسەن جەسیم دەڵێت: **(گوتیان دیانەوێ فەوجێک بگۆڕن. ئێمە چووین بۆ گوندی حەسەن ئاوا. ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٧ عیسا سوار ئێمەی دابەشکرد و چووین کەمینمان دانا، بەڵام فەوجەکە نەهات و ئێمە تا بەیانی ڕۆژی دوایی ماینەوە. سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٨ فەوج هات و ئێمە لێماندا و تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو. ئێمە دە شەهید و چەندان بریندارماندا. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٧٠ چەکداری دوژمن کوژران و نزیکەی ١٨٠ چەکداریشمان بەدیل گرت، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر چەک و ڕەشاش و تۆپ و ئوتۆمبیل.)**

ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی بەدوای ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی ناوچەی بادینان پەڕیەوە بۆ ناوچەی سۆران، عەبدولڕەحیم، ئەحمەد و حەسەن جەسیم لەلای عیسا سوار لە هێزی زاخۆ ماونەتەوە و شان بەشانی عیسا سوار و پێشمەرگەکان پارێزگارییان لە ناوچەی زاخۆ کردوە. ڕۆژی ١٩٦٣/١٠/٥ حەسەن جەسیم و براکانی لەگەڵ لقەکانی پێشمەرگەی هێزی زاخۆ بە فەرماندەیی عیسا سوار هەڵمەتیان بردوەتە سەر چیای مەتین و دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی دەستەویەخەی بە خەنجەر و نێزە، پێشمەرگەکان چیای مەتینیان لە دوژمن پاککردەوە و سوپای

عێراق و ئەو لیوا داگیرکەرەی سوریایان شکاند و پاشماوەی لەشکری شکاوی سوریایان ناچار کرد بەرەو سوریا بکشێتەوە.

ساڵی ١٩٧٠، بەرلە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، پارتی دیموکراتی کوردستان هێزی حەمرینی لە ناوچەی ئاکرێ دامەزراندوە و عەبدولڕەحیم جەسیمی کردوە بە فەرماندەی ئەو هێزە و سەید عومەر سەید نەبی بە جێگری هێز و حەسەن جەسیم بە سەرلقی بارەگای هێز و بەم جۆرە لە هێزی زاخۆوە گواستراوەتەوە بۆ هێزی حەمرین لە ئاکرێ. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی ڕاگەیاند، ناوبراو لە هێزی حەمریندا بەردەوام بووە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستام بە لۆلاندا چووەتە شنۆ و زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتریش ئیسفەهان.

ساڵی ١٩٧٩، بە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، حەسەن جەسیم گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و کراوە بە فەرماندەی لقێکی پێشمەرگە و ڕەوانەی خواکورک کراوە و بەشێوەی مەفرەزەی گەڕۆک لە خواکورک، گەلی ڕەش و لۆلان بووە. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی لقی یەکی بادینان و ساڵی ١٩٨٨ یەکێک بووە لە فەرماندەکانی شەڕی خواکورک و لەگەڵ لقەکەی بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و بە دوای ئەو شەڕەدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە.

ساڵی ١٩٩١، حەسەن جەسیم بۆ بەشداریی کردن لە ڕاپەڕین، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی چووەتە سلێمانی و هەتا کەرکوک چوون و لە دژە هێرشەکەدا گەڕاونەتەوە بۆ قەڵاچوالان کە مام جەلالیش لەوێ بووە. بە دوای ڕاپەڕیندا ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخستنی تایبەت لە مەسیف سەلاحەدین و تا ساڵی ١٩٩٥ بەرپرسی پاسەوانەکانی کەریم سنجاری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

یەکێک لە براکانی حەسەن جەسیم، بەناوی عەبدولڕەحیم جەسیم ئەحمەد ڕۆژی ١٩٨٣/٩/١ لەگەڵ حەسۆ میرخان غەزالی، میرخان حاجی میرخان و کەکشار خدر لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە لە قەندیل شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی

خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و بە گەورەترین شانازی ژیانی خۆم و ماندووبوونەکانم و خزمەتی شەهیدەکانمی دەزانم.)

# فەیروز محێدین حوسێن



فەیروز محێدین حوسێن ناسراو بە فەیروز بیارەیی ساڵی ١٩٥٧ لە بیارە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی سەرەتایی لە بیارە تەواو کردوە و ساڵی ١٩٧٣ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە حامید فەیزوڵا بەرپرسی شانەکەی بوو. ڕۆژی ١٩٧٧/٤/٢٦، لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا ڕایکردوەتە گوندی گەچێنە و پێوەندیی بە نادر عەلی هەورامی بەرپرسی ناوچەکە و مولازم سائیب خەلەفەوە کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(چونکە پێشمەرگەکان لە شێوازی گەڕۆکدا بوون، هەر ئەو شەوە چووینە گوندی ئاوێرە لە پشت هاوار و لەو ڕۆژەدا من چەکم هەڵگرت و بووم بە پێشمەرگە و لەگەڵ نادر هەورامی بووم.)** لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٧ کە بووم بە پێشمەرگە، باوکم و سێ برام بە ناوەکانی فازل، نەورۆز و دڵسۆز لەگەڵ سێ خوشکم لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گیران و بۆ ماوەی ساڵێک لە زیندانی سەماوەدا ڕاگیران و ساڵی ١٩٧٨ لە زیندان ئازادیان کردن.)**

لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٧٧دا فەیروز بیارەیی بەشداریی شەڕی دەریاچەی سیروانی لە نزیک گوندی زەڕاین لە ناوچەی تاوەگۆزی کردوە و وەک خۆی دەڵێت ئەفسەرێک و چوار سەربازی ڕژێمیان کوشتوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی کانی سێڤی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:



- (سەرلەبەیانی زوو سوپا و جاشەکانی عێراق بە پشتیوانیی هێلیکۆپتەر هێرشیان کردە سەرمان و لە شەڕێکی قورسدا کە تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو، دوژمنمان شکاند، بەڵام دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی هادی عیزەت ئیبراهیم و عومەر عەلی شەهید بوون و دوو پێشمەرگەشمان بە ناوەکانی حامید ئەحمەد و مەلا عومەر مەحمود بریندار کران.) ناوبراو هەروەها ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی سوپای ڕزگاری کردوە کە بە سەرۆکایەتی شێخ مادح نەقشبەندی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەورامانەوە هێرشیان بۆ کردون و چوار پێشمەرگەیان بەناوەکانی مستەفا سەید کەریم، سوارە، زمناکۆ قادر و مستەفایان لێ شەهید کردین لەگەڵ پێنج پێشمەرگەش بریندار و دەڵێت شاخەکانمان لێ ستاندنەوە.

فەیروز بیارەیی ساڵی ١٩٨١ کراوە بە فەرماندەی کەرت و بە وتەی خۆی بەشداریی شەڕی چیای شرامی لە پشت بیارە کردوە و لەو شەڕەشدا دوو پێشمەرگەیان بەناوەکانی مەجنون قادر و سلێمان ساڵح براخاس شەهید و دوو پێشمەرگەشیان بە ناوەکانی ناجی عەبدوڵا و مام ساڵح بریندار بوون و لەو شەڕەدا ناجی باڵێکی پەڕیوە. هەرلەو ساڵەدا ناوبراو بەشداریی کردوە لە چەک کردنی پێگەی بانی بنۆک و شەڕی بەرگریکەرانەی شارەزووردا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (لە گوندی تەپە سەرەقوڵەی شارەزوور، لەگەڵ نادر هەورامی، ئازاد قەرەداغی و قادر قادر بووین کە ڕژێم بە تانک و جاش و سەرباز و هێلیکۆپتەر هێرشی بۆمان کرد. لە بەیانییەوە تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوت و ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بەناوی حەمە قوتە شەهید و ١٦ پێشمەرگەشمان بریندار بوون کە من خۆم یەکێک بووم لە بریندارەکان.)

ساڵی ١٩٨٢ ئەرکی فەرماندەی لیوای یەکی شارەزووریان بە فەیروز بیارەیی سپاردوە. ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی هاوینە هەواری ئەحمەدئاوای کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە هاوینە هەواری ئەحمەدئاوای بووین کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆمان کرد و پاش شەڕێکی دەستەویەخە، سێ پێشمەرگەمان بە ناوەکانی ڕئوف هەجیجی، سەید کەمال و ئەنجومەن یارئەحمەد شەهید بوون.)**

ساڵی ١٩٨٤ فەیروز بیارەیی کراوە بە فەرماندەی هێزی هەورامان. لە مانگی ٧ی ئەو ساڵەدا ژمارەیەک جاش لە مۆڵگەکانی دوژمنەوە هێرشیان کردوەتە سەر گوندی ئەحمەدئاو ا و ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزەکەی لێیانداون و پاشەکشەیان پێکردون. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەیان بەناوەکانی جەمال بانی شاری و سەباح باسام شەهید و دوو پێشمەرگەشیان بەناوەکانی عوسمان حەمەکەریم ڕەحمان و نازم فەتاح بریندار بوون.

شەوێک لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٧، فەیروز بیارەیی و هێزەکەی لە خورماڵ بەسەر کەمینی جاشەکاندا کەوتوون و پێشمەرگەیەکیان بە ناوی ساحەب حەبیب حەمەڕەشید کە خزمی خۆی بووە شەهید کراوە و تەرمەکەی کەوتووەتە دەست جاشەکان. هەرلەو ساڵەدا ناوبراو بە هێزەکەی هێرشی کردوەتە سەر فەوجی "غفیفەی سەباح هاواری" کە سەرۆک جاش بووە لە هاوینە هەواری ئەحمەدئاوا و هانای وڵ و فەوجەکەیان چەک کردوە و ٣٢ جاشیان بەدیل گرتووە و ٩٠ پارچە چەکیان دەستکەوتووە. لەو شەڕەدا پێنج پێشمەرگەیان شەهید بووە کە فیروز بیارەیی ناوی سێ لەو پێشمەرگە شەهیدانەی لەبیرە: سەردار حاجی حوسێن، شێخ سەلام، عەلی مەلا. لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٨دا، فەیروز بیارەیی بەشداربووە لە ئازادکردنی شاری هەڵەبجەدا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (چەندەها دیلمان گرت و دەستکەوتێکی زۆرمان بەدەستهێنا، بەڵام ڕژێم دواتر بە کیمیاباران وەڵامی دایەوە و ٥٠٠٠ مرۆڤی بێتاوانی لە ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان و شارەزوور شەهید کرد. ئێمە بە فیشەک سێ شەهیدمان بەناوەکانی ساڵح عەریف حەسەن، ساڵح مام قالە و ئەحمەد محەمەد ساڵح هەبوو لەگەڵ سێ بریندار بەناوەکانی دیاری حوسێن، فازل محەمەد قادر و سەید بەهائەدین.)**

لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨دا، فەیروز بیارەیی ئەندامی لقی دووی هەولێر بووە لە ناوچەی بالیسان. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەکاتی ئەنفالەکاندا لەگەڵ نادر عەلی هەورامی بەرپرسی لقی دوو بووم لە ناوچەی بالیسان کە ڕژێم بە جاش و سەرباز و هێلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی هێرشی بۆمان کرد. هجومێکی گەورە بوو بۆسەر دۆڵی بالیسان و مەلەکان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەرگریمان کرد و دواتر بە هاوکاریی هەندێک لە چەکدارەکانی ڕژێم بەرەو دۆڵەڕەقە و کێوەڕەش کشاینەوە.)**


فەیروز بیارەیی بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ئازاد کردنی شاری خانەقیندا و دەڵێت: **(ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١، بە سەرپەرشتی قادر قادر و فەرەیدون جوانڕۆیی چووین بۆ کەرکوک و وەبەر ساحەی تەیارانی کەرکوک کەوتم و ئێوارەی ئەو ڕۆژە ئاگری نەورۆزمان لەوێ کردەوە و هەموو بەرپرسانی سلێمانی و کەرکوک لەوێ ئامادە بوون. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتی بەرەکەی دەکرد.)**

ساڵی ١٩٩٢، فەیروز بیارەیی کراوە بە فەرماندەی فەوجی یەک لە لیوای ٢٠ کە ئەنوەری حاجی عوسمان فەرماندەی بووە و ئەرکی پاراستنی بەنداوی دەربەندیخان و تۆڕی کارەبای دەربەندیخانیان پێسپاردوە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا کراوە بە فەرماندەی فەوجی ٣ی خورماڵ و ساڵی ١٩٩٥ بە پلەی مقەدەم لیوا لە لیوای ٤٣ی شیرەمەڕ بووە و ساڵی ١٩٩٥ گواستراوەتەوە بۆ بەشی بە دواداچوون و پشکنینی سوپای ڕزگاری و کراوە بە بەرپرسی ئەو بەشە و مقەڕەکەی لە دێگەڵەی هەولێر بووە. ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە ئەندامی سوپای ڕزگاری و تا ساڵی ٢٠٠٣ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و دواتر بە پلەی عەقید گواستراوەتەوە بۆ سوپای ٤ی زێرەڤانی و کراوە بە ئەندامی سوپا و بەرپرسی "حرکات"ی زێرەڤانی و ساڵی ٢٠٠٦ کراوە بە فەرماندەی هێزی یەکی سوپای ٤ ی زێرەڤانی و ساڵی ٢٠٠٩ ئەرکی ئەندامی فەرماندەی گەرمیانیان بە پلەی عەمید پێسپاردوە.

فەیروز محێدین حوسێن بەشداریی کۆنگرەکانی ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لە شەڕی گوندی شیرەمەڕ برینداربووە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٤وە بە پلەی لیوا و کەمئەندام خانەنشین کراوە. ناوبراو دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم. گەورەترین خەڵاتی ژیانمە و شانازی پێوە دەکەم.)

## حەسەن مەحمود محەمەد




حەسەن مەحمود محەمەد ناسراو بە حەسەن زەمەقی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی پشتە لە بناری تاوگۆزی سەربە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی حەمەدەمین شەمیرانی، لە بەتالیۆنی پێنجی زمناکۆ لە شەمیران. دوای شەش مانگ پێشمەرگایەتی، ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کراوە و ناوبراو هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاروباری خۆشی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەتی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ لقەکەی و بەشداریی شەڕی سەرتیز و دەربەندیخانی کردوە و لە شەڕی دەربەندیخاندا بریندار بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حەسەن زەمەقی چووەتە زەهاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ساڵێک گەڕاوەتەوە بۆ گوندی زەمەق و خەریکی کاری وەرزێڕی بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ڕژێمی عێراق لە گرتنم خۆی پاراست، بەڵام هەفتەی جارێک دەچوومە قایمقامیەتی هەڵەبجە و ئیمزام بۆ دەکردن.)** ناوبراو وەک خۆی دەڵێت ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٥ کۆتایی بەو وەزعە هێناوە و ڕایکردوە و چووەتە ناوچەی بەمۆ و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەربە قادری حەمە ساڵح و دواتر چووەتە لای ئەحمەد حوسێن شەمیرانی لە شاخی داڵانی لە هەورامان. تا ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو هێزە بە مەفرەزە گەڕاوەتە بۆ ناوچەکانی شارەزوور، هەڵەبجە، زڕایین، شاربازێر، ناوچەی نەورۆلی، شەمیران و قەراخ و بەشداریی شەڕەکانی شەرام، ئەحمەد ئاوا، شارەزوور و ئازاد کردنی قەرەداغی کردوە.

ساڵی ١٩٨٢، حەسەن زەمەقی کراوە بە فەرماندەی کەرت لە هێزی سیروان و دەڵیت: **(ساڵی ١٩٨٢- ١٩٨٣ دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، فرەنسۆ هەریری و حەمید ئەفەندی هاتن بۆ ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکانی هێز و ناوچە و منیان کرد بە بەرپرسی شانەی سەرەکی ڕێکخراو.)** ناوبراو ساڵی ١٩٨٣ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی چناران و لەوێ مەفرەزەکەیان لە کەمینی جاشان کەوتووە و دوو پێشمەرگەیان بەناوەکانی تۆفیق عەبدوڵا زەڕێنی و ئەحمەد عەلی خەڵکی هۆڕین شەهید بوون. هەروەها ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٨ سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان هێرشی کردوەتە سەر شەمیران و سێ پێگەی لێ داناوە، بەڵام ئەوان هەرسێ پێگەیان چەککردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(هەر سێ پێگەمان چەککرد. حەوت سەربازمان بە دیل گرت و نزیکەی ٢٠- ٢٥ جاش و سەربازیش کوژران. فەرەیدون جوانڕۆیی بەرپرسی ناوچەکەمان بریندار بوو.)**

ساڵی ١٩٨٤، سوپای عێراق بەهۆی گوشاری شەڕ لەگەڵ ئێران، بەشێک لە ناوچەی هەورامان بەجێدێڵێت و پێشمەرگەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو هەلە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنە ئازادەکان. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی قەرەداغ ئازاد دەکەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی ناحیەی قەرەداغمان گرت بە ٩٠ دیلەوە، بەڵام سێ پێشمەرگەمان بەناوەکانی سەید خەلیل خەڵکی ناوچەی شوان، سەید جەسیم و حەبیب ئەحمەد ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٩ شەهید بوون.)** ساڵی ١٩٨٨، حەسەن زەمەقی کراوە بە ئەندامی ناوچە و بەرپرسی ڕێکخراو و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ ٩٥ پێشمەرگە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و ١٨ سەربازی عێراقییان بەدیل گرتوە و بە دوای ئەو ٤٠ ڕۆژەدا لەگەڵ حەمەی حەمە ساڵح و جەلالی حاجی حەسەن و پێشمەرگەکانیان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە چووەتە جوانڕۆ کە ماڵەکەی لەوێ بووە.

ساڵی ١٩٩٠، تەقەیان لە کاروانێکی دوژمن لەنێوان بیارە و بەلخە کردوە و ئەفسەرێک و حەوت سەربازیان بەدیل گرتووە. ساڵی ١٩٩١، کاتی ڕاپەڕین بەرپرسی ڕێکخراوی زەڕایین بووە و کردویانە بە فەرماندەی کەرتی ناوچەی زەڕایین و لەگەڵ فەرەیدون جوانڕۆیی، شێخ باوە و قادر قادر بەشداریی ڕاپەڕینی زەراییینیان کردوە و چوار پێشمەرگەیان شەهید بووە کە ناوی سێ

لە شەهیدەکان بریتی بووە لە عەبدوڵا سۆفی، محەمەد حەمەشەریف و حەمەدەمین مەحمود کە خاڵۆزای بووە. ساڵی ١٩٩٢ بە دوای هەڵبژارن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەسەن زەمەقی کراوە بە فەرماندەی هێزی هاوبەشی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی. ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ سەریهەڵدا، لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات پاشەکشەی کردوە بۆ شەمیران و هەڵەبجەی تازەیان بەجێهێشتوە و دواتر لەگەڵ نادر عەلی هەورامی بەرپرسی لقی چوار و فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی لق یەکیان گرتووەتەوە.

حەسەن مەحمود محەمەد لە هەڵەبجە کراوە بە فەرماندەی فەوجی ١٨ و لە شەڕی ناوخۆیی دا ڕانی ڕاستەی بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١٧، لە شەڕی دووەمی ناوخۆییدا چووە بۆ هەولێر و ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی لیوای ٨٢ی خانەقین و ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە ئەندامی سوپای ڕزگاری. ساڵی ٢٠٠٣ لە شەڕی ئازادکردنی عێراقدا فەرماندەی لیوای یەکی هەولێر بووە و سەید عەبدوڵا خەڵکی گوندی کەردز فەرماندەی بووە و دواتر عەمید نەزیر کراوە بە فەرماندەی. ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٥ بەهۆی کەمئەندام بوونی بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.

برایەک و چوار زاوا و ئامۆزا و پورزای حەسەن مەحمود محەمەد بەو ناوانەی خوارەوە شەهید کراون: محەمەد مەحمود محەمەدی برای ساڵی ١٩٦٥ لە هەڵەبجە شەهید بووە. بورهان ئەحمەد عەبدوڵای زاوای ساڵی ١٩٩٦ لە گەرمیان، شاهۆ ساڵح مەحمودی پورزای ساڵی ١٩٩٧ لە گەرمیان لە ناوچەی شاربازێر، محەمەد کەریم محەمەد قادری ئامۆزای ساڵی ١٩٧٨ لە ناوچەی بەمۆ لە کانی ژنان و محەمەد ئەمین عەزیز بارانی ئامۆزای ساڵی ١٩٨١ لە شارەزوور شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و بە بەرزترین خەڵاتی ژیانمی دەزانم.)**

## عەرەب محەمەدئەمین فەرەج



عەرەب محەمەدئەمین فەرەج ناسراو بە عەرەب ساڵی ١٩٥٣ لە هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی ناوەندیی تەواو کردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی ٧ ی هێزی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سێ برای بەناوەکانی شاوەیس، خەسرەو و محەمەدئەمین لەو هێزەدا پێشمەرگە بوون. دوای پەیوەست بوونی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، عەرەب وەک خۆی دەڵێت لە خوێندنگەی سەرەتایی بیارە کراوە بە مامۆستای شۆڕش کە بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا غولام سەعید ئەرکەوازی بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای تر وەک مامۆستا عەلی کوێخا فەتاح، مامۆستا ڕەزا بیارەیی و مامۆستا مستەفا باخە هەنارەیی وانەمان دەگوتەوە.)** ناوبراو دوای حەوت مانگ وانە گوتنەوە، کراوە بە ئەندامی ئیداریی و کۆگای بەتالیۆنی حەوتی هێزی خەبات کە جەمال نامیق بەرپرسی بووە.

عەرەب محەمەدئەمین فەرەج ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە فەوجی ٧ی پاسەوانی سنووری پێنجوێندا کراوە بە پاسەوانی سنوور و وەک خۆی دەڵێت تاهیر عەلی والی بەگ فەرماندەی فەوجەکەی بووە. هاوکات لەگەڵ ئەو بەرپرسایەتییەی لە هێزی خەباتدا کە ساڵح پێداوی و دواتریش فەتاح محەمەد ئەمین ئاغا فەرماندەی بوون، ئەرکی نهێنییەکانی سنوری هێزی خەباتیان پێسپاردوە و دواتر کراوە بە بەرپرسی هەموو پرسە نهێنییەکانی هێزی ڕزگاری و خەبات لە زمناکۆ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە کۆمەڵگای گوندی هێروێ لە نزیک پردی دواوان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و لەوێشەوە بردویانە بۆ شاری مەرەند و دواتریش لە جوڵفا لە ئازەربایجانی

ڕۆژهەڵات نیشتەجێیان کردوە و لەوێ لە ئیدارەی پاراستنی ئاژەڵ "شکاربانی" کاری کردوە. ساڵی ۱۹۷۹ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و خومەینی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی ڕێکخستنەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە جوڵفا بووم کە فرەنسۆ هەریری هات و بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی پارتی لیژنەیەکی پێکهێنا کە کاروباری ئاوارەکان ڕاپەڕێنێت. هەڵبژاردن کرا و من بووم بە بەرپرسی ئەو لیژنەیە. هاوکات ڕێکخراوێکیان لە تەورێز پێکهێنا و من و چەتۆ شێخ محەمەد کراین بە بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە. چەتۆ لە تەورێز و من لە جوڵفاوە تا شەبستەر کاری حیزبم بەڕێوەدەبرد.)**

عەرەب محەمەدئەمین فەرەج ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۰/۱٦ بە کەڵکوەرگرتن لە لێبووردنی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ سەید سادق و لە پەیمانگای تێکنیکیی سلێمانی دامەزراوە و ساڵی ۱۹۸۱ لەلایەن کارەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ بەغدا و ساڵی ۱۹۸۲ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی و لە ئیدارەی ئاو و ئاودێری هەڵەبجە کاری کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەو ساڵەدا پێوەندیی بە نادر هەورامی و حەمە سەعید هەورامییەوە هەبووە. ناوبراو ساڵی ۱۹۸۵ سەرلەنوێ ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و لە گۆلێ لە ناوچەی شلێر لە مقەڕی لقی چوار بووە بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی. لە هەمانساڵدا کراوە بە بەرپرسی کۆمەڵگای چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی شۆڕش لە بارەگای پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە مەریوان کە حەمەسوور حوسێن بەرپرسی بووە. ناوبراو ساڵی ۱۹۸۸، بەرپرسی کاروباری شەهیدانی لقی چوار بووە.

ساڵی ۱۹۹۱، عەرەب محەمەدئەمین فەرەج لەگەڵ پێشمەرگەکانی لقی چوار بەشداریی ڕاپەڕینی لە سلێمانی کردوە و مقەڕی لقیان لە چوارتا کردوەتەوە. بە دوای کۆڕەوەکەدا کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن کە شەریف سەعید بەرپرسی بووە. لە هەمانکاتدا نوێنەری لقی چوار بووە لە کۆمیتەی پێکهاتووی بەرەی کوردستانیدا لە پێنجوێن. لە هەڵبژاردنی ۱۹۹۲/٥/۱۹ کراوە بە نوێنەری لیژنەی باڵای لقی چوار لە پارێزگای سلێمانی و هاوکاریی هەڵبژاردنی کردوە. دوای هەڵبژاردن، کارگێڕی لقی چوار بووە لە ڕانیە و دواتر لە ساڵی ۱۹۹۳دا بە پلەی مقەدەم گواستراوەتەوە بۆ فەوجی دووی پاراستن لە شاری سلێمانی. ساڵی ۱۹۹٤ لە شەڕی ناوخۆدا، لقی ۱۲ی

پارتی لە هەڵەبجە پێکهاتووە و ناوبراویان گواستۆتەوە بۆ لقی ١٢ و کراوە بە ئەندامی لق کە بەرپرسەکەی محێدین ڕەحیم بووە. ساڵی ١٩٩٦ لقەکەیان چووە بۆ هەولێر.

عەرەب محەمەدئەمین فەرەج یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٩٩دا و ساڵی ٢٠٠٠ بە هەڵبژاردن بووە بە کارگێڕی لقی ١٢ و ساڵی ٢٠٠٤ لقەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە و تا کۆنگرەی ١٣ی پارتی لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ٢٠٠٧ کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە هەڵەبجەی شەهید و ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠، ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و وابیر دەکەمەوە کە پاداشی هەموو ڕەنجەکانم وەرگرتووەتەوە، بەڵام لاموایە خەڵکی موستەحەق هەیە کە میدالیای بارزانی وەرگرن.)**

## جومعە محەمەد خاڵە وەیسە




جومعە محەمەد خاڵە وەیسە ناسراو بە شاسوار ساڵی ١٩٥١ لە کەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی یەکەمی هێزی ڕزگاری کە حەمەسوور حوسێن فەرماندەی بەتالیۆن و سەعید تۆماری سەرلقی بوون. تا ساڵی ١٩٧٠ و واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لەو بەتالیۆنەدا بووە و بەشداریی شەڕەکانی شاخی هەلاج و دابان و شەڕی خەلەکانی لە ناوچەی نێوان کۆیە و دوکان کردوە. ساڵی ١٩٧٠ بە پلەی پێشمەرگایەتی لە ماڵی خۆی ماوەتەوە و خۆی دەڵێت مانگانە پێنج دیناریان داوەتێ و ساڵی ١٩٧٣ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ بەتالیۆنەکەی کە مولازم فەرەیدون "سدیق" فەرماندەی بووە و وەک خۆی دەڵێت لە دوو مەفرەزەی گەڕۆکدا لە پێگەکانی جەبەل بۆر و سەرخاسەیان داوە.

ساڵی ١٩٧٤، جومعە محەمەد خاڵە وەیسە بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی ماسقەلانی لە گوندی مام ڕەش لە ناوچەی شوان کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕەدا دوکتۆری لقەکەیان بەناوی فایق شەهید بووە و دەڵێت: (**لەو شەڕەدا سەرۆک جاشێک بەناوی جەلیل ئاغا لەگەڵ ژمارەیەک جاش و سەربازیان کوشتوە.**) ساڵی ١٩٧٥، ناوبراو لە ناوچەی دوکان ڕەشاشێکی پێبووە و لەوێوە چووەتە چوارتا و بە شارباژێردا خۆی گەیاندوەتە پێنجوێن و دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول پەڕیوەتەوە بۆ مەریوان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەراو و نیلوفەر لە کرماشان و لەوێشەوە بردراوە بۆ جهروم لە پارێزگای شیراز، لەو بارەیەوە دەڵێت: (**لە جهروم ژمارەیەکی زۆر خۆیان ناونووس کردبوو کە بچن بۆ ئەوروپا، بەڵام من**

ئامادە نەبووم و گوتم تا چارەنوسی سەرۆک مەلا مستەفا ڕوون نەبێتەوە، من بۆ خارج ناچم.)

شاسوار لە جهرومەوە بردراوە بۆ چالوس و نەوشهر لە پارێزگای ساری کە لەوێ کار بکات و خۆی بەخێو بکات کە لە بەلەدێی نەوشهر دامەزراوە. تا دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی لە نەوشهر بووە و لە مانگی چواری ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە شەریکەی کشتوکاڵی زەهاو و لەگەڵ ئەندامانی لقی ٣ی پارتی دیموکرات یەکی گرتووەتەوە کە مولازم یونس ڕۆژبەیانی بەرپرسی لقەکەیان بووە. بە وتەی خۆی لەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی سەرتکی کردوە و چوار ئوتۆمبیلیان سوتاندوە، بەڵام قادر قادر بەرپرسی ناوچەی سلێمانی برینداربووە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ لقی ٣ و ٤ کە نادر هەورامی و ئازاد بەرواری بەرپرسیان بوون بە لقەکانیانەوە چوونەتە زێوە. بە دوای پێکهاتنی بەرەی جود لەنێوان پارتی دیموکرات، حیزبی شیوعی. پاسۆک و حسکدا، بەشداریی شەڕی حاجی ئۆمەرانی کردوە و لەو شەڕەدا بریندار بووە و دەڵێت: **(سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی سەرۆکایەتی شەڕەکەی کرد و سەعید تۆمار و مەجید حاجی محەمەد خەڵکی دووز شەهید بوون و جەنازەکەیان بەجێما. هەروەها فەتاح ئاغاش لەو شەڕەدا شەهید بوو.)**

ساڵی ١٩٨١، شاسوار لەگەڵ لقەکەی گەڕاوەتەوە بۆ چنارە سورێن لە نزیک سەید سادق و دەڵێت: **(یەکەم جوڵەی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا، لێدانی پێگەی سوپای عێراق بووە لە خورماڵ.)** هەرلەو ساڵەدا بە وتەی شاسوار دوو پێشمەرگەیان بە ناوەکانی دوکتۆر نەریمان و شەریفی خاڵە شەهید بوون و تا ساڵی ١٩٨٣ تێکەڵاوی شەڕی ناوخۆیی بوون و بەشێک لە وزەی هێزەکەیان دژی ڕژێمی عێراق لێ ئەستێندراوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٨٣ لقی ٣ و ٤ لە ناوچەکانی شاربازێر و سەرگەڵو لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوتن، بەڵام ئەوان دیسانیش لە هەموو ناوچەکدا لە ئێمەیان دا و جەزا عەلی کاتب یان لێ شەهید و ٣٤ پێشمەرگەیان لە پشت چوارتا گوللەباران کردین.)**

لە ڕەوتی شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٣دا بە مەفرەزەیەکی ١٠٠ کەسی چوونەتە ناو شاری سلێمانی لە پێگەی حەسیب ساڵحیان داوە و لە هەمان ساڵدا سەربازگەی شەرامیان لە ناوچەی هەڵەبجە چەککردوە و بە وتەی خۆی ٧٥

سەربازیان بەدیل گرتووە. ساڵی ١٩٨٤، شاسوار سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ چنارەی سورێن لە سەید سادق و لە بانی بنۆک بەشداریی شەڕی بەرگرییکەرانەی سوپای عێراقی کردوە و لەو شەڕەدا ملی بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٧ بە دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگەڵ لقی ٣ ی پارتی و پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیانی یەکێتی و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی ناحیەی قەرەداغیان چەککردوە. هەروەها لەگەڵ لقەکانی ٣ و ٤ی پارتی سەربازگەی باسرەیان گرتووە و بە وتەی ناوبراو ٦٥ جاش و سەربازیان بەدیل گرتووە و کۆمەڵێکی زۆر چەک و تەقەمەنییان دەستکەوت بووە و هەرلەو ساڵەدا سەربازگەی مەنیلەیان لەنێوان چەمچەمال و سەنگاودا چەک کردوە، ٣٣ جاش و ٥ سەربازیان بەدیل گرتووە و نەفەربەرێکی سەربازییان سوتاندوە و ژمارەیەکی زۆریان چەک و تەقەمەنی دەستکەوت بووە.

ساڵی ١٩٩١، جومعە محەمەد خاڵە وەیسە لە ڕاپەڕیندا کراوە بە جێگری فەرماندەی هێزی حەمرین و ساڵی ١٩٩٤ لە سوپای ڕزگاریدا بووە و لەو ساڵەدا کراوە بە پاسەوانی دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی شەڕی کەسنەزانی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٧/١٠ لە شەڕی زیارەتدا لاقی چەپەی بریندار بووە و تا ئێستاش گوللە لە لاقیدا ماوەتەوە. بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی ڕەوانەی لقی ٨ی پارتی دیموکرات لە ئێران کراوە. تا ساڵی ١٩٩٨ لە کەرەج بووە و دوای گەڕانەوە لەگەڵ دوکتۆر ڕۆژ ماوەتەوە و ساڵی ٢٠٠٦ بە پلەی ڕائید خانەنشین کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم، بەتایبەتی کە وێنەی بارزانی لەسەرە. من لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە عاشقی بارزانی بووم و شانازی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم.)**

## عەبدولواحید خدر عەلی



عەبدولواحید خدر عەلی ناسراو بە عەبدولواحید سیساوەیی ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی سیساوە لە ناحیەی هەریر لە قەزای شەقڵاوە لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦٧/٦/١٤ لە پۆلی دووەمی دواناوەندیی وازی لە خوێندن هێناوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی دووی هێزی سەفین لە هیران. ساڵی ١٩٦٨ کراوە بە کادیری لیژنەی ناوچەی ڕانیە و بەرپرسی ڕێکخراوی خەلەکان. تا ساڵی ١٩٧٣ لە لیژنەی ناوچەی ڕانیە، بەرپرسی ڕێکخراوەکانی چوارقوڕنە، دۆڵی شاوەر، بۆسکین و سەرکەپکان بووە. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ مەهدی خۆشناو، ئەکرەم مەنتک، حەسەن بانی مارانی و ژمارەیەکی تر خولی چوارەمی پێگەیاندنی کادیرانی بە پلەیەکی باش لە ناوپردان تەواو کردوە. هەرلەو ساڵەدا توانیویەتی خوێندنی دواناوەندییش بخوێنێت.




ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردەوە، عەبدولواحید سیساوەیی بەرپرسی ڕێکخراوی شاوەر بووە و لە شەڕی چیای ماکۆک برینداربووە. ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە ناوچەی بەردەپان لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت و لەوێشەوە بردراوە بۆ پارێزگای قەزوێن. ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ ئازاد قەرەداغی و قادر قادر بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. وەک خۆی دەڵێت ئەندامی لقی ٣ و ٤ و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شوان و مقەڕی لە ناوچەی شاربازێڕ لە گوندی چنارە بووە. ساڵی ١٩٨٤، عەبدولواحید سیساوەیی لە لقی ٨ی پارتی دیموکراتدا لە ئێران کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شاری قەزوێن. وەک خۆی دەڵێت بەگوێرەی بەرپرسایەتییەکەی، لەگەڵ مەلا غەریب محەمەد بە توندی لەژێر چاودێریی دەزگاکانی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی ئێران "ئیتلاعات" دا بوون. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کردوە لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ.

ڕۆژی ١٩٩١/١١/٢٨، بە دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا، عەبدولواحید سیساوەیی گەڕاوەتەوە بۆ لقی ٢ی هەولێر و کراوە بە ئەندامی لق. ساڵی ١٩٩٢، لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کراوە بە بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای شەقڵاوە. تا ساڵی ١٩٩٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ئاسایشی هەولێر و کراوە بە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی شاری هەولێر. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥، ناوبراو سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی ٢ و کراوە بە ئەندامی لق و بەرپرسی ناوچەی دووی هەولێر. دوای دامەزرانی لقی ١٦ی پارتی دیموکرات لە شاوەیس، لە ساڵی ١٩٩٥دا، ناوبراو کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی ١٦ و هاوکات بەرپرسی لیژنەکانی ناوچەی هەریر، شەقڵاوە، بەڕانەتی "بەحرکە"

بووە. عەبدولواحید سیساوەیی هەتا ساڵی ٢٠٠٩ لە لقی ١٦ی پارتی دیموکراتدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراوە.

عەبدولواحید خدر عەلی سیساوەیی ساڵی ١٩٦٩ لە شەڕی کۆسرەتدا بە سوکی بریندار بووە. ڕەشاد خدرعەلی برای ئەندامی ناوچەی شەقڵاوە بووە و ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٤ لە مەفرەزەیەک لەنێوان سیساوا و شەقڵاوەدا شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵم. لە ساڵی ١٩٦٧وە کە بووم بە پێشمەرگە، جگەلە ڕێبازی مەلا مستەفا کە ڕێبازی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردە، هەتا ئێستا تەسلیمی هیچ لایەنێک و ڕێبازێکی تر نەبووم. گومانم لەوەدا نییە کە ئەو ڕێبازەی کە من هەڵمبژاردوە، ئازادی کورد و ڕزگاریی کوردستانی بەدواوە.)**

## حەسەن عەلی شێخۆ




حەسەن عەلی شێخۆ ناسراو بە حەسەن عەلی خەنجەر ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کەلحە میران لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە. لە گۆرانی گوتنی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو سیاسەت و پێشمەرگایەتی چووە. چەندان گۆرانی شۆڕشگێڕانەی لە شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵاندا سەبارەت بە کورد، کوردستان و پێشمەرگە چڕیوە کە هەرکامەیان لە سەردەمی خۆیدا کاردانەوەی شایانی لێکەوتووەتەوە. ساڵی ١٩٧٠ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی یەکی هێزی بادینان لە دهۆک کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی هێز و ئەحمەد شانە زاویت فەرماندەی سریەی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حەسەن عەلی خەنجەر گەڕاوەتەو بۆ دهۆک و ساڵی ١٩٧٦ سەرلەنوێ پێوەندیی بە سەید ساڵح لە ناوچەی ئامێدی کردوەتەوە و لە ڕێکخستنی نهێنی پارتیدا لە دهۆک خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن دەزگای ئەمنی عێراقەوە گیراوە و تا ساڵی ١٩٨٣ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زیندانەکانی دهۆک و عەبوو غەریبدا ڕاگیراوە. بە وتەی خۆی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٥ لە زیندان ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی یەکی دهۆک کە دوکتۆر جرجیس بەرپرسی بووە. ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٣٠ لەگەڵ مەفرەزەیەکی دەستوەشێن لە شاری دهۆک بووە کە سەرلەنوێ گیراوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت لە دادگای دهۆک زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپاوە کە ماوەکەی لە عێراق ٢٠ ساڵ و ٦ مانگ بووە، بەڵام ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٨ بەدوای ئەنفالەکاندا وەبەر بەخشینی گشتی کەوتووە و ئەم جارەش لە زیندان ئازاد کراوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، ناوبراو چووەتە ماڵی خاڵی لە قەسرۆک لەنێوان ئاکرێ و شێخان، کەچی دوای ٧٠

ڕۆژ سەرلەنوێ لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٨دا دەستبەسەر کراوەتەوە و لە زیندانی عەبوغەریبدا ڕاگیراوە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دەستپێکردنی وتووێژەکانی بەرەی کوردستانی ڕژێمی عێراق، دوای چوار ساڵ بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە زیندان ئازاد کراوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، ناوبراو دیسانیش گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و وەک خۆی دەڵێت کراوە بە فەرماندەی هێزی ناوچەی شێخان. ساڵی ١٩٩٣، حەسەن عەلی خەنجەر گواستراوەتەوە بۆ لقی یەکی دهۆک و کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی لقی یەک لە هێزی یەکی دهۆک و ئێستا بە پلەی عەمیدی کەمئەندام لە یەکەی ٤١ی فەرماندەی فەرماندەیی دهۆک کە سەربە وەزارەتی پێشمەرگەیە لە ئەرکی خۆیدا بەردەوامە. برایەکی حەسەن عەلی خەنجەر بە ناوی محەمەد ڕەشید ساڵی ١٩٨٣ بریندار‌بووە و بەهۆی چارەسەرنەبوونی برینەکەی دوای ٨ ساڵ کۆچی دوایی کردوە. برایەکی تری بەناوی ئەحمەد عەلی خەنجەر ساڵی ١٩٨٨ لە گولی دیهێ لە ڕۆژئاوای بامەڕنی ئەنفال کراوە، لەگەڵ دوو برازای بەناوەکانی جەمال و عەلی سەبری ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕی پ.ک.ک دا شەهید کراون. برازایەکی بەناوی عەبدولڕەحمان لە بازگەی موسڵ بە کردەی تیرۆریستی و تەقاندنەوەی ئوتۆمبیلێکی پڕلە TNT لەلایەن تیرۆریستانەوە شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٩ لە شەڕی پ.ک.ک دا هەردوو لاقی بریندار بووە و هەتا ئێستا بە کەمئەندامی ماوەتەوە. حەسەن عەلی شێخۆ ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە فەرهەنگ و هونەری کوردیی و هەروەها خزمەتکردنی کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- **(بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە وەک ئەوە بوو هەموو دنیایان بەمن داوە.)**

## فەقێ ئیسماعیل فەقێ ئیبراهیم حەمەدئەمین



فەقێ ئیسماعیل فەقێ ئیبراهیم حەمەدئەمین ناسراو بە فەقێ ئیسماعیل یاخیانی ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی یاخیان لە ناحیەی مەرگە لە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا لەلای مەلا محەمەد یاخیانی زانستی ئیسلامیی خوێندوە. ساڵی ١٩٦١ بە دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوانی عەشیرەتی جاف بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕەکانی دەربەندی بازیان و شیوەسووری کردوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە شەڕی شیوەسووردا ئێمە پێشمەرگەیەکمان بە ناوی کاکە حەمەی تەلانی شەهید بوو. بەدوای ئەو شەڕەدا ناوی هێزەکەی ئێمە کرا بە لقی ٨ی شەهید تەلانی و من کرام بە بەرپرسی ئیداریی لق لە سەرگەڵو و لقەکەمان سەربە هێزی ڕزگاری بوو.)**

ساڵی ١٩٦٤، فەقێ ئیسماعیل یاخیانی کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە هێزی رزگاریدا کە ڕەشید سندی فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٦٧ لەو مەفرەزەیەدا بە شێوەی گەڕۆک خەباتی کردوە و لەو ساڵەدا لقێکیان بۆ دامەزراندوە بە ناوی لقی ٥ی شەهید مەلا ئیسماعیل شارستێنی لە هێزی ڕزگاریدا و سەلیم قەڵەم پاسا کراوە بە جێگری. ساڵی ١٩٦٩، سەلیم قەڵامیان لێ جیا کردوەتەوە و لقێکیشیان بۆ ئەو دامەزاندوە. لەو ساڵەدا، ناوبراو بەشداریی شەڕەکانی دۆڵی هەنارە و فەدایەلی لە پیرەمەگرون و هەروەها چیای سارای لە قەزای دوکان بە دژی جاشەکانی ٦٦ کردوە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، فەقێ ئیسماعیل یاخیانی بە لقەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی ٤ی مەرگە لە هێزی کاوەدا کە حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی بووە و دواتر بە هەمان شێوە




گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی ٣ی سورداش. سالّی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبراو سەرلەنوێ بە لقەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی ٤ی مەرگە لە هێزی کاوە کە عەلی دەروێش فەرماندەی بەتالیۆنەکە بووە. لەو بەتالیۆنەدا بەشداریی شەڕی قەمچۆغەی لە ناوچەی دوکان کردوە. سالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، فەقێ ئیسماعیل گەڕاوەتەو بۆ گوندەکەی و سالّی ١٩٧٦ سەلەنوێ چووەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بەهۆی دوکتۆر کەمال کەرکوکییەوە نامەیەکی کاک ئیدریس بارزانیم پێگەیشت. نوسیبووی دوکتۆر کەمال هاتووەتە ناوچەی ئێوە و بە خزمانتەوە هاوکاریی بکە. من و خزمانم چەکمان هەڵگرتەوە. دوکتۆر کەمال هەرێمی دووی دروست کرد. پێنج کەس بووین بە ئەندام لەو هەرێمەدا، واتە دوکتۆر کەمال خۆی و چوار کەس بەم ناوانە: نەسرەدین مستەفا جێگری دوکتۆر کەمال، مولازم حەسەن خۆشناو، ڕەمزی و من خۆم کە بووین بە ئەندامی هەرێمی دوو.)

ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/٢٥، فەقێ ئیسماعیل یاخییانی بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی شارستێن و سێدەرەی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (دوژمن هێرشی هێنا و ئێمەش لێماندا. زیاتر لە ١٧٠ جاش و سەربازی لێکوژرا و پاشەکشەی کرد. ٩٠ ئێستر و کەلوپەلێکی زۆری سەربازی کەوتە دەست خەڵکی ناوچەکە. ئێمە ٩ پێشمەرگەمان بەو ناوانە شەهید بوون: باییز عەبدوڵا، عەبدوڵا عەبدوڵا، حەمەڕەش یاخییانی، مەحمود کانی توو، عەلی هەوارەبەرزە، مەمەند مەمەند ئاوا کە هەموویان سەرلق و سەرپەل بوون لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر. هەروەها ٦٥ پێشمەرگەمان بریندار بوو کە دوکتۆر کەماڵ خۆی یەکێک لە بریندارەکان بوو. لە شەڕی سێدەرەشدا دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی یاسین ڕەشید نەجم و محەمەد حەمەدەمین جولا خەڵکی هەورامان شەهید بوون.)

ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٢٦، سەرلەنوێ سوپای عێراق بە هێزێکی زۆری سەرباز و جاش لە سێ هێڵی مەرگە، سورداش و کاریزەی ماوەتەوە پەلاماری گوندەکانیان دا، فەقێ ئیسماعیل یاخیانی و پێشمەرگەکان و خەڵکی یاخیان و جافایەتی بۆ ماوەیەک لە بەرامبەر دوژمندا دەست دەکەنەوە تا سەرئەنجام پێشمەرگەیەکیان بەناوی مستەفا ساڵح مەحمود لێ شەهید دەبێ و پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە بە ژن و منداڵەوە پاشەکشە دەکەن و پەنا بۆ چیاکان دەبەن و دوژمن ناوچەکەیان داگیر دەکات. فەقێ ئیسماعیل و پێشمەرگەکان و خەڵکەکە تا مانگی چواری هەمان ساڵ لە شاخەکاندا دەمێننەوە و دواتر بەهۆی بێدەرەتانی و ماندووبوونیان داوا لە حکومەت دەکەن کە ئەگەر پێنج پێشمەرگەی زیندانی کراویان لە موسڵ بۆ ئازاد بکات ئەوان لە چیا دەگەڕێنەوە لای حکومەت. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (پێنج پێشمەرگە لە زیندانی موسڵ حوکمی ئیعدامیان درابوو، داوامان کرد ئەو پێشمەرگانە ئازاد بکەن تا ئێمە بگەڕێینەوە. ئەوان پیرۆت حاجی سەعید، ئیسماعیل بەکر و سێ پێشمەرگەکانی تریان ئازاد کرد و ئێمەش گەڕاینەوە، بەڵام حکومەت کەمال عەبدوڵا مستەفا و قادر کاکەڕەش و پێشمەرگەیەکی تری خەڵکی قامیشیان ئیعدام کرد. کەمال عەبدوڵایان لە جیاتی دوکتۆر کەمال گرتبوو. دوای گەڕانەوەمان، لە گوندەکەمان شکایەتی زۆرم لەسەر بوو. لەبەر ئەوە بە یارمەتی مولازمێکی شیعە مەزهەب بەناوی ئیبراهیم کە لە فەوجی ئیستخباراتی دوکان بوو، خانوبەرەیەکیان لە دوکان بۆ کڕیم و لەوێ نیشتەجێیان کردم.)**

ساڵی ١٩٨٨، لە ئەنفالەکاندا، فەقێ ئیسماعیل یاخیانی دوکانی بەجێهێشتوە و چووە بۆ شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ لەگەڵ فازل ڕئوف بەرپرسی ناوچەی پارتی، چوەتە ڕاژان و چاوی بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کەوتووە و وەک خۆی دەڵێت بە ئەمری بەڕێزیان هێزێکیان بە ناوی هێزی ڕزگاری لە لقی ٣ی کەرکوکدا بۆمن دامەزراند. ئەوکاتە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لق و قادر قادر و نەجات حەسەن و مەسعود ساڵەیی کارگێری لق بوون. هەروەها حاجی برایمی گەورەدێیان کردوە بە جێگری فەقێ ئیسماعیل.

ساڵی ١٩٩١، فەقێ ئیسماعیل بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لەگەڵ ئازاد قەرەداغی لە قەڵادزێوە تا کەرکوک چووە و لە دژە هێرشەکەی ڕژێمدا کە

کوڕەوەکەی لێکەوتەوە، گەڕاتەوە بۆ دوکان. ساڵی ١٩٩٢ لە بەتالیۆنی ٨٥ی پیرەمەگروندا سەرلقی لقی ١١ی ڕانیە بووە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا بۆ ماوەیەک لەلای خزمانی لە ڕانیە بەنهێنی ژیاوە و دواتر چووەتە هەولێر و مەسیف سەلاحەدین و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا گەڕاوەتەوە بۆ دوکان. ساڵی ٢٠٠٣ بە پلەی مقەدەم خانەنشین کراوە. فەقێ ئیسماعیل فەقێ ئیبراهیم حەمەد ئەمین ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (هیچ شتێک لەو ڕۆژە بۆمن خۆشتر نەبوو کە میدالیای بارزانیم وەرگرت. نەک ئەمن، بەڵکوو هەموو خزم و کەسانم پێی خۆشحاڵ بوون. بە خەڵک سەلمێندرا کە پارتی دیموکرات خزمەتی پێشمەرگە و نیشتمانپەروەرانی لەبەرچاوە و سەبارەت بە خزمەتکارانی کورد بەوەفایە.)

## مالخۆ قادر زاهر



مالخۆ قادر زاهر هۆستانی ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی هۆستان لە ناوچەی بارزانی لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. قادر زاهیری باوکی لە ساڵانی ١٩٣١- ١٩٣٢دا بەشداریی شۆڕشی یەکەمی بارزانی کردوە و لەو ساڵەدا ئاوارەی تورکیا بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، مالخۆ قادر چەکی هەڵگرتووە و وەک جەنگاوەرێک پاڵی بە بارزانییەوە داوە و لە چەککردنی بنکەکانی پۆلیسی شانەدەر و مەزنێ دا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و دوای هەرەسهێنانی کۆمار لە شەڕەکانی دەشتی شنۆدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ شێخ ئەحمەد و ئەو کۆمەڵە بارزانییانەی کە گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان، ئەویش گەڕاوەتەوە و بۆ ماوەی دوو مانگ لە کێڵگەیەکی تێلدرکراودا لە دیانا ڕاگیراوە و دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی بووە.




ساڵی ١٩٦١ كە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، مالخۆ قادر لەگەڵ یەكێك لە براكانی بەناوی زوبەیر چەكی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕی كانی ماسی، مرێبا و گەلی زاویتەی كردوە. ساڵی ١٩٦٢، بەدوای پاكبوونەوەی ناوچەی بادینان لە سوپا و جاش لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران. ساڵی ١٩٦٣ كە ڕژێمی عێراق بە كۆكردنەوەی هێزێكی زۆر لە بەرەكانی مێرگەسوور، سەری ئاكرێ و سەری پیرسەوە پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، ناوبراو ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ لە بەرەی شەڕی سەری پیرس بووە و دواتریش ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٤ بەشداریی شەڕەكانی ملی ساریجی كردوە و دەڵێت: **(حوسێن محەمەد ئاغای مێرگەسووریی، شیت سەرگیری شێروانی، سەعید شێروانی و ئەحمەد ڕەشاچی لەوێ شەهید بوون.)** هەروەها بە دوای ئەو دوو شەڕە بەشداریی شەڕی پشتی گوندی ڕیشەی كردوە و لەوێش حەسكۆ ئەحمەد هۆستانی شەهید بووە. ساڵی ١٩٦٧ تا ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی بارزان لە خزمەت شێخ ئەحمەدی بارزاندا بووە.

ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە بۆ مەكتەبی سەرۆك و پاسەوانی سەرۆك بارزانی بووە و ساڵی ١٩٧٥ كە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، مالخۆ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی هۆستان كە هاوسەر و منداڵەكانی بەرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەڵام سنوور داخراوە و بەناچار گەڕاوەتەوە بۆ گوندەكەی. هەرلەو ساڵەدا حكومەتی بەعس گوندەكەی وێران كردون و لەگەڵ خەڵكی گوندەكە گواستویەتەوە بۆ پارێزگای دیوانیە و لە قەزای عەفەك نیشتەجێی كردوە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٨٠ لە باشوری عیراق بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ كۆمەڵگای زۆرەملیی قوشتەپە لە هەولێر. مالخۆ ساڵی ١٩٨٢ لە قوشتەپە ڕایكردوە بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەكانی مەكتەبی سەرۆك و لە سلیڤانا بووە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری

کوردستان و تا کۆچی دوایی شێخ محەمەد خالید بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەگەڵ ناوبراو بووە و ساڵی ٢٠٠٧ بەهۆی پیری خانەنشین کراوە.

زوبەیر قادری برای ڕۆژی ١٩٩١/١٠/١٤ لە شەڕی سپیلک شەهید بووە. برازایەکی بەناوی دەستکۆ جەوهەر قادر ڕۆژی ١٩٨٣/٣/١٥ شەهید بووە و دوو برای بەناوەکانی ئاغا قادر و چەتۆ قادر، لەگەڵ برازایەکی تری بەناوی محەمەد ئەمین چەتۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٣١ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراون. هەروەها برایەکی بەناوی زاهیر قادر کە هەڤاڵی بارزانی بووە لە ڕوسیا، ساڵی ١٩٧٧ لە باشوری عێراق بێسەروشوێن کراوە. مالخۆ قادر زاهر هۆستانی ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- ( سەرۆک بارزانی بە هەڵواسینی میدالیای بارزانی بە سنگمەوە، هەستێکی زۆر ئومێدبەخشی پێبەخشیم، بەچەشنک کە هەموو دەرد و ئازارەکانی ساڵانی پێشووم لەبیر کرد و سەربەخۆیی کوردستان هاتە بەرچاوم. لە هەمانکاتدا خەمی هەڤاڵە خەباتکارە شەهیدەکانم بیر هاتەوە و حەزم دەکرد ئەوانیش میدالیای بارزانی وەرگرن.)

## ئیسماعیل عەبوش مستەفا



ئیسماعیل عەبوش مستەفا جونگی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی کەرپت تەیمور لە ناوچەی زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە و ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە فەرماندەی دەستەیەک پێشمەرگە و بەشداریی شەڕەکانی چەککردنی پێگەی دوژمن لە هورکێ، دولا، دێمکای کردوە و بەشداربووە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن بۆسەر لیژنەکانی زاخۆ. ساڵی ١٩٧٠ بەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، ئیسماعیل عەبوش کراوە بە پاسەوانی سنووری زاخۆ و دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٧٤، ناوبراو بەشدار بووە لە شەڕی سولاڤکێ، سەرکوی و عەمەلیاتی تەرانش.

ساڵی ١٩٧٥، بەشداریی شەڕەکانی سەرتیز، گەروی عومەر ئاغا، ناوپردان و حاجی ئۆمەرانی کردوە و بە دوای ڕاوەستانی، شۆڕشی ئەیلول گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان. ساڵی ١٩٧٧ سەرلەنوێ پێوەندیی بە ڕێبەرایەتی نوێی پارتی دیموکرات و شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و بە ڕاسپاردەی جەوهەر نامیق سالم، دستی بە کاری ڕێکخستن کردوەتەوە کە لەلایەن ئەمنی عێراقەوە گیراوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە کەرکوک زینیدانییان کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەدی ئەوەی کردوەتەوە کە هاوکاریی پێشمەرگەی کردبێت. ئیسماعیل عەبوش سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٧٨ لە زاخۆ گیراوە و بۆ ماوەی ٧ مانگ لە زینداندا ڕایانگرتووە و وەک بنەماڵەکەی دەڵێت بە دانی ٧٠٠ دینار بەرتیل لە زیندان ئازادیان کردوە.

ئیسماعیل عەبوش ساڵی ١٩٧٩، بەناچار لەگەل سێ لە براکانی خۆی بەناوی مەجید، حەمید و سەلیم عەبوش ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی ناوچەی زاخۆ و ساڵی ١٩٨١ چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی ٧ مانگ لەگەڵ مولازم هیجر سندی بەرپرسی لقی یەک بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی زاخۆ و درێژەی بە ئەرکی پێشمەرگایەتی داوە. ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە جێگری ڕێکخراوی مهاباد لە لیژنەی ناوچەی زاخۆ کە ڕێکخراوێکی سەربازیی بووە لە لقی یەکدا و تا ساڵی ١٩٨٨ لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا خەباتی کردوە. پێشمەرگەیەکی ئازا بووە و جگەلەو



شەڕانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەم بۆ کردن، بەشداریی چەندان شەڕی تریشی کردوە.

ساڵی ١٩٨٨ لە کەمینێکدا لەگەڵ چەند پێشمەرگە، لەنێوان زاخۆ و باتیڤا ئەفسەری بەرپرسی ئیستخباراتی باتیڤای بەدیل گرتووە. لە هەمانساڵدا کە ڕژێمی عێراق ناوچەی بادینانی ئەنفال و کیمیاباران کرد، ئیسماعیل عەبوش لەگەڵ هاوسەر و برایەکی بەناوی مەجید پەنای بۆ باکوری کوردستان بردوە و لەوێوە ڕژێمی تورکیا گواستویەتەوە بۆ کەمپی ئامەد، بەڵام ڕژێمی عێراق بە تۆڵەی ئەو ئەفسەرەی ئیستخبارات نۆ براکانی ناوبراوی بە ناوەکانی سەعید، حەمید، تەیار، سەلیم، مستەفا، یونس، جهانگیر، تەحسین و موسلح لەگەڵ برازایەکی بەناوی ڕەباح سەعید عەبوش ئەنفال کردوە و هاوسەر و منداڵی ئەنفال کراوەکانی لە کۆمەڵگەی بەحرکە نیشتەجێ کردون کە وەک بنەماڵەکەی دەڵێن هەرلەو ساڵەدا ٤ منداڵی براکانی لە برسان مردون.

ئیسماعیل عەبوش بەرلە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ سەربەست لزگین و سەعدۆ کورکی و چەند هەڤاڵی تری لە کەمپی ئامەد گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی زاخۆی کردوە. هەرلەو ساڵەدا

کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی سنوری دارهۆزان. بەشداریی شەڕی بەرگریی لەگەڵ گریلاکانی پ.ک.ک کردوە. ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە ئەندامی سوپای کوردستان. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، ئیسماعیل عەبوش مستەفا جونگی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و تا ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٥ کە کۆچی دوایی کردوە، لە ئەرکی خۆیدا بەردەوام بووە.

## خدر مەولود ڕۆستەم



خدر مەولود ڕۆستەم ناسراو بە خدر سورچی ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە هەریر خوێندوە و ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٨ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بێتواتە بە فەرماندەیی عەلی شەعباندا بووە و لە بەشی ئیداریی و کۆگای هێزدا خزمەتی کردوە. ساڵی ١٩٧٢، وەک خۆی دەڵێت ڕەوانەی خولێکی شەش مانگەی بێتەل لە ناوپردان کراوە و لەگەڵ ١٦ پێشمەرگەی تر ئەو خولەی تەواو کردوە. دوای کۆتایی خولەکەی، گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی دیموکرات لە هەولێر کە سەرەتا عەزیز ئاکرەیی و دواتر مەلا محەمەدی مەلا قادر بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی بەعس بە دژی گەلی کورد دەستی بەشەڕ کردەوە، وەک ناوبراو دەڵێت پێ بە پێی شەڕەکان، سەرەتا بارەگای لقیان گواستوەتەوە بۆ دەربەندی گۆمە ئەسپان و دواتر بردویانەتە سماقۆڵی و هیران و نازەنین و سەرئەنجام گواستویانەتەوە بۆ زێوە و هەرتەل و مەلەکان.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خدر سورچی چووەتە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای بەهرام لەنێوان دزفول و ئەندیمشک و لەوێوە سەرلەنوێ بردویانەتە خوڕەمئاوا. ساڵی ١٩٧٦، بە بنەماڵەوە چووەتە قەسری شیرین و لەوێوە ڕژێمی عێراق گواستویەتەوە بۆ ڕۆمادی. دوو ساڵ لەوێ بووە و دواتر ڕایکردوە و وەک خۆی دەڵێت خۆی گەیاندوەتە سنوری پیرانشار و لەوێوە چووەتە شاری شیراز لە پارێزگای فارس کە خوشکێک و خاڵێکی لەوێ بوون.




سالّی ١٩٨٢، عەبدولّا دەروێش بەرپرسی مخابرەی گشتی پارتی دیموکرات بووە لە ڕاژان. ناوبراو داوای گەڕانەوەی لێکردوە و خدر سورچیش گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و بە ویستی خۆی بووەتە پێشمەرگە لە هێزی ١٥دا کە عەلی شەعبان فەرماندەی بووە. لە کۆتایی سالّی ١٩٨٢دا گواستراوەتەوە بۆ بەشی مخابرەی گشتی پارتی کە سەر بە مەکتەبی سیاسیی بووە لە ڕاژان و وەک خۆی دەڵێت هەرچەند ماوەیەک بۆ مەئموریەت ڕەوانەی لقەکان و قاتعەکانی پارتی لە باشوری کوردستان کراوە. سالّی ١٩٨٥ لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ خنێرە و نزیکەی چوار مانگ لەوێ بووە و زستانی ئەو سالّە گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان. سالّی ١٩٩٠ خولێکی بێتەلی کردوەتەوە و ١١ی پێشمەرگەی فێری کارکردن بە مۆرس کردوە و وەک خۆی دەڵێت ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات خۆی بەشداریی ڕۆژی کۆتایی خولەکەی کردوە و ئەو کۆتایی خولەکەی ڕاگەیاندوە.

سالّی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ هێزێک گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لە دیانا، هەریر، سپیلک و شەقلاوە ئامێری بێتەلی داناوە و دوای سێ مانگ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە هێشتا لە ڕاژان بوون، ئەرکی پێوەندییەکانی بێتەلی بەڕێوەبردوە. سالّی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین و هەتا ئێستا لە مخابرەی گشتی سەربە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا بەردەوامە.

خالّی خدر سورچی بەناوی سلێمان ئەسعەد کە کادیری دەشتی هەریر پارتی بووە، سالّی ١٩٦٨ لە باتاس شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦

لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم کە بەرزترین میدالیای کوردستانم وەرگرت. هیچ شتێک بۆمن لەوە خۆشتر و پیرۆزتر نەبوو. هەموو ژیانم لە ڕێبازی بارزانیدا سەرف کردوە و خۆم بە سەربەرز دەزانم کە بە پشتبەستن بەو ڕێبازە، خزمەتی کورد و کوردستان دەکەم.)

## حەمید شەریف موسا تەمی



حەمید شەریف موسا تەمی سندی ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی قەسرۆکای سندی لەدایک بووە. موسا تەمی باپیری یەکێک بووە لە کەسایەتییەکانی عەشیرەتی سندی. بە وتەی حەمید موسا، ناوبراو ساڵی ١٩٦١، ١٥٢ ئەندامی عەشیرەتەکەی بە چەکی خۆیان بۆ هاوکاریی کردن لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول کۆ کردوەتەوە و بەشدارییان کردوە لە چەککردنی قشڵەکانی قەسرۆک، دەشتەتاخ و سیناتێ و ئەفسەرێکیان بەناوی خەلیل کە خەڵکی موسڵ بووە لەگەڵ پۆلیسەکانی سیناتێ بەدیل گرتووە و ٣٥ چەکی جۆراوجۆریان دەستکەوت هەبووە. هەروەها ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە گرتنی شاری زاخۆدا و بارزانی خۆی دەستخۆشی لە چالاکییەکی باپیری حەمید شەریف کردوە.



لە ڕەوتی ساڵەکانی ١٩٧٣- ١٩٧٥دا حەمید شەریف موسا ئەندامی هێزی بەرگریی گوندەکەیان بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ محەمەد و تەمەری برای و چەند کەسی تر لە گوندەکەیان پەنای بۆ چیاکانی ناوچەی زاخۆ بردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (دوو نامەم لەلایەن جەلال تاڵەبانی و عەلی شنگارییەوە پێگەیشت. داوایان لێم کرد بوو، بچم بۆ شام و چاوم بە مام جەلال، دوکتۆر فوئاد مەعسوم و عەلی شنگاری بکەوێت. من چووم و پرسییان چۆن دەست بە شۆڕش بکەینەوە؟ گوتیان هەموو پێداویستییەکانت بۆ دابین دەکەین. لە وەڵامیاندا گوتم ئەگەر بارزانی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە نەکات، من لەگەڵتان نابم.) لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی حەمید شەریف دا، ڕژێمی عێراق بنەماڵەکەی گرتووە و وەک خۆی دەڵێت ئەوانی گواستوتەوە بۆ عیمارە و تا ساڵی ١٩٧٨ لەوێ ڕایگرتوون و دواتر ڕێگەی پێداون کە بگەڕێنەوە بۆ زاخۆ. ئەوان دوای گەڕانەوەیان بۆ زاخۆ ڕاپانکردوە بۆ باکوری کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بوون.

دوای گەڕانەوەی لە شام، جەوهەر نامیق سالم و کەریم سنجاری بەهۆی عەبدولڕەحمان گوندکییەوە داوای بینینی حەمید شەریفیان کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (من چووم ئەوانم لە شاری ئیستری بینی. ئەوان بەیاننامەی ٢٦ی گوڵانیان دامێ و گوتیان مەفرەزە پێک بێنە و چاوەڕوانی ئامۆژگارییەکانی ئێمە بە تا ژمارەیەک کادیر دین بۆ لات. دوای ماوەیەکی کورت، عەبدوڵا ساڵح، جاسم جاسم، مەحمود ئیزەدی و عادل مزوری هاتن. ئەوان کادیری ناوچەکە بوون. من بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە گوندی بلکا لەسەر سنوری باشور بۆ باکوری کوردستان لەگەڵیان بووم. هاوکاریی عادل مزوری و مەحمود ئیزەدیم کرد و ئەوانم گەیاندە ناوچەی شێخان و عەبدوڵا ساڵح و جاسم جاسم چوون بۆ ناوچەی زاخۆ کە کاری ڕێکخستنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی بەڕێوەبەرن. بەیاننامەکانی ژمارە ١ تا ٥ی سەرکردایەتی

کاتیمـان لە گونـدی بیرمـان لە بـاکوری کوردسـتان وەرگـرت و بە ڕێـگەی ڕیکخراوە نهێنییەکاندا بڵاومان کردەوە. عەبدوڵا ساڵح لە یەکەم مەفرەزەدا لە نـاوچەی زاخـۆ لەگەڵ مـن بـوو. لە گەلـی سـیناتێ کەمینمـان دانـا و کلاشینکۆفێک و دوو تفەنگـی سیمینۆف و هەنـدێک کەلـوپەلی سـەربازیمان دەستکەوت.)

ڕژێمی عێراق سێ ڕۆژ دوای ئەو جوڵەیەی پێشمەرگەکان، پەلاماری گونـدی قەسـرۆکی داوە و خەڵکـی گونـدەکەی دەرکـردوە و بە وتەی حەمیـد شـەریف فەوجێکیـان لەوێ دانـاوە. لەو مـانگەدا مەفـرەزەی حەمیـد شـەرف دووەم چالاکیی لە گونـدی جیمـی و بـرێخ لە نـاوچەی سندیان لە گەلـی عەلـی ئاغا بەڕێـوە بـردوە. ئەوان ئوتـۆمبیلێکی سـەربازییان سوتاندوە و دوو ئەفسـەر و عەریفێـک و ١٤ سـەربازیان کوشـتوە و وەک خـۆی دەڵێـت لەو شـەڕەدا، ١١ تفەنـگ و دوو دەمانچەیـان دەسـتکەوتووە. لە مـانگی ١١ی سـاڵی ١٩٧٦ لیـوایەکی سـوپای عێـراق هێرشـی کـردوەتە سـەر گەلـی پسـئاغا و پێشـمەرگەکانی مەفـرەزەی حەمیـد شـەریف بەرگرییـان کـردوە و بە وتەی نـاوبراو لەو شـەڕەدا ٦١ سـەربازیان کوشـتوە و زیـانێکی زۆریـان بە دوژمـن گەیاندوە. هەروەها لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٧دا لە دوو پێگەی دوژمنیان لە هەرچکێن و سپیندارۆک لە نـاوچەی سـیناتێ داوە. هەرلەو سـاڵەدا مینێـک لەژێـر پێـی حەمیـد شـەریفدا تەقیـوەتەوە و بـۆ مـاوەی ٦ مانـگ لە دیـاربەکر چارەسەریی بۆ کراوە و بە وتەی نـاوبراو بـراکەی فەرمانـدەیی مەفـرەزەکەی کردوە.

حەمید شـەریف و مەفـرەزەکەی یەکێک بـوون لە بەشدارانـی شـەڕی بـازێ و لەو بـارەیەوە دەڵێـت: (بەرلە سـەرهەڵدانی شـەڕی هەکـاری، مـن بەهـۆی بریندار‌بوونم لە ناوچەی شرناخ بـووم. ڕۆژێک کـاک جەوهەر نـامیق، غـازی زێبـاری نـاردبوو کە بچم بـۆ خزمەتـی، مـن چـووم بـۆ بارەگـاکەی لە چیـای "کۆمـاتە". کـاک جەوهەر لەوێ نەبـوو، گوتیـان چـووەتە لای "ماجیـد بەگ". لەوێوە خەبەری ناردبوو کە بەپەلە بچمەلای. چووم، بینیم، چەند مەفرەزەی دیکەش هاتن. کاک جەوهەر گوتی: هێزەکـانی یەکێتـی نیشـتمانی هـاتوون و بارەگایان لە گوندی "سـەنات" دانـاوە. نـاوچەی گونـدی سـەنات، سـێ وڵاتـی سوریا، تورکیا و عێراق پێکەوە دەبەستێتەوە و لە نزیک سنوری سوریایە. گوتـی چەکێکی زۆر و پێشمەرگەیەکی زۆریـان هێنـاوە کە ئێمە لە نـاوچەکە

پاک بکەنەوە. ئێمە پێشمەرگەیەکی زۆرمان نەبوو. من بەرپرسی ناوچەی سەنات بووم و کوردەکانی تورکیا و سوریا هاوکاریی منیان دەکرد. عەشیرەتەکانی گۆیان، شرناخ، سلوپی، ژێرک، گەردی، قوشیرا "قشوری" و ناوچەی بنیانیش بەتێکرا هەڵگری ڕێبازی بارزانی بوون و لە بواری چەک، حاواندنەوە و بەخێوکردندا، هاوکاریی ئێمەیان دەکرد. کاک جەوهەر منی نارد بۆ ناوچەی شرناخ و سلوپی. من بەرپرس کرام کە ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدەم لە سوریاوە بێت. شەڕەکە سەرەتا لەنێوان عەشیرەتی "کەڕەوان" بە سەرۆکایەتی "شێخ میس" و یەکێتی سەریهەڵدا. یەکێتییەکان چەکیان لەنێوان عەشیرەتی ژێرکێ و کەڕەواندا بڵاوکردبۆوە و ویستبوویان بۆ شەڕ لەگەڵ قیادە موەقەت، ڕای ئەوان بۆلای خۆیان ڕاکێشن، کەچی لەگەڵ عەشیرەتی کەڕەوان لێیان ببوو بە شەڕ. شەڕەکە بڵاوبۆوە و ئێمەشی گرتەوە و وەک بزانم ٥- ٦ پێشمەرگەی ئێمەی تێدا شەهیدبوون کە "مەلا ئەمین بارزانی"، ئەحمەد هەرکی دوو لە سەرکردە شەهیدەکان بوون. لە یەکێتی ژمارە پێشمەرگەیەکی زیاتر شەهیدبوون و ژمارەیەکیش خۆیان تەسلیمی عێراق و تورکیا و پارتی کرد. حکومەتی تورک بە شەڕەکانی زانی، بەڵام خۆی لێ نزیک نەکردەوە و زۆریان کەیف پێدەهات کە لەناو کورداندا شەڕە و یەکتر دەکوژن. ئێمەش زۆر بەو شەڕە تێکچووین و بۆمان بوو بە شەرم، بەڵام چارەمان نەبوو.)

ساڵی ١٩٧٩، بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی، حەمید شەریف و هەڤاڵە پێشمەرگەکانی لە پێگەیەکی دوژمنیان لە شەرانش داوە. دوای کودەتای سەربازیی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠دا، بنەماڵەی حەمید شەریف توانای مانەوەیان لە باکوری کوردستان نەماوە و ساڵی ١٩٨١ چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدە نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا، ناوبراو لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ.


سێ برای حەمید شەریف شەهید بوون، ئەنوەر شەریف ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی زاخۆ، حەسەن موسا ساڵی ١٩٧٤ و موسا شەریف ساڵی ١٩٨٢ لە ناوچەی شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وەک خۆی دەڵێت ئێستا پێنج برا ماون و هەر پێنجیان بریندارى سەنگەرن. ناوبراو ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و وابزانم حەقی خۆمە کە میدالیای بارزانیم وەرگرتووە.)

## جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز



جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز ناسراو بە شێخ جەعفەر شێخ عەلی ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی سەرکان لە ناحیەی بەرزنجە لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. سەید عەبدولعەزیزی باپیری یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شێخ مەحمود و بەشداریی شەڕەکانی ناڵپاریز و پێنجوێنی کردوە و شێخ عەلی باوکیشی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە. ناوبراو ڕۆژی ١١/١٠/ ١٩٦١ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و وەک خۆی دەڵێت هەرلەو ساڵەدا بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. لە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیدا بەرپرسی شانە و بەرپرسی لیژنەی خوێندنگە بووە. لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ساڵی ١٩٧١ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی بەشی کشتوکاڵ "قطاع زراعی" بووە لە کولێجی کشتوکال و پەیمانگای کشتوکاڵ و کۆلێجی بەیتاڵی و مامۆستایان و هاوکات ئەندامی ڕێکخستنی پارتی دیموکرات بووە لە لقی ٥ ی پارتی دیموکرات لەڕیزی خوێندکارانی زانکۆی بەغدادا. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردوە و لە ساڵانی ١٨٧٣- ١٩٧٤دا ئەندازیاری کشتوکاڵ بووە لە دەربەندیخان و هاوکات ئەندامی ڕێکخراوی دەربەندیخان بووە.




ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، جەعفەر شێخ عەلی کارەکەی بەجێهێشتووە و لە سەرەتای مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٥دا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی ئەزمەڕ و بە فەرماندەیی شێخ محەمەد سەید عەلی لە بنکەی هێزدا خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی درێژەی بە کارەکەی پێشووی داوە. ساڵی ١٩٨١، شێخ جەعفەر شێخ عەلی سەرلەنوێ چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(چووم بۆ کەرەجاڵ، لەلای نادر عەلی هەورامی لە بنکەی هێز بووم و کرام بە سەرنوسەری گۆڤاری شەهیدانی سەربە لقەکانی ٣ و ٤.)**

ساڵی ١٩٨٤ شێخ جەعفەر شێخ عەلی گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی لە خۆرنەوەزان و کراوە بە کارگێڕی لیژنە کە قادر قادر بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە کارگێڕی ناوچەی چوارتا و تا ساڵی ١٩٨٩ لە گوندەکانی شەدەڵە، دۆڵی جافایەتی و دەربەندی قەرە لە قەرەداغ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی و ئەندامی لقی چوار بووە. لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ مەریوان و ئەرکی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٩١، جەعفەر شێخ عەلی بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لە سلێمانییەوە لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە و قادر قادر، ئازاد قەرەداغی و نێچیرڤان بارزانی تا کەرکوک چووە. لە دژە هێرشی ڕژێمی عێراقدا کە کۆڕەوە مەزنەکەی لێ پێکهات، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە. لەو ساڵەوە تا دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ بەرپرسی لیژنەی هەڵەبجە و ئەندامی لقی ٤ی پارتی دیموکرات بووە.

جەعفەر شێخ عەلی بەشداریی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ی پەرلەمانی کوردستانی کردوە و لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات، بە نوێنەرایەتی خەڵکی سلێمانی بە ئەندامەتی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٩٥ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە و لە لیژنەکانی پێشمەرگە، کشتوکاڵ و ئاوارەکاندا خەباتی کردوە و ساڵی ٢٠٠٥ بە دوای کۆتاییهاتنی خولی پەرلەمانتارییەکەی خانەنشین کراوە. ناوبراو دەڵێت سێ جار ماڵی تاڵان کراوە. جاری یەکەم، ساڵی ١٩٧٤ لە دەربەندیخان، جاری دووەم ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە سلێمانی و جاری سێیەم ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە هەولێر.

سەلام شێخ کاملی ئامۆزای ساڵی ١٩٨٧ لە ئەحمەدئاوا و کامەران شێخ کەریمی ئامۆزای ساڵی ١٩٩٤ لە پێنجوێن شەهید بوون. جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (میدا لیای بارزانی گەورەترین خەڵات و شانازی ژیانمە و بە وەرگرتنی خۆشحاڵم و فەخری پێوە دەکەم.)**

## قەیسەر یوسف زیا



قەیسەر یوسف زیا ساڵی ١٩٦١ لە دیانا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی ناوەندیی لە دیانا خوێندوە. ڕیحانە شلیمۆنی باوکی دایکی یەکێک بووە لە بەشدارانی شۆڕشی دووەمی بارزان و کۆماری کوردستان و ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بارزانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. ساڵی ١٩٨٠، قەیسەر یوسف چووەتە ڕیزی حیزبی نهێنی ئاشوریی و بە ڕێگای قەشە بنیامین بێدیالی پێوەندیی بە ڕێکخراوی پێشڕەوانی گەلی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە لە دیانا کە بەرپرسەکەی عەبدولواحید گوانی بووە. لە مانگی ١٠ی ئەو ساڵەدا ویستویەتی بچێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتەوە، بەڵام بنەماڵەکەی بەرگرییان لێکردوە و لە ئاکامدا چووە بووە بە سەرباز لە سوپای عێراقدا. ناوبراو بە دوای دە مانگ سەربازیی لە پێنجوێن، لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨١ ڕایکردوە و چووەتە کەتینە و پێوەندیی بە قواتی بارزانەوە کردوە کە حەسۆ کانی لنجی فەرماندەی بووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا قەیسەر یوسف زیا گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتکاری هێزەکانی پارتی دیموکرات لە شنۆ کە فرەنسۆ هەریری بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٨٥ لەو بەشەدا خەباتی کردوە و لەو ساڵەدا لەگەڵ فرەنسۆ هەریری چووە بۆ خرینە و ساڵی ١٩٨٦ لەوێ بەشداریی کۆنفرانسی یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستانی کردوە. بە دوای ئەو کۆنفرانسەدا کراوە بە کارگێڕی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە لقی دووی پارتیدا کە عادل بۆتانی بەرپرسی بووە. ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١٥ لەگەڵ ١٠ پێشمەرگە چووەتە دەشتی هەریر و هاوکاریی لیژنەی ناوچەی شەقلاوەی




کردوە لە کاری ڕێکخستنی پێشمەرگە و قوتابیان و لاواندا کە وەستا یونس بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە بووە. لەو ناوچەیەدا بەشداریی شەڕی سەری سەفین و لێدانی مەقەڕی سەری مەیدانی کردوە و لەو شەڕەدا بە سوکی بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٧ بەشدار بووە لە شەڕەکانی مۆتە لە ناوچەی بێتواتە، شەڕبە، کێلی و شەڕی کەڵەکی باڵەیانی کردوە.

ساڵی ١٩٨٨، بە دوای ئەنفالەکاندا لەگەڵ لقی دووی پاری دیموکرات چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی بادیناوێ لە ناوچەی پیرانشار بووە. لە بەهاری ١٩٨٩دا کراوە بە ئەندامی لیژنەی گومرگی تازە دامەزراوی پارتی دیموکرات لە قەندیل و ساڵی ١٩٩٠ بە نوێنەرایەتی لقی دوو و بەهاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان گومرگێکی نوێیان لە گۆمەئیشک لە ناوچەی قاسمەڕەش داناوە.

ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ لقی دووی پارتی دیموکرات بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێری کردوە و لە دژە هێرشەکەی ڕژێمی عێراقدا گەڕاوەتەوە بۆ دیانا و لەلای بنەماڵەکەی بووە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ڕەواندز کە عومەر عوسمان بەرپرسی لق و عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ بەرپرسی لیژنەی ناوچەکە بووە. ساڵی ١٩٩٣ پارتی دیموکرات لقی ١٠ی سۆرانی دامەزراندوە و لەو لقەدا قەیسەر کراوە بە کارگێڕی لق و ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوچەی گەلاڵەدا بریندار بووە و دوکتۆر لاس حەوێزی لە دهۆک چارەسەری برینەکەی کردوە.

ساڵی ١٩٩٧ ئاکادیمیای سەربازیی لە زاخۆ تەواو کردوە و ساڵی ٢٠٠٢ لە لقی دەیەمەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاژانسی پاراستن. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ٢٠٠٥ لە بەغدا خەباتی کردوە و ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. قەیسەر یوسف زیا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦

لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (لە سەردەمی پێشمەرگایەتیمدا چەند جار توشی خۆشی بووم وەک ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستان و پاشەکشەی هێزەکانی سەدام لە کوردستان و گەڕامەوە بۆ ماڵ و شارەکەم بە سەربەرزییەوە، بەڵام کە میدالیای بارزانیم وەرگرت هەستم بەوە نەدەکرد کە میدالیام بدەنێ، چونکە خەڵکێکی زۆر هەن زیاتر لەمن زەحمەتیان کێشاوە. کە میدالیام وەرگرت، هەستم بە خۆشییەکی گەورە لە ژیانمدا کرد کە تا ئەو کاتە هەستم پێی نەکردبوو. پێش وەرگرتنی میدالیا هەستم دەکرد کە قەرزی کوردستانم داوەتەوە و بە دوای وەرگرتنی میدالیا هەستم کرد دووبارە قەرزداری کوردستانم.)

## عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد



عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد مارۆنسی ناسراو بە ئەبو ساڵح ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی مارۆنس لە ناوچەی هەکاری لە باکوری کوردستان لەدایک بووە و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٣ هاتووە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی چەمان لە ناوچەی مزووری نیشتەجی بووە. ساڵی ١٩٦١، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شێخان کە واحید حەجی مەلۆ فەرماندەی بووە و بەشداریی شەڕەکانی مرێبا، گەلی زایتە، متین، چیای گارە، گەلی قەنتارا، چیای القوش و پردی بەقاقای کردوە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی سەری ئامێدی و بامەڕنی و بریفک و گەلی زاخۆدا بەشدار بووە. هەروەها لە شەڕی ئالوکدا بەشداریی کردوە. تا ساڵی ١٩٦٥ لە هێزی شێخاندا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ هێزی دهۆک کە عەلی خەلیل خۆشەوی فەرماندەی بووە.



ساڵی ١٩٧١ کە هێزی شنگال و تەلعەفەر دامەزرا و مەلا حوسێن مارۆنسی کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە، عەبدولڕەحمان عومەر گواستراوەتەوە بۆ ئەو هێزە و کراوە بە فەرماندەی سریە و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٧٥، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ناوبراو چووە بۆ شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان ڕاگەینرا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەوێوە لەگەڵ سامی شنگالی ڕەوانەی باشوری کوردستان کراوە. ساڵی ١٩٧٧ بەشداریی شەڕی دەشتی هیتێ و دەشتی بەرازگری کردوە و ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بووە لە شەڕی هەریر و باتاسدا. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی گوندی بازێ کە لە مانگی نۆیەمی ١٩٧٨ لە سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان ڕوویدا و بە شەڕی هەکاری دەناسرێت. یەکێتی نیشتمانی بە ڕەوانە کردنی ١٠٠٠ پێشمەرگە دەیویست ناوچەی بادینان لە پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکرات خاوێن بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی و شکستی هێنا.

ساڵی ١٩٧٩، بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا کە سامی عەبدولڕەحمان و ژمارەیەک لە پارتی دیموکرات جیابوونەوە، بە وتەی عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد، سامی شنگالییش لەگەڵ ئەو گروپە ڕیزی پارتی بەجێهێشتوە و چووە بۆ ئەوروپا، بەڵام عەبدولڕەحمان گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە لیژنەی ناوچەی زێوەدا درێژەی بە خەبات داوە. ساڵی ١٩٨٣، عەبدولڕەحمان عومەر لەگەڵ لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی فازل میرانی گەڕاوەتەوە بۆ لقی یەکی پارتی لە ناوچەی بادینان و لەو ساڵەوە کراوە بە پاسەوانی تایبەتی فازل میرانی. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ فازل میرانی بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لە ڕەواندز بارەگای تایبەتیان دامەزراندوە. تا ساڵی

۲۰۰۲، عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد لە ئەرکەکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا بەهۆی تەمەنی بالای بە پلەی مقەدەم خانەنشین کراوە.

عەبدولڕەحمان عومەر ئەحمەد ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱٦ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ۲۰۱۳/۱۰/۱٤ بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە دهۆک گیانی لەدەست داوە.

## بەهجەت عەبدول عەبدوڵا




بەهجەت عەبدول عەبدوڵا ناسراو بە کۆێخا بەهجەت ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی گوڵمکەوە لە ناوچەی شوان لە پارێزگای کەرکوک لەدایک بووە. ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەندامی پارتی بووە، بەڵام بەشێوەی ئەرێنی نەچووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول. لە ناو بنەماڵەکەیاندا هاندەرێکی بەهێز بووە لە خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانی و گەلی کوردستان. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی دوو شەڕی کەنەکەوە و دارە سۆفی لە ناوچەی چەمچەماڵ کردوە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٧٧وە کوێخای گوندی گوڵمکەوە بووە و چەندان جار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەڕشەی لێکراوە و بە دوو ڕۆژ و چەند ڕۆژ دەستبەسەریان کردوە. ساڵی ١٩٩١، بە دوای ئازاد بوونی کوردستان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی شوان لە چەمچەماڵ و ساڵی ١٩٩٢ لە هێزی یەکگرتووی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا فەرماندەی سریە بووە لە تەق تەق. دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەشی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکرات و ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین کراوە.



کۆێخا بەهجەت خاوەنی هەشت شەهیدە. برایەکی بەناوی بایز ساڵی ١٩٧٤ لە بانی مەقان لەنێوان چەمچەماڵ و کەرکوک شەهید بووە. دوو کوڕی بە ناوەکانی کامەران و شوان کە پێشمەرگە بوون، ساڵی ١٩٨٨ لە ئاغچەلەر وەبەر ئەنفال کەوتوون. کوڕێکی بە ناوی سەباح کە فەرماندەی فەوج بووە ساڵی ١٩٩٧ لە وەرتێ و کوڕێکی تری بەناوی میرزا ساڵی ١٩٩٤ لە ناوچەی هەڵەبجە شەهید کراوە لەگەڵ ئامۆزایەکی بە ناوی فەتاح ساڵی ١٩٧٤ لە کێوەڕەش شەهید و برازایەکیشی بەناوی سەرتیپ کە ڕائید بووە لە سوپای کوردستاندا لە کۆتایی مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٤ لە هێرشی تیرۆریستەکانی دەوڵەتی شام و عێراق "دعش" بۆسەر ناوچەی کەرکوک شەهید بووە لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی شاسوار کە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گوڵمکەوە شەهید کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا کۆێخا بەهجەت میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبرا بەهۆی پیری و ناسەقامگیر بوونی تەندروستی نەیتوانی هەستی خۆی سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی ڕابگەیەنێ، بەڵام کە باسی بارزانی دەکرا، چاوەکانی پڕ دەبوون لە ئاو. سالم بەهجەتی کوڕی گوتی:

**- (باوکم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو کە جگەلە گریان قسەیەکی تری بۆ نەدەکرا و تا چەند ڕۆژ ناوی بارزانی لەسەر زار بوو.)**

## سالّح عوزێر دەروێش



سالّح عوزێر دەروێش بێدۆدی سالّی ١٩٤٣ لە گوندی بێدۆد لەناوچەی گۆڕەتوو لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. سالّی ١٩٥٩ پێوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە و سالّی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، چەکی هەڵگرتووە بە فەرماندەیی حادی واژێ بەشداریی شەڕی جاشەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلانی کردوە. هەرلەو سالّەدا بەشدار بووە لە شەڕەکانی لۆمانا و شەڕی زاویتەدا و لە شەڕی زاویتە بریندار بووە. سالّی ١٩٦٣ لە بەرەی شەڕی سەری ئاکری لەگەڵ مەلا شینی بووە و هەرلەو سالّەدا بەشدار بووە لە شەڕی پیرەفات لە نزیک گۆڕەتوو.

دوای شەهید بوونی حادی حسکۆ، سالّح عوزێر دەروێش سالّی ١٩٦٧ کراوە بە فەرماندەی سریە لە سەری بەردە لە سیدەکان و دیانا و نەقیب حەسەن فەرماندەی بووە. سالّی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو کراوە بە پاسەوانی سنوری حاجی ئۆمەران لە گەڵاڵە و سالّی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی پشدەر و لەگەڵ حەسۆ میرخان ژاژۆکی بووە و بەشداریی شەڕی گەرووی عومەر ئاغای کردوە. سالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سالّح عوزێر دەروێش بێدۆدی چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد و دواتر لە تەورێز نیشتەجێ کراوە.




ساڵی ١٩٧٩، بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، ساڵح عوزێر گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و لە بەتالیۆنی یەکی حەسۆ میرخان ژاژۆکیدا بووە. ساڵی ١٩٨١ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و مێرگەسوور. ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی قەلەندەر لە زێوە و بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ گەلی ڕەش و ناوچەی واژێ و بێدود و گۆڕەتوو. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ قواتی بارزان بە سەرۆکایەتی دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەشداریی لە شەڕی گرتنی شارۆچکەی مێرگەسوور کردوە و ساڵی ١٩٨٨، بەشدار بووە لە شەڕی خواکورکدا و لەو شەڕە ٥٢ ڕۆژییەدا بریندار بووە. بە دوای شەڕی خواکورک ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و لەوێوە گەڕاوەتەوە لای منداڵەکانی. ساڵی ١٩٩٢، ساڵح عوزێر دەروێش بێدۆدی کراوە بە فەرماندەی مێحوەری یەک لە بێرسیاڤ. ساڵی ١٩٩٣ منداڵەکانی هێناوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە ئەندامی سوپای بارزان کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی بووە. ناوبراو جگەلە شەڕەکانی زاویتە و خواکورک، دوو جاری تریش لە شەرەکانی مرێبا لە ساڵی ١٩٦٢ و شەڕی گەڵاڵە ١٩٩٤دا بریندار بووە. کوڕێکی بەناوی عوزیر ساڵح ساڵی ١٩٩٤ لە دوڵی خەلیفان و برازایەکی بەناوی میرخان حەسەن ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوون. ساڵح عوزێر ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. سەربڵند بووم کە مەسعود بارزانی میدالیای بەمن دا.)**

## ڕەفیق ئەحمەد حەمەئەمین



ڕەفیق ئەحمەد حەمەئەمین ناسراو بە میرزا ڕەفیق، یان خاڵ سیروان ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی لەنگەدێ لە قەزای پێنجوێن لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ کاتی خوێندنی دواناوەندیی بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان وەرگیراوە و هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوپۆلەکانی ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی چواری سلێمانی لە گوندی گۆخلان لە ناوچەی شلێر و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(قادر قادر بەرپرسی لق، کەمال حەسەن جێگری لق و شەریف سەعید ڕەسوڵ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی** پێنجوێن بوون. بە بڕیاری لق لە لەخۆم و خزمانم ڕێکخراوێکیان بەناوی ڕێکخراوی ناوشاخان دامەزراند و منیان کرد بە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە.) دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ناوبراو لە ئەرکی خۆی لە ڕێکخراوی ناوشاخاندا بەردەوام بووە.




ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، میرزا ڕەفیق لە گوندی کۆخلان بەشداریی شەڕەکانی پشتی هەنجیرە، باریکەدەر، پشت عەودالانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت بەهۆی گوشاری بەردەوامی سوپا و جاشەکانی عێراق بۆسەر ناوچەکەیان، ناچار بوون بگوازنەوە بۆ پشتی باریکەدەر کە لەوێش کەوتوونەتە بەر پەلاماری سوپا و جاشەکانی عێراق. ساڵی ١٩٧٥ بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، میرزا ڕەفیق ماڵەکەی گواستوەتەوە بۆ مەریوان و دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە مەریوان نیشتەجێ بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(خۆم و ١٢ برام لە شۆڕشدا بووین. لەو ژمارەیە ١٠ برامان گەڕانەوە بۆ عێراق و ڕژێمی بەعس ئەوانی گواستەوە بۆ سەماوە و تەنیا من و سابیر ئەحمەد حەمەدەمینی برام لە مەریوان ماینەوە.)**

ڕەفیق ئەحمەد حەمەئەمین ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی کردوە لە شۆڕشی گوڵاندا و کراوە بە فەرماندەی فەوجی خانزاد و مقەڕیان لە لەنگەدێ داناوە. ساڵی ١٩٨٨ لە کیمیابارانی ناوچەی هەڵەبجە، لە زەڵم زیان بە چاوەکانی گەیشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩١ بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن هاوتووچۆی ناوچەکانی شاربازێر، هەڵەبجە و پێنجوێنی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەو ناوچانەدا بەشداریی چەندان شەڕی کردوە و لە شەڕی چەرمەگا پێشمەرگەیەکیان بەناوی فارس ڕەحیم حەمەدەمین شەهید و ٨ پێشمەرگەشیان بریندار بووە کە برینداراەکانیان گواستوەتەوە بۆ مەریوان. هەروەها لە شەڕی شاربازێردا ١٤ پێشمەرگەی خەڵکی سلێمانییان شەهید بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەگەڵ فایق تۆفیق و کۆمەڵێک پێشمەرگە چووین لەژێر تۆپبارانێکی زۆر توندا تەرمی پێشمەرگە شەهید و برینداراەکانمان هێنایەوە و برینداراەکانمان گواستەوە بۆ مەریوان.)**

ساڵی ١٩٩١، میرزا ڕەفیق بۆ بەشداریی کردن لە ڕاپەڕین لە مەریوانەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی فەوجی خانزاد گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن و لەوێوە بۆ سلێمانی و لە دژە هێرشەکەدا وەک خۆی دەڵێت چاوی بە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کەوتووە و بە فەرمانی ناوبراو لەگەڵ فەوجەکەی چووەتە کۆخلان. ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٤ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی پ.ک.ک و "پاک"ی سەربە پ.ک.ک دا. تا ساڵی ١٩٩٥ لەسەر ئەرکی خۆی لە پێنجوێن و کۆخلان بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا کراوە بە فەرماندەی فەوجی ٢ی خانزاد لە سوپای ڕزگاری.

برازایەکی ڕەفیق ئەحمەد حەمەئەمین بە ناوی ئومێد مەحمود کارگێڕی لقی چواری پارتی دیموکرات بووە لە چەرمەگا. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆییدا لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بەدیل گیراوە و دواتر گوللەبارانیان کردوە. دوو ئامۆزای بە ناوەکانی جەلال حەمەدەمین و مەجید حەمەدەمین ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. لە ڕاستیدا بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زەحمەت و ئازارەکانم بە فیڕۆ نەچوون.)

## عەلی مستەفا ئیسماعیل



عەلی مستەفا ئیسماعیل ناسراو بە عەلی گۆران ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی شێخکا مزووری لە قەزای شێخان لە پارێزگای موسڵ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە موسڵ خوێندوە. ساڵی ١٩٦٥ چووە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە هەمان ساڵدا لە ڕێکخراوی کاسبکارانی پارتی دیموکراتدا بە ئەندام وەرگیراوە. ساڵی ١٩٦٦ کراوە بە ئەندامی ڕێکخراوی کاسبکاران کە بەرپرسەکەی فەتحی ساڵح "ئەبوو عوبەید" عەرەبی حەدیدی بووە کە وەک خۆی دەڵێت حەدیدییەکان بە شێوەی سروشتی دوژمنی کورد بوون، بەڵام ئەبوو عوبەید خزمەتی کوردی دەکرد.

عەلی گۆران ساڵی ١٩٦٧ بە تاوانی هاوکاریی کردنی لەگەڵ ڕێکخراوی پارتی دیموکرات بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی کراوە و دواتر بە بەخشینی گشتی لە زیندان ئازاد بووە.

- ساڵی ١٩٧٠، بەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا کراوە بە سکرتێری سەندیکای مواد خۆراکی "مەکتەب المواد الغذائیە". هەرلەو ساڵەدا بەشداریی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە کە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ لە ناوپردان پێکهاتووە. ساڵی ١٩٧٢، لەژێر گوشاری پیاوانی سەربە ڕژێمی بەعس، بە بڕیاری حیزب شاری موسڵی بەجێهێشتوە و چووەتە دهۆک و لەوێ لە ئیدارەی کشتوکاڵ دامەزراوە، بەڵام لەوێش نەیتوانیوە بمێنێتەوە و بەناچار بۆ پاراستنی گیانی، خۆی گەیاندوەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لەشکری یەکی دهۆک کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە. لەوێ لە بەشی ئیداریی

بارەگای لەشکر کاریان داوەتێ و کردویانە بە جێگری بەرپرسی دارایی لەشکر.
ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەلی مستەفا گەڕاوەتەوە بۆ موسڵ، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەیدا لەلایەن دەزگای هەواڵگریی عێراق گیراوە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی ٢٩ ڕۆژ لە موخابراتدا ئەشکەنجەیان کردوە. لە بیست و نۆیەمین ڕۆژی گیران و ئەشکەنجەدانیدا، بەڵێنی هاوکاریی بە بەرپرسانی موخابرات داوە کە لە گرتن و تەحویلدانەوەی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات لە موسڵ هاوکاریان بکات. لەم بارەیەوە دەڵێت:
- **(بەڕێوەبەری موخابراتی موسڵ ٢٤ کاتژمێری ئیزندام کە بچم ئادریسی ماڵ و تەلەفۆنی ئەندامانی پارتی دیموکراتیان بۆ بێنم. کاتژمێر دەی شەو لە زیندان ئازادیان کردم. هەرئەو شەوە بەپێ بە سنوری سوریادا خۆم گەیاندە ناوچەی چەلێ و دەشتان لە باکوری کوردستان. بەویدا چووم بۆ ناوچەی تەرگەوەڕ و لە گوندی ئەمبێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە گوندی عادل بەگ بوو مامەوە و دواتر بە قاچاخ چووم بۆ کۆمەڵگای زێوە. لەوێ بە ئیزنی بەرپرسانی کۆمەڵگاکە چوومە لای ئەسعەد خۆشەوی لە نەغەدە.)**
دوو لە خوشکەکانی عەلی گۆران لە کۆمەڵگای بەهرام لەنێوان بروجرد و خورەمئاوا بوون. لەبەر ئەوە داوا دەکات بینێرنە لای خوشکەکانی. دوای جێگیر بوونی لە کۆمەڵگای بەهرام، وەک خۆی دەڵێت لەوێ لەلایەن عەلی شنگاری بەرپرسی کۆمەڵگاکەوە کراوە بە بەرپرسی بەلەدێی کۆمەڵگا. لەوێوە خوشکەکانی دراون بە ئەهواز و ویستویانە ئەو ڕەوانەی شاری کاشان بکەن کە داوای کردوە لەگەڵ خوشکەکانی بێت و ئەوانیش قبوڵیان کردوە. دوای گواستنەوەی بۆ ئەهواز لە شەریکەیەکی نەوتی ئەهواز کە کەنەدی بووە بەناوی "شرکت وست بۆرن" بە پاسەوانی شەریکەکە دامەزراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لەو شەریکەیەدا پاسەوان و دواتریش بەرپرسی پاسەوانەکان بووە.
ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤، بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا لە ڕاژان کراوە بە جێگری ئیداریی مەکتەبی سیاسیی کە بەرپرسەکەی شوکری نێروەیی بووە. ساڵی ١٩٨١ کراوە بە بەرپرسی ئیداریی و چاپەمەنی شۆڕش سەربە



مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان و وەک خۆی دەڵێت هاوکات کارگێڕی ڕێکخراوی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا کراوە بە ئەندامی بەشی دارایی سەربە مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٩٢، ناوی بەشی دارایی کراوە بە مەکتەبی دارایی و نابراو بووەتە ئەندامی مەکتەبی دارایی سەربە مەکتەبی سیاسیی کە ڕەمزی شەعبان ئەندامی سەرکردایەتی و جێگری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بەرپرسی بووە.

دوو لە کوڕەکانی عەلی گۆران بە ناوەکانی کاوە و هیوا، لە بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ شەهید بوون. پێویستە بڵێم کە ئەو بۆمبارانە ١٥١ کەس شەهید و ٣٧٢ کەسی بریندراری لێکەوتەوە کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. هەرچەندە عەلی گۆران لە ساڵی ٢٠٠٧وە بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە، بەڵام هێشتا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی لە مەکتەبی دارایی پارتیدا بەردەوامە. عەلی گۆران ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم. بەتایبەتی کە وێنەی سەرۆک مستەفا بارزانیم لەسەر میدالیاکە بینی گوتم بە هیواکانم گەیشتم. خەم و پەژارەی ڕۆژانی سەختی خەبات و ئاوارەیی، شەهیدان و ئاوارە بوونەکانی کوردم هاتەبەرچاو و شوکرم کرد و لە خوا پاڕامەوە نەتەوەی کورد بە یەکجاری ڕزگار بێت.)**

## عەلی عەلی سەیفەدین ئیسماعیل



عەلی عەلی سەیفەدین ئیسماعیل ساڵی ١٩١٨ لە گوندی باجیکا لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٩ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی هیوا و تا ساڵی ١٩٥٨ ئەندام بووە لەو کۆمەڵەیەدا. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی پارتی دیموکرات و بەرپرسی ڕێکخراوی فیدایی پارتی بووە لە زاخۆ. ڕۆژی ١٩٦١/٩/٣١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی و وەک خۆی دەڵێت لە توانش بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و لە بەرواریی باڵا کراوە بە سەرقۆڵ و لەگەڵ عیسا سوار بووە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١دا بەشداریی شەڕی ئاڤریلکای لە نزیک گوندی حەسەن ئاوا لە ناوچەی زاخۆ کردوە و ساڵی ١٩٦٢ بەشدار بووە لە شەڕی عەینزالەدا. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕەکانی ئیبراهیم خەلیل و جەوسەقی کردوە. ساڵی ١٩٦٤ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی زاخۆدا و بەشدار بووە لە شەڕی گەلی زاخۆ و ساڵی ١٩٦٥ یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی ئەتروشدا. هەروەها عەلی عەلی سەیفەدین ساڵی ١٩٦٧ بەشداریی شەڕی مانگێشکی کردوە. ساڵی ١٩٦٩ بە بەتالیۆنەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە شەڕەکانی بەرزێڕی، چیای سپی، هەندرێن دا بەشداریی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو لەگەڵ بەتالیۆنەکەی لە هێزی زاخۆ بووە.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بەسەر گەلی کورددا سەپاندەوە، عەلی عەلی سەیفەدین ئیسماعیل سەرلەنوێ بە بەتالیۆنەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕەکانی بانی نێرگز و گەرووی عومەرئاغای کردوە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٥ لە هێزی زاخۆدا لەگەڵ

عیسا سوار بووە و لەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، پەریوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٧، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە و تا ساڵی ١٩٨٢ لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا بووە. لەو ساڵەدا سەرلەنوێ پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێوە کراوە بە جێگری هێزی عەبدولڕەحیم جەسیم.

ساڵی ١٩٨٧، سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٨٨ بەدوای ئەنفالەکانی ناوچەی بادینان‌دا چووەتە باکوری کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ماردین و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و کراوە بە فەرماندەی هێزی ڕزگاری لە زاخۆ. عەلی عەلی سەیفەدین ئیسماعیل تا ساڵی ١٩٩٧ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی چالاکییەکانی و خزمەت کردنی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم، جگەلە هەموو شانازییەکانی ئەو میدالیایە، دانی میدالیای بارزانی بەمن واتای ئەوە دەدات کە من خەباتم بۆ کوردستان و میلەتی خۆم و سەرخستنی ڕێبازی بارزانی کردوە.)**

## قادر حەسەن قادر



قادر حەسەن قادر دێلزی ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی دیلز لە قەزای ڕەواند لەدایک بووە. حەسەن قادری باوکی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان. هەرلەو ساڵەدا بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ئێران و لە ئیسفەهان نیشتەجێ کراوە. ساڵی ١٩٧٨ لە لقی ٨ی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی پارتی وەرگیراوە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ئیسفەهانەوە گەڕاوەتەوە بۆ کۆمەڵگای زێوە و خوێندنی دواناوەندیی لە بەشی کۆمەڵناسی تەواو کردوە. هەرلەو ساڵەدا وەک خۆی دەڵێت بەشداریی کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانی کردوە و بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردراوە.

ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٠ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کراوە بە وێژەری بەشی سۆرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق و لە گوندی شەقڵاوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ دەستی بە کاری وێژەریی کردوە. ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە کادیری لیژنەی ناوچەی ڕەواندز لە لقی دووی پارتی دیموکراتدا و ساڵی ١٩٨٧ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆ کە ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی بەڕێوەبەر و فەلەکەدین کاکەیی و دواتریش هوشیار زێباری بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوون.

ساڵی ١٩٩٣، قادر حەسەن قادر دێلزی یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٦- ١٩٩٣/٩/٢٦ لە هەولێر پێکهات. بە دوای کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا کراوە بە کارگێری لقی ١٠ی پارتی لە سۆران. ساڵی ٢٠٠٩ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا




بە نوێنەرایەتی خەڵکی سۆران، لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ٢٠١٣ و خولی چوارەمی پەرلەمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە و وەک خۆی دەڵێت لە دوو لیژنەی ناوخۆدا "ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان" و لیژنەی "تەندروستی"دا خەباتی کردوە. بە دوای کۆتاییهاتنی خولی سێیەمی پەرلەمان، بەشێوەی ئوتۆماتیک خانەنشین کراوە.

قادر حەسەن قادر دێلزی بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی چەندان جار بە نوسراوە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکرات، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زانکۆکانی کوردستانەوە دەستخۆشی لێکراوە. خاوەنی میدالیای یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولە. ناوبراو لە دوو بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوەدا کە ساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٥ لەلایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراقەوە بەڕێوەچوو، ١٢ ئەندامی بنەماڵەکەی شەهید بوون. قادر حەسەن قادر دێلزی بەشداریی کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕاموایە من زووتر لە کات ئەو شەرەفە گەورەم پێبەخشراوە. میدالیای بارزانی بەلای منەوە لە هەموو پلە و پایەیەک بەرزتر و بە نرخترە و بە وەرگرتنی زۆر خۆشحاڵ بووم.)

## دوكتۆر فەوزی حەیدەر قدور



دوكتۆر فەوزی حەیدەر قدور ناسراو بە دوكتۆر فەوزی ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی كەفەرولی فوقانی لە ناوچەی عفرین لە ڕۆژئاوای كوردستان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پارتی دیموكراتی كورد لە سوریا، ئەو پارتەی كە ساڵی ١٩٥٥ لەسەر ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی دامەزرابوو. ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی دواناوەندی تەواو كردوە و داوای كردوە لە زانكۆ درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام ڕێگەیان پێنەداوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(چوونی كوردی ناوچەی عفرینیان بۆ زانكۆ یاساخ كردبوو. بەو هۆیەوە كە ڕێگەی خوێندنیان لێ بڕیم، سوریام بەجێهێشت و چووم بۆ وڵاتی چیكۆسلاڤیا و لە شاری پراگ و دواتریش بۆ ماوەی سێ ساڵ لە شاری براتی سلاڤا بەشی پزیشكی زانكۆدا خوێندم.)**

فەوزی قدور هاوكات لەگەڵ خوێندنی، تا ساڵی ١٩٧٣ وەک ئەندامێكی پارتی دیموكرات هاوكاریی یەكێتی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا و كۆمیتەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە چیكوسلاڤی كردوە، بەڵام كاتێک ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ یەكێتی سۆڤیەت بەرەی هاوبەشی لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراق پێكهێنا و پشتی لە شۆڕشی ئەیلول كرد، دۆخی كوردەكانی چیكوسلاڤی تێكدا و ناوبراو بە ناچار ئەو وڵاتەی بەجێهێشت و چوو لە سویس نیشتەجێ بوو. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (كاتی خوێندن لە زانكۆ لەگەڵ خانمێكی سویسرایی بە ناوی مۆنیكا ژیانی هاوبەشم پێكهێنا. باوكی مۆنیكا سەرۆكی پارتی دیموكرات مەسیحی سویسیی بوو. ئەو ساڵی ١٩٧٥ كێشەی كوردی گەیاندە پەرلەمانی سویس. كاتێک حیزبی كۆمونیستی سۆڤیەت ساڵی ١٩٧٣ كێشەی بۆ ئێمە**

خوێندکارەکانی سەربە پارتی دیموکرات دروست کرد، من لەسەر پێشنیازی مۆنیکا لەگەڵ مۆنیکا چووم بۆ زوریخ.)

فەوزی قدور لە سویسرا درێژەی بە خوێندندا و ساڵی ١٩٧٩ بە یاسای سویس کە پزیشکی گشتی دەبێ بەشی ددانیش بێت، لەو دوو بەشەدا بڕوانامەی وەرگرت. ناوبراو لەوێش هاوکات ئەرکی پارتی دیموکرات و کۆمەڵەی خوێندکارانی بەڕێوەبردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە پێچەوانەی ئەڵمانیا، لە سویسرا ژمارە کوردێکی زۆر کەم دەژیا. من لەگەڵ دوکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و نورەدین زازا هەردوو کۆمیتەی پارتی دیموکرات و کۆمەڵەی خوێندکارانمان بەڕێوەدەبرد. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، کێشەی زۆرمان لەلایەن باڵی مام جەلال بۆ دروست بوو، بەڵام ساڵی ١٩٨٧ کە پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بەرەی کوردستانییان پێکهێنا، ئیتر ئەو کێشەیەمان نەما، بەڵام ساڵی ١٩٩٢ کێشەکە شێوازێکی تری پەیدا کرد و ئەم جارە لەلایەن پ.ک.کاوە کێشە بۆ ئێمە دروست بوو کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و دوکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بەناچاری لەگەڵ پ.ک.ک کەوت.)

فەوزی قدور لەو کاتەوە هەتا ئێستا خزمەتی ڕێبازی بارزانی دەکات. وەک خۆی دەڵێت جگەلە هاوکاریی کردنی لەگەڵ پارتی دیموکرات و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بواری پێوەندییەکانی مەکتەبی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ وڵاتی سویس، بەشێوەی ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات. ساڵی ٢٠٠٦ لە بێرن پایتەختی سویس، ئۆفیسی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستانی داناوە و لە ناوەندی شاری بێرن کە ناوەندی بارزگانی و دیپلۆماتی وڵاتی سویسە، ئاڵای کوردستانی هەڵکردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ئەمری سەرۆک بارزانی بینایەکی شیاوم بۆ نوێنەرایەتی کردنی حکومەتی کوردستان لە سەنتەری بێرن دۆزییەوە. سەرۆک بارزانی و کاک مەسرور بارزانی و دواتریش کاک نێچیرڤان بارزانی هاتن شوێنەکەیان بینی و پەسەندیان کرد. ئێمە ئەو شوێنەمان کرد بە ئۆفیسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاڵای کوردستانم لەسەر بینایەکە لە نزیک ئاڵای وڵاتی جیهان هەڵکرد. لەو بارەیەوە ژمارەیەک بە هاندانی وڵاتە عەرەبییەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆریان زەخت بۆ هێنایین

کە ئاڵاکەمان دابەزێنین و تا ئەم چەند ساڵەی دوایش درێژەیان بە زەختەکیان دا، بەڵام من کۆڵم نەدا و سەرئەنجام ئاڵای کوردستان شوێنی خۆی لەو ناوەندە دیپلۆماتی و بازرگانییەی جیهاندا دۆزییەوە.)

دوکتۆر فەوزی قدور بەرلەوەی کە ساڵی ١٩٦٩ ڕۆژئاوای کوردستان بەجێهێڵێت دوو جار لەلایەن پۆلیسی سوریاوە بە تاوانی بەشداریی کردنی لە خۆپێشاندانی کوردان گیراوە. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٤٥ ساڵ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە سویسرا و وەک خۆی دەڵێت کاروباری پێوەندییەکانی حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UN حکومەتی سویس بەڕێوەدەبات. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خوشحاڵ بووم، میدالیای بارزانی بۆمن جوانترین و بەرزترین خەڵاتی ژیانمە. باوەڕم نەدەکرد من میدالیای بارزانی وەرگرم، بەڵام کە وەرمگرت شەوێک تابەیانی نەنوستم و هەموو دەرد و ئازارەکانی ئاوارەیی و ئەو کێشانەنم هاتەوە بیر کە لە تاراوگەدا دێتە سەر ڕێی کوردان. میدالیای بارزانی بۆمن شەرەفێکی زۆر مەزنە و سوپاسی سەرۆک بارزانیم کرد، گوتم من موستەحەقی وەرگرتنی میدالیای بارزانی نیم، بەڵام گوتیان تۆ کەسێکی موستەحەقی.)

## موسا محەمەد ڕەشید محەمەد



موسا محەمەد ڕەشید محەمەد دوتازەیی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی دوتازە لە قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ لە گۆندی دوتازە چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سریەی فەیزوڵا ڕەشید لە بەتالیۆنی محمد تاهیر ڕەشید لە هێزی ئامێدی کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی هێزکە بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا موسا محەمەد وەک خۆی دەڵێت بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان و لە گوندی دوتازە و ئامێدی پۆلی سێیەمی ناوەندیی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٦ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، ڕژێمی عێراق ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١٢ دانیشتوانی گۆندی دوتازەی گواستوەتەوە بۆ گوندی بێناتا لە نزیک ناحیەی سەرسنگ لە قەزای ئامێدی. لەو بارەیەدا موسا محەمەد ڕەشید دەڵێت:


**- (لەو ڕۆژەوە دەستم کرد بە خەباتی نهێنی ناو شار و وەک ئەندامی ڕێکخراوی دلکول بەختیار و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگا زۆرەملییەکانی قەدش، بێناتا و سپنە تا سەرسنگ هاتمە هەلبژاردن و چەندان چالاکی نهێنی ناوشارمان بەدژی ڕژێمی بەعسی ئەنجام داوە و زۆرجار بە موعجیزە ڕزگارم بووە.)**

ناوبراو بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەیان لە لایەن سیخوڕ و پیاوانی ڕژێمەوە، ڕۆژی١٩٧٩/٧/١٧ لەگەل چەند هەڤاڵی ڕایکردوە و خۆیان گەیاندوەتە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵان و وەک خۆی دەڵێت پێوەندییان بە محمود یەزیدی و عادل مزوری کردوە و ئەوان ڕەوانەی بارەگای هەرێمی

یەکی بادینانیان کردون و لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ لای علی تێلی و مستەفا نێروەیی لە سنوری ناوچەی ئامێدی.

ساڵی ١٩٨١، موسا محەمەد بەشداریی لە حەوتەمین خولی پەیمانگای کادیرانی پارتی دیموکرات کردوە و وەک خۆی دەڵێت بە پلەیەکی زۆرباش دەرچووە و لەگەڵ عیسمەت ئەرگوشی، شەفیق ئەرگوشی و غەفار کوڤلی ڕەوانەی قواتی بارزان کراون کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی بووە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا هوشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی چووەتە لقی یەک بۆ دامەزراندنی لیژنەی ناوچەی ئاکرێ. موسا محەمەد و ئەو سێ کادیرانەی کە ئاماژەم بە ناوەکانیان کرد لە قواتی بارزانەوە گواستراونەتەوە بۆ لیژنەی تازە دامەزراوی ئاکرێ لە لقی یەکی بادینان. لەو لیژنەیەدا موسا محەمەد بەشداریی چەندان چالاکی سیاسی و سەربازیی کردوە و لە شەڕێکی بەرگریکەرانەی گەورەدا کە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/١٧ هوشیار زێباری خۆی سەرپەرشتی کردوە. موسا محەمەد بە سەختی بریندار بووە و لە ئەنجامدا شەلەل بووە و لای چەپەی لەشی لەکار کەوتووە و فەلەج بوو.

موسا محەمەد ڕەشید محەمەد بۆ ماوەیەک لە ناوچەی ڕزگارکراوی لقی یەک و شارەکانی ئیران ڕاگیراوە، بەڵام نەیانتوانیوە چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەن و بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتیان کردوە و ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٦ گەیشتوەتە وڵاتی دانمارک و لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە دەستیان بە چارەسەریی نەخۆشییەکەی کردوە. ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٧ شاندێکی لقی ٦ی پارتی دیموکرات لە ئەوروپا گەیشتوەتە دانمارک و بە نوسراوەیەکی مەکتەبی سیاسی ئەمریان پێکردوە کە چونکە دەرچوی پەیمانگای کادیرانی پارتیە، پێویستە



ئەرکی بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنی پارتی دیموکرات لە دانمارک وەربگرێ کە ئەمری مەکتەبی سیاسیی جێبەجێ دەکات.

موسا محەمەد ڕەشید محەمەد لەو ساڵەوە هەتا ئێستا بەشێوەیەکی چالاک ئەرکی خۆی لە پلەی بەرپرسی لیژنەی پارتی دیموکرات لە دانمارک بەڕێوەبردوە. ساڵانە لە بۆنە و جەژنە کوردییەکاندا چەندان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری بۆ کوردانی دانمارک داناوە. پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەباشی بەڕێوەبردوە، بەچەشنێک کە هەموو ساڵێ لە کۆنفرانسەکانی لیژنەی پارتی دیموکراتدا لە دانمارک پلەی یەکەمی دەنگەکانی وەرگرتووە. ناوبراو هاوکات ئەندامی لقی ٦ی پارتی دیموکراتە لە ئەوروپا.

موسا محەمەد ڕەشید محەمەد ئەندامی بنەماڵەیەکی هەژار و خەباتکاری کوردستانە و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ڕێگەی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانیدا شەهید بوون. وەک خۆی دەڵێت زیاتر لە ٥٠ کەس لە خزم و نزیکانی لە گوندەکەیان شەهید بووە و ڕێزدار مەسعود بارزانی ناوی گوندی شەهیدانی لەسەر گوندەکەیان داناوە. موسا محەمەد بەشداریی کۆنگرەکانی ٩، ١٠، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣دا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەوبارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. من هەڵگری ڕێبازی بارزانیم و تا دەمرم لە ئەرکەکانمدا بۆ خزمەت کردن بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی بەردەوام دەبم.)**

## محەمەد سلێمان عوسمان



محەمەد سلێمان عوسمان کۆڵەکی ناسراو بە محەمەد مشکۆ ساڵی ١٩١٩ لە گوندی کۆڵەک لە بەری نزاری ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند ناوبراو لەگەڵ یەزدینی برای و ١١ کەس لە گوندی کۆڵەک چەکی هەڵگرتووە و چووەتە گوندی لێرەبیر و لەوێ بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و کراوە بە بەرپرسی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی بوون. لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕەکانی سەرسنگ و بامەڕنی کردوە. بە ئەمری بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەلا شینی قرتاس بێدارونی هێرشیان کردوەتە سەر کەلی ئامێدی و ئەو ناوچەیەیان لە دوژمن پاککردوەتەوە و دواتریش بەشداریی شەڕی گەلی زاویتەی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ هەڤالانی بەشداریی شەڕی سەری ئاکرێی کردوە. دوای شەهید بوونی مەلا شینی، شێخ هۆمەر شانەدەری و عوسمان زۆرکوانی لە سەری ئاکرێ، ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێیەکانی لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٦٥ بە ئەمری بارزانی لەگەڵ هێزەکانی تاهیر عوزیر ئاغا پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە ناوچەکانی ڕانیە، قەڵادزێ، سەنگەسەر و پێنجوێن بووە و بۆ ماویەکیش لەگەڵ فرەنسۆ هەریری لە هەریر بووە.

ساڵی ١٩٧٠، محەمەد مشکۆ گواستراوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لە هێزی تایبەتدا کراوە بە پاسەوانی بارزانی. ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، لە حاجی ئۆمەران بووە کە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی بەڕێوەچووە. وەک بنەماڵەکەی دەڵێن ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن بارزانییەوە دەمانچەیەکی بە خەڵات وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٥، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە شنۆ و لەوێوە

گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت و دواتر لە نەغەدە کراوە بە پاسەوانی شێخ بابۆ. دوای چوونی بارزانی بۆ کەرەج، ناوبراویان گواستوەتەوە بۆ شاری ساوە و تا ساڵی ١٩٧٧ لە ساوە بووە، ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەگەڵ ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و مێرگەسوور و بۆ ماوەیەک لە ئەشکەوتی خنکە لە دۆڵی بیاوێ لە نزیک گوندی شانەدەر بووە.



ساڵی ١٩٨٢، محەمەد مشکۆ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی شەهید محەمەد ئەمین میرخاندا و ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە بۆ قواتی بارزان کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە چووەتەوە لای منداڵەکانی لە ساوە.

ساڵی ١٩٩١، محەمەد مشکۆ لەگەڵ عومەر عوسمان بەرپرسی لقی دووی هەولێر بە حاجی ئۆمەراندا گەڕاوەتەوە و لە خەلیفان جێگیر کراوە و دواتر کە فەرماندەی فەرماندەیی سوپای بارزان پێکهات، ناوبراویان گواستوەتەوە بۆ فەرماندەیی بارزان و تا ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ ڕەشید ئیسۆمەری و مەلا عەبدوڵا زێوەیی لە لیژنەی کۆمەڵایەتی ناوچەی نزاردا بەردەوام بووە. محەمەد سلێمان عوسمان کۆڵەکی دووجار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٢ لە مرێبا و جاری دووەم ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆ لە کێشکە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/١/٢٤ لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

# زکری عومـەر شێخ عومـەر حـەسۆ



زکری عومەر شێخ عومەر حەسۆ ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بیرەکەپران لە ناحیەی دینارتە سەربە قەزای ئاکرێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دووی هێزی ئاکرێ کە فەیروز زێباری فەرماندەکەی بووە. لە ماوەی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا وەک پێشمەرگە لە شوێنی خۆی ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ فەیروز و بابەکر زێباری چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر بۆ ئیسفەهان و ساوە.

زکری عومەر تا ساڵی ١٩٧٩ هاوکاریی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی لە ساوە کردوە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و لەگەڵ مولازم بابەکر زێباری لە بارەگای پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە شنۆ بووە و ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی لە کرماشان. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و چووە بۆ دهۆک و لەوێ کراوە بە بەرپرسی حەرەکانی پارتی و ساڵی ١٩٩٦ ئەرکی ئەندامی فەرماندەیی دهۆکیان داوەتێ و ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی زێرەڤانی لە ئاکرێ.




ساڵی ٢٠٠٢، زکری عومەر شێخ عومەر حەسۆ گواستراوەتەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین و هەتا ئێستا لە مەکتەبی سەرۆکدا درێژە بە ئەرکەکانی دەدات. دوو خاڵی بە ناوەکانی حاجی عەبدوڵا و مستەفا، لەگەڵ دوو کوڕە پوری بە ناوەکانی سەبری و عوسمان مستەفا ساڵی ١٩٨٣ لە بلێ زورەیڤان ئەنفال کراون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، ناوبراو لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵی کردم کە لەوە دەچوو تازە لە دایک بووم.)

## نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب



نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب ناسراو بە خاڵە نەجم ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی وەندەرێنە لە ناحیەی بەرزنجە لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بارەگای بەتالیۆنی دووەمی هێزی خەبات لە بەرزنجە. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕی عەرەبەت - سلێمانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕەدا سێ سەرلق بە ناوەکانی کەمال هاواریی، ئەحمەد شەریف و جەمال چەوتانی لەگەڵ چوار پێشمەرگە شەهیدبوون کە یەکێک لەوانە کەمالی حاجی ڕەشید گێڵدەرەیی بووە. لە لایەکی تردا، ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٢ دوژمن پەلاماری بەرزاییەکانی ئەزمەڕ، هەرۆتە و گوێژەی داوە. لەو شەڕە بەرگرییەدا، ناوبراو بەشدار بووە و دەڵێت: **(سێ پێشمەرگەمان بەناوەکانی حەمەسەعید بەگ، ئەحمەد قەلا تەلی و جەبار سەعید عەزیز شەهید بوون.)** ناوبراو هەروەها لە زستانی ساڵی ١٩٧٤دا بەشداریی شەڕەکانی سەرتیز و گەرووی عومەرئاغای کردوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ بەشدار بووە لە شەڕی حاجی ئاوای لە ناوچەی سلێمانی و چایخانەی حاجی ئەمین لەنێوان سلێمانی و عەرەبەت دا.




ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خاڵە نەجم پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و بۆ ماوەیەکی کورت لە نەغەدە بووە و لەوێوە بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتیی حکومەتی عێراق، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە سەرباز گیراوە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی دە مانگ سەرباز بووە و ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١ لە سەربازیی ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتی "قیادە موەقەت" لە شاربازێڕ و ستاری سەعید خەلەف و عەبدولمولیک فەرماندەی بوون. دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە بەناوەکانی مولازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، خاڵە نەبەز، خاڵە عەفان "عوسمانی قادر منەوەر" و سیروان تاڵەبانی بووە و وەک خۆی دەڵێت بەشێک لە پێشمەرگەکانە چوونە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و سۆسیالیست "حەرەکەی ئیشتراکی".

خاڵە نەجم ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی چووەتە ناوچەی هەکاری، بەلام بەرلە شەڕی بازێ لەگەڵ مولازم عومەر، خاڵە نەبەز و خاڵە عەفان چوون بۆلای سامی عەبدولڕەحمان و لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کەوتوون. بە دوای شەڕی بازێ، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شاربازێڕ و لەگەڵ ئەو ژمارە پێشمەرگانەی سەرەوە بووە. ساڵی ١٩٨١ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ برینداربووە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ عوسمانی قالە منەوەر بووە و لە مانگی ١٠ی ئەو ساڵەدا سەرلەنوێ لە شارەزور بریندار بووەتەوە. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ عوسمانی قالە منەوەر چووەتە شاخی سورێن و وەک خۆی دەڵێت لەوێ چاویان بە ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کەوتووە. بە دوای ئەو دیدارەیاندا لیژنەیەکیان لەژێر ناوی لیژنەی ناوچەی دوکان لە شاربازێڕ بۆ پێکهێناون. عوسمانی قالە منەوەریان کردوە بە بەرپرسی لیژنە و ناوبرایش ئەرکی فەرماندەی ئەزمەڕی دراوەتێ و تا ساڵی ١٩٨٥ لەو ناوچەیەدا بەردەوام

بووە. لەو ساڵەدا، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ بارەگای لقی ٤ ی پارتی دیموکرات کە حەمید ئەفەندی بەرپرس و خورشید شێرە جێگری بووە و لەوێ ئەرکی بەرپرسی سەربازیی پێشمەرگەکانی بارەگای لقی چواریان لەژێر ناوی ڕێکخراوی ڕزگاری پێسپاردوە.

ساڵی ١٩٨٨، خاڵە نەجم لەگەڵ عوسمانی قالە منەوەر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجە. عوسمان کراوە بە بەرپرسی لێژنەی ناوچە، شێخ جەعفەر بە کارگێڕی لیژنە و نەجم بە بەرپرسی سەربازیی و وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٩٠ لەو ئەرکەیدا بەشداریی دەیان شەڕی بەرگرییکەرانە و کەمینی پێشمەرگەکانی کردوە و بەگشتی ٩ جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. ساڵی ١٩٧٧ لە قەرەداغ، ساڵی ١٩٧٩ لە شاری سلێمانی، ساڵی ١٩٨٤ لە شاری بانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ساڵی ١٩٩١، نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب لەگەڵ پێشمەرگەکانی بارەگای لقی چواری سلێمانی، بە سەرۆکایەتی قادر قادر بەشداریی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی و کەرکوکی کردوە. ساڵی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بە فەرمانەدەی فەوجی پاسەوانی سلێمانی و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(دوای هەڵبژرادن و پێکهاتنی حکومەت من کرام بە حیمایەی سلێمانی و لەگەڵ دەروێش ئاغا، عەفان، مەحمود سەنگاوی جێگری قیادەی ناوچەکە بووم.)**

لە خولی یەکەمی شەڕی ناوخۆدا، نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب چووەتە هەڵەبجە. ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس لە هەورازە نەوتەی پشت کەسنەزان بووە. ساڵی ١٩٩٦ لە خولی دووەمی شەڕی ناوخۆدا گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی پێشوازیی و لە هەمان ساڵدا ئەرکی ئەندامی سوپای گەرمیانیان داوەتی کە مەلا عەلی زمناکۆ فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٧ لە لیژنەی بەدواداچوون و پشکنینی فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستان "فەلەک"، بە سەرۆکایەتی بروسک نوری شاوەیس دا بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(تا ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی بەدواداچوون و پشکنینی فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستان "فەلەک"دا بروسک نوری شاوەیس فەرماندەم بوو. لەو ساڵەدا گواسترامەوە بۆ بەشی بەدواداچوون و تەفتیش کە سەرەتا شێخ زرار و دواتر دوکتۆر عەبدولڕەحمان کەوەرینی بەرپرسی بوون. من تا ساڵی ٢٠١٠ لەو ئەرکەمدا**

**بەردەوام بووم.)** ڕۆژی ٢٠١٠/٨/١، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و هەتا ئێستا بە پلەی عەمید لە بەشی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگەدا بەردەوامە.

نەسرەدین ڕەزا حەمە غەریب دواجار ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/١٨ لە شەڕی ناوخۆدا لە دێگەڵەی کۆیە بریندار بووە. ساڵی ١٩٧٧، دایک و خوشکێک و برایەکی بەناوی محەمەد ڕەزا بەتاوانی پێشمەرگەبوونی ناوبراو، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە زیندانی کراون. خوشکەزایەکی بەناوی بەکر عەباس فەرەج ساڵی ١٩٧٩ لە سلێمانی شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و هەستم بەوە کرد کە لەبیر نەکراوم.)**

## وسێن حەسەن حەمەد عوسمان



وسێن حەسەن حەمەد عوسمان ناسراو بە حوسێنی مام حەسەنی ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی مارەدۆ لە ناحیەی سەنگەسەر، سەربە قەزای قەڵادزێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ لە ڕێکخراوی قەڵادزێ کە بەرپرسەکەی مەلا عەبدوڵای کادیر بووە، بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٦ لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا لە ناوچەی قەڵادزێ بووەتە پێشمەرگە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(مەلا حاجی دێلۆیی بەرپرسمان بوو. بۆ ماوەی ٦ مانگ لەوێ خزمەتی پێشمەرگەکانم کرد و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ کرام بە سەرشانەی بنەڕەتی لە ڕێکخراوی کێوەڕەشدا کە ڕێکخراوێکی سەربازیی و سیاسی بوو.)**

سالی ١٩٧٧، وسێن حەسەن کراوە بە جێگری ڕێکخراوی کێوەڕەش کە شێخە زوودی بەرپرسی ڕێکخراوەکە بووە و تا ساڵی ١٩٨٧ لەو ڕێکخراوەدا پێشمەرگایەتی کردوە و سەر بە قاتعی چواری پارتی دیموکرات بووە لە گوندە وێرانکراوەکەی ڕەزگە. بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن سەردانی ناوچەکانی قەڵادزێ، ڕانیە، سەنگەسەر و بەستەستێنی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لەنێوان سەنگەسەر و بەستەستێن لە زیلێکی هەڵگری سەربازیان داوە و ١٢ سەربازیان کوشتوە و زیلەکەشیان سوتاندوە. ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی سەری سوورەگڵەدا چوار پێگەی دوژمنیان چەککردوە و ئەفسەرێکیان بەناوی نازم لەگەڵ سەربازێک بەدیل گرتووە. هەر لەو ساڵە و لە کەمینێکی تردا لە گردی ڕەمەکان و گوندی تووتمە ١١ سەربازیان لە زیلێکی سوپادا بەدیل گرتووە و ئوتۆبێلەکەشیان سوتاندوە و دەڵێت: **(ئێمە ١١ پێشمەرگە بووین کە ئەو شەڕەمان کرد.)** ساڵی ١٩٨٨ لە نزیک ڕەزگە بەشداریی شەڕێکی




بەرگریکەرانەی کردوە و لە شەڕەدا ٨ سەربازیان بەدیل گرتووە و دوو ئارپیجییان دەسکەوت بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (**بە دوای شکانیدا، دوژمن لە کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆیە هێرشیان کرد و ئێمە پێشمەرگەکان لێمان دان. لەو شەڕەدا ڕانی چەپەم بریندار بوو.**)

ساڵی ١٩٨٩، بنکەی پێشمەرگەکانی هاوڕێی حوسێنی مام حەسەنی لە ڕەزگە بووە و وەک ناوبراو دەڵێت جاش و سوپا هێرشی بۆ کردون و لە شەڕێکی دوو ڕۆژەدا بەرگرییان لە بنکەکەیان کردوە و نەیانهێشتوە دوژمن بنکەکەیان بگرێت. هەرلەو ساڵەدا مقەڕیان لە خڕێ سپی داناوە و دەڵێت: (**بەیانی کە لە خەو هەستاین، ئاگاداریان کردینەوە کە جاش و سەرباز خەریکن گوندی سپییەگڵە دەسوتێنن. ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی چووین، بینیمان گوندەکە دەسوتێ و جاش و سەربازەکانیش لە دەوری گوندە کۆبوونەتەوە کە لێماندان و ٦ سەربازمان کوشت. کادیرێکی ئێمە بەناوی عەبدوڵا پشدەری شەهید و سێ پێشمەرگەی حیزبی شیوعیش بریندار بوون. دوژمن پێنج کەلاکی بەجێهێشت و پێنج کلاشینکۆفمان دەستکەوت.**)

ساڵی ١٩٩١، حوسێنی مام حەسەنی بەرپرسی ڕێکخراوی کێوەڕەش بووە و لەگەڵ مەفرەزەیەکی ٣٠ کەسی بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لە فەوجی قادرئاوایان داوە و فەوجەکەیان چەککردوە و تا کەرکوک چوونەتە پێشەوە و لە قەرە هەنجیر بوون کە سوپای عێراق دژە هێرشی بۆ کردون. لەو بارەیەوە دەڵێت: (**ئێمە ٢٥ پێشمەرگە بووین و بە حەوت ڕۆژان، بەپێ خۆمان گەیاندە دەربەندی ڕانیە.**) ساڵی ١٩٩٢ بەدوای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی هێزی تایبەت کە مەلا حەسەنی شاخ بەرپرسی بووە و ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی لیوای ٢٠ کە هێزێکی هاوبەش بووە لەنیوان پارتی و یەکێتیدا.

ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا چووەتە ناوچەی دارێشمانە و سەرلەنوێ بە مەفرەزە خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٩٦ فەرماندەی لیوای ٧٢ بووە لە قەسرۆک و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ناوی لیواکەی من لیوای ٧٢ بوو و لە شەڕەکانی ناوخۆییدا ٧٢ پێشمەرگەمان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پ.ک.ک و هاوپەیمانەکانیان شەهید کران.)** ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە جێگری فەرماندەی هەڵگورد و لە هەمان ساڵدا ئەرکی فەرماندەی سوپای ٦ ی سۆرانیان داوەتێ و ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بە فەرماندەی سوپای باڵەک لە گەلاڵە. ساڵی ٢٠٣ جێگری فەرماندەی کاوە بووە لە ناوچەی قەلادزێ و ئێستا لە دوبز لە سەنگەری شەڕی بەرگریی دایە دژی تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی شام و عێراق "داعش".

حوسێنی مام حەسەنی بەشداریی کۆنگرەکانی ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. دوو ئامۆزای بە ناوەکانی محەمەد لە ساڵی ١٩٨٩ و عەبدوڵا لە ساڵی ١٩٩٤ کە لەگەڵ خۆی پێشمەرگە بوون، شەهید کراون. رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (هیچ کاتێکی ژیانم بە ڕادەی ئەوکاتە خۆش نەبوو کە سەرۆک مەسعود بارزانی میدالیای بە سنگی منەوە کرد. من بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی پاداشی خەبات و زەحمەتەکانم وەرگرت.)**

## خدر خانۆ شێخ ئومەر



خدر خانۆ شێخ ئومەر ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی "بێدود" لە دەڤەری بارزان قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی خولی دووەمی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزانی کردوە و بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ بارزانییەکان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هێزی بارزان لە کۆماردا و لە بەرەی شەڕی سقز لە سەرا بووە و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی دەشتی شنۆ و بەشداریی شەڕەکانی خالاوە و جەڵدیانی کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤالانی مەشقی سەربازی پێکراوە.

دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، خدر خانۆ بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی سەلخۆزەکاندا لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، خدر خانۆ شێخ ئومەر لەگەڵ ٢٥ کەس لە هەڤالانی لە زانکۆی تاشکەند بەشی تێکنیکی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر و دواتریش شەقڵاوە دامەزراوە. بە وتەی خۆی خولێکی کورتی نەخشەخوێنی دیوە و زەوی بەسەر جوتیاراندا بەشکردوە.



ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، خدر خانۆ شێخ ئومەر لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤالانی و دوکتۆر سەعید ئەحمەد لە ناوچەکەیاندا چەکیان هەڵگرتووە و بەشدارییان لە شۆڕشدا کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز. ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد لە قواتی بارزاندا پێشمەرگە بووە. یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی حاجی ئۆمەران لە ساڵی ١٩٨٠دا و ساڵی ١٩٨٨ بەشداری شەڕی خواکورکی کردوە و لەو شەڕەدا برایەکی بەناوی چاوشین خانۆ شەهید بووە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ قواتی بارزان بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و ساڵی ١٩٩٤ منداڵەکانی گەڕاندوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی بێدود نیشتەجێی کردون.

کوڕێکی خدر خانۆ شێخ ئومەر بەناوی عیزەت خدر خانۆ ساڵی ١٩٩٦ لە قەسرێ و دوو زاوای بەناوەکانی نەبی حەسۆ و میرخان حەسەن ساڵی ١٩٩٧ لە شەڕی ناوخۆدا لە گوندەکانی واژێ و کۆلەکان شەهید کراون. ئامۆزایەکی بەناوی حەسکۆ ئەحمەد شێخۆ ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم و بە شانازیی دەزانم.)**

## خدر وەسمان سلێمان بن بی



خدر وەسمان سلێمان بن بی ناسراوە بە خدر وەسمان سلێمان ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی شانەدەر و لەنێو ئەشکەوتی ئاسەواریی شانەدەر لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. کوڕی مەلا وەسمان سلێمان یەکێک لە جەنگاوەرانی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزانە. ناوبراو لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا، ساڵی ١٩٤٥ چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی سەرا و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە.




دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕی دەشتی شنۆی کردوە. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشدار بووە و لە ڕێگەی پەڕینەوەیاندا لە ئاراس بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، خدر وەسمان سلێمان بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبراو لە زانکۆی تاشکەند وەرگیراوە و بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی سلێمانی لە سەرچنار دامەزراوە. ساڵی ١٩٦٠ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند خەریک بووە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ کەس لە هەڤالانی بارزانی کە لە سلێمانی بوون وەک نەبی سەرئاسن، حاڵی دۆڵەمەری، حەمە ئاغای شێتنە، عەلی مێرگەسووریی، تاجەدین و ...تد ڕابکات، بەڵام بەرلە ڕاکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە و دوای ٥٩ ڕۆژ ئەشکەنجەی بەردەوام، لە زیندان ئازادیان کردوە.

دوای ئازاد بوونی لە زیندان بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیی نەشتەرگەریی بۆ کراوە و دوای چاکبوونەوەی سەرلەنوێ ڕژێمی عێراق گرتوویەتی و بە تۆمەتی پێوەندیی گرتنی لەگەڵ پێشمەرگە، سێ مانگی تری زیندانیی کردوە و بە لێبوردنی گشتی لە زیندان ئازاد بووە. دوای ئازادبوونی لە زیندان خدر وەسمان سلێمان ڕایکردوەتە ناوچەی مێرگەسوور و لەگەڵ هێزی حەسۆ میرخان ژاژۆکی و پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و چوارقوڕنە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو هێزەدا بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، خدر وەسمان سلێمان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە کاری پێشوویدا لە سەرچنار بەردەوام بووە. ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ کە قەڵادزێ لەلایەن فڕۆکە بۆمهاوێژەکانی ڕژێمی عێراق بۆمباران کرا. ناوبراو لە قەڵادزێ بووە و هاوکاریی کردوە لە کۆکردنەوەی بریندارەکان و شەهیدەکان لە مزگەوتی قەڵادزێ. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خدر وەسمان سلێمان چووەتە زێوە، بەڵام لەوێ بەهۆی تەنیا مانەوەی هاوسەر و شەش منداڵی لە سلێمانی بە ئیزنی سەرکردایەتی پارتی و بە کەڵکوەرگرتن لە لێبووردنی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و سەرلەنوێ لە ئیدارەی کشتوکاڵی وەرگیراوەتەوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ مێرگەسوور.

بە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ قواتی بارزان و پێوەندیی بە دوکتۆر سەعید نادر ئەحمەد بەرپرسی قواتی بارزانەوە کردوە. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی شارەکانی هەولێر و کەرکوکی کردوە و لە سەردەمی وتووێژەکانی بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق لەگەڵ هێزەکانی قواتی بارزان لە خەلیفان و کانی شەکران و سارداو لەگەڵ محەمەد عیسا، دوکتۆر سەعید و سیروان بارزانی بووە.

ساڵی ١٩٩٤، لە شەڕی ناوخۆدا چووەتە مەسیف سەلاحەدین و تا ساڵی ٢٠٠٤ لە پیرمام بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٢ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

# ڕەشید حەمۆ حاجی



ڕەشید حەمۆ حاجی شنگێل ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی شنگێل لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی، لەگەڵ بارزانی کەوتووە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەشداریی شەڕی بەرگرییکەرانەی نەهلەی کردوە. یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی مەیدان مۆریک لە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥دا. ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ١٩٤٦/٣/٢دا بۆ بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان، ڕەوانەی بەرەی شەڕی مەلقەرەنی کراوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە بەرەی شەڕی قەلاتان بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی بارزانی بەرەو سۆڤیەت چووە و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، توشی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ بوون.

لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی "ستیپ بیاڤۆت" پەمۆی چنیوە و سێوی هەڵگرتووەتەوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ڕەشید حەمۆ لەگەل ٢٤ هەڤالی تری لە بەشی تێکنیکی زانکۆی "شۆ" لە پارێزگای مۆسکۆ وەرگیراوە و تیکنیکی خوێندوە. ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە کارخانەی قوماش "مەعمەل نەسیج"ی موسڵ دامەزراوە.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ڕەشید حەمۆ حاجی گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ مەلا شینی لە شەڕی سەری ئاکرێ بووە کە مەلا شینی شەهید و ناوبراویش چۆکی چەپەی بە سەختی بریندار بووە بە چەشنێک بۆ ماوەی ساڵێک لە ماڵەکەیدا ماوەتەوە و دواتر گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان، بەڵام هەتا ئێستاش بە گۆچان دەڕوا. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی لە موسڵ و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، دیسانیش چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و وەک خۆی دەڵێت بە فەرماندەیی ئەحمەد حاجی لە حاجی ئۆمەران لەسەر دۆشکە بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێشەوە بردراوە بۆ مەشهەد و تا ساڵی ١٩٨٠ لەوێ کاری کردوە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەژێر سەرپەرشتی عەریف ساڵح دا لەسەر کۆگای چەک و تەقەمەنی حیزب بووە و لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨١ کراوە بە پاسەوانی مەزاری بارزانی. تا ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٦ کە تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانییان لە گوندی هەڵەجەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گواسترایەوە بۆ باشوری کوردستان، ڕەشید حەمۆ حاجی شنگێل لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و گواستراوەتەوە بۆ بەشی کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی بەرپرسی بووە و ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. برازایەکی ناوبراو بە ناوی جومعە ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (مـن لـه منـدالّييەوه خزمەتـى مەلا مسـتەفام كـردوه و تـا ماويشـم له خزمەتكـردن به ڕێبـازەكەى بەردەوام دەبـم. لەبەر ئەوه به وەرگرتنـى ميداليای بارزانى زۆر خۆشحالّ بووم.)

## سلێمان حەکیم یاسین



سلێمان حەکیم یاسین ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی پێندرو لە ناوچەی مزووری باڵا لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. حەکیم یاسینی باوکی بەشداریی شۆڕشی یەکەمی بارزانی کردوە و ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ بە بنەماڵەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزان چووەتە باکوری کوردستان و لە ئیسکی شەهر بووە، بەڵام حکومەتی تورکیا کە لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق، مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکانی بارزان و حەکیم یاسین خاکی تورکیایان بەجێهێشت و خۆیانگەیاندەوە ناوچەی بارزان و لە چیای شیرین و ناوچە سەختەکانی ناوچەکەدا مانەوە. بە دوای دوورخستنەوەی شێخ ئەحمەد و بارزانی و بنەماڵەی شێخانی بارزانی، حەکیم یاسینیش یەکێک بووە لە دوورخراوەکانی ساڵی ١٩٣٦ی عێراق بۆ حللە و بەغدا.

باوک و سێ لە مامەکانی سلێمان حەکیم یاسین ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ بارزانی بوون و خۆشی لە ساڵی ١٩٤٥ چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی و بنەماڵەکەی چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و چوونکە لەکاتی دوورخراوەییدا توانیبووی تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی بخوێنێت، لە کۆماری کوردستاندا پلەی ئەفسەری پێدراوە و لە هێزی تایبەتی بارزانیدا بەرپرسی دابەشکردنی ئازوقە و پێداویستییەکانی بەرەکانی شەڕی سەقز و سەردەشت بووە.



دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی سۆفیان و بەشداریی شەڕەکانی خالاوە و جەڵدیانی کردوە و دواتر لەگەڵ باوک و برایەکی بەناوی عیسا سەلیم و دوو مامی بەناوەکانی سەلیم عیسا و فەیزی وەسمان لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە رێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤالانی مەشقی سەربازیی پێکراوە.

دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەندا، ناوبراو لەجیاتی کارکردن لە کێڵگەکاندا، ساڵی ١٩٤٨ ڕەوانەی ڤرێڤسکی کراوە و تا ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ میرحاج ئەحمەد، عەبدولڕەحمان موفتی و چەند کوردی خەڵکی مهاباد، زمانی ڕوسی و یاسای سیاسی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٠ لە زانکۆی تاشکەند وەرگیراوە و لە بەشی کشتوکاڵدا درێژەی بە خوێندن داوە. دوای تەواوکردنی خوێندن لەوێ لە ئیدارەی کشتوکاڵی تاشکەند کاریان داوەتێ. هاوکات لەوێ لەگەڵ خاتوونێکی ڕوسی بەناوی لیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە، بەڵام لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٩، هاوسەرەکەی لەگەڵی نەهاتووەتە عێراق و لەوێ ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٥٩، دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لەگەڵ هەڤالانی بارزانی، لە زانکۆی "مستنصریە"ی بەغدا دامەزراوە و وانەی ڕوسی گوتووەتەوە و هاوکات مامۆستای بەشی کشتوکاڵی زانکۆ بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی بەغدای بەجێهێشت، سلێمان حەکیم یاسین گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان و لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، چەکی هەڵگرتوە و بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کردوە. ناوبراو بەشداریی شەڕی سوپای عێراق و



جاشەکانی لە ناوچەی ڕێکانییەکان، زێبارییەکان و سیدەکانی کردوە و لە سەری نەهلە لە گوندی گربیش برینداربووە و دوکتۆر مەحمود عوسمان و هاوکارانی لە ئەشکەوتی زوورەکڤان لە نزیک ڕێزان چارەسەریان بۆ کردوە. هەروەها ساڵی ١٩٦٣، لە شەڕی شێلەبەراز لە شاخی پیرس بۆ جاری دووەم بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، چووەتە گەڵاڵە. ساڵی ١٩٧٥ چووەتە کۆمەڵگای نەڵیوان لە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و دواتر لە جهروم نیشتەجێیان کردوە. ساڵی ١٩٧٧، بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی، ئێرانی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و سەرلەنوێ لە ئیدارەی کشتوکاڵ دامەزراوە و تا ساڵی ١٩٩١ لە هەولێر بووە.


برایەکی سلێمان حەکیم یاسین بەناوی ئەحمەد لەگەڵ ئامۆزایەک، برازایەک و خوشگەزایەکی ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای زۆرەملیی قوشتەپە ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١١/١١/١٥ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

## عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان



عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان ناسراو بە عەبدولڕەحمان بێیی ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی بێ لە ناوچەی شێروانی مەزن سەربە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ بنەماڵەکەی و بارزانیەکان چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی گۆڕناو لە ناوچەی نەغەدە نیشتەجێ بوون. لە کۆماری کوردستاندا چەکی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت و لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە لە مهاباد. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ناوچەی نێوان شنۆ و نەغەدە لە گوندی نەڵۆس بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ بەشدریی شەڕی نەڵۆسی کردوە. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشدار بووە و لە ڕێگەی پەڕینەوەیاندا بۆ ئاراس بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای پەڕینەوەیان لە ئاراس و جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە.

دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، عەبدولڕەحمان بێیی بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە سەلخۆزی ژمارە ٣ی قەزای چەرخین لە کێڵگەی زەڕدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبراو لە زانکۆی ڤرێڤسکی بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. لە سەردەمی خوێندنیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەر و دوو کوڕ و کچێکی و هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی شەقلاوە دامەزراوە.





ساڵی ١٩٦١، بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت، هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی بارزانی بۆ بارزان، عەبدولڕەحمان بێیی وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ نزیکەی دە لە هەڤالانی گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان لەوێ چەکی هەڵگرتووە تا ساڵی ١٩٧٥ لە گوندەکەیان ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری گورگان لە پارێزگای مازندران، بەڵام وەک خۆی دەڵێت دوای سێ مانگ بە ئیزنی سەرکردایەتی پارتی و کەڵکوەرگرتن لە لێبوردنی گشتی حکومەتی عێراق، چووەتە قەسری شیرین و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ڕۆمادی. نزیکەی دوو ساڵ لە ڕۆمادی بووە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا ڕێگەیان پێداوە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. دوای گەڕانەوەی لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٨١ بەدوای هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا لەسەر داوای خۆی خانەنشین کراوە.

ساڵی ١٩٨٣ کە ڕژێمی عێراق بارزانییەکانی ئەنفال کرد، عەبدولڕەحمان بێیی بۆ ئەوەی کە نەکەوێتە دەست پیاوانی حکومەت، خۆی شاردوەتەوە. ساڵی ١٩٩١، لە کۆڕەوەکەدا سەرلەنوێ پەنای بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردوە و دوای سێ مانگ گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و هەموو ڕابردوم کەوتەوە بەرچاو.)

## عەلی حەسەن شین



عەلی حەسەن شین ناسراو بە عەلی تووییی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی تووی لە ناوچەی مزووری باڵا سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٧ کە بارزانی لەگەڵ هەڤاڵە دەستنیشانکراوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕانەوە بۆ ناوچەی مزووری باڵا کە وتوویژی بە مەرج لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەن، بەڵام وتووێژەکەی سەرنەکەوت و ناچاربوو ڕێگەی یەکێتی سۆڤیەتی هەڵبژێرێت، عەلی حەسەن تووییی یەکێک لەو چەند پێشمەرگانە بوو کە لە گوندی تووی لەگەڵ بارزانی کەوت و چووە ڕیزی ئەو پێشمەرگانەی کە ڕێی یەکێتی سۆڤیەتیان گرتەبەر. ناوبراو لە ڕێگەی گەڕانەوەی بارزانییەکاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازیی پێکراوە.




دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، عەلی حەسەن شین لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر و کەلەک "خەبات" دامەزراوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، عەلی حەسەن شین گەڕاوەتەوە بۆ گوندی مێروز و چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ مستۆ مێروزی بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو لە ناوچەکەی خۆیدا کراوە بە پاسەوانی سنور. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە گوندی مێروز ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٨ حکومەتی بەعس گوندی مێروزی وێران کردوە و عەلی حەسەن و ژمارەیەک لە خەڵکی گوندەکەی گواستوەتەوە بۆ کۆمەڵگای گۆڕەتوو لە نزیک مێرگەسور.

ساڵی ١٩٨٠، عەلی حەسەن شین لە ئیدارەی کشتوکاڵی گۆڕەتوو دامەزراوە و لەو کاتەوە زۆرجار بەنهێنی یارمەتی پێشمەرگەکانی کردوە. ساڵی ١٩٩٠، حکومەتی عێراق سەرلەنوێ گوندەکانی قەزای مێرگەسور و گۆڕەتووی ڕوخاندوە و عەلی حەسەن شین و خەڵکی ناوچەکەی گواستوەتەوە بۆ کۆمەڵگای شاخۆلان لە باکوری ڕۆژئاوای هەولێر. ساڵی ١٩٩١، عەلی حەسەن شین و کورەکانی بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێریان کردوە. لەو ساڵەوە ناوبراو پێوەندیی بە ڕیزەکانی پارتییەوە توندوتۆڵ کردوەتەوە و وەک یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە خزمەت پێشمەرگەکان و پارتی دیموکراتدا بووە. ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. ساڵی ١٩٩٥ ماڵەکەی لە هەولێرەوە گواستوەتەوە بۆ سۆران.

کوڕێکی بەناوی ڕەشید عەلی حەسەن ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراوە و برایەکیشی بەناوی حەسەن حەسەن شین هەرلەو ساڵەدا لە جادەی هەولێر گیراوە و بە تاوانی هەبوونی جامەدانەی سوور ئەنفالیان کردوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و بەم بۆنەیەوە خۆشحاڵیی خۆی لە وەرگرتنی میدالیای بارزانی ڕاگەیاند.

## عیسا حەکیم یاسین



عیسا حەکیم یاسین پێندرۆیی ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی پێندرۆ لە ناوچەی مزووری بالا لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٣ چەکی هەڵگرتووە و شانبەشانی جەنگاوەرانی ناوچەی بارزان لەگەڵ بارزانی کەوتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانی گەڕایەوە، تشریفی هێنا بۆ گوندی پێندرۆ و لە دانیشتوانی گوندەکەمانی پرسی ئایا بۆ مافی گەلەکەمان بەدژی ڕژێمی پاشایەتی عێراق خەبات بکەین یان نا؟ هەموو گوندەکەمان داوای بەربەرەکانیان کرد و گوتیان چەک هەڵدەگرین. ژمارەیەکیان چەکیان هەبوو و ژمارەیەکیش چەکیان کڕی و هەموو پێکەوە چووین دە ڕیزی شۆڕشەوە.)

عیسا حەکیم بەشداریی کردوە لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، دۆڵی بازێ، مەزنێ و شێروانی مەزن و لە ڕەوتی شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ بارزانییەکان پاشەکشەی کردوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان. بەشداریی پاراستنی کۆماری کوردستانی کردوە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی مەلقەڕەنی. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە فەرماندەیی شێخ ئەحمەد و بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکان و بنەماڵە بارزانییەکان پاشەکشەی کردوە بۆ دەشتی شنۆ و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی نەڵۆس و تەرگەوەڕ. لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤالانی مەشقی سەربازی پێکراوە.



دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەندا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی پەمۆ لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، عیسا حەکیم یاسین پێندرۆیی لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە چووەتەوە بۆ گوندی پێندرۆ. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووە بۆ ڕاژان و دوای چەند مانگ بە کەڵکوەرگرتنی لە لێبووردنی گشتی و ئیزنی سەرکردایەتی شۆڕش گەڕاوەتەو بۆ گوندەکەیان. تا ساڵی ١٩٧٧ لەوێ بووە و لەو ساڵەدا ڕژێمی عێراق دووری خستونەتەوە بۆ کۆمەڵگای بەحرکە لە نزیک هەولێر.

ساڵی ١٩٩١، بە دوای ئازاد بوونی کوردستان، عیسا حەکیم یاسین پێندرۆیی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی سوپای بارزان و سەدیق پالانی بەرپرس و دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی سوپاکە بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٩٧ خانەنشین کراوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٤/١/٢٨ کۆچی دوایی کردوە.

## قادر محەمەد عومەر محەمەد



قادر محەمەد عومەر محەمەد ساڵی ١٩١٦ لە گوندی سفتێی نزار لە ناوچەی بارزان و قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٣٢ لەگەڵ باوک و بنەماڵەکەی ئاوارەی باکوری کوردستان بووە و ساڵی ١٩٣٣ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان. ساڵی ١٩٤٣ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی، چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕی چەک کردنی پێگەکانی پۆلیس لە گوندەکانی شانەدەر، بیرەکەپران و ڕێزانی کردوە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی حەسۆ میرخان خەردەنی. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی و یاوەرانی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیادا، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لە ١٩٤٦/٣/٢دا چووەتە ڕیزی پارێزەرانی کۆماری کوردستان و لە شەڕی قاراوادا ساکۆ کانیەلنجی سەرقۆڵی بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشدار بووە لە شەڕی قارنێ و قەڵاتاندا. یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بووە لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەڕینەوەیاندا لە ئاراس، توشی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی بوون. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو لە یەکێتی سۆڤیەت نەچووەتە زانکۆ و تا ساڵی ١٩٥٩ کە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق کاری کردوە. دوای گەڕانەوەی لەگەڵ میرحاج ئەحمەد بووە و وەک خۆی دەڵێت گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و مانگانە دە دیناریان داوەتێ.




سالّی ١٩٦١، قادر محەمەد عومەر محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شەڕەکانی نەهلێ، سفتێ، سەری ئاکرێ و سەری پیرسی کردوە. سالّی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبراو بە پلەی پێشمەرگایەتی لە مالّی خۆی بووە، بەلاّم سالّی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەلاّیساندەوە، گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و لە سەری سادا و سەری ئاکرێ بووە. سالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر لە قەزوێن نیشتەجێ کراوە و تا سالّی ١٩٩٧ لەو قەزوێن بووە و لەو سالّەدا گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی سفتێ نیشتەجێ بووە.

دوو برای ناوبراو بە ناوەکانی شەریف و عەزیز سالّی ١٩٤٦ لە گوندی قەرەشلاّخ لە ناوچەی مهاباد بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییان کردوە. مامی بەناوی ئەلیاس محەمەد و برازایەکی و ٦ ئەندامی بنەمالّەکەی کە ئامۆزا و برازای بوون سالّی ١٩٨٣ لە کۆمەلّگای قوشتەپە ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەلّێت:

**- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحالّ بووم. هەموو تەمەنی ٩٦ سالّەی خۆم بۆ سەرخستنی ڕێبازی بارزانی سەرف کردوە و لەوەش زیاتر ئاوەزوویەکی ترم نییە.)**

## محەمەد ڕەشید شەمدین



محەمەد ڕەشید شەمدین ناسراو بە محەمەد ئاغا ڕەش ساڵی ١٩١٨ لە گوندی ئەرگوش لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ڕەشید شەمدینی باوکی یەکێک بووە لە بەشدارانی شۆڕشی ١٩٣١-١٩٣٢ی بارزان. محەمەد ڕەشید ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەکی هەڵگرتووە و وەک جەنگاوەرێک پاڵی بە بارزانییەوە داوە و لە چەککردنی بنکەکانی پۆلیسی مەزنێ و شێروانی مەزن دا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت لە مهاباد و لەگەڵ بارزانی بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٧دا بەشداریی شەڕی هەڤرین و هەلەجی لە بەرەی مەرگەوەڕ کردوە و لەگەڵ دوو برای تری بەشداریی ڕەوی بارزانییەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کردوە و لە ڕێگادا بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆدا.



دوای جێگیربوونی لە باکۆ، محەمەد ئاغا ڕەش بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤالانی مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، ناوبراو بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبرا نەچووەتە زانکۆ و کاری کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە کارخانەی قوماشی موسڵ دامەزراوە.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا بەردەوام بووە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە کۆمەڵگای نەڵیوان لە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری فیردوس لە پارێزگای مەشهەد. ساڵی ١٩٧٧ چووەتە کەرەج و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و گوتویەتی چیتر تاقەتی نەماوە و داوای کردوە ئیزنی پێبدەن بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی کە ڕێزدار ئیدریس بارزانی ئیزنی داوەتێ و ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ گوندی ئەرگوش، بەڵام ڕژێمی عێراق لەگەڵ وێران کردنی گوندی ئەرگوش، محەمەد ئاغا ڕەشیشی گواستوەتەوە بۆ ڕەواندز. دوای ماوەیەک ناوبراو بە ئیزنی حکومەت لە هەولێر نیشتەجێ بووە و لە کارگەی پیشەسازیی مافور کاری کردوە و دوای سێ ساڵ بەهۆی تەمەنی بالای خانەنشین کراوە.

لەو ماوەیەدا، محەمەد ئاغا ڕەش وەک ئەمەکناسی پارتی و بارزانی ماوەتەوە و ساڵی ١٩٩١ بەدوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا، لە ڕەووەکەدا ڕایکردوە بۆ زێوە و دوای ماوەیەک سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و بە خزمەت مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات گەیشتووە. محەمەد ئاغا

ڕەش ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و بە وتەی سوار محەمەدی کوڕی بەرلە وەرگرتنی میدالیا جەڵتەی مێشک لێی داوە و لەسەر عارەبانە بردوویانە بۆ وەرگرتنی میدالیاکەی و ساڵێک دوای وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٨دا کۆچی دوایی کردوە.

# محەمەد ڕەشید محەمەد



محەمەد ڕەشید محەمەد بابسێڤا ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی بابسێڤا لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ چەکی هەڵگرتوە و لە ڕیزی جەنگاوەرانی بارزاندا بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی سەردەشت. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشدار بووە لە شەڕەکانی دەشتی شنۆ. یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بووە لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. وەک هەڤاڵانی دەڵێن پیاوێکی بەهێز بووە و جارێک لە هاویشتنی قورسایی دا لە پاڵەوانی تاشکەندی بردوەتەوە. ناوبراو بەشی تێکنیکی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق لە ئیدارەی پاسەوانیی دارستان کاری کردوە.



دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، محەمەد ڕەشید محەمەد گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و ڕۆژی ١٩٦١/٨/١٠ بەشداریی شەڕی ملی ساویجێ و سەری پیرس و ڕۆژی ١٩٦١/١٠/١٠ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە کە لەو شەڕەدا ٤٨ سەرباز و جاشی حکومەتیان کوشتوە و ٨٠ چەکداریشیان بە دیل گرتووە، بەڵام پێنج پێشمەرگە شەهید بوون.

ساڵی ١٩٧٠، محەمەد ڕەشید محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ دیوانیە لە باشوری عێراق و گوندەکەشیان وێران کردوە. تا ساڵی ١٩٨٠ لە دیوانیە بووە و لەو ساڵەدا گواستویانەتەوە بۆ کوردستان و لە کۆمەڵگای قوشتەپە نیشتەجێیان کردوە. ساڵی ١٩٨١، ناوبراو ڕایکردوە و بە باکوری کوردستاندا، بە شەمزینان و گەوەڕدا خۆی گەیاندوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چووەتە زێوە. لە زێوە کراوە بە پاسەوانی شێخ محەمەد خالید بارزانی و لەلای ناوبراو ماوەتەوە.

برایەک و خوشکێکی بە ناوەکانی تاهیر محەمەد ڕەشید و حەلیمە محەمەد ڕەشید ساڵی ١٩٤٧ لە شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییان کردوە. ساڵح محەمەد ڕەشید برای و برازاکەی بەناوی نەیب ساڵح ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دوای نزیک بە چوار مانگ لە ڕۆژی ٢٠١١/٤/٢٤دا کۆچی دوایی کردوە.

## محەمەد چیچۆ ئەمین



محەمەد چیچۆ ئەمین ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی پێندرۆ لە ناحیەی شیروان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. باوکی یەکێک بووە لە بەشدارانی شۆڕشی یەکەمی بارزان و دوای هەرەسهێنانی ئەو شۆڕشە لە سالی ١٩٣٢دا، ناوبراو لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ باوک و بنەماڵەکەی پەنایان بۆ باکوری کوردستان بردوە. محەمەد چێچۆ ساڵی ١٩٤٥ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ چیچۆ ئەمینی باوکی بەشداریی خولی دووەمی شۆڕشی بارزانی کردوە. بە دوای شەڕی مەیدان مۆریکدا لەگەڵ بارزانی و بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بنەماڵە لە شاری شنۆ نیشتەجێ کراون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پارێزگاریی کردنی کۆماری کوردستان و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی مەلقەرەنی. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی نەڵۆس. چیچۆ ئەمینی باوکی بە نەخۆشی تایفۆئید لە شنۆ کۆچی دوایی کردوە.



محەمەد چیچۆ ئەمین یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجان دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، محەمەد چیچۆ ئەمین لە زانکۆی تاشکەند بەشی مێژوو و سیاسەتی خوێندوە و هاوکات ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کوردستان، بەڵام هاوسەرەکەی ئامادە نەبووە ڕوسیا بەجێبهێڵێت و لەوێ ماوەتەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، محەمەد چیچۆ ئەمین بۆ ماوەی ساڵێک لە هەولێر مامۆستای زمانی کوردی بووە و وانەی بە خوێندکارانی پۆلە سەرەتاییەکان گوتووەتەوە و دواتر خوێندنگەکەی گواستوەتەوە بۆ پێندرۆ و لەوێ منداڵانی گوندەکەی فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لەشکری یەکی بادینان و لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی بووە. ناوبرا بەشداریی شەڕەکانی دۆڵی نەهلە، گەلی زاویتە، چیای مەتین و مانگێشکی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، محەمەد چیچۆ ئەمین گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و سەرلەنوێ بووەتەوە بە مامۆستا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو درێژەی بە کاری مامۆستایی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا وەک خۆی دەڵێت پێوەندی لەگەڵ حەکیم پێندرۆیی بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی ڕاگرتووە. ساڵی ١٩٧٨، ڕژێمی عێراق گوندی پێندرۆی ڕوخاندوە و محەمەد چیچۆ و خەڵکەکەی گواستوەتەوە بۆ کۆمەڵگای

بەحرکە لە نزیک هەولێر. ناوبراو لەو کۆمەڵگایەشدا دەستی لە پەروەردە کردنی منداڵە ئاوارەکان هەڵنەگرتووە و خوێندنگەی بۆ داناون و فێری خوێندنی کردون.

ساڵی ١٩٩١، محەمەد چیچۆ ئەمین بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێری کردوە و دوای ڕاپەڕین، بەردەوام بووە لە هاوکاریی کردن لەگەڵ پارتی دیموکراتدا. ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، محەمەد چیچۆ ئەمین لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە هەڤالانی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٦ دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر وەرگرتنی میدالیادا، کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی ئەحمەد محەمەد چیچۆی کوڕی، باوکی زۆر بە میدالیای بارزانی سەربڵند بووە و کاتێک کەسێک سەردانی ماڵەکەی کردوە، بە شانازییەوە میدالیاکەی پێشانی میوانەکانی داوە.



## محەمەد عەبدوڵا حەسەن



محەمەد عەبدوڵا حەسەن ناسراو بە محەمەد ئیسۆمەری ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی ئیسۆمەران لە ناوچەی بارزان قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. کوڕی عەبدوڵا حەسەن یەکێک لە جەنگاوەرانی شۆڕشی یەکەمی بارزانە. ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی قونقەڵا لە ناوچەی مهاباد نیشتەجێ کراوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چەکی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی کۆمار و لەگەڵ کاپیتان عیزەت عەبدولعەزیز بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕی ناوچەی تەرگەوەڕی کردوە و دواتر لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشدار بووە و لە ڕێگای چوونیان بۆ سۆڤیەت بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگەکانی تاشکەندا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی سەلخۆزەکاندا لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، محەمەد عەبدوڵا حەسەن لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی موسڵ دامەزراوە، بەڵام کاری نەکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندی ئیسۆمەر و لەوێ تێکەڵاوی کاری وەرزێڕی بووە.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕی گەلی زاویتەی کردوە و ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی شێخان و ئاکرێ بە فەرماندەیی حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بووە. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی سەرتیز و سەری ئاکرێی کردوە. ساڵی ١٩٧٢ کراوە بە پاسەوانی بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە زێوە و لەوێوە بۆ نەغەدە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری ساوە لە پارێزگای ناوەندیی ئێران.

ساڵی ١٩٧٩، دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێوە و سلێڤانا بووە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ هێزێک لە ناوچەی لۆلان و گەلی ڕەش بووە و هەرلەو ساڵەدا بەهۆی نەخۆشی و تەمەنی زۆری، کوڕەکەی بەناوی ئیسماعیل چەکی باوکی هەڵگرتووە و محەمەد ئیسۆمەری گەڕاوەتەوە بۆ لای منداڵەکانی لە شاری ساوە. ساڵی ١٩٩٩ماڵەکەی گەڕاندوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی دەربۆتک لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ بووە.

ساڵی ١٩٤٦، دایک و باوک و دوو برای خێزانی و ئامۆزایەکی خۆی لە گوندی قونقەڵا لە ناوچەی مهاباد بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییان کردوە. زوبەیری ئامۆزای ساڵی ١٩٦١ لە شەڕی گوندی مرێبا شەهید بووە و ئامۆزایەکی تری لەگەڵ کوڕەکەی ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراون. محەمەد ئیسۆمەری ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٤/١/٢٦ کۆچی دوایی کردوە.

## محەمەد ئەمین سەعید عوسمان




محەمەد ئەمین سەعید عوسمان ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی زێوەی نزار لە ناوچەی بارزان قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی جەنگاوەرانی بارزان و بەشداریی شەڕەکانی نەهلە و ناوچەی ئاکرێی کردوە. ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماڵی لە شنۆ بووە. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی مەلقەرەنی و دەڵێت: **(من فەرماندەی ١٣ پێشمەرگە بووم و بەرپرسایەتی بازگەی مەلقەرەنیم لە ئەستۆ بوو. لەوێ بەشداریی چەند شەڕمان کرد و ئەو شەڕەی خۆشەوی خەلیل تێیدا شەهید بوو، گەورەترینیان بوو.)**

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٧دا بە وتەی خۆی لەگەڵ سدقی کوڕی شێخ بابۆی برای بارزانی بووە لە شیناوێی پیرانشار و نزیکەی ٣٠٠ پێشمەرگە بوون. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بە ئەمری بارزانی لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەناوەکانی خورشید خانۆ عوسمان و محەمەد مەلا یوسف بۆ ماوەی دوو مانگ لە ناوچەکانی مامەش، پیران و مەنگوردا ئەرزاقمان بۆ پێشمەرگەکان کۆکردەوە.)** ناوبراو یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی بەردە زەرد لە بەرەی شەڕی مەرگەوەڕ. هەروەها یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگادا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

دوای جێگیربوونی لە باکۆ، محەمەد ئەمین سەعید عوسمان بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی

بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەندا، ناوبراو بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆدا کاری کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(بۆ ماوەی ١١ شەو و ڕۆژ ئێمەیان بە قەتار برد و لە پارێزگای ئوزبەکستاندا بڵاویان کردینەوە. هەر چەند کەسمان لە جێیەک بووین و چوار ساڵ لەوێ لە کێڵگەی پەمۆ و سێو چنیندا کارمان کرد. دوای مردنی ستالین، بارزانی ئیزنی خوێندنی بۆ وەرگرتین و منیان لەگەڵ ٢٤ کەسی تر برد بۆ سراتۆڤ و لەوێ ئەندازیاریی جادە و خانووم خوێند.)**

ناوبراو ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە و دوای شەش مانگ گواستراوەتەوە بۆ ئیدارەی کشتوکاڵی شەقلاوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ ٤٠ ماڵی تر لە هەڤالانی لە سەرچنار بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لەگەڵ ٤٠ ماڵی تر لە سەرچنار بووم و ڕۆژانە بە گوندەکاندا دەگەڕام و بە ڕاکێشانی تەناف، زەویم بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکرد. ساڵی ١٩٦٠ کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی هاتە لام و گوتی خەریکن دەتانگرن. لەبەرئەوە من لەگەڵ بنەماڵەکەم سلێمانیم بەجێهێشت و چووم بۆ ناوچەی بارزان، سەرەتا لە بلێ و دواتر چوومە زێوەی نزار.)**

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن بارزانییەوە، محەمەد ئەمین سەعید عوسمان چەکی هەڵگرتووە و وەک خۆی دەڵێت چووەتە مێرگەسوور و لە دەشتی هێرتێ شەڕی جاشەکانی هەرکی کردوە. لە گۆڕەتوو چاوی بە سەرۆک بارزانی کەوتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(مەلا مستەفا فەرمووی دەچم بۆ دەهۆک و زاخۆ و فەرمووی من لەلای ئیدریس و مەسعود لە گوندی بێدارون بمێنمەوە. بەهاری ساڵی ١٩٦٢ شێخ بابۆ کاغەزێکی شێخ ئەحمەدی هێنا کە بە مەلا مستەفای بگەیەنم. ئیدریس و مەسعودیش نامەیەکیان نوسی و من هەردوو نامەم برد بۆ دینارتە. نامەکانم گەیاند و وەڵامم بۆ هێنانەوە.)**

ساڵی ١٩٦٣، محەمەد ئەمین سەعید عوسمان لەگەڵ لوقمان بارزانی چووەتە گوندی واژێ و دەڵێت: **(حکومەت دوو بنکەی لە مەرکەبا و کانی فێلەکە دانابوو کە ئێمە پێشمەرگەکانی ناوچە لێماندان و ڕایانکرد و چوون بۆ مێرگەسوور.)** ناوبرا دواتر گەڕاوەتەوە لای ئیدریس بارزانی و ساڵی ١٩٦٤

لەگەڵ کاک ئیدریس پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە دۆڵەڕەقە و گوندی دێرێ بووە و تا ساڵی ١٩٧٥ لە ناوچەی سۆران و باڵەکایەتی لە دیلمان و قەسرێ و حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە.

ساڵی ١٩٧٥، چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد. ساڵی ١٩٧٩ بەدوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی چووەتە قەسری شیرین و لەوێوە ڕژێمی عێراق بردوونی و لە کۆمەڵگای بەحرکە لە نزیک هەولێر نیشتەجێی کردون و وەک خۆی دەڵێت تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە بەحرکە بووە و دواتر لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی قواتی بارزان بووە. ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە.

محەمەد ئەمین سەعید عوسمان جارێک لە شەڕی پیران لە پشت مێرگەسوور لە ساڵی ١٩٦٣دا بریندار بووە. دوو کوڕی بەناوەکانی ئاڤدەل و عوسمان ساڵی ١٩٤٦ بە نەخۆشی تایفۆئید لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە میاندواو کۆچی دواییان کردوە و زاوایەکی بە ناوی محەمەد یونس ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ٨٠٠٠ بارزانی تر لە کۆمەڵگای قوشتەپە بردویانە و ئەنفالیان کردوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەوبارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم و شانازیی پێوە دەکەم.)**

## مەلا ساڵح عەلی سلێمان



مەلا ساڵح عەلی سلێمان شانەدەری ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی شانەدەر لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی جەنگاوەرانی ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و لە ڕەوتی شەڕەکە ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانییەکان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی پەسوێ نیشتەجێ کراوە. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت و لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە لە مهاباد. ساڵی ١٩٤٧ بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا بەشداریی شەڕی هەڤرین و هەلەجی لە بەرەی مەرگەوەڕ کردوە و یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگادا بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ.



دوای جێگیربوونی لە باکۆ، مەلا ساڵح عەلی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەنددا، ناوبراو بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبرا نەچووەتە زانکۆ و کاری کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە بەغدا لە لای سەرۆک مستەفا بارزانی ماوەتەوە. ساڵ ١٩٦١ کە بارزانی بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بەغدا، مەلا ساڵح عەلی لەگەڵ بارزانی چووە بۆ گوندی بارزان و لە خزمەت بارزانیدا بووە. یەکێک بووە لە بەشدارانی شۆڕشی ئەیلول و بەشداریی شەڕی زاویتەی کردوە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕی چەککردنی قشڵەی ڕایاتی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، ناوبراو سەرلەنوێ لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕەکانی سەری ئاکرێی کردوە. مەلا ساڵح عەلی سلێمان شانەدەری تا ساڵی ١٩٧٥ لە ناوچەکانی ڕانیە، دیلمان و حاجی ئۆمەران، لە بارەگای بارزانی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆشی ئەیلول ڕاوەستا، مەلا ساڵح عەلی سلێمان شانەدەری چووە بۆ شنۆ و لەوێوە بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی، بە ئیزنی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و ساڵی ١٩٨٥ سەرلەنوێ چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی مەکتەبی سەرکردایەتی پارتی لە سلیڤانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە سلێمانی و کەرکوک بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و دواتر لە دژە هێرشی ڕژێمی عێراقدا چووە بۆ چوارتا و لە وتووێژەکاندا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە مەسیف سەلاحەدین جێگیر بووە.

ساڵی ١٩٩٥، مەلا ساڵح عەلی سلێمان شانەدەری گواستراوەتەوە بۆ لەشکری یەکی تایبەت و لە فەوجی مەنسور بارزانیدا بووە. ساڵی ٢٠٠٠ توشی ڕووداوی ئوتۆمبیل بووە و بۆ چارەسەریی گواستراوەتەوە بۆ ئێران و دواتر نەیتوانیوە درێژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی بدات و هەرلەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. دوو برای ناوبراو بە ناوەکانی ئەحمەد ساڵی ١٩٣٢ لە شۆڕشی یەکەمی بارزان و عەلی ساڵی ١٩٨٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید کراون. مەلا ساڵح ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/١٤ کۆچی دوایی کردوە.

## ملکۆ عەباس محەمەدئەمین



ملکۆ عەباس محەمەدئەمین ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بێرسیاف لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. عەباس محەمەدئەمینی باوکی یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی شۆڕشی ١٩٣١- ١٩٣٢ی بارزان. ناوبراو ساڵی ١٩٤١ بۆ دابینکردنی بژیوی منداڵەکانی چووەتە ناوچەی مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٣ گەڕاوەتەوە بۆ بێرسیاف و بەشداریی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردوە. ملکۆ عەباس ساڵی ١٩٤٥ وەک باوکی چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی و بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریی کۆماری کوردستانی کردوە و لە بەرەی مەلقەرەنی بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی نەڵۆس و دواتر ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥ بەشداریی شەڕی بەرزاییەکانی نێرگسی "بەری زەرد"ی کردوە. ناوبراو یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجان دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ملکۆ عەباس لە زانکۆی شاری "پاولۆ" لە ناوچەی مۆسکۆ وەرگیراوە و لەوێ بەشی کشتوکاڵی




خوێندوە. هاوکات لەگەڵ خانمێکی ڕوس ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ساڵی ١٩٥٩ هاوسەرەکەی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ کوردستان.

مەلکۆ عەباس محەمەدئەمین دوای گەڕانەوەی لە ڕوسیا لە بەشی تراشکاری و میکانیک لە موسڵ دامەزراوە. لەوێ هاوسەرەکەی نەیویستووە لە کوردستان و عێراق بمێنێتەوە و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٦٠ چووەتە بەغدا کە هاوسەرەکەی ڕەوانەی ڕوسیا بکاتەوە، کەچی دوای ڕۆیشتنی هاوسەرەکەی، ناوبراو لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستبەسەر کراوە و تا ساڵی ١٩٦٢ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی ئەبوغەریبی بەغدا ڕایانگرتووە. دوای ئازادبوونی لە زێندان، مەلکۆ عەباس گەڕاوەتەوە بۆ بێرسیاڤ و ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆری کۆکراوە، پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، ناوبراو بەشداریی شەڕی سوپای عێراق و جاشەکانی کردوە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، مەلکۆ عەباس سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی و لە بەشی تراشکاری و میکانیکدا لە موسڵ کاری کردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بەدژی گەلی کورد هەڵایساندەوە، ناوبراو دیسانیش گەڕاوەتەوە بۆ بێرسیاڤ و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ پێشمەرگەکان چووەتە شنۆ و زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان و دواتر لە قەزوێن نیشتەجێیان کردوە. دوای بێڕێزی کردن بە تەرمی بارزانی لە گۆڕستانی بارزانییەکان لە شنۆ لە ١٩٨١/٧/١ دا و گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ گوندی هەلەج، ملکۆ عەباس محەمەدئەمین گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستاان و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزەی ئاوارە و تا ساڵی ١٩٩٣ لەو هێزەدا خەباتی کردوە و لەو ساڵەدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی گەڕاوەتەوە بۆ بێرسیاڤ.

دایکی ملکۆ عەباس محەمەدئەمین ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە. عەباس محەمەدئەمینی

باوکی ساڵی ١٩٥٩ لە شەڕی سۆفییە جاشەکانی لایەنگری ڕژێمی عیراق شەهید بووە. دوو لە مامەکانی بەناوی قاسم محەمەدئەمین و دەروێش محەمەدئەمین ساڵی ١٩١٩ لە هێرشی ئینگلیزەکان بۆسەر ناوچەی بارزان شەهید کراون. یەکێکی تر لە مامەکانی بەناوی حوسێن محەمەدئەمین ساڵی ١٩٤٥ لە شەڕی قەڵەندەر شەهید بووە. پێنج ئامۆزای بە ناوەکانی سۆفی دەروێش، عوزێر دەروێش، عوسمان قاسم و ئەحمەد میرۆ ساڵی ١٩٨٣ لە هەریر ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠٠٠ جەڵتە لێی داوە و لە جێدا کەوتووە، بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووە کە کاتی بینینی میدالیاکە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

## میرۆ چیچۆ چاوشین



میرۆ چیچۆ چاوشین ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی بێدارون لە ناوچەی شیروانی مەزن لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. چێچۆ چاوشینی باوکی ساڵی ١٩٣١- ١٩٣٢ بەشداریی شۆڕشی یەکەمی بارزانی کردوە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ بنەماڵەکەی، شێخ ئەحمەد، بارزانی و یاوەرانی چووەتە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەگەڵ بنەماڵەکەی لە گوندی پەسوێ نیشتەجێ کراون. میرۆ لەوێ چەکی هەڵگرتووە و لە بەرەی شەڕی سەردەشت لەلای شێخ ئۆمەر شانەدەری بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە دەشتی شنۆ بەشداریی شەڕەکانی کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆدا. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان دوورخراوەتەوە و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆ و سێو هەڵگرتنەوەدا کاری کردوە. ناوبراو لە زانکۆی تەمبۆڤ لە ناوچەی ڕوسیا بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە گوندی بێدارون نیشتەجێ بووە و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەکەیان، چەکی پێبووە و ئامادە بووە بۆ هەرچەشنە ڕووبەڕوو بوونەوەیەک.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، لەگەڵ بارزانی و پێشمەرگەکان پەڕیوەتەوە بۆ بەرواریی باڵا و بەشداریی شەڕی گەلی زاویتەی لە ناوچەی دهۆک کردوە. دوای پەڕینەوەی بارزانی بۆ ناوچەی سۆران لەگەڵ مەلا شینی ئەرکی پاراستنی چیای ئاکرێی هەبووە. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی سەری ئاکرێی کردوە و بە دوای شەهید بوونی مەلا شینی لەگەڵ میرخانی برای مەلا شینی بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە عەبدولکەریم قاسم کوژرا و عەبدولسەلام عارف حوکمی عێراقی گرتەدەست، ناوبراو لەگەڵ هێزی میرخان و هێزەکانی سەربە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی ئەو ناوچەیە و شەڕی سەرتیزی کردوە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، میرۆ چیچۆ چاوشین کراوە بە پاسەوانی سنوری بێدارون و ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان حکومەت و پێشمەرگەکاندا، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبرا پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ قلعە چنداری کەرەج و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە سۆران نیشتەجێ بووە.

دوو برای میرۆ چیچۆ چاوشین بەناوەکانی محەمەد و سێڤەدین ساڵی ١٩٦٢ لە شەڕی دینارتە شەهید بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و دەتوانم بڵێم لە ژیانمدا وەک ئەو ڕۆژە خۆشحاڵ نەبووم.)

## میرۆ محەمەد ئیسماعیل



میرۆ محەمەد ئیسماعیل ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی شێروانی مەزن لەدایک بووە. محەمەد ئیسماعیلی باوکی یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵی ١٩٣١- ١٩٣٢دا و لە خزمەت شێخ ئەحمەدی بارزاندا چووەتە باکوری کوردستان و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری وان بووە. میرۆ محەمەد دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی لە ١٩٤٣دا چەکی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لەو جەنگاوەرانەی کە لەگەڵ باوکی و ژمارەیەکی زۆری تر بنکەی پۆلیسی شێروانی مەزنیان چەککردوە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ باوک و بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە ناوچەی قەڵاتان بووە و بەشداریی شەڕەکانی قارنێ و قەڵاتانی کردوە. باوک و برایەکی بەناوی تەها محەمەد لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و میرۆ محەمەد لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەرەوە یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە و لە شەڕی پردی ماکۆدا لە گوندی هامسون بەسەختی بریندار بووە و بە یارمەتی پێشمەرگەکان گەیشتوەتە ئاراس و پەڕیوەتەوە. بۆ ماوەی نزیک بە شەش مانگ لەژێر چاودێری دوکتۆرەکانی ئازەربایجاندا بووە و لە کاتی مەشق کردنیشیدا لە باکۆ، نەیتوانیوە بەهۆی سارێژنەبوونی ئێسکی شکاوی ڕان و قاچەکانی وەک پێویست کەڵک لە جەستەی خۆی وەربگرێت. لە دوور خراوەیی بارزانییەکانیشدا هەر بەوجۆرە لە کارکردندا چالاک نەبووە و نەیتوانیوە وەک هەڤاڵانی تری بجوڵێتەوە.

دوای مردنـی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنـی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، بارزانی میرۆ



محەمەد ئیسماعیلی لەگەڵ خۆی بردوەتە مۆسکۆ تا بەڵکوو لەوێ چارەسەریی تەواوی بۆ بکات و بۆ ماوەی شەش مانگ لە نەخۆشخانەیەکی مۆسکۆ و لە ماڵی بارزانی بووە و سەرلەنوێ نەشتەرگەری بۆ کراوە و تا ڕادەیەک تەندروستی بەدەستهێناوە. ناوبراو لە ڕوسیا نەچووەتە زانکۆ، بەڵام بەهۆی پێوەندیی ڕۆژانەی لەگەڵ ڕوس و ئازەرییەکان، شارەزایی باشی لەگەڵ زمانی ڕوسی و ئازەری پەیدا کردوە. ساڵی ١٩٥٩، میرۆ محەمەد ئیسماعیل لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ شێروانی مەزن و لەوێ دوکانی داناوە و دوکاندار بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند و پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، میرۆ محەمەد ئیسماعیل سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە لای بارزانی و تا ساڵی ١٩٧٥ لە حاجی ئۆمەران لە خزمەت بارزانیدا بووە.

ساڵی ١٩٧٥، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، میرۆ محەمەد ئیسماعیل چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهروم و دواتر لە تاران نیشتەجێ کراوە. ناوبراو بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ لە ئێران بووە و لەو ماوەیەدا لە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکرات نەپچڕاوە. ساڵی ١٩٩٨ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە شێروانی مەزن نیشتەجێ بووە. ساڵی ٢٠٠٤ جەڵتە لێی داوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە هەڤاڵانی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## قادر حەسەن عەبدولا

قادر حەسەن عەبدولا ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی کاولان لە ناحیەی مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەریی کەوتووە و بووە بە پێشمەرگە. بەشداریی چەندان شەڕی ناوچەی بادینانی کردوە و دەڵێت: **(دسکۆ حەسەن واژیی و مەحمود بابکەیی و پێشمەرگەیەکی ترمان لە شەڕی گەلی زاویتە شەهید بوون و ١٨ پێشمەرگەش بریندار کە من خۆم یەکێک لە بریندارەکان بووم و گوللەیەک لە باسکی ڕاستەم کەوت.)**



دوای شەڕی گەلی زاویتە، هێزەکەیان چووە بۆ کانی ماسی و تراونش و بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ بوون و دواتر چوون بۆ بەرواریی ژێریی و لە ٣٠٠ جاشی گوندەکانی سوارێی و سپیندار داوە و چەکیان کردون و وەک خۆی دەڵێت پێشمەرگە بێ چەکەکانیان بە چەکی ئەو جاشانە پڕچەک کردوە. دوای شەڕی بەرواریی ژێریی، قادر حەسەن عەبدولا لەگەڵ پێشمەررگەکان چووە بۆ بریفکان و بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژیش لەوی شەڕی جاشەکانیان کردوە و دەڵێت: **(جاشەکان ڕایانکرد و چوون بۆ گوندی باعەدرێ و موسڵ کە سوپا و پۆلیسی حکومەتی لێبوو.)**

قادر حەسەن ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ عومەر ئاغای دۆڵەمەریی بەشداریی شەڕی نێوان شوش و شەرمنی کردوە و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕەشدا پشتی بریندار بووە. هەروەها بەشداریی شەڕی گەلی لۆمانای کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، کە بارزانی ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کرد بە فەرماندەی ناوچەی شێخان و ئاکرێ، عەلی خەلیل فەرماندەی ناوچەی دهۆک و عیسا سوار فەرماندەی ناوچەی زاخۆ، ناوبراو لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەریی لە ناوچەی بادینان ماوەتەوە. ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥ کراوە بە فەرماندەی پەلێکی

پێشمەرگە و ساڵی ۱۹۷۰ بە دوای ڕێککەوتنی ۱۱ی ئازاردا ئەرکی فەرماندەی پاسەوانی سنوریی شێخانی دراوەتێ. تا ساڵی ۱۹۷٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و بە هەڵگیرسانەوەی شەڕی حکومەت دژی کورد لەو ساڵەدا، ناوبراو گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لە چیای "مەقلوبی شێخان" لە پشت موسڵ بووە کە دوژمن پەلاماری داون و دوای شەڕێکی قورس کە پێنج پێشمەرگەیان شەهید بووە، ناچاربوون بەرەو گەلی "قێرک" لەنێوان ئەتروش و شێخان پاشەکشە بکەن کە بە وتەی خۆی لەوێش یەکێک لە فەرماندەکانی بەتالیۆنیان بەناوی تەیمور عەبدال شەهید بووە و بە ناچار لەوێشەوە پاشەکشەیان کردوە بۆ ئەتروش، بەڵام لەوێش توشی شەڕ بوون و دوای سێ شەڕی تر چوون بۆ بەرواریی ژێریی و بەرەو چیای خێرێ هەڵکشاون.

ساڵی ۱۹۷۵ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، قادر حەسەن عەبدوڵا چووە بۆ شنۆ و لەوێوە بۆ زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کاشان و لە جهروم و دواتریش لە زەنگان نیشتەجێ کراوە. تا ساڵی ۱۹۷۹ و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە زەنگان بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. یەکێک بووە لە پاسەوانانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۱/٤. دوای کۆنگرەی نۆیەم لەگەڵ عومەر ئاغای دۆڵەمەریی بەرپرسی پاسەوانەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە. ساڵی ۱۹۹۱ لەگەڵ سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانی چووە بۆ قاسمەڕەش و دواتر بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی ڕانیەی کردوە.

دوای ڕاپەڕین و نیشتەجێ بوونی مەسعود بارزانی لە سەری بڵند، قادر حەسەن بەردەوام بووە کە ئەرکی خۆیدا و هەتا ئێستاش پاسەوانی ماڵی سەرۆک مەسعود بارزانییە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانییەوە، ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/١٦ لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەربارەی وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:


**(هەر ئەوەندە کە سەرۆک مەسعود بارزانی خزمەتەکانی منی لەبیر نەکرد و گەورەترین خەڵاتی ژیانم واتە میدالیای بارزانی پێبەخشم زۆر خۆشحاڵم و تا دەمرم لەو ڕێبازە لا نادەم. میدالیای بارزانی گەورەترین شانازیی ژیانمە.)**

# فازل مەتنی میرانی



فازل مەتنی میرانی ناسراو بە فازل میرانی ڕۆژی ١٩٤٨/٧/١ لە موسڵ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٦ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە و لە هەمان ساڵدا کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی زومار. ساڵی ١٩٦٧ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی وەک ئەندامی لیژنەی ناوچەی زومار، چەکی هەڵگرتووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول. ساڵی ١٩٦٨ بەشداریی کردوە لە یەکەم خولی کادیرانی پارتی دیموکرات و دوای کۆتاییهاتنی ئەو خولە کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زومار. ساڵی ١٩٧٠ بە هەڵبژاردن کراوە بە کارگێڕی لقی موسڵ و ساڵی ١٩٧١ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی کارگێڕی لقی یەکی بادینان، جێگری سەرۆکی سندیکای کرێکاران بووە. ساڵی ١٩٧٤ گواستراوەتەوە بۆ لقی سێی پارتی دیموکرات لە کەرکوک و کراوە بە کارگێڕی لقی ٣.

ساڵی ١٩٧٥، بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، فازل میرانی ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخستنی حیزب بووە لە مەکتەبی سیاسی و دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی لە نەغەدە بووە. دوای جێگیربوونی لە ئێران هاوکاریی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی کردوە لە ڕێکخستنەوەی کادیرانی پارتی دیموکرات و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی، لەگەڵ ئیدریس بارزانی و چەند کادیری تری پارتی دیموکرات کاروباری پەنابەرانی باشوری کوردستانی لە ئێران بەڕێوەبردوە.



فازل میرانی تا ساڵی ١٩٧٧ لەو دوو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا چووەتە ئەمریکا و لەوێ لە هەڵبژاردنی لقی ٧ی پارتی دیموکرات لە ئەمریکا، بە کارگێڕی لقی ئەمریکای پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. ناوبراو لەو ڕۆژەوە یەکێک بووە لە ئەندامانی بڕیاردەر لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی حیزبایەتی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا. لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژانی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ لە مەرگەوەڕ پێکهات، سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی ناوچەی بادینانی کردوە و بە دوای ڕاپەڕیندا ئەرکی سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی لە پارێزگای دهۆک و موسڵ و بەرپرسیایەتی لقی یەکی پارتی لە بادینان وەرگرتووە. یەکێک بوە لە ئەندامانی وتووێژکاری بەرەی کوردستانی و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، ئازاد بەرواری، جەلال تاڵەبانی و چەند سەرکردەی تر لە بەرەی کوردستانیدا بەشداریی وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقی کردوە.

ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراوەتەوە و ساڵی ١٩٩٤ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی، سەرپەرشتی پارێزگای هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٩٦- ٢٠٠١ ئەرکی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆ بووە.

لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا لە ساڵی ١٩٩٩، فازل مەتنی سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. دوای کارە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ی هەولێر، کە لەودا سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری پارتی دیموکرات و کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی تێیدا شەهیدبوون، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە هەڵوێستی شایان و بڕیارێکی دروستدا، فازل میرانی بە سکرتێری پارتی دیموکرات هەڵبژارد و ناوبراو بە زانیاریی و ئەزموون و لێوەشاوەیی خۆی توانی ئەو بۆشاییەی پڕ بکاتەوە کە بە شەهیدبوونی سامی عەبدولڕەحمان بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو.

فازل مەتنی میرانی خاوەن بڕوانامەی بکالریۆسە لە یاسادا و جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزیی، فارسی و تورکی بەباشی دەزانێ. خێزاندارە و چوار کور و ٣ کچی هەیە. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، ناوبراو بۆ جارێکی تریش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرایەوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بۆ من کە بە ساڵانە هەڵگری ڕێبازی سەرۆکمان مستەفا بارزانیم و بە پشتبەستن بەو ڕێبازە خزمەتی گەلەکەم دەکەم، میدالیای بارزانی لە هەموو خەڵاتەکانی دنیا بە گەورەتر دەزانم و وەرگرتنی جێگەی شانازیمە و تا ماوم بۆ زیندوو ڕاگرتن و سەرخستنی ڕێبازی بارزانی لە پێناو سەرکەوتنی کورد و ئازادبوونی کوردستان تێدەکۆشم.)**

## دوکتۆر ڕۆژ نوری سدیق



دوکتـــۆر ڕۆژ نـــوری ســـدیق ناســـراو بە دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٧ لە گەڕەکـی مەڵکەنـدی شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە. کـوڕە گەورەی نـوری سـدیق شاوەیس و ناهیدە شێخ سەلام دوو ئەندامی کارای سەرکردایەتی کۆمەڵەی هیوا، پارتی شـــۆڕش و پـــارتی ڕزگـــاریی و هاوکـــاری کـــۆمەڵەی ژیـــانەوەی کوردســـتان بـــوون و یەکێـک بـوون لە دامەزرێنەرانـی پـارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٦دا. بەهۆی دوور خـــرانەوەی بنەمـــاڵەکەی، نـــاوبراو خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامـادەیی لە شـارە جۆربەجۆرەکانی عێراق وەک کوت، بەغدا و موسڵ خوێندوە و بۆ خوێندنی دواناوەندیی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و هەرلەوێش چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦٢ بووە بە پێشمەرگە. دوکتۆرای لە بەشی ئەندازیاریی کارەبای زانکۆی موسڵ وەرگرتووە و لەکاتی خوێندنیدا لە زانکۆ چەندان جار لە خوێندن بێبەش و لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی کراوە.

داوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، ڕۆژ نـوری شـاوەیس سـاڵی ١٩٧١ بـۆ درێـژەدان بە خوێنـدن، چـووە بـۆ ئەڵمانیـا و لەوێ درێـژەی بەخوێنـدن داوە و بڕوانامەی دوکتۆرای لە بەشی ئەندازیاریی کارەبا وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ خوێندنی، ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئەڵمانیا و ئەندامی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، ناوبراو بەشداریی کۆنگرەی ١٧ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSE کردوە و لەو کۆنگرەیەدا، ناوبراو بە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران، فەوزی حوسێن بە جێگری سکرتێر و محەمەد ساڵح جومعە بە ئەندامی کارگێڕ و بەرپرسی ئابووریی کۆمەڵەی خوێندکاران هەڵبژێردراون.



ساڵی ١٩٧٩، پاش کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ بەشداریی کردن لە شۆڕشی گوڵان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات و لەو کۆنگرەیەدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٨٠ لە ناوچەکانی سەنگەسەر، قەڵاتۆکان و دۆڵە کوک خەباتی کردوە و یەکێک بووە لە فەرماندە دیارەکانی شەڕی بەناوبانگی حاجی ئۆمەران لەو ساڵەدا و بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداریی ئەو شەڕەی کردوە کە لەودا پێشمەرگەکان ناوچەی شێوەڕەشیان ئازاد کرد و چەندان ئەفسەر و سەربازی سوپای عێراقیان کوشت و بەدیل گرت.

ساڵی ١٩٨٢، لەگەڵ فرەنسۆ هەریری و حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" چووە بۆ ناوچەکانی هەورامان و سلێمانی و لیژنە و هێزەکانی سەربە لقی ٣ و ٤ی پارتی دیموکراتیان لە پێنجوێن، سلێمانی و کەرکوک ڕێکخستوەتەوە. ساڵی ١٩٨٣ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات. ساڵی ١٩٨٥- ١٩٨٦، دوکتۆر ڕۆژ لەگەڵ لقەکانی ٣ و ٤ی پارتی دیموکرات لە ناوچەکانی هەورامان، شارەزوور، شاربازێر، پێنجوێن و سلێمانی خەباتی سیاسیی و سەربازیی کردوە. ساڵی ١٩٨٦ ئەرکی بەرپرسایەتی لقی یەکی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی بادینان وەرگرتووە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ فەرماندەیی شەڕەکانی موتەک، بامەڕنی و بیباوی کردوە و لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٧دا فەرماندەی عەمەلیاتی گرتنی کانی ماسی و پاک کردنەوەی کانی ماسی لە چەکدارانی ڕژێم بووە. ساڵی ١٩٨٨، لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی بەشدار بووە لە شەڕی خواکورک و دوای شەڕی خواکورک کراوە بە کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکرات و یەکێک بووە لە ئەندامە کارامەکانی سەرکردایەتی پارتی لە وتووێژەکانی پارتی دیموکرات لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی، عەرەبی و ئەفریقی.

لە ساڵی ١٩٩١، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستاندا و لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهاتنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٦/٤دا بە جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە. لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش جێگری سەرۆک وەزیران بووە و دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا، ئەرکی فەرماندەیی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان "فلک"ی پێسپێردراوە. لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس لە ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ساڵی ١٩٩٩ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٩ ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی لە ئەستۆ گرتووە. ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ کە دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیان گرتەوە، ناوبراو لەلایەن هەردوو فراکسیۆنی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

ساڵی ٢٠٠٣، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس یەکێک بووە لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات کە هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی عێراقی کردوە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی بەعس. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ناوبراو کراوە بە ئەندامی مەجلیسی حوکم و دەستی هەبووە لە نوسینی ڕەشنوسی دەستوری عێراق و دەستوری هەمیشەیی عێراقدا. ساڵی ٢٠٠٤، بە جێگری سەرکۆماری عێراق هەڵبژێردراوە و ساڵی ٢٠٠٥ لە کابینەی ئیبراهیم جەعفەریدا کراوە بە جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ. ساڵی ٢٠٠٧ بووە بە ئەندامی "ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی" و نوێنەری سەرۆک مەسعود بارزانی بووە لەو ئەنجومەنەدا و لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ جاری دووەم کراوەتەوە بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و هاوکات بەرپرسی لیژنەی دارایی کوردستان بووە لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا. لە ڕێککەوتنی حکومەتی عێراق و کوردستاندا کە ساڵی ٢٠١٣ لە کۆبوونەوەی هەولێردا پێکهات، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. هەروەها بەگوێرەی ماددەی ١٤٠ دەستوری عێراق هەوڵی زۆری داوە کە بە ڕیفراندۆم کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستان چارەسەر بکات و هەتا ئێستاش لەو هەوڵەیدا بەردەوامە.

دوکتـۆر ڕۆژ نـوری شـاوەیس لـە شـەڕی دژە تیـرۆری کـورد دژی حکـومەتی ئیسلامیی شام عێراق "داعش" بە فەرمانی مەسعود بـارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لـە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٧وە هاوکـات لـەگەڵ ئـەرکەکـانی تریـدا، سەرپەرستیاری بەرەی شـەڕی خـازرە و وەک خـۆی دەڵێت توانیـویەتی بەسـەر دوژمنـان و تیرۆریستاندا زاڵ بێت و سـەرجەم زنجیرە چیاکـانی زەرتک، دێـی حەمار و دەوروبەری و دێی گەورەی حەسەن شام و دیهاتەکـانی دەوروبەری لـە چنـگ تیرۆریسـتان پـاک کـردوەتەوە. هەروەکـوو گـوتم ئێسـتا جێگـری سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرپەرشتیاری میحوەری خازرە.

دوکتـۆر ڕۆژ نوری شاوەیس جگەلە کـۆنگرەی نـۆیەمی پـارتی دیمـوکرات کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. بەشداریی کۆنگرەکـانی ١٠ تـا ١٣ی پـارتی دیمـوکراتی کـردوە و لەو پێـنج کـۆنگرەیەدا بە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیی و دواتـریش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبـازی بـارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە.

## ئازاد محەمە نەجیب



ئازاد محەمەد نەجیب ناسراو بە ئازاد بەرواری ڕۆژی ١٩٤٦/٧/١ لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد لەدایک بووە. محەمەد نەجیبی باوکی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزان و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١، دوای شەڕی مەیدان مۆریک لەگەڵ شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا و بارزانییەکان، بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ هێزی ئامادەی بارزانییەکان لە مهاباد بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ئازاد بەرواری ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان، ماوەیەک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە نزیک دیانا لە زەوییەکی تێلدڕک کراودا ڕاگیراوە و دواتر لەگەڵ گەڕاونەتەوە گوندی بەرواری. خوێندنی سەرەتایی لە بەرواری و ناوەندیی و دواناوەندیی لە هەولێر خوێندوە. ساڵی ١٩٦٣ ئەندامی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بووە کە بە تاوانی خەباتی سیاسی و کوردایەتی بۆ ماوەی ٣ مانگ لە بەندیخانەی موسەیەب لە نزیک بەغدا زیندانی کراوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان، ناوبراو ساڵی ١٩٦٤ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە و ساڵی ١٩٧٠ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

ساڵی خوێندنی ١٩٦٦- ١٩٦٧، ئازاد بەرواری خوێندکاری بەشی کیمیای زانکۆی موسڵ بووە کە بە تۆمەتی سیاسیی لە زانکۆی موسڵەوە دوور خراوەتەوە بۆ زانکۆی بەسرە. ناوبراو ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی کیمیای لە زانکۆی بەسرە وەرگرتووە. هەرلەو ساڵەدا پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، پەڕیوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە لەگەڵ عەبدولموهەیمن سلێمان بارزانی لە یەک خێوەتدا هاوکاریی ڕێزدار ئیدریس بارزانی‌یان کردوە لە کاروباری پەنابەراندا و وەک خۆی دەڵێت

لە پەنای کارکردنیاندا بۆ پەنابەران، کاری سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتیان بەڕێوە بردوە. ساڵی ١٩٧٦، ئازاد بەرواری لەگەڵ فەتاح ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا سەردانی کۆمەڵگای "سەولاوای" لە مەریوان کردوە و لەگەڵ پێڕاگەیشتنی بە کاروباری پەنابەران، بەنهێنی ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئەو کۆمەڵگایەیان ڕێکخستوەتەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گولان لە ساڵی ١٩٧٦دا، لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم، دوکتۆر کەمال کەرکوکی، وریا سەعادەتی، ئازاد خەفاف، کەریم سنجاری، عەبدولڕەحمان پێداوی لە گوندی هەردیش لە قەزای ئولودەرە لە نزیک سنوری باکور بۆ باشوری کوردستان بووە و لە ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی گولاندا ڕۆڵی بینیوە.

ساڵی ١٩٧٦، دوای نیشتەجێ بوونی بارزانی و بنەماڵەکەی لە عەزیمیەی کەرەج، ئازاد بەرواریش گواستراوەتەوە بۆ کەرەج. ساڵی ١٩٧٩، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە و دوای کۆنگرە ئەرکی بەرپرسایەتی لقی ٣ و ٤ی پارتی دیموکراتی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٨دا چووە بۆ نەمسا، ڕێزدار مەسعود بارزانی لە ئەمریکاوە چووە بۆ ڤیەن کە ئەندامانی ڕێکخراوی پارتی بەسەر بکاتەوە. ڕۆژی ١٩٧٩/١/٨، پیاوانی سەربە ئیستخباراتی عێراق بە پلانێکی پێشتر ئامادەکراو تەقەیان لێکردوە و لە ئەنجامدا ئازاد بەرواری و پیرۆت ئەحمەدیان بریندار کردوە، ناوبراو دوای دەرمان کردنی برینەکەی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ١٩٨١، ئازاد بەرواری کراوە بە بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات لە سوریا و ساڵی ١٩٨٦ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە ڕێزدار ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات لە ناوچەی لقی یەکی بادینان بووە و ئازاد بەرواری و عەبدولموهەیمن سلێمان بارزانی کارەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتیان بەڕێوە بردوە.

ساڵی ١٩٨٩، ئازاد بەرواری بەشداریی کۆنگرەی ١٠ی پارتی دیموکراتی کردوە و ساڵی ١٩٩١ بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستاندا و لە وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقدا، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، نێچیرڤان بارزانی، فازل میرانی و چەند سەرکردەی تر ئەندامی نوێنەری بەرەی کوردستانی بووە لە وتووێژەکاندا. ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ بەشداریی

کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتر بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. دوای کۆنگرەی ١١، ئەرکی بەرپرسایەتی پێوەندییەکانی ناوچەیی و نیشتمانیی پارتی دیموکراتیان پێسپێردراوە.

ساڵی ١٩٩٦، ئازاد بەرواری کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی لە ئەستۆ بووە. لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا لە ساڵی ١٩٩٩، سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ - ٢٠٠٤دا بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکرات بووە و لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە دوکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیران بوو، ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٨ پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە.

ئازاد محەمەد نەجیب بەرواری لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بۆ جاری چوارەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرا و لە ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکراتدا کراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە پارێزگای سلێمانی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوای خەباتێکی دوور و درێژ، مرۆڤ بە وەرگرتنی میدالیای کەسایەتییەکی گەورەی وەک بارزانی هەست دەکات کە خەباتەکەی بە فیڕۆ نەچووە، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ دەبێت کە ناتوانێ بە هیچ شتێک تەعبیر لەو خۆشییە بکات. بەو واتایە، مرۆڤ دوای ساڵانێکی زۆر ماندوو بوون، بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەحەسێتەوە و هەست بە ئاسودەیی دەکات. میدالیای بارزانی بۆمن بەم جۆرە بووە و وەک خۆراکی ڕۆحمە و ڕۆحمی ئارام و جەستەمی ئاسودە کرد.)**

## هوشیار مەحمود محەمەد



هوشیار مەحمود محەمەد ناسراو بە هوشیار زێباری ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی نپاخی، سەربە شاری ئاکرێ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندیی لە شاری موسل خوێندوە و ساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی ئوردن وەرگرتووە و هەرلەو ساڵەدا بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. دوای کۆتاییهاتنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە کەرەج نیشتەجێ بووە و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. دوای کۆنگرەی نۆیەم، ڕەوانەی لەندەن کراوە. لەوێ بەشداریی کۆنفرانسی لقی ٦ی پارتی لە ئەوروپا کردوە و بە بەرپرسی لق هەڵبژێردراوە و چوونکە لە لەندەن بووە، بارەگای لقی لە ڤیەنەوە گواستوەتەوە بۆ لەندەن.

هوشیار زێباری ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ فازل میرانی، دوکتۆر جرگیس و نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی کراون بە ئەندامی لیژنەی بەدواداچوون و تەفتیش و لە مانگی هەشتەمی ئەو ساڵەدا لەگەڵ ئەندامانی ئەو لیژنەیە چووەتە بارەگای لقی یەکی پارتی لە "کۆماتە" لە هێڵی سنوری زاخۆ و باکوری کوردستان و لیژنەی ناوچە و لەوێ ئۆرگانەکانی سەربە پێشمەرگەی پارتیان ڕێکخستۆتەوە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا زێباری بۆ جاری دووەم بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات سەردانی لقی یەکی بادینانی کردوە و لیژنەی ناوچەی ئاکرێی دامەزراندوە و موسا محەمەدی لەگەڵ سێ کادیری تر بە ناوەکانی عیسمەت ئەرگوشی، شەفیق ئەرگوشی و غەفار کوڤلی لە قواتی بارزانەوە گواستوتەوە بۆ لیژنەی تازە دامەزراوی ئاکرێ لە لقی یەکی بادینان. هەروەها ڕۆژی

١٩٨٢/١١/١٧، لە ناوچەی ئاکرێ سەرپەرشتی شەڕێکی قورسی بەرگریکەرانەی کردوە.

ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٣، هوشیار زێباری لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، عەلی خەلیل، سیداد و نیهاد بارزانی، عومەرئاغای دۆڵەمەری و چەند کادیر و ژمارەیەک پێشمەرگەی سەربە مەکتەبی سەرۆک لە هێزی تایبەتیدا چووە بۆ لقی یەک و ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە ڕێزدار ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، ناوبراو لە ناوچەی نێروە بووە. دوای گەڕانەوەی بۆ ڕاژان لە ساڵی ١٩٨٧دا، ئەرکی بەرپرسایەتی ڕاگەیاندنی حیزبی لە ئەستۆ گرتووە.
ڕۆژی ٢- ١٩٨٩/١٢/١٢، بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی لە گوندی مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە و لەو کۆنگرەیەدا سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. لەو ساڵەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەوروپا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکرات کوردستان بووە. ساڵی ١٩٩٣، بەرلە کۆنگرەی ١١ی پارتی، بەشداریی کۆنفرانسی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی لە هولەندا کردوە و لەو کۆنفرانسەدا، ناوبراو بە بەرپرسی لق، ڕەمزی شەعبان بە ئەندامی کارگێڕ و بەرپرسی ڕێکخستن و فەوزی ئازاد بە ئەندامی کارگێڕی لقی ٦ی پارتی لە ئەوروپا هەڵدەبژێردراون.

ڕۆژی ١٦- ١٩٩٣/٨/٢٦، هوشیار زێباری بەشداریی کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی لە هەولێر کردوە و لەو کۆنگرەیەشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. ناوبراو ساڵی ١٩٩٧، لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی ئاشتی پارتی دیموکرات لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. لەو ساڵەدا ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەگەڵ لیژنەی ئاشتی یەکێتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا و ئەندامەتی دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر بەرهەم ساڵح، قادری حاجی عەلی لە فەرەنسا کۆبوونەتەوە و بە سەرپەرشتی فەرەنسییەکان کۆبوونەوەکانی ئاشتیان بەڕێوە بردوە و کەنداڵ نەزان وەرگێڕی کۆبوونەوەکانیان بووە.



هوشـیار زێبـاری لـە کـۆنگرەی دوازدەیەمـی پـارتی دیموکراتـدا کە لە ڕۆژانی ٦- ١٩٩٩/١٠/١٤ لە هەولێـر پێکهـات، بـۆ جـاری چـوارەم بە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی و مەکتەبـی سیاسـی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. لە یەکەم کـابینەی حکـومەتی عێراقدا ساڵی ٢٠٠٦ بە وەزیری دەرەوەی عێراق هەڵبژێردراوە و ساڵی ٢٠١٠ واتە لە کابینەی دووەمیشدا ئەو پۆستەی هەبووە. ناوبراو یەکێک بووە لە وەزیرە هەرە سەرکەوتووەکانی حکومەتی فیدالی عێراق. لە ماوەی وەزیر بوونیدا سەردانی زۆربەی دەوڵەتی جیهانی کردوە و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتان کۆبووەتەوە. زۆرجار عەرەبە شوینییەکان لە حکومەتی عێراقدا ویستیان ڕەخنە لە کارەکانی ناوبراو بگرن، بەڵام تەنانەت بۆ یەک جاریش نەیانتوانی بەڵگەیەک کە پێشاندەری لاوازیی زێباری بێت لە ئەرکەکانیدا بدۆزنەوە.

هوشیار زێباری لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتیشدا کە لە ڕۆژانی ١١-٢٠١٠/١٢/١٨، لە هەولێر پێکهات، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتوە. ناوبراو لە کابینەی ساڵی ٢٠١٤ی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا کە حەیدەر عیبادی سەرۆک وەزیرانییەتی، پۆستی وەزیری دارایی عێراقی وەرگرتووە. هۆشیار مەحمود محەمەد دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن جێگای شانازیەکی گەورەیە.)**

## عومەر عوسمان ئیبراهیم



عومەر عوسمان ئیبراهیم نانەکەلی ناسراو بە زەعیم عەلی ساڵی ۱۹٤۹ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، ساڵی ۱۹٦٤ خوێندنی ناوەندیی لە هەولێر و ساڵی ۱۹٦۹ خوێندنی دواناوەندیی لە بەشی پیشەسازی میکانیک لە شاری سلێمانی خوێندوە. ئەندامی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بووە و ساڵی ۱۹٦۲ لە ڕێگای یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ۱۹۷۰ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ۱۱ ئازار لەنێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق و تەرخانکردنی پشکی کورد لە کورسییەکانی کۆلیجی سەربازی لە بەغدا، وەک خوێندکارێکی کورد وەرگیراوە و چەند خولی سەربازی بینیوە. ساڵی ۱۹۷۲ بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانستی سەربازی بە پلەی مولازم بە دەستهێناوە و لە فەوجی ۲ی لیوای ۱۵ی فیرقەی ٥ی عێراق لە شاری بەسرە دەستی بە خزمەت کردوە، لەو ماوەیەدا کە لە ڕیزی سوپای عێراقدا بووە، بەشداریی چەندان خولی وەک: خولی نەفەربەری سەربازی ناقلە اشخاص مدرعە بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ نمونەش زرێپۆشی تی ٦۲ و ٥٥ کردوە.

بەرلەوەی کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕ هەڵایسێنێتەوە، زەعیم عەلی بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۳دا ڕیزەکانی سوپای عێراقی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی پارتی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و کراوە بە سەرلقی ۲ ی بەتالیۆنی زۆزک کە ئەوکاتە عادل ئاکرەیی فەرماندەی بەتالیۆن بووە و دواتر کراوە بە سەرلقی ۳ ی هێزی کارۆخ. ساڵی ۱۹۷٤ کە ڕژێمی عێراق بەدژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، زەعیم عەلی فەرماندەی پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەکایەتی بووە و لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بەشداریی کردوە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشە

بەربڵاوەکانی سوپای عێراق لە بەرەکانی شەڕی بێخاڵ، بناری قەسپ، مل حوشتر، باسکێ، کرۆسک، مل تۆکەر و وەک خۆی دەڵێت لەو بەرانەی شەڕدا شکستی بە سوپای عێراق هێناوە. هەروەها ناوبراو لە ناوچەی بێتواتەش ڕووبەرووی تانک و زرێپۆشەکانی دوژمن بووەتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (لەو شەڕانەدا سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی کوردستان لە هەموو بەرەکانی جەنگدا دەنگی دایەوە. حکومەتی عێراق هەموو تواناکانی خۆی خستەگەڕ، بەڵام داستانی هەندرێن، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی لەبەردەم هێز و سوپای عێراقدا لاواز کرد، دوای ئەوەی ئەو تفەنگە سادە و ساکارانەی بە دەست پێشمەرگەکانی پارتیەوە بوو، تەنگی بە سەرباز و ئامرازە سەربازییەکان هەڵچنی و من لەو شەڕەدا بریندار بووم.)



ساڵی ١٩٧٥ کە شۆرشی ئەیلول ڕاوەستا، زەعیم عەلی لەگەڵ بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕش چووەتە نەغەدە و بە وتەی خۆی لەوێوە بۆ دارشتن و دانانی پلانێکی نوێ لە پێناو دامەزراندنەوەی شۆڕش لەگەڵ مولازم محەمەد و عومەر خۆلی چووەتە سوریا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (لە سوریا لەلایەن جەلال تالەبانی و بەشێک لە کادیرە کۆنە جیابۆوەکان لە پارتی دیموکرات پێشوازیمان لێکرا. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی سەرۆک مەسعود بارزانی گەیشتە سوریا و لەوێ بڕیاری دەستپێکردنەوەی شۆڕشی دەرکرد و من و چەند هەڤاڵێکی تری ڕاسپارد کە بگەڕێینەوە خاکی کوردستان و پەیامی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لەناو جەماوەری کوردستاندا بڵاوبکەینەوە. لەسەر بڕیاری بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ مولازم محەمەد، مولازم فوئاد و فازل جەلال بە شاری قامیشلو و سنورەکانی تورکیا بە گوندەکانی دێرک و شەرناخدا تێپەڕین و لە گوندی بێرمان گەیشتینە جەوهەر نامیق سالم. پاش پشوودانێک و دانانی پلان و نەخشەی پێویست ئەم چەند کەسەمان پەیامی پارتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێمان لە ناوچەی بادینان گەیاندە

جەمـاوەری کوردسـتان. هەرەهـا نـامەیەکی سـەرکردایەتی پـارتی کە لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانیەوە نووسرابوو گەیانـدە دەست ماجید بەگ کە داوای لێکرابـوو بەپێـی توانـا پشـتیوانی و هاریکـاریی ئەو هێـزەی پـارتی بکـات لـە ناوچەکەیدا، دواتر من و مولازم محەمەد، مولازم فوئـاد، لـزگین حەیـران بەنـاو گوندەکانی ناوچەی بەرواری، نێروە، ڕێکـان و نهێلـی دا دەستمان بە چـالاکیی سیاسی و سەربازی کرد و ئومێدی بەردەوامی و دانەبڕان و دەستهەڵنەگرتن لە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کوردمان بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە.)

لەو سەردەمەدا کە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لەسەر چیا و شاخەکانی کوردستان شۆڕشـی نوێیـان ڕاگەیاند. زەعیم عەلـی وەک خـۆی دەڵێـت بە ٦- ٧ پێشمەرگەوە فەرماندەی پێشمەرگەکانی نێروە، ڕێکـان، نهێلـی، بەرواری بـووە و لە مەفـرەزەی گەڕۆک و دەستوەشـێندا زۆرتـرین زیـانی مـاددی و مرۆییـان بە هێزەکـانی حکـومەتی عێراقـی گەیانـدوە، وەک بەدیـل گرتنـی ئەفسـەر و سـەربازەکانی سـوپای عێـراق و بەدیـل گرتنـی شـارەزایانی بیـانی کە بـۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکە بڵاوببوونەوە.

زەعیم عەلی یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ١٩٧٩/١١/٤ و لەو کۆنگرەیەدا بەهـۆی خزمەت و چالاکییەکـانی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردراوە.ساڵی ١٩٨٣ بە بڕیـاری سەرکردایەتی پـارتی کـراوە بە بەرپرسی لقی دووی پـارتی لە نـاوچەی بـارزان و دواتـریش لە ئەنجـامی ڕۆڵـی کـارای لە بوارەکـانی سیاسـی و سـەربازیدا لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە کراوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٦ پلەی عەقیدی دراوەتـێ و کـراوە بە بەرپرسی میحـوەری بادینـان و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی بامەڕنی، سوتک، کانی ماسی، بـێ کۆڤا، گوندی شین نـوکی کـردوە. نـاوبراو ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٥ بـۆ جـاری دووەم پلەی سەربازیی بـۆ عەمید- زەعیم بەرز کـراوەتەوە و وەک خـۆی دەڵێت نازنـاوی قارەمـانی شۆڕشـی گـولانی پێبەخشـراوە. یەکێـک بـووە لە بەشـدارانی شـەڕی خواکـورک و لەو بـارەیەوە دەڵێت:

- (کاتێـک پرۆسـەکانی ئەنفـال و ژینۆسـاید کردنـی کـورد لە سـاڵی ١٩٨٨ گەیشـتنە لـوتکەی درنـدایەتی حیزبـی بەعـس بەرامـبەر بە گەلـی کـورد و پانتاییەکی بەرفراوانی خاکی کوردستان کەوتنە دەستی سوپاو لەشکری عێراق، من کرام بە بەرپرسیاری یەکێک لە میحوەرەکـانی خواکورک و بە ڕاسپاردە و

ڕێنمایی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلان و نەخشەیەکی سەربازی دارێژراو، سوپای عێراق و حکومەتەکەیمان بە هێز و توانای پێشمەرگەکانی پارتی زیاتر ئاشنا کرد، دوای ئەوەی سەدان کوژراوی سوپای عێراق لە بەرەی جەنگ بە جێمان و سەدانی تر لە سەربازە شکاوەکانی بە دیلی کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.)

زەعیم عەلی لە ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە فەرماندەی سەربازیی ناوچەی ئەڵوەتان، لیکە و سنوری حاجی ئۆمەران. ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢، بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی مەرگەوەڕ کردوە و بۆ جاری دووەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتریش مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. ناوبراو یەکێک بووە لەو فەرماندە سەربازییانەی کە بەشداریی ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستانی کردوە و لەگەڵ بابەکر زێباری، کەمال کەرکوکی، نەجمەدین یوسفی، عەبدولعەزیز تەیب، قادر قاخاغ ئەرکی ئازادکردن و پشتیوانی کردنی سەربازیی بۆ جەماوەری شارەکانی دهۆک و موسڵیان پێسپێردراوە و ئەو چەند کەسە لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە، ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٤ هاوشان لەگەڵ جەماوەری شاری دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری، ناوچەکەیان لە پاشماوەی بەعسیەکان پاک کردوەتەوە.

ساڵی ١٩٩٢، بەدوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزەکانی لەشکری کوردستان ڕێکخراونەتەوە و زەعیم عەلی کراوە بە بەرپرسی بەشی سەربازیی سەر بە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٩٣ ئەرکی بەرپرسایەتی لقی ٩ی پارتی دیموکراتیان لە شارۆچکەی ئاکرێ داوەتێ. لە هەمانکاتدا بە جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستنیشان کراوە. لە کۆنگرەی یانزەیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٦-١٩٩٣/٨/٢٦ لە هەولێر پێکهات، ناوبراو سەرلەنوێ بۆ جاری سێیەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە و بە بریاری ژمارە ٧٢٥٣ - ١٩٩٤/١١/٢٤ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پلەی سەربازیی بەرز بووەتەوە بۆ فەریق، ناوبراو لەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی سەربازیی میحوەری شەقڵاوە و ناوچەی خۆشناوەتی.

ئەزموون و شارەزایی سەربازیی و مێژوویەکی دوور و درێژ و پڕلە کۆشش و خەباتی پێشمەرگایەتی زەعیم عەلی، فاکتەری بەهێز بوون بۆ سەرکردایەتی

پـــارتی، تـــا ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦ لـە کـــابینـەی ســێیـەمی حکـــومـەتی هـەرێمـــی کوردسـتاندا، پۆسـتی وەزیـری پێشـمـەرگەی بـدرێتێ و وەک خـۆی دەڵێـت: **(ئەو ماوەیە وێڕای دۆخی ئاڵۆزی سیاسی ناوخۆ بەهۆی ئاڵۆزیی پێوەندیەکانی نێوان پـارتی و یـەکێتـی، مـن تـوانیم هەنگـاوی بـەهێـز هەڵگـرم بـۆ دروسـتکردنی لەشکرێکی پێشمەرگەی سیستماتیکی جۆشدار و بە پلان و نەخشەی سەربازی.)** ســاڵی ٢٠٠١، زەعـیم عـەلـی ئـەرکـی لێپرسـراوی لقـی دووی شـاری هـەولێـری پێسپێردراوە و لەهەمانکاتدا بەهۆی تێکۆشانی بێوچان و ڕۆڵـی کـاریگـەری لـە بـەڕێـــوەبردنی ئـەرکەکانیـــدا لـە هـەردوو شۆڕشـــی ئـەیلـــول و گـــوڵان، ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٥ پـلـەی ســـەربازیی بـــۆ فـەریقـــی یـەکـەم بـەرز کـــراوەتـەوە و ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٧ کـراوە بـە ڕاوێژکـاری سـەربازیی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق کـە جـەلال تاڵەبانی بووە. ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٧، لـەگەڵ پێکهاتنی کابینەی شەشـەمی حکومـەتی هـەرێمـی کوردسـتان، زەعـیم عـەلـی جـارێکی تـر پۆسـتی وەزیـری پێشـمـەرگەی دراوەتـێ و دواتـر بـە فـەرمـانـی ژمـارە١ - ٢٠٠٧، نـاوبراو کـراوە بـە ئـەنـدامی فـەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. یـەکێک بـووە لـە بـەشداران‌ی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨ لـە شـاری هـەولێـر پێکهـات، لـەو کۆنگرەیـەشدا نـاوبراو بـە ئـەنـدامی کـۆمیتـەی نـاوەنـدیی و مـەکتـەبی سیاسیی پـارتی هـەڵبـژێردراوەتـەوە و لـە هـەمـانکاتـدا لـە ڕۆژی کۆتـایی کۆنگرەی ١٣دا، بـەهۆی خـەباتی لێبڕاوانـە و خزمـەتـەکانی بـە کـورد و کوردستان و ڕێبازی بـارزانی میدالیای بـارزانی وەرگرتووە و لـەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بـە بـەخشینی میـدالیای ڕابـەری بـزووتنـەوەی نـەتـەوایـەتـی کـورد سـەرۆک مستەفا بارزانی بـەمن لـەلایـەن سـەرۆک مـەسعود بـارزانییـەوە، وەڵامـی هـەمـوو ماندووبوونەکانم درایەوە. میدالیای بارزانی بـۆمن جێگەی فـەخـرە و شـانـازیی پێوەدەکەم.)**

# محەمەد قادر عەبدوڵا




محەمەد قادر عەبدوڵا ناسراو بە دوکتۆر کەمال کەرکوکی ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی موسەلای کەرکوک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندیی لە گوندی قەرەدەرە لە نزیک دوبز و کەرکوک و بەغدا خوێندوە. ساڵی ١٩٧٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان کە ڕێکخراوێکی نهێنی بووە و ساڵی ١٩٦٨ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە پێشمەرگەی ناوشاری کەرکوک و لەو بارەیەوە دەڵێت:

(ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٤ لەگەڵ دوو برادەری تر بە ناوەکانی ئاراز عەبدوڵا و کەریم حەسەن ڕەحمان لە کەرکوکەوە بەپێ چووین بۆ حاجی ئۆمەران کە چاومان بە سەرۆک مستەفا بارزانی بکەوێت، بەو ئامانجە کە لەناو شاری کەرکوک بۆ شۆڕشی کوردستان کاری گرنگ ئەنجام بدرێت. لەو باوەڕەدا بووین کە دەتوانین بەبێ ئاشکرا بوونمان زۆر کاری باش ئەنجام بدەین. کە چووین سەرۆک لەوێ نەبوو، بەڵام کاک ئیدریس و کاک مەسعود بارزانی‌مان بینی. لەو ڕۆژەوە کاک مەسعود ئەرکی بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی ئێمەی لە ئەستۆ گرت و بەو ئەرکەی پێمان سپێردرا کە کارێکی شۆڕشگێرانە بوو، گەڕاینەوە و ئەرکەکەمان بەئەنجام گەیاند و لەو ڕۆژەوە بووین بە پێشمەرگەی ناو شار لە کەرکوکدا.)

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، محەمەد قادر عەبدوڵا ساڵی ١٩٧٢ بە ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسعود بارزانی، بۆ کارێکی تایبەت چووە بۆ بەغدا و لەوێ لەلایەن حکومەتەوە دەستگیر و لە گرتووخانەی قەسر النهایە زیندانی کراوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا ڕێککەوت کە ژمارەیەک بەندکراوی کورد لەگەڵ ژمارەیەک بەندکراوی سەربە دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات بگۆڕنەوە کە لە

کوردستان زیندانی بوون، لە ئاکامدا محەمەد قادر عەبدوڵا یەکێک لەو بەندکراوانەی پارتی دیموکرات بوو کە ڕۆژی ١٩٧٣/١/٤ لە زیندان ئازاد کرا. دوای ئازادبوونی، ناوبراو لە کەرکوک نەماوەتەوە و چووە بۆ لای ڕێزدار مسعود بارزانی لە ناوپردان و بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە ناوپردان و لە گەلاڵە خەباتی کردوە. سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا ناوبراوی بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕەوانەی ئێران کردوە و لە زانکۆی پزیشکیی تاران خوێندویەتی، بەڵام بە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە مارسی ١٩٧٥دا، دەستی لە خۆیندن هەڵگرتووە. ساڵی ١٩٧٦ بە مەبەستی بنیادنانەوەی شۆڕشی گولان بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێزداران مسعود و ئیدریس بارزانی و بە هاودەنگی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر لە ژێرناوی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات دەستی بە خەبات کردوەتەوە و بەرپرسیاریەتی هەرێمی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ناوچەکانی کەرکوک، سلێمانی و هەولێری گرتووەتەوە، لە سەرکردایەتی کاتی پێسپێردرا و وەک خۆی دەڵێت شۆڕشی گوڵانی لە هەرێمی دووەم هەڵگیرساند و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات لە سەرەتادا دوو هەرێمی دانا. جەوهەر نامیق سالم بەرپرسی هەرێمی یەک و کەریم سنجاری یاریدەری بوو. منیش بەرپرسی هەرێمی دووی سۆران بووم و شەهید شێخ عزیز شێخ یوسف شەدەڵە یاریدەرم بوو. سنووری کاری ئێمە ناوچەکانی سلێمانی، کەرکوک و هەولێری دەگرتەوە. دواتر هەرێمێکی ترمان لە سنووری هەرک و پێداو زیاد کرد و ناومان کرد بە هەرێمی دوو کە کاک عەبدولڕحمان پێداوی "سەربەست" کرا بە بەرپرسی. ناوی هەرێمی دووی ئێمەش کرا بە هەرێمی سێ و بە هەمان ئەرک و هەمان سنووری چالاکییەکانی و من بە بەرپرسی ئەو هەرێمە مامەوە.)**

دوکتۆر کەمال کەرکوکی لە هەرێمی دووەمدا شان بە شانی کادیر و پێشمەرگەکانی چالاکانە هەڵدەسوڕێ و بەشداریی شەڕەکانی بەرگریی دەکات، بە چەشنێک ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/٢٦ لە شەڕی شارستێن لە ناوچەی دوکان بریندار بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: **(شەڕی شارستێن لە ناوچەی دوکان سەربە پارێزگای سلێمانی شەڕێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، لە پاش ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥دا، یەکەم شەڕ بوو بەو گەورەییە کە دژ بە سوپای عێراق کرا. لەو شەڕەدا هێلیکۆپتەرێکی دوژمن خرایە خوارەوە و**

زیانێکیێ زۆر لە هێزەکانی دوژمن کەوت و ناچارکران کە پاشەکشە بکەن.)
بەرلە پێکهاتنی هەرێمێکی نوێ لە پارتی دیموکراتدا کە هێشتا ناوبراو بەرپرسی هەرێمی دووەم بوو، نادر عەلی هەورامی بە نامەیەکی تایبەت لەلایەن ڕێزدار ئیدریس بارزانییەوە چووەتە لای دوکتۆر کەمال و لە سنووری هەرێمی دووەمدا لە ناوچەی هەورامان دەستی بە خەبات کردوە. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: (کاک نادر ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی لە ناوچەکەدا دەبینی. لەو کاتەدا کە بەرێزیان لامان بوو سیخوڕەکانی دوژمن لە نزیک گوندی شارستێن دەرمانخۆریان کردم کە بە هەوڵی هەڤاڵانم لە مەرگ ڕزگارم بوو. کاک نادر هەورامی و شهید ئەبوبەکر تا بە تەواوی چاک نەبوومەوە ئێمەیان بەجێ نەهێشت.)
دوکتۆر کەمال کەرکوکی لەبەر چالاکی و کارکردنی بۆ کوردستان، لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا دەستبەسەر و زیندانی کراوە و هەموو جارێ بە هەوڵوکۆششی هەڤاڵانی و بەتایبەت بەڕێزان ئیدریس و مسعود بارزانی ئازاد کراوە. لە سەردەمی خوپێشاندانەکانی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی محەمەدڕەزا شا لە ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩دا، وەک خۆی دەڵێت پێوەندیان لەگەڵ پەیرەوانی خەتی ئایەتوڵا خومەینی، چریکی فیدایی خەڵک، موجاهیدینی خەڵک، ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، ئایەتوڵا واعزیی، ئایەتوڵا تاڵەقانی و حزبی تودەی ئێران و زۆر گروپی ترەوە هەبوە کە لەو سەردەمدا دژی ڕژێمی شاە بوون. لە فرۆکەخانەی تاران لەگەڵ ڕێزدار مسعود بارزانی و کۆمەڵێک کەسایەتی دڵسۆز پێشوازیان لە تەرمی پیرۆزی بارزانی نەمر کردوە و ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥ کە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانی لە شنۆ بەخاک سپێردرا، ناوبراو لەناو ئاپۆرەی ماتەمینیی نزیک بە ٣٠٠ هەزار کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێک هەواڵنێری ئێران و ئەوروپا، وتاری سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی خوێندەوە .
دوکتۆر کەمال کەرکوکی بۆ جاری دووەم لە شەڕی نەغەدە لەنیوان مهاباد و نەغەدە لە محەمەدیار بریندار بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا تێنەپەڕیبوو کە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٠ شەڕ لە نەغەدە دەستی پێکرد. ئێمە بە ئەمری بەڕێزان کاک ئیدریس و سەرۆک مەسعود بارزانی زۆرمان هەوڵدا پێش بە شەڕی نەغەدە بگرین و کۆتایی پێبهێنین. زۆر لە هەوڵدابووین کە لایەنەکان لەیەکتر نزیک

بکەینەوە، هەرجارەی لایەکمان نزیک دەکردەوە، ئەوانی تر هەڵدەگەڕانەوە، باش لەیادمە کاک مسعود بەتەلیفون پێی گوتم: "ئەگەر ئەم شەڕە ڕابگرن کارێکی زۆر گەورە و پیرۆزە و هیچکات لەبیر ناکرێت و زۆریش لە بەرژەوەندیی گەلەکەمانە." ئەو ڕۆژە لایەنەکانمان ئامادە کردبوو کە ڕێک بکەون و بۆ ئەو کارەش نێوانگیریان بکەین. ئێمە کەوتینە ڕێ بچین بۆ نەغەدە، قەرار بوو زەهیر نژادیش بێت، ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٢ دەچووم بۆ نەغەدە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە بهێنین، شەڕ گەرم بوو، مەترسی زۆری هەبوو بەڵام ئەرکێکی گەورە و پیرۆز بوو. لە ڕێگادا لەنێوان ورمێ و محەمەدیار بە ماوەیەک پێش محەمەدیار بەلای ورمێوە گەیشتینە کاک محەمەدئەمین سیراجی کە لەلایەن کۆمەڵێک موجاهیدەوە ڕێگایان لێگرتبوو، ئەوکاتە هێشتا سوپای پاسداران پێکنەهاتبوو، چەکدارەکانی ڕژێمی نوێ بەناوی موجاهید دەناسران. سەر ڕێگاکەیان گرتبوو، دوو کەسیشیان کوشتبوو، هەردوو جلی کوردییان لەبەردا بوو، محەمەدئەمین سیراجیشیان لە ئوتۆمبێل داگرتبوو و دەوریان دابوو. بە بینینی ئەو دیمەنە ئێمە ڕاوەستاین، لەوکاتە زەهیر نژادیش گەیشتە ئەو شوێنە و ئەویش ئوتۆمبیلەکەی ڕاگرت. چوومە لای و پێمگوت ئەوەتا خەریکن محەمەدئەمین سیراجی دەکوژن، ئێوە باسی ئاشتی دەکەن ،چۆن ئاشتی وا دەکرێت. زەهیر نژاد لە سیارەکەی دابەزی، هەوڵی دەدا چەکدارەکان لە محەمە ئەمین دوور بکاتەوە کە ئۆتومبیلی سیراجی ڕۆیشت و ئەوێی بەجێهشت. زەهیر نژاد، محەمەدئەمینی لەدەست موجاهیدەکان ڕزگار کرد. چوونکە ئوتۆمبیلی سیراجی ڕۆیشتبوو و نەدەکرا ناوبراو لەوێ بە تەنیا بمێنێتەوە و دەیانکوشت، گوتی: "بێم بۆ نەغەدەش دەمناسن و دەمکوژن." لەبەر ئەوە سواری ئوتۆمبیلەکەی خۆم کرد و لەگەڵ موهندیس ئیسماعیل و شۆفیرەکەمان کاک محەمەد گەیاندمانەوە لای پێشمەرگەکان لە نزیک مهاباد. کاک محەمەدئەمین سیراجی داوای لێمکرد بچینە مهاباد، گوتی بارودۆخەکە خەتەرە بچن بۆ نەغەدە و تەقەتان لێدەکەن. پێمگوت ڕاستە خەتەرە، بەڵام بەچوونمان بۆ نەغەدە، لەوانەیە کۆتایی بەشەڕەکە بێت. ئەویش سوپاسی ئێمەی کرد کە لەو بارودۆخەدا بەهانایەوە چووبووین و ڕزگاری بوو. لە گەڕانەوەدا لە محەمەدیار موجاهیدەکان لێیانداین، شۆفیرەکەمان شەهید بوو و موهندیس ئیسماعیل و من بە سەختی بریندار بوین پاشان ئەویش لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

ڕۆژی پاشتر گواسترامەوە بۆ نەخۆشخانەی ورمێ. لەوێ کەسێک هەبوو بەناو ئایەتوڵا فەوزی کە کۆنە ساواکی بوو، ئەو هەوڵیدا لە نەخۆشخانە دەرمان بکات و بمانبات بۆ سەربازگەی ورمێ کە کۆمەڵێک لە برایانی کوردی ڕۆژهەڵات کە هاتبوونە نەخۆشخانە بۆلام، ئاگاداری ئەو ڕوداوە دەبن، بەڵام لەوکاتەدا هیچیان پێ نەدەکرا و دەسەڵاتیان نەبوو. حاڵەتێکی زۆر خەتەر بوو، گەیشتمە قەناعەت لەگەڵی فایدەی نییە بۆیە لە فیکری خۆمدا گوتم ئینسان ئەگەر دەمرێت با بەمەردی و بەسەربەرزی بمرێت، بۆیە لەپێش هەموویان پێم گوت تۆ هێچ قیمەتت نیە تۆ کۆنە ساواکی هەرچی لە دەستت دێت، بیکە و منەتت نەبێت ..... بە چەکدارە هاوڕێکانی گوت بیبەن. ئەوکات لەسەر عارەبانەی نەخۆشخانەکە بووم، بەیانییەکەی عەمەلیات کرابوم. لەوکاتەدا لە ئیستعلاماتەوە هاتن و گوتیان تەلیفونت هەیە، دیار بوو ئەوکاتە برا کوردەکانی لەوێ نەبون یان بەکێک لە دوکتۆرەکان تەلیفونی بۆ کاک مسعود و کاک ئیدریس بارزانی کردبوو، ئەوانیش پێوەندیان بە بەرپرسانی ئەوکاتەی ئێرانەوە کردبوو، لە تەلیفونەکە بە ئایەتوڵا فەوزییان گوتبوو وازی لێ بێنە و مەیبەن بۆ پادگان کە گەڕایەوە گوتی بیبەنەوە بۆ شوێنەکەی خۆی. زۆر بەتوڕەی تەماشای منی کرد و گوتی شەو ئەزانم چیت بەسەر دێنم. منیان بردەوە ئەو ژورەی لێی بووم. برایانی کوردی ئێرانی دوای ماوەیەکی کەم بەرگیان بۆم هێنابوو، خۆم گۆڕی بەهاوکاری کارمەندێکی نەخۆشخانەکە و چەند لە برایانی کوردی ئێرانی کە سوپاس بۆ یەزدان هێشتا بەشێکی زۆریان لە ژیاندا ماون، لە پشت نەخۆشخانەکە لەسەر سییاجەکەوە منیان ئاودیو کرد و لەوێش سەیارەیان ڕاگرتبوو منیان لەو نەخۆشخانەیە برد بۆ شوێنێکی تایبەت. دوکتۆریان هێنا، گوتی ناتوانم نەشتەرگەریت بۆ بکەم ئەمشەو تەحەمول بکە تاکو سبەی. دەستم و برینەکانی ترئیلتهابیان کردبوو، زۆر ئازاریان هەبوو. سبەی برایانی کوردی ئێرانی هاتن منیان برد بۆ مەتاری ورمێ، هەمو شتیان ئامادەکردبوو، لە فرۆکەخانەش برادەریان هەبوو زۆر باش ئاسانکارییان کرد و گەیشتینە تاران، ئیتر لە مەترسی کوشتن ڕزگارم بوو. لە تارانیش پاش سێ نەشتەرگەری بێسوود بوو، دەیانگوت دەبێ دەستت ببڕینەوە کە سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١١ منیان ڕەوانەی ڤیەنا کرد. لەوێ ماوەیەکی زۆر فیزۆتراپیان بۆم کرد و پاشان چەند نەشتەرگەرییان بۆ کردم. هاوکات لەگەڵ عیلاج

قبووڵی پزیشکیم لە زانکۆی ڤیەنا وەرگرت. پاش نەشتەرگەری و پشوی خوێندن دەگەڕامەوە بۆ کوردستان بە ڕێگای ئێران. هەموو جارێ بۆ چارەسەریی دەبوو بچمەوە بۆ ڤیەنا. لەوێ سەرەڕای چارەسەریی و خوێندن، سەرپەرەشتی کاری پارتی و هاوکاریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردلە ئەوروپا KSSE م دەکرد.)

ساڵی ١٩٩٥، دوکتۆر کەمال کەرکوکی سەرپەرەشتی لیژنەی پارتی دیموکراتی کردوە لە ئەلمانیا و دوای شەهید بوونی جەعفەر گلی نوێنەری سەرۆک مەسعود بارزانی لە فەرەنسا، ناوبراو ئەرکی نوێنەرایەتی سەرۆکی لە فەرەنسا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە بەرپرسی لقی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا. ساڵی ٢٠٠٠ گواستراوەتەوە بۆ ئەوروپا و ئەرکی بەرپرسیاریەتی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا و ئوستralیای پێسپێردراوە و بارەگای لقی لە لەندەنەوە گواستوەتەوە بۆ برلین لە ئەڵمانیا.

ساڵی ٢٠٠١ ، دوکتۆر کەمال کەرکوکی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر ژوری عملیات بۆ ئازادکردنی کەرکوکی داناوە و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ٢٠٠٣ پترلە ١٢٠٠ پێشمەرگەی ناو شاریان ئامادە کردبوو بۆ سەرهەڵدان. ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ بەهاوکاری جەماوەری سەربەرزی کەرکوک و هێزەکانی پێشمەرگە کەرکوک ئازاد کرا. دوای ئازادکردنی کەرکوک، ناوبراو بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی، ئەرکی پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان بەڕێوەبردوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ پەرلەمانی کوردستان، پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی وەرگرتووە و لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە ڕۆژی ٢٠١٣/٧/١٩وە تا ئێستا بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتە و هاوکات لە ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٥وە بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک و قەزای دوبزە لە شەڕی دژبە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام "داعش" و من ئەم چاوپێکەوتنەم لە بەرەی شەڕدا لەگەڵ ناوبراو کرد.

دوکتۆر کەمال کەرکوکی بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی ٩ی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، ناوبراو بەبێ بەشداربوونی لە کۆنگرە، بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی

ناوەندیی هەڵبژێردراوە و دواتر کرا بە ئەندامی ڕەسمی کۆمیتتەی ناوەندی. لە کۆنگرەی ١٠ی پارتی ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی ڕۆژی ١٦- ١٩٩٣/٨/٢٦و لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی ڕۆژی ٦- ١٩٩٩/١٠/١٤ سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا کە لە ڕۆژانی ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨، لە هەولێر پێکهات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. پاش وەرگرتنی میدالیای بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٢٦ لەلایەن زانکۆی ئەمریکی بۆ زانست و تەکنەلۆژی لە لوبنان، خەڵاتی دوکتۆرای فەخری وەرگرتووە. ناوبراو هەتا ئێستا لە بوارە جیاوازەکاندا چەندان میدالیای جۆراوجۆری ئەمریکی و ئەوروپی پێدراوە. محەمەد قادر عەبدوڵا سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (من خۆشەویستییەکی تایبەتیم بۆ جەنابی سەرۆک مستەفا بارزانی هەیە. کاتێک میدالیای بارزانیم وەرگرت، سەرۆکم کەوتەوە بیر کە زۆر بە پاکی و بە مەردی هەوڵی ڕزگارکردنی گەل و خاکی کوردستانی دەدا. تەمەنا دەکەم تەمەن مەودا بدات کە بتوانم ڕێبازی پیرۆزی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ سەرخستنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەستەبەر بکەین. ئاڵای کوردستان ببینین لە ڕیزی ئاڵای گەلانی سەربەخۆ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بشەکێتەوە.)

## ئەکبەر حەیدەر موسا



ئەکبەر حەیدەر موسا ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی محەمەد شێربەگ لە قەزای خانەقین لەدایک بووە. پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە خانەقین خوێندوە و ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ساڵی ١٩٦٠ بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە قەرەداغ. لەو ساڵەدا ڕەوانەی ماوەت کراوە و تا ساڵی ١٩٦٤ بۆ ماوەی نۆ مانگ خولی سیاسیی و سەربازیی بینیوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ هێزی خەبات لە تەوێڵە و بیارە کە عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٦٥ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لقی سەرتک لە چیای بەمۆ و دواتر فەرماندەیی قوای گەرمیانیان پێسپاردوە و وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٧٠ و ڕێککەوتنی ١١ی ئازار بەشداریی ئەم شەڕانەی خوارەوەی کردوە: شەڕی کوور و موور لە بناری گل لە ناوچەی تاڵەبان، شەڕی زمناکۆ لە چیای زمناکۆ، شەڕی کەوزیناڵ لەنێوان مەیدان و دەربەندیخان، شەڕی چەککردنی پێگەکانی سەرقزڵ و مەحمود قەجەر. چەککردنی فەوجی مەحمود قەجەر، شەڕی پەروێزخان، شەڕی قۆرەتوو لە بنەباریکە، شەڕی گۆڕە شەلە، شەڕی داری دیوان، شەڕی چیای سرخ، شەڕی پەروێزخان و شەڕی مەجید سالار.

ساڵی ١٩٧٠، دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، ئەکبەر حەیدەر کراوە بە جێگری فەوجی یەکی پاسەوانیی سنوری خانەقین و گواستراوەتەوە بۆ ئەو شوێنە کە ساڵح پێداوی فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، ناوبرا کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ لە هەڵەبجە و دواتر ئەرکی فەرماندەیی بەتالیۆنی ٦ی خانەقینی دراوەتێ و لەو ئەرکەیدا بەشداریی شەڕی گۆڕەز و گەروی عومەر ئاغای لە ناوچەی ڕەواندز




کــردوه و لەو بــارەیەوە دەڵێــت: **(لە شــەڕی گەروی عومەرئاغا سوپای عێراقمان شکاند و ١٢٨ چەکی جۆراوجۆرمان دەستکەوت.)**

ســاڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشــی ئەیلول ڕاوەستا، ئەکبەر حەیدەر پەریوەتەوە بۆ ڕەوانسەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری ئەراک لە پارێزگای ناوەندیی ئێران. وەک خۆی دەڵێت لەوێوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕێزدار ئیدریس بارزانییەوە هەبووە. ساڵی ١٩٧٩ دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لەگەڵ جەبار حەیدەری برای کە ئەویش پێشمەرگە بووە، ماڵەکەیان بردوە بۆ کەرەج و هاوکاریی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات و شۆڕشی گوڵانیان کردوە. ئەکبەر حەیدەر ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێی کردوە و ساڵی ١٩٨٠ کراوە بە کارگێڕی لقی ٣ ی کەرکوک کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی حیزب و کراوە بە ئەندامی مەکتەبی سەربازیی لە ڕاژان. ناوبراو ساڵی ١٩٨٢ ڕەوانەی ناوچەی گۆلێ لە چوارتا کراوە و سەرلەنوێ کارگێڕی لقی ٣ی کەرکوک بووە. ساڵی ١٩٨٧- ١٩٨٨ لە ئەنفالەکاندا فەرماندەی شەڕی سەگرمە، میریاس و زەڕاین بووە و وەک خۆی دەڵێت لەو شەڕانەدا پێشمەرگەکان دەستکەوتی شایانیان بەدەستهێناوە.

تا ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستان، ئەکبەر حەیدەر کارگێڕی لقی ٣ی کەرکوک بووە و لەو ماوەیەدا وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی چۆڕچۆڕی لە چوارتا و قەرەداغ کردوە. بە وتەی خۆی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا فەرماندەی گرتنی خانەقین بووە و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ شاری خانەقین بە فەرماندەیی ئەو ڕزگار کراوە. لە دژە هێرشی ڕژێمی عێراقدا بە هێزەکەیەوە کشاوەتەوە بۆ کەلار و لە وتووێژەکاندا گەڕاونەتەوە بۆ خانەقین. ئەکبەر حەیدەر بەشداریی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ بە نوێنەرایەتی خەڵکی خانەقین، لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

ساڵی ١٩٩٦ لە دۆڵی ئالانەی ناوچەی بالیسان بەشداریی شەڕی ناوخۆی کردوە. ناوبراو یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ١٦-١٩٩٣/٨/٢٦ لە هەولێر پێکهات و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە.

ئەکبەر حەیدەر وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٩٨ بۆ چارەسەریی نەخۆشی چووە بۆ وڵاتی نۆرویژ "نەرویج" و هاوکات لەگەڵ چارەسەریی نەخۆشییەکەی وەک پەنابەری سیاسی وەرگیراوە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و کراوە بە جێگری لقی ١٥ی خانەقین و مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٠ بە نوێنەرایەتی خەڵکی خانەقین بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بە ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، جێگەی خۆی داوە بە دوکتۆر فوئاد مەعسوم لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خۆی ئەرکی بەرپرسی لقی ١٥ی خانەقینی وەرگرتووە.

ئەکبەر حەیدەر چوار جار لە شەڕەکانی ناوچەی هەڵەبجە ساڵی ١٩٦٨، پێگەی چیاڕەزا لە خانەقین ساڵی ١٩٨٠، پشتی بەمۆ بە مین ساڵی ١٩٨١ و شەڕی مەنزەرییە ساڵی ١٩٩١ بریندار بووە. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨ لە هەولێر پێکهات بۆ جاری دووەم بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:


**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە هەستم کرد کوردستان بووە بە دەوڵەتی سەربەخۆ و شانازیی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم.)**

## سەلاحەدین ئیبراهیم قادر



سەلاحەدین ئیبراهیم قادر ناسراو بە سەلاح دەلۆ ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی قوینپەڵک "شێخ واوزی" نزیک قەزای دووزخورماتوو لە پارێزگای کەرکوک لەدایک بووە. خوێندنی ئامادەیی تەواو کردوە و زمانەکانی فارسی و عەرەبی باش دەزانێ. ساڵی ١٩٦٤ بە ڕێگەی دۆستێکیەوە بە ناوی مەلا ڕەزا نەخۆش کە کادیری پارتی دیموکرات بووە لە دووزخورماتوو، پێوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە و لە هەمان ساڵدا کراوە بە بەرپرسی نوسینی ڕاپۆرتەکانی شانەیەکی سەرەکی لەناو شار و وەک خۆی دەڵێت سەید غەریب گەرمکی بەرپرسی بووە. لە مانگی تەموزی هەمان ساڵ لەگەڵ چەند ئەندامی تری پارتی بەناوەکانی مام خدرە لەک، ڕەمەزان دەروێش محەمەد و جومعە خەیات لەگەڵ چەند خوێندکار لەلایەن دەزگای ئەمنی عێراقەوە دەستگیرکراون و بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ زیندانی بوون و دواتر بە کەفالەت ئازادیان کردون و وەک خۆی دەڵێت شەفیق ئاغا کە ئەوکاتە نوێنەری بارزانی بووە، بۆ ئازاد کردنیان سەردانی دووزخورماتووی کردوە.

سەلاح دەلۆ لە پاییزی ساڵی ١٩٦٥دا ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لیژنەی ناوچەی دووزخورماتوو و کراوە بە کادیری ڕێکخراوی "داود" و دواتر کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کفری کە عەلی ڕەزا گۆمەیی بەرپرسی بووە و بە دوای ئەودا محەمەد مەلا قادر ئەو ئەرکەی وەرگرتووە.



لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا، سەلاح دەلۆ هاوکات لەگەڵ ئەندام بوونی لە لیژنەی ناوچەدا، کراوە بە ڕابەری "بەرپرس" سیاسی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ کە دوو لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت بەناوەکانی سیامەند عەزیز فەرماندە و ملکۆ بارزانی جێگری هێزەکە بوون. لە تەموزی ساڵی ١٩٦٦، دوای ڕۆیشتنی مام جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی بۆ نێو ڕژێمی عێراق، سەلاح دەلۆ دەستی لە خەباتی ڕێکخراوەیی هەڵگرتوە و ئەرکی سەرپەلی لقی ٢ لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغی وەرگرتووە. ناوبراو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٨دا کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لقی ٢ لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەرکانی هێز و کراوە بە سەرلقی ئەسناد "پشتیوان"ی هێزی قەرەداغ و وەک خۆی دەڵێت دواتر ناوی هێزی قەرەداغیان کرد بە هێزی کەرکوک.

لەو ماوەیەدا، سەلاح دەلۆ بە وتەی خۆی بەشداریی زۆربەی شەڕ و پێکدادانەکانی سنوری پارێزگای کەرکوکی لە ناوچەکانی دووزخورماتوو. قادر کەرەم، کفری، زەمبوور، کەلار، قەیوان، قەرەداغ، شەم ساوە و بازیانی کردوە و دوو جار لە شەڕەکاندا برینداربووە. ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ناوبراو چووەتە نەوسود و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ دەشتی مغان و لە پارس ئابادی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بووە. لە شۆڕشی گوڵاندا کراوە بە کارگێڕی لقی سێی پارتی و بۆ ماوەیەکیش بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات بووە لە سنە ناوەندی پارێزگای کوردستان.

ساڵی ١٩٩١، سەلاح دەلۆ لەگەڵ میحوەری گەرمیان بەشداریی ڕاپەڕینی شارەکانی کەلار و خانەقینی کردوە. ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بە نوێنەرایەتی خەڵکی پارێزگای کەرکوک، لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمان

هەڵبژێردراوە و لە لیژنەی پێشمەرگەدا خەباتی کردوە. لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٩٢دا پۆستی جێگری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە ساڵی ١٩٩٤وە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ وەک وەزیر وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانم بەڕێوەبردوە.)** لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکرات لە پارێزگای کەرکوک و ساڵی ٢٠٠٣ دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەرکی بەرپرسی لقی ١٥ی خانەقینی وەرگرتووە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦، سەلاحەدین ئیبراهیم قادر کراوە بە بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی پێوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دیموکرات و ساڵی ٢٠١٠ جارێکی تریش گواستراوەتەوە بۆ لقی ٣ی کەرکوک و کراوە بە بەرپرسی لق. لە کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی ١٣دا بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتە لە پارێزگای کەرکوک-گەرمیان. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣دا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (هەستم بە شانازییەکی زۆر گەورە کرد. جێگەی شانازییە کە من میدالیای بارزانی لەدەست سەرۆک مەسعود بارزانی وەربگرم و میدالیای بارزانی لە هەموو شتێک بۆمن بە نرخترە. کە چەکم هەڵگرت و هاتمە ڕیزی شۆڕشەوە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە نەبووم کە بتوانم میدالیای بارزانی وەربگرم.)**

## کاکەمین مستەفا ئەمین



کاکەمین مستەفا ئەمین ناسراو بە کاکەمین نەجار ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٩ بە دوای تەواو کردنی خوێندنی ناوەندیی لەگەڵ حەسەن نەجاری برای پێوەندی بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لە ڕاژان کردوە. تا ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێکخراوی نهێنی پارتی دیموکراتدا لە شاری هەولێر خەباتی کردوە و لەو ساڵە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە. لە نەورزی ساڵی ١٩٨٣ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لەگەڵ چەند پسپۆڕی ئەڵمانی گوڕیویەتەوە و لە زیندان ئازادیان کردوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان، چووەتە ناوچەی سیدەکان و لە ڕێکخراوی هێرشدا کە سەربە مەکتەبی سیاسیی و بارەگاکەی لە بێرکەمە بووە، چەکی هەڵگرتووە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی هێرش لە ناوچەی سیدەکان.

ساڵی ١٩٨٦ کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ڕەواندز بووە و دواتر ئەرکی بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی ڕەواندزیان پێسپاردوە. ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفالەکاندا چووەتە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١ ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زۆزک بووە و لەگەڵ لقی دووی پارتی دیموکرات کە عومەر عوسمان بەرپرسی بووە، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا کەرکوک بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩دا، بەرپرسی بەرەی کوردستانی بووە لە سۆران و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا گواستراوەتەوە بۆ هێزی هاوپەیمان لە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا و لەو هێزەدا کراوە بە جێگری سەرۆکی ئەرکان. وەک ناوبراو دەڵێت ساڵی ١٩٩٤ پارتی دیموکرات

سوپای دووی دامەزراندوە و لەو سوپایەدا کراوە بە بەرپرسی سوپا و دواتریش ئەرکی فەرماندەی فەرماندەیی هەولێری پێسپاردراوە.

ساڵی ٢٠٠٠ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی درێژەی بە خوێندنداوە و لە بەشی یاسادا بکالریۆسی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕووخا و عێراق ئازاد کرا، کاکەمین نەجار لە فەرماندەیی هەولێردا بووە و ساڵی ٢٠٠٤ بەدوای ئازاد بوونی عێراق، کراوە بە بەرپرسی لقی ١٦ی شاوەیس. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ لە هەولێر پێکهات، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتر مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و ئێستا بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە هەولێر.

کاکەمین نەجار ساڵی ١٩٨٤، لە چیای سەری ئەسپیندار بریندار بووە. برایەکی بەناوی حوسێن مستەفا کە سەرلق بووە لە پارتی دیموکراتدا، ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی زۆزک بریندار بووە و بەهۆی قوڵبوونی برینەکەی هەتا ئێستاش کەمئەندامە. برایەکی تری بەناوی حەسەن ساڵی ١٩٩٥ لە کەسنەزان شەهید بووە. سێ خوارزای بەناوەکانی زرار، نامیق و فاروق ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن عێراقەوە دەستگیر و گوللەباران کراون. خەزوری بەناوی ئەحمەد محەمەد عەلی کە پێشمەرگە و هاوڕێی خۆی بووە، ساڵی ١٩٩٦ شەهید بووە. وەک خۆی دەڵێت کۆمەڵێکی تر لە خزمانی لە شۆڕشی کوردستاندا شەهید و بریندار بوون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (میدالیای بارزانی هێمایەکە لە ژیان و خەباتی وەرگرتانی دەدوێت. من خۆشحاڵم بە وەرگرتنی و سیمبولی بنەماڵەکەمە.)**

## فازل ڕئوف ساڵح



فازل ڕئوف ساڵح ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٣ پێوەندیی بە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی ٣ی هێزی ڕزگارییەوە کردوە کە ڕەئیس عەبدوڵا فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٤ لە لقی ٣ی بەتالیۆنی ٣ی هێزی ڕزگاریدا بووە بە فەرماندەیی ڕەشە ئەمە و حەمە سەعیدی حاجی ڕئوفی برای سەرپەلی بووە لە گوندی قەرەچەتان. وەک خۆی دەڵێت بەشداریی شەڕەکانی خڕی زێویێ، کڵاوەنان، چەککردنی پێگەی ئەبڵاخ، بەکرەجۆ و لێدانی پێگەی سەهۆڵەکە و گرتنی شاری قەرەداغی کردوە و هاوکات لە چەند کەمیناندا لەسەر ڕێگای نێوان ڕاپەڕین و تاسلوجەدا بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، فازل ڕئوف ساڵح تا پێنجوین چووە، بەڵام لەوێوە لەگەڵ حەمە سەعیدی برای گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و وەک خۆێ دەڵێت وەبەر لێبوردنی گشتی کەوتووە و ڕژێمی عێراق گرفتی بۆ نەناوەتەوە، بەڵام حەوتووی جارێک لە دایرەی ئەمن دەفتەری بۆ ئیمزا کردون. هەرلەو ساڵەوە درێژەی بە خوێندنداوە و ساڵی ١٩٧٧ خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردوە و لە ئیدارەی تاقیکاریی مەوادی بیناسازیی و جادە دامەزراوە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٧ بە دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندیدا پێوەندیی بە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و بە ڕێگای عەبدوڵا ئاغای محەمەدئەمین ئاغای برای فەتاح ئاغا، تا ساڵی ١٩٨٠، لەگەڵ شێخ نامیق، عەتا چاوشین، عەلی مام عەولا، ڕەفیق حەمەدەمین، فەخرەدین سیتەکی، عەبدولڕەحمانە سوور، زاهیر کەریم، گوڵشاد تۆفیق، بەیان ساڵح، بەهرە ڕئوف و کۆمەڵێکی تر



لە ڕێکخراوی نهێنی بڵێسەی پارتی دیموکراتدا کە خۆی بەرپرسی بووە، خەباتی نهێنییان کردوە.
ساڵی ١٩٧٩ کراوە بە سەربازی ئیحتیات و بۆ ماوەی سێ مانگ لە ئەبوغەریب سەرباز بووە. وەک خۆی دەڵێت لەوێ گومانی هاوکاریی لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی لێکراوە و ناچار بووە کە رابکات و خۆی بگەیەنێتە لای عەبدوڵا ئاغا و ئەحمەد چفرەیی و بچێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی چوار لە ناوچەی چوارتا. ساڵی ١٩٨١ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی ناوچەی ١٤ و دواتر کراوە بە جێگری بەتالیۆنی شەهید خاڵە کە فەرەیدون کانی ساردی فەرماندەی بووە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (چونکە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەینمان باش نەبوو، ئێمە بە ژمارەیەکی کەم، پتر دەگەڕاینەوە بۆ ناو شاری سلێمانی و لە مەودای پێگەکانی چوارتا و کەنارۆی ناڵپارێزدا کەمینمان دادەنایەوە.)**

ساڵی ١٩٨٢، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، فرەنسۆ هەریری و حەمید ئەفەندی لە ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکانی لقی چواری پارتیدا، فازل ڕئوف ساڵحیان کردوە بە کارگێری لیژنەی ناوچەی پێنجوێن. کاتێک لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٦دا لەنێوان بەڕێزان ئیدریس بارزانی و مام جەلالدا، ڕێککەوتن پێکهات، بە وتەی فازل ڕئوف ساڵح دەستی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە ناوچەکەدا کراوەتەوە و مەقەڕەکەیان هێناوەتە گوندی هەڵەدن و ناوبراو کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی دوکان و لەم بابەیەوە دەڵێت:

**- (بە ڕێککەوتنی کاک ئیدریس و مام جەلال دەستی ئێمە کرایەوە و لە دوکانەوە تا تاسلوجە، بەشداریی شەڕەکانی کرژە، شەدەڵە و چەککردنی سێ پێگەی دوژمنمان لە قوڵەسەوز و گرتنی پێگەی مێوەکەلە، شاری قەرەداغ و گرتنی کۆمەڵێک جاش لە تاسلوجەمان کرد.)**

هاوکات لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا، فازل ڕئوف ساڵح بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن لە سلێمانی، ڕانیە، قەڵادزێ و چوارقوڕنەدا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە پێوەندییان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی نەبووە. لە ئەنفالەکاندا، مەقەڕی لیژنەکەیان لە گوندی گوێزیلە لە ناوچەی جافایەتی بووە و خۆی لەگەڵ حەوت پێشمەرگە وەبەر کیمیاباران کەوتووە و لە شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەریی بۆ کراوە و گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی گۆلی پێنجوێن. ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کردوە لە مەرگەوەڕ و بە دوای کۆنگرەدا بە هەڵبژاردن بووە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی و وەک خۆی دەڵێت بەردەوام بووە لە چالاکییەکانی ناو شاری سلێمانیدا. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەرپرسی کەرتی دوکانی سلێمانی بووە و لە دژە هێرشەکەی ڕژێمی عێراقدا کە ڕەوە گەورەکەی لێ دروست بوو، بۆ چیای ئەزمەڕ پاشەکشەی کردوە. ڕۆژی ١٩٩١/٤/١ لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بە سەختی بریندار بووە و بۆ چارەسەریی برینەکەی گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی تەوحید لە سنە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاک نێچیرڤان لەگەڵ مام جەلال مەقەڕیان لە کاریزە بوو. لە وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقدا من بە فەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ چارەسەریی برینەکەم گواسترامەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕەشید لە بەغدا. لەوێ بە ئەمری سەرۆک بارزانی، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق سالم و ئازاد بەرواریی سەردانیان دەکردم و سەرۆک بۆخۆی چاودێری بەسەرمدا دەکرد.)**

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩، لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا، فازل ڕئوف ساڵح ئەندامی کارگێڕی لقی چواری پارتی بووە لە سلێمانی و بە نوێنەرایەتی خەڵکی سلێمانی و لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکرات بە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا خولی سێیەم ئەندامی پەرلەمان بووە. لەو سەردەمەدا بۆ چارەسەریی نەخۆشی ڕەوانەی لەندەن کراوە. ساڵی ١٩٩٨ بۆ ماوەی دوو ساڵ کارگێڕی ئاسایشی سلێمانی بووە و ساڵی ٢٠٠٢ گواستراوەتەوە بۆ لقی ٤ی سلێمانی و کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستن. ساڵی ٢٠٠٦ بەرپرسی لقی ٢١ی دەوروبەری سلێمانی و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بووە لە سلێمانی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

فازل ڕئوف ساڵح بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. ئامۆزایەکی بەناوی حەمەی خورشید ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی فەقێیان لە هەندرێن شەهید کراوە لەگەڵ خاڵێکی بەناوی شێخ عەبدول بابە، ساڵی ١٩٦٣ لە سلێمانی شەهید بووە. هەروەها برازایەکی بە ناوی نەریمان حەمە عەلی ڕئوف ساڵی ١٩٩٥ لە سەید سادق شەهید بووە، ناوبراو کتێبی "بەرەوخۆر"ی ساڵی ٢٠٠٣ لە هەولێر بڵاوکردوەتەوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (خۆشترین ڕۆژم بوو کە هەستم کرد بە دانی میدالیای پیرۆز و خۆشەویستی بارزانی تەقدیری خەبات و زەحمەتەکانم کرا.)

## محەمەد کەمال ساڵح حەسەن



محەمەد کەمال ساڵح حەسەن ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ لە خوێندنی ناوەندیدا، چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردوە و لە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر وەرگیراوە. لە مانگی سێی ساڵی ١٩٧٤ لە پۆلی دووەمی پەیمانگادا ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی بەتالیۆنی یەکی دووزخورماتوو لە لقی ٢ی قەرەحەسەن کە عەدنان کەمالی برای فەرماندەی بووە. وەک خۆی دەڵێت مانگی ٥ی ساڵی ١٩٧٤ لەو لقەدا بەشداریی شەڕی قەرەهەنجیر پاشبلاغ و ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٣ بەشداریی شەڕی شاخی سەگرمە و ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٦ بەشداریی شەڕی تەکیەی کاکەمەندی لە دەربەندی بازیان کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەدنان کەمالی برای چووەتە ئێران و کەمال محەمەد و برایەکی تری بەناوی ڕزوان گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک. دوای گەڕانەوەی، محەمەد کەمال سەرلەنوێ پێوەندی بە پەیمانگای مامۆستایانەوە کردوە و لە هەولێر درێژەی بە خوێندن داوە و وەک خۆی دەڵێت لە ماوەی دوو مانگدا بڕوانامەی پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر وەرگرتووە و لە خوێندنگەی سەرەتایی بازیان دامەزراوە. ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێکخستنی نهێنی مامۆستایاندا لەگەڵ فەهمی محێدین ئەڵماس "هوشیار کاکەیی" خەباتی کردوە. مامۆستا ڕێزان کەمالی برای، سیروان کاکەیی، مامۆستا سامی حەبیب و ژمارەیەکی تر کە ژمارەیان ٢٥ مامۆستا بوون، پێکەوە دەستیان بە ڕێکخستنەوەی ئەندامانی پارتی کردوە. تا ساڵی ١٩٨٧ لە کاری مامۆستاییدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا سەرلەنوێ ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ کە ئازاد قەرەداغی بەرپرسی بووە.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (بەرلە ڕاپەڕین سێ میحوەر بۆ کەرکوک بازیان، کەلار و کفری و کەرکوک لە لقی سێدا پێکهات. ئازاد قەرەداغی، فەرەیدون جوانڕۆیی و نەجات حەسەن کەریم بەرپرسی ئەو میحوەرانە بوون. من لەگەڵ کاک نەجات لە میحوەری کەرکوکدا بووم. جاری یەکەم ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٧ هاتین، بەڵام کەرکوکمان بۆ نەگیرا و دوو پێشمەرگەمان شەهید بوون و بۆ قەرەهەنجیر پاشەکشەمان کرد. دواتر لە ١٩٩١/٣/٢١ گەڕاینەوە و لەگەڵ هێزەکانی تر پێکەوە کەرکوکمان گرت و مقەڕمان لە ئیسکان دانا، بەڵام لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا کە کۆڕەوەکەی لێکەوتەوە، ناچار بووین پاشەکشە بکەین بۆ چەمچەماڵ و لەوێوە بۆ دەربەندی بازیان و سلێمانی و گۆخلان و سەرئەنجام چوارتا. کاک نێچیرڤان لە گۆخلان بوو و شەو لە سەرچنار کۆبوونەوەی لەگەڵمان کرد.)

محەمەد کەمال ساڵح حەسەن دەربارەی جێگیربوونیان لە کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١دا دەڵێت: (کە چووین بۆ کەرکوک، لەسەر ئەمری سەرۆک بارزانی، من چووم هەموو دۆسیەکانی ئیستخباراتی شەرقییم لە کەرکوک برد و تەسلیمی فرەنسۆ هەریریم کرد. لیستەی هەموو جاسوسەکانی تێدا بوو. سەرۆک بارزانی پرسی هەموو دۆسیەکانت هێناوە، گوتم نا، زۆر بوون و بۆم نەهاتن، چەند سەیارەیان دەوێت. فەرمووی بچۆ هەموویان بێنە. بۆ جاری دووەم لەگەڵ چەتۆ مەلا ڕەشید چووین و پاشماوەکەمان بارکرد.)

دوای ڕاپەڕین، محەمەد کەمال ساڵح حەسەن کراوە بە کارگێڕی لق و بەرپرسی ناوچەی کەرکوک و ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕی ناوخۆدا لەلایەن پێشمەرگەیەکی حسکەوە بریندار کراوە. ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا لە مەسیف سەلاحەدین بووە و لەوێوە لەگەڵ هێزێک ڕەوانەی هەڵەبجە کراوە. تا ساڵی ١٩٩٦ لە هەڵەبجە بووە و لەو ساڵەدا چووەتە سلێمانی و دواتر هەولێر و تا ساڵی ١٩٩٧ لە شاخی کێشکە لە سەرووی دێگەڵە بووە. لەو ساڵەدا کراوە بە کارگێڕی لقی سێ و تا ساڵی ١٩٩٩ لە کۆمەڵگای بنەسڵاوە بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکرات و بە دوای کۆنگرەی ١٢دا کراوە بە جێگری لقی ٣ی کەرکوک و تا ساڵی ٢٠١١ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ٢٠١٢ ئەرکی بەرپرسایەتی لقی ١٩ی چەمچەماڵی پێسپێردراوە و لە ساڵی ٢٠١٢ کراوە بە بەرپرسی لقی سێی کەرکوک و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. یەکێک بووە لە نوێنەرانی

کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکرات و وەک خۆی دەڵێت، لە کۆنگرەکانی ١٢ و ١٣دا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی پاڵاوتووە، بەڵام دەنگی نەهێناوەتەوە. برایەکی بەناوی عەدنان کەمال بەرپرسی سەربازیی لقەکانی ٣ و ٤ بووە و ساڵی ١٩٩٧ لە شەڕی ناوخۆدا لە قەرەداغ شەهید کراوە. محەمەد کەمال ساڵح حەسەن ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (لەلایەک زۆرم پێخۆشبوو کە میدالیای سەرکردەیەکی زۆر گەورەم وەرگرت و زۆر شانازی بەم میدالیایە و سەرکردەکانم دەکەم و لەلایەکی تردا شانازی بە خەباتی ڕۆژانی دژوار و ماندوو بوونی ژیانم دەکەم کە ڕێبازێکی دروستم بۆ خزمەتکردن هەڵبژاردوە.)

# سرکیس ئاغاجان مامندۆ



سرکیس ئاغاجان مامندۆ ساڵی ١٩٦٢ لە شارۆچکەی دیانا لە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول راوەستا، لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆمەڵگای زێوە بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز. لە ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٧٨دا لە چالاکییەکانی بواری کلیساییدا خزمەتی کردوە و هاوکات لە تەورێز چووەتە خوێندنگە و تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندوە. وەک خۆی دەڵێت بەهۆی پێوەندی کردنی بە ڕێزەکانی پێشمەرگەوە خوێندنی جێهێشتووە. ساڵی ١٩٧٩ پارتی ئاشوری دامەزراندوە. ساڵی ١٩٨١ کراوە بە ئەندامی لێژنەی بەڕێکردنەوەی پێشمەرگە بۆ باشوری کوردستان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لە ڕاژان.

لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٩٢دا، سرکیس ئاغاجان مامندو لە بەشەکانی ڕێکخستن، دارایی و پێوەندییە گشتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان بووە. هاوکات لە ساڵی ١٩٨٥وە تا ساڵی ١٩٨٧، ئەندامی لیژنەی بالای پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەرانی باشوری کوردستانی لە ئەستۆ بووە. ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ عەنکاوە لە هەولێر و ساڵی١٩٩٢ لەسەر لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکانی کوردستان بەشداریی هەلبژاردنەکانی کوردستان کردوە و بە ئەندامی پەرلەمان کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەم پلەیەدا بەردەوام بووە. لە ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٦ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە، لە کابینەکانی چوارەم و پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لە ساڵانی ١٩٩٩- ٢٠٠٩ وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

سـرکیس ئاغاجـان مامنـدۆ بەشـداریی کۆنگرەکـانی ١٠ تـا ١٣ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتدا میدالیای بـارزانی وەرگرتووە. وەک خۆی دەڵێت لەکاتی بەخشینی میدالیادا لە هەولێر نەبووە و لە ڕێگای میدیاوە ئاگادار بووە کە میدالیان داوەتێ. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (ڕام وایە شەهیدەکان، خێزانـی ئەنفالکراوەکان، بریندارەکان و ئەوانەی سـاڵانێک لە زیندانەکانـدا ئەشـکەنجە کـراون موسـتەحەقی وەرگرتنـی ئەم میدالیایەن، نەک من و هەڤاڵانی هاوشێوەی من. لەبەر ئەوە ئەم میدالیایە بەهی ئەوان دەزانم و وەک ئەمانەتی ئەوان و بۆ زیندوو ڕاگرتنی فیداکاری و قوربانییەکانیان لە سەر سنگی خۆمی هەڵداوەسم.)

## شەشەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

شەشەمین گروپ لە خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی، خەڵاتکراوانی ڕۆژانی ٢٠١١/٣/٢٧ تا ٢٠١٣/٥/١٨ دەگرێتەوە و ژمارەیان ١٩ کەسایەتی و خەباتکار و خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرن. لەو ژمارەیە ژیاننامەی ١٣ کەسایەتیم لە بەرگی یەکەمی کتێبی میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێناندا بڵاوکردوەتەوە و لەم کتێبەشدا ژیاننامەی ٦ کەسایەتی بەشێوەی خوارەوە دەکەوێتە بەردیدی ئێوەی بەڕێز:

## کەریم محەمەد ساڵح ئاغا حاجی سەلیم ئەمین عوسمان ئاغا



کەریم محەمەد ساڵح ئاغا حاجی سەلیم ئەمین عوسمان ئاغا ناسراو بە کەریم زەند ساڵی ١٩٢٥ لە سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٣٨ تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و هاوکاریی کۆمەڵەکانی هیوا، خۆیبوون و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی کردوە و ساڵی ١٩٤٥ کە بارزانی لیژنەی ئازادی "پارتی ئازادی" دامەزراند، بووەتە ئەندامی ئەو لیژنەیە. خوێندنی ئایینی لە سلێمانی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٤٤ لە بەغدا بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی وەرگرتووە. ساڵێک لە خوێندنگەی فەیسەڵیە لە سلێمانی مامۆستا بووە. ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چووەتە مهاباد و وەک مامۆستای زمانی کوردی وانەی بە خوێندکارانی شاری مهاباد و بۆکان گوتووەتەوە.

بەرلە هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی و هاوکات لەگەڵ هەرەسهێنانی کۆمار چووەتە شنۆ و لە بەرەی شەڕی گۆجاڕدا بووە. وەک خۆی دەڵێت یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە ڕەوی پەڕینەوە لە ئاراس و لە ڕێگادا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەیەک لە ئازەربایجان مەشقی سەربازی پێکراوە و دوای دوور کردنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و دوور خستنەوەی بارزانییەکان بۆ ئوزبەکستان، لە زانکۆی تاشکەند مامۆستای مێژووی سیاسیی بووە و بە زمانی عەرەبی وانەی گوتووەتەوە. وەک خۆی دەڵێت تا ڕادەیەک ڕوسیی و ئازەربایجانی فێر بووە و لە وانە گوتنەکەیدا کەڵکی لەو دوو زمانەش وەرگرتووە.




ساڵی ١٩٥٠ تاشکەندی بەجێهێشتووە و بە قاچاخ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(نامەی بارزانیم بۆ کاکە زیاد ئاغا، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، هەمزە عەبدوڵا و حیزبی شیوعی هێنا. نامەکانم گەیاند و نامەی حیزبی شیوعیم دا بە یەهودا، کەچی شیوعییەکان کێشەیان تێکەوت و منیان ئاشکرا کرد و گوتیان چوومەتە یەکێتی سۆڤیەت و ڕژێمی عێراق منی گرت، بەڵام من دانم بەوە دانەنا، بەو حاڵەش بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لە بەندیخانەکانی ئەبو غەریب، کەرخ و بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا زیندانی‌یان کردم.)**

دوای ئازادبوونی لە زیندان، مامۆستا کەریم زەندیان بۆ باشوری عێراق دوورخستوەتەوە و بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە ناسریە، قەڵا سۆکەر بووە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ شێخ لەتیفی شێخ مەحمود لە سلێمانی بە خزمەت بارزانی گەیشتووە و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند بەڕێوەبەری چاپخانەی کورد و ڕاهێنگەی مامۆستایانی سلێمانی بووە. وەک خۆی دەڵێت لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩١دا وەک کەسایەتییەک لایەنگری شۆڕشی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٨٦ لەسەر داوای خۆی لە ڕژێمی عێراقدا خانەنشین کراوە. ساڵی ١٩٩١ لە دژە هێرشەکەی سوپای عێراق بۆ سەر سلێمانی، لە کۆڕەوەکەدا چووەتە سەردەشت و بۆ ماوەی سێ مانگ لە ماڵی خزمانی هاوسەرەکەی بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

مامۆستا کەریم زەند ١٥ کتێبی چاپکراوی هەیە و ساڵی ١٩٤٤ وتاری بۆ گۆڤارەکانی ژین و گەلاوێژ نوسیوە. ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٧ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (شانازی بە میدالیای بارزانییەوە دەکەم. کاتی وەرگرتنی میدالیا لە دەست جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕووم لە سەرۆک و بەشداران کرد و گوتم لە**

تاجەدین بارزانییەوە تا عەبدولسەلامی دووەم کە ساڵی ١٩١٤ لە موسڵ لە سێدارە درا، دواتر شێخ ئەحمەد و ژەنەڕاڵ بارزانی و ئێوەی بزورگوار بە بەردەوامی پەلامار دراون. شیعرێکی سەعدیم بە زمانی فارسی خوێندەوە کە دەڵێت: هەر سەرچاوەیەک ئاوی شیرینی هەبێت، مرۆڤ، باڵندە و مێرو لێی کۆدەبێتەوە. کەس بەرد لە درەختی بی ناگرێ، چونکە بێبەرە، ئێوە درەختی بەردارن و خەڵک بەردتان تێدەگرێ. میدالیای بارزانی بۆمن جێگەی شانازییە.)

# عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا



عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا ئەرگوشی ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ئەرگوش لە قەزای مێرگەسوور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٩خوێندنی دوا ناوەندیی تەواو کردوە. ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١ پێوەندیی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨١ خولی کادیری بینیوە و دوای کۆتایی خولەکەی کراوە بە کادیر لە باڵی ڕاستی لقی دووی پارتی دیموکراتدا لە کەتینەی سەربە قەزای مێرگەسوور. ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی لیژنەی ناوچەی ئاکرێ بووە و تا ساڵی ١٩٨٦ لە بارەگای لیژنەی ناوچە لە گوندی سیانەی شاخی گارە لە ناوچەی ئامێدی بووە. هەرلەو ساڵەدا لە لقی دووی پارتی دیموکراتدا خەباتی کردوە و بەرپرسیاری یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی کۆیە و لە لقی دوودا کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ لیژنەی ناوچەی مێرگەسوور بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە. ساڵی ١٩٨٩ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کۆیە و تا ساڵی ١٩٩١ بە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا بووە. لە ڕاپەڕینی مانگی مارسی ١٩٩١دا وەک بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مێرگەسوور بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە.

ساڵی ١٩٩٢، بە دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، عیسمەت محەمەد ئەمین گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات و ئەرکی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی تایبەتیان لە مەکتەبی

سیاسییدا پێسپاردوە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٩٩ لەو ئەرکەیدا بەردەام بووە و لەو ساڵەدا کراوە بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی تایبەت و ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان پێسپاردوە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا بەشداریی چەندان شەڕی گەورە و بچووکی کردوە. دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٨٧ لە سماقوڵی و جاری دووەم لە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ی هەولێردا کە چەندان کادیر و سەرکردەی باڵای پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی تێدا شەهید بوون. ساڵی ١٩٨١ بە دوای ڕاکردنی و پەیوەست بوونی بە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات، دایک و باوکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر کراون و تا ساڵی ١٩٨٣ بۆ نزیکەی دوو ساڵ و نیو لە بەندیخانەکانی هەولێر و نزیلەی بەغدا زیندانی کراون. محەمەد ئەمین عەبدوڵای باوکی ساڵی ١٩٨٣ لە هەریر ئەنفال کراوە.

عیسمەت محەمەد ئەمین عەبدوڵا بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٧ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەوپەڕی هەست پێکردنمدا شانازی بە میدالیای بارزانی دەکەم. بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، پاداشی ڕۆژانی خەباتی خۆم وەرگرتەوە. میدالیای بارزانی بە گرتری کردم کە زیاتر خۆم بۆ خزمەتکردن بە کورد و کوردستان و سەرخستنی ڕێبازی بارزانی ماندوو بکەم.)**

## ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد



ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد ناسراو بە ئەحمەد سالار ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی خوێندوە. ساڵی ١٩٦١ بووەتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەرپرسی شانە بووە و ساڵی ١٩٦٣ بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٠ تیپی هونەریی قوتابیانی دامەزراندوە و ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ بەشی شانۆیی لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆ لە بەغدا تەواو کردوە و هاوکات کراوە بە یەکەم سەرۆکی بەشی درامای ڕادیۆ کوردیی لە بەغدا. ساڵی ١٩٧٣، تیپی شانۆی پێشڕەوانی دامەزراندوە و ساڵی ١٩٧٤ بەڕێوەبەری شانۆ و سینەمای شۆڕشی ئەیلول بووە لە ناوچەی پێنجوێن و هەرلەو ساڵەدا ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ لە بۆمبارانی شاری قەڵادزێ بە سەختی بریندار بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، ئەحمەد سالار گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و کراوە بە یاریدەدەری لێکۆڵەری زانستی لە زانکۆی سلێمانی و هەروەها سەرپەرشتکاری شانۆی زانکۆ و هاوکات دامەزرێنەری تیپی شانۆی زانکۆ بووە.



ساڵی ١٩٧٦، ئەحمەد سالار بەڕێوەبەری مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی بووە و لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ساڵی ١٩٩١، مامۆستای بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە. وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٨٢، بە ڕێگەی مەفرەزەکانی پارتی و فازل ڕئوفەوە پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتەوە هەبووە. بەشداریی ڕاپەڕینی سلێمانی کردوە و بە دوای ڕاپەڕیندا کراوە بە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان Ktv. لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩دا بەنوێنەرایەتی خەڵکی سلێمانی، لەسەر لیستی زەردی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە جێگری وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەحمەد سالار هاوکات لەگەڵ ئەو بەرپرسایەتییانەی ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستانیش بووە. ساڵی ١٩٩٩ بە سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە هەمانکاتدا مامۆستا و وانەبێژ بووە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر. ناوبراو سەرپەرشتیاری گۆڤاری شاکار بووە لە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و سەرۆکی شانۆی سالار و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری شانۆ بووە لە شانۆی سالار.

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بووە. بۆ بەشداریی کردن لە سمینارە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وڵاتانی ئەڵمانیا، میسر، ئێران و سویدی کردوە. بەشێک لە شانۆکانی وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی و یۆنانی. لەسەر سەکۆی چەند شانۆی ئەوروپی شانۆی نواندوە و ئەندامی ڕێکخراوی ئاشتییە لە جیهاندا.

ئەحمەد سالار بەهۆی چالاکییەکانی بواری شانۆگەریی چەندان خەڵاتی ناوخۆیی و عێراقی وەرگرتووە وەک: خەڵاتی زەخرفە لەسەر ئاستی عێراق لە

ساڵی ١٩٦١، خەڵاتی زێڕینی "میدالی بابان" بۆ چاکترین ئەکتەری کورد لە ساڵی ١٩٧٢، خەڵاتی یەکەم دەرهێنەر لە یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی زانکۆکانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧، میدالیای پێشەنگای شانۆی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤، خەڵاتی ڕێزلێنانی زانکۆی عێراق لە ساڵی ١٩٧٨، میدالیای زێڕین بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی شانۆی سلێمانی. قەڵغانی شانازیی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، خەڵاتی ئاشتی جیهان لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی کوردستان و چەندان خەڵاتی ڕێزلێنان و میدالیای تر. هەروەها کۆمەڵێک کۆڕی ڕێزلێنانی بۆ پێکهاتووە.

ئەحمەد سالار هەتا ئێستا ٣١ شانۆگەریی نوسیوە، ٣١ بەرهەمی چاپکراوی لە بوارەکانی شانۆ و سینەما بڵاوکردوەتەوە، ٣٢ کاری دەرهێنانی شانۆیی هەیە و ١٩ بەرهەمی نواندنە شانۆییەکانی هەیە لەگەڵ ١٧ کاری درامای تەلەفزیۆن و ٨ کاری سینەمایی و ٤ درامای ڕادیۆیی کە لە ٣٠ ئەڵقەوە تا ٦٠ ئەڵقەن و کۆی بەرهەمەکانی بەگشتی دەگاتە سەرووی ٢٠٠ بەرهەم. ئەحمەد سالار بەهۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٧ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (کورد گوتەنی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی سەرلەنوێ تەمەنم نووسرایەوە. هیچ میدالیا و خەڵاتێک هەتا دەمرم بۆم لە میدالیای بارزانی بە نرختر نییە. دەیان خەڵاتی یەکەمم وەرگرتووە، بەڵام هیچکامەیان بە ڕادەی میدالیای بارزانی پیرۆز و مەزن نین.)**

## دوکتۆر فرێدریک تیسۆ



دوکتۆر فرێدریک تیسۆ ئەندامی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور، ساڵی ١٩٨١ بە ڕێگای کەندال نەزان سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس لەگەڵ کێشەکانی کورد ئاشنا بووە. ساڵی ١٩٨٢ لە پلەی دوکتۆرێکی سەر بەو ڕێکخراوە هاتووە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک پێشمەرگەیەک لە گوندی مەزرێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە نەخۆشخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خزمەتی نەخۆش و پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕی ڕژێمی ئێرانی بە دژی گەلی کورد کردوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(من پێشمەرگە بووم، بەڵام کلاشینکۆفم پێنەبوو.)**

دوکتۆر تیسۆ بە ڕادەیەک لەگەڵ ئازارەکانی کورد تێکەڵاو بووە کە دوای بەجێهێشتنی کوردستان لە نەتەوەی کورد جیا نەبووەوە و بە هەموو شێوەیەک لە فەرەنسا هاوکاریی بزوتنەوەکانی گەلی کورد و حکومتی هەرێمی کوردستانی کردوە. ناوبراو لەگەڵ دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر کە ئەویش میدالیای بارزانی دراوەتێ، ڕۆڵی هەبوو لە دارشتنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بو دیاریکردنی ناوچەی ئازاد لە هەریمی کوردستاندا. دوڵەتی فەرەنسا ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٣ کۆنسولخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر دانا، تیسۆ یەکەم کۆنسولی ئەو وڵاتە بوو لە هەولێر. ناوبراو لەو ڕۆژەوە بەشێوەی ڕەسمی نوێنەرایەتی دەوڵەتی فەرەنسای کرد لە هەرێمی کوردستان و وەک دیپلۆماتکارێکی دڵسۆز پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسای پتەوتر کرد. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من دیپلۆمات نەبووم کە ئەرکی کۆنسولی وڵاتەکەم لە کوردستان پێسپێردرا. لە ڕاستیدا من بە ڕێگای کاری پزیشکییەوە تێکەڵی سیاسەت بووم،**

**لەو ئەرکەمدا بە تەنیا چارەسەریی نەخۆشەکانم نەدەکرد، بەڵکو لێشم دەپرسین بۆچی ئەو چارەنووسەتان تووش بووە و واتان لێهاتووە؟)**

دوکتۆر تیسۆ تا ساڵی ٢٠١٢ لە کوردستان مایەوە. بەشداریی زۆربەی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و پردێکی بەهێز بوو لەنێوان کوردستان و فەرەنسادا. ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٣٠ بەهۆی کۆتاییهاتنی ماوەی خزمەتکردنی لە کۆنسولخانەی فەرەنسا لە هەولێر، گەڕایەوە بۆ فەرەنسا. تیسۆ کەسایەتییەکی کەم ئەندام بوو، زۆر کەس ئەویان لەکاتی دانانی تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەڵەبجە، گەرمیان، بارزان، بادینان و بالیسان و بەگشتی لە هەموو کونجێکی ئەم کوردستانە بینیوە.

کاتی بەجێهێشتنی کوردستان، بە ئامادەبوونی حەسەن محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دوکتۆر فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان، تارق جەوهەر ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، نەوازد هادی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە کۆنسول و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێم و ئاژانسەکانی سەربە UN و ژمارەیەک پەرلەمانتار و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دۆستان و هەڤاڵانی، کۆنسولی گشتی فەرەنسا، بەبۆنەی ماڵئاوایی تیسۆ لە هەرێمی کوردستان، ڕێوڕەسمێک لە هوڵی شەهید سەعد عەبدوڵا ڕێکخرا و سوپاسی فرێدریک تیسۆ کرا کە ماوەی زیاتر لە سی ساڵ دۆستایەتی نەتەوەی کوردی کردوە و خەمخۆرێکی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بووە.

لەو ڕێوڕەسمەدا فرێدریک تیسۆ سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و خۆشحاڵی خۆی لەو دەرفەتە دەربڕی کە وەک دیپلۆماتکارێک لە هەرێمی کوردستان بۆی ڕەخساوە و تەئکید کردەوە کە بەردەوام دەبێت لە بەرنامە و کارەکانیدا لە چوارچێوەی خزمەتکردنی گەلان و نەتەوە مافخوراوەکانی و وەک دۆستێکی نزیکی گەلی کوردستان دەمێنێتەوە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانی بە گەلی کورد لە فەرەنسا و جیهاندا، ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە پڕبەدڵ خۆشحاڵی خۆی لە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەربڕی.

## کریس کۆچێرا



پۆل مۆبێت ناسراو بە کریس کۆچێرا ساڵی ١٩٣٨ لە نۆرماندی فەرەنسا لەدایک بووە. لە زانکۆی پزیشکی وەرگیراوە، بەڵام خوێندنەکەی تەواو نەکردوە و لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس بڕوانامەی زانستە سیاسییەکانی وەرگرتووە. لە نیویۆرگ، مەکسیک و گواتمالا ژیاوە. لە ساڵی ١٩٦٦وە ڕۆژنامەنووسە و لەگەڵ مادام کۆچێرای هاوسەری دەزگای سەربەخۆی فری لانس " Free lance"ی بۆ کاری ڕۆژنامەنوسی لە پاریس دامەزراندوە. پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانە و تا ساڵی ١٩٧١ زیاتر لە ١٣٠ ڕیپۆرتاژی لەسەر کوردستان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی فەرەنسی و نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکردوەتەوە.

کۆچێرا چەندان جار سەردانی کوردستانی کردوە و لە نزیکەوە توێژینەوەی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی نەتەوی کورد کردوە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی سەدام حوسێندا دەرد و ئازارەکانی نەتەوەی کوردی بەگوێی ڕای گشتی جیهان گەیاندوە و ئەم کتێبانەی خوارەوەشی نووسیوە و بڵاوی کردونەتەوە.

- بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ١٩٧٩.
- خەباتخوازیی کورد یان خەونی شێتانەی سەربەخۆیی ١٩٩٧.
- کوردستان ڕابەری ئەدەبی ١٩٩٨.
- مێژووی کوردستان ٢٠٠١.
- ڕەوشی سەدام حوسێن ٢٠٠٥.
- کارزانیی درێژی کوردەکان ٢٠١٤.

کریس کۆچێرا لە ڕۆژی ١١ و ٢٠١٠/١٢/١٨ دا وەک میوان بەشداریی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢٥ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە.

# ئێدێت مۆبێت



ئیدێت مۆبێت ناسراو به مادام کۆچێرا ساڵی ١٩٤٠ له پاریس لەدایک بووه. بڕوانامەی زانستی ئابووریی له زانکۆی "پانتیۆن" له پاریس هەیه. ساڵی ١٩٦٩ کاری وێنەگریی کردوه به پیشه و لەگەڵ کریس کۆچێرای هاوسەری له دەزگای سەربەخۆی فری لانس "Free lance" کاری ڕۆژنامەنوسی و وێنەگریی کردوه. پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانه و ساڵی ١٩٧١ ژمارەیەک وتاری لەسەر کوردستان له ڕۆژنامه و گۆڤارەکانی فەرەنسی و نێودەوڵەتییەکان بڵاوکردوەتەوه.

خاتوو کۆچێرا شان به شانی کریس کۆچێرای هاوسەری بەشداریی توێژینەوەکانی کردوه. چەندان جار هاتووەته باشوری کوردستان و وێنه ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی لەسەر کورد هەیه که کۆچێرای هاوسەری له کتێبەکانیدا کەڵکی له بەشێک لەو وێنانەی مادام کۆچێرا وەرگرتووه. ناوبراو یەکێک بوو لەو هەواڵنێرانەی که توانی به کامێراکەی شار وێرانکراوی قەڵادزێ و تاوانەکانی سەدام حسێن پێشانی خەڵکی جیهان بدات. خاوەنی ئەم کتێبانەی خوارەوەیە:

- ئێرتره ١٩٩٤.
- مێژووی کوردستان ٢٠٠٧.
- کاروانی درێژی کوردەکان به هاوکاریی کۆچێرای هاوسەری ٢٠١٤.

لەگەڵ ئەوەشدا چەندان پێشانگای له وێنەکانی له وڵاتانی ئێریتره، ڕوسیا، پۆلۆنیا "لهستان"، بریتانیا و باشوری کوردستان "هەولێر و سلێمانی" داناوه. خاتوو کۆچێرا وەک میوان بەشداریی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی له ڕۆژی ١١ و ٢٠١٠/١٢/١٨ دا کردوه و ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢٥ بەهۆی خزمەتەکانی به کورد و کوردستان لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوه میدالیای بارزانی وەرگرتووه.

# وێنەکان



زەعیم عەلی، چابوک عومەر، سەرۆک مەسعود بارزانی، مامۆستا عەلی عەبدولا، محەمەد ساڵح
و دڵشاد بارزانی سیدەکان گوندی بیرکم ١٩٨٢



فاروق قادر حەمە ساڵح، سەرۆک مەسعود بارزانی، حەسەن زەمەقی و دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لە شەڕی خوکورک ١٩٨٨



سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی بەشدار لە شەڕی خواکورک ۱۹۹۸/۹/۱۲



سەرکردەکانی پارتی دیموکرات کە میدالیای بارزانی یان لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا وەرگرتووە
لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانیین



کۆمەڵێک کەسایەتی وەرگری میدالیای بارزانی. سەرۆک مەسعود بارزانی لە ناویاندا، کۆنگرەی ۱۳ ، هەولێر ۱۱- ۲۰۱۰/۱۲/۱۸

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەبـاتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. وەرگێڕان بەزمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٥- ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید.
١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. وەرگێڕان بە زمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.
٢٠- ئیدریس مستەفا بارزانی- تەمەنێکی کورت و شانازییەکی زۆر.
٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم
٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە ولاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.